
INTERNATIONAL MOTHER LANGUAGE DAY
21 FEBRUARY
پشت کردن لە زمانی کوردی
کەمتر نییە لە پشت کردن لە دایک
زمانی دایکی پێناسە و ناسنامەی گەل و نەتەوەکانە
کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: رەحمان نەقشی

# پێڕست


* ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک ............................................................... ناسری حیسامی ........ ٥

* گرینگیی زمانی دایکی لە ڕوانگە و بۆچوونی گەورەپیاوانەوە ................................. فەیس بووک ........... ٦

* مێژووی زمانی کوردی .................................................................. و: شاهین کەریمی ....... ٨

بابەتی ساڵی ................. ٢٠١٧ و ٢٠١٨.......................... لاپەڕەی .......... ١٦

١- زمانی فەرمی و پێگەی زمانی کوردی لەنێو زمانە جیهانییەکاندا ............................................ هاشم ئەمین

٢- پێگەی زمانی کوردی لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی - سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ................. ڕەحیم سورخی

٣- بەبیانووی ڕۆژی جیهانی زمانی زگماکی ................................................................ ئاسۆ مینبەری

٤- پرسی زمانی دایکی و میدیای کوردی؛ وتووێژی تایبەت لەگەڵ دوکتۆر مەسعوود بینەندە ................ ماڵپەڕی ئاماژە

٥ - ڕۆژهەڵات شۆڕشێکی نەرمی بۆ زمانی کوردی دەست پێ کردووە ............................................ هیدایت جان

٦- کۆرپەکان بە زمانی دایکیان دەگرین ................................................................ عەلی فەتحی

٧- پەرەسەندنی زمانی زگماکی و پرسی لێکۆڵینەوە لە سەر زمانی کوردی ..................................... زانکۆ یاری

٨- زمان لە نێوان ماف و شوناسدا ........................................................................ سمایل شەڕەفی

٩- پرسی زمانی دایکی لەگەڵ ژمارەیەک نووسەر و وەرگێڕ ................................................... جەمال نەجاری

١٠- زمانی دایکی، دەروازەی گواستنەوەی فەرهەنگ و بەهاکانە ............................................... وریا غەفووری

١١- لە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکدا ....................................................................... کامران حاجی

١٢- ڕۆژی جیهانی زمانی دایک ............................................................ گفتوگۆ: ژینۆ عەبدوڵڵا

١٣- ڕەچەڵەک و مێژووی زمانی کوردی ..................................................... جەلال حاجی زادە

## بابەتی ساڵی ................. ٢٠١٩ ........................... لاپەڕەی .......... ٩٩


١- ڕۆژی زمانی دایکی ...................................................................... سەلاح بەهرامی

٢- مافی زمانی، مافێک بۆ هەموو وەرزەکان .............................................................. عەلی بداغی

٣- زمانی دایک وەک هەوێتی و وەک ژیان ............................................................. لەیلا قادری

٤- زمانی دایک و شوێنەوارەکانی زمانی داسەپاو ................................................ سەید خدر میرسەیدی

٥- دووی ڕەشەمە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک ............................................................ کوردستان و کورد

٦- مرۆڤێک کە زمانی دایکی نەزانێت وەک هەڵۆی باڵکراو وایە ...................................... ڕەشاد مستەفا سوڵتانی

٧- پرسی زمانی دایکی و ئەرکی کۆمەڵگا ..................................................................... پێژمان حەبیبی

٨- ٢١ی شوبات.. ڕۆژی جیهانی زمانی دایک ........................................................ ماڵپەڕی PUKmedia

٩- ئەمڕۆ ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکییە .................................................................... شەریف فەلاح

١٠- ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک ........................................................................ دیاکۆ هاشمی

١١- ڕۆژی جیهانی زمانی دایک.. نزیکەی ٦٥٠٠ زمان هەیە لە جیهاندا .................................... ماڵپەڕی شارپرێس

١٢- ڕۆژی جیهانی زمانی دایکی و حکوومەتی ئێران ............................................. ئیسماعیل ئیسماعیل زادە

١٣- لە ڕۆژی جیهانیی زماندا، زمانی کوردیی لە چ دۆخێکدایە؟ ............................................ بەرهەم لەتیف

١٤- وتەیەک بەبۆنەی ڕۆژی زمانی دایکی ........................................................................ ماڵپەڕی پەیام

١٥- بە بیانووی ڕۆژی جیهانی زمانی زکماکی ............................................................... ئەحمەد کاکەمەمی

١٦- بایەخدان بە زمانی دایک لە ناو کوردانی تاراوگە .............................................. دیندار کۆچەر

١٧- دووی ڕەشەمە،ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک ............................................................. سایتی هەولێر

١٨- سەنگەری بەرگری لە زمانی کوردی ئاوەدانتر لە هەمیشە ................................................ سمایل شەرەفی

١٩- فێرکردنی زمانی دایک لە خزمەت بە هێزکردنی شوناسی نەتەوەییدا ...................................... قادر وریا

٢٠- مافی خوێندن بە زمانی دایک ..................................................................... ئازاد وەڵەدبەگی

٢١- شووینیزمی فارس و پرسی زمانی دایک .................................................................... عەلی لەیلاخ

٢٢- چەند سەرنجێک سەبارەت گرنگی زمان و زمانی دایک .................................................... ئارام کۆشکی

**بابەتی ساڵی ................ ٢٠٢٠ و ٢٠٢١............................ لاپەڕەی .......... ١٩٠**


١- ڕۆژی زمانی دایکی؛ زمانی دایکی پێستی لەشە ................................. ماڵپەڕی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان

٢- بە بۆنە ڕۆژی جیهانی زمانی دایک ............................................. کۆمار ڕەشی (جەعفەر)

٣- ڕۆی جیهانی زمانی دایک و دەسەڵاتی کوردی ............................................ د.شێرکۆ حەمەئەمین قادر

٤- زمانی زگماک هێڵی سوورە، بۆ گاڵتەپێکردن نابێ! ................................................ د. کامران ئەمین ئاوە

٥- ڕۆژی جیهانی زمانی دایکی و کەڵک وەرگرتن لە زمان وەکوو ئامرازی پێوەندییەکان .................... ئەمین خەوالە

٦- گرنگی زمانی دایک لە پێکهێنانی هزری کۆمەڵگەدا ............................................ عەبدولکەریم بەرزنجی

٧-- زمانی دایکی هەرهەمووی لە خاڵیگەی دایکەوە دەست پێدەکا! ............................................ عەلی فەتحی

٨- زمانی دایکی و مەترسییەکانی بەردەمی ............................................................... شیوا میرەکی

٩- ئاخووندەکانی کۆماری سێدارە دژایەتی زمانی کوردی دەکەن .................................................. ڕەزا شوان

١٠- ناسر حیسامی: نابێ زمانی کوردی بە پێوانەی سیاسیی و نەتەوەیی هەڵسەنگێنین ............. دیمانە: هیدایەت جان

١١- زمانی کوردی و مەترسییەکانی دەوروبەری ............................................................. هەردی سەلیمی

١٢- بەبۆنەی ٢١ی فێڤرییە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی ........................................................... سندووس

١٣- زمانی دایک لە قەوارەی زێهنیی زماندا ............................................................ د. جەلال حاجیزادە

١٤- لە ڕۆژهەڵات، کوردی هەر بژەیە! ................................................................... ناسر باباخانی

١٥- ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک! ................................................................ کەریم فەرخەپوور

١٦- ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک .................................................................. فەرەیدوون سامان

١٧- ٢١ی فێبریوەری، ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی ..................................................... محەمەد کەریمخان

١٨- سەبارەت بە ڕۆژی جیهانی زمانی دایک .......................................................... خالید محەممەدزادە

١٩- ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک؛ لە بەشەکانی کوردستان گرنگیی بە زمانی کوردی دەدرێت؟ .................. عومەر شایان

٢٠- ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی ................................................................ ئامادەکردن: کوورش عەبدی

٢١- لە ڕۆژی جیهانی زمانی دایکدا: پێگەی زمانی کوردی لە کوێدایە؟ ...................................... ماڵپەڕی پەیسەر

٢١- چۆن زمانی کوردی لە مەترسی بپارێزرێت ........................................................ بڵێسە جەبار فەرمان

٢٢- نیگەرانی زمانی دایکم لە کەرکوک! ...................................................................... نێرگز قادر

٢٣- زمان و نەتەوە ......................................................................................... عەتا قەرەداغی

# ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک



**ناسری حیسامی**

مەلان کاتێک لە باغان پۆل دەبەستن
درەخت کاتێک لەبەر باران دەوەستن

کە نەیزاری قەراخ گۆلاو لەبەر با
وەکوو شمشاڵژەنێک شمشاڵبەدەستن

مرۆڤی سەرزەوی کاتێک کە شادن،
کە غەمبارن، کە هوشیارن، کە مەستن


کە گیانداران لەبەر ئازار دەناڵن
دەنا کاتێک ئەویندار و بەهەستن

هەمووی بە زمانی خۆی دەدوێ و دەخوێنێ
ئەدی بۆچی زمانی من دەبەستن؟

**سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢١ی فێبریوێری ٢٠٢١**

--------------------------------------

## گرینگیی زمانی دایکی لە ڕوانگە و بۆچوونی گەورەپیاوانەوە.




※ **ماندیلا**:

ئەگەر لەگەڵ کەسێدا بەو زمانەی کە فێری بووە بدوێی قسەکانت دەچێتە مێشکیەوە، بەڵام ئەگەر بە زمانی دایکی بیدوێنی قسەکەت لە ناخی دڵیدا جێگیر دەبێ.

※ **هایدگەر**:

زمانی دایکی بۆ دڵ و دەروون ئیلهام بەخشە ئەوانەی وا بەرەنگاری زمانی دایکی دەبنەوە لە ڕاستیدا لەگەڵ قووڵترین ڕەهەندەکانی هەست و سۆزی ناخی مرۆڤەکاندا بە شەڕ دێن و لە ئاکامیشدا شکست دەخۆن.

※ **سەید جماڵەدینی ئەسەد ئابادی**:

هەر نەتەوەیەک زمانی خۆی لەبیر بکات، لەڕاستیدا مێژووی بزر و شکۆ و کەرامەتی تێکشکاوە و بۆ هەتاهەتایە لە بەندی کۆیلایەتی و ئەسارەتدا دەمێنێتەوە.

※ **مامۆستا موتەهەری**:

هەر چەشنە شارستانییەت و فەرهەنگێک بیەوێ بە زیندوویی بمێنێتەوە ئەبێ زمانەکەی زیندوو ڕابگرێ، ئەگەر زمانەکەی بفەوتێ ئەوە خۆیشی دەمرێ.

### * ڕێکخراوی یونسکۆ:

کەسێ نەتوانێ بەزمانی دایکی خۆی بخوێنێ و بنووسێت ئەو کەسە بە نەخوێندەوار ئەژمار دەکرێ.

### * بۆچوونی کۆمەڵناسان:

زمانی دایکی لەگەڵ شیری دایک ئاوێتەی گیان دەبێ و بە مەرگیش لە لەش دەرئەچێ، سپاندنی زمانێکی دیکە بە منداڵێکی ساوا کە تازە فێری قسەکردن دەبێ، بە جەنایەتێکی گەورە دێتە ئەژمار.

### * هایدگەر:

زمانی هەر نەتەوەیەک لەناو بچێ، هەبوونی ئەو نەتەوەیش لە ڕووپەڕی جەهان دەسڕدرێتەوە.

### * پرۆفیسۆر جینۆ ئالفرێد:

کەسێ کە زمانی زگماکی فێری منالانی خۆی نەکات، نەتەنێ خەیانەتی لە باب و باپیرانی خۆی کردووە، بەڵکوو لە هەموو مرۆڤایەتیش خەیانەتی کردووە چون ئەو دەبێتە هۆکاری لەناچوونی بەشێک لە فەرهەنگ و نەریتی مرۆڤایەتی.

### * گاندی:

کەسێک کە زمانی دایکی خۆی نەزانێ، لە مێژووی گەلی خۆی تێناگا، ئەو کەسەش کە لە مێژووی گەلی خۆی تێنەگا داهاتوویەکی نابێ.

### * عوسمان بایدمێر:

لەسەر زمانی دایکی گەورەکانمان دەڵێن:

"دار لە سەر ڕەگ، مرۆڤ لە سەر زمانی خۆی شین ئەبێتەوە"

**گەلی کورد!**

**با بە زمانی خۆمان**

**بخوێنین**

**بنووسین**

**بدوێین**

**بنەما و ڕەسانەیتی کورد و کوردستانی بوون بپارێزن.**

**لە فەیسبووکی خاتوو ئارەزوو قادری وەرگێراوە - ڕێکەوتی: ٢١ی فێبریوێری ٢٠٢١**

---------------------------------------------

## مێژووی زمانی کوردی




**وەرگێڕان: شاهین کەریمی**

### پێناسە

**کاتێ باس لە زمانی کوردی دەکرێ، مەبەست ئەو زمانەیە کە کوردەکان هەنووکە قسەی پێ دەکەن. هەندێ لە زماننـاسـان و ڕۆژهەڵات ناسان کە هۆگری زمانی کوردی بوون، زانیاری زۆریان چ بە شێوەی گشتی یان تایبەتی نوسیوە و وتویانە:**

**کوردی لە زومرەی زمانـە هێنـد و ئۆوروپاییەکانە و خزمە لەگەڵ زمانە هێنـد و ئێرانیـەکان و نزیکایەتیـەکی زۆری لەگەڵ فارسی هەیە.**

ئێستە ئەم پرسیارە دێتە پێش کە سەرهەڵدانی زمانی کوردی چۆن بووە. ڕوونە کە زمانی هەر ناوچە و مەملەکەتێ دەبێتە زمانی دانیشتوانی ئەو ناوچە. ئەگەر ڕووداوە مێژوویەکان نەبووبێتنە هۆی پێکهاتنی ئاڵوگۆڕەکان، ئەو زمانە وەک زمانی دانیشتوانی کۆنی ئەو ناوچە دەمێنێتەوە. پێچەوانەی ئەم بابەتەش ڕاستە. ئێستە با سەیر بکەین کە ئەم کێشە لە سەر زمانی کوردی بە چ شێوەیەک دەردەچێ؟

ئەو مەملەکەتەی کە ئێستە پێی دەڵێن کوردستان و کوردەکان لێی نیشتەجێن، شوێنی دۆزینەوەی جەستەی مرۆڤە ئاسەوارییەکانە. ئێسکی ئەم مرۆڤانە کە لە "شانەدەرێ" دۆزراوەتەوە، گرینگیەکی یەکجار زۆری هەیە، لەبەر ئەوەی کە پاشماوەی مرۆڤی سەردەمی بەردینە - کە ٦٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر ئێراقیان کردبووە شوێنی حەوانەوەی خۆیان.(ت. باقر غ ١٩٧٣)(١)

شەست هەزار ساڵ لەمە پێش ئەو ناوچەی کە ئێستە پێی دەڵێن کوردستان، ئاوەدان و شوێنی حەسانەوە و داڵگەی مرۆڤگەلێک بووە کە زمانێکیشیان بۆ ئاخاوتن بووە. بۆیە لەگەڵ ڕوناهی تیشکی خۆری ٥٧٢٠٠ ساڵان، لە سەر شاباڵی کات و برینی تەمەن خۆمان دەگەیەنینە کاتێ کە نەژادی ماد خۆیان گەیاندۆتە ئێرانی هەنووکە و ڕۆژئاوای ئاسیا و - ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ نەژادەکانی خورژیایی، لۆلۆ، گوتی، کاسی، (خۆری یان هۆری) کە لە نزیک شاخەکانی ئەلبۆرز دەژیان و تا ڕادەیەکی گونجاو ژیانی خۆیان ڕێکخست بوو و کۆمار و شارستانیەتێکی تا ڕادەیەک پێشکەوتویان بنیات نابوو.

مادەکان لە ماوەی ٢٠٠ ساڵ دا هەموو ئەم حکومەتانەیان هەڵپێچاو سڕینانەوە و لە ساڵی ٦١٢ی بەر لە دایک بوونی مەسیح ئیمپڕاتۆری گەورەی مادیان بنیات نا و بەم جۆرە بوو کە زمانی دایک بوو بە زمانی ڕەسمی. لەو کاتەوە تا بڵاوبونەوەی ئیسلام لە کوردستان، سێزدە سەدە تێپەڕی. لەم ماوە دوور و درێژەدا مەملەکەتی ماد گەورە و بچوک بووە و مەملەکەتەکانی تر پێی پەیوەست بوون. لە بابەت سیاسی و سەربازییەوە ئاڵووێری زۆر کراوە لەو هەرێمانەدا و دەسەڵاتی سیاسی کەوتۆتە دەستی کەسانی جۆراوجۆر کە - زمانەکەیان جیاواز بووە لەگەڵ زمانی مادەکان - هەر دەسەڵاتدارییەک کە هاتۆتە سەرکار زمانی خۆی وەک زمانی ڕەسمی داسەپاندووە بەسەر ئەم ناوچەدا. لە بارودۆخی ئەوسەردەمەدا کە گشت بوونە کۆمەڵایەتیەکان کز ببون و ڕوو لە نێو چوون بوون، ئەم ئاڵوگۆڕە سیاسیانە نەیاندەتوانی لەسەر بوونە کۆمەڵایەتیەکان کارتێکەرییان نەبێ. مێژوو هەندێ لە ڕووداوەکانی تۆمار کردووە کە لەودا دەسەڵاتی سیاسی بەسەر هەرێمێکدا، بۆتە هۆی گۆڕانی بنچینەیی نەژادی و چەق بەستنی زمانەوانی. ئەمڕۆکە شوێن پێی کاریگەری ئاڵووێری دەسەڵاتی سیاسی لە بەشی ڕۆژهەڵاتی ئیمپڕاتۆری ماد دا بە ڕوونی دەبیندرێ. بە پێچەوانە لە بەشی لە ڕۆژئاوای هەرێمی ماد دا بنیاتەکان هەروا وەک خۆی ماونەتەوە. حوکمڕانی مادەکان هاوسەنگی ڕەچەڵەکی و زمانەوانی هەندێ لەو هەرێمانەی کە پەیوەست بوون بە ئیمپڕاتۆری مادەکانەوە، گۆڕیوە و پەلکێشی گەشەی بابەتی ی مادەکانی کردوون و هاوشان لەگەڵ بەشی ڕۆژئاوای

دەسەڵاتداریێتی خۆیان، بۆتە هۆی گەشە کردنی ئەوانیش.

زۆربەی مێژووناسانی بەناوبانگ لەسەر ئەوبڕوایەن کە کوردەکانی ئەمڕۆ نەوەی مادەکانی دوێکەن. "ئەگەر کوردەکان نەوەی مادەکان نەبن، کەواتە نەتەوەیەکی وەها کۆن و بەهێز چی لێ بەسەر هاتووە و ئەم هەموو خێڵ و تیرە جیاوازەی کورد کە بە زمانێکی ئێرانی و جیا لە زمانی ئێرانیەکانی تر قسە دەکەن، لەکوێوە هاتوون؟" (مینورسکی ١٩٧٣)

بەر لەمە وتمان کە زمانی هەر هەرێمێک - ئەگەر ڕووداوە مێژوویەکان نەیان گۆڕیبێ - زمانی دانیشتوانی کۆنی هەمان مەملەکەتە. هەروەک ئاماژەی پێکرا ڕووداوە مێژووییەکان و جێگۆڕکێ ی حکومەتەکان لە ماوەی سێزدە ساڵ دا نەیانتوانیوە شتێک لە بەشی ڕۆژئاوای هەرێمی مادەکان بگۆڕێ.

ئەمڕۆ دانیشتوانی ئەم ناوچە واتە مادستانی کۆن، کوردەکانن کە بە نەوەی میدیەکان دەژمێردرێن. دەتوانین بڵێین زمانی کوردی زمانێکە کە لە کۆتایی گەشەو پەرەسەندنی زمانی مادەکانەوە دەستی پێکردووە و جگە لەمە ڕاستیەکی تر نیە، چونکە هەموو بەڵگە مێژوویەکان کە زانایان بە مەبەستی خزمەتی زانستی داویانەتە بەر تویژینەوە و باس، ئەم حەقیقەتەیان ئاشکرا کردووە کە زمانی کوردی ئەمڕۆکە ئاسەوار و هێماکانی پەرەسەندووی زمانی ماد ی دوێکەی تێدایە.

هەروەک دەزانین، زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیە کە بە پێی ڕێسا دیاری کراوەکانی خۆی دەگۆڕدرێ، پەرەدەستێنێ و لە ڕەوتی پەرەستاندنی خۆیدا کارتێکەری لەسەر زمانەکانی تر دەبێ و زمانەکانی تریش کاریگەرییان لەسەر ئەو دەبێ و جاری وایە لەم بێنەو بگرە دا، زمان دەمرێ. زمانی دایکیش لەم ڕێسایە بەدەر نیە و کارتێکەی لە گشت ئەو زمانانەی کە بە هۆی پشتگیرییەک لە لایەن دەسەڵاتێکی سیاسیەوە لە مەملەکەتی ماد دا ڕەسمی بوون، کارتێکەری وەرگرتووە و کاریگەری لەسەریان بووە و تا ئەمڕۆ زیندوو ماوە.

بەتایبەت زمانی پارت (فارسی.. پەهلەوی ئەشکانی) کە بە بڕوای زماناسان لەگەڵ زمانی دایک بەشێکە لە زمانەکانی باکوری ڕۆژهەڵات و خێزانی زمانە ئێرانیەکانە، زیاتر لە هەر زمانێکی تر کاریگەری لە زسەر زمانی ماد ی بووە و ئەمڕۆکەش ئاسەواری ئەم کاریگەرییە لە زاراوەی ئایینی زمانی کوردی دا دەبیندرێ.

هاوکات لەگەڵ دارمان و ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ساسانی و برەوی ئیسلام لە کوردستان، وەستانێکی نوێ بۆ زمانی کوردی دەستی پێکرد- کە بە شێوەیەکی سەربەخۆی باسی لێدەکرێ - تەنها گرفتێک کە هەیە ئەوەیە کە ئێمە بەڵگەیەکی

نوسراومان لە زمانی ماد ی کۆتاییەکانی سەردەمی ساسانی نیە تاکو بەوردی لەسەری بدوێین. بەڵام ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی کە نەتوانین بڵێین : ئەم زمانە لەو سەردەمەدا زمانی ماد ی بووە، کە بە نیسبەت زمانی باوی سەردەمی بەتوانایی ئیمپراتۆرییەتەکە، توشی گۆڕانێکی ١٣٠٠ ساڵە بووە. بەهەمان ڕێژە کە زمانی فارسی پارسی کۆن گەشەی کردووە و بۆتە زمانێکی دەری/ پارسیک و ئامادەیی و توانای ئەوەی بەخۆوە بینیوە کە زمانی پارسی ئەمڕۆکەی لێ بکەوێتەوە، دەرەنجامێکی کاتی خۆی فەڕز دەکات کە زمانی مادی یش پێشڕەفتی کردووە و توشی چەشنێک لە گۆڕان و جیاوازی بووە کە وەدی هاتنی زمانی کوردی لێ ی گونجاو بێت.

## زمانی کوردی پاش ئیسلام

هێشتا نیوەی یەکەمی سەدەی حەوتەمی زاینی کۆتایی نەهاتبوو کە ئایینی ئیسلام و سوپای موسوڵمان کەلەبەری کردە ناو ئیمپراتۆریەتی ساسانی و پاش چەند ساڵ بووە هۆی ڕووخاندنی.

برەوپێدانی ئیسلام لە بەشێک لەم ئیمپراتۆرییەتەدا لەهەر ڕوانگە و هەر شێوازێکەوە کە سەیر بکرێ، سەردەمێکی نوێ ی ژیانی مادی و دەرونی لەگەڵ خۆی بۆ خەڵک دێنێ. دەسەڵاتی سیاسی ڕابوردوو کە لەسەر چوارچێوەیەوەیەکی پشت ئەستور بە جیای و جیاوازی بنیات نرابوو، جێ ی خۆی دا بە دەسەڵاتێکی گەورە کە لەسەر بنەمای (وامرهم و شوری بینهم) دامەزرابوو. جێگەی خۆی دابوو بە دینێکی نوێ و سەرنج ڕاکێش کە عارەبی ناشارستانی و پاشایەتی قسیسیانی بە یەکسان دەزانی. لە ڕوانگەی زمانەوانیشەوە، ئەڤێستا، ئەو ئەڤێستایەی بۆ ماوەی سێزدە سەدە کاریگەرییەکی مەزنی لە سەر خەڵک

و زمانی ئەوان دانابوو، توشی نوشست بوو و ئەم پانتایی و ئەرکەی بۆ قورعان و زمانی قورعان ی چۆڵ کرد.

ئایینی ئیسلام هەندێ ئەرک و فەڕزی هەبوو کە موسوڵمانەکان دەبوو وەک ئەمرێکی پێویست و ناچار ی بەجێی بهێنن. ئەم ئەرکانە لە ئایینی پێشودا نەبوو و بۆیە دەبوو خەڵک دەبوو ناوی ئەم ئەمرە پێویستانە لە زمان ی ئایین ی نوێوە وەربگرن، هەر وەک ئەوەی کە خودی ئەرکەکانیان لە ئایینە نوێکەوە وەرگرتبوو.

زمانی ئایینی نوێ هەڵگری هەندێ دەنگ بوو کە لە زمانە ئێرانیەکاندا نەدەبیندرا. گومان لەوەدا نیە کە کوردی یان فارسییەک کە هاوچەرخی سەرەتای سەردەمی ئیسلامی بوو، تا ماوەیەکی زۆر نەیاندەتوانی کە دەنگەکان وەک عارەبەکان بڵێن(بیهێننە سەر زمان) فارسەکان و زۆرێک لە موسوڵمانەکان، ئێستەش بە تەواوی ناتوانن ئەم دەنگانە بڵێن. بەڵام لە

هەندێ لە زاراوە کوردییەکان دا کوردەکان جگە لە دەنگی / چ / سەرجەم دەنگەکان بەباشی دەڵێنەوە، بە جۆرێک کە ئەم دەنگانە وەک دەنگی ڕەسەنی هەمان زاراوەیان لێهاتووە. گۆڕانکارییەکان لێرەدا کۆتاییان پێ نایەت، هەندێ لە دەنگە پێوەندیدارەکان بە پیتی لە هەندێ وشەکانی وەک ( ک) یان (گ)، جێگۆرکێیان کردووە لەگەڵ پیتی / ق / عەرەبی، دەنگێک کە ئایینی نوێ هێناویەتە ناو کوردستانەوە.

بە کورتی: پەرەی ئیسلام لە هەندێ شوێنی حوکمڕانی ساسانی دا بووە هۆی ڕاپێچ کردنی سەردەمی مام ناوەندی بەرەوپێشچوونی زمانە ئێرانیەکان و تا یەک دوو سەدە پاش سەرهەڵدانی ئیسلامیش، زمانی عەرەبی کەببوە زمانی بەکارهاتووی نەریتە نوێ یەکە، بە جێ ی زمانی پەهلەوی، بووە زمانی ڕەسمی، ئایین ی و زارەکی دەسەڵاتدارانی سیاسی. بەڵام پاش ئەوە سەردەمێکی نوێ ی گەشانەوە لەم زمانانەدا دەستی پێکرد.

گومان لەوەدا نیە کە زمانە هەرێمیەکانی ئەم مەملەکەتە تازە موسوڵمان بووە لە برەو نەکەوتن، چونکە زمانی زارەکی و ئاخاوتنی خەڵک بوون و گەشە و پەرەی خۆیان لە هەلومەرجێکی نوێدا دەست پێکردەوە. بەریەککەوتنی زمانە ئێرانیەکانی سەردەمی کۆتایی چەرخی ساسانی و سەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلام بووە هۆی دەرکەوتنی (فارسی نوێ) و لە ڕۆژئاوای ئەو وڵاتە بووە هۆی سەرهەڵدانی "کوردی". هەرتک لەم زمانانە واتە فارسی نوێ و کوردی خاوەنی زاراوە و بن زاراوەی زۆرن. پاش پەرەپێدانی ئیسلام، فارسی نوێ زاراوەیەک بوو کە بە پێی بناخە هەرە کۆنەکانی خۆی ئاوێتەی زاراوەکانی تر ببوو و ئەم تێکەڵبوونە تەنانەت بەر لە سەردەمی ساسانیەکان دەستی پێکردبوو.(٢) فارسەکان بەر لە کوردەکان کەوتنە هەوڵ بۆ زیندوو کردنەوەی زمانەکەی خۆیان و دەستیان کرد بە نوسین. دیارە کە پەرتوکی شانامەی ئەبو مەنسوری - کە خودی کتێبەکە لەنێو چووە و تەنها پێشەکیەکی لێ بەجێ ماوە - ئەگەر تاقە کتێب نەبێ، دەتوانین بڵێین کۆنترین کتێبە کە بە فارسی نوسراوە(ساڵی ٣٤٦ هێجری و ٩٢٧ی زایینی) و تا ئێستە ماوەتەوە و لە فەوتان ڕزگاری بووە.

کۆنترین بەڵگەنامەیەکی نوسراوی کوردی لە سەردەمی نوێدا کە هەیە، چوارینەکانی "باباگاهرعریان"ە (٣) کە لە سەرەتای سەدەی یازدەی زایینی لە هەمەدان ی ئێستە - هێگمەتانەی پایتەختی مادەکان - بە زاراوەی کوردی ی باشوری هۆنراوەتەوە. ئەم چوارینانە - بەبێ مەبەستی نزیک کردنەوەی زمانەکەیان بە زمانی فارسی - تارادەیەک گۆڕدراون. سەرەڕای گشت ئەمانە، هیچ گومانێک لەوەدا نیە کە باباگاهر چوارینەکانی خۆی بە شێوەی فۆلکلۆوری - کە لەو سەردەمەدا بە فەهلەوەی (پەهلەوی، فەهلەویات یان پەهلەویات) دەناسرا - هۆنیوەتەوە.

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر فەهلەوی دەتوانین ئاماژە بە قسەکانی دۆکتۆر مۆعین بکەین کە دەڵێ: پەهلەوی، "فەهلویە مر":

بریتیە لەوەی کە ۳۰۰۰ دانە لە گۆرانیە وتراوەکان بە یەکێک لە زمانەکانی وڵاتی ئێران (جگە لە زمانە زارەکی و ڕەسمیەکان) لەسەر کێشێک لە کێشە عەرووزییەکان یان کێشی هێجایی هۆنراونەتەوە و بەشێکیان لەسەر شێوازی چوارینە یان دوو بەیتی ن(٤) پەهلەوی یان پەهلەویات لەسەر کێشێکی تایبەت و وەکو گۆران ی(٥) خوێندراوەتەوە و جاری وایە پێیان وتوە پەهلوەی یان ئورامە، ئورامەن و ئورومنایان. ئورامن (اورومنان) کێشێکی کۆنە لە مۆسیقادا و لەسەر شێوەی بەحر هزج مسدس ە کە پێیان دەوت فەهلەویات.(٦) ڕەنگە بۆ تێگەشتن لەم بابەتە، کە ئورامنان هەمان جۆری فارسی (هۆرامە نان) ی کوردیە و هەمان وشەی کوردی هەورامانە، پێویست بە ماندووبوونی زۆر ناکات. هەورامەنان - هەورامان = هور + امان(امدند) + ئەو کاتەی کە خۆر هەڵدێت. یان وەک دەڵێن بەیانیان (بامدادان) ئێواران کاتی ئێواریَ(عصر).

هەروەک دەزانین کات ی بەیانی تا نیوەڕۆ، یەکێک لەو پێنج کاتانە بووە کە زەردەشت بۆ نەزر و پاڕانەوە دیاری کردووە و ڕێوڕەسمی خۆی هەبووە، کۆپلەیەک لەو پاڕانەوە لە خوارەوە هاتووە - کە چەند جار دووپات دەبێتەوە - نمو هورە خشە ایتە اسپایی(٧) واتە: نوێژ بۆ هور(خۆر) کە تیشکی تیژی بەتینی هەیە.

بێ گومان ئەم پاڕانەوەیە وەک هەموو پاڕانەوەکانی ئایینی زەردەشت لەگەڵ مۆسیقای تایبەت لەبەر خۆوە یان بەدەنگی بەرز وتراوە و گۆیا خەڵک پێیان وتووە (نوێژی هر) یان (پاڕانەوەی هەورامانان). دیارە کە پاش پەرەسەندنی ئیسلام نەزر و پاڕانەوە لە برەو دەکەویَ. بەڵام نەوا(هەوا) مۆسیقاکەی لە ناو خەڵک دا ماوەتەوە - بەرەبەرە بۆتە نەوا (گۆران ی) و پێیان وتووە فەهلەویاتی ئەمانان(فهلویات امانان). بە بڕاوی من (هورە) کە ئێستە یەکێک لە مێلۆدی و ئاوازە کوردییەکانە، هەمان (هورامانان - هەورامانان)ە کە بەشێک لە ناوەکەی خۆی پاراستوە و ناوەکەی وەک (الله ویسی) بە تەواوی نەگۆڕاوە.

لە زاراوەکانی تری کوردی نویَ دا تا سەدەی ١٧ و ١٨ هیچ بەرهەمێکی نوسراو نەماوەتەوە و ئەوەی هەیە شتی فۆلکلۆرییە کە جگە لەو گۆڕانگارییانەی کە بە هۆی پشتاوپشت گێڕانەوەیان بەسەریان هاتووە، ڕەنگ و شێوازی خۆیان لەدەست داوە و تایبەتمەندی زمانێکی تایبەتیان بەخۆوە بینیوە. لە پێکهاتەی سەرەتایی فۆلکلۆر دا، ئەوەی ناگۆڕدریَ جەوهەر و ناخەکەیەتی و تا ئەو کاتەی کە دێتە سەر کاغەز و دەنوسریَ شێوازەکەی بەردەوام دەگۆڕدریَ و ڕێک بەهەم هۆیەوەیە کە زمانی کوردی هەڵگری شتێکی ئەوتۆی لە زاراوەکانی تری خۆی لە سەدەکانی سەرەتای ئیسلامی دا نیە.

باری ئێستەی زمانی کوردی، دەرەنجامی هۆکارگەلێکی سیاسی - کۆمەڵایەتی و ئایینیە کە لە ڕوانگەی منەوە ئەمەی دواییان واتە ئایینی لە هەموو کارتێکەرتر بووە، چونکە پاش پەرەسەندنی ئیسلام لە کوردستان کوردەکان بەڕادەیەک ئۆگری ئایینە

نوێیه‌که بوون که زانایانی کورد هه‌موو توانای خۆیان خسته گه‌ڕ بۆ تێگه‌شتن و ڕاهێنان و پشکوتنی ئایینی ئیسلام و وازیان له هه‌موو شتێک هێنا بوو. دیاره که ئه‌م کاره پێویستی به پاڵنه‌ری زۆر به‌هێز هه‌یه که توێژینه‌وه و ڕاڤه‌کردنی ئه‌رکی مامۆستایانی بواری مێژووه.

وتمان که چوارینه‌کانی بابا گاهر، کۆنترین به‌ڵگه‌ی نوسراوه که که‌وتۆته ده‌ستمان. به‌ڵام به‌ڕاستی ئه‌م به‌رهه‌مانه بۆ له نێو چوون؟ له‌په‌یوه‌ند به‌م کێشه ئاماژه‌یه‌ک ده‌که‌ین به گوته‌یه‌کی دۆکتۆر عه‌بدولحه‌کیم ی مۆنته‌سر.

دۆکتۆر عه‌بدولحه‌کیم ی مۆنته‌سر له ژماره ٢٠٠ی گۆڤاری ئه‌لعه‌ره‌بیه له‌مانگی ته‌مووزی ١٩٧٥، له وتارێک دا به ناونیشانی (ابن وحشيه و كتابه في الفلاحة و هو اقدم الكتب في العربية ) ئیبنی وه‌حشی و کتێبه‌که‌ی له‌سه‌ر زانستی کشتوکاڵ که کۆنترین کتێبی عه‌ره‌بی بڵاوکردۆته‌وه و ده‌نوسێ :

"و انه نقل اكثر كتبه من اللغة النبطة، ولم ينشر من تأليفه في اللغة العربية سوى "شوق المستهام في معرفة رموز الاقلام" و قد ذكر في آخر كتابه هذا انه ترجم من اللغة الكردية، كتابا في علل المياه و كيفية استخراجهام و استنباطها من الاراضي المجهولة الاصل".

"... زانیارییه‌کانی له کتێبێکه‌وه به زمانی نێبتی وه‌رگرتووه و شتێکی له زانیاری خۆی به زمانی عه‌ره‌بی جگه له (شوق المستهام فى معرفة رموز الاقلام ) باس نه‌کردووه و له کۆتایی کتێبه‌که‌ی دا باسی کتێبێک به زمانی کوردی ده‌کا که بابه‌تێکی له سه‌ر گرفتی ئاو و چۆنیه‌تی به‌کارهێنانی ئاوی ژێر زه‌وی تێدایه."

مامۆستا "گیوی موکریانی" له فه‌رهه‌نگی مهاباد لاپه‌ڕه ٧٧١ و ٧٧٢ تێروته‌سه‌ل تر باسی ئه‌م لێکدانه‌وه‌یه‌ی کردووه و به پێی نوسراوه‌که‌ی ئه‌و "ئێبن ی وه‌حشی" کتێبی (شوق المستهام)ی له ساڵی ٢٤١ی هێجری نوسیوه و دیاره که له سه‌رچاوه‌کانی ئه‌م کتێبه‌دا ئاماژه به وه‌رگێڕدراوی کتێبێکی کوردی ده‌کات که ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ به‌ر له نوسینی کتێبی (شوق المستهام). ئه‌م کتێبه له ساڵانی سه‌ره‌تایی سه‌ده‌ی سێهه‌م به‌ده‌ست خه‌ڵکه‌وه بووه و ده‌بێ لانیکه‌م چه‌ند ساڵێک به‌سه‌ر نوسینی دا تێپه‌ڕیبێت. هه‌ر بۆیه ئه‌م کتێبه - ده‌توانین پێی بڵێین "ئاونامه". "ابن وه‌حشی" وه‌ریگێڕاوه‌ته سه‌ر زمانی عه‌ره‌بی و ده‌بێ له ساڵه‌کانی کۆتایی سه‌ده‌ی دووهه‌م ی هێجری دا نوسرابێ.

وه‌رگیراو له کتێبی "فه‌رهه‌نگی زمانی کوردی" به‌رهه‌می عه‌بدولڕه‌حیم زه‌بیحی، چاپی ١٩٨٨

**سەرچاوە و تێبینیەکان**

١ - مامۆستا تاهیر باقر، سەدەکانی بەر لە مێژووی شارستانیەتی میزۆپۆتامیا لە بەرانبەر ڕۆشنایی گەڕانی بەرهەمە مێژووییەکانی کوردستانی ئێراق دا، گۆڤاری توێژینەوەی زانستی کورد، بەرگی یەکەم، بڕگەی یەکەم، ساڵی ١٩٧٣، بەغدا، لاپەڕە ٥٦٣

٢ - پرۆفیسۆر منیورسکی، کوردەکان، نەوەی مادەکان، وەرگێڕانی دۆکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، گۆڤاری ئەنجومەنی توێژینەوەی زانیاری کورد، بەرگی یەکەم، بڕگەی یەکەم، ساڵی ١٩٧٣، لاپەڕە ٥٦٣

٣ - دۆکتۆر مۆعین، برهان قاطع، بەرگی یەکەم، لاپەڕە ٢٥ - ٢٦

٤- کاتی لەدایک بوون و مردنی بابا طاهر ڕێک دیاری نەکراوە، تەنها وتراوە کە لە ساڵی ٤١٠ هێجری کۆچی دوایی کردووە و هەندێکیش پێیان وایە کە تۆگرێل"، پاشای سەلجوقی لە ساڵی ٢٢٥ی هێجری لە هەمەدان چاوی پێی کەوتووە.

٥ - دۆکتۆر مۆعین، برهان قاطع، بەرگی یەکەم، لاپەڕە ٢٥٨٨

٦ - دۆکتۆر مۆعین، برهان قاطع، بەرگی یەکەم، لاپەڕە ٤٠٠

٧ - قەشەی ئەردەشیر ئازەرگەشسب، وردە ئەڤێستا، چاپی ڕاستی، تاران، لاپەڕە ١٧ و ٤

**تێبینی وەرگێڕ**:

ئەگەر چی وا دەردەکەوێ کە ئەم بابەتە سەرەتا لە سەر زمانێکی تر بۆ وێنە کوردی نوسرابێ و پاشان وەرگێڕدرابێتە سەر زمانی فارسی، بەڵام بەداخەوە دەقی کوردییەکەی لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت نیە. بەهۆی بایەخ و گرینگی و لایەنی زانستی، مێژووی و بەڵگەنامەیی ئەم بابەتە بۆ خوێنەر و کتێبخانەی کوردی، من هەستام بە وەرگێڕانی ئەم بابەتە بۆ سەر زمانی کوردی، ئەگەر چی ڕەنگە کارێکی دووبارەکاری بێت، بەڵام، لانیکەم بۆشاییەک لە بواری توێژینەوە دا پڕ دەکاتەوە و هیوادارم سودمەند بێت بۆ خەمخۆرانی زمان و ئەدەبی کوردی.

سەرچاوە: http://www.kurdishacademy.org

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - ڕێکەوتی: ٢٤ی ئەپریلی ٢٠٢٠

------------------------------------

## بابەتی ساڵی: ٢٠١٧ و ٢٠١٨

# زمانی فەرمی و پێگەی زمانی کوردی لەنێو زمانە جیهانییەکاندا




**هاشم ئەمین**: ماستەر لە زمانناسی گشتی - زانکۆی تاران

### پوختە


زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییەو ئامرازێکە بۆ ناساندن و بەرەو پێشبردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتن لەنێوان دەنگ و رەنگە جیاوازەکان، خاڵی جیاکەرەوەی گرنگی نێوان زیندەوەران بەگشتی لە دوای ئاوەز زمانی قسەکردنە، ئەگەر لەرابردودا دەوڵەت هێمای ناساندنی نەتەوە بوو بێت، ئەوا لە ئێستادا زمان بووەتە ناساندنی نەتەوە. زۆرن ئەو زمانانەی کە خاوەنی پێگەو کلتورو فەرهەنگن و لەچوارچێوەی دەوڵەتیشدا رێکنەخراون، بەڵام زمانەکەشیان هیچ مەترسییەکی لەسەر نییە، لەکۆی ئەو (٧١٠٢) زمانەی ئەمڕۆ لەجیهاندا هەیە، (٦٠٠٠) زمان کە قسەی پێدەکرێتت مەترسی لەناوچوونیان لەسەرە، لەنێو ئەم ژمارە زۆرەی زماندا زمانی کوردی لەریزبەندی زمانە پارێزراوەکاندایەو نەوە دوای نەوە زمانەکەی گواستووەتەوەو لەو شەش ئاستەی کە یونسکۆ بۆ پاراستنی زمانەکان دایناوە زمانی کوردی لەریزبەندی ئاستی یەکەمدایە بۆ پاراستنی زمانەکەی، ئێستا زمانی کوردی خاوەن کۆدی ژمارە (٣٤٢)ە لەنێو (١٤٣) زمانی زیندوی جیهاندا کە لەلایەن دەزگای جیهانی (ETS)ەوە بە فەرمی ئاماژەی پێکراوە، زمانی کوردی پێگەیەکی دیاری لەنێو زمانە چالاکەکانی جیهاندا هەیەو لە کۆی ئەو (٨٨ - ١٠٠) زمانەی کە لە (٨٠%)ی دانیشتوانی زەوی قسەی پێدەکەن زمانی کوردی توانیویەتی لە ریزبەندی نیوەی یەکەمی ئە زمانانەدا بێت و وەک زمانێکی دیار لەنێو پێگەی زمانناسی جیهانیدا بناسرێت، هەڵبەت ئەمە لەسەر ئاستی جیهانی. لەسەر ئاستی ناوخۆش زمانی کوردی لەدوای زمانی عەرەبی وەک دووەم زمانی رەسمی نەک تەنها لە ناوچە

کوردییەکاندا، بەڵکو لە سەرتاسەری عیراقدا ناسێنراوە، ئەمەش زەمینەیەکی لەباری رەخساندوە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ئەم زمانە لە قاڵبێکی نوێدا خۆی دابرێژێتەوەو بتوانرێت هەنگاو بەرەو دروستکردنی زمانی ستاندارد بنێت، یان ئەگەر لەم قۆناغەشدا نەتوانرا ئەو هەنگاوە بنرێت، ئەوا دەتوانرێ زمانێکی نوسینی یەکگرتوو پەیرەو بکرێ و لە چوارچێوەی سیاسەت بهێنرێتە دەرەوەو چیدی ناوچەگەری و شێوەی جیاوازی دیالێکتەکان بە لێکۆڵینەوەی زانستی یەکلایی بکرێتەوە بۆ بونیادنانی زمانی ستاندارد، لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدراوە شەنوکەوی زمانی فەرمی و پێگەی زمانی فەرمی کوردی و نزیکبوونەوەی لە زمانی ستاندارد و ئاماژە بە زمانە نێودەوڵەتییەکان و خستنەڕووی هەندێ لایەنی زمانیی چەند زمانێکی جیاوازو نزیکیی لە زمانەکاندا بخرێتەڕوو.

سەرچاوە: گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی - ڕێکەوتی: ٢٠ی جوونی ٢٠١٧

---------------------------------------------

## پێگەی زمانی کوردی لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی - سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا



ڕەحیم سورخی

ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دوو گەمەکەری سەرەکی لە بواری کۆمەڵایەتی هەن. لە لایەک دەوڵەتە بەفەرمیناسراوەکانن لە ئاستی نێودەوڵەتی و، لە لایەکی دیکەیش، ئەو نەتەوانەن کە لە چوارچێوەی ئەو وڵاتانەدا وەک هاووڵاتی پێناسە کراون. گەلی کورد، وەک گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەت لە جیهاندا، ئێستا وەک گەمەکەرێکی چالاک لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی- سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕۆڵی هەیە. گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و مێژوویی گرنگ کە لە دەیەی نەوەدەکانەوە لەم ناوچەیە ڕوویان داوە؛ جگە لەو قەوارە سیاسی - ئابوورییەی لە وڵاتی عێراق و ناوچەکە

دروستیشیان کردووە، گۆڕانکاریی کەلتووری و زمانیی بەرچاویشییان لێ کەوتووەتەوە. ئەم ئاڵوگۆڕانە، هەم لە ئاستی پێگەی زمانەکانی کوردی و عەرەبی و هەم لە ئاستی پەیکەرەی ئەو دوو زمانەدا ڕوویان داوە. هەروەها، ئەم گۆڕانکارییانە بە شێوەی نافەرمی، یان ناڕاستەوخۆ لەسەر مانەوە و بووژانەوەی زمانی کوردی لە وڵاتانی ئێران و تورکیایش کاریگەرییان هەبووە. گەشەسەندنی زمانی نەتەوەیی، دەتوانێ بەدیهاتنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانیش بەهێزتر بکات و نەتەوەی کورد لە کۆمەڵە خەڵکی"سروشتی"یەوە بۆ نەتەوەی "کەلتووری"، یان نەتەوەیەکی خاوەن دەوڵەت و زمانی تایبەت بەرجەستە بکات کە دانپێدانراوی ناوچەیی و نێودەوڵەتیش بێت.

## پێکهاتنی سیاسی - کۆمەڵایەتی و گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

**پێکهاتنی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە سێ ڕووەوە گۆڕانکاریی دروست کرد.**

**یەکەم**: لە ڕووی جوگرافییەوە گۆڕان لە جوگرافیای سیاسیی دەوڵەت - نەتەوەی عەرەبی و عێراقی بەدی هات و ڕووبەرێکی سروشتیی ئەو پانتایەی گرتەوە کە بە ناوچەی کوردی، یان کوردستان ناسراوە و کورد خۆی دەسەڵاتی بەسەریدا هەیە. ئەم پانتایە بە ناوی "هەرێمی کوردستان - عێراق" لە ئاستی دەوڵەتی ناوەندی، دەوڵەتە ناوچەییەکان و نێودەوڵەتیدا دانپێدانراوە. هەرچەند ئەم پێکهاتنە بەتەواوی لەگەڵ ڕووبەرە سروشتییەکە یەکانگیر نییە و، شوێنی دابڕاو ماون کورد بەفەرمی دەسەڵاتی بەسەریدا هەبێت، بەڵام لەو ڕووبەرانەیشدا نیمچە بەشدارییەکی هەیە. کورد لەم ڕووەوە بەرەوپێشچوونێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، مەوتەنێکی پێک هێناوە کە جێپێی تێدا قایم بکات بۆ ئەوەی ڕێگە بۆ چەسپاندنی پانتاکانی دیکە خۆش بکات.

**دووەم**، پانتای ئیتنی، زمانی و کەلتوورییە. لە ڕووی ئیتنی، کەلتووری، زمانی و پەروەردەییەوە تا ڕادەیەکی بەرچاو، کورد لە ناسنامەسازییەکی نوێ و بووژانەوەی ئایدیۆلۆژیی نەتەوەخوازی و تاقیکردنەوە کەلتوورییەکانی، بەرەو پێش چووە. ئەم پانتایە، بەو کۆمەڵە زۆرینەیە لە خەڵک کە لێی نیشتەجێن و بە کورد ناسراون، بەو مێژووە پڕ لە بەرخۆدان و بەرەنگارییەی لە بەرانبەر کەلتوور و ئایدیۆلۆژییەکانی نەیارەکانیدا کردوویەتی و بەو زمانە تایبەتەی تێیدا بەکار هاتووە، لەگەڵ پانتا جوگرافیا سروشتییەکەیدا جووتە.

**سێیەم**، ئەو پانتایەیە، کە بووەتە ڕاستەقینەیەکی جێگیربوو، بەیاساییکراو و پەروەردەکراو، کە پێڕەوێکی سیاسی بە

ناوی "حکوومەتی هەرێمی کوردستان" لێی دامەزراوە. ئەم هەرێمە بەگشتی فەزا، یان شوێنێکی تا ڕاددەیەک ڕێکخراوە، کە مرۆڤی تایبەت، زمان، کەلتوور و شێوازی ژیانی تایبەت بە خۆیان تێیدا دامەزراندووە. کەواتە، بیر و ئایدیۆلۆژیی تایبەتیی نەتەوەکە و ژینگە سروشتییەکەی، بە شێوەیەکی ڕەمزی و ئەفسووناوی تێک ئالاون و بەرجەستە بوون. تاکەکان سەرەڕای ناسنامە تاکی و کۆمەڵایەتییەکانیان، وەک پابەندییان بە بنەماڵە، خێڵ، ئایین، توێژی کۆمەڵایەتی، ئیتنیک، نەتەوە و شارستانییەتی خۆیان، وەفادارییان بەم قەوارە سیاسییەیش هاوشان لەگەڵ پابەندییە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەیان پیشان داوە. ئەم حاڵەتە لە بەرگریی هێزی پێشمەرگە و هێزی خۆبەخشی جەماوەریدا، سەرەڕای ناکۆکییە حزبایەتییەکان، بەزەقی نوێندرا. ئەمە هەروەها، بووە هۆی بەرفراوانکردنی جوگرافیاکە و پێکهێنانی قەوارەی تری جوگرافی، ئیتنی و سیاسی لە هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا قووڵتر کردەوە. بەتایبەتی، کە ئێستا دەبینرێ لە ڕۆژاوای کوردستان ئەم ڕەوتە لە پێکهاتندایە.

## لێکەوتە زمانییەکانی گۆڕانکارییە سیاسی- کۆمەڵایەتییەکان

دەسەڵاتی ئابووری، سیاسی، زانستی و لەشکریی قسەکەرانی زمانەکان ڕۆڵێکی دیاریکەر لە پاراستن و بەهێزکردن، یان لاوازکردن و لەناوبردنی زمانەکان دەبینن. لەم ڕوانگەیەوە، باڵادەستیی نەتەوەکانی عەرەب، تورک و فارس لە سەدەکانی ڕابردوودا، لەگەڵ پێکهاتنی دەوڵەت - نەتەوە نوێیەکان، بە واتای زاڵبوونی گێڕانەوی زاڵی ئەو دەوڵەت - نەتەوانەیش بوو کە لە ڕاستیدا نوێنەرایەتیی زمان و ئەدەبیاتی ئەو نەتەوە فرمانڕەواکانی دەکرد. زمانی ئەو دەوڵەت - نەتەوانە هەڵگری ئایدیۆلۆژییەک بوو و هەیە، کە ئامانجە سەرەکییەکەی بەهادان بە دەوڵەت - نەتەوەکە و دژایەتی لەگەڵ بزووتنەوە و نەتەوە دژبەر و ناسنامەخوازەکانی وەک کورد بوو. پێشبڕکێی نایەکسانی نێوان زمانی دایک، یان خێزان و زمانی خوێندنگەکان، دەوڵەت، میدیا، شەقام، کار و زمانی پێویست بۆ بەرزبوونەوەی پلە و پایەی پیشەیی، ئەم مانەوە، یان لەناوچوونانە بەهێز دەکات.

تا بەر لە دەیەی نەوەدی سەدەی ڕابردوو، نواندنی زاڵ، نواندنی نەتەوە - دەوڵەتی زاڵ بەسەر عێراقدا بوو. بە پێکهاتنی ئاڵوگۆڕە ناوچەییەکان و دەستوەردانی نێودەوڵەتی و ڕاپەڕینی گەلی کورد وەک پێکهاتەیەکی نەتەوەیی بەهێز، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و زلهێزەکان ناچار بوون قبووڵی بکەن کە یەکەی سیاسیی نوێ لەناو دەوڵەتی عێراقدا پێک بێت. بەم پێیە، لەسەر بەشێک لە ڕووبەرە سروشتییەکە و پانتا ئیتنییەکە (بەستێنی زمانی کوردی و کەلتووری نەتەوەیی) یەکەیەکی سیاسی دامەزرا.

ڕاستییەکەی، پێچەوانەی مەیلی باوی دەوڵەتی ناوەندی و هەراوهوریای بەردەوامی دەوڵەتە ئیقلیمییەکانی وەک ئێران، کە گوایە "قیامەت هەڵدەستێ"یان "ئیسرائیلی دووەم دروست دەبێ"، یەکەیەکی نوێی سیاسی دروست بوو. ئەمە ئێستا، بۆ یەکەی دیکەیش لەنێو سووریادا لە بەرفراوانبووندایە. زمان، لە بەرجەستەکردن و ڕێگەخۆشکردن بۆ بەفەرمیناسینی ئەم یەکە سیاسییانەدا دەورێکی کاریگەری هەبووە و هەیە. بە هەمان شێوە، لەبەر سروشتی کۆمەڵایەتیبوونی زمان، خۆیشی کەوتووەتە بەر کارتێکردنی کۆمەڵایەتی - سیاسی لە ئاستی ناوچەکەدا و شان بە شانی ئەو ئاڵوگۆڕانە بەرەو پێش چووە. هەر لەم ڕووەوە، لەسەر سیاسەتی "تاکزمانی" یان سانترالیزمی زمانی نەک هەر لە عێراق، بەڵکوو لە وڵاتانی دیکەی داگیرکەری کوردستان وەک تورکیا و ئێرانیش، شوێنی خۆی داناوە.

لە ئێران و تورکیا، زمانەکانی فارسی و تورکی، پێگەی زمانی فەرمی، یاسایی و دادوەرییان هەیە و بە هێمای ناسنامەی نیشتمانی دادەنرێن. زمانەکانی دیکەی وەکوو کوردی، تورکی، بەلووچی، گیلەکی کە بەکارهێنانێکی ناوگرووپییانە، ناوچەیی، یان هەرێمییانەی سنووردارییان هەیە، "پرستیژ"ێکی کۆمەڵایەتیی نزمتریان هەیە و پێگەیەکی دیاری یاساییان نییە. لەژێر گوشاری زمانی فەرمی (زمانی دەوڵەت - نەتەوە)دا پەراوێز خراون و لە پەروەردە، میدیا، کاروباری ئابووری و هیی دیکەدا بەکار نایەن، بەڵام دەوڵەتەکان لەبەر گۆڕانکارییە ناوچەییەکان، ناچارن لە بواری میدیا و تا ڕاددەیەکی بەرچاویش لە ئاستی زانکۆ و توێژینەوە کوردییەکان گرنگیی پێ بدەن، وەک: کردنەوەی بەشی کوردی لە زانکۆکانی دیاربەکر، ماردین و وان لە تورکیا و، بەرنامەی زمانی کوردی لە زانکۆی کوردستان لە پارێزگای سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئێران.

ئێستا لە ڕووی پێگەوە، زمانی کوردی، لە چوارچێوەی وڵاتی عێراقدا بووەتە زمانی فەرمی و، زمانی عەرەبیش پێگەی تاکزمانیی دەوڵەت - نەتەوەی لاواز بووە و بەکردەوە لە کارلێککردن و پێکدادانە زمانییەکاندا بەرەو وڵاتی "دووزمان" یان "فرەزمان" چووە. هەرچەند هەر لە حەفتاکانەوە زمانی کوردی لە عێراق، پێگەیەکی لانی کەم بۆ خوێندن پێ دراوە، بەڵام لە بەفەرمیناسین (دانپێدانان)ی وەک یەک لە زمانە فەرمییەکانی وڵاتی عێراق، ڕۆڵی نەبووە. جگە لەوەیش لەبەر ڕەچاوکردنی مافی زمانیی کەمینە زمانی و نەتەوەیییەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان و چالاکبوونی سیاسی و کۆمەڵایەتیی تورکمان و سریانییەکان، فرەزمانیی لە عێراقدا بووە ئەمری واقع. لەم پانتایەدا لەگەڵ جۆری جیاوازی کەسایەتیی ئیتنی - زمانیدا بەرەوڕووین و، دەکرێ بڵێین کە قەوارەکەی لە پێکهاتنێکی نوێی نیشتمانیدا و خەریکی ناسنامەسازییە.

بەم شێوەیە، دەبینین کە زمان لە بەرجەستەکردنی کەسایەتیی نەتەوەیی و و ناساندنی سنوورەکاندا ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە، هەرچەند خۆیشی دەکەوێتە بەر کارتێکردنی ئاڵوگۆڕە سیاسی - کۆمەڵایەتییەکان. نموونەیەک بۆ ئەمە، ڕەشنووسی

پێشنیارکراوی ڕووسیا بۆ وڵاتی سووریای نوێیە. بەپێی ڕەشنووسی ئامادەکراوی ڕووسیا بۆ وڵاتی سووریا، پاشناوی "عەرەبی" لە ناوی "کۆماری عەرەبیی سووریا" لا دەدرێ و، لە بریتی "کۆماری سووریا" بەکار دێت. هەروەها هەموو ئەو ناونیشانانەی ئاماژەن بۆ عەرەبیبوونی سووریا، دەبێ وەلا بنرێن و مەرجی موسڵمانبوونی سەرکۆماریش لا دەبردرێ. هەرچەند سنوورەکانی دەوڵەتی سووریا تەنیا بە ڕیفراندۆم بە ویستی هەموو هاووڵاتیانی سووریا، دەکرێ بگۆڕدرێ، لە بەندی دووەمی ماددەی چوار، پێشنار کراوە کە دامەزراوە کەلتوورییە خودموختارییەکانی کورد و ڕێکخراوەکانیان هەر دوو زمانی کوردی و عەرەبی بە شێوەی هاوشان و لە یەک ئاستدا بەکار بێنن. ئەمە لە کاتێکدایە کە زمانی کوردی لە چوارچێوەی وڵاتی عێراقدا وەک زمانێکی فەرمی لە پاڵ زمانی عەرەبیدا بەفەرمی ناسراوە و، لەناو هەرێمی کوردستان بەفەرمی لە بوارە پەروەردەیی، هونەری، میدیایی، یاسایی و کارگێڕییەکاندا بەکار دێت.

نموونەیەکی دیاری دیکە، ئەو ئاڵوگۆڕە سیاسی - کۆمەڵایەتییانەیە کە لە دوو دەیەی ڕابردوودا لە پێکهاتنی یەکێتیی ئەورووپا و هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو ڕوویان دا، کە بە دوو ئاراستەی جیاوازی بە دوو شێوەی پێکهاتنی جیاواز ڕۆیشتن (لە نێو یەکێتیی ئەورووپا، پێکهاتنی یەکێتییەکە وای کرد دەوڵەتەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات زمانی ئینگلیزی وەک زمانی هاوبەش بخەنە بواری کارپێکردنەوە و هەندێکیشیان فەڕەنسی و ئەڵمانی، بۆ وڵاتانی جیابووەوە لە یەکێتی سۆڤییەت بە پێچەوانەوە، ئاراستەکە بەرەو بووژانەوە و گەشەکردنی زمانی نەتەوەیی ئەو وڵاتانە و بچووکبوونەوەی زمانی ڕووسی بوو). بەکورتی، چونکە زمان و دەسەڵات پێوەندییان پێکەوە هەیە، جێگۆڕکێ لە دەسەڵاتدا دەتوانێت لە گۆڕانی پێگە و پلەی زمانەکان و پەرەسەندن، یان کەمبوونەوەی بەکارهێنانیان کاریگەر بێت. هەر لەم ڕووەوە بە هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت وەک زلهێزێک، پرستیژی زمانی ڕووسی، لە وڵاتە تازە سەربەخۆ و جیاوەبووەکان، چ لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتی و تەنانەت لە ئاستی جیهانییش، بەرەو لاوازی دەچێت.

**ئەنجام:**

بەم پێیە، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە زمان لە پێکهاتنی دەوڵەت و نەتەوەسازیی لە کوردستان و یەکلاکردنەوەی سنووری پێکهاتە نەتەوەییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕۆڵێکی سەرەکیی هەیە. ڕێگەخۆشکەرە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی تری نەتەوەی کورد و پیادەکردنی ئیدارە خۆجێیییەکانی کورد لە هەر ئاڵوگۆڕێکی سیاسی لە داهاتوودا، چونکە "ئەمڕۆکە بۆ تێگەیشتن لەم جیهانەی وا تێیدا دەژین، لە جیاتی جوولان لە گەمەی دەوڵەتەکاندا (و بووکەڵەی ڕاگەیەندراو یان شاراوەی ئەوان)، دەبێ بچین بە دوای ئەو واقعییەتە ئێتنیکییە تایبەتییانەی لە هەناوی هەر یەک لەم دەوڵەتانەدا مت بووە و بۆ ئەوەی بتوانین ئەو دەرفەتانەی بۆ نەتەوەکان هەن هەڵسەنگێنین، دەبێ بەو ڕۆڵەی ئێستا هەیانە خەریک بین

كە زمـان وەک گرینگتـرین سیمای ئەو ئیتنیكـانە دەیگێـڕێ. سـەرهەڵدان و چـالاكبوونی زمانەكـان بە واتـای سـەرهەڵدانی نەتەوەكـانە، كە بە نـۆبەی خۆیـان بە بنـاغەی دەوڵەتەكـان دانـدراون". هەر لەم پێوەنـدییەدا دامەزرانـدنی دەوڵەتـی سەربەخۆی كوردستان، كە باوەڕی بە توانا سەرچاوەبییەكانی لە ڕووی سروشتی، ئیتنی، زمانی، كەلتووری و سیاسیی خۆی هەبێت، لە كارلێككردنە ناوخۆییەكانیدا ژیرانە مامەڵە بكات و پلانی بۆ بووژاندنەوەی سیما نەتەوەییەكانی هەبێت، لە پەنـا لەرزۆكبـوونی دەوڵەتە نەیارەكـانی وەک ئێرانـدا، دەتـوانێ مسـۆگەر بێـت. هەڵەشـەییی حاكمـانی ئەو وڵاتە لە دەستوەردانیان لە دەرەوەی خۆیان، سەرەڕای ئەو هەموو ناكۆكییەی لەنێو خۆیـان و لەگەڵ دەرەوەی خۆیـان هەیـانە، دەتـوانێ دەستەخوشكی باشوور و ڕۆژاوا زیاتر و جوگرافیای ڕزگاربوونی پارچەكانی كوردستان بەرفراوان بكات.

سەبارەت بەو فەزا جوگرافی، سیاسی و ئیتنی، زمانی و كەلتوورییەی لە باشووری كوردستان پێک هاتووە، هەنگاوی یەكەم ئەوەیە كە نەتەوەی كورد لەم بەشەی كوردستان وەک پێكهاتەیەكی بەفەرمیناسراو و ئاگا بە بوونی خۆی، بەر لەوەی لە تێڕوانینی ئەوانی دیكەوە بناسرێ، پێویستە لە تێڕوانینی خۆی و ئاگا بە بوونی خۆیەوە بناسرێ و، لە نەبوونەوە بێتە هەبوون. حكوومەتی هەرێمی كوردستان و وەزارەتی پەروەردە لە جیاتی سیاسەتی پەراوێزخستنی زمانی دایک، كە لەسەر بێپلانی و نەبوونی سیاسەتێكی ڕوونی زمانی لە پەروەردە و خوێندن بە كوردی، هاتووەتە ئاراوە، پێویستە وەک پێكهێنێكی سەرەكیی دەوڵەتی سەربەخۆی كوردستان و ناسنامەی نەتەوەیی لێی بڕوانێ و، بە شێوەیەكی پلانمەند كار بۆ گەشەپێدانی زمانی نەتەوەیی بكات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنووس - ڕێكەوتی: ١٤ی فێبریوێری ٢٠١٧

---

# بەبیانووی ڕۆژی جیهانی زمانی زگماکی




**ناسۆ مینبەری**

دەڵێن زمان کۆڵەکەی مانەوەی هەر نەتەوەیەکە، بەو واتایە کە لەنێوبردنی زمانی هەر نەتەوەیەک کارامەترین ڕێگەی سڕینەوە و لەنێوبردنی ئەو نەتەوەیەیە؛ ئەو کارەی کە زۆربەی دەوڵەت و دەسەڵاتە داگیرکەر و چەوسێنەرەکان لە ڕێگەی سیاسەتە گڵاوەکانی خۆیانەوە بەرانبەر بە خەڵک و کەمینە زمانییەکانی نێو سنوورە جوگرافیاییە دەسکردەکانی خۆیان دەیکەن.

نەتەوەی کورد، یەکێکە لەو نەتەوە بندەستانەی کە بە بەردەوامی لەلایەن دەوڵەتە پاوانخواز و داگیرکەرەکانەوە کەوتۆتە بەر هێرشی لەنێوچوون و سڕینەوە، کە لەم پرۆسە درێژخایەنەدا، زمان یەکێک لە فاکتەرە هەرە گرینگ و کارامەکان بووە. ئەمە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە لە بەرانبەر زەخت و گوشار بۆ سەر خەڵک و هەوڵدان بۆ لەنێوبردنی فاکتەرە نەتەوەییەکانی گەلی کورد بە گشتی و زمان بە تایبەتی، هەبوون کەسانێک کە بۆ پووچەڵکردنەوە و بێ ئاکام مانەوەی هەوڵی داگیرکەران، بەو پەڕی دڵسۆزی و ئەرکناسییەوە دەستیان دایە خەباتێکی پیرۆز و بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ خواستی ڕێژیمە داگیرکەرەکانی کوردستان، هەوڵی زیندوو ڕاگرتن و بەرز نرخاندنی زمانی کوردییان گرتە ئەستۆ، وەک بڵێی بە دژکردەوەیەکی باش و لە جێی خۆیدا، وڵامی کردەوە ناڕەوا و خۆپەرستانەکەی ڕێژیمیان دایەوە.

لە درێژەی ئەو خەبات و بەربەرەکانێ پیرۆزەدا، بە هاتنەئارای خەباتی کۆمەڵگای مەدەنی و چالاکی لە چوارچێوەی ڕێکخراو و NGO کاندا، پرۆسەی فێرکردنی زمان و ئەدەبی کوردی وەکوو چالاکییەکی گشتگیر، بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەی سەند.

هەر ئەم گەشەسەندن و بەربڵاوبوونەوەی پانتایی چالاکییانە، بوونە هۆی دروستبوونی دڵنیگەرانی لای ڕێژیم کە لە ئاکامدا ترس و دڵەڕاوکێ وەکوو دوو فاکتەری گوشار بۆ سەر دەسەڵات بوونە هۆی ئەوەیکە ڕێژیم، دان بە حەقیقەتی هەبوونی کورددا بنێت و بە ناچاری زمانی کوردی لە هەندێ لە زانکۆکاندا وەکوو دەرسێکی ئێختیاری و لە هەندێکی دیکەشدا وەکوو هەودایەکی جیاواز لە نێو ماددە دەرسییەکاندا بگونجێنێ.

مەتەڵێکی کوردی هەیە دەڵێ: پشیلە لە بەر ڕەزای خوا مشک ناگرێ، ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین کە لەم هاوکێشەیەشدا ڕێژیمی ئێران نەتەنیا مەبەستی خزمەت بە کورد و پەرەدان بە زمان و فەرهەنگی کورد نییە، بەڵکوو بە شێوەیەکی زیرەکانە ئەوەی کردۆتە تاکتیکێکی باش و کاریگەر لە پێناو گەیشتن بە یەکێکی دیکە لە ئامانجە دزێوەکانی خۆی.

سەبارەت بەم تەوەرە پرسیارێک کە لێرەدا دێتە ئاراوە ئەمەیە کە، ئایا بە تەنیا هەبوونی هەودای زمان و وێژەی کوردی لە زانکۆکان و فێربوونی خوێندن و نووسینی ئەو زمانە، دەتوانێ وڵامێکی باش بۆ ویست و داخوازی ئێمە وەکوو نەتەوەی کورد بێت؟

بێگومان قووڵ بوونەوە لەم بابەتە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەو بە ناو چاکی کردنەی ڕێژیم، هیچ قازانجێکی بۆ نەتەوەی کورد لە گەڵدا نییە، چونکە وەک سەرەتا ئاماژەی پێکرا ڕێکخراوەکان و فێرگەکانی زمانی کوردی، هەروەها کتێبە فێرکارییەکانی بەردەستی خوێنەر، دەتوانن بە باشترین شێوە ئەو ئەرکە بە جێ بێنن.

لە ئەسڵی ١٥ی یاسای بنەڕەتی ئێراندا باس لە زمانی دایکی کراوە کە دەقی ئەسڵەکە بەم چەشنەیە:

زبان و خط رسمی و مشترک مردم ایران فارسی است. اسناد و مکاتبات و متون رسمی و کتب درسی باید با این زبان و خط باشد ولی استفاده از زبانهای محلی و قومی در مطبوعات و رسانه های گروهی و تدریس ادبیات آنها در مدارس، در کنار زبان فارسی آزاد است.

سەرنجدان بە دەقی ئەسڵەکە ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕوون دەکاتەوە:

١- مافی کەمینەکان هەر ئەوەندە لە بەرچاو گیراوە کە زمانی دایکیان وەکوو زمانی دووهەم و پاش زمانی فارسی لە قوتابخانەکاندا بگوترێتەوە.

٢- ئەم ئەسڵە تەنیا باس لە فێرکردنی زمانی دایکی لە پاڵ زمانی فارسیدا دەکات، نەک پەروەردە بە زمانی دایکی.
٣- زمانی کەمینەکان وەکوو زمانی لۆکاڵی و قەومی ناوبراوە، کە جگە لە بە فەرمی نەناسینی نەتەوەکان، بە واتای پەراوێزخستن و بێبایەخ نیشاندانی ئەو زمانانەیە.
٤- لەم ئەسڵەدا باس لەوە کراوە کە خوێندن بە زمانی دایکی ئازادە، بەو واتایە کە ئەوە بە مافی کەمینەکان نازانێت و تەنیا وەکوو خێرپێکردنێک، ئەو شتەیان ئازاد کردووە.
٥- لەم ماددەیەدا ئاماژە بەوە کراوە کە چاپەمەنی و ڕاگەیەنە گشتییەکان دەتوانن بە زمانی کەمینەکان بن، لە حاڵێکدا کە شەپۆلی داخستنی گۆڤار و ڕۆژنامەکان لە ئێراندا دەکرێ وەکوو قەیرانێک چاوی لێ بکرێت و دەچێتە چوارچێوەی هێرش کردن بۆسەر ئازادی ڕادەربڕینەوە.

دیارە ئەم خاڵانە هەر کامەیان، لە جێگەی خۆیاندا جێی سەرنج و تێڕامانن، بەڵام ئەوەیکە لە چوارچێوەی ئەم وتارەدا دەگونجێ، پەروەردە بە زمانی دایکییە؛ پەروەردەیەک کە بتوانێ هەموو فاکتەر و بایەخەکانی نێو کۆمەڵگای کوردەواری، لە ڕێگەی زمان و وێژەی کوردییەوە و لە ڕێگەی سیستەمێکی زانستییەوە بگوازێتەوە بۆ نەوەی نوێ.


دەروونناسان لە سەر ئەو بڕوایەن کە خوێندن و پەروەردە بوون بە زمانی دایکی، دەتوانێ کاریگەرییەکی ئێجگار زۆر لە سەر پرۆسەی فێربوون و پەروەردە بوونی منداڵدا هەبێت، کەوایە دەبێ ئەم بابەتە بەش بە حاڵی خۆی لە لایەن پسپۆڕان و چالاکانی بواری زمانناسییەوە وەکوو چەمکێکی خاوەن پێگە و گرینگیی تایبەت بە خۆی بکەوێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە؛ بەو واتایە کە منداڵێکی کورد زانستەکانی سەردەم، وەکوو: فیزیک، شیمی، فەلسەفە، دەروونناسی، کۆمەڵناسی، جوگرافیا و ... هەموویان بە زمانی دایکی خۆی فێر بێت و لە جیاتی بە کارهێنانی چەمکە عەرەبییەکانی نێو زمانی فارسی، بە شێوەییێکی زانستی، بە زمانی خۆی قۆناغە زانستییەکانی ژیانی تێپەڕێنێت و لە ئاکامدا لەم ڕاستییە تێبگات کە ژیان بە کوردی خۆشە.

ناوەڕۆکی ئەم بابەتە را و تێبینیی نووسەرە و ماڵپەڕی کوردستان میدیا لێی بەرپرسیار نییە.


سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٠ی فێبریوێری ٢٠١٧

---------------------------------------------------

## پرسی زمانی دایکی و میدیای کوردی - وتووێژی تایبەت لەگەڵ دوکتۆر مەسعوود بینەندە



ماڵپەڕی: ئاماژە




**١- ئەگەر بمانەوێت خوێندنەوەیەکی بێلایەنەمان هەبێت لە زمانی چاپەمەنییە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات، چیمان پێ دەڵێت؟**

- سەرەتا پێویستە بڵێم هیچ خوێندنەوەیەک بێلایەنانە نییە واتە هەر چەشنە دەربڕینێک لە سووچەنیگایەکەوە و لەسەر پێگەیەکی تیۆریک ئاراستە دەکرێت. لە پێشدا دەبێ بزانین زمانی ئەم چاپەمەنییانە بە شێوەیەکی ڕێژەیی کوردییە؛ واتە ٢٠ تا ٣٠ لەسەدی بابەتەکانی ئەم بڵاڤۆکانە کوردین و هەمیشە بەشی کوردی لەئاست بەشی فارسی بە ڕادەیەکی زۆر کەمترە. ئەم دۆخە پێمان دەڵێت هێشتا چاپەمەنییەکان ستراتێژیی سەرەکیی خۆیان سەبارەت بە زمانی کوردی روون نەکردۆتەوە. کاتێ دەڵێین چاپەمەنییەکانی کوردستان، بازنەیەکی بەربڵاو لە سیاسەتی فەرهەنگیی دەسەڵات، نووسەری کورد، ڕۆژنامەوانی کورد و خوێنەری کوردی تێدا بەشدارە. زمانی کوردی هێشتا بۆ زۆربەی ئەم لایەنانە وەکوو زمانێکی سەرەکی و ستاندارد جێ نەکەوتووە و زۆرتر وەکوو زمانێکی ناوبڕئاسا و تووریستی دەر کەوتووە؛ واتە کاتی ماندووبوون لە بەستێنەکانی تر پشوویەک وەر دەگرن و ئاوڕێکی تووریستی لە بابەتی کوردی دەدەنەوە. هەر بۆیە نە نووسەری کورد بابەتی جیددی لەم زمانەدا بەرهەم دەهێنێت و نە خوێنەری کورد چاوەڕوانیی دەسپێڕاگەیشتن بە بابەتی شازی لەم هەرێمە زمانییەدا هەیە. لە ئەنجامدا سیاسەتی فەرهەنگیی ناوەند و پلانڕێژیی چاپەمەنیی کوردیش بەو پێیە سیاسەتێکی هاوتەریب رەچاو دەکەن و لە ئاکامدا دەبێتە ئەوەی کە دەیبینین. هەر بۆیە کێشەی چاپەمەنیی کوردی بەتەنێ کێشەی

رۆژنامە یان گۆڤارێک نییە، بەڵکوو پلانێکی مەزنتری تێدا بەشدارە کە هەر لە ئاپاراتووسەکانی دەسەڵاتەوە تاکوو ئایدۆلۆژیای پیشەسازیی فەرهەنگ و هەروەتر سیاسەتی زمانیی نووسەر و خوێنەری کورد لەخۆ دەگرێتەوە.

لە بابەتی شێوازی زمانی و سیاسەتی نڤیسارەوە، ئەم بڵاوکراوانە تووشی پەرتەوازەیی و لێکترازانن؛ و زۆر کات هۆی ئەم خەسارە لەوەدا دەبینرێتەوە کە چاپەمەنییەکان سیاسەتێکی وەبەرگریی زمانی پەیڕەو ناکەن و هەر لایەنێک و بۆ خۆی سیاسەتێک پەیڕەو دەکات. ئەڵبەتە ئەگەر بەڕاستی هەر گۆڤارێک یان رۆژنامەیەکی کوردی سیاسەتێکی تایبەتی خۆی هەبووبا و پەیڕەوی کردبا، سەرەڕای ئەوەی‌هاوگرتوویی لە نێوانیاندا نەدەبینرا بەڵام هەر دیسان لە ئاستی دۆخی هەنووکە کە پڕپڕ شێواوە و وێران، چاکتر دەبوو. فرەچەشنیی سیاسەتی نڤیسار لەم دۆخە شپرزەدا بۆ سیاسەتی جیاوازی گۆڤار و بڵاڤۆکەکان ناگەڕێتەوە بەڵکوو پێوەندیی بەو راستییەوە هەیە کە سیاسەتی نڤیسار؛ هەرچەند فرەچەشن، لەئارادا نییە و ئەمە چەشنی دڵخوازانەی نووسینی نووسەری کوردە کە ئەم دۆخە دابین دەکات. نەبوونی سیاسەتی نڤیساری یەکگرتوو، یان تەنانەت بۆشاییی جووت تا سێ ستانداردیی ئەو سیاسەتە، وای کردوە کە ستایلی نووسەران کە هەر کامە و ئاشی لە هەولێرێ دەگەڕێ، ئەم دۆخە شێوانشێوە لە بەستێنی نڤیساری کوردیدا بەرهەم بێنن. لێرەدا ئاماژە بە یەک نموونە لە کۆی ئەو کێشانەی ئێستێ لە نڤیساری کوردیی چاپەمەنییەکاندا دەبینرێت، دەدەم و ئەویش کێشەی شێوازی نووسینی "ی"یە لە حاڵەتی تاک، جووت یان سێ گلەدا. بۆ نموونە کاتێ بمانهەوێ ئاماژە بە کەسانێک بدەین کە بواری کۆمەڵناسییان خوێندووە و خەڵکی کوردستانن دەبێ بنووسین: "کۆمەڵناسی کوردستان"؛ بەڵام کاتێ بمانهەوێ ئاماژە نە بە خودی کۆمەڵناس، بەڵکوو بە بواری خوێندنی کۆمەڵناسی بدەین دەبێ بە دوو "ی" بنووسین: "کۆمەڵناسیی کوردستان". ئەگەر سەرنجی دەقە کوردییەکانی ئەم بڵاڤۆکانە بدەین دەبینین زۆربەی هەرە زۆریان ئەم جیاوازییە رەچاو ناکەن و دەبێ خوێنەر لە کانتێکستدا و بە هەوڵی وردبینانەی خۆی ئەو جیاوازییە ببینێتەوە.

**٢- بۆ زمانی کوردی تا ئێستاش نەبوەتە زمانی سەرەکی لە چاپەمەنییە کوردییەکاندا؛ واتە بەشی هەرە سەرەکی حەوتەنامەکان هەر فارسین و کوردی بە زۆری لە بەشی ئەدەبدا بەکاردێت؟**

- دوو سیستەمی‌بنەماییمان هەیە کە پێکهاتەی هەر کۆمەڵگایەک و چۆنیەتیی بەرسازدانی هەموو ژێربەش و پاژەکانی دیاری دەکەن؛

**یەکەم**؛ سیستەمی بەرهەمهێنان(production) و **دووهەم**، سیستەمی نواندنەوە(representation)؛ ئەم دوو سیستەمە لە ئاراستەی نەزەریدا زۆر جار دووفاقی دەبنەوە و بەرامبەر یەکتریش دەوەستنەوە، بەو واتایەی کە هەر روانگەیەکی تیۆریک جەخت لەسەر گرنگایەتی و بنەماییبوونی لایەنێک لەئاست لایەنێکی تر دەکات. بەڵام رێبازە نەزەرییە تازەکان

پێیان وایە کە ئەم دوولایەنە لێکجودا نین و تێک ئالاون؛ واتە هەر سیستەمێکی وەبەرهێنان، بێ ئەملاولا لەگەڵ سیستەمێکی بەرهەمهێنانی واتا و راگواستنی هێما و دەلالەتەکاندا پێوەندی وهاوگرتوویی هەیە. زمان لە روانینی سەرەتاییدا پێوەندیی تەنیا بە سیستەمینواندنەوەیە و وەکوو ژێربەشی سیاسەتی فەرهەنگی، فێرکاری و میدیایی دەبینرێت. بەڵام لە ڕاستیدا بەشی هەرە گرنگی زمان پێوەندیی بەو پرۆسە بنەماییانەوە هەیە کە ئابووریی سیاسی رەچاوی دەکات. کاتێ زمانێک لە بازاڕی ئابووریی ناوەندی، لە سیستەمی فەرمیی ئیداری و دواتر لە پەروەردە و میدیای رەسمیو ناڕەسمیی وڵاتێک جێگای ئەوتۆی نەبێ و لەگەڵ رەوتەکانی دەسەڵات و هەژمۆنیدا یەکانگیر نەبووبێت، زۆر ئاساییە کە پەراوێز کەوێت و نەتوانێت تەنانەت بە شێوەیەکی شیاو لەئاستی چەن میدیا و چاپەمەنیی خۆجێییشدا دەور ببینێت. بەگشتی سیاسەتی بنەمایی ستەیتەکانە کە لە پرۆسەیەکدا دەتوانن زمانێک بەهێز بکەن یان لە پەراوێزی بنێن. کاتێک زمانێک بایەخی پێ نەدرێت یانی ئەوەی کە هەم بایەخی ئابووری و ئەرزشی سەرمایەدارانەی لێ ناکەوێتەوە و هەم بایەخی سیاسی و پرستیژی کۆمەڵایەتی پێک ناهێنێ؛ هەر بۆیە خەڵک لێرەدا کۆمەڵێک تاکی سەربەخۆی خاوەن بڕیار نین کە کێشەکە لەئەستۆی ئەوان بخەینە بەڵکوو لێرەدا پرۆسێسی خۆسەریی سەرمایەی ئابووری و هەژمۆنیی سیاسییە کە بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگا زاڵ دەبێت و هەڵبژاردە و بڕیارەکانیان پێک دەهێنێت. کاتێ تێیساری فارسی دەتوانێ پووڵساز بێت وهاوکات هەژمۆنیی سیاسی و پێگەی کۆمەڵایەتی بەرز بکاتەوە دیارە کە جەماوەر بەلای ئەودا رادەکێشرێن. بەڵام کاتێک تێیساری کوردی پووڵساز نییە و کاریگەرییەکی لەسەر بەرزبوونەوەی ئاستی دەسەڵاتی سیاسی و پێگەی کۆمەڵایەتیی کەسەکان لە بازنەی سیاسەتی وڵاتێکدا دانانێت (هەرچەند بەشێک لەم روانینە خۆی کێشەیە و لە رەوتێکدا بەرهەمهاتووە)؛ ئاساییە کە لایەنگری کەم دەبێت و رادەی ئەوانەش کە هەوڵی بەرینکردنەوە و پێشکەوتنی ئەدەن، دادەبەزێت.

نووسەری بەڕەگەز کورد سەرەڕای ئەوەی کە فارسی باش نازانێ (هۆکاری دووزمانەبوون)، کوردی هەر فرەتر نازانێ؛ کەوایە خۆی لە قەرەی نادات و بە نووسینێکی شەلەپاتەی فارسی رەزایەت ئەدات. هەنێ تر لە نووسەرانی بەڕەگەز کورد دالغەی بەردەنگیان هەیە و پێیان وایە سەرلەبەری جەماوەری بەشەرەفی ئێران چاوەڕێن کاکی ئێمە بابەتێکی فارسی بنووسێ و ئەوانیش موعجیبی ببن و خەڵاتی کەن. ئەڵبەتە کێشەی بەردەنگ خۆی یەکێک لەو پرۆسێزانەیە کە لە ڕێگای بانگهێشتکردن(interpellation) و گوشارخستنەسەر نووسەر، ئاراستە زمانییەکەی وەر دەگێڕن و بای پێ دەدەنەوە، بەڵام وەک دەزانین کوردی فارسینووس، یان لە شالاوی بابەتی فارسیدا ون دەبێ یان لە کانتێکستی فارسیدا دەخوێنرێتەوە و هیچ دەسکەوتێکی بەرچاوی بۆ کورد و زمانی کوردی نابێت. ئەمە بە واتای چەشنێک کەلەڕەقیی زمانی و شێلگیریی تاکەزمانپەرستی نییە، چوون وەکی گۆتە وتەنی یەک زمان زانینهاوچەشنی ئەوەیە هیچ زمانێک نەزانی؛ کەوایە زانینی هەر زمانێکی دیکە بۆ نووسەری کورد دەرفەتێکی بنەماییە کە دەتوانێ لەوێڕاوە زمانەکەی خۆێنیش دەوڵەمەند بکاتن.

ئەگەر کۆبەندێک بۆ ئەم بەشە بهێنینە ئاراوە دەبێتە ئەوەی کە نووسەری بەرِەگەز کورد لە راستیدا لەداوی نەزانینی زماندایە کە کولەمەچە و ناهەمێ کەوتووە؛ واتە لە نەزانینی بەرِادەپێویستی زمانی کوردی و زمانەکانی دیکەدایە کە بەرەو دەمەلاسکێی زمانی پێ هەڵدەنێ و دەبێتە قەشمەری نێو زمانەکانەکانی دیکە. وەک ئاماژەم پێ دا، ئەمە رەوتەکانی ئابووریی سیاسی و دەزگاکانی نواندنەوەیهاوبەستەی ئەون کە "سووژەی کوردی ناکوردینووس" بەرهەم دەهێنن؛ سووژەگەلێکی قالاوئاسا کە نە هونەری قوونەقوونی کەو بەباشی فێر دەبن و نە دەتوانن رێگەرِۆشتنی شازی خۆیان دەکار بهێنن.




### ٣- ئایا زمانی میدیای کوردی(لەچواربەشی کوردستان و دەرەوەی وڵات) توانیویە رکابەری لەگەڵ زمانانیهاوسێی بکات؟

- زمانی میدیایی چییە؟ میدیای کوردی کامانەن؟ ئەم زمانە میدیاییە لە چ بەستێنێکدا هەڵدەسوورێت؟ بەشەکانی دیکەی کوردستان لە چ بارودۆخێکدان؟ رکابەریی زمانی چییە و چۆن دەکرێت؟ بۆ وەڵامیئەو پرسیارە دەبێ هەموو ئەو چەمک و دەستەواژانە شی بکرێنەوە. پێشتر وا دەزانرا کە میدیا تەنیا ئامرازێکی راگواستنە و گرنگی ناوەرۆکی راگواستنی میدیاییە؛ ئەورِۆ بیرمەندانی بواری خوێندەوەی میدیایی دەڵێن میدیا هەمان پەیام و ناوەرۆکە؛ واتە نێوەنجیی میدیایی لێرەدا تەنیا فۆرمێکی بێلایەن و ناکاریگەر نییە بەڵکوو خودی ناوەرۆکی پەیام لە فۆرمیمیدیاییدا رۆ دەچێت و چیدی ئەم فۆرمە نێوەنجیکارەیە کە بەرەو رووی بەردەنگ دەبێتەوە. میدیاکان لە سیاسیکردنەوە و هەروەتر پاپیۆلاریزە کردنی زماندا دەور دەبینن و لە چوارچێوەی ستراتێژییەکی میدیایی - زمانیدا دەتوانن فۆرمێکی تایبەت بە زمان ببەخشن. میدیای کوردی بە شێوەی عەینی و بەربڵاو تەنیا لە باشوور بوونی هەیە و دەکرێ بڵێین لەوێدا ئەزموونی میدیایی لە هەڵسووراندایە و هەندێ قۆناغی گەشەکردنیشی بریوە. بەڵام لەئاست میدیای وڵاتانی ناوچە ناکرێ بڵێن توانستی رکابەرییان هەیە؛ هەم لەبەر ئەوەی هێشتا زمانی ستانداردی میدیایی پێک نەهاتووە و هەمیش بەو بۆنەوە کە خودی پرسی زمانی کوردی ئێستێ لە قەیراندایە. سەرەرِای ئەوەی کە کێشەی زمانێکی یەکگرتوو و ستاندارد لەگۆرێدایە، زمانی کوردی لەنێو بازنەی ململانێی ئایدۆلۆژیک کەوتووە و هەر حیزبێکی سیاسی بە لەونێک، ئایدۆلۆژیای رەنگاورەنگی خۆیان لە چوارچێوەی زمان دەهاوێن.

میدیا وەکوو سیستەمێکی بەرهەمهێنانەوە، زمان و واتا و گوتار(discourse) لە چوارچێوەی ڕەوایەت یان وێنەیەکی میدیاییدا پێکەوە گرێ ئەدا و وەکوو واقیعێکی ئامادە ئاراستەی بەردەنگی دەکات؛ کەوایە زۆربەی پرۆسێزەکانی پشت ئەم ڕەوایەتە نابیندرێن و بە شێوەیەکی ناهوشیار کاریگەریی خۆیان دادەنێن. فێرکلاف وتەنی زمان و دەسەڵات تێکئاڵاون و زمان لە ڕاستیدا فەزای بەئەنجامگەیشتنی پێوەندیی دەسەڵاتە؛ واتە پێوەندیی زمان و دەسەڵات لە شێوازی "دەسەڵات لەپشتی زمان" و "دەسەڵات لەنێوی زمان"دا دەر دەکەوێت. تەواوی پێوەندی وهاوگرییەکانی دەسەڵات کە لەپشتی زمانن، لە ڕەوتێکدا دێنە نێو زمانەوە و لە شێوازی دەسەڵاتی نێوزمانیدا کاریگەری ئەنوێنن. کەوایە زمان یان زمانی میدیایی ئەو میدیۆمە هەستیارەیە کە دەسەڵات و ئایدۆلۆژی و شێوازەکانی فامکردن لە فۆرمی‌خۆیدا ڕۆ دەنێ و لە پێناو بەرسازدان و ڕۆنانی زەینی بەردەنگدا بەرەو ڕووی دەکاتەوە. بەم پێیە ئەو شتەی لە زمانی میدیاییدا ئامادەیە تەنیا زمانێکی ڕێزمانی و ڕێنووسی نییە بەڵکوو بریتییە لە پێوەندییەکانی دەسەڵات و پرۆسێزەکانی ئایدۆلۆژیا و کۆمەڵگا و سیاسەت. کاتێ چاو لەم پێکهاتە و پێوەندییانە لە کوردستان دەکەین دەبینین کە بۆشایی و لاوازیی زۆری تێدایە، کەوایە بەم کەموکورتی و لاوازییەوە ناکرێ ڕکابەرییەکی شیاو لەئاست میدیای وڵاتانی دەسەڵاتدار بێتە ئاراوە. ئەوەیە تاکوو ئابووریی سیاسی و سیاسەتی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لە دەڤەرەکانی کوردستان، تووشی پەرەسەندن و گەشەکردن لەئاستی پێویستدا نەبن فۆرمی‌میدیای کوردی و زمانی میدیایی بەم چەشنە لاواز و پەراوێزکەوتە دەمێننەوە.

**٤- نەبوونی زمانێکی ستاندارد بۆ میدیای کوردی یەکێک لەو پرسانەیە کە دڵسۆزانی زمانی دایکیی پەرۆش کردووە؛ لەمپەرەکانی بەردەم زمانێکی میدیاییی یەکگرتوو چین؟**

- وەک ئاماژەم پێ دا ئەم کێشەیە واتە پێکنەهاتنی زمانێکی ستانداردی میدیایی بۆ دەزگاکانی بڵاوەکار و وەشانی کوردی تەنیا پرسێکی زمانی و زمانەوانی نییە بەڵکوو پێوەندییەکانی دەسەڵات و پرۆسێزەکانی سیاسەت و کۆمەڵگای تێدا بەشدارە. دڵسۆزی، تەعبیرێکی ڕۆمانسییانە و ئاکارمەندانەیە و تاکوو پێگە و سەرچاوەی ئابژێکتیڤ لەئارادا نەبێت وەکوو دەربڕینێکی رووت و پەتی و لە چوارچێوەی ئاکارێکی تاکەکەسیدا دەمێنێتەوە. خەسارناسیی ئەو بابەتە زۆرتر لە بەشێکی تایبەتی کوردستان کە پلان و ستراتێژیی میدیایی و زمانی لە دەستی کورددایە، جێباز و ئاکامبەخش دەبێ. لەوێندەرێش پارچەپارچەبوونی دەسەڵاتی سیاسی و پێکنەهاتنی کیانێکی یەکگرتوو وای کردووە کە سیاسەتێکی فەرهەنگی و میدیاییی‌هاوبەش پێک نەهێندرێت. بێگومان تا ئەو قۆناغی دابڕان و لێکترازنە تێپەڕ نەبێت و پلانێکی وەبەرگر و تەواوکۆ بۆ ئەو بەشانە دانەمزرێت، ئاسۆیەکی هیوابەخش و ڕووناک بەدی ناکرێت.

ئەڵبەتە کێشەکە لە ئاستی زمانی و زمانەوانیشدا بەردەوامە و ئاڵۆزی و چەندڕەهەندیی تایبەتی خۆی هەیە. هێشتا کێشەی زمانی ستاندارد نە لەنێو زمانەوانان و پسپۆڕانی زمانی کوردیدا بە ڕێگەچارەیەکی شیاو گەیشتووە و نە لە بازنەی

سیاسەتی دەسەڵاتدا ڕێڕەوێکی گونجاوی بۆ ڕەچاو کراوە. لە رووبەری داهێناندا فرەچەندیی زاراوەکان سەری هەڵداوە و لە زۆر بواردا روو لە دابڕان و سەربەخۆیی لەئاست چوارچێوەی گشتیی زمانی کوردی دەسوێ. ناوەندەکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب و هەروەتر گۆڤارەکان لە سیاسەتێکی دیاریکراوی ڕێنووسی و ڕێزمانی شوێنکەوتوویی ناکەن و میدیاکانیش لەداوی زمانێکی پاپیۆلار و نارێسامەند کەوتوون. زانکۆ یان دامەزراوەیەکی توێژینەوە لەئارادا نییە کە بەتایبەت لەسەر ئەم پرسە کاری بنەمایی بکات کە بکرێ دواتر وەکوو پلانێکیهاوبەش لە لایەن میدیا و ناوەندەکانەوە دەکار بهێنرێت. سەرەڕای هەموو ئەم کەموکورتی و بێهیواییە دەبێ ئاوڕێکیش لە لایەنە هیوابەخشەکانیش بدەینەوە. جێگە و پێگەی زمانی کوردی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە باری سیاسی و فەرهەنگییەوە هەڵبەزیوە و گەشەی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە. ناوەندە کوردناسییەکان بەتایبەت لە وڵاتە بیانییەکان لەم بوارەوە هەڵسووڕاوانەتر دەجووڵێنەوە و لە رۆژهەڵاتیش کۆلێژی بەشی زمان و ئەدەبی کوردی کراوەتەوە. هەروەها تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و تەکنۆلۆژیای نوێی میدیایی لە وەشاندن و بڵاوکردنەوەی وشەی کوردیدا دەورێکی پۆزەتیڤی گێڕاوە؛ هەرچەندە خەسارەکانی ئەم بوارەش لە جێگای خۆیدا کاریگەریی نیگەتیڤیشی هەبووە. بەگشتی بەستێنی گەشە و باڵاکردنی زمانی کوردی داخراو و قەپاتکراو نییە بەڵام دەبێ ئەو لایەنە عەینی و ئابژێکتیڤانەش کە ئاماژەمان پێ دا ئامادەیی و حوزووریان هەبێت.

**٥- پێویستە چ هەنگاوێک لە لایەن رۆژنامەوانانەوە هەڵبگیردرێت بۆ وەشانی بەرهەمێکی مێدیای ستاندارد لەباری زمانییەوە؟**

- رەنگە بەرچاوترین رەخنە بۆ زمانی میدیای کوردی بەگشتی و میدیاکانی باشوور بەتایبەتی ئەوە بێت کە هێشتا زمانی ئاخاوتن بەسەریدا زاڵە و بەپێی پیکهاتەی زمانی عەرەبی رستە و بەندەکانی ساز دەکرێن. ئەگەرچی زمانی میدیا بەتەواوەتی فەرمینییە و نزیکە لە زمانی ساکاری ئاخاوتن بەڵام ئەوە بەو واتایە نییە کە هەرچی لەزاری خەڵکیدا باو دەبێت؛ درووست یان نادرووست، لەسەر زاری میدیاوە نواندنەوەی هەبێت و پەرەی پی بدرێت. زاڵبوونی پێکهاتەی زمانی عەرەبی خەسارێکی بەرچاوە؛ بۆ نموونە لە باشوور دەڵێن "قوتابخانەی کچانی دواناوەندی"، کە لەگەڵ پێکهاتەی زمانی کوردیدا ناتەبایە. لە نموونەی تردا، لە زمانی عەرەبیدا ئەڵێن أنا علی، بەواتای من "عەلی"م؛ میدیای کوردی بە وەرگرتنی راستەوخۆی ئەم پێکهاتەیە میمیجێناو دەسرێتەوە؛ بۆیە دەڵێ من عەلی و... هەروەها لە نموونەیەکی تردا دەتوانین ئاماژە بە پێوەندیی ئاوەڵناو و بەرئاوەڵناو بدەین. وەک دەزانین لە کوردیدا نیشانەی کۆ لەو پێوەندییەدا دەچێتە سەر ئاوەڵناو؛ وەکوو گوڵە جوانەکان یان بازگە سەربازییەکان بەڵام زۆر جار بەهەڵە نیشانەی کۆ لەسەر بەرئاوەڵناو دادەنرێت و دەبێتە بازگەکانی سەربازی. ئەمانە و دەیان نموونەی دیکە پێمان دەڵێن کە میدیا و بڵاوکارەکان نەتەنیا سیاسەتی زمانیی ستاندارد رەچاو ناکەن بەڵکوو سیاسەتی ئێدیتکردن و هەڵەچنیش پەیرەو ناکەن و هەموو

بەرپرسیارێتییەکان بۆ زەوق و زانیاریی زمانیی نووسەر دەهێڵنەوە. کۆنکرێتترین پێشنیار ئەوەیە کە ناوەندەکانی چاپەمەنی و هەروەها بڵاوکراوەکان ستراتێژییەکی شیاوی ئێدیتکردن(editorial strategy) پەیڕەو بکەن و هەوڵ بدەن ئەم ستراتێژییە بەربڵاو و گشتی بکەنەوە. ئەگەرچی پێویستە بۆ دامەزراندنی ئاوەها سیاسەتێکی نڤیساری، پرۆژەیەکی زمانەوانیی فەرهەنگستانی بە شێوازێکی بنەڕەتی لە بەرچاو بگیرێت و دواتر وەکوو سیاسەتێکیهاوبەش لە هەموو میدیا و چاپەمەنییە کوردییەکاندا بەکار بهێنرێت. ئەگەرچی زمانە زیندووەکانی جیهان وەکوو ئینگلیزی پلاندانانی زمانی (language planning)ی تایبەتیان لە سەرەوە بۆ خوارەوە وەکوو سیاسەتێکی حکوومیبەبووە بەڵام لە ڕێگای ستراتێژیی ئێدیتکردن و سیاسەتی نڤیسار لە خوارەوە بۆ سەرێ توانیویانە شێوازێکی ستانداردی زمان بۆ میدیا و چاپەمەنییەکان بەرهەم بێنن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی: ئاماژە - ڕێکەوتی: ٢٢ی فێبوویێری ٢٠١٧

---------------------------------------------------------- ------

## ڕۆژهەڵات شۆڕشێکی نەرمی بۆ زمانی کوردی دەست پێ کردووە




**هیدایت جان**

خوێندن بە زمانی زگماکی، یەکێک بووە لەو مافانەی لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی مۆدێرن لە ئێران لە سەرجەم نەتەوە نافارسەکان زەوت کراوە، زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا لە ماوەی ١١ مانگی کۆماری کوردستان لە ناوچەی موکریان و لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ لە چەند شارێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لەژێر دەسەڵاتی حزبی دیموکراتدا بوون بە فەرمی خوێنراوە.

زەوتکردنی خوێندن بە زمانی زگماکی لە لایەن رژێمی پالەوی و کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە نەتەوە نافارسەکانی ئەو وڵاتە بە شێوەی رێکخراو بووە بۆ یەکدەستکردن و تواندنەوەی سەرجەم نەتەوەکان لەناو نەتەوەی ئێرانی-فارسی و رەهەندێکی سیاسیی گرتووە بۆ ئاسیمیلەکردنی کولتوور و زمان و بەهای کەمە نەتەوەکان.

ماوەی دەیەیەکە هەوڵە ناوخۆییەکان بە شێوەیەکی مەدەنی بۆ پاڵەپەستۆ خستنە سەر رژێمی تاران، لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە لە رێگەی جۆراوجۆر و بە شێوەی مەدەنییانە دەستی پێ کردووە و تا دێت ئەو پاڵەپەستۆیە زیاتر دەبێت، بەجۆرێک کە کۆماری ئیسلامی ناچار بووە بەوە رازی بێت بەوەی چەند وانەیەکی دەرسی لە زانکۆکانی رۆژهەڵاتدا بگونجێنرێت.

هەفتەی رابردوو ٨٧ کەسایەتیی ئاکادیمی و فەرهەنگی و چالاکی سیاسیی و مەدەنی لە رۆژهەڵاتی کوردستان، نامەیەکیان ئاراستەی سەرۆک کۆماری ئێران و پەرلەمانی ئێران و نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی ئێران کرد و تیایدا بە پشتبەستن بە جاڕنامەی زمانی دایکی لە نەتەوە یەکگرتووەکان و جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ و جاڕنامەی مافی منداڵان و مافی مەدەنی و سیاسی، هاوکات یاسای ژمارە ١٥ی دەستووری کۆماری ئیسلامیی ئێران، داوای مافی خوێندنیان کردووە بە زمانی زگماکی و لەژێر نامەکەیاندا پێنج هەزار کەسایەتی و مامۆستا واژوویان کردووە.
هاوکات لەگەڵ ئەو نامەیەدا لە جوانرۆ و کۆمەڵێک شارۆکەی سەر بە پارێزگای کرماشان و ئیلام، واژوو بۆ پشتیوانیکردن لە خوێندن بە زمانی زگماکی کۆ کرایەوە و دۆینی سێشەم بەڕێوەبەری پەروەردەی بۆکان رای گەیاند، نۆ کتێبی کوردییان ئامادە کردووە بۆ ئەوەی لە قوتابخانەکانی ئەو شارەدا وەک وانە بخوێنرێن.

ئەحمەد رەحمانی، بەڕێوەبەری پەروەردەی شاری بۆکانی سەر بە پارێزگای ورمێ ئاشکرای کرد، لە شەش ساڵی خوێندنی سەرەتایی و سێ ساڵی خوێندنی ناوەندی، خوێندنی زمانی کوردی بە شێوەی دڵخواز لە قوتابخانەکانی رۆژهەڵاتی کوردستاندا دەخوێنرێت و مامۆستا و خوێندکاران بەگوێرەی شێوەزاری ناوچەیی خۆیان دەتوانن ئەو کتێبانە هەڵبژێرن و بیانخوێنن.

موحسین رەزەوی، چالاکی مەدەنی رۆژهەڵاتی کوردستان کە یەکێکە لە رێکخەرانی کەمپەینی خوێندن بە زمانی کوردی بۆ "وشە" رای دەگەیەنێت، ناوەند لەوە تێگەیشتووە کە خوێندن بە زمانی زگماکی بووە بە خولیای تاک بە تاکی کوردانی رۆژهەڵات و پاڵەپەستۆکان تا دێت لەسەریان زیاتر دەبێت، بۆیە بە ناچاری بێت یان لەڕووی گۆڕینی تێڕوانینەکانییەوە، مافی ئەوەی داوە لەو بڕگەیەدا خوێندن بە زمانی کوردی لەپاڵ زمانی فارسی لە قوتابخانەکاندا بکرێتەوە.

زیاتر روونی دەکاتەوە، ئەوە بۆ هەنگاوی یەکەم دەستکەوتێکی گرنگە، بەڵام بەدەر لەوە لە ١٠ساڵی رابردوودا، خوێندنگە ئەهلییەکانی زمانی کوردی لە رۆژهەڵات جەمیان هاتووە لە فێرخواز و کۆمەڵێک رێکخراو بە شێوەی خۆبەخش لە گوند و شارۆکەکانی رۆژهەڵات، وانەی تایبەتیان بۆ منداڵان کردووەتەوە بۆ ئەوەی خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی تیادا فێر ببن.

رەزەوی پێی وایە هیچ کات هێندەی ئێستە رۆژهەڵاتی کوردستان ئامادەیی ئەوەندەی تیادا نەبووە بۆ داواکردنی مافی زمانی زگماکی، بە شێوەیەک کە کەمپەینی چەند هەزار کەسی بۆ بەڕێوە بچێت و ئەوەیش هاندەری سەرەکییە بۆ ئەوەی ناوەند ناچار بکرێت ئاوڕ لەو مافە سەرەتاییەی کەمە نەتەوەکان بداتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە - رێکەوتی: ٤ی مارچی ٢٠١٧

-----------------------------------------

## کۆرپەکان بە زمانی دایکیان دەگرین



عەلی فەتحی

بەپێی ئاکامی کۆمەڵێک توێژینەوەی زانستی، دەرکەوتووە کە منداڵ لەرێگای دایک و باوکەوە فێردەبێ یەکەم وشەکان بڵێتەوە. پسپۆڕانی ئەو بوارە دەڵێن یەکەم گریانی منداڵ، راست ئەو کاتەی لە دایک دەبێ و چاوی بە دنیا دەپشکوێ، مۆرکی زمانی دایکی پێوەیە.

گریانی منداڵ پتر مێلۆدیکە، وەختێک خاوەن زمانێکی تۆنداره و بەرزی و نزمی پێوەدیارە، بەتایبەت زمانێک کە گرێدراوی تۆنەکانییەتی و وشەکان بەیارمەتی تۆنەکان مانای راستەقینەی خۆیان دەردەخەن. لەو شێوە زمانانە دەتوانین ئاماژە بە زمانەکانی چینی، ڤێتنامی، تایلەندی یا زمانی هۆزی (Nso) لە باکووری وڵاتی کامێرۆن بکەین. لەراستیدا ئەو زمانانە

پێویستییان بە فۆنێتیکی (دەنگ - گۆ) بەهێزتر هەیە بۆ ئەوەی خاوێنتر قسەیانپێبکرێت. پسپۆرەکان هەروەها بەو قەناعەتە گەیشتوون کە کۆرپە ساواکان لەو کاتەوە فێری زمانی دایک دەبن کە هێشتا لە منداڵدانی دایکدان و وێدەچێ هۆکارەکەشی بگەڕێتەوە بۆ لایەنی ژنێتیکی ئەو دیاردەیە.

ئەوە کە دەڵێ: "کۆرپەکان بە زمانی دایکیان دەگرین" بۆچوونی پرۆفێسۆری زماناناس کاتلین فێرمکێ (Kathleen Fermke) لە زانستگای ڤۆرجبورگی ئاڵمانییە. ئەو زانایە پەنجە بۆ جیاوازییەک رادەکێشێ، کە لە قیاسی مێلۆدی نێوان زمانەکاندا بەدیدەکرێت.

ئەو دەڵێ:

"بۆ توێژینەوەکەمان، کاتێک کۆرپە ساواکان لەبرسان دەگریان، ئێمە خێرا کۆمەڵێک دەنگمان تۆمارکرد."

کۆڕی توێژەرانی ژێردەستی ئەو پرۆفێسۆرە دوو تاقیکردنەوەیان بەئەنجامگەیاند. لە یەکەم لێکۆڵینەوەدا، ٤٢ منداڵ تاقیکرانەوە. لەوانە نیوەیان منداڵانی ئاڵمانی بوون و نیوەکەیتریش منداڵانی باکووریخۆرهەڵاتی کامیرۆن. بۆ دووهەم لێکۆڵینەوەش، ٥٥ منداڵی ساوای چینی لە شاری پێکین تاقیکرانەوە.

لێکۆڵینەوەی یەکەم کە حەوت ساڵ پێشتر جێبەجێکرابوو، لەگەڵ لێکۆڵینەوەی دوایی هەمان ئاکامیان دەرخست. واتە: "کۆرپە ساواکان لە ئاڵمان تەواو جیاواز دەگرین لە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئەو کۆرپەکانەی لە فەڕانسە دەژین. مێلۆدی دەنگ و گریانیشیان تەواو جیاواز دەبیسترێ. ئەوەش روونبۆوە کە کۆرپەکانی چینی و کامێرۆنی جیاوازتر لە کۆرپەکانی ئاڵمانی دەگرین، چونکە مەودای بەینی بەرزترین و نزمترین تۆن لە دەنگیاندا گەلێک زۆرە."

بە بۆچوونی پرۆفێسۆر کاتلین، جیاوازییەکان لە زمانی دایکدا دەردەکەوتن. وشەیەک بۆ وێنە لە زمانی ئاڵمانیدا تەنیا بە یەک برگە (سیلابل) دێتە گۆ، لەحاڵێکدا هەمان وشە لە زمانی چینی یا زمانێکیتردا بە چەند برگە دەگوترێتەوە. توێژەران بەو ئاکامە گەیشتن کە کۆرپە ساواکان ڕاست دوای لەدایکبوونیان، خێرا لە زمانی دایکیان تێدەگەن. کوردیش بە نۆرەی خۆی لەمێژە گوتوویەتی:

"منداڵ فرچک بە شیری دایک دەگرێ".

با بزانین گرینگی زمانی دایک لەکوێدایە. توێژینەوەکان دەردەخەن کە دوای تەمەنی نۆ ساڵی، زمانی دایک تەنیا ئامرازی دەربڕین و بیرکردنەوەیە و چەشنی "سیستەمی بەرگری" کاریگەرە و وەکوو شوورەیەکی ئەستوور لەبەرامبەر زمانی بێگانەدا کارییە. هەڵبەت ئەوەش بەهەڵکەوت نەگوتراوە کە منداڵان لەو تەمەنە بەولاوە، لە کاتی گوتنەوەی وشەگەلی بیانی تووشی زەحمەت دەبن، چونکە پەیامە دەنگی‌یەکان بە زمانی بێگانە دەکەونە بەر "فیلتەر"ی زمانی دایکیی منداڵ.

بەپێی بۆچوونی زۆربەی پسپۆڕانی بواری پەروەردەیی، تەمەنی گونجاو بۆ فێربوونی زمانی بێگانە، نیوەی دووهەمی خوێندن لە قوتابخانەی سەرەتاییە. چونکە تا ئەو سەردەمە زمانی دایک تەواو جێی‌خۆی گرتووە. منداڵ ئیتر بەباشی دەزانێ بە زمانی دایک بدوێ و بنووسێ و لە وشەکان تێبگا و لە یەکتریان جیابکاتەوە. تەنیا ئەو منداڵانە تووشی گرفت دەبن کە دایک و باوکیان خۆیان پێوە ماندوو ناکەن و بەڕادەی پێویست لەگەڵیان نادوێن و فەرهەنگی وشە لە مێشکیاندا دەوڵەمەند نەکراوە. بە واتایەک زمانی دایکیی منداڵ ئەو جۆرەی پێویست بووە هێزی وەبەرنەنراوە. زمانی دایک لەراستیدا ئامراز و بناخەیە بۆ زمانە بێگانەکانیش. هەرچەند ئەو وەسیلەیە بەتوانا بێ و بناخەی پتەوی هەبێ، فێربوونی زمانی بیانیش بەهەمان قیاس هاسانتر دەبێ.

ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە کە منداڵ لە تەمەنی دوو ساڵییەوە تا هەشت ساڵی گوێ‌دەگرێ، دەبینێ و لاسایی دەکاتەوە و بەو کارانەی باشتر زمان فێردەبێ. بۆیە لەو فەترە زەمەنییەدا گەلێک هاسانە منداڵ زمانی دایک بە باشترین شێوە و خێرا فێربێ. ئەگەر بۆ زمانی دایک ئەو وزەیە هەیە، بەدڵنیاییەوە بۆ فێربوونی زمانی بێگانەش هەروایە، واتە پێچەوانەی ئەوەی خواستی دایک و باوکە، بەتایبەت کە خوازیاری فێرکردنی زمانی دایک بە منداڵ بن. کەوابوو کاتێک باس لە توانایی منداڵ لەمەر فێربوون دەکەین، بەو مانایە نییە لەجیاتی زمانی دایک، فێری زمانی بیانییان بکەین. دایک و باوک هەمیشە "چاوەڕوانی پتر"یان لە منداڵ هەیە. بەردەوام بۆیان جێگای پرسیار و خۆزگەیە، ئاخۆ کەی منداڵەکەیان فێری زمانی بیانی واتە زمانی دووهەم و سێهەم دەبێ. بەپێی ئوسول باشترین فەترە و تەمەنی گونجاو بۆ ئاشنایی منداڵ لەگەڵ زمانی بیانی، سەردەمی ئامادەیی، پێش چوون بۆ قوتابخانە و پۆلی یەکەمە. هەڵبەت ئەوەش نەک بۆ فێربوونی زمانە بیانییەکان، بەڵکوو تەنیا پێویستە لە چوارچێوەی کۆنتاکت و نیزیککەوتنەوە و ئاشنا بوونی منداڵ بە وشەگەلێک بۆ دەوڵەمەند کردنی زەینی ئەو. زمانی بیانی نابێ هیچکات لەو تەمەنەدا وەکوو دەرس و فێربوونی ئیجباری سەیربکرێت. چونکە لە داهاتوودا دەسکەوتی باشی بۆ منداڵەکە لێناکەوێتەوە. ئەو ئاشنابوونەش دەبێ تەنیا لە چوارچێوەی شێعر و گۆرانی و کایە و شتگەلێکی هەستبزوێن و عاتیفیدا بمێنێتەوە.

زمانی دایک بەدڵنیاییەوە گرینگی تایبەت بەخۆی هەیە. چ لە ئاستی زانستی پەروەردەیی و چ لەباری پاراستنی شوناسی نەتەوەیی. ڕێکخراوی یۆنسکۆ بە تێگەیشتن بەو گرینگییە، ٢١ی فێوریەی هەموو ساڵێکی وەکوو "ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک" دیار و پەسندکردووە. ئەوانیش و ئێمەش ئەوەمان لێ ڕوون و ئاشکرایە کە لەو چەند دەیەی دواییدا زۆربەی زمانەکانی دایکیی جێگۆڕکێیان کردووە و دەکرێ بڵێین تەنیا لە بەشی زمانناسیی خوێندنی باڵادا جێیانگرتووە و بوونەتە کەرەستەیەک بۆ توێژینەوە، چونکە زمانەکانی دیکە، بەتایبەت ئینگلیزی جێی ئەوانەی داگیرکردووە. دیارە ئەو ئاڵوگۆڕە پتر دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەک کە بریتین لە: گەشەی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان، پێشوەچوونی تێکنۆلۆژی و دنیای ئاکادێمی، هەروەها پێویستی لێکتێگەیشتن لە شوێنەکانی کار. هاوکات لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕە، کەسوکاریش زیاتر لە پێشوو منداڵەکانیان لە قوتابخانەگەلێک دادەنێن کە زمانی دایک لەوێ کەڵکی لێوەرناگیرێ. زمانناسان لەو باوەڕەدان ئەگەر زمانێک بەرەبەرە دەکارنەکرێ، لە پێشکەوتن دەوێستێ و چیتر وەکوو ئامرازی پێوەندی کاریگەری نامێنێ. ئیتر پاش ماوەیەک چەشنە کۆمەڵگایەکی بێکولتوور و شارستانییەت دروستدەبێ و لەتەنیشت ئەویش کۆمەڵگایەکی یەکدەست و یەکزمان کە هیچ پێوەندییەکی لەگەڵ باقی کۆمەڵگا نابێ و تەواو بێگانە دەنوێنێ و بێبەهرە لە زانست و ئەزموونی حەشیمەتێکی فرە لە خەڵکی سەر گۆی زەوی دەبێ، فووتدەبێتەوە. پاشەکشەی گەشەی زمانی دایک یا باشترە بڵێین فەوتانی ئەو زمانانە، دەبنە هۆی خوڵقانی جیاوازیگەلێکی کۆمەڵایەتی، چونکە زمان کە تووشی ئەو هەموو برین و زامە بوو و لە پەراوێز خرا و تەنیا لە چوارچێوەی ماڵ، یا لە جێژن و بۆنە و پرسەکاندا کەڵکی لێوەرگیرا، لە کۆتاییدا دەبێتە پەیکەرێکی بێڕوحی نێو مۆزەخانە. هەروەها دەبێ چاوەڕوانی ئەوەش بکەین کە دیاردەی زمانی "بەرتەر / سەرتر "و" نزمتر" دێتە مەیدان، وەک ئەمڕۆکەش ئەو دیاردەیە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بەدیدەکرێت و زمانی یاساغکراو زیاتر ڕەنگ و ڕوخساری زمانی کۆیلەیی بەخۆوەگرتووە. ئەزموونەکان دەریانخستووە ئاکامی ڕەوتێکی ئەوتۆ کارەساتی لێکەوتووەتەوە. لەوەش کارەساتتر، پەروەردەیەکی خەراپ و تراژیک و خوڵقانی گرفتی پێوەندی نێوان مرۆڤەکان لە کۆمەڵگادا کە بە زەقی بەرچاون. زمانی دایکی هەر گەلێک، هەر تەنیا ئامرازی پێوەندی و قسەکردن نییە، بەڵکوو وەسیلەی گواستنەوەی زانیاریی، زانست، باوەڕ و هەستەکانە. لەسەر یەک ناسنامەی مرۆڤ و نەتەوەیی بوونیەتی. باوەڕ و بایەخەکانی کە بەدرێژایی مێژوو دەستکەوتوون، بەردەوام بە زمانی دایک تۆمارکراون. پشتگوێ خستنی ئەو زمانە، واتای فەوتانی هەرهەمووی ئەو دەستکەوتانەیە. سەرجەم دەتوانم بڵێم زمانی دایک، بەشێک لە میراتی شارستانییەتی هەرکەسێکە لە کۆمەڵگای خۆیدا.

فرەڕەنگی هەر تەنیا لە زمانی دایکدا کورتنابێتەوە، بەڵکوو ئەو ڕەنگاوڕەنگییە دیالێکت و زاراوەکان، مێژووی گەشەسەندن و کولتووری ناوچەکانیش دەگرێتەوە. ئەوانە هەموویان پێکەوە قەوارەی شارستانییەتی زمانێک پێکدێنن کە ناسراوە بە زمانی دایک، یا بەواتایەکیتر زمانی نەتەوەییەک. ئاکام، لە هەر شوێنێ کولتوور و شارستانییەتی ناوچەیی، زاراوە و وێژەکان گرینگیان پێدرا، بەهەمان قیاس زمانی دایکیش بەها و نرخەکانی بۆ دەگەڕێتەوە. مانای فەرهەنگی زمانیش،

ئەگەر قبوڵ بکەین کە زمان هەر تەنیا ئامرازی پێوەندی نییە، بەڵکوو ئاوێنەی باڵانوێنی تێفکرین و وێژەریی دنیای هەستەکانە، ئەوسا لێمان رووندەبێتەوە کە "کاتێک قسەدەکەین، دەردەکەوێ کێین، تا قسەمان نەکردووە نامۆ هەین". لەو دیالۆگە سۆفیستییەی پلاتۆن (ئەفلاتوون)دا دەبیستین کە کسێنۆس و تێئێتیتۆس لە دیالۆگەکەیاندا هاوڕان. ئەوان پێیانوایە فکر و زمان لەبنەڕەتدا یەک شتن، زمان بە دەنگ دەردەکەوێ، فکر لە زەیندا بەهۆی روح، بەبێدەنگی قسەدەکا. تا بێدەنگە فکرە و کە لەدەم هاتەدەر دەبێتە زمان.

لێرەدا پرسیار ئەوەیە، تا ئەو کاتەی قسەکردنم تەنیا دەروونی بێ و لەچوارچێوەی فکردا بمێنێتەوە و قسەکەرم روح، ئیتر من قسەم پێنابێ. بەڵام ئەگەر دەنگم پێبەخشی و کردم بە زمان، ئا لێرەدا دەردەخەم کە من کێم. تا ئەو ساتەی هەر بە فکر کورد بم و بەو زمانە نەپەیڤم، ئیتر چۆن کوردبوونم دیاربێ. لەوەش کارەساتتر ئەگەر ئەو دەنگە، دەنگی خۆم، میراتی دایک و باوکم نەبێ و بێگانە بێ، بەدڵنیاییەوە ئەو کاتە خۆیشم هەر بێگانەم و زمان و فکریشم بێگانە دەمێنێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٧

-----------------------------------------------------

## پەرەسەندنی زمانی زگماکی و پرسی لێکۆڵینەوە لە سەر زمانی کوردی



**زانکۆ یاری**

بە پێی پێناسەیەک کە لە زانستە مرۆییەکاندا بۆ ئەم دەستەواژە کراوە، زمانی دایکی بریتییە لە یەکەم زمانێک کە منداڵ پاش لەدایکبوون و لە ڕەوتی پێوەندی گرتن لەگەڵ دەوروبەری خۆی فێری دەبێت، کەواتە زمان تەنیا ئامرازێک بۆ پێوەندی گرتن نییە، بەڵکوو کەرەستەیەکە بۆ فێربوون و تێگەیشتنی «بوون» و بەم پێیەش شووناسی تاکەکەسی و بەکۆمەڵی هەر تاکێک دیاری دەکات. (١٢) زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، لە ئەنجامیگۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵ و زیاد بوونیدا، زمان دەگۆڕێت و سنووری بەکارهێنانی بەربڵاو و فراوان دهبێت و بەملاو بەملاوی شوێنەکەیدا پەل دەهاوێت و گەشە دەکات. (٧) هەتا زیاتر هەوڵ بدەین چونییەتی و هۆی داهێنانی وشەکان لە لایەن مرۆڤەوە بدۆزینەوە زیاتر سەرمان لێ دەشێوێ. وادیارە هۆکاری داهێنانی ئەندامێک لە ئەندامەکانی دیکەدا بەناولێنانەوە، وەک دیاریکردنی ئاژە ڵێک لەبنەماڵەیەک لە ئاژەڵەکانی دیکە، توانایی دەربڕینی برسییێتی، تینوێتی و حاڵەتە دەروونییەکان، جیاوازی لەنێوان کاتی نزیک و دوور. ڕۆژێک پێمان وابوو دەنگی منداڵان وەک لەو دەنگانە دەچێ کە مرۆڤی سەرەتایی لەکاتی کار کردن بۆ پەیوەندیکردن دروستی دەکەن، ئەمڕۆکە دەزانین منداڵان تەنیا ئەو دەنگانە کۆدەکەن کە لە هەر یەک لە قۆناغەکانی پێگەیشتندا دەکرێ دەریانبڕین.

زمان بریتییە لە چالاکی بیری مرۆڤ لەناو کۆمەڵدا، بیری مرۆڤیش لەیەکتر جیاوازی تێدەکەوێت (١). هەروەها پەرەسەندنی زمان بریتییە لەگۆڕان و گەشەکردنی زمان. لە ئەنجامیگۆڕانی قۆناغی مێژوودا زمانەکە پەرە دەسێنێت و زمانەکان لەیەکترەوە بەتایبەتی زمانە نزیکەکان لەیەکتر بە هۆی پەیوەندی خزمایەتی و نزیکایەتی وشە و شێواز و تەنانەت دیاردەی ڕێزمانیش لەیەکترەوە وەردەگرن. زمان لە ئەنجامیپەرەسەندن و گەشەکردندا دەکەوێتەوە بەر کاریگەری چەند هۆیەکی وەکوو:

١- گواستنەوەی زمان لە پێشنانەوە بۆ دواتر. (٦)

٢- کاریگەر بوونی زمان بەزمانێک یان بە چەند زمانێکی ترەوە.

٣- کاریگەری کۆمەڵایەتی و دەروونی و جوگرافی، وەک شارستانییەتی نەتەوە و سیستەم و باوەڕ و ڕۆشنبیرییێتی و ژینگەکەی، بەسەر پەرەسەندن و گەشە و گۆڕانییەوە، کە هەر یەکەی کاریگەری خۆی هەیە لەو گەشە و گۆڕانەی زماندا.(٢)

ئەگەر بەباری مێژووییەوە لە پرسی زمان بڕوانین، دەبینین کە ئەو زمان و بن زمانانەی کە ئەمڕۆکە بوونیان هەیە، بە درێژایی چەندین سەدە شکڵیان گرتووە و وێڕای شارستانیەتی مرۆڤەکان گەشەیان کردووە وهاوڕێ وهاوڕێبازی مرۆڤەکان بوون. کەواتە تا ڕادەیەک دەتوانین بەو ڕاستییە بگەین کە زمان ئاوێنەی مرۆڤناسانەی ئاڵۆزییەکانی مێژووی مرۆڤایەتییە. هەروەها ئەگەر زمانی دایکی لەنێوبچێت، بەرەبەرە مێژووی نەتەوەش لەبیر دەکرێت و هەڵپەرستان بە دەس ئاوەڵەییەوە سەرقاڵی بەلاڕێدابردنی مێژووەکەی دەبن، بەم شێوەیەش زەین و ئاوازەی ئەو نەتەوە تووشی داڕمان و نەخۆشی دەکەن؛ بەرهەمیئەم حاڵەتەش لەنێوچوونی ئارام و بێدەنگی هەموو تەوەر و ئالیەکانی ژیانی ئەو نەتەوەیە. ئار، ئەی ڤیڵسۆن (R. E. Wilson, 1979) پێی وابوو: "زمان ئامرازێکی تاکەکەسییە کە مرۆڤ دایهێناوە بۆ ئەوەی جیهانی دەرەکی لە زەین و بیری خۆیدا وێنا بکا". لەوەڕا کە وێنای زەینی مرۆڤ لە جیهانی بە هەمان ڕادە کە ئەو دەتوانێ لە دنیای دەرەوەیی نزیک بێتەوە، لەبنچینەوە نزیکە، بێگومان دەبێ پەیوەندییەکە لە نێوان پێکهاتەی زمان و پێکهاتەی جیهانێکدا هەبێ کە زمان مەبەستی وێناکردنی هەیە".

وادیارە کە ئاخەوتن واتە توانایی مرۆڤ بۆ قسەکردن، ڕووداوێکی لە نەکاو و کتوپڕی نیە، سرووشتیە و لەگەڵ ئەودا پێگەیشتووە. وادیارە دوای پێشکەوتنێکی دوور و درێژ و دڕۆنگانە زمان پێکهاتووە، کە زۆرتر لە ڕێگای تاقیکردنەوە و هەڵەوەشێوەی گرتووە. (١٢) هەندێک پێیان وایە بنچینەیەکی سەرەتایی هەبوو و هەر کۆمەڵێک تۆزێک گۆڕانکاری تێدا گونجاندووە و ئەو زمانە بەرهەمهاتووە بەرەبەرە وێکچوونی خۆی لەگەڵ زمانی سەرەتایی لە دەست داوە. هەنووکە چەندان بنەماڵەی زمانی بەرچاو دەکەوێ کە بێ شک لە زمانە پەیوەندیدارەکان بە یەکترەوە پێکهاتوون و هەر ئەوەش گرنگی و بەها بەبیروڕا و تیۆری زمانی سەرەکی دەبەخشێ. پینکێر (Steven Pinker, 1954) پێی وایە مرۆڤی سەرەتایی لە شوێنی جۆراوجۆر و لە سەردەم و کاتە جیاوازەکاندا، کەڵکیان لەگەلێک زمانی جیاواز وەرگرتووە. ئەم جیاوازییەی نێوان زمانەکانیش، وەک جیاوازی لە نێوان جۆری مرۆڤ و ئاژەڵەکان لەژێر کاریگەری سێ پرۆسەدایە کە لە درێژخایەندا پراکتیزە دەبن. پرۆسەی یەکەم داهێنانی نوێ زمانی (سەبارەت بەجۆرەکان)، موتاسیۆن (Mutation) پرۆسەی دووهەم ڕەوتی فێربوون (سەبارەت بە جۆرەکانی میراتگری) و سێهەمین پرۆسە هەلومەرجی کۆمەلایەتی - هەرێمی(سەبارەت بە جۆرەکان، جیاوازی وەرزی تێکەڵبوون (جفت گیری) و ئاناتۆمیتۆرەمە خستنەوە (تولید مثل). (٦)

جۆرج یۆل (George Yule, 1947) دەنووسێ: لەگەڵ ئەوەدا کە دەکرێ هەندێک لەگۆڕانکارییە بەرچاوە کۆمەلایەتییەکانی بەرهەمیشەڕ، هێرش و گۆڕانکارییەکانی دیکە پێکەوە پەیوەست بکەین بەڵام وادیارە کاریگەرترین هۆکار و سەرچاوەی گۆڕانی زمان، پرۆسەی هەمیشەیی گواستنەوەی کەلتووری بووە هەر نەوەیەکی نوێ ئەبێ ڕێگایەک بدۆزێتەوە بۆ کەڵک وەرگرتن لەزمانی نەوەی پێش خۆی لەم پڕوسە بەردەوام بێکۆتاییەدا، کەبە هۆی ئەوە هەموو تاکێک کە کەڵگ

لە زمان وەردەگرێ دەبێ بۆ خۆی سەر لەنوێ، زمانی کۆمەڵگا دروست بکاتەوە، مەیلی حاشاهەڵنەگر بۆ هەڵبژاردنی هەندێک لە تۆخمەکانی زمان بە شێوەیەکی ورد و هەندێکیان بە شێوەی ڕێژیی هەیە، هەروەها حەز و مەیلی پاڵەکی بۆ جیاوازبوونیش هەیە. بە حاشا هەڵنەگر زانینی ناسکی پرۆسەی گواستنەوە، دەبێ چاوەڕوانی ئەوەشمان هەبێ کە زمانەکان وەک خۆیان نامێننەوە (نەگۆڕنین)، بەڵکو تووشی گۆڕان و ئاڵوگۆڕ دەبن) یۆل، (١٣٧٤:٢٦٠). هەزاران ساڵ لەمەوبەر لە پێش چاوی خەڵکدا گۆڕان لەزماندا روویداوە، بەڵام تەنیا سەد و پەنجا ساڵی رابردوودا کە لەزمانەوان و زانایان شێتەڵ کردنەوە و راڤەکردنیان دەست پێکردووە و لەسەدەکانی پێشووتردا، جگە لە ژمارەیەکی زۆر کەم کە دوور دووریان دەڕوانی هیچ کەسیتر سەرنجی پێنداوە. (٢) دانتی (Dane Alighieri,1265)یەکەمین شاعێری ئیتالی، یەکەمین بیرمەندی گەورەیەکە سەبارەت بەگۆڕانی زمانی بیروڕای دەربڕیوە و دەڵێ: کەواتە لە سەردەمی تێکچوونی تاوەری بابل بەملاوە، هەموو زمانێکی مرۆڤ بە پێی حەزەکانی ئێمە سەر لە نوێ پێکهاتۆتەوە، چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکە زۆر شیاوی گۆڕانە، زمانیش ناتوانێ نەگۆڕ و هەمیشەیی بێ، بەڵکوو وەکوو هەموو شتەکانی دیکەی مرۆڤ، وەک داب و نەریت و جل و بەرگ، بێگومان بە پێی کات و شوێن دەگۆڕدرێ.

هەروەها دەیڤێد کریستاڵ (David Crystal, 1941) کەیەکێکە لە دواییین لێکۆڵەران لە سەر پرسی گۆڕانی زمان نووسیویەتی: زمان نەگۆڕ نامێنێ، گۆڕانی زمانی لە دۆخی هەنووکەیی مرۆڤدا، حاشاهەڵنەگرە. راستییەکەی ئەوەیەکە لە یەک میلیون ساڵی رابردوودا، مرۆڤ لە جیاتی گۆڕانی ژینگەیی، لە ڕەهەندی زمانییەوە گۆڕدراوە. لەو هێزانەی کە کاریگەرییان لە سەر گۆڕانی زمان هەیە یەکیان پەیوەندی هەیەبە گۆڕانی فۆنیم، شێوە مۆڕفۆلۆجی و پێکهاتە سینکاکسیەکانی زمان ئەویتر پەیوەندی بە وەرگرتنی دەروونی (یان بەراوردکاری) و سێهەمینیش پەیوەندی بە وەرگرتن لە شێوە زاری خزم و نزیکەکان، لە خزم و لە زمانە بێگانەکانەوەیە. سرووشتییەکە لەگەڵ گۆڕانی ڕۆژ ناوەوە و دەرەوەی زمان، پرسی تێگەیشتن و دەرک کردنی بەرامبەر لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ چەتوونتربووە و گرفتێک بە ناوی "لەمپەری زمانی" گەلێک بانتر لە سنوورە جوگرافییەکانیش، بۆتە هۆی دابڕانی مرۆڤەکانی جیهان لەیەکتر. (١١)

لە کۆی ٦٧٠٠ زمان کە هەنووکە لە لایەن دانیشتووانی گۆی زەوییەوە کەڵکی لێ وەردەگیرێ، نیزیک بە نیوەیان بەرەو لەنێوچوون هەنگاو دەنێن. بەم پێیەش دیار یکردنی ڕۆژی ٢١ی فێبرییە وەکوو ڕۆژی جیهانیی «زمانی دایکی» لە لایەن یونسکۆوە، لە ڕاستیدا دژکردەوەیەکە بەو مەترسییە کە شارستانیەتی مرۆڤ لەگەڵی دا بەرەوڕوویە. لە ڕوانگەی زانستی سایکۆلۆژییەوە، زمانی دایکی یەکەمین و گرینگترین هۆکار و فاکتەرە لە ڕەوتی شکڵ گرتنی کەسایەتیی مرۆڤ و لە هەمان کاتیشدا لەنێوچوونی، کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر کەسایەتیی تاکەکان. (١) پرسی زمانی دایکی لە ئاستی جیهانیدا جیا لەوەیکە ڕێکخراوی فێرکاری، زانستی و فەرهەنگیی نەتەوە یەکگرتووەکان (یونسکۆ) پێشنیاری وڵاتی

بەنگلادێش لەمەڕ دیاریکردنی ۲۱ی فێبرییە، وەک ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکیی خستە بەر دەنگدان و دەنگی ئەرێنیی بۆ وەرگرت، لە چەندین بەڵگەی نێونەتەوەییشدا، پرسی ئاماژە بۆ کراوە گرینگیی پێ دراوە کە بەکورتی دەتوانین بەم شێوەیە ئاماژەیان پێ بکەین:

١- ڕاگەیەندراوی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، پەسندکراوی ١٠ی دێسامبری ١٩٨٤، مادەی: ٢٦٠

٢- میساقی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، پەسندکراوی ١٦ی دێسامبری ١٩٩٦، مادەی: ٢٧٠

٣- کۆنوانسیۆنی نەهێشتنی هەڵاواردن لە سیستمیپەروەردە و فێرکاری، پەسندکراوی ١٤ی دێسامبری ١٩٦٠ لە لایەن یونسکۆ، مادەکانی: ١ و ٢ و ٣.

٤- کۆنوانسیۆنی مافەکانی منداڵان، پەسندکراوی ٢٠ی نۆڤامبری ١٩٨٩ی کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، مادەی: ٣٠

٥- کۆنوانسیۆنی نێونەتەوەیی لابردنی هەر چەشنە هەڵاواردنێکی نژادی، پەسندکراوی ٢١ی دێسامبری ١٩٦٥ی نەتەوە یەکگرتووەکان، مادەی: ١.

٦- ڕاگەیەندراوی مافی کەمینە مەزهەبی، نەتەوەیی، ئێتنیکی و زمانییەکان، ڕێکەوتی ١٨ی دێسامبری ١٩٩٢، مادەکانی: ٤ و ٢ و ١

٧- ڕاگەیەندراوی جیهانیی مافەکانی زمان، پەسندکراوی ساڵی ١٩٩٦.

٨- مەنشووری زمانی دایکی، پەسندکراوی ساڵی ١٩٩٦ی یونسکۆ، مادەکانی: ١ و ٢ و ٣.

پرسی زمانی دایکی لە ئێراندا لە سەردەمیحکوومەتی پەهلەوی بە بێ هیچ شک و گومانێک دەتوانین بڵێین لە یاساکانی ئەو سەردەمە، زمانی دایکی یەکێک لە، لەپەراوێزخراوترین پرسەکان بوو، کە هیچکات وەک پێویست گرینگیی پێ نەدرا. لە حاڵێکدا کە لێکۆڵینەوە کۆمەڵناسییەکان دەریان خستووە کە سیاسەتی چەند زمانی لە کاروباری پەروەردەیی دا، کاریگەریی ئەرێنی لەسەر ڕاگرتن و پەرەسەندن و گەشەکردنی فەرهەنگە نەتەوەییەکان هەیە و بە پێچەوانەی ئیددعای هەندێک کەس و لایەن (بۆ وێنە حکوومەتی پەهلەویی و ڕەوتی پان ئیرانیستی ئەو سەردەمە) پرسی فێرکاری بە زمانی دایکی، نابێتە هۆکارێک بۆ لێک دوور کەوتنەوە یان جیابوونەوەی نەتەوەکان و زمانەکان. بۆ وێنە لە وڵاتی سووئیس خەڵک بە ٤ زمانی ئیتالیایی، ئینگلیزی، فەڕەنسیی و ئاڵمانی دەئاخفن و هیچ کیشەیەکیش لە باری سیاسییەوە بۆ ئەم وڵاتە درووست نەبووە، ئەوەیکە لە سەردەمیپەهلەوی بینرا، چەشنێک لە پیڕەوی کردن لە دۆکتۆرینی بەناوبانگی «ئادۆڵف هیتلیری»ە کە دەیگووت: «ئەگەر دەتانهەوێ نەتەوەیەک لەنێو ببەن، سەرەتا زمانەکەی لێ بستێننەوە.» (٢) هۆکاری ئەم قسەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زمان جیا لە کاریگەرییەکانی لەمەڕ قەوارەگرتنی کەسایەتیی تاکەکەسی، باندۆڕ و شوێندانەریی ڕاستەوخۆشی لەسەر شووناسی نەتەوەیی دەبێت.

لە پەراوێزخستن و گرینگی نەدان بە زمانی دایکی (تەنانەت لە لایەن بنەماڵە کانیش)، وێنایەکی ڕاستەقینەی دەکارکردنی توندوتیژیە لە دژی منداڵان (نەوەی نوێ) کە چەشنێک لە سووکایەتی کولتووری لێ دەکەوێتەوە. (٣) ڕوونە کە فێربوونی هەر زمانێک پێویستی بە تێپەڕاندنی ٤ قۆناغ هەیە: بیستن، ئاخاوتن، خوێندن و نووسین. ئەگەر کەسێک لە ڕەوتی فێربوونی زمانەکەیدا (زمانی دایکی) ئەم ٤ قۆناغە تێنەپەڕێنێت، ئەوا تووشی لاوازی لە فێربوون دەبێت و لە دەرک کردنی ڕاستییەکان دوور دەکەوێتەوە. ئەنجامیئەم حاڵەتەش بریتییە لە لاوازیی کەسایەتی. واتە تایبەتمەندییە ڕەوانی و ئەخلاقییەکان بەلای نێگەتیڤدا دەشکێنەوە و بەم شێوەیە ترس، شەرمێونی و خەمۆکی لە ناخدا شکڵ دەگرن. ڕوونیشە کەسێک بەم تایبەتمەندییانەوە ناتوانێت پێوەندییەکی درووست و بەکەڵک لەگەڵ کۆمەڵگا درووست بکات. لە بەرامبەردا، کۆمەڵگاش وەها تاکێک بە کەسێکی نائاسایی بەئەژمار دێنێت و لە ئاکامدا مەودای نێوان تاک و کۆمەڵ زیاد و زیاتر دەبێت. دەرهاویشتەی ئەمهاوکێشەش دەبێتە ئەوەیکە یەکگرتوویی فیکری، کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی پیک نایەت و کۆمەڵگە لەگەیشتن بە ویست و داخوازەکانی بەردەوام لەگەڵ ئاریشەی نوێ بەرەوڕوو ببێتەوە. هەمووان دەزانن کەبایەخی زمان پتر لە ژیانی ڕۆژانە دا دەردەکەوێ، چونکە فاکتەرێکە مرۆڤ بە کۆمەڵەوە دەبەستێتەوە. مرۆڤ تەنها بە هۆی زمانەوە پەیوەندی بە کۆمەڵگاکەیەوە دەکات، بیر و بۆچوون، هەست و سۆزی خۆی بۆ ئەو کۆمەڵگایە دەگوێزێتەوەکە تیایدا دەژی. (١١)

زمان ئامرازی پەیوەندی کردن بەنەتەوەکانی تری جیهانە. حکوومەت جۆراوجۆرەکانی جیهان بە هۆی زمانەوەهاوکاری فەرهەنگی، سیاسی، ئابووری و... یەک دەکەن. بەواتایەک ئەگەر زمان نەبوایە مرۆڤ و ئاژەڵانیتر جیاوازییان نەدەبوو. بێگومان تێکڕای نەتەوەکانی جیهان بەپلەی یەکەم لە سەر بنەمای زمانەکەیان دەناسرێن. نەتەوەبێ زمانی مللی، بێ ناسنامەیە.

"هەژاری موکریانی" دەڵێ: قەواڵەی بوون و مانەوەی گشت نەتەوەکانی سەرزەوی، زمانە. (٥) زمان نەمێنێ بوون لە نێو دەچێ. مامۆستا "محەممەدی خاڵ" لە سەر بایەخی زمان دەڵێ: (کۆمەڵگای بێ زمان و فەرهەنگ) لە ژێر پێی نەتەوەکانی تردا دەپلیشێتەوە، دەڵێ نەتەوەیکی خاوەن زمان و فەرهەنگ، ئەگەر لە ناو بچێ هەر بەنەتەوە دەژمێردرێ و لە بەرەو پێشوچوونی بە ئاراستەی لوتکەی مرۆڤایەتی، سەر ئەنجام دەگاتەوە نەتەوەکانیتر. بە مردنی هەزاران ڕۆڵەی نەتەوەیەک، ئەو نەتەوەیە نامرێ، بەڵام بە مردنی زمانەکەی، ڕەگ و ریشەی ژیانی وشک دەبێ و لەگرێژنە دەچێ. ئەگەر بە چاوێکی تێژەوە بڕوانینەبە سەرهات و مێژووی خەڵکانی پێشوو، گەلێک نەتەوەی گەورە دەبینین لەرەهەندی فەرهەنگی، سیاسی، کۆمەڵایەتی بەترۆپکی شانازی گەیشتوون، حەماسەیان خوڵقاندووە و کامڵبوونە، بەڵام بە وەرچەخانی ڕۆژگار تەنیا بە

هۆی لە نێوچوونی زمانەکەیان، خۆشیان لە نێوچوون و لەلاپەڕەکانی مێژووی کۆندا نەبێ ناویان نەماوە. بەم پێیە مانەوەی زمان زامنی نەتەوەیە.

کە واتە زمان لە هەر قەڵایەک قایمترە، هەر قەڵایەک ئەبێ داگیر بکرێ بەڵام قەڵای زمان مەحاڵە. یەکێە لە خەسڵەتە هەرەگرینگەکانی هەر زمانێک ئەوەیە: دەکرێ بە پشت بەستن بە ئەدەب، فەرهەنگ و زمانی نەتەوەرەگی مێژوویی هەر نەتەوەیک لە شوێنی جیوگرافی خۆیدا بدۆزینەوە و ناسنامەی نەتەوایەتی پێ بدەین نەناسینەوەی زمانی دێرینی دانیشتوانی ناوچەیەک، تاوتۆی کردنی "فۆنێتیک، ڕێسا و وشەی هاوبەش" و بە راورد کردنیان لەگەڵ زمانەکانی دراوسێ، دەتوانین پەی بە مێژووی دێرینی هەر نەتەوەیەک ببەین.

دەتوانین بڵێین کەبایەخی زمانی کوردی بە پێی دید و بۆچوونی فەلسەفی - ئایدۆلۆجی دەگۆڕدرێ. ناسیۆنالیزم (Nationalism)، زمان بەیەکێک لە کوچکەکانی سەرهەڵدانی نەتەوە و ژێرخانی پێکهاتەی کۆمەڵگا دەزانێ، هیچ نەتەوەیەک بێزمان نەبووە و نیە و نابێ. دواکەوتووترین تیرە و تایەفە و نەتەوەی جیهان، دانیشتوانی دوورترین جەنگەڵ... خاوەنی زمانی خۆیانن. زمان و نەتەوە وەک ماسی و ئاون، بێ یەکتر مانایان نیە. (٩) زمانی مییلی، گیانێکی بزۆزە لە لاشەی نەتەوەکەیدا دەم دەکێشێ. دڵی هەر نەتەوەیک بە ئەوینی ئەو زمانەوە لێدەدا. ژیانی نەتەوە خۆی لە چوارچێوەی دەبینێتەوە، کە بە زمانی باو و باپیران خوڵقاوە و پشتاوپشت گوزراوەتەوە. دیارە هەندێک ڕووداوی ژیانی کۆمەڵایەتی نەتەوەی کورد نیشانیداوە، تەنیا زمان مەرجی نەتەوە و کوردبوون نییە، بەڵکوو هەستیهاوبەشی نەتەوایەتییە ناسنامەی بە کوردان بەخشیوە. لە باکووری کوردستان هەزاران کورد، بێ ئەوەی تاکە وشەیەک لە زمانی زگماکی خۆیان بزانن، گیانیان لە پێناوی ئامانجەکانی نەتەوەکەیان بەخت کردووە. لە هەمان کاتدا کەسانانێکیتر هەن زۆرباش بە زمانی زگماکی خۆیان دەدوێن کە چی دوژمنایەتیهاوزمان وهاوڵاتیانی خۆیان کردووە.

ئەو بایەخەی زمانی نەتەوە لە ناسیۆنالیزمدا هەیەتی، لە فەلسفەی مارکسیزمدا (Marxism) نییەتی. مارکسیستەکان لە روانگەی ماتریالیسییتەوە (Materialism) دەڕواننە جیهان و ئابووری بەژێرخان لە قەڵەم دەدەن، هەر لەو روانگەشەو سەرنج دەدەنە کۆمەڵگای مرۆیی. لە روانگەی مارکسیزمەوە مرۆڤ ئاژەڵێکی ئابوورییە، واتە فاکتەری بنەڕەتی وەدیهاتنی نەتەوە و رەگ و ریشەی کۆمەڵگا، ئابوورییە. لە روانگەی ئیسلامیشەوە زمان لە ژیانی نەتەوەکان سەرزەوی، ڕۆڵێکی بنچینەیی نییە، بەڵکوو فاکتەرێکی تەوەری، باوەڕ بە خوا و بنەمای (توحید)ە. مارکسیزم لە دیدی ئینتێترناسیۆنالیزمەوە بەیەک چاو سەیری گشت نەتەوەکان دەکات و ئیسلامیش لە دیدی (توحید)ە وە بە یەک چاو دەڕوانێتە مرۆڤ کەواتە تێڕوانینی مارکسیزم و ئیسلام لە گشتەوە بۆ بەش و تێڕوانینی ناسیۆنالیزمیش وەک خاڵی بەرامبەری هەر دووکیان، لە

بەشەوە بۆ گشتە. کە واتە ئە کادیمییە زمان ناسەکانی کورد، بۆ تاوتوێکردنی، بنەماکانی زمانی کوردی، سەرچاوەکانی، سەرەتاکەی، کامڵبوون و پێگەیشتنی ئەم زمانە، جگە لە شارەزایی تەواو لە زمانی کوردی، پێویستە دوو کار ئەنجامبدەن:

**یەکەم**: زانستیانە لە شوێنگە و پەیدابوونی نەتەوەی کورد بکۆڵنەوە.

**دووەم**: مێژووی سەرهەڵدانی زمانی کوردی. ئەو فاکتەرانەی کارییان تێکردووە، ڕێچکەی گۆڕان و قۆناخەکانی کامڵبوونی، بەوردی تاوتوێ بکەن.(٩)

لەبەر ئەوە پێویستە بە باشترین شێوە "ئەدەب و فۆلکلۆری" کوردی شۆڤەبکەن. بۆ نموونە ئەگەر بتوانین ڕوونیبکەینەوە "مادەکان" بە چ زمانێکیان هەبوو و لەگەڵ کوردی ئەمڕۆ بەراوردی بکرێ تا ڕووە وێکچووەکانی بەتەواوی دیاریبکەین، ئەوسا دەتوانین بڵێین "مادەکان باوباپیری کوردانی ئەمڕۆن". کەواتە بەکەڵک وەرگرتن لە فاکتەری زمان ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی نەتەوەی کوردمان دۆزیوەتەوە. بە داخەوە لە زۆر جێگا دەبینین هەندێک سیاسەتوانی کورد، بێ هەستی بەرپرسی، بە پێچوانەی ئامانجە سەرەکییەکانیان، لە زۆر ڕووەوە بە کەم بایەخ نیشاندانی فاکتەری زمان، تەنیا جەخت لە سەر ئامانجە سیاسیەکانی خۆیان دەکەنەوە، بێ ئاگا لەوەی زمان خۆی فاکتەری یەک پارچەییە. ئەوانە لەبیریان چۆتەوە هەر نەتەوەیەک بە زمانەکەی دەناسرێتەوە. هەر کوردێک بۆیە پێی دەڵێن کورد چونکە لە دایک و باوکێکی کورد بووە بە زمانی کوردی دەدوێ. هەر کەسێک لە هەنگاوی یەکەمدا بە هۆی زمانەوە لە تورک، عەرەب و ڕووس و ئینگلیز و... جیا دەکرێتەوە، دواتر تایبەتمەندییە نەتەوەکانی لە بەرچاو دەگیرێ. هەروەها "جوتیار، کرێکار..."ی هەر نەتەوەیەک زمانێکیهاوبەشیان هەیە. زمان ناسنامەیەکی نەتەوایەتییە. زمان تێکڕای چینەکانی کۆمەڵگا، بە دابەشکاری سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە زمانیهاوبەش نەتەوەیە. هەرگیز نەبیسراوە کەسێک یا گرووپێک زاراوەی زمانی کوردی چینی جوتیار یا سەرمایەدار بەکاربێنێ. لەبەر ئەوە ئاکارە نەتەوەیەکان لەبۆتەی تەنگی چینایەتیدا ناگونجێن و زمان بە بەڵگەی تایبەتمەندی نەتەوەی، خەسڵەتیهاوبەشی تێکڕای گرووپە کۆمەڵایەتییەکانە و لە چوارچێوەی کۆمە لایەتی، سیاسی و ئابووری بالاترە. (١) هەر نەتەوەیەک گوێ نەداتە زمانەکەی خۆی و هەوڵنەدا بۆ ڕاگرتنی کەلتوورە نەتەوایەتییەکەی، بەرە بەرەبەرە و داڕزان دەڕوا و لەکۆتاییدا لەناو دەچێ، ئەو نەتەوەیەک هەرگیز لەناوناچێ مەگەر زمانەکەی بەرەو لەناو چوون بڕوا. بۆ نەتەوەی کوردیش خۆ وێچواندن و لەبیر بردنەوەی زمانی زگماکی، مانای مردنی نەتەوییە.

گەلێک نەتەوەی سەر بە خۆ لە هەڵ و مەرجەکانی دەسەلاتدا تواونەتەوە. فینیقییەکانی سوریا و لوبنان، قیبتییەکانی میسر، ڕەشپێستەکانی سۆدان و گەلێک نەتەوەی ئەفریقا، بەربەرەکانی جەزائیر و مەڕاکش و هەزاران بنەماڵەی کوردی عێراق بە هۆی لە دەسدانی ناسنامەی خۆیان، بوونەتە عەرەب. ئەمانە نموونە گەلێکی ڕوونی ئەو نەتەوانەن کە ناسنامەی

خۆیان لە دەسداوەو لەناو نەتەوەی دەسەڵاتداردا تواونەتەو. نموونەیەکیتر وڵاتی مەغریبە، ئەم وڵاتە عەرەبییە، بە دانیشتوانەکەی خۆیەوە هەر زۆر لەناو عەرەباندا توایەوە. هۆیەکەشی تەنیا ئەوەبوو، ناسنامەی خۆیان دۆڕاند، لەبەرامبەر شەپۆلی تەعریب خۆیان نەگرت و بە تەعریبی مەغریب کۆتاییهات. هەر لە بەرامبەر ئەم پرسە دا ئیسپانیا زمانی نەتەوەیی خۆی پاراست و رێبازی نەتەوایەتی خۆی گرتەبەر. "ئەندە لوس" نزیکەی حەوت سەدە بەشێک بوو لە ئیمپراتۆری ئیسلامی، لە ژێر دەسەڵاتی هەمەلایەنی عەرەباندا بوو، خەڵکەکەی بە عەرەبی دەدوان، وەلێ بێزار بوون لە زمانی عەرەبی، لە ماڵ و کۆڕ و کۆمەڵاندا بە زمانی دایکی دەدوان. ئەوان هیچ کاتێک ملیان بۆ دەسەڵاتی زمانی عەرەبی کەچ نەکرد، بۆیە عەرەبی لە ئیسپانیا ڕێگە نەدرا. نموونەیەکیتر سیاسەتی گرووپی دەسەڵاتدار لەمەڕ سەپاندنی زمان، فەرمانڕەوایی بەریتانیایە لە هۆنگ کۆنگ. دەسەڵاتداری ئەم وڵاتەبە سەر (هۆنگ کۆنگ)دا لە ساڵی ١٨٤١ دەستیپێکرد. هەر لەرۆژیهاتنی ئینگلیزەکان بۆ هۆنگ کۆنگ، سیاسەتی سەپاندنی زمانی ئینگلیزی بە سەر دانیشتوانەکەیدا، بە خوێندنی زۆرە مێلی ئەو زمانە لە قوتابخانە، فێرگە و سەنتەرەکانی خوێندنی باڵا، دەستیپێکرد. زمانی کۆلۆنیالی بەریتانیا بە ئارامیچووەناو ژیانی خەڵکی هۆنگ کۆنگ و بەرەبەرە دزەی کردە نێو هەموو بوارە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو بەندەرە. ئەم کارتێکردنە ئەوەندە قووڵبوو کە زمانی چینی واتە زمانی دانیشتوانی هۆنگ کۆنگی خستەمەترسییەوە، تەنیا کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی ١٥٦ ساڵەی بەریتانیا و گەڕانەوەی دووبارەی دەسەڵاتی کۆمارە خەڵکی چین بۆ ئەو بەندەرەبوو بەرێگری توانەوەی زمانی چینی لە هۆنگ کۆنگ. (٣)

هەرنەتەوەیەک زمان و ئەدەبی نەتەوایەتی خۆی بپارێزێ، بە نەتەوەیەکی زیندوو دەژمێردرێ. نەتەوەی زیندوش ئەگەر ژێردەستەبێ و ئازادیش نەبێ، لە مەترسی لەناوچوون بە دوورە.(٥) بو نەتەوەیەکی وەک کورد، پاراستنی زمان، پاکسازی زمانی نەتەوەیی، کۆکردنەوەی زاراوەو دە ستەواژە و فێرکردنی زمانی کوردی، تەنیا ئامرازی زیندوو راگرتنی نەتەوەی کوردە، نابێ لەبیر بکەرێ نەتەوەیکی زیندوو تەنیا بە زمانی نەتەوەیی بە زیندویی دەمێنێتەوە. (١٢)

سەبارەت بە هۆی پەیدا بوونی زارو سەرهەڵدانی زمانی نەتەوەیی دەتوانین روونیکەینەوە کە زار بریتییە لە شێوەی جیاوازی قسەکردن، لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر، لە سەرەتاوە بە جیاوازی دەربڕین و گۆکردنی دەنگەکان و وشەکان دەست پێدەکات و لەگەڵ بڵاوبوونەوە و فراوانبوونی سنووری بەکار هێنانی زمانەکە، گەشە دەستێنێت و لەناوچەیەکەو بۆ ناوچەیەکی تر، جیاوازی دەبرینی.(٥) ئەمجا بەربڵاوی و فراوانبوونی ناوچەی زمان، دەبێتە هۆی پەیدابوونی زار، بە لام بەشێوەیەکی ناڕاستەو خۆ رێگا بۆ هۆی تر خۆشدەکات، کەراستەو خۆ دەبنە هۆی پەیدابوونی زار لەناو زماندا کە ئەمانەن:

١- هۆی کۆمەڵایەتی رامیاری.

٢- هۆی کۆمەڵایەتی دەروونی ئەدەبی. (٨)

٣- هۆی جوگرافی کە لە جیاوازی سروشتی ناو وڵاتدا.

٤- هۆی میللی کە لەناو دانیشتوانی ناوچە جیاوازەکاندا دەردەکەوێت.

٥- هۆی لەشی فزیۆلۆجی کە لەناو دانیشتوانی ناوچە جیاوازەکاندا.

٦- تایبەتێتی کەسی و جیاوازی قسەکردن.

٧- هۆی ئابووری دەورێکی گرنگ دەبینێت لە دەوڵەمەندکردنی زمان و گەشەکردنی زاردا. (٨)

پێشتر ئاماژەمان کرد بە ئەوەی کە لە ئەنجامیگۆڕانی قۆناغی مێژوودا زمانەکە پەرە دەسێنێت و زمانەکان لەیەکترەوە بە تایبەتی زمانە نزیکەکان لە یەکتر بە هۆی پەیوەندی خزمایەتی و نزیکایەتی وشە و شێواز و تەنانەت دیاردەی ڕێزمانیش لەیەکترەوە وەردەگرن. ئەم وەرگرتنە نابێتە هۆی ڕوودانی کێشەیەکی مکوم وەکوو ئەوەی یەکێکیان ببیەوێت زاڵ ببێت بە سەر ئەوەیتردا (٣). زمانی کوردی لەڕووی پەرە سەندن و گەشەو گۆڕانەوە، لەمێژووی دوورو درێژیدا بە دەیان وشەی لە زمانە خزم و نزیکەکانییەوە وەرگرتووەو بە هەمان شێوەش وشەی لێ وەرگیراوە. بۆ نموونە لەناو زمانەهاوبەشەکانی کۆمەڵەی زمانی ئاریدا دەیان وشەی فارسی، هیندی، ئوروپایی تێکەڵ بە زمانی کوردی بووە و لەکوردیشەوە وشە چۆتەناو ئەو زمانەوە. بە لام زمانی کوردی لە پەرەسەندن و گەشە و گۆڕانی مێژووی خۆیدا ئەم ئەنجامانەی لێوەرە چاوکراوە:

١- سەربە خۆیی پاراستووە.

٢- دۆخی ڕێزمانی تایبەت بە خۆی هەیەوەکوو نیشانەی کۆ، ناسراوی و نەناسراوی، کاتی بەردەوامی،... هتد.

٣- نەمانی دۆخی ڕەگەزی نێر و مێ لەزمانی نووسیندا (زاری کوردی ناوە ڕاست) یا مانەوەی زۆر بەکەمیبۆ بانگ کردن.

٤- بوونی فۆنیمیتایبەت بە خۆی لە ڕووی دەنگناسییەوە (فۆنۆلۆجی).

لێکۆڵینەوەبۆ بەربڵاوی، فراوانبوون و گەشەبوونی زمانی کوردی زۆر کەم بووە هەروەها کتێبخانەیان ئینترنێت لە بواری لێکۆڵینەوە لەزمانی کوردیدا هەژارە. (٨) لە هەر یەک لەزمانەکانی ئینگلیزی، عەرەبی و فارسی هەزارەها سەرچاوە لەبەردەست دایە، هەر بوارێکی زمانەوانی یان ئاستێکی زمان وەربگرین بە سەدان و هەزاران لێکۆڵینەوەی لە سەر کراوە بەڵام لە زمانی کوردێدا، بە زەحمەت سەرچاوەیەکی ئەکادیمیدەستدەکەوێ، هۆکاری ئەم هەژارییەش ئەبێ لە ئەم خاڵانەی خوارەوە بگەڕێنینەوە.

**یەکەم**؛ هەروا کە ئاماژەم بۆی کرد، لای هەمووان ڕوونە زمانی عەرەبی، فارسی یان ئینگلیزی سەدان ساڵە لێکۆڵینەوەیان لە سەر دەکرێ و تا ئێستایش بەردەوامە، تەنانەت ڕۆژ بەرۆژیش ژمارەی ئەو دەزگایانەی کە لەم زمانانە دەکۆڵنەوە زیاتر دەبێ ئەمەش، وایکردووە کە ببن بە خاوەنی گەنجینەیەکی گەورەی زمانەوانی، بەڵام لە لای کورد ئەم هەوڵە زۆر درەنگ

دەستی پێکرد، لەکۆندا ئەو کوردانەی کە خوێنەوار بوون مەلاکان بوون، ئەوانیش بەرهەمیان هەمووی بۆ سەرف و نەحو و بە لاغەتی عەرەبی بووە، تەنیا دوو کەس نەبێت، کە ئەوانیش (خانی) و (شێخ مارفی نۆدەیی) بوون، دوو فەرهەنگیان داناوە، مەبەست لەم فەرهەنگانەش دیسانەوە شارەزابوون بووە لە زمانی عەرەبی واتا بە پێناو زمانی عەرەبی نووسراون، نەک کوردی، لە ساڵی ١٩٢٨ کتێبێک لەبارەی ڕێزمانی کوردی بەکوردی نووسراوە، ئەویش لە لایەن مامۆستا سەعید سدقی کابان، لە دوای ئەویش مامۆستا تۆفیق وەهبی کتێبێک بەناونیشانی دەستوری زمانی کوردی چاپ دەکات، ئیتر بەرەبەرە لە ساڵێکدا یان چەند ساڵێکدا کتێبێک چاپکراوە کە زۆریان لەبارەی ڕێنووسی کوردیەوەیە. بەبۆچوونی من لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیلەبواری زمانی کوردی سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ کردنەوەی بەشە زمانی کوردی بەتایبەت کردنەوەی بەشی زمانی کوردی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین. ئەم بەشە وەک دەزگایەکی زانستی لە زمانی کوردی کۆڵیوەتەوە هەر چەندە ڕێژەیەکیش لە قوتابیانی کورد لە دەرەوە بەتایبەتیش لەیەکێتی سۆڤیەتی پێشوو لە زمانی کوردی کۆڵیوەتەوە بەڵام لیکۆڵینەوەکانیان بە زمانی کوردی نەبووەو کورد کەمتر سوودی لێ بینیوە، جگە لەمەش کۆڕی زانیاری کوردی ڕۆڵی هەبووە لەم بوارەدا واتە سەرەتای لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیلە زمانی کوردیدا بۆ حەفتاکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە.

**دووەم؛** هۆکاری دووهەمیئەم هەژاریە بۆ کەمیژمارەی لێکۆڵەر و کەمی ژمارەی ئەو دەزگایانە دەگەڕێتەوەکە لە زمانی کوردی دەکۆڵنەوە. بۆ نموونە ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە زمانی ئینگلیزی، عەرەبی یان فارسی دەکۆڵنەوە لە دەیان هەزار کەس تێپەڕ دەکات، تەنانەت هەزاران بەشی زانستی لە زانستگاکانی سەرتاسەری جیهان و دەیان کۆڕی زانیاری و بنکەو ڕێکخراو و یانە... هتد، سەرقاڵن بە لێکۆڵینەوە، بە ڵام ئایا ئەوانەی کەتوانای لێکۆڵینەوەیان هەیە لە زمانی کوردی ژمارەیان چەندە، ڕەنگە ئەگەر بڵێم (چل تا پەنجا) کە سە ئەوا زیادەڕۆیی تێدابێ،

**سێیەم؛** هۆکارێکیتر ئەوەیەکە زمانی ئینگلیزی، عەرەبی یان فارسی جگە لە ئینگلیزەکان، عەرەبەکان یان فارسەکان خۆیان، خەڵکانی تریش لەو زمانانە دەکۆڵنەوە، بە ڵام ئەوانەی کە کورد نین و لەکوردی دەکۆڵنەوە زۆر دەگمەنن (لە ساڵانی پەنجاکاندا مەکنزی (David N. MacKenzie, 1926)، یوسیتی(Fredinand Justi, 1837)، لیرخ (Peter Ivanovich Lerch, 1828) و... هتد، لە زمانی کوردیان کۆڵیوەتەوە، ئەمانەش ژمارە یان لە پەنجەکانی دەست تێپەڕ ناکا)، بۆیە دەبینین کورد لەم بوارەدا جگە لە خۆی کەس یارمەتی نادات، تەنانەت لەم کوردستانەی ئێمەدا، ساڵانە چەندین نامەی ماجستێر و دوکتۆرا لە سەر زمانی ئینگلیزی، عەرەبی یان فارسی دەنووسرێ، کە ئەمانەش لێکۆڵینەوەی زانستین، واتە کورد خۆی خاوەن هیچ سەرچاوەیەک نییە، زمانی ئینگلیزی، عەرەبی یان فارسی هەزاران کە سیان هەیە.

ئەم سێ خاڵەی سەرەوە هۆکاری هەژاری کتێبخانەی کوردی لە بواری زمانەوانیەوە، ئەرکی سەرشانی هەموو کوردەکە کە کاری بۆ بکەن. هەروا کە دەزانن لەم چەرخی زانیارییە دا ئەگەر زۆر خێرا نەڕۆین، ئەوا بە جێ دەمێنن. (٧)

**سەرچاوەکان:**

١- کاکل توفیق، د. قەیس، ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان (روانینێک)، چاپخانەی دەزگای ئاراس، کۆلێژی پەروەردە، سۆران، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٧.

٢- خۆشحاڵی، بێهزاد، فیلۆجیای زوانی کوردی و مێژووی کوردستان، و: مستەفا غەفوور، دەزگای توژێنەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٨.

٣- شوانی، د. رەفیق، زمانی کوردی و شوێنی لە ناو زمانەکانی جیهاندا، دەزگای توژێنەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم - هەولێر ٢٠٠٨.

٤- یەعقووبی، حوسێن، زمان، وەرگێڕان و پەیوەندی کولتوورەکان (نووسین و وەرگێڕان)، وەرگێڕانی: ئیسماعیل زارعی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، کۆلێژی پەروەردە، سۆران، چاپی یەکەم - هەولێر ٢٠٠٧.

٥- شوانی، د. رەفیق، چەند بابەتێکی زمان و رێزمانی کوردی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم- هەولێر، ٢٠٠١

٦- د. محمد احمد ابو الفرج، فقه اللغه، ط ١، بیروت، ١٩٩٦.

٧- د. علی عبدالواحد وافی، ل: ٢٤٨).

٨- د. علی عبدالواحد وافی، ل: ٢٤٨.

٩- کاکەوەیس، حەکیم. (وەرگێڕان "لسان الکرد") زمانی کورد، (نووسینی مەسعود محەممەد)، چاپخانەی حەوادس - هەولێر، ١٩٨٧.

١٠- تراویک، بوکنەر. ب، مێژووی ئەدەبیاتی جیهان، وەرگێڕانی: حەممەکەریم عارف، بەرگی دووەم، دەزگای توژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٨.

١١- خەزنەدار، دوکتۆر مارف، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، بڵاوکراوە ی ئاراس (ژمارە ١٤٣)، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٢.

١٢- یاری، زانکۆ، زمان و وێژەی کوردی، ڕابردوو و کێشە کۆمەڵایەتییەکان، وتار،بەشی دووەم (زمانی کوردی لە ڕابردوودا)، خاکەلێوەی

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاماژە - ڕێکەوتی: ١٧ی مای ٢٠١٧

**بابەتی ساڵی: ٢٠١٨**

## زمان لە نێوان ماف و شوناسدا



سمایل شەڕەفی

ڕۆژی ٢١ی فێوریيە لە لایەن ڕێکخراوی یونێسکۆوە بە «ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی» یان «زمانی زگماکی» دیاری کراوە. ناولێنانی ئەم ڕۆژە بە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی، کە بە مەبەستی بایەخدان بە جۆراوجۆریی زمانی و کلتووریی گەلان لەلایەن یۆنسکۆوە ڕاگەیاندرا، بۆ ساڵی ١٩٩٩ زایینی دەگەڕێتەوە. کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بە هۆی گرینگیی پرسی زمانی دایکی و ئەم بڕیارە بەجێیەی یونێسکۆ، ساڵی ٢٠٠٨ی وەک ساڵی جیهانیی زمانەکان ڕاگەیاند.

***

یەکێک لەو نەتەوانەی کە بە بایخەوە دەڕوانێتە ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی، نەتەوەی کوردە کە وەک گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەتی سەر ئەم گۆی زەوییە، جیا لە بەشیک لە نیشتمانەکەی(هەرێمی باشووری کورستان)، تا ئێستایش نە تەنیا ئێعتراف بە زمانەکەی نەکراوە و ئیزنی خوێندن و نووسینی ڕەسمیی پێ نادرێ، بەڵکوو وەک پرسێکی یاساغ و قەدەغەکراو هەڵسووکەتی لە گەڵ دەکرێ.

لە باکووری کوردستان تا ئێستایش نەتەنیا نووسین بەڵکوو تەنانەت قسەکردن بە زمانی کوردی و ناوهێنانی کوردستان و کوردیش لە شوێنە ڕەسمییەکاندا لە لایەن دەوڵەتی تورکیەوە بە تاوان دادەنرێ و سزای قورسی بۆ دیاری کراوە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشدا لەگەڵ ئەوەیکە لە ئەسڵێکی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی ئێراندا بە ئاشکرا باس لە «کەڵکوەرگرتن لە زمانی مەحەللی و «قەوم»ی لە چاپەمەنی و بڵاوکراوەکان و هەروەها خوێندن و نووسین بەم زمانانە

لە پەنا زمانی رەسمیی ولات» کراوە، بەلام تا ئێستایش کە نزیک بە ٤٠ ساڵ بە سەر تەمەنی ئەم ئەسڵە لە یاسای بنەڕەتیی ڕێژیمدا تێدەپەڕێ، ئیزنی خوێندن و نووسین بە زمانی نەتەوەکانی ئێران و یەک لەوان بە کورد نەدراوە.

دژایەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە گەڵ بە ڕەسمی ناسینی زمانی کوردی و ئیزن نەدان بە خوێندن و نوسینی ئەم زمانە لە ناوەندە ڕەسمییەکانی فێرکاریی وەک قوتابخانەکان و دواتر زانکۆکاندا، ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە سیاسەتی دژیگەلییانەی ئەم ڕێژیمە بەرانبەر بە نەتەوەی کورد و بزووتنەوە مافخوازانەکەیەوە هەیە. دەسەڵاتی سیاسیی لە تاران کە بەشێک لەماهییەتی وجوودی و ڕوانینی بۆ پرسی نەتەوەکان پێوەندی بە ڕوانینی مەزنیخوازیی نەتەوەی باڵادەستەوە هەیە، لە سۆنگەی ڕوانینی بۆ ئاسیمیلاسیۆنی فەرهەنگی و کلتووریی نەتەوەکانی جیا لە خۆی - هەم وەک نەتەوەی باڵادەست و هەم وەک نیزام و دەسەڵاتی سیاسی - تا ئێستا هەوڵی داوە پێش بە گەشە و نەشەی زمانی کوردی لەم چوارچێوە جوغرافیایەدا بگرێ کە «ئێرانی پارسی» پێ دەگوترێ.

بۆ ئەوەی پێش بە نەتەنیا بەڕەسمی ناسین و ئیزننەدان بە خوێندن و نووسین بەم زمانە بگرن، تەنانەت لە زۆر ڕێگاوە نزیک بە چوار دەیەیە ئەم دەسەڵاتە دژی گەلییە، سیستماتیک هەوڵی شێواندن و لە کۆتاییدا خاپووورکردنی زمانی کوردی دەدا. هەر لە هاندانی کۆمەڵێک پێنووس ڕزیوی زڕەکوردەوە بگرە کە مەجالیان بۆ کردبوونەوە تا بە نووسینی کۆمەڵێک هەڵیت و پڵیت بسەلمێنن کە «گویش کردی» بەشێکە لە زمانی فارسی، تا وەڕێخستنی ئەو کاناڵە ئوستانیانەی کە لە سەرەتاوە زۆریان هەوڵ دا هەر ئەم پەیامە بگەیەنن! کە هەموو ئەم هەوڵانە نەزۆک مانەوە.

لە پەنا هەموو ئەم هەوڵانەی دەسەڵات بۆ سڕینەوەی زمانی کورد، هیمەتگەلێکی ئازایانەی دەرووەست لە ناخی کۆمەڵگەی کوردستانەوە سەریان هەڵدا و بەگژ ئەم سیاسەتەدا چوونەوە کە توانیان دوای بڕینی قۆناغگەلێکی سەخت و دژوار و پڕ لە کۆسپ و تەگەرەی خۆی و نێوخۆیی، لە کۆتاییدا زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕەسەنایەتیی خۆی نەتەنیا بیپارێزن، بەڵکوو گەشەی پێ بدەن.

چالاکانی فەرهەنگی، نووسەران، شاعیران و ئەدیبان و مامۆستایانی خاوەن هەڵوێست و دەرەوەستی ئەم نیشمانە، بە پێشەنگایەتیی مامۆستا هێمن و بە دەرکردنی گۆڤاری سروە، دواتر بە دامەزرانی ئەنجوومەنە ئەدەبییەکان لە زۆربەی شار و ناوچەکانی کوردستان، کۆبوونەوەی بەردەوامی شاعیران و ئەدیبان لە دەوری یەکتر، بڵاوکردنەوەی ساڵانە بە دەیان کتێب بە زمانی کوردی، بەڕێوەبردنی دەیان کۆڕ و فستیڤاڵ و کارنەڤاڵی کولتووری و لەم ساڵانەی دواییدا بە پێکهێنان و بەڕێوەبردنی سەدان فێرگە و ناوەندی فێرکاریی زمان و چاپکردنی کتێبی دەرسیی تایبەت بە فێربوونی خوێندن و نووسینی


زمانی کوردی، توانیان نەتەنیا سیاسەت و هەوڵە دژیگەلییەکانی دەسەڵاتی ناوەندگەرای تاران پووچەڵ بکەنەوە، بەڵکوو بە دەیان هەزار کەس لە کوڕان و کچانی ئەم نیشمانە فێری زمانی دایکیی خۆیان بکەن.

هاوکات لە گەڵ ئەم هەوڵە بەردەوامانەدا بەتایبەت لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا زۆرێک لە چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە وەرێخستنی کەمپەین و کۆکردنەوەی ئیمزا و نووسینی نامە ڕوو بە ئۆرگانە پێوەندیدارەکانی وەک پارلمانی ئێران، دەوڵەت و وەزارەتی پەروەردە و زانست، داوایان کردوە کە لە سەر بنەمای خودی یاسای بنەڕەتی و ئەسڵی ١٥، لە قوتابخانەکان ئیزنی خوێندن و نووسینی زمانی کوردی بدرێ کە دیارە تا ئێستا هیچ وڵامێکی ئەرێنیی پێ نەدراوەتەوە.

هەر وەک لە زۆربەی مەنشووره جیهانییەکاندا ئاماژەی پێ دراوە، نەتەوەی کوردیش وەک باقی نەتەوەکانی دیکە کە خاوەنی زمانی جیاواز و تایبەتی خۆیەتی، مافی ئەوەی هەیە کە زمانەکەی بە ڕەسمی دانی پێدا بندرێ، کەوابوو هەر وەک تا ئێستا چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکانی سیاسی، ئەدەبی و فەرهەنگی، لێبڕاوانە هەوڵیان داوە کە ناوەندەکانی پێوەندیداری ڕێژیم لەم پرسە ئاگادار بکەنەوە و داوایان لێ کردوون کە ئاوڕ لەم پرسە گرینگە بدەنەوە، جێی خۆیەتی ئەم پرسە ببێتە خەمی گشت تاکەکانی کۆمەڵگە و، سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە کردوە لە پشت ئەم داوا و مافە ڕەوایەی خۆیانەوە بن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی فێبریوێری ٢٠١٨

---




**٢١ی فێڤرییەی هەموو ساڵێک ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماک یان زمانی دایکی یە و بە بایەخەوە چاو لەو ڕۆژە دەکرێ.**

**جەمال نەجاری**: **گرنگی و بایەخی زمانی دایکی لە چ دایە و ئێمە وەک نەتەوەی کورد دەبێ چ بکەین بۆ ئەوەی لە ژێر هەژمونی داگیرکەرانی کوردستاندا پەرە بە زمانی دایکیمان بدەین، ئەو تایبەتمەندییانە چین کە لە زمانی کوردیدا هەیە و دەبێ کاریان لەسەر بکرێ بۆ ئەوەی وەک زمانێکی زیندوو لە گشت بوارەکانی هزر و بیرکردنەوەدا کاری پێ بکرێ؟**

**بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە، ڕای کۆمەڵێک نووسەر و مامۆستای شارەزا لە زمانی کوردیم وەرگرتووە.**

**ئامادەکردنی**: **جەمال نەجاری**



**ڕەشید کرمانج، مامۆستای زانکۆ**

**وەڵام**: **"زمانی زگماک بناغەی هزر و بیر وشوناسی مرۆڤە. مرۆڤ بێ زمانی زگماک شوناسی نییە. مرۆڤی بێ شوناس تووشی قەیران و بۆشایی دەبێت. جگە لە شوناس هزری مرۆڤ پەیوەندی ڕاستەوخۆی لە گەڵ زمانی زگماک هەیە. ئەو**

مرۆڤەی زمانی زگماکی خۆی چاک فێر دەبێت و چاکی بەکاردێنێت هزر وبیری بەرفرەوانتر دبێت. متمانە و پەرمون و باوەڕبەخۆبوون بە مرۆڤ دەبەخشێت. کەسایەتی بەرز دەدا بە خاوەنی. زمانی زگماک هەر وەک ئالفۆنس دودە دەڵێ: کلیلی بەندیخانەیە و تا کاتێ بیپارێزین وەک ئەوە وایە کلیلی بەندیخانەی خۆمان پێ بێت و خۆمانی پێ ڕزگار دەکەین.

ئێمەی کورد بۆ پاراستنی زمانی زگماک دەبێ لە ماڵی خۆمانەوە تێکۆشانەکان دەست پێبکەین. ئێستا کە بواری خوێندن بە زمانی خۆمان لە سەرەتاییەوە نییە دەبێ خۆمان فێر بین و منداڵمان فێر بکەین و لە ماڵێ زمانی پاڕاو بەکاربێنین. ڕێکخراوە ناحوکمییەکانیش دەتوانن دەورێکی باش بگێڕن و خەڵک فێر کەن. لەم هەل ومەرجەدا دانانی زمانی کوردی لە لایەن ڕەژێمەوە زیاتر بە پیلان بۆ تێکدانی زیاتری زمان دەزانم تا پلان بۆ پاراستنی، جا بۆیە پێم وایە لەم بارودۆخەدا تەنیا خودی خەڵک و ڕێکخراوە ناحوکمییەکان دەتوانن زمان بپارێزن. ئەم ئەرکە زیاتر دەکەوێتە سەر شانی دایکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. دایکان خۆیان بە باشی زمانی کوردی فێر بن و بە باشی فێری منداڵانی بکەن و پێیان شوورەیی نەبێ بە زمانی خۆیان قسە بکەن و خۆیان بە کەم نەزانن چونکێ گەورەترین هۆی بە زمانی بێگانە قسەکردن خۆ بە کەم زانینە. زمانی کوردی بە کەڵک وەرگرتن لە زاراوە جۆراوجۆرەکانی دەتوانێ خۆی لە هەمبەر هێرش و هەژموونی زمانی بێگانە ڕاگرێ. ئێمە دەبێ زاراوە جیاوازەکان وەک دەرفەت چاو لێ بکەین و بۆ هاوتاسازی لە هەمبەر وشەی بێگانە کەڵکیان لێ وەرگرین. ڕێساکانی وشەسازی کوردی ئەگەر بە تێر وتەسەلی کاری لە سەر بکرێ ژێرخانی وشەی کوردی زۆر لە ئێستا دەوڵەمەندتر دەکا و لانی کەم بۆ زانستە مرۆڤییەکان کێشە و کەمایەتیمان نابێ و زۆر بە جوانی دەتوانین بیر وهزری خۆمانی پێ ڕاگۆزین و بیری پێشکەوتووی بێگانەی پێ بێنینە ناو زمانی خۆمان و هزر وبیرمان دەوڵەمەندتر بکەین. لەم ڕاگوێستنەوەدا زمانیش زیاتر کاری پێدەکرێ و زیاتر گەشە دەکا. زۆر تایبەتمەندی زمانی کوردی چون کاری پێنەکراوە قەتیس و بەرتەسک ماوە. دەبێ ئەو تایبەتمەندییانە پەرەیان پێبدرێ و لەکار بگیرێن تا هێزی زمان زیاتر بکەن."

--------------------------------------------------



**جەلیل ئازادیخواز؛ نووسەر**

**پێمخۆشە بەم ڕستەی هایدگر بچمە باسەکەوە کە دەڵێ:**

**"زمان یانەی بوونە"**

فاکتەرێکی بەڵگە نەویستی بوون و جیهان زمانە. ئەم ڕستەی یەکێ لە فەیلەسوفانی فەلسەفەی مۆدێرن بەرجەستەکەرەوەی زەرورەت و حەتمیەتی زمانە، لە خولقان و پێکهێنانی شارستانیەت و بوون و دەرکەوتن و بەرجەستەبوونەوەی مرۆڤ و ژیاندا. ڕەنگە ڕەوابێت بڵێین; زمان یەکەم بەستێنە، کە مرۆڤ هەست بە ئازادی و ئافراندن و دەربڕین و وانوێنەوەی خۆی دەکات، بە وجۆرەی کەخۆی حەزدەکات. یا مرۆڤ لە زماندا بە مانا ئابستراکەکەی دەگاتە ئازادی و سەربەخۆی.

زمان تەنیا ئامڕازی پەیوەندی و گواستنەوە و لێک تێگەشتن و خەملانی ئەم ڕەوتە و ئافراندنی نییە. کاتێ زمان دەیەوێت خۆی و نەتەوە مووتوربە بکات، لە ئامڕاز بوون دەردەچێت و دەبێتە مەبەست. ئەو زمانانەی کە دەخوازن نەتەوە پێناسە و بەرجەستەکەنەوە و تایبەتمەندی دیاری خۆی پێببەخشن، واتە بوونی نەتەوە ومرۆڤ زامن بکەن، زۆرتر مەبەستن، تا هۆکارێک بۆ گەیاندن و گواستنەوە.

لەڕاستیدا زوان، بەشێوەکی قوڵ تیکچنراویەکی بنەمایی و هزریی و کۆمەڵایەتی هەیە، لەگەڵ کۆی ئەو باوەڕو بەهاو ناسنامەیەی، کە جەماوەری گەل فام و هەستی دەکات. بۆیە زوان لە ڕەخسانی دەرفەتی تێفکرین و هزرین و قوڵبوونەوە بۆ ئاستەکانی ئافراندن ڕۆڵی کاریگەری هەیە. زمان لە بیچمگیری و ڕواڵەت بەخشی و پێکهێنانی کەسایەتی تاک و ناسنامەی کۆمەڵایەتی و کۆی کولتووری گشتیدا، ڕۆڵی هەرەگرنگ دەبینێ و دەتوانین بڵێین: خولقێنەرو ئافرێنەری ئەم ڕەوتەیە. گرنگترین ئامڕازی پەیوەندی کولتووری و ڕەوایەتی مێژوو و هێڵانەوەی یادەوەری بەکۆمەڵ و ناسنامەی جەماوەر و گەلانە. لە زۆر چرکەساتی مێژووی دا لە زەمەنی ژیانی کۆمەڵایەتی گەلاندا، تەنیا زمان هۆکاری مانەوە و بوونیان بووەو هەیە.

زمانی کوردی سەرەڕای هەبوونی هەمووتایبەتمەندیە باسکراوەکان، لە مێژووی کۆن و نوێ دا فاکتەرێکی سەرەکی ڕاگرتنی کورد بووە وەک نەتەوە. سەرەڕای ئەمەش زیاتر لە سیاسەت و ئابووری توانیویەتی خزمەتی یەکێتی لێکترازێنراوی نەتەوەیمان بکات. لە ترازانی زۆرتر و سڕینەوەی کولتووری هاوبەش و سۆزی نەتەوەیی و سۆزداریی نیشتمانیمان بەرگری بگات. لە ڕاستیدا لە سەدساڵەی دوایدا، زمانی کوردی سیمای مەزن و بەرجەستەی کورد بووە، وەک نەتەوە .لە غیابی دەوڵەت و دەسەڵات دا ئەوە زمان بووە، کەئەرکی هێڵانەوەی نەتەوەی بەئەستۆ بووە. فۆرمەکانی زمانی کوردی لە ئەدەب و فۆلکلۆردا و کۆی ژانەرەکانی شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و پەخشان و فۆرمەکانی ترەوە، بە کلاسیک و نوێ وە هەڵگری تایبەتمەندیەکانی کورد بوون. زمان و نیشتمان و سرووشتی مرۆڤی کورد و سرووشتی نیشتمانە کەشیەتی.

فۆلکلۆری کوردی ڕەوایەتی بوون و ئافراندنی ڕۆژانەی نەتەوەیەکە، کە تەنیا لە توانایەکانی ئەم زمانەدایە، کە ئەگەری بوون مانەوەو ئافراندنی ڕۆژانەیان زامن دەکرێت.

گرنگی زمانی دایک تەنیا هەوڵی ئاسانکردنی پەیوەندی ئاخێوەرانی زمانێک نییە. بەڵکو حورمەتە بە نەریتی ئازادی و فرەچەشنی کولتووری و تێفکرین و بەرگری لەسەرەڕۆی و سڕینەوە. سڕینەوەی زمان سڕینەوەی مرۆڤ و ناشیرینکردنی جیهان ژینی مرۆڤە مرۆڤی کورد لە هەرکوێی ئەم ئەم جیهانەدا بێت، ئەرکێکی ئەخلاقیی و مرۆیی و نەتەوەیی لەسەرشانە، کە پاراستن و فێربوون و گەشەی زمانی کوردیە. زمانی کوردی زمانێکی فراوان ئینسانی و ئاشتی خوازانەو سرووشت پارێزە. ڕاستە ئاست و جۆرەکانی زمان لەگەڵ ئاست و ڕەوتەکانی زەمەن وژین و وشیاریدا دەگۆڕێن و ڕەنگدانەوەی ئەو واویعەن. بەڵام واقعی بە ئەختیاری زمان لە بەرەبەیانی بوونەوە ماکە هەناویەکانی خۆی دەگرێت.

فۆلکلۆری کوردیی و باوەڕە کۆنەکانی و فۆرمەکانی گێڕانەوەو لاوانەوەو ناساندنی زمانی کوردی، هەموو بەرجەستەکەرەوەی ئەم تایبەتمەندیانەن.

نەمانی هەر زمانێ نەمانێ کولتوورێک و بە مێژووسپاردنی گەلێک و ژاکانی فرەڕەنگی جیهانە، بۆ یەک ڕەنگی و بێزاری و ملهوڕی.

مرۆڤ لە زماندا دەخولقێت و دەخولقێنێ. مامەڵە لەگەڵ سەربەستی دەکات و سەربەستە. زیندانی کردن و سەپانی پەراوێز نشینی هەر زمانێ سەندنەوەی خولقان و سەربەستی و بوونی ئازادا لە ئاخێوەرانی ئەو زمانە."



**هێمن عومەر خۆشناو: مامۆستای زانکۆ**

"من بە کورتی ئەوەندە دەڵێم، خۆزگە کوردستان چل پارچە بوایە بەڵام یەک زمانی یەکگرتووی هەبوایە، تازە کار لە کار ترازاوە و ئەستەمە ئەمە دروست بێت، پیاو نازانێ بە کام ڕێنووسی لاتینی بنووسێ (هی جەلادەت یان ئەوانی تر؟) بە ڕێنووسی ئارامی - عەرەبی بنووسێ کە لە باشوور سەد ساڵە بۆتە ڕەسمی، یان بە هی مەدرەسە کۆنەکان کە ئێستا لە باکوور کتێبی پێ چاپ دەکرێت؟ بە کرمانجی بنووسێ یان بە سۆرانی یان بە زازاکی (کە ئێستا زازاکی تێزی ماستەر و دکتۆرای پێ دەنووسرێ)، بە کرمانجی بادینان بنووسێ (کە لە ناوەڕاست ماون نە لەگەڵ سۆرانی خۆیان دەگونجێنن و نە لەگەڵ کرمانجی باکوور) یان بەو کرمانجییە لاتینییەی کە سەدان کتێبی پێ نووسراوە؟ لەوەش گەڕێ دەنگی بەرزکردنەوەی لەهجەی هەورامی و زازاکیش هەیە وەک زمانی جیاواز لە کوردی، ئیدی خوا ئاسانی بکات بەڵایەکی هێندە گەورەیە هەر نەبێتەوە. ئاخر کام نەتەوەی سەر زەوی هەیە رۆمانێکی بیانی بۆ چوار لەهجەی زمانەکەی وەربگێڕێت؟ ڕۆمانی بیانی هەیە، کورد هاتووە وێڕای ئەوەی هەر بە سۆرانی دوو سێ وەرگێڕ وەریانگەڕاندووەتە سەر کوردی، بە کرمانجی (بادینی و پیتی عەرەبی) و کرمانجی لاتینی و زازاکی وەرگێڕدراوە، واتە چوار پێنج جار وزەی کوردی بۆ یەک کتێب بە خەسار داوە و کورد دەبێت هەر لە چوارچێوەی خۆیدا بخولێتەوە. بۆیە ئەوە خەمێکی گەورەیە و نابێ هەر لە چوارچێوەی شێوەئاخاوتنی خۆمان بخولێینەوە و ئەز بۆیە ناچاربوومە ئەو کتێبانەی بە کرمانجی کاریان تێدادەکەم لە یەک کتێبدا بە هەر دوو ڕێنووسی لاتینی و ئارامی چاپیان بکەم، کە ئەوەش بەڵایەکی گەورەیە بەڵام چارمان ناچارە. لەبەرهەندێ وەڵامی پرسیارەکەتان هەرگیز بە چاوی خۆمان نابینین بەداخەوە!"



شەریف فەلاح: نووسەر

"زمان، گەوهەر و ناسنامەی بوون و شادەماری ڕۆحی نەتەوەیە، کەواتە ئەو نەتەوەیە زیندووە کە ئەم شادەمارە بپارێزێت، چونکە لەڕێی ئەم شادەمارەوە خوێنی نیشتماندۆستی، هەستی نەتەوەیی دەگاتە هەموو دەمارەکانی دیکەی تاک بە تاکی کۆمەڵ. زمانی دایکی هەڵگری چەند تایبەتمەندییەکە لەبەر ئەوەی زمانی ئاخاوتن، فەرهەنگی خۆماڵی و زمانێکە مرۆڤ پێی گۆ کراوە و فرچی گرتووە، دەبێتە سەرچاوەی هزر، دنیابینی و خەیاڵی مرۆڤ و لە هەموو کایەکانی ژینی تاک و کۆمەڵگەدا ڕەنگ دەداتەوە. ئەو تاکەی کە لە داوێنی ماڵباتێکدا گەورە بێت و بە فەرهەنگی ڕەسەن و ئەدەبی زارەکی خاراو ببێت و زۆربەی قۆناغەکانی خوێندن بە زمانی زکماکی بخوێنێت، ئیدی بیر و خەیاڵدان و کەسێتی و بیرکردنەوەی لەسەر قەوارەی نەتەوەی خۆی فۆرم دەگرێت، ئەم مرۆڤە گەر بە قووڵی بچێتە هەناوی پاشخانی ئەدەب و زمانی نەتەوەکەیەوە، گومانی تێدا نییە لە داهاتوودا گەر چەند زمان و فەرهەنگی دیکەی جیا لە زمانی خۆی فێر بێت، هیچکامیان ناتوانن کاریگەریی نەرێنیی لەسەر دابنێن.

کاریگەرترین ڕێگەی پەرەدان بە زمانی دایکی و ڕێگری لە ئاسیمیلاسیۆنی فەرهەنگی و لەخشتەبردنی زمانی کوردی کە پیلانی داگیرکەرانی نیشتمانە، تەنیا و تەنیا پەروەردە و بارهێنانی منداڵان و نەوەی وشیاری ئەمڕۆیە بە زمانی شیرینی دایک و پەردانە بە پاشخان و فەرهەنگی نەتەوەیی.

زمانی کوردی کە بە یەکێک لە توخمە سەرەکی و شادەمارەکانی نەتەوەییمان دێتە ئەژمار، خاوەنی توخم و بەهایەکی پتەوی بەرەنگارییە، هەڵگری ئیقاع و ڕیتمی مۆسیقایی و پڕ لە ژیانە، زاڵبوونی توخمی سروشت و ناتۆراڵیزم، شیعری بوونی شێوەزارەکانی و پتر لە گشت دەوڵەمەندیی ئەدەبی زارەکی کە خەڵکی ئاسایی و ڕەشۆکی و نادیار داهێنەریەتی،

توانیویانه ئەم کۆڵەکه گرنگه بۆ میللەتی کورد بپارێزن و ببێته شادەماری ڕۆحی هەرمانی نەتەوه و به هیچ پیلان و زەبرێک نەتوێتەوه. ئێستا که سەردەم گۆڕاوه و شەپۆلی بەجیهانیبوونی دنیای تەنیوه و سەردەمی تێکەڵاویی فەرهەنگەکانه، دەبێ به هزر و ئەقڵ و ئامرازی سەردەمیانه و به زانستی ئەمڕۆیی ئەویش به زمانی خۆت ڕووبەڕووی پیلانی داگیرکەران و خەونی گڵاوی دوژمنان ببینەوه. بەڕای من پەرەدان به هێڵی ناسیۆنالیزمی زمانی و پەروەردەکردنی نەوەیەک که به ئەقڵی خۆماڵیی کوردیی بەدوور له دەمارگرژی گۆچ بکرێت، هاوکات به چەکی زانستی سەردەم تەیار بێت، دەکارێ ببێته پارێزەرێکی قایمی زمانی دایکی ک ناسنامەی بوونمانه."



**تەوار تورابی**: **شاعیر و مامۆستای قوتابخانه**

فێر بوون و خوێندن به زمانی دایکی مافێکی سەرەتایی هەر مرۆڤێکه. ئینسانەکان نەک تەنیا به پێی جارنامەکانی مافی مرۆڤ بەڵکوو له جیهان و تێگەیشتنی مۆدێرن و ئەوڕۆیی دا یەکێک له سەرەتاییترین مافەکانیان ئەوەیه که بتوانن زمانی دایکیان فێر بن و به زمانی دایکی فێر بن. زمان بێ شک گرنگترین کەرەسەی پێوەندی گرتنه. له هەمان کات دا زمان کەرەسەیەکه بۆ تێگەیشتن و فێر بوون. زمانی یەکەمی هەر مرۆڤێک زمانی دایکیه. فێر بوون و خوێندن به زمانی دایکی ڕێگەی سەرەکییه بۆ فێر بوونی زمانی زیاتر و هەروەها فێر بوونی زانست. له وڵاته پێشکەوتووەکانی جیهان دا زمانی دایکی گرنگییەکی زۆری پێ دەدرێ لەبەر ئەوه که زمانی دایکی دەرگای فێر بوونی پیوەندی گرتن و فێربوونی زمانەکانی دیکەشه. بێ شک ئەگەر زمانی دایکی فێری منداڵ بکرێ دەبێته هۆی ئەوەی که ئەو منداڵه بتوانێ ئاسانتر زمانەکانی دیکەش فێر ببێ. ئەوه بۆ وڵاتانێکی که چەند زمانەن زۆر به کار دێ. له وڵاتێکی وەکوو سوئێد پێنج زمانی ڕەسمی هەیه و که جیا له سوئێدی زمانەکانی دیکه زمانی کەمینەگەلێکی چەندین هەزار کەسی یا یا چەند سەد هەزار کەسین. هەروەها

چەندین زمانی دیکەش نارەسمین. بەڵام بۆ هەمو زمانەکان مافی ئەوەیان هەیە کە پێیان بخوێندرێ و پەرەیان پێ بدرێ. لە سۆئێد دا ئەگەر هەر شارەی "کۆمونێک" سێ منداڵ یان زیاتری هاوزمانی تێدابێ مافی ئەوەیان هەیە مامۆستای زمان دایکیان هەبێ و هاوکات لە گەڵ زمانی سۆئێدی زمانی دایکیشیان فێر بن. ئەوە نەک تەنیا وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر زمانی سۆئێدی سەیر ناکرێ، بەڵکوو بە هۆکاریی پێشەکەوتنی زمان، کولتوور و کۆمەڵگای سۆئێدی دەژمێردرێ.

ئەوەی کە لە وڵاتانی جیهانی سێهەم و بە تایبەتی لە وڵاتانی داگیرکەری کوردستان زمان وەک هەڕەشەیەک دەبینرێ، دیدێکی فاشیستیانە و بەرچاوتەنگانە و تەواو ئەمنیانەیە. واتە هەوڵەکە بۆ سڕینەوەی لایەنی بەرابەرە لە هەموو بوارێک و ریشەوییترین سڕینەوەی هەر نەتەوەیەکیش ئەوەیە زمانەکەی لێ قەدەغە بکەی و نەهێڵی پەرە بەزمانەکەیان بدەن. لەڕاستی دا ئەگەر ئەو دیدە فاشیستی و بەچاوتەنگانەیە نەبوایە زمانی کوردی لەگەڵ زمانەکانی نەتەوەکانی دیکە لەو وڵاتانە دا دەبووە کەرەسەیەک بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان لە هەموو بوارەکان دا.

ئەو روانینە فاشیستیانەیە لە وڵاتانی داگیرکەری کوردستان هەوڵ دەدا کە زمانی دایکی لە پێش چاوی خەڵکی کورد بخا. ئەگەر من باس لە کوردستانی ژێر دەستی ئێران بکەم، بەو پێیە کە خۆم لەوێ گەورە بووم و زانیاری زۆرترم لەسەر ئەوێ هەیە، دەبێ بڵێم کە ڕوانینی فاشیستی لە پێش هەموو شتێک دا هەوڵی کەم بایەخکردن و ناشیرین کردنی زمانی کوردی لە پێش چاوی خودی خەڵکی کورد دەدا. چون وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێ کرد، ریشەییترین هەوڵ بۆ سڕینەوەی نەتەوەیەک کەم بایەخکردنی زمان و کولتوری ئەو نەتەوەیە. بۆیە پێویستە لە پێش هەموو شتێک دا بۆ بەرەنگاربوونەوە لە پەرەپێدان بە کەمبایەخکردنی زمان و کولتوری کوردی خەڵکەکەمان بە تایبەتیی خەڵکی جەوان و تازەپێگەیشتوومان زیات ئاگادار بکەینەوە لەوەی کە هیچ زمانێک لە دونیا دا کەم بایەخ نیە و زمانی کوردیش یەکێک لەو زمانانەیە کە بە تایبەتی لە چاو زمانی خەڵکانی دەوروبەرمان نەک تەنیا کەم و کوڕ نیە، بەڵکوو توانستی لە بواری زانستی جوانیناسی زمانییەوە ئەگەر لەوان زیاتر نەبێ، کەمتریش نیە.

نموونەیەکی زیندوو ئەوەیە کە دەبێ لاوەکانمان ئەوە بزانن بەکارهێنان و جێگرتنەوەی هێندێک وشە و چەمکی زمانی فارسی بە جێگای زمانی کوردی، نەک تەنیا هونەر نیە، بەڵکوو جۆرێکە لە خۆدۆڕاندن و خۆبەکەم زانین.

واتە پێویستە ئەو ئیرادەیە بۆ خەڵکی کورد بگەڕێتەوە کە زمانەکەی خۆی پێ کەمتر نەبێ لە زمانی ئەو نەتەوانەی کە کوردستانیان داگیر کردووە.

با ئەوەش لە کەوانەیەک دا باس بکەم کە ئەو گەڕاندنەوەی ڕێزە بۆ زمانی کوردی بە بێ ڕێزی کردن بە زمانەکانی دیکە نابێ. واتە نابێ من بڵێم چون من کوردم بۆوەی کە ڕێزی زمانەکەم بگرم دەبێ بێ ڕیزی بە زمانی فارسی بکەم. بەڵکوو باشترین ڕێگە بە لای منەوە ئەوەیە کە لە پێش دا زمانی دایکیمان فێر بین و پەرە پێ بدەین، دواتر زمانی خەڵکانی دیکە فێر بین. هەرچەندی زمانی دیکە جیا لە زمانی دایکیمان بزانین، نەتەوەکەمان و کولتوورەکەمان دەوڵەمەندتر و پێشکەوتووتر دەبێ.

من خۆم پێشتر لە کوردستان مامۆستا بووم. مامۆستای منداڵانی یەک تا پێنجی سەرەتایی. بۆیە لێرە دا پێموایە ڕۆڵی مامۆستایەک کە هەست بە بەرپرسیارێتی لەبەرابەر نەتەوەکەی دا بکا زۆر گرنگە. زۆر گرنگە کە گرینگی بەو هەڕەشانە نەدرێ کە لە چوارچێوەی "بخش نامە" دا بەردەوام لە نێوان مامۆستایان دا بڵاودەکرێتەوە کە دەبێ تەنانەت شی کردنەوەکانیش بە زمانی فارسی بێ. زۆرگرنگە کە مامۆستایان ئەگەرچی بە زۆر و بە بێ دڵخواز ناچارن کتێبی فارسی بە منداڵەکان بڵێنەوە، بەڵام هەوڵ بدەن هەر نەبێ شیکردنەوەکان بە زمانی دایکی بێ، بۆوەی کە منداڵەکان زیاتر و باشترتێبگەن و هەروەها بایەخی زمانی دایکیشیان زیاتر بۆ روون بێتەوە.



خەبات ڕەسووڵی: چیرۆکنووس

"بە کورتی زمانی دایک، یانی ئەو زمانەی دایک و بابت قسەی پێدەکات.کەوایە پێناسە و شوناسی سەرەکی تاکە بۆ ناسینەوە و پێوەری جیاکەرەوەی گەلە جیاوازەکانە لە یەکتر. تا ئێرە هەموومان ئەو قسانە دەزانین و دەشزانین هەر زمانێک پشتیوانی مادی و مەعنەوی نەبێ لە ناو دەچێ.ئەوەش دەزانین کە سەرچاوەی گرینگی ئەم پشتیوانییە دەوڵەتە -

دەوڵەت دەتوانێ بە دامەزراندنی ڕاگەیاندنی بەهێز و کردنەوەی قوتابخانە و پشتیوانی هەمە لایەنە لە زمانێک ،ئەو زمانە پەرە پێ بدات.

ئەگەر بە پێی قسەکانی سەرەوە هەڵسەنگاندێک بۆ دۆخی زمانی کوردی بکەین بە سانایی بۆمان روون دەبێتەوە کە زمانی کوردی لە تەنگژەیەکی مەترسیداردا پەلەقاژەیەتی.ئەمە بەمانای نکووڵی کردن لە هەوڵەکانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان نییە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە تا ڕادەیەکی باش ئاگاداری ئەو هەوڵانە هەم کە لە ئارادان، بەڵام ئەم هەوڵانە لە بەرانبەر هێرشی چڕی زمانەکانی دیکە و خێرایی توانەوەی تاکەکانمان لە زمانەکانی دیکەدا زۆر کەمن و لە درێژخایەندا زەرەرمەندی سەرەکی دەبین. بۆ خۆم عادەتم نییە بە قسەی زریقەوبریقەدار و خەڵک هەڵخەڵەتاندن باسەکە بەرمە پێشێ.ی ڕوا بکەن زمانی کوردی هیچ تایبەتمەندییەکی سەیروسەمەرەی نییە کە بڵێین ئەو زمانە هەر لە خۆڕا دەتوانێ خۆی بپارێزێ، ئێستا تەنانەت لە کوێرە دێیەکانی کوردستانیش زمانی کوردی کەوتووەتە ژێر هەڕەشە .جیا لەوەیکە رۆژانە بە دەیان تاکی کورد دەبینین کە لە کاتی قسە کردندا، یان بەشێک لە قسەکانیان کوردی نییە،یان تەواو تواونەتەوە و بە زمانێکی دیکە قسە دەکەن. بە میلیۆنان کوردمان هەیە ناتوانن رستەیەکی کوردی بە رێکوپێکی بنووسن و هیچ لەو بارەیەوەش تووشی نیگەرانی نابن. حیزب و رێکخراوی زۆر گەورەمان هەیە کە نەک پرسی زمانیان بۆ گرینگ نییە، بەڵکوو بە شانازییەوە باس لە وەلانانی ئەم پرسە دەکەن. کەوایە خۆشبینی سەبارەت بە گەشەی زمانی کوردی زۆرتر خەڵک گەوجاندنە.

مامۆستاکانی زمانی کوردی و نووسەر و شاعیر و هونەرمەندەکانی کورد کە لە راستیدا سەربازەکانی زمانن لەئەوپەڕی پەرتەوازەیی و بێ نازیدا دەژین و کەم وایە بە جدی ئاوڕیان لێ بدرێتەوە. لەو جێگایانەی کە زمانی کوردی لە قوتابخانە دەگوترێنەوە، زمانی کوردی یەکێکە لە هەرە وانە خراپەکان و کەمترین بایەخی زانستی پێ دەدرێ. بێ هیوا بوونم بە مانای تەسلیم بوونم نییە، بەڵام ئەگەر کورد دەیەوێ بە راستی لەو قۆناغەی ئێستا ڕزگاری بێت دەبێ لانیکەم دە هێندەی ئێستا هەوڵ بۆ پاراستنی زمانەکەی بدات. دەبێ بە جدی لە هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیدا بێ. دەبێ حیزبایەتی و شارچییەتی و زاراوەچییەتی وەلا بنێ.

دۆخی جیهانی ئێستا دۆخی سەد ساڵ لەوە پێش نییە، هەنووکە نەک هەر ئێمە، تەنانەت داگیرکەرەکانی کوردستانیش تووشی هێرشی زمانە جیهانییەکان بوونەتەوە و هەوڵ دەدەن خۆیان لە بەرانبەر ئەو هێرشانەدا کە بە جیهانیبوون ناسراوە بپارێزن. جا دەبێ دۆخی کورد لەو ناوەراستەدا چۆن بێ. هیوادارم وتەکانی من ببێتە دەنگی زەنگی مەترسی و ئەوانەی دەتوانن کارێک بکەن هۆشیار بکاتەوە. سەردەمی نووقم بوون لە خەون و خەیاڵ تێپەڕ بووە، باشترە چاوەکانمان بکەینەوە

و سیمای ڕاستەقینەی خۆمان ببینین. هەوڵە تاکەکەسییەکان گرینگن بەڵام ناکرێ ئەم دۆخە بەردەوام بێ و تا سەر ئاوامان بۆ ناچێتە پێشێ، لانیکەم هۆشیار بوونەوەمان و گوتنی ڕاستییەکان هیوادارم ببێتە هۆی ئەوەی کە بە هەموومان کاتێکی زیاتر و هەوڵێکی جدیتر بۆ پاراستنی زمان بدەین. هەر هیچ نەبێ منداڵەکانی خۆمان فێری کوردی بکەین و خۆشەویستی زمانی کوردی لە دڵی نەوەی داهاتوودا بچێنین."



**ئامانج عەزیزکەندی: نووسەر و لێکۆڵەری ئەدەبی**

زمانی دایکی چەمکێکی زۆر بەربڵاو و پڕ ڕەهەند و لایەیەنە. زمانی دایکی وەک بە دروست ئەو ناوەیان لێ ناوە، چ وەک زمانی ئاخاوتنی دایکی مرۆڤەکان، چ وەک زمانی ماک و سەرەکی کە منداڵ لە زگی دایکی دا گوێی لێ دەبێ پێی ڕادێ، گرینگییەکی یەکجار زۆری هەیە. هەم وەک مافێکی ڕەوای مرۆیی و هەم وەک مافی سروشتی و سیاسی و کەلتووری و هەموو بوارە مرۆییەکان.

زمانی دایکی بەو گشتە، تایبەتمەندی و گرینگیەوە، زەوت کردن و پاوان کردن و قەدەغە کردن و سەرکوت کردنی، هیچ کەمتر نیە لە کارەساتە هەرە گەورە و وێرانکەرەکانی دونیا.

ژیان بریتیە لە تێکۆشان بۆ هەرچی زیاتر چێژ وەرگرتن و چێژ بەخشین، بە بێ زمانی دایکی ئەوە مومکین نیە. هەروەها جگە لەوەی کە زمان ئامرازی پەیوەندیە، هیچ شتێکی مرۆڤایەتیش لە دەرەوەی زمان دا بوونی نییە. هەموو ئەو وەسف یا

ڕوانینـانەی من بـۆ زمـان، ڕەنگە شەخسی بـن، بەڵام لە گفت و گۆیەکی ورددا رەنگە بکرێ باشتر بـۆ گشت ئەم روانگە و بۆچوونانە نموونەی سەلمێنەر بێنیەوە.

من پێموایە زمانی دایکی هەر گروپ و خێڵ و قەوم و نەتەوەیەک، وەک مـافێکی گرینگی مرۆیـی و سەرمایەیەکی جیهـانی بپارێزرێ و گەشەی پێ بدرێ.

ئـێمەی کـورد لە سـەدەی ١٦ زایینـیەوە و لە خەبـاتی مـافخوازانەی ئەو یەک دوو سـەدەیەی ڕابـردوودا یەکەم داوامـان، بە درووست داوای ئـازادی زمانمـان بـووە. ئەوەش لە گرینگی ناسـنامەیی و ئەو گرینگیـانەوە سـەرچاوە دەگرێ کە هێنـدێکیانم ئاماژە پێ دان.

هەرچەند پێموایە زمانی کـوردی مەترسی فەوتـانی لە سەر نەمـاوە، بـا ئەوەی کە ئەو هەوڵە زۆر ئاگاهـانە لەلایەن داگیـر کەرانەوە دەدرێ. بەس مەترسی تێکدان و بە لاڕێ دابردن و فەوتـاندنی کۆدەکانی لە سەرە. ئەوەش تەنیا داگیرکەران نین، زۆرێک لە ئۆرگانە کوردییەکانیش نا ئاگایانە ئەوە دەکەن، بە تایبەتی. لە باشوور و تایبەتیتر ئۆرگان و دەزگاکانی دەنگ و ڕەنگ. ئەرکی گەشە پێدانی زمان، ئەرکێکی گرینگە کە لە ئەستۆی ئۆرگانیزاسیۆنە کولتوری و پەروەردەیی و سیاسیەکان دایە، گرینگی ئەو ئەرکە کەمتر بۆتە درکێکی گشتی و گرینگ.جا بـۆیە رۆشنبیران و نووسەر و ئەدیب و هونەرمەندان، ئەو ئەرگە قورس و گرینگەیان کەوتۆتە سەرشان. دیـارە لەو سەردەمەشدا سۆسیالمیدیاش زۆر گرینگە. بـۆ ئەوەی بتوانـدرێ بە ئاراستەی پاراستن و گەشەپێدان بەکـار ببـرێ. هەرچەنـد پەروەردە لە دایەنگەکـانەوە گرینگترینە بـۆ ئەو مەبەستە، بەڵام بەداخەوە لە چەنین پارچەی کوردستان، ئەو زوڵمە نـا مرۆڤانەیە لە زمانی دایکی دەکرێ.

---------------------------------------------



**ڕەسووڵ سوڵتانی: نووسەر و وەرگێڕ**

لە نێو توخمە سەرەکییەکانی پێکهێنانی نەتەوەدا، زمان یەکێکە لە توخمە هەرە گرینگەکان. ئەگەرچی ئەم فاکتەرە ڕەنگە لە وڵات و میللەتێکەوە لەگەڵ وڵات و میللەتێکی دیکەدا جیاواز بێ، بەڵام لە هیچ حاڵەتێکدا گرینگییەکەی خۆی لەدەست نادا و وەک توخمێکی سەرەکی پەراوێز ناخرێ.

بۆ پێناسەکردنی نەتەوە کۆمەڵێک توخمی وەک خاکی هاوبەش، مێژووی هاوبەش، کولتووری هاوبەش و زمانی هاوبەشیان کردووەتە بنەما. لە هەندێ پێناسەی دیکەدا یادەوەریی هاوبەشیش هەیە کە ئەم یادەوەرییە بەشێکە لە مێژوو، بەڵام ڕەنگە میللەتێک مێژووی هاوبەشی نەبێ یان هەموو قۆناغ و بڕگەکانی مێژووی پێکەوە نەبووبێ، کەچی خاڵێکی هاوبەشی یادەوەریی هەیە کە پێکەوە کۆیان دەکاتەوە.

زمانی کوردی، یەکێک لە توخمە بنەڕەتییەکان. بەڵام نابێ بیرینگێینەوە لەوەی کە بڵێین زمانی کوردی کۆڵەکەی نەتەوەکەیە. تەنانەت هەبوونی خاک و مێژوو و کولتووری هاوبەشیشمان بەبێ هەبوونی زمان نەیاندەتوانی ببنە پێناسەی کوردبوونمان. ئێمە ئەگەر زمانەکەمان نەمێنێ و بە زمانێکی دیکە قسە بکەین، بەڵام خاک و کولتوور و مێژوویەکی هاوبەشیشمان هەبێ، ڕەنگە بەخۆمان بڵێین نەتەوە، بەڵام ئیتر نەتەوەیەک دەبین جیا لە کورد. نەتەوەیەک دەبین لەسەر ناسنامەی ئەو زمانەی کە پێی دەئاخڤین جا هەر زمانێکی دیکە بێت. بۆ؟ چونکە کورد بە نیشتمانەکەشییەوە لەو نەتەوانەیە کە هەم خۆی و هەم نیشتمانەکەیشی بە زمانەکەی پێناسە کراوە. ئێستا ئەمریکا بە ئینگلیزی قسە دەکەن و کەنەداش چەند زمانێکی جیاجیای تێدایە ئەگەرچی ئینگلیزی زمانی زاڵ و سەرەکییە بەڵام هاوشانی ئەو زمانی فەرەنسیش قسەی پێ دەکرێ. کەچی خەڵکی کەنەدا بە زمانەکەیان پێناسە ناکرێن و ناوی وڵاتەکەشیان لەسەر زمانەکەیان نییە. ناوی ئێران هیچ پێوەندییەکی بە زمانی خەڵکی نێو چوارچێوەی ئێرانەوە نییە و ئەوان بۆ پێناسەی میللەتبوونی خۆیان پاڵ

بە زمانی هاوبەشەوە نادەن بەڵکو دەگەڕێنەوە بۆ خاکی هاوبەش و مێژووی هاوبەش و کولتووری هاوبەش. سوویسرایش کە پێشتر باسمان کرد هەروەتر. بەڵام ناوی کورد و کوردستان بە زمانەکەوە بەستراوەتەوە.

کورد بێت و زمانەکەی نەمێنێ، ئیتر هەر زمانێکی دیکە وەرگرێ، ئیتر ناتوانێ بەخۆی بڵێ کورد و کەسیش وای پێ نالێت، بەڵکو بەو زمانە پێناسەی دەکەن کە قسەی پێ دەکات. هەر بۆیە کورد لەگەڵ دۆڕاندنی زمانەکەی یان توانەوەی زمانەکەی پێش هەموو شتێک پێناسەی نەتەوەبوونەکەی و بەدوای ئەویشدا ناوی وڵاتەکەیشی دەگۆڕدرێ. چونکە کوردستان، واتە ئەو وڵاتەی کوردی تێدا دەژی. دەی کە تۆ وێکرا وازت لە زمانەکەت هێنا، یان وازیان پێ هێنایت، ئیتر دەبێ پێناسەیەکی دیکە بۆ وڵاتەکەیشت بدۆزیتەوە.

کورد ئێستا سێ توخم و فاکتەری زۆر بەهێزی بۆ پێناسەکردنی نەتەوەبوونی خۆی هەیە:

**یەکەم**: خاکێکە کە پێی دەگوترێ کوردستان و سنوورە جوگرافیاییەکەی سەرەڕای هەموو شێواندن و گۆڕینێکی دیموگرافیایی دیارە.

**دووەم**: زمان، ئەو زمانەی سەدەیەکە لەلایەک داگیرکەران هەموو توانا و ئیمکاناتی خۆیانیان بۆ تواندنەوەی بەکار هێنا، چونکە دەیانزانی تەنیا بە تواندنەوەی زمان دەتوانن ببنە خاوەنی ئەو خاکەی ناوی کوردستانە، بەڵام لە سایەی پاڵەوانێتیی پێشمەرگە و خۆڕاگریی میللەت و قەڵەمی نووسەر و شاعیر و رووناکبیرە ئازادیخوازەکانمانەوە هەر پارێزراوە.



**لەیلا قادری: نووسەر و وەرگێڕ**

ئەگەر زمانی میللەتێک لە ناو بچێ ئەو میللەتەش لە گێژاوی نەبوون نزیک دەبێتەوە. گەر داگیرکەران بیانەوێ نەتەوەیەک بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان، بەر لە هەموو شتێک، لە سەر تواندنەوە و لە ناوبردنی زمانی ئەو گەلە کار دەکەن .کەسێک کە زمانی دایکی خۆی نەزانێ وەک کەسێک وایە کە کلیلی زیندانی خۆی ون کردبێ.

زمانی زگماکی، پێناسەی هەر نەتەوەیەکە. نەتەوەیەک زمانی دایکی خۆی لە بیر بکا دەبێتە ژێر دەستە و موستەعمەرەی فەرهەنگی گەلی زاڵ کە زمانی بە سەر دا سەپاندووە...

**یەکەم**: بایەخی زمانی دایکی بۆ هەر نەتەوەیەک ئەوەیە کە ئەوەی وا لە ناخت دا هەیە، دەتوانی بە ئاسانترین و ساکارترین پیت و وشە بیگوازییەوە بۆ بیسەر و بەردەنگەکەت؛ چون جگە لە زمانی دایک هیچ زمانێکی تر ناتوانێت مەبەست و قسەی شاراوەی دەروون وەدەرخات؛ جا کە وابوو زمانی دایک دەبێتە یەکەم ئامێر بۆ گەیشتن بە ئاوات و ئامانجەکانی تاکەکەسیی نێو کۆمەڵگا. هەروەها کاتێ هەموو کەسێک بتوانێ ئەوەی لە ناخی دایە بە جوانی بیدرکێنێ، ڕێگەی گەیشتن بە ئامانج و ئاواتەکانی ئاوەڵا دەبێ.

گەر زمانی دایکی نەبێ، دایکێک چۆن کۆرپەکەی بلاوێنێتەوە! ئەویندارێک، چۆن بە قەد و باڵای یارەکەیدا هەڵبڵێ!، کاتێ کۆچی ئازیزانمان، چۆن ڕۆڕۆیان بۆ بگێڕین!

لەو کاتانەدا جگە لە زمانی دایک، هیچ زمانێک ناتوانێ ئەم سۆز و هەستە دەرونییە، بە شێوازێکی پاراو و جوان، ئەو جۆرەی کە پێویستە، دەرببڕێت. با زمانی دایکیی خۆمان بە گیان و دڵ بپارێزین.

**دووهەم**: ساڵەهایە کورد لە هەر چوار پارچە ژێر چەپۆکە و لە ژێر دەسەڵاتی هێز و دەوڵەتانی غەیری کورد دا دەژی (فارس لە ئێران، عەرەب لە عێراق و سورییە و تورک لە تورکیە)، بەو حاڵەش ئەدیبان و شاعیران زمانی زگماکی خۆیان پاراستووە و نەیان هێشتووە زمان و کولتووری خۆیان لە بیر گەلەکەیان بچێتەوە و لە ناو زمان و کولتووری دەستەڵاتدار دا بتوێتەوە.

یەکەم هەنگاو بۆ ئەم مەبەستە، پێویستە لە بنەماڵە چکۆلەکەی خۆمانەوە دەسپێبکەین و منداڵەکانمان وەها تێبگەیێنین کە لەگەڵ ئەوەی زمانەکانی یاسایی سەردەم فێر ببن پێویست و گرینگتر ئەوەیە زمانی دایکییان فێر بن کە لەم بوارەدا

دایکان لە نێو بنەماڵەدا نەخشێکی هەرە گرینگیان هەیە؛ هەر ئەوەی دایکێک نەهێڵێ منداڵەکەی وشەگەلێکی بێگانە وەکوو: "مامان"، "خالە"،"عمو"، "زن دایی"، "زن عمو"، "عمە"و..... بەکار بێنێ، خۆی گەورەترین خزمەتی بە زمانی دایکی کردووە.

لە ڕاستیدا ڕۆڵی پیاوان بەداخەوە لەم بوارەدا کەمە کە دەبێ ببنە پشتگر و یارمەتیدەری هاوژینەکەیان بۆ ئەو مەبەستە. جا ئێستە ئەگەر دایک و باوکی بنەماڵەیەک، زمانی دایکی بە لایانەوە گرینگ نەبێ یان شارەزاییان کەم بێ، بە پێکهێنانی کۆڕ و فێرگەی وانەکوتنەوە بە هەرزانترین شێوەی شیاو و بەیارمەتی شارەزایانی پسپۆر و لێهاتوو بۆ گەورەسالان دەتوانێ نەخشێکی بەرچاوی هەبێ.

**سێهەم**: زمانی کوردی پێویستی بە نوێکردنەوەی (ئاپدێیت)ی ڕۆژانە هەیە؛ جیهان بەخێرایی بەرەو پێشکەوتنە، لە هەموو بوارێکدا، بەتایبەت تێکنۆلۆژی. وێژە (ئیستلاحات) و ناوی نوێ دەخوڵقێن. زمانی کوردی دەبێ لە قالبی کلاسیکی خۆی بێتەدەر و سەردەمی وەرزێڕی و شوانی جێهێڵێ. ئەگەر بۆ جووت و گا دەیان ناو و وێژە هەیە، بۆ ئاشەوانی و مەڕداریش بە هەمان شێوە، ئێستا لە جێگای ئەوانە مۆبایل و کامپیوتێر هاتوونەتە گۆڕێ. زمانزانە کوردەکان دەبێ وشەگەلی گونجاو بۆ ئەو بوواره نوێیە بدۆزنەوە. ئەگەر ئەو وشانە نین، پێویستە بە قەرز وەریان بگرن و بیانکوردێنن. هەموو زمانەکانی جیهانی تا ئێستاشی لەگەڵ بێ کەڵک لە زمانی دەوڵەمەندی یۆنانی وەردەگرن و گرفتیش نەبووە.

ئەوانەی زۆرتر ڕاسپاردە یا پێغەمبەری زمانن، وەکوو شاعیر، نووسەر، ڕۆماننووس، گۆرانیبێژ، وێژەر، سیاسەتوان.... پێویستە بۆ نووسین و ئاخاوتنیان ڕوو لە هەناوی کۆمەڵگەی کوردستان واتە لادێ و گوندەکان بکەن و بە زمانی ڕەسەنی ئەوێ بنووسن و تێکەڵ بە بابەتی ئەوڕۆیی بکەن، بۆوەی زیندوو بمێنێ و زیاتر گەشە بستێنێ.

کەسێک کە بە زمانی دووهەم، جگە لە زمانی دایکی، دەخوێنێ، ئەو بوارەی بۆ گەشەی فکر و هزراندن دەبێ بخوڵقێ، هەر لە سەرەتاوە لێی زەوت دەکرێ. بیرکردنەوەی، لقوپۆی لێ ناکەوێتەوە، داوێنەی بیرکردنەوەی گەشە ناکا و لە بازنەیەکی داخراو و تەنگەبەردا قەتیس دەمێنێ.

ئەوەشم بۆیە باسکرد کە بڵێم هەنگاوی سەرەتا بۆ ئەم بەستێنە *خوێندن بە زمانی زگماکییە.
هەڵبەت لەوەش گرینگتر هەوڵدان بۆ چێکردنی *ڕێنووس و ڕێزمانێکی یەکگرتوو و ستاندارده تا قۆناغی یەکەم کە خوێندن بە زمانی دایکییە ساناتر بخرێتە بواری جێبەجێکردن.

* دامەزراندنی ناوەندێکی زانستیی زمانەوانی بەدوور لە باندووڕی زاراوە یا بنزاراوەیەکی تایبەت، پێویستیی حەتمییە.

* مادام ئاسۆی دەوڵەتی کوردی لێل و ناڕوونە و جارێ چارەنووسی کورد وا دارێژراوە کە لە هەر پارچەیەک وەک هاووڵاتی دەرجە دوو یا سێ چاو لێ بکرێ، هەوڵ بدرێ کولتوورێکی نوێ دابڕێژرێ کە تێیدا تاکی کۆمەڵگای کوردی لە حاست نەتەوەی باڵادەست هەست بە کەمایەسی نەکا، زمان و نەتەوەکەی خۆی خۆش بوێ، پێی شانازی بێ کە خاوەن زمانی تایبەت بە خۆیەتی. ئەوەش وەک ئاسۆیەکی دوورەدەست دەبینم؛ بەداخەوە کورد بەگشتی تاکوو ئێستا لەو چەمکە خافڵ بووە، ئەوەی لەو بەستێنەشدا دەبینرێ هەوڵ و تێکۆشانی تاکوتەرای هەندێک تاک و دامەزراوەی بە دەرووەست و دڵسۆزە.



ئیسماعیل ئیسماعیل زادە: نووسەر و وەرگێڕ

هەڵبەت رۆژی جیهانی زمانی دایکیی زیاتر لەو وڵاتانەدا قورسایی یان باشترە بڵێم کە مانای هەیە کە لە چوارچێوەکەیان دا چەندین کۆمەڵگای زمانیی دەژیین.

دەرونزانەکان بە گشتی پێیانوایە کە ناسنامە (identity) لەو وێناکردنانە پێکدێت کە تاک وشیارانە یان ناوشیارانە لەبارەی خۆیەوە بەدییان دێنێت. زمان یەکێکە لەو توخمە جەوهەرییانەی ناسنامە ساز دەکات، زمان پرسێکە کە ناسنامەی مرۆڤی تایبەت بەو زمانە دادەڕێژێت و هەڵگری کولتووری داهاتووەکەیەتی. بەو واتایە کە ئێمە لە نیشانە و شەپۆلەکانی زمان کەڵک وەردەگرین بۆ ناسینی خۆمان کە ئێمە کێین و چی و چۆنمان دەوێت، سەر بە کێها گروپی کۆمەڵایەتیین و بە

کام گروپی کۆمەڵایەتیی پێناسە دەکرێین. لێرەدا زمان هەمیشە بەو جۆرە نییە کە کە دەیناسین، واتە لە ئاساییترین توانستی زمانەوە واوەتر دەچین. لێرەدا زمان تەنیا بۆ پەیوەندیی گرتن لەگەڵ ئەویتردا نییە بەڵکوو زمان لە ناخیدا ئەو فەلسەفەیەی هەڵگرتووە کە وڵاتێک نا، با وردتر و راستتر بڵێین کە هەموو نەتەوەیەک خاوەنی زمانی تایبەت بە خۆیانن کە بە زمانی دایکیی ناسێندراوە. زمانێک کە پاشخان و میراتێکی مەزنی ئەدەبی و کولتووریی پێیە و مرۆڤەکان بە شێوازی جۆراوجۆر زمان رێکدەخەن. بەڵام لە چ کات و قۆناغێکدا زمان وەکوو هەڵگرێکی ناسنامە سەرنجی پێدەدرێت، ئەمە پرسێکە کە دەمانخاتە ناو بازنەی کاتێک کە تایبەتمەندییەکانی دیکەی ناسنامە کاڵ دەبنەوە، واتە ئەو تایبەتمەندییانەی گرێماندەدەنەوە بە کولتوورێکی تایبەت و لە ئێستادا زیندوو نین و فەوتاون، بۆیە گرینگبوونی زمان وەکوو هەڵگری ناسنامە دەردەکەوێت.

ئەم پرسە کەمێک وردتر دەکەمەوە؛ زۆر شت هەن کە لەسەر ناسنامەی ئێمە و چۆنییەتی تێگەییشتنی دیتران شوێندانەرن. دەشتوانن یاریدەدەرێکی باشیش بن بۆ راکێشانی سەرنجی خەڵکی. بۆ نمونە جۆری جلوبەرگ، جۆری خواردن، گۆڕینی پرۆفایلی لاپەڕەی شەخسی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا. لە جلوبەرگدا رەنگێکی دیاریکراو و بەردەوام دەتوانێ کەسێکی پێ بناسرێتەوە. لە خواردندا دەکرێ کەسێک بۆ نموونە بە رووەکخۆر ناوبانگی هەبێت. یان پرۆفایلی ئینتێرنێتیی کەسێکی شانۆیی لەگەڵ کەسێکی سیاسی جیاوازیی هەبێت. بەڵام کاتێک هەمان خەڵک زار دەکەنەوە بە تایبەتمەندیی جیاوازەوە مانا بەرهەم دێنن. کات چ کورتخایەن بێت یان درێژخایەن بەڵام تۆمار دەکەن. لە دنیای بچوک و گەورەی کە تێیدا دەژیین دەناسرێن و بە بایەخ دەگەن، هەمووی واتاکان هەڵگری تایبەتمەندیی جیاوازن. هەڵگری توخمی جوگرافیی تایبەتن، واتاکان دەکرێ بچنەوە سەر هۆکارگەلێکی سیاسی و مێژوویی دیاریکراو، یان ئاماژە بکەن بە لایەنی ئابووری و چینایەتی، لایەنی کولتووری و.. ئەمانە هەموو لە تایبەتمەندییەکانی زمانی دایکیین. بە واتایەکی دیکە زمانی دایکیی ئێمە تا رادەیەک پێمان دەڵێت کە ئێمە کێین، لە کوێوە هاتووین و چیمان گوێ لێبووە و هەستمان بە چی کردووە. ئەمە دەرکێکی تایبەتمان تێدا دەئافرێنێ و هۆگرمان دەکات. لەبەر ئەوە گرینگبوونی زمانی دایکیی حاشاهەڵنەگرە.

ئیزنم بدە کە بە هەناسەیەک وەڵامی پرسیاری دوو و سێت بدەمەوە. بۆ هەموو کەسێک گرینگە کە ناسنامەیەکی هەبێت و بە هۆیەوە رابگەیەنێت کە ئەوە ئەوە! ئەگینا تووشی قەیرانێک دەبێت کە لە سەرلەبەری هەبوونیدا رەنگ دەداتەوە. قەیرانی بێ ناسنامەیی و لە ئاکامدا جۆرێک سەرگەردانیی. کورد کە بە هۆی ژێرچەپۆکەبوونەوە حاشای لێدەکرێت یان لە گەشبینانەترین حاڵەتدا بۆتە پاژێکی کاڵی ناسنامەی نەتەوەی زاڵبوو، پێویستی بە خۆپاراستن بۆ مانەوە هەیە. لە رێگەی زمانی دایکییەوە دەتوانێ یەکێک لە کۆڵەکەکانی ئەو پێویستییە بنیات بنێت. پەیوەندییەک بە رەچەڵەکەوە و شوێنێک بۆ هاتن. ئێمە دەتوانین بە هۆی زمانی دایکییەوە ئاستێک لە سەربوردە و مێژووی خۆمان بگێڕینەوە. گێڕانەوە

رۆحی لەگیراننەهاتووی زمانە. بەسەرهاتی ئەوەی كە ئێمە لە كوێوە هاتووین و چۆن بووینەتە ئەوەی كە هەین و دەشمانەوێ ببین بە چی و هەروەها شانازشی پێوە بكەین هەتا ئەو ئاستەی كە بگەینە هاوشانی گەلانی دیكە.

ئەگەر سووكە ئاوڕێك لە ژینگەی سیاسی و كۆمەلایەتیی ئێران بدەینەوە، سنوورێكی داسەپێندراوی سیاسیی دەبینین كە چەندین كۆمەڵگای زمانیی تێیدا دەژیین وەكوو ئازەری، كوردی، فارسی، عەرەبی و.. بە ملیۆنان كەس بەو زمانانە قسە دەكەن كە ئاماژەم پێكردن بەلام لە چوارچێوە سیاسییەی ئێراندا تاكە زمانێك بالادەستە. تاكە زمانێك دەرفەتی ئەوەی هەیە كە لە دەزگا فەرمییەكانی فێركردن و بارهێناندا پێی بنووسرێت، بوترێتەوە و گەشەی پێبدرێت، واتە زمانی فارسی بە پێی سیاسەتی تاكزمانی - تاكنەتەوەییدا تاكە زمانە لە ئاكاری فەرمی و ئیداریی ئێراندا بەكردەوە كراوە. بە درێژایی مێژووی ئێران زمانی كوردیی كە یەكێكە لەو زمانانەی بە ملیۆنان كەس قسەی پێدەكەن، زمانێكی بڤەكراو بووە لە قوتابخانەكاندا. نایاسایی بووە لە دایرەكاندا. بە پێی لێكۆڵینەوەكان پرسی خوێندن و بارهاتن بە زمانی دایكیی لە خوێندنگاكاندا پرسێكی گەلێك گرانە، زمانی دایكیی تاكە زمانێكە كە منداڵ بە تەواویی بە هۆیەوە تێدەگات و كاریگەرترین رێگەیە بۆ فێركردن و گەشەپێدانی منداڵ. بۆیە ئێرانیش وەكوو پیشەی وڵاتە داگیركارەكاندا هەستی بە گرینگیی زمانی دایكیی كردووە و بە هەموو شێوەیەك هەوڵی سڕینەوەی زمانی كوردیی دەدات و ئەگەر رووبدات لە ئاكامدا دەبێتە هۆی سڕانەوەی ناسنامەی زمانیی. مەبەست لە سڕانەوەی ناسنامەی زمانی كوردیی ئەوە نییە كە خەڵكەكەی لە رووی جەستەییەوە بە تەواویی قڕ بكرێن و ئیتر كەسێك نەمێنێت بە كوردیی قسە بكات، كارەساتەكە شتێك لەوە كەمتر نابێ، لەبەر ئەوەی گەلێك و لێرەدا كورد ئەگەر زمانەكەی بكوژرێت ئیتر ئەو گەلە هەمان گەلی پێشوو نییە، كولتووری زمانی خۆی لێ دەسێندرێتەوە و كولتووری زمانێكی دیكەی بەسەردا دەسەپێندرێت و دەبێتە ئەو دیترەی كە خاوەنی زمانێكی دیكە و هەڵگری كولتوورێكی دیكەیە. ئیتر وەكوو كورد دەمرێت.

هەر وەك لەسەرەوە باسمان كرد زمانی دایكیی تەنیا یان باشترە بڵێم بەهێزترین توخمە كە مرۆڤەكان دەتوانن بەهۆیەوە بە ناسنامەی كۆمەلایەتی خۆیان بگەن. واتە ئەو توخمە مرۆڤەكان بە تانوپۆكانی بنەماڵە و كولتوورەكەیانەوە گرێدەداتەوە. بەلام لە ئەگەر ئەو توخمە كاریگەرە بمرێندرێت چی؟ لە ئێراندا زمانی فارسی كە زمانی نەتەوەی زاڵە بەرزترین پێگەی بۆ دانراوە و بە پاڵپشتیی هێزەوە توانیویەتی لە هەموو لایەنەكانی كۆمەڵگا واتە لایەنی سیاسی، كۆمەلایەتی و ئیدارییدا خۆی فەرز بكات. بۆ نموونە هەر لە قوتابخانەوە بگرە كە كراوەتە زمانی فێركردن و پەروەردە، كاری پێدەكرێت. كراوەتە زمانی كتێب لە گشت بوارەكاندا، كراوەتە زمانی رۆژنامە، فیلم، مۆسیقا. كاتێك كە زمانی زاڵكراو بە هەموو دەمارەكانی هەبوونی نەتەوەیەكدا رۆكرا بە ئاستی پیرۆزبوون دەگات و ئەو مرۆڤانەی كە بەو زمانە دەدوێین بە بایەخە بالاكانی مرۆڤبوون دەبیندرێن، با بە شێوەیەكی وردتر بڵێم كە كەسانێكی بە زمانی فارسی نادوێن لە

هەموو بوارەکاندا تەنگیان پێهەڵدەچنرێت بۆ ئەوەی خۆیان قەناعەت بەوە بێنن هەست بە نزمی و چرووکیی لە کەسایەتیی خۆیاندا بکەن.

بە سەرنجدان بەو خەسارانە و نەبوونی هیچ کام لە دەرفەتەکانی فێرکردن و بارهێنان لە کوردستاندا، لە پێشدا پێویستە رادەی زیندووبوونی زمانی کوردیی لە نیوان مان و فەوتاندا هەڵسەنگێنین. گوێ بگرین خەڵک کە چۆن زمانی کوردیی دەردەبڕن. زمانەکەیان هەتا چەندە کەوتۆتە ژێر کاریگەریی زمانی زاڵکراو. ئەوکاتەیە کە بۆمان دەردەکەوێ زمانی کوردیی لە قەیران دایە. رۆژ لەگەڵ رۆژ لاوازتر دەبێت. پێموایە کورد تاکە رێگایەکی لەبەرە ئەویش بەرگرییە لە سەر لەبەری هەبوونیدا بۆ مانەوە. بۆ مانەوەش باشترین کارێکی کە دەکرێت کارکردنە لەسەر وشیاریی نەتەوەیی. وشیاریی نەتەوەیی دەبێت ببێتە هەوێنی گشت چالاکیی ئەوانەی وا هەست بە لەناوچوونی سڕی زمانی کوردیی دەکەن. ئەوە روون و ئاشکرایە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران سوورە لەسەر تواندنەوەی کورد و کوردیش لە ئیستادا ئەو هێزەی نییە خۆی لە چنگی حکومەت و نەتەوەی سەردەست راپسکێنیت بۆیە پێویستە بەشی زۆری وزەی چالاکان تەرخان بکرێت بۆ کاری بنچینەیی کولتووریی ئەمیش نەک بۆ گەشەپێدان بەڵکوو لە گەشبینانەترین حاڵەتدا بۆ قڕنەبوونە کە دیارە هەر بە هۆی هەمان بندەستبوون کارێکی ئاسان نییە بەڵام مەحاڵیش نییە. بۆ نموونە کارکردن لەسەر مێتۆلۆژییەکان، ترادسیۆنی زارەکی، هونەر، مۆسیقا و زمان..

------------------------------------------------



ئازاد رۆستەمی: نووسەر

مرۆڤ بە گشتی گرینگترین خوڵقێنراوی سرووشتە، بە نۆبەی خۆی زمانیش گەورەترین خوڵقێنراوی مرۆڤە. سرووشت و مرۆڤ هەرکام بە نۆبەی خۆی لە پێشدا راڤەی خودی خۆی دەکات پاشان راڤەی دەرەوە و کۆمپۆزیسیونی دەرەوەی خۆی دەکات. مرۆڤ

بە پێی دابەشبوونی لە پانتایی سرووشتدا یەکەم راڤەی خۆی دووهەم راڤەی دەوروپشتی خۆی دەکات، هاوکات پەیوەندیی نێوان خۆی و دەوروپشتی. بەرینتر لەوەش راڤەی بەشەکان یان پێکهاتەکانی دەوروپشتی لەگەڵ خۆی دەکات. بە تێپەڕینی کات و هەنگاوانی مرۆڤ بۆ ناو مێژووی تۆمارکراو هەم بەشەکان و هەم پەیوەندییەکان بەرین و بەرینتر بوونەتەوە. پەیوەندییەکان و راڤەکانیش بەرین و بەرینتر بوونەتەوە. لە واقعدا سیستەمی پێکهاتوو لە مرۆڤ - سرووشت یان واقعیاتی هەستپێکراو و نەستپێکراو هەرچی زۆرتر ئاڵۆزتر بووە. بەڵام بەوەشەوە لۆژیکێکی گشتی زاڵە بەسەر ئینسان، سرووشت و پەیوەندییەکانی نێوان ئینسان - سرووشتدا. مرۆڤ لە دەنگەکانەوە تا پیتەکان، تا وشەکان و رستەکان زەمەنێکی یەکجار دوور و درێژی بردۆتەسەر. بۆیە جیاوازییەکان رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر و زیاتر بوونە، بەو مانایەی کە مرۆڤ لە ژیانی کۆمەڵایەتییدا جیاوازییەکانی زۆرتر بووە و بە پێی دابەشبوونی جوگرافیایی و پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی نێوخۆیی گرووپ - سیستەمەکانی زیاتر و زیاتر پەرە پێداوە. هەر ئەمەش کارێکی وەهای کردووە کە مرۆڤەکان بە پێی زمانی داهێنراوی خۆیان زیاتر و زیاتر لە یەکتر دوور بکەونەوە. نزیکتر ئەگەر بڕوانین ئەم دوورکەوتنەوەیە لە گوتندا خۆی دەبینێتەوە. لە راستیدا گوتن پێناسەی تاک - کۆمەڵێکی تایبەتە لە چوارچێوەیەکی جوگرافیایی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و لە ناو مێژوودا بە تایبەت لە باری ئابووری و سیاسییەوە. هەر ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی کە چەمکێک بە ناوی نەتەوە بەتایبەت لە سەردەمی ئێستەدا پێناسە بکرێت.

لەم سەردەمەدا زمانی هەر نەتەوەیەک "دال"ێکە لە شوناسی مێژوویی، جوگرافیایی، کولتووری، سیاسی و ئابووری بە کۆمەڵێک "مەدلول"ی "تایبەت"ەوە کە لە نەتەوەیەکەوە بۆ نەتەوەیەکی دیکە زۆر جیاوازە. کەوابوو زمان پێناسەکردنەوەی حزوری تاک - کۆمەڵ - نەتەوەیە لە پێش مێژووەوە هەتا بە ئێستای مێژوو. جیهانی ئەوڕۆ لانیکەم جیهانی باسکردنە لە مافەکان. زمان یەک لە سەرەکیترین مافەکانی مرۆڤە کە بە وردیی باس لە شوناسی تاکەکەسیی، شوناسی کۆمەڵایەتی، شوناسی نەتەوەیی ئەو گرووپ - سیستەمە دەکات لە پانتایی سیاسەت و موقعیەتی دابەشبوونی بەرژەوەندیی ئەوڕۆدا. بۆیە جیهانی ئێستا جیهانی دابەشبوونی بەرژەوەندییەکانە. ئەگەر سەیرێکی راستییەکانی ئێستای جیهان و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بکەین دەبینین زمان یەک لە گرینگترین فاکتەکانی هەبوونی هەر نەتەوەیەکە بۆ وەدەستهێنانی بەشێک لە مافەکانی لە چوارچێوەی جیهانی ئەوڕۆی دەوڵەت - نەتەوەدا. تەنانەت ئەگەر وەکوو ئیدئۆلۆگێک هەر لە راستی راستەوە هەتا چەپی چەپ چاو لە مەسەلەی بەرژەوەندییەکانی حوزووری گرووپ - سیستەم یان نەتەوە - دەوڵەت بکەین زمان گەورەترین کاریگەریی خۆی هەیە. لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەگەر وشەی زمان لە دەوڵەتانی پێکهێنەری ئەو چوارچێوەیە لێکەینەوە شتێک بە ناوی نەتەوە یان تەنانەت تاک مانای نییە. با بیر لەوە بکەینەوە ئەگەر شتێک بە ناوی زمانی تورکی نەبێت وڵاتێک بە ناوی تورکیە هەیە؟ شتێک بە ناوی زمانی عەرەبی نەبێت ئەو هەمووە وڵاتە عەرەبییە هەیە یان شتێک بە ناوی زمانی فارسیی نەبێت!؟ تەنیا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە، لە شەرقی دوورەوە هەتا "غەربی وەحشی" کامە دەوڵەت

هەیە کە بە پێی نەک نەتەوە زمان شکڵی نەگرتبێت. لە مەسەلەی دەوڵەت و نەتەوە بگەڕێینەوە، وەکوو مرۆڤێک لەم سەردەمەی باسکردن لە مافی مرۆڤدا کە ڕۆژەڤی هەموو ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکان و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیشە زمانی مرۆڤ کە ئێستا پێناسەی زمانی دایکە، سەرەکیترین مافی مرۆڤی سەردەمی مافخوازییە! لەناوبردنی زمانی دایک لەناوبردنی شوناسی مرۆڤە لە پانتایی هەستییدا. بە بێ داکۆکیکردن لە زمانی دایک ناتوانی داکۆکی لە هیچ مافێکی دیکەی خۆت لە جیهانی ئەوڕۆدا بکەی. نەبوونی زمانی دایکیی بە مانای نەبوونی کیان و شوناسی ئینسانییە. نەبوونی ئەو مافە بە مانای درووستبوونی ئینسانی بێشوناسە لە پانتایی هەستییدا. بە مانای درووستبوونی گرێی دەروونی لە تاک و کۆمەڵگا دایە. بە مانای دەرچوون لە چوارچێوە دیموکراتییەکانی سەردەمە. ئەوەش ئەگەر نەڵێین یەکەمین کێشەی جیهانی ئەمڕۆیە لانیکەم پاش ئابووری گرینگترین کێشەی جیهانی ئەوڕۆ لەبەرچاونەگرتنی ئەو مافە سرووشتییەیە کە هەموو نەتەوەیەک دەبێ بیبێت. گرینگترین کێشەی ئەوڕۆ لە جیهاندا تەنانەت لە دیموکراتیکترین بەشەکانی جیهاندا کێشەی شوناسە، کێشەی سنووره سیاسییەکانە، کێشەی سنووره زمانییەکانە. زمان پێناسەی مرۆڤە کاتێک خۆی لە نێوان کردەوە و دژکردەوە لەم جیهانە ئاڵۆزەدا دەبینێتەوە. لە خشتەبردنی زمان لە خشتەبردنی هەموو یاسایەکە بۆیە زۆربەی هەره زۆری ناکۆکییەکان، دژبەرییەکان لە جیهانی ئەوڕۆدا مەسەلەی زمان و هەوڵدان بۆ لەناوبردنی زمانی تاک، کۆمەڵگا یان نەتەوەیەکە.

هەموو پرسیارەکە ئاوا کۆ دەکەمەوە؛ ئاخۆ ئەگەر ئێمەی کورد زمانمان لە ئەزەلەوە تورکی، عەرەبی یان فارسی بووایە بەشێکی گرینگی بەرخۆدانی ئەستەم و دژواری بەرەوەدیموکراسیمان لەکۆڵ نەدەبۆوە؟ ئاخۆ ئەگەر لە دڵی ئەورووپادا سامییەکانی نۆروێژ و سوید و فەنلاند کێشەی جیاوازیی زمانیان نەبووایە کە هەمان شوناسی نەتەوەییە نەیاندەتوانی سەرەکییترین جمکەکانی دەسەڵاتی دیموکراتیکیان بەدەستەوە بووایە؟

کۆتا ڕستە ئەوەی کە ئەرکێکی ئینسانی - نەتەوەییە بۆ هەر کوردێک لە هەرکوێیەکی جیهاندا کە زمانی خۆی وێرای گواستنەوە لە نەسڵێکەوە بۆ نەسڵێکی دیکە هەوڵی پەرەپێدانی بدات. هیچ زمانێک گرینگتر لە زمانێکی دیکە نییە لە جیهاندا، ئەوە تەنیا کارکردنی ماندوویی نەناسانەیە لە سەر ئەو زمانە کە دەتوانێ لە هەندێک بواردا قابیلی تێگەییشتنتری بکات.

-----------------------------------------------



**ساماڵ ئەحمەدی: نووسەر و وەرگێڕ**

ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی، لە دەرەنجامی ستەم و کارەساتێکی خوێناوییەوە لە لایەن ڕێکخراوی یونسکۆی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دیاری کراوە، کە هەرچەند نموونەی لە دنیادا کەم نەبووە و ئێستاش هەیە، بەڵام ئەوکاتە کەوتە بەر سەرنجی جیهانی، کە ساڵی ١٩٥٢ پاکستان بڕیاری دا بە زەبری زۆری زمانی ئۆردوو بەسەر گەلانی پاکستاندا بسەپێنێت، کە ئەودەم پاکستانی ڕۆژهەڵات، واتە بەنگلادشیشی دەگرتەوە و گەلی بەنگالی لەهەمبەر ئەو ستەمەدا وەستانەوە و لە پێناو پاراستنی زمانەکەیاندا تووشی کوشتار هاتن. کەواتە گرینگیی ئەم ڕۆژەوە لەوەدایە کە سەپاندنی زمانی نەتەوەیەک بەسەر نەتەوەیەک، یان چەند نەتەوەی دیکەدا، بە هەر پاساوێک ڕەد دەکاتەوە و ئەو مافە بە نەتەوە ژێردەستەکان دەدات، کە نەچنە ژێرباری سەپاندنی زمانی نەتەوەی باڵادەستەوە و لە ساڵی ١٩٩٩ـەوە کە یونسکۆ ئەم ڕۆژەی وەک ڕێزگرتن لە زمانی دایکی دیاری کردووە، زمانناسان و کۆمەڵناسان و دەروونناسان و دەرمارناسان و پسپۆڕانی زۆربەی بوارەکانی زانستە مرۆڤییەکان گەلێک تیۆریی زانستییان سەبارەت بە کاریگەری و گرنگیی زمانی دایکی لەسەر کەسایەتیی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی و تەنانەت ئابووریی ئاخێوەری زمانی دایکی خستووەتەڕوو. چونکە زمانی دایکی یەکەم زمانە کە منداڵ لە یەکەم ڕۆژی لەدایکبوونییەوە گوێی لێی دەبێت و بەرەبەرە لە ڕێی ئەو زمانەوە بە خۆی و هەموو دەوروبەری خۆی ئاشنا دەبێت و لە هەموو ئەو زماناش باشتری فێر دەبێت، کە دواتر بە هەر شێوەیەک فێریان دەبێت. لە ڕێی زمانی دایکییەوە، منداڵ هەر لەگەڵ ئەوەی چاوی بە ڕووی دنیادا هەڵدێنێت، شێوەی دەربڕینی کردار و ڕەفتارە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان لە هەبوونیدا ڕەنگ دەداتەوە، چونکە فەرهەنگی کۆمەڵایەتیی هەر گرووپێکی مرۆیی، وەکو باوەڕەکانی، خدەکانی، دابونەریتەکانی لە زمانەکەیاندا ڕەنگ دەداتەوە و لە ڕێی زمانەکەشیانەوە دەردەبڕدرێنەوە. بۆیە ئەو کەسەی بە زمانی دایکی دەدوێت هەست بە پاشخانێکی دەوڵەمەندی ناسنامەی کەسی و کۆمەڵایەتیی خۆی لە پشت

دەربڕینەکەیەوە دەکات و، بە شێوەیەکی ئەرێنی دەتوانێت لە خۆی تێبگات و ئاسانتریش دەتوانێت پێوەندی لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکە بگرێت، چونکە پێش ئەوەی پێوەندی بە دنیای دەرەوەی گرووپەکەی خۆیەوە بگرێت، لە دنیای گرووپەکەی خۆیدا لە ڕێی زمانەکەی خۆیەوە گرینگترین پێوەندییە خێزانییەکان و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵەی زمانەکەی خۆی ئەزمووە و کورد گوتەنی، زاتی شکاوە لەوەی بە بوێرییەوە ڕێ دەربەرێتە نێو دنیای زمانانی دیکەی، بەدەر لە زمانی دایکیی خۆیەوە. لایەنێکی دیکەی گرینگیی زمانی دایکی ئەوەیە کە مرۆڤ لە زمانی خۆیدا هۆشیارترە، ئاخر زمان پێوەندییەکی پتەوی لەگەڵ بیرکردنەوەی ژیربێژانە و بەپرسیار و ڕەخنە هەیە، ئەو چەشنە بیرکردنەوەیەش ڕەهەندە جۆربەجۆرەکانی تێگەیشتن دەپشکنێت و مرۆڤ لە سۆنگەی ئەو خەسڵەتە گرینگەیەوە دەتوانێت ئاسانتر لە هەبوون و فرەیی ڕاستییەکان تێبگات. بێجگە لەوانەش، توێژینەوە دەمارزانییەکان نیشانیان داوە کە منداڵ لە سەرەتای تەمەنییەوە زۆر زیاتر توانای فێربوونی زمانی هەیە و لە تەمەنی سەرووی ١٠ ساڵانەوە درەنگتر دەتوانێت فێری زمان ببێت، بۆیە گرینگە هەر منداڵێک بواری ئەوەی هەبێت کە لە سەرەتاکانی تەمەنییەوە فێری زمانی دایکیی خۆی ببێت و لانی کەم قۆناغی بنەڕەتیی خوێندنی بە زمانی دایکی بێت.

باسکردن لە گرینگایەتیی زمانی دایکی زۆر ئاو هەڵدەگرێ، خۆ ئەگەر لەبەر تیشکی ئەو چەند هۆکارەی سەرەوە سەرنج بدەینە زمانی کوردی، بەتایبەت لە پارچەکانی ڕۆژهەڵات و باکووری کوردستان، دەبینین دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بە هیچ شێوەیەک بواریان نەداوە بەوەی کە منداڵانی کورد لەو دوو پارچەیەدا بە زمانی دایکیی خۆیان قۆناغی بنەڕەتیی خوێندن بئەزموون. لەبەر ئەوە باسی باشوور و ڕۆژاوای کوردستانم جودا کردووەتەوە، چونکە لە باشووری کوردستان لانی کەم لە دەیەی ١٩٧٠ی زایینییەوە بوار بە پەروەردە و خوێندن بە زمانی کوردی دراوە و لە سەرەتای دەیەی ١٩٩٠یشەوە بەشێکی ئەو پارچەیەی کوردستان ئازاد بووە و پەروەردە و خوێندن بە زمانی کوردییە. هەرچەند دەوڵەتی داگیرکەری سووریەش پێشتر هیچ مافێکی بە کوردانی ڕۆژاوا ڕەوا نەدیوە، بەڵام ئەوە پێنج شەش ساڵێکە دەسەڵاتێکی خۆبەڕێوەبەر لە ڕۆژاوای کوردستان هەیە و ئەوەندەی ئاگادار بم لەوێش خوێندن بە زمانی کوردی خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە. بەڵام لە پارچەکانی ڕۆژهەڵات و باکوور، کە هەتا ئێستاش داگیر کراون، داگیرکەران ناهێڵن منداڵی کورد بە کوردی بخوێنێت، کەچی دێڵن لە زانستگە ئەدەبیاتی کوردی بخوێندرێت، یان جاری وایە بوار بە چاپ و بڵاوبوونەوەی چەند گۆڤار و کتێبێک لە ژێر چاودێری و سانسۆردا دەدەن، مەبەستی سەرەکیی ئەوان ئەوەیە کە قۆناغە گرینگەکەی فێربوونی زمان لە منداڵی کورد بستێنن و زمانی داسەپاوی خۆیانی پێ فێر بکەن، بۆ ئەوەی وای لێ بکەن نەتوانێت لە زمانەکەی خۆیدا بیر بکاتەوە و نەتوانێت کردە زمانییەکانی خۆی بە ئاسانی لەکار بێنێت و بەناچاری لە زمانی ئەوانەوە تێگەیشتنی خۆی لە دنیا و هەبوون دەرببڕێتەوە، واتە لە فەرهەنگی ئەوانەوە فێری بیرکردنەوە و دەربڕین ببێت، تاکو ئەوان ئیدیعا بکەن، کە زمانی دایکیی ئینسانی کورد توانای دەربڕینی ڕەهەندە قووڵەکانی هەبوونی نییە.

سەربارى ئەوەى كە داگیركەرانى كوردستان بواریان بە زمانى كوردى نەداوە، بەڵام نەتەوەى كورد، وەكو نەتەوەیەكى خاوەن شارستانییەتیى دێرین، كە بەرهەمى زمانەكەیەتى، تا ئێستاش هەر زیندووە. ئەم ڕاستییەش لە ماوەى سەدەى ڕابردوودا سەلماوە و بە هەر زەحمەت و مەینەتییەک بووە، كارى لەسەر كراوە و ئەوەى لێ وەدیار كەوتووە، كە زمانى كوردى زمانێكى نەزۆک نییە؛ بەو واتایەى كە ئەگەر بوارى پێ بدرێت پێكهاتەى جەستەیى، واتە پێكهاتەى ڕێزمانیى زمانى كوردى تواناى ئەوەى هەیە، لەسەر پێوانەى دەربڕینە سروشتییەكەى خۆى زاراوە و چەمک و دەربڕینى نوێ ڕۆبنێت و خۆى لەگەڵ گۆڕانە زانستى و مۆدێرنەكان بگونجێنێت. قسەكردن لەم بابەتە لە كورتەدوانێكى ڕۆژنامەوانیدا ناتوانێ بپەرژێتە سەر ئەوەى بە شێوەیەكى زانستى تایبەتمەندییە جەستەییەكانى زمانى كوردى بخاتەڕوو، بەڵام بە بوێرییەوە دەتوانم ئیدیعا بكەم، زمانى كوردى تایبەتمەندیى خۆگونجاندن لەگەڵ مودێرنیتێ و زمانى زانستە سروشتى - ئەزموونى و مرۆڤییەكانى هەیە. سەبارەت بەوەیشى كە چون كار لەسەر ئەو تایبەتمەندییانە بكرێ بۆ ئەوەى وەک زمانێكى زیندوو لە گشت بوارەكانى هزر و بیركردنەوەدا كارى پێ بكرێ؟ دەتوانم بڵێم، بەداخەوە ئێستا، بەتایبەت لە كوردستانى ئازاد (باشوورى كوردستان) سەربارى ئەوەى كە دەسەڵاتى سیاسى و ئابووریى هەیە، كەچى تا ئێستا سیاسەتێكى دیار و لەویش خراپتر پلانى زمانیى ئەوتۆ نییە، كە بتوانێ پەرە بە توانا هێزەكى و كەمتر كارلەسەركراوەكانى زمانى كوردى لە بەرەگەى دنیاى نوێ و شەپۆلەكانى مۆدێرنیتێدا بدات، بەپێچەوانەوە ئەگەر بتەوێ سەرنج بخەیتە سەر كتێبەكانى خوێندنى كوردى و چاپەمەنى و ڕۆژنامە و گۆڤار و، تەنانەت زمانى نامەگەلى ڕێنوێنى و كاروبارى دیوانسالاریى نێو دامودەزگاكانى میریشەوە، دەبینى ئاڵۆزییەكى وەها بەسەر هەرسێ بوارى ڕێزمان، ڕێنووس و وشە و وشەسازیى كوردیدا زاڵە، كە لەجێى ئەوەى خزمەت بە زمانەكە بكات، بەرەو لاوازیى دەبات. بۆیە بە ڕاى من، پێویستە لە كوردستانى ئازاد بیرێكى خێرا لەو ئاڵۆزییە زمانكوژە بكرێتەوە و لە پارچەكانى دیكەى كوردستانیش، مادام داگیركەران مۆڵەتى خوێندن بە زمانى كوردى نادەن، خانەوادەكان خۆیان هەوڵ بدەن منداڵەكانیان پێش ئەوەى بچنە بەرخوێندن بە زمانى داگیركەر و داسەپاو، فێرى خوێندن و نووسین بە زمانى دایكیى خۆیانیان بكەن و بە هەر ڕێیەكدا دەگونجێت هەوڵ بدەن كتێبخانەیەكى كوردى لە ماڵەكانى خۆیاندا پێک بێنن و جودا لە بەرهەمە زانستى و ئەدەبى و كەلەپوورییەكان، ئەو كتێبە ڕێزمانییانەش دابین بكەن، كە بۆ فێركردنى ڕێزمانى كوردى نووسراون. جوادا لەوەش پێویستە نەتەوەى كورد لە ڕێى چالاكیى مەدەنى و خۆپێشاندانەوە، لە بۆنەى جیاجیادا، بەتایبەت لە ساڵهاتى ڕۆژى زمانى دایكیدا فشار بخاتە سەر داگیركەرانى كوردستان و داواى مافى ڕەواى خوێندن بە زمانى دایكى بكات و شێلگیربوون لەسەر ئەو داوایە بكاتە فشار لەسەر ئاسایشى سیاسیى داگیركەران لە نێو كوردستاندا. بە هەرحاڵ، ئێمە دەزانین دژمنانى نەتەوەكەمان بۆ ئەوە ڕێ لە پەرەگرتنى زمانەكەمان دەگرن، چونكە دەزانن گرنگترین بناغەى نەتەوایەتى و هۆشیاریى هەر نەتەوەیەک زمانەكەیەتى، بۆیە ئێمەش دەبێ بە چنگ و بە ددان، نەک هەر زمانەكەمان بپارێزین، بگرە هەوڵ بدەین بە قووڵى فێرى ببین و پەرەى پێ بدەین.



**سووسەن محەمەدخانی ڤیاسوەند: ڕۆژنامەنووس**

زمانی دایکی وەک دڵ و هەناسەیە ئەرە لەشی ئایم. بێ دڵ و هەناسە نمەتینیم بژیییم، ژیان بێ زمانی دایکیژ گاس نەتینم بووشم نماو بەلام مەتینم بووشم فرە سەختە و وەک شکەنجەیە. ئایمێ دیرکەتی ئەژ زمانی دایک، ئایمێ کاملی نیە. ئە ئایمە هیچ کات نمەتینی خاس و ڕاهەت ئە سەرێ گوژ و ژیانی گوژ و پیویستەیلی قسە بکەی. نلسون ماندلا فتیە «وە زمانی کە یەک ئایم هالیە ماوتێ ئە گەردی قسە نەکەن چون قسەتون وە مێشکیە مەرەسی، بەلام ئەر ئە گەردی ئە ئایمە وە زمانی دایکی قسە بکەینون، قسەتون وە دڵیە مەنیشی.». فەوتانی یەک گەل پیویست وە لەشکەر و چەکی شەڕ و چەکوچوڵی نیزامی نیەری. هەر فەقەت کافیە زمانی دایکی ئەژنی بگرین تا وردە وردە کولتورێ گوژ ئە دەس بەی و دەس ئاخریژ گوژیژ ئەناو بچوو.

زمانی دایکی هەر ئەژ ئایلی یەکی ئەژ گرینگترین ئەبزارەیلیکە کە هیمە دیریمون ئەرە یە کە دنیامون خاستر بشداسیم، خاستر و ڕاهەتر ئە گەردی دنیامون و ئایمەیلی ترک ئیرتبات بگریم، ئەرە یە کە بتینیم بووشیم ئە نم سەر و میشک و دلی هیمە چە هەس و چە مەگوزەری و یام بتینیم ئیحساسی گوژمان وە زمان باریم. بەلام ئەرە پەرە گرتنی ئی گوژناسی و ئەژ گوژ فتن و جیهانناسی و ئیرتباتە هیمە پیویست وە یە دیریم کە وە زمانی دایکی دەرس بخوەنیم. چشتی کە بەداخەوە تا ئیسگە هیمەی کورد ئیمکانی ئەوومونە ئە ناو ئیران ناشتیە و هەر یایژە وە تەنیایی مەتینی زیانی فرەی بیەر ژیانی هیمە کورد. یە قسە منێ کورد نیە، میدیایلی فارس پرە، دەسلاتدارەیلی ئیرانە مووشن ئە ناوچەیلی کە زمانی دایکی

ئایلەیلێ فارسی نیە، ئانە نمەتینن وەک ئایلەیلێ فارس دەرس بخوەنن، ئە ناو دەرس خوەنتن سەرکەووت نمێن، ئەرە یە کتێب و کلاس وێیلە مەکەن. ئە ئایلەیلە گوناهی نیەرێن. مسالی خاسی ئەرێنی هەس «وەک یەسە هومە بێتون یەکی وە پا شەیل ئە ناو موسابقە دو ماراتون شرکەت بکەی» خا هەر وەرێژ موسابقەیژ خاس دیارە کە هیچ کات سەرکەووت نماو.

هیمە تەنیا و ئەوەل ئەژ گشت نەباس قەبول کەیمون وە زمانی داگیرکەرەیلی کوردستان قسە بکەیم و دەرس بخوەنیم. یایژە پیویست وە ئیتحادی گشتی کوردی دێرێ. بەداخەوە من فرە دیمە تەنانەت ئە ناو پارتەیلی کوردی کەسەیلێ کە مووشن هیمە وە زمانی رەسمی موشتەرەک ئە ناو ئیران پیویستمونە بەلام هیچ کات فکر نمەکەن هەنی بچیمە ژێر هژمونی زمانی داگیرکەرەیل یا هەر زمانی ترک یە ئەوەل ئەژ گشت کومەڵگا و کولتور کوردە، ئایلێ کورد و زمانی کوردیە کە زیانە مەینێ. هەنی ئە ژێر ئێ هژمونیە هاتیمە دەرێر وە ئاسونی رێگای پەرەداینی زمان پیا مەکەیمون. هەر چەن زاراوەیلێ سورانی و کرمانجی بەخشی ئەژ ئێ رێگا چنە. بەلام زاراوەیلێ کوردی خوارین چون میدیا ناشتنە، پارت ناشتنە، وە فرە چشتی ترکیژ ناشتنە ئەرە یە وە ئاوردانەوەی تایبەت پیویست دێرن.

بە رای من یەک زماناناس خاسترە مەتینی ولامی ئێ پرسیارتانە بێ. من هەر یە مەتینم بووشم نە فەقەت کوردی، هەر زمانی ترکیژ کە دەرفەتی گەشە پیاکردن داشتیە، ئە بوارەیلی جوربەجور زانستی، فکری، کومەڵگایی و ... تینستیە پەرە بگری. یە نیە کە بووشیم باس زمان هەتمەن تایبەتمەندییەیلی دەگمەن داشتووتی تا بتینی هەلی گەشە پیا بکەی. زمانەیلی زنێ کە ئیستا ئە نم دنیا دیریم تەنانەت ئینگلیزی هەر ئەژ ئەوەل ئەجوورە نێینەسە. ئە سەرێ ئێ زمانەیلە کار بیە، وشەناسەیل و زماناناسەیل وشە بەرهەم ئاوردنە. ئی زمانەیلە ویرای گەشە زانست، پیشکەوتنە. زمانی کوردیژ هەرئیجورە. بەتایبەتی زاراوەیلی کرمانجی و سورانی. ئەژ ئورەیلە کە کرمانجەیل و سورانیەیل زانکو داشتنە، راگەیاندنەیلێ گشتی و پارتی داشتنە، دەرفەتێ کتێب بلاوی کردن داشتنە خا وە نسبەتی زاراوەیلێ ترک هەلێ گەشە پیا کردنە. یانی میا بووشم بە باواری من یە هەڵەیە کە هیمە فکر کەیم تایبەتمەندییەیلێ دەگمەن باس ئە ناو زمان بوو تا بتینی ئە بوارەیلی جوربەجور پیشبکای. زاراوەیلی کوردی ئەرە پیشکەتن، پیویست بە کەرەستە و ئیمکانات دێرن، زماناناس و وشەناس، خەڵکی دەروەست و پسپۆڕ نە تایبەتمەندییەیلێ بەرچاۆ.

-----------------------------------------------



**فەرەیدوون ئەرشەدی: شاعیر**

زمانی کوردی یەکێ لە زمانەکانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و هەڵکەوتوو لە جوغرافیای سیاسی و فەرهەنگی نێوان وڵاتانی ئێران، تورکیا و عێراقی ئێستادا. ئەم زمانە بە چەند زاراوەی سەرکییەوە، لە کۆنترین زمانەکانی ئەم ناوچەیە دێتە ئەژمار. لە هەمان کات دا، یەکێ لە داخراوترین زمانەکانی ئێستای ناوچەکەیە. داخراوە لە بەر ئەوەی لە سیستەم و ڕەوتی دیپلۆماسی و ئابووری و پێوەندییەکانی ناوچەکەدا، بەشدار و کارا نییە.

هۆکاری بەشدار و چالاک نەبوونی ئەم زمانەی ئیمە، لە سیستەم و چەرخەی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی ناوچەکەدا، دەگەڕێتەوە سەر نەبوونی کیان و دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری ئەو میلەتەی بەم زمانە قسە دەکەن.

ئەوەی تا ئێستە ئەم زمانە بێ دەسەڵات و کەم مەودایەی هێشتوەتەوە، لە خاڵی یەکەم دا، ئەدەبیات و شیعرێکی زۆر دەروەستە، لە نیوسەدەی ڕابردووش دا، بەتایبەت بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە سەرانسەری کوردستان دا، کە دیارترینیان کۆماری کوردستانە و پاش کۆماری کوردستان لەم ساڵانەی دوواییدا، پاش دەستەبەر بوونی نیمچە دەسەڵاتی باشووری کوردستان، مەوداکانی خۆی فراوانتر کردوە. ئەڵبەتە تەنیا لە ئیدارە و مۆئەسساتی ناوخۆیی دا.

گەرەکمە ئەو بیژم کە زمانی هەر نەتەوەیەک، تەنیا بە پێوەری ناوخۆیی و هەست و عاتیفەی تاکەکان ناپارێزرێ و گەشە ناکات، ئەگەر زمان لە دانان و پەرەپێدانی کیان و دەسەڵات و سیستەمی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی دا، بەشدار و کارا نەبێت، تەنیا بۆ بەردەنگی ناوخۆی خۆی زیندووە و کارا.

بە بۆچوونی من، زمان، مەسەلەیەکی ستراتژیکی زۆر گرینگە کە ناسنامەی هەر نەتەوەیەک بونیاد دەنێ.

بەڵام ئەگەر ئەو زمانە، لە ئاستی دیپلۆماسی، زانست و کاری ئیداری کۆمەڵگا و پەروەردە دا، بەشێوەی ڕەسمی چالاک نەبێت، تەنیا زمانی ماڵ و منداڵ و کۆڕی فەرهەنگی و ئەدەبیی و بەلانی زۆرەوە، گۆڤار و ڕۆژنامە و تەلەفیزیۆنە ناوخۆییەکان دەبێت.

زمانی کوردی، وەکوو هەموو زمانە هاوشێوەکانی لە جوغرافیای سیاسی و کلتووری ئێمەدا، زمانێکی کۆن و پڕ وزە و ئامادەی بەشداری کردنە لە بەڕێوە بردنی ئەرکی ئیدارە کردنی کۆمەڵگا و پەرە پێدانی ئاستی زانیاری و وشەسازییە.

ئەگەر ئەم زمانە، کیانێکی سیاسی، هەوڵی بەرەسمی ناساندنی ئەسەلات و تواناکانی لە بەستێنی پێوەندی مرۆڤانی ئەم ناوچەیەی ئێدا نەدات، هەر وەک هەمیشە تەنیا و تەنیا مەسرەفی نێوخۆیی هەیە، هەستی ڕوشاو و غروری شکست خواردومان ڕازی دەکات و ناتوانێ سنوورەکانی خۆمان بەرەو ناساندنی وەک زمانکی زیندوو. ببەزێنێ.

هەوڵی تاکە کەسی و بنەماڵە و ئەنجومەن و مەحفیڵ و کلووپ و کافەکان،لە پرۆسەی گەشە پێدان و بەڕەسمی کردنی ئەم زمانە دا، کاریگەرن بەڵام، تا زەمانێک دەسەڵاتێکی ڕاستەقینە، زمانی کوردی وەک زمانی ڕەسمی لە دیپلۆماسی دراوسێیەکانی دا و لە سیستەمی پەروەردە و ڕاگەیاندنی دا، وەک سەرەکی ترین کۆڵەکەی پاراستنی ماڵی کورد بە کار نەهێنێ، هەوڵەکان دڵسۆزانە و کورت مەودا دەبن.

زمانی کوردی، سەرەڕای هەموو گرفت و کەمیی مەودای پێوەندییەکانی، وەک هەموو زمانە زیدووەکانی دونیا، خاوەنی خەسڵەت وتایبەتمەندی و توانای فرە گەورە و گونجاوە.

خەسارەی گەورەی ئەم زمانەش کە تا ئێستە بە هۆی نەبوونی دەسەڵاتێکی سەربەخۆی سیاسی، ستانداردەکەی دیار نییە، دابەش بوونیەتی بەسەر دوو "پیتی" ئارامی و لاتینە.

من بۆ خۆم لە هیچ وڵاتێکی دیکەی دونیادا نەمدیوە کە یەک زمان بە دوو پیت بنووسرێ! بە داخەوە هەر ئەم کێشەیە، خەریکە دووپارچەی گەورەی کوردستان لە باری فکری و کلتوورییەوە لەیەکتر دوور و دوورتر دەکاتەوە.



**جەواد حەیدەری: نووسەر و وەرگێڕ**

**زمانی کوردی لە باشووری کوردستان لە مەترسیدایە**

یادی زمانی دایک لە کاتێکدا دەکەینەوە کە نەتەوەکەمان لەبەردەم چەندین هەڕەشەی نەیاران و دوژمناندایە، هەمووان بارودۆخی باشووری کوردستان دەزانن و پێویست بەوە ناکات من باسی لێوە بکەن، ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هەموو لێی ئاگادارن و باکوور و ڕۆژئاواش کەوتونەتە بەر لاشاوی هێرشی ڕەگەز پەرستەکانی تورک و ڕۆژ نییە بە دەیان کەس لە خوشک و براکانمان شەهید و بریندار نەبن.

هەنووکە ئێمەی کورد لەهەموو بوار و لایەنەکانەوە بەردەم لەناوچوون و هەپروون بە هەپرووندایین. خاک و نیشتمان و ئاڵا و سەروەت و سامانی سروشتی و .. هتد هەمووی لەبەردەم مەترسییەکی گەورە دان.

ئەوەی لێرەدا دەمەوێت بە کورتی باسی لێوە بکەن زمانی کوردییە کە بەداخەوە خەریکە بەرەو لەناوچوون دەچێت، بە تایبەتی لە باشووری کوردستان، میدیای کوردی بە تایبەتی میدیای باشوور ئەوەی کە نەیارانی کورد بە زمانی کوردییان نەکرد ئەوان دەیکەن و ڕۆژانە لە میدیای باشوور (چ بینراوە و چ بیستراو و چ نووسراو) کە چۆن وەک قەسابێک کەوتوونەتە گیان زمان و ڕێنووسی کورد و ئەوەی خوا پێی ناخۆشە بەم زمانەی دەکەن و کەسیش نییە متەقی لێوە بێت. بەداخەوە میدیای باشوور خەریکە کاریگەری خراپیش لەسەر پارچەکانی تر بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دادەنێت و ئێستا زۆربەی میدیاکارانی باشوور خۆیان بە زمانزان و زمانناس دەزانن و ڕۆژانە چەندین وشەی بێ سەرو پێ کە خۆیان نەبێت کەس نازانێت لە کوێوە هاتووە و کورد وتەنی لە قوتوی هیچ عەتارێکدا نییە.

پێموایە ئەگەر ئاوا بڕوات ئەشێ لەم بەشە لە کوردستان فاتیحای زمان و ڕێنووسی کوردی بخوێنین ، ئەوە باسی بەشی وەرگێڕان ناکەم کە ئەوەیان وێرانە و جێی قسەی بۆ کەس نەهێشتۆتەوە. ڕۆژانە بە دەیان کتێبی وەرگێردراو بە سەقەتی و نوقسانی دێتە ناو کتێبخانەی کوردی کە دەبێتە لە داهاتوودا لیژنەیەک بۆ پێداچوونە و ڕاستکردنەوەی هەڵە زەقەکانی ئەو کتێبانە پێکبهێندرێت.

شتێکی تر کە پێویستە بوترێت بۆ زۆربەی ئەو کوردانەی کە لە هەندەران دەژین منداڵەکانیان بە باشی فێری کوردی نەکردووە و ئەمەش مەترسییەکی گەورەیە، چونکە نوام چۆمسکی زمانزان و بیرمەندی ئەمریکی دەڵێت: هەرکەسێ زمانی دایکی بە باشی نەزانێ زمانەکانی تریش بە باشی فێر نابێت. هیوادارم دایک و باوکان لەوبارەیەوە هەوڵی خۆیان بخەنە گەڕ بۆ ئەوەی کە منداڵەکانیان لەپاڵ زمانە دەرکییەکان زمانی زکماکی خۆیشیان بە باشی فێر ببن و هەموومان بتوانین خزمەتی زمان و کلتوری خۆمان بکەین.



هادی عەزیزی: مامۆستای زمانی کوردی

وێڕای پیرۆزبایی لە هەموو مرۆڤایەتی بە گشتی و نەتەوەی کورد بە تایبەتی، دەمهەوێ ڕاستەوخۆ بچمە سەر وەڵامی پرسیارەکان و هیچ باسێک لە سەر مێژووی ماتریاڵی زمانی کوردی نەکەمەوە، چوونکە هەست دەکەم وەک زنجیرەیەکی تێهەڵکێش کۆمەڵێک ئاخافتن و نووسینی دووبارە و چەندبارە دێنێتە پێشەوە کە هەموومان زۆر جار بیستوومانە یان خوێندوومانەتەوە.

وەک گرینگی زمانی کوردی، بە پلەی یەکەم ژێئۆپۆلتیکی کوردستان یان جوگرافیای سیاسی کوردستان و سنووری هەموو سەرحەدەکانی وڵات دیاری دەکا و بناغەی فەرهەنگیش دادەڕێژێتەوە.

هەر بۆیەش داگیرکەرانی کوردستان بە بەردەوامی ویستوویانە خاکی کوردستان لە ژێر هاڕینی ئاسمیلاسیۆن و کۆچبەرکردنی زۆرەملێی کوردان، لە نەتەوەی کورد پاک بکەنەوە هەتا لە پانتایی و بەرینی و جوگرافیای سیاسی کوردستان کەم ببێتەوە.

زمانی کوردی لەو دەگمەن زمانانەیە لە دونیادا کە هەموو وشەکانی بە بێ هەبوونی ناوەندێکی زمانەوانی، لە سروشت وەرگیراون و ژینگەی کوردەواری راستەوخۆ لە داڕشتنی زمانی کوردیدا کاریگەرە و سەلمێنەری ئەو حەقیقەتە ئەوەیە کە نەتەوەی ئێمە دوای ئەو هەموو نەهامەتیە هەتا ئێستاش زمانەکەی بە هەموو شێوەزارەکان و لکەزارەکانی وەک خۆی ماوەتەوە. تەنانەت لە دراوسێیەکانی کوردستان بە تایبەت زمان و وێژەی داگیرکەرانی کوردستان، سەرەڕای زاڵبوونیان نەیانتوانیوە بەوشێوەیە کە ویستوویانە دەست بخەنە زمانی کوردییەوە یان وشەکانی زمانی ئێمە وەکوو غارەت کردن، بۆ زمانی خۆیان بگوازنەوە.

### بەرامبەر بە خۆمان؛

ئێمەی کورد دەبێ بە هەر شێوەیەک بێ ناوەندێکی زمانی کوردی بە پاڵپشتی سیاسەتی نەتەوەیی و ئابورییەکی بەهێز دابمەزرێنین، هەتا بتوانین تەواوی ئەو کەلەبەرانەی زمانی کوردی لەهەمبەر نوێکردنەوەو دانانی زمانی فەرمی و ستاندارد بۆ دامو و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و سیستەمی پەروەردە، بدوورینەوە.

لە ساڵەکانی سی زایینی سەدەی ڕابردوو و بە هاتنە ئارای تیپی لاتینی کوردی لە ناوچەکانی باکووری کوردستان و قەوقاز و ئەرمێنیا، بە جۆرێک دو دەستەییەکی گەورە و دابڕانێکی گەورە لە نێوان ئێمەی کوردا دروست کردووە کە بە لاتینی و بە ئارامی دەنووسین. خاڵێکی دیکە کە ئێمەی کورد بە دەستییەوە دەناڵێنین بە سیاسی کردنی زمانی کوردیە، کە بە ئاشکرا لە ڕاگەیاندنەکانی باشووری کوردستان دەبیندرێ وهەر ڕاگەیاندنێک بە میکانیزمی بەکارهێنانی وشەی باو ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆی، بە تایبەت لە شێوەزاری کورمانجی ناوەڕاست یا سۆرانیدا کەلێنێکی گەورەیان درووست کردووە.

### خاڵی سێهەم؛

سەرهەڵدانی نووسین بە شێوەزارەکانی هەورامی و زازاکی و کەڵووڕییە کە لەو دواییانەدا هەر کامەیان حەول دەدەن بە

نووسین و خەتی تایبەت، بە جۆرێک لە جۆرەکان خۆیان لە شێوەزارەکانی دیکە جیا بکەنەوە و لە کتێبخانەی کوردیدا ئەم باسە بێننە ئاراوە کە شێوەزارەکانی کورمانجی و سۆرانی ستەمیان لە زارەکانی دیکە کردووە.

**خاڵی چوارەم؛**

دانانی فەرهەنگستانێکی وشە بۆ کۆکردنەوەی وشەکانی زمانی کوردی لە هەموو شێوەزارەکاندا و هەروەها نووسینەوەی ئەدەبی زارەکی کوردی هەتا بە چاودێری لێکدانەوەی وشەکان بە شێوەیەکی زانستی ڕەچەڵەک و ئیتۆمۆلۆژی، ئەو روناکاییە دەوڵەمەندە بخاتە بەرچاوی تاکی کورد، کە بنەچەک و بنەوانی زمانی کوردی لە هەموو زارەکاندا یەک شتەو و هەبوونی شێوەزار و لکەزار لە سەر ئەساسی جوگرافیای کوردستان دەوڵەمەندی بە زمانی کوردی بەخشیوە.

**خاڵی پێنجەم؛**

تێکشکاندنی ئەو دیوارەی کە نەیهێشتووە زمانی کوردی وەک نەبوونی دەوڵەتێکی نەتەوەیی لە دوای ڕۆنێسانسەوە بە دونیای پیشەسازییەوە بلەکێت و کەلە قۆناغی دەوڵەت - نەتەوەدا سازی و ڕێکخراوی تایبەت بە گەشەکردنی زمانی نەبووە، هەتا زمانی کوردی لە رووبەری کۆچەری بپەڕێنێتەوە.

**خاڵی شەشەم؛**

هاندانی زیاتر بۆ وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی لە بوارەکانی فەلسەفە و کۆمەڵناسی و پزیشکی و پیشەسازی و سیاسەت و هونەر و هتد، هەتا زمانی کوردی لە چوارچێوەی هەڵبەست و گۆرانی و چیرۆک و بەسەرهات نەهێڵێتەوە و پێشکەوتنەکانی مرۆڤایەتی بە واتای خۆی جێ پێی لە ناو زمانەکەماندا بکاتەوە.

لە بەشی کۆتایی ئەم باسەدا، وەک خاڵێکی وەچەرخان لە مێژووی زمانی کوردیدا، ئێمە دەبێ ئەو هزرە وەک خەت دابرێژینەوە کە بتوانین لە پەنجەرەیەکی کوردییەوە چاو لە دنیا بکەین. واتای ئەم روانینە، لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێ کە زۆرینەی تاکی کورد بە کوردی بیر ناکاتەوە و لە ناو مێشکیدا بە تورکی، فارسی و عەرەبی لێکدانەوەانی هەلاجی دەکا و دواتر بە کوردی دەیڵێ، کە ئەم میکانیزمە تەنیا بەفەلسەفەی زمانی کوردی تێکدەشکێندرێت.

کاتێک ئێمەی کورد، لێکدانەوەکانی ناو مێشکمان بەشەپۆلێکی کوردی هەڵسەنگێندرێت، بەستێنێکی گەورە بۆ هزر و رامانمان دەخوولقێت و وەک پێداگری لە ئاخافتنی کوردی بۆ هەمان هزر، دەتوانین پردی نێوان نوێگەری و رابردووش هەڵبچنین و بە پاراستنی توخمی وشەکانی زمانی کوردی، تەنانەت داهێنان لە وشەی نوێشدا بکەین.

ئەم جۆرە هزرە دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ درووستکردنی وشەی نوێ و تامەزرۆکردنی نەوەی نوێ بۆ لای زمانی زگماکی خۆیدا و پەرژینێکی توند و تۆڵ لە بەرابەر هێرشی فەرهەنگی و زمانی بێگانە و داگیرکەراندا، درووست بکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کانونی نووسەرانی کوردستان - ڕێکەوتی: ٢١ی فێبریوێری ٢٠١٨

----------------------------------------

## زمانی دایکی، دەروازەی گواستنەوەی فەرهەنگ و بەهاکانە



وریا غەفووری

ڕۆژی ٢١ی شوبات یان دووی ڕەشەمە لە لایەن یوونسکۆوە وەک ڕۆژی جیهانی زمانی دایکی دەستنیشان کراوە. بێگومان دیاری کردنی ڕۆژێکی جیهانی بۆ زمانی دایکی، گرنگیی ئەم بابەتە بەرجەستەتر دەکات.

٢١ی شوباتی ١٩٥٢ کۆمەڵێک خوێندکاری زانکۆکانی داکا پایتەختی ئێستای بەنگلادش، کە ئەو کات ژێردەستەی پاکستان بوو و بە پاکستانی ڕۆژهەڵات دەناسرا، لە بەرانبەر زاڵ و سەردەستی کردنی زمانی ئوردوو وەک زمانی فەرمی دام و دەزگاکانی حکوومەت و زمانی خوێندن لە وڵاتێکی فرە نەتەوەدا، ڕێپێوانێکی ئارامیان ئەنجام دا، بەڵام پۆلیسی پاکستان ڕووبەڕوویان وەستا و تەقەی لێیان کرد و لە ئەنجامدا ١١ خوێندکار گیانیان بەخت کرد. پاش سەربەخۆ بوونی بەنگلادش

لە پاکستان و لە سەر داوای ئەم وڵاتە، یوونسکۆ ساڵی ١٩٩٩ ئەم ڕۆژەی وەک ڕۆژی جیهانی زمانی دایکی ناساند و داوای لە دەوڵەتانی جیهان کرد کە ڕێز لە زمانی دایکی بگرن.

لە ڕووی زانستییەوە بۆ ئەو مەترسییانەی کە هەڕەشە لە بوونی زمانەکان دەکەن، زیاتر باس لە دوو پێوەر دەکرێت؛ پێوەری کریستاڵ و پێوەری فیشمەن. کە هەر کام لەمانە چەندین قۆناغ بۆ ئەو زمانانەی مەترسی و هەڕەشەی لەناوچوونیان لەسەرە، دیاری دەکەن. دیارە لێرەدا لەم ڕۆژهەڵاتی جیهانەدا ناتوانین باسەکەمان بەم پێوەرانە و قۆناغە دیاریکراوەکانیان بپێوین و ناچارین باس لە جۆرێکی دی لە هەڕەشە بکەین کە زیاتر تایبەتی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتە و لە کەمتر شوێنێکی جیهاندا ئەم شێوە ڕەفتار و هەڵسوکەوتە لەگەڵ ئەتن و زمانی جیا لە ئەتن و زمانی سەردەست، بە دی دەکرێت.

لێرە لە ڕۆژهەڵات، مۆدێرنیزاسیۆن بە دەوڵەت - نەتەوەکانەوە دەست پێدەکات و ئەم دەوڵەت - نەتەوانە، سەرکەوتنی خۆیان لە یەکدەست کردن و یەکسان کردنی کۆمەڵگادا دەبیننەوە و سیاسەتە کورتخایەن و درێژخایەنەکانیان بە پێی ئەوە دادەڕێژن و یەکەم هەنگاوی ئەم کارەش بە نکۆڵی و سڕینەوەی فرەکولتوری و هێنانی هەموو بۆ ژێر چەتر یەک ئەتن کە دواتر دەبێتەوە نەتەوە سەردەست دەبینن. هەربۆیەش لێرە و بۆ ئەوان ئەوەی هەیە "ئێمە"یە و دەبێ "ئێوە" و "ئەوان"ەکان بە هەموو شێوەیەک بسڕدرێنەوە. کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیست لێرە ئاوا دەست پێدەکات و بەردەوام دەبێ.

سڕینەوەی هەموو بوونەکان و بە "ئێمە" کردنیان تاکە تایبەتمەندی هەموو دەوڵەت - نەتەوە تازە دامەزراوەکانی ڕۆژهەڵاتی جیهانە. ئیدی کەسێک نییە بیر بکاتەوە کە ئاخۆ سڕینەوەی دیکەی کولتوور و ئەتن و زمانەکان، کام دەرد لەم وڵاتە نەمەییوانە دەرمان دەکا، جگە لەوەی کە دەیان دەردی بە دەردە کۆنەکانیان زیاد کردووە. ئاخۆ نکۆڵی لە بوونی کەم نەتەوە و نەتەوەکانی دیکەی دانیشتووی خاکێک کە پێدەچی هاوبەش بێت، ئێستاشی لەگەڵ بێ کام دەردی لێیان دەرمان کردووە یان کەم کردووەتەوە. ئاخۆ ئەگەر بە مودێڕن بوون لە سەر بنەمای فرەکولتووری و فرە نەتەوە دابمەرزابا، پێگەی ئێستا ڕۆژهەڵاتی جیهان، ئەمەی ئێستا دەبوو. دروست بوونی سەدان شەڕی خوێناوی لە ناوچەکە و بەفیڕۆ دانی سامانی ناوچەکە بۆ سەرکوت کردنی هەرچی سەرهەڵدەر و مافخوازە، چ خەسارێکی قەرەبوو هەڵنەگری لە سەرجەم خەڵکی ناوچەی ڕۆژهەڵات بە نەتەوەی سەردەستیشەوە داوە؟

ئاخۆ قازانجی ئەم شێوە ڕەفتارە کە ئێستا بووەتە ستراتیژی بەشێکی زۆری دەوڵەتانی ناوچەکە، چی بووە و گیرفانی کێ

چووە؟ باشە ڕێگە پێدانی یاسایی بۆ خوێندن و نووسین بە زمانی دایکی کام خەساری قەرەبووهەڵنەگر لە کام دەسەڵاتی دسپۆتی ناوچەکە دەدات کە ئێستاشی لەگەڵ بێ لانیکەم سەد ساڵە ئەم سیاسەتە پەیڕەو دەکرێت و هێشتاش هیچ کەس خەیاڵی کۆتایی هێنانی بەم ڕەوتە نییە.

هەرچەندە ئەم هەویرە ئاوی زۆر دەوێت و یاداشتێکی کورتی لەم شێوە، دەرفەتی باس کردن لە سەرجەم لایەن و ڕەهەندەکانی بابەتەکەمان پێنادات، بەڵام با کورتی ببڕینەوە؛ بە بڕوای نووسەری ئەم دێڕانە، بەردەوام کردنی ئەم ڕەفتارە بە ناو سیاسییە، جگە لە ناتێگەیشتن یان هەڵەتێگەیشتنێک لە بابەتەکە، هیچی دی نییە و سووربوون لە سەر درێژەدان بەم ڕەفتارە، سووربوونە لە سەر بەفیڕۆدانی سامانی زیاتر و بەردەوام بوونی شەڕ و خوێنڕشتنی بە ناحەق.

سەرچاوە: ماڵپەڕی واکاوی - ڕێکەوتی: ٢١ی فێبریوێری ٢٠١٨

-----------------------------------------------------

## لە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکدا




**کامران حاجی**

تا ئێستا دیالیکتێکی زمانی هاوبەشی نەتەوەیی کورد نییە لە نووسین و بواری ئەدەبییدا

زمان ناسنامە و کۆڵەکەی ژیان و مانی نەتەوەیە. هەر نەتەوەیەک زمانەکەی لێ بسەنرێتەوە، خۆشی لەنێو دەچێت و دەفەوتێت، هەر نەتەوەیەک ئەگەر سەربەخۆییشی نەبێت، بەڵام زمانەکەی خۆی بپارێزێت، هەرگیز نامرێت و هەر ڕۆژێک دێت کە سەر دەکەوێت و سەربەخۆ دەبێت.

ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٢، پاش سەربەخۆبوونی هندستان لە ساڵی ١٩٤٦دا، و پاشان جیابوونەوەی پاکستان لە هندستان، کە ئەوکاتە ویلایەتی بەنگلادیش بەپاکستانەوە لکێندرابوو، لەو سەردەمدا زمانی فەرمی پاکستان لەهەر دوو بەشی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلات زمانی ئۆردوو بوو، بەشی ڕۆژهەڵاتی پاکستان کە بەنگالی بوون، ناچارکرا بوون زمانی ئوردوو لەپەروەردە وخوێندن و چەندین بواری تری ژیاندا بەکاربهێنن.

هەر بۆیە لەساڵی ١٩٥٢ کۆمەڵێک قوتابیانی زانکۆی بەنگلادیشی کەمپینێکیان بۆ زمانی بەنگالی ساز دا، تا لە هەرێمەکانی ڕۆژهەلاتی پاکستان بەکار بهێنرێ، بەلام حکوومەتی ئەو سەردەمەی پاکستان، داواکاری قوتابیاني ڕەت کردەوە قوتابیاني بەنگالدیش بانگەوازی مانگرتنێکی گشتییان ڕاگەیاند و پێداگرییان لەسەر داوا ڕەواکانی خۆیان کرد.

ئەوە بوو سەرلەبەیانیی ڕۆژی ٢١ی مانگی شوباتی ساڵی ١٩٥٢ پۆلیسی پاکستان بە فەرمانی دەوڵەت تەقەی لە قوتابیاني زانکۆ کرد و لە ئەنجامدا چەندین قوتابی گیانیان لەدەست دا، هەر بۆیە بە ئامانجی ڕێزگرتن لە زمانەکانی سەرجەم نەتەوەکانی جیهان، لە ڕۆژی ٢١ی شوباتی ساڵی ١٩٩٩، لەلایەن ڕێکخراوی کولتووریی نەتەوە یەکگرتووەکان یونسکۆوە بە فەرمی وەکوو ڕۆژی زمانی زگماکی دەستنیشان کراوە.

زمانی کوردیش یەکێک لە زمانە زیندووەکانی جیهانە و لە ڕیزی چلەمین زمانی دنیا دایە، هەرچەند کورد وەک نەتەوە بەسەر چوار وڵاتدا دابەش کراون و شێوەزار و زاراوەکان مەودای جوگرافی و فەرهەنگی و کولتووریان کەوتووەتە نێوان، بەلام زمانی کوردی لە دوو پارچەی باشوور و ڕۆژهەلاتی کوردستان گەشەیەکی زۆری کردووە و لە باشوور هەرچەند هەتا ئێستا زەمانی (پێوەر - هاوبەش) پێکنەهاتووە، بەلام لە ئاستە جۆراوجۆرەکانی خوێندندا بە فەرمی دەخوێندرێت.

گەلی کورد، کە وڵات و خاکەکەی لە لایەن داگیرکەرانەوە سالانێکی زۆرە پارچە پارچە کراوە و لەو نێوەندەشدا لەلایەن دەوڵەتانی داگیرکەر هەوڵدراوە بۆ ئەوەی کلتور و فەرهەنگ و زمانەکەی لە ناو ببرێت و بتوێنرێتەوە، بەلام ئەم هەوڵەی داگیرکەران تا ئێستاش بە ئامانج نەگەیشتووە و کورد وەک نەتەوەیەکی کۆن زمانی تایبەتی خۆی هەیە، کە لە چەندین دیالێکت پێکهاتووە (کرمانجی خواروو، کرمانجی سەروو، ناوەڕاست، گۆران)، بەلام تا ئێستا دیالیکتێکی زمانی هاوبەشی نەتەوەیی کورد نییە لە نووسین و بواری ئەدەبییدا هەر ئەمەشە وایکردووە کوردان کەمتر ئاشنای نووسین و بەرهەمی نووسەرانی پارچەکانی تربن.

ڕێکخراوی یونیسێف چەند ئامارێکی لە سەر زمانی دایک راگەیاند کەبریتین لە:

- نزیکەی شەش هەزار و٧٠٠ زمان لە جیهاندا بوونی هەیە.

- لە ساڵی ١٩٥٠ وە نزیکەی ٢٠٠ زمان لەناوچوون.

- ١٨٤ زمان لە جیهاندا لەلایەن کەمتر لە ١٠ کەسەوە بەکاردەهێنریت.

- نیوەی ژمارەی زمانەکانی جیهان لە ژێر هەرەشەی لە ناوچووندان لەم ١٠٠ ساڵەی، کە دادێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان تیڤی - ڕێکەوتی: ٢١ی فێبریوێری ٢٠١٨

----------------------------------------------

## ڕۆژی جیهانی زمانی دایک




گفتوگۆ: ژینۆ عەبدوڵڵا

هاوکات لە گەڵ ڕۆژی جیهانی زمانی دایک، دکتۆر ئازاد حەسەن فەتاح، مامۆستای وانەی سیمانتکس و پراگماتیکسی وتیوریە سینتاکسیەکان و زانستی زمانی کۆمەڵایەتی خوێندنی باڵا، لەبەشی زمانی ئینگلیزی، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، وەڵامی گرنگی بوونی دیاریکیردنی ڕۆژێک بۆ زمانی جیهانی دایک و پێگەی زمانی کوردی و نە بوونی زمانی یە گگرتووی کوری دەداتەوە. دکتۆر ئازاد، بڕوانامەی ماستەرەکەی، لە دروستەی ڕێزمانی لە تێکستە یاساییە ئینگلیزیەکاندهەیە و، دکتۆرا کەشی لە زانستی زمانی ئیدراکیدا(هۆشەکی) کە لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاریە لەنێوان پاشگرەکانی زمانی ئینگلیزی و کوردیە.

- بوونی ڕۆژێکی لەو شێوەی گرنگی چیە بۆ زیاتر برەو دان بە خزمەتکردنی زمانی دایک؟

* مرۆڤ بەهۆی زمانەوە دەتوانێت خۆی بەدەورو بەرەکەی بناسێنێت وهەڵسوکەوت لەگەڵ دەوروبەریشی بکات لەبەرئەوەی

کە زمـان ڕەنگـدانەوەی مێشکی مـرۆڤە .کەواتە زمـان دنیـابینی ئـاخێوەرانی دەردەخـات. لێـرەوە بۆمـان دەردەکەوێت کەزمـان ناسنەمەی ئاخێوەرانیەتی و لەرێگەی زمانەوە کومەڵگای مرۆڤایەتی هـاتوونەتە دابەشکردن. زمـان ئەو هۆکـارەیە کە هەمـوو دیـاردە کـۆمەلایەتی و سروشـتیەکانی سـەر ئەم گـۆی زەویەی پێدابەشکراوە. تـۆ بـڕوانە ئەگەر زمـان نەبـوایە ئەو هەمـوو گیانەوەرانەی سەرزەوی چۆن پۆلێنـدەکران و چلۆنی لەیەک جـودا دەکرانەوە.هەنـدێک لە زمانەوانەکـان لەو بـڕوایەدان ئەوە زمانە کە بیر و تێگەیشتنمان دیاریدەکات. سەبارەت بە ڕۆژی زمانی دایک، من دەمەوێ ئەوە بڵێم کە تەنها بەزمـانی دایکە کەمرۆڤەکـان بەئـاسانی دیـاردەو ڕووداوەکـانی دەوروبەریـان دەربـڕن و لێبتێدەگەن. تەنهـا یەک نموونە دێنمەوە بـۆ گرنگـی زمـانی دایـک ئەویـش ئەوەیە ٩٠% نووسـەرە بەنـاوبـانگەکـانی جیهـان لەزاناکـان، ڕۆمـاننووس و شـاعیرو درامـانووس هەتـا ڕۆژنـامەنووس و بیـژەری تەلەفزیـونی ئەو کەسـانە بـوون کە مۆنۆلینگـوەڵ بـوون (واتە بە زمـانی دایکیـان) نوسـیوویانە و بیرۆکەکانیان دەربڕیوە. ئەم ڕۆژە گرنگە چونکە لە زۆر شوێنی دینـادا و بەتـایبەت لەم ڕۆژهەلاتـی ناوەراستەدا تـائێستـاش ڕێگە نادرێ کە مندالان بەزمانی دایکی خۆیان بخوێنن. دایەنگەو بـاخچەی سـاوایان و خوێنـدنگە سـەرەتایی و بنەڕەتیەکـان هەمووی بەزمـانی نەتەوەی سەردەستە. دەبـێ لەم ڕۆژەدا ئەوە وەبیـر نەتەوە سەردەستەکان بهێنینـەوە کە منـالانی ئێتنیـک ونەتەوەکانی ژێردەست مافی خۆیانە کە بەزمـانی دایکـی خۆیـان بـدوێن،بخوێنن بیـرۆکەو ئەندێشەکانیان بە زمانی ڕەسەنی خویان دەربڕن. بە داخەوە لە زۆربەی پارچەکانی کوردستانـدا بەتایبەت لە تورکیاو ئێران و سوریـادا ئەم مـافە سەرەتاییە نەدراوە بە مندالانی کورد، تـاوەکو ئێستـاش بە تـورکی کێوی چەنـدەها نـاوونـاتۆرەی سووک و بێواتـا بەسـەر زمـانی کـوردی و ئاخێوەرانیدا سەپێنراوە.

- زمانی کوردی بە گشتی لە چ ئاستێکدا دەبینی لە بواری گەشە  پێدان و برەودانەوە.

* هەوڵێ باش هەیە بەلام هێشتا لە ئاست پیداویستی و دەوڵەمەندی زمـانی کوردیـدانیە.ئەوەنـدەی ئەم بەشـەی کوردسـتان بگـرێتەوە دەرکردنـی یاسـای بە ڕەسمی ناسـاندنی زمـانی کـوردی وەک زمـانی ڕەسـمی دەوڵەت شانبەشـانی زمـانی عەرەبـی لەزۆربەی دامەزراوە حکومیەکـانی عێراقـدا کـارێکی بـاش و پێشـڤەچوونێکی بـاش بـوو ئەگەر شۆڤێنیسـتە عەرەبەکـانی نـاو عێراق و بەکاریگەری تورکیا و ئێـران پاشگەز نەبـنەوەو نەبێـتە مەرەکەبـی سـەر کـاغەز. لەنێـو زمـانە جیهانیەکانـدا ئێسـتا ماکینەی گۆکڵ بۆ وەرگێران کرمانجی تێدایە کە من هیوام وایە کە بتواندرێت کە بە بەشەزارو دیالێکتە کوردیەکان موتـوربەو دەوڵەمەنـد بکرێـت بەتـایبەتی بە دیـالێکتی ناوەنـد و باشـوور. پـاش ئەوەی ئەو سـنورە دەسـتکردانەی نێـوان پـارچەکـانی کوردسـتا تـا ڕادەیەک کـالبوونەتەوە دیالێکـت و زارو وەچە زارەکـانی زمـانی کـوردی لێکنزیکبـوونەوەی بەرچاویـان بینیـوە کەئەمەش دەبێتەبنەماو سەرچاوەی تێکەڵبوون و ئاشنابوون و ئاخاوتن بە زمانێکی ستاندەردی کوردی، زمـانی کـوردی زیـاتر گەشەیکردووە. سـەرنج بـدە لە ئـاخـاوتن و ووشـە و دەسـتەواژەکانی هەمـوو ئەو چـاوپێکەوتنە تەلەفزیۆنیـانەی کە کـوردێکی

ڕۆژئاوا یان باکوری لە پێش هەشت ساڵدا کراوەو وئەوەی ئێستا دەیکەن، ئاستی تێگەیشتنمان زۆر نزیک بووەتەوە. دەڵێن یەکێک لە هۆکارەکانی ستاندەرد بوونی دیالیکتی ئیستئەنگلیا و وەچەزاری لەندەن هەردووک زانکۆی ئۆکسفد و کەیمبرج بووە ئەمە جگە لە دۆزینەوەی چاپ و زیادبوونی ڕایەڵەکانی پەیوەندی. هەموو زانکۆ کانی کوردستان بەشێک یان زیاتری زمانی کوردی تێدایە، لێکۆڵینەوەی زانستی ئەنجامدراوە بەڵام لێکۆڵینەوەکان باشتر وایە بۆ بوارە هەنووکەییەکانی زمانی کوردی تەرخانبکرێت، بۆ نموونە، نەبوونی داتابەیسێک بۆ زمانی کوردی جا باشتر وایە خوێندکارانی کۆتا قۆناغ پێویستە چەند گروپێک بچن لە هەورامان، شارباژێر، قەندیل، یان لە خانەقی یان لە ئامێدی و شنگال گوندەکانی دەوروبەریان بژین و داتاکۆبکەنەوە تا دواتر توێژەران سوودمەندبن و بتوانن بەشێوەیەکی زانستی وبەپێی تیۆریکی هاوچەرخ لێکدانەوە بۆ گشت لایەنەکانی زمانی کوردی بکرێت. کە باس لەگەشە دەکرێت نابێت هۆیەکانی پەیوەندی لەبیر بکەین جاران کە شاخ و هەڵدێرو زێ و ڕووبارەکان دەبوونە لەمپەر لەبەر یەکبوون و پێکگەیشتنی کوردان ئێستا خۆشبەختانە ئینتەرنێت و وێبسایت و سمارت فۆن و جۆرەها ئامێری پەیوەندی هەیە کە سنوورە دەستکردەکانی زلهێزەکانی دنیایان بۆ هەڵگرتووین و دەتوانین بەئاسانی پەیوەندی بکەین. هەموو ئەم هۆکارانە بوونەتە هۆی گەشە و برەوی زمانی کوردی، هەر چەندە چەندەها ووشەی تازەو بێگانەی کوردی هاتوونەتە نێو زمانی کوردیەوە. ئەمەش کاری زانکۆکان و ئەکادیمیای کوردییە کە ڕاستە ڕێگا بۆ زمانی کوردی دابنێت.

- هۆکاری نە بوونی زمانی یە گکرتوو تاچەند زیانی لە بەرەوپێشبردنی زمانی کوردی گەیاندووە.

* زمان لەشکرو هێزی زەمینی و دەریاوانی دەوێت. زۆربەی زمانەوانەکان لەگەڵ ئەم وەرگیراوەی ماکس وەینەریچ دا نین چونکە ئەوان تێگەیشتن لە یەکتری دەکەن بەبنەما بۆ هاوزمانی بوون نەک هۆکاری سیاسی دەڵێن ئاخێوەرانی ئەڵمانی و هۆڵەندی بەڕێژەی ٨٠% لە یەکتری دەگەن بەڵام خۆیان بە دوو زمان و نەتەوەی جیاواز دەزانن، کەچی هەردوو دیالێکتی مەندرین و کانتۆنیزی چین بە هیچ شێوەیەک لەیەکتری تێناگەن بەڵام زمانێک دادەنرێت کە زمانی چینی یە هەروەها ئۆردو هیندی زۆر لە یەکەوە نزیکن بەڵام لە دوو وڵاتی جیاوازو دوو زمانی جیا هەژمارکراون. من پشتوانی وەینەریچ دەکەم کاتێک کە بڵێن زمانی ستاندەرد لەشکرو هێزی دەریای دەوێت. جیاوازی دیالێکت لە زمان ئەوەیە کە هێزیکی سیاسی و حوکومی و یاسادانانی لە پشت بێ بەڕای من تا دەوڵەتی یەکگرتووی کوردی نەبێت زمانی کوردی ستاندەرد ئەستەمە. ئیستا لەم بەشەی کوردستاندا دەتوانین بڵێن زمانی ستاندەرد دروستبووە یان لە دروستبووندایە بەڵام بەداخەوە وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا سیاسەتی زمانی نەتەوەییان نیە و یان کاری جدیی و شێلگیرانەی بۆ ناکەن، لەکاتێکدا حکومەتی بەعسی لە ناوچوو لە هەرێمی کوردستان زمانی عەرەبی لە قۆناغی سێهەمی بنەڕەتی بە خوێندکاران دەخوێند، بەڕێز ئەندامانی ئەنجومەنی وەزاری خوێندنی باڵا بڕیاریانداوە کە زمانی کوردی لە کۆنمرەی دوانزەی ئامادەیی هەژمارنەکرێ بۆ

زانستەکان کە ئەمەش وا دەکات خوێندکار هەر لەبنەڕەتیەوە زمانی دایکی پەراوێزبخات.

یەکخاڵ کە زۆر گرنگە بۆ ستاندەرد بوونی زمان دەرکردنی یاسایەکی بوێرانە بە دەستنیشانکردنی دیالێکتیکی موتوربە کراو بە دیالێکت و زارو وەچەزارەکانی تر ئەمەش بەداخەوە تائێستا پەرلەمانی کوردستان زۆر بە کەمی کاری لەسەر ئەم بابەتە کردووە. نموونەیەکی بەرچاوی وولاتی ئینگلتەرا دەگێرمەوە کە پەرلەمانی ئە وڵاتە لەساڵی ١٣٦٢ بڕیاریاندا کە لەو ساڵەوە هیچ دۆکیمێنتێکی یاسایی بە فەرەنسی نە نووسن هەرچەند ئەوان لە ساڵی ١٠٦٦ وڵاتەکەیان لەلایەن فەرەنسیەکان داگیرکرابوون.

هەرچەندە هەوڵی پەرتەوازەو جیاجیای کەسی هەیە لە دانان و دروستکردنی فەرهەنگدا کە بنەمایەکی سەرەکی زمانی ستاندەردە بەڵام تائێستا فەرهەنگێکی گشتگیرو سەرتاسەری کوردی - کوردی دروست نەکراوە ئەمەش کارەساتێکی گەورەیە بۆ فێرخوازێکی بێگانە کە فەرهەنگێکی باوەڕپێکراوی فەرمی کوردی نەبێت پەنایباتە بەر بۆ یەکلاکردنەوەی مانای ووشەیەک یان ئیدیەمێک.لەگەڵ ئەمەشدا نەبوونی ڕێزمانی سەرچاوە (Reference Grammar) یەکێکی ترە لە کێشەکانی بەستادەردبوون.تاوەکو ئێستاش فێرخواز نازانێت کام کتێبە ڕێزمانیە بەکاربهێنێت. جگە لەمانە هۆکای تر هەن کە یارمەتیدەری دروستبوونی زمانی ستاندەردن بۆ نموونە قورئانی پیرۆز هۆی یەکخستنو ستاندەردبوونی نەتەوەو زمانی عەرەبیە وهەروەها شێوە نووسینی چینی بووەتە هۆی یەکخستنی دوو دیالێکتی کانتۆنیزو مەندەرین کە جیاوازیەکی زۆری سنتاکسی و فۆنۆلوجی و سیمانتیکسییان تێدایە.

- ڕاگەیاندنەکان تاچەند خزمەت و هەوڵی بەرەو پێشچوونی زمانی کوردیان داوە یاخود بە پێچەوانەوە.

* لە نەبوونی لایەنێکی چاودێریکەر هەر لایەنەو ووشەو دەستەواژەی تایبەت بەخۆی بەکاردێنێت کە ئەمەش کارێکی ئاساییە چونکە زمان دەربڕی بیری نووسەرەو زۆربەی هۆیەکانی ڕاگەیاندن سەر بەلایەنێکی سیاسین تەنانەت ئەو دەزگا ئەهلیانە کەناوی خۆیان نابوو ئەهلی و بێلایەن ئێستا هەموو خاوەنی بزووتنەوەو پارتی سیاسین. هۆیەکانی ڕاگەیاندن هەروەک هەرێمەکەمان دابەشبووە بەسەر نەک دوو زۆن بەڵکو چەندەها زۆنی زمانی و فیکری. هەرچەندە ئەمە لایەنی سلبیە بەڵام دەبێتە هۆی دروستبوونی ووشەی هاوواتا و دژواتای زۆر لەزمانەکەماندا یان داڕشتن بە شێوازی جیاواز جیاواز جگە لەیەک نزیکبوونەوەی دیالێکت و زارو شێوەزارەکان لە یەکتری کەئەمەش دەبێتە هۆی زیاتر دەوڵەمەندبوونی زمانەکەمان.

- پێشنیازو سەرنجتان چیە بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردن و بەرەوپێش بردنی زمانی کوردی.

* هەروەک لە سەرەوە باسمکرد چەند خاڵێک هەن زۆر گرنگن ئوەیش ئەمانەن:

١- دروستکردنی داتا بەیسێک بۆ زمانی کوردی.

٢- دانانی فەرهەنگێکی گشتگیری کوردی - کوردی

٣- دانانی سەرچاوەی ڕێزمانی زمانی کوردی (Kurdish Reference Grammar)

٤- چالاک کردنی رۆڵی ئەکادیمیا کوردستان و دەرکردنی یاسایەک تا گشت لایەنەکان بە پەیڕەوو پێرەوی نوسین و پێکهاتە ڕێزمانیەکانی ئەوجێبەجێبکەن.

٥- بەشەکانی وەرگێران و کوردی و ئینگلیزی عەرەبی هەوڵی دانانی بەرنامەی کۆمپیوتەری بدەن بۆ وەرگێران لە نێوان ئەو زمانانەدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خاک - ڕێکەوتی: ٢١ی فێبریوێری ٢٠١٨

---

## رەچەڵەک و مێژووی زمانی کوردی



جەلال حاجی زادە

کورتە باس

مەبەست لەو بابەتە شیکردنەوەی زمانی کوردی و خوێندنەوە و بەراوردێکی مێژوویی لە سەر زمانە کە لەپاڵ ئەوەشدا، وێڕای کورتە باسێک لە مەڕ زمان، زۆر بە کورتی(و بە خێراییە کی ڕێژەیی) سەرنج دەدەینە سەر پێوەندی نێوان زمانی

كوردی و بەراورد كردن و پێكهەڵكێشانی لە تەک ژێدەرە دیرۆكیەكان. دیارە پێویستە ئەو بابەتە تەنانەت لە ئاستی وروژاندنی مەبەست و كردنەوەی ئاسۆیەكی تایبەت و سەرەتایی هەڵسەنگاندنی بۆ بكرێت.

## پێشەكی

نابێ لەبیر بكەین كە كاریتە و بنەمای چەمكی شوناس لە سەر بەردی بناغەی خود ناسی، یا خود، ناسینی ئەجزای پێكهێنەری هۆوییەت دادەمەزرێ، مادامكە بەشەكانی ناوەرۆک داری بەرهەمهێنەری ئەو دیاردەیە نەناسین و لە باری گەشەپێدان و راهێنان كاری پێویستیان لە سەر نەكرێت لە راستیدا هۆوییەتێكی شاردراوە هۆوییەتێكی شاردراوە سەروەدەر نائێت، بەو پێیە لە سەر ئەو باوەرە سوورم كە، دین و ئۆلی كۆن (میترایی و زەردەشتی و یارسانی) و زمانی لەمێژینەی كوردی، دووپایە و دیرەكی سەرەكی هۆوییەت و شوناسی كورد پێكدێنن، دیارە لە ژێر پرۆسەی خودناسین، پێناسە كردن و توێكاری ئەجزا و بەشەكانی شوناسی كورد گرینگیەكی لە رادەبەدەری بۆ كورد هەیە، یەک لەو بەشانە بریتی یە لە زمانی كوردی، ئینجائەم وتارە بەو مەبەستە پێشكەش دەكرێت.

لە گەڵ ئەوەی كە زمان بە گشتی دەروازەی چوونە ژوور، بە جیهانی نەتەوەكانی تر بەدیدەكرێت، زمانی كوردی بەشی جیانەكراوی شوناس و فەرهەنگی خەڵكی كوردە و لە گەڵ ئەوەشدا فەكتۆریسەرەكی جیاكەرەوەی نەژادی و نەتەوەیی لە دراوسێیەكانی بە حیسێب دێت. پێوەندی نێوان هۆوییەتی فەرهەنگی و مێژوویی كورد لە گەڵ زمانی كوردی تا رادەیەكی بەرچاو مسۆگەرە. لەم رووەوە لەو باوەڕە دام كە زمانی رەسەن و دێرینی كوردی، كاریتەپشت(ستوونی فەقەرات) ی نەتەوەی كورد بە ئەژمار دێت، شاردراوە نییە كە رۆڵی زمانی هەر میللەتێک لە سەر جەمسەر (مێحوەر) ی فەرهەنگی وئامرازی هۆوییەت پێدان بەو نەتەوەیە باو دەستێنێت.

زمان وەک گرینگترین ئامراز و هۆی پەیوەندی و زانیاری وەرگرتن و زانیاری پێدان،بەردەوام لە حاڵی گۆڕان و دۆنادۆنی و بزاچ دایە، هەروەک ئاڵو وێر و تەبادوولی نێوان فەرهەنگ وكلتوورەكان لەئارا دایە، زمانیش ئەو قۆناغە تێپەڕ دەكات، بێگومان هۆی زیندووبوونی زمانیش هەر ئەوەیە، لەبەر ئەوەیكە زمانی فەوتاو هیچ پێویستیەكی بە و كەرەسەیە نی یە.

ئەوەش روونە كەزمان بەسەبەبی زەرورەتی، پەیوەندی نێوان خەڵكان، هاتۆتە ئاراوە و لە ماوەی هەزاران ساڵ، بەم جۆرەی ئێستای پەرەی سەندووە. ئاشكرایە هەڵسوكەوتی نێوان گەلەكان لەباری شەڕ، فەرهەنگ، دین و ئایین، زانست و مامڵەی ئابووری و... دەبێتە هۆی گۆڕانكاری و گەشەكردنی دوو لایەنەی زمانی خاوەن گەلەكان (منیرە احمد سلطانی،

واژگـان فارسـی در زبـاهـای اروپـایی ). زمـان وەک کۆمـەڵگا و بـە پێـی پێشـڕەوتی کۆمەڵایـەتی، قۆناغـەکانی ژیـان تێپـەڕ دەکـات، لەگـەڵ ئـەوەش تـەواوی بەشـەکانی زمـان لەگـەڵ تێپـەڕ بـوونی کـات، گەشـە دەکـات، پـەرە دەسـتێنێت و یـان بـەرەو نابووتی و مەرگ دەچێت. دیارە هۆی ئـەوەش ئەمەیـە کـە، زمـان وەکـوو سیسـتمێکی دینـامیکی و هـاوکـات لـە تـەک بێژەرانـی دەجووڵێتەوە و پتەوتر دەبێت ؛ وە یان بەرەو دامرکان هەنگاو دەنێتەوە.

بە چاو خشـاندنێکی سووک بەسـەر مێـژوودا ئـەوەمان بـۆ دەردەکـەوێت کە زمانگـەلی جۆراوجـۆر وەکـوو، زمانـەکانی سـۆمێری، ئاڤێستایی، لاتینی، فریگی، سانسکریتی و... فەوتـاون، ئەگـەرچی ئـەوەش شـتێکی ئاسـاییە. دوکتـۆر کاشـانی سـەبارەت بـەو دیاردەیە دەنووسێت: «زمـانی گـەلی ئـازەربـایجـان، ئـاسیای بچـووک و نـاوەنـدی، چینـی بـاختـەری (هـەرێمی سین کیانگ) لـە رابردوودا، هیند و ئورووپایی بووە، بەڵام پەلامار و هێرشی گەلی تورک زمان (نزیکەی سەدەی پێنجـی زایین بـەرەو ئـەملا) بۆتـە هـۆی فـەوتـان و تێـداچوونی زمانـە خۆییـەکان» (فرهنـگ ریشـەهـای هنـد و اروپـایی زبـان فارسـی، منـوچهر آریـانپور کاشانی).

ئەوە لە لایەن زمانناسان و زانایان روون بۆتەوە کە هیچ یەک لە زمانەکانی زیندووی ئێستای دنیای مرۆڤ، هەمبەر زمانگەلی تر بەرزتر و نێوەرۆکدارتر نییە، واتە جیاوازی نێوان زمانەکان هیچ پێوەندیەکی بە پڕبـارتر بـوونی ئـەو زمانـە، وە یان کاکڵە و کەیفیـەتی زمانەکانـەوە، نییـە، بـەڵکوو بنـەمای مەسـەلەکە دەگەڕێتـەوە سـەر رادەی دەسـەڵاتی فەرهـەنگی و ئابووری، رامیاری و ژمارەی بێژەرانی زمانەکە (میشل مالرب، زباهای مردم جهان).

ئـەو دیاردەیـەی کـە بـە زمـانی فەرهـەنگی، فەلسـەفی، دینـی وە یـان فـەرمی نـاودێر دەکرێت، بـە هـیچ شێوەیەک، زمـانێکی پڕبـارتر و بایەخدار و دەوڵەمەندتر لە زمانەکانی دیکە نییە، بەڵکوو دەسەڵاتی سەنتەری و چڕکراوەیە کە بـەڕای خـەڵک، بۆ پێڕەوی و پەیڤین لەو زمانە هان دەدات، یا خود ناچاریان دەکات. بۆ وێنە دەتـوانین ئـاماژە بـەوە بکـەین کـە دەسـەڵاتی ناوەنـدی ئیمپڕاتـووری رووم، زمـانی لاتینـی لـە سەرانسـەری نـاوەنـدی خـۆی بـە زۆرەملـێ داسـەپاند، تەنانـەت لەسـەردەمی مەسیحیەکان بە ناوی زمانی دین ناساندیان، بەڵام لە کاتی ئێستادا هیچ نیشـانەیەکی نەمـاوە و لـە بـەین چـووە. کە وایـە بۆمان دەردەکەوێت کە رەواج و فەرمی بوونی زمانێکی تایبەتی لەمەڕ گەلـەکانی تـر، بـە هیچ شێوەیەک بـە پـڕ بـار بـوونی زاتی و تـایبەتمەندی ناوەرۆکی زمانەکە لێکنادرێتەوە، هەر وەک لە پێشەوە باسمان لێ کرد، رۆڵی گرینگ و تـایبەتی ئـەم کەرەسەیە، بەندە بـە ژمارەی قسـەکەرانی ئـەو زمانـە و هـەروەهـا جـەغزە و رادەی دەسـەڵاتی بێژەرانـی زمانەکـە، لـە بـواری سیاسـی، ئـابوری، مـەزهبی و... لەگـەڵ ئەوانـەش داڵـدە و پشـتیوانی سیاسـی و ئـابوری کاریگەریـەکی قورسـی هەیـە، لکـاو بەوەش، نرخ و بایەخی هەر زمانێک بە پێی رادەی کاریگەری و رۆڵێکە، کە ئەو زمانە لە بواری فەرهەنگی، دینی،

فەلسەفە و جیهانبینی و... لە گۆڕەپانی مرۆیی دەیخاتە گەڕ (میشل مالرب، زبانهای مردم جهان).

## خزمایەتی و پەیوەندی زمانەکان

لەمێژووی رابردووی مرۆڤ، ئەفسانەی برجی بابێل (لەئینجیلی عیسا ئاماژەی پێدراوە) کە وەک هۆکاری سەرەکی لێک هەڵاواردن و دابڕانی زمانەکان سەلمێندرابوو، راستیەکی مێژوویی زمانناسی پشت راست دەکاتەوە کە، لە لایەکەوە دوور بوونی خەڵکانی هاوزمان، زاراوەوزمان گەلی جیاواز پێک دێنێت و لە لایەکی دیکەشەوە، زۆرێک لە زمانەکانی ئەوڕۆیی کە دەستەبەر کراون لەبنچینەدا هاوریشەن(cognate)

راستیەکی دیکەش هەیە کە هەرچی دەگەڕێینەوە دواوە، خزمایەتی و لێک نزیکبوونی زمانەکانی یەک بنەماڵە زیاتر دەبێت؛ بۆ نموونە، نزیکایەتی زمانی فارسی کۆن لەگەڵ کوردی کۆن زۆر زیاتر و بەرچاوتر لە فارسی نوێ دەگەڵ کوردی ئەوڕۆیە، هەمیسان پیوەندی و نزیکایەتی نێوان ئاڵمانی کۆن و زمانەکانی دیکەی بنەماڵەی هیند و ئورووپایی گەلێک زەقتر و سەرنج راکێشترە تا لێکچوون و پەیوەستی زمانی ئاڵمانی ئەوڕۆ بەرامبەر بە زمانەکانی دیکەی سەردەم.

باوەڕی ئەفسانەی برجی بابێل تا نیوەی سەدەی هەژدە، لە رەواج دابوو، بەڵام بە دوای کاری زانستانە لەمەڕ زمانەکان، وێڕای ئەوەیکە ئەو چیرۆکە بەتاڵ کرایەوە، هۆکاری سەرەکی و لۆژیکی جیاوازی زمانەکان کە هەڵدەگەڕێتەوە سەر ریشە و بنەمایی زمانەکە، تیشکی خرایەسەر. لە ساڵی (١٨٥٩) ی زایینی، روانگە و بۆچوونەکانی چارڵز داروین شۆڕشێکی گەورەی بەرپا کرد، ناوبراو بە شێوەیەکی پوخت و شیاو، را و بۆچوونە کۆنەکانی لەمەڕ سەرچاوەی زمانەکان، لەگەڵ شک و گومان رووبەڕوو کردەوە و پایە و دیرەکی داستانی برجی بابێلی هەژاند (منوچهر آریانپور کاشانی، فرهنگ ریشە های هند و اروپایی زبان فارسی: ١٧ - ١٦).

بەهۆی داگیرکردنی هیندوستان لە لایەن ئینگلیسیەکان و تێکەڵاوی پێکهاتەی نێوانیان (سەدەی هەژدە) تاقمێک لە رۆشنبیرانی ئینگلیسی سەرنجیان بۆ نووسراوە کۆنەکانی هیندی راکێشرا، ئەو نووسراوانە کە بە زمانی سانسکریتی وەبەر دەستیان کەوتبوو، نزیکایەتی و وێکچوونێکی زۆریان لەگەڵ زمانگەلی ئورووپایی کۆن هەبوو، هەر ئەوەش بوو بە هۆی لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوانتر، بە تایبەتی دوای بەراورد کردنی سانسکریت لە گەڵ زمانی ئاڤێستایی و زمانەکانی پۆلی ئێرانی، بە جارێک سەریان سووڕما. ئەوەش بوو بە سەبەبی تۆژینەویەکی رێک و پێک و رێگەی بۆ کاری زانستانە و ئاکادیمیکی تەخت و خۆش کرد.

یەکەم کەس کە بابەتی نزیکایەتی ئیحتمالی زمانگەلی ئوروپایی لەگەڵ ئاسیایی بە وردی دایە بەر تەونی لێکۆڵینەوە، جیمز پارسۆنزی ئینگلیسی بوو، ناوبراو لە پەڕتووکە ئۆستوورە بە نرخەکیدا (THE REMAINS OF JAPHET...,١٧٦٧) نە تەنیا خزمایەتی زمانەکانی نیشاندا بەڵکوو پێڕستێکی تێروتەسەلی لە واژەکانی هەندێک لە زمانەکانی بە مەبەستی سەلماندن و تاپۆکردنی رای خۆی هێنایە کایەوە (کاشانی: ١٨).

بیرۆکەی هاوسەنگی وپێوەندیداربوونی زمانەکانی هیند و ئوروپایی بۆ جارێکی تر لە لایەن مافناسی ئینگلیسی، سێر ویلیام جۆنز، بە فەرمی دانی پێدانرا و بە روونی باسی لێکرا. زانای باسکراو، لە وتاری پڕئاوازەی خۆی (دووەمی فێبریەی ١٧٨٦) ئاوا هاتە ئاخافتن: «زمانی سانسکریت کە پێشوونەکەی زۆر روون نییە، پێکهاتە و ستروکتۆرێکی سەرسووڕهێنەری هەیە، لە (زمانی ) یۆنانی تەواوتر و کامڵتر و لە لاتینی دەوڵەمەندتر و پڕ واژەترە، بە شێوەیەکی زەقتر لە هەردووکیان رێکوپێک و پاڵێوراوترە، لە هەمانکاتیشدا لەگەڵ ئەو دووزمانە لە باری ریشە و ماکی ووشەکان و، هەروەها رێزمانیەوە زیاتر لەوەیە کە بە شتێکی سوتفە وهەڵکەوت لێی بڕوانرێت،... هەر سێکیان لە سەرچاوەیەکی هاوبەش رەگیان داکووتاوە و چەکەرەیان کردووە،... هەروەها دەتوانرێت زمانی پارسی کۆن (مادی و ئاڤێستایی) لەو بنەماڵەیە بژمێردرێت.»(کاشانی: ٢١).


گرنگترین کتێبی زماناسی، لە لایەن گریم (j.GRIMM) نووسراوە، ئەو زانایە بۆ یەکەمجار بە هێنانەوەی کۆمەڵێک نموونە، توانی وێکچوون و هاوریشە بوونی زمانی ئاڵمانی لەگەڵ زمانی سانسکریت مسۆگەر بکات (منیره احمد سلگانی، واژگان زبان فارسی در زبانهای اروپایی: ٥٢).

سەرچاوە: ماڵپەری ناوەندی نووچە و شرۆڤەی رۆژ - رێکەوتی: ٧ی مای ٢٠١٨

---------------------------------------------------

## بابەتی ساڵی: ٢٠١٩

# ڕۆژی زمانی دایکی



سەلاح بەهرامی

زمانی یەکەم یان زمانی دایکی بە یەکەم زمان یان ئەو زمانانەی دەڵێن کە منداڵ بەو زمانە فێری ئاخاوتن دەبێت ، یان بە واتایەکی دیکە ئەو زمانەی کە تاک بە هاوشێوەی خەڵکی نێو ئەو زمانە توانای ئەندێشە و قسەکردنی هەبێت . زمانی یەکەم زمانی کەسێکە لە منداڵییەوە فێری دەبێت و بە باشترین شێوە قسەی پێدەکات . زمانی دایکی وەک دەستەواژەیەک هەمووکات بە مانای ئەو زمانە نییە کە دایک قسەی پێدەکات، لە بەشێک لە وڵاتەکاندا دەستەواژەی زمانی دایکی زۆرتر بۆ ئاماژە بە زمانی قەومی کەسێک بەکار دەبرێت تاکوو ئەوەی کە ئاماژە بە زمانی یەکەم بێت.

لە ڕووی پزیشکییەوە زمانی یەکەم لە بەراورد لەگەڵ ئەو زمانانەی کە تاک لە تەمەنی لاویدا فێری دەبێت، جێگایەکی جیاواز لە مێشکدا بۆ خۆی دەگرێت بە جۆرێک کە ئەگەر خەسارەتێک لە مێشک بکەوێت، زمانی یەکەم کەمتر زەرەر دەبینێت.

کاتێ منداڵ هەر لە سەرەتای منداڵییەوە زۆرتر لە یەک زمان فێر بێت، هەموو زمانەکان بە زمانی یەکەم دادەنرێن و لە مێشکدا وەکوو یەک جێگیر دەبن. لە بەرامبەر زمانی یەکەمدا، زمانی دووەم زمانێکە هەر کەسێک بە شێوەیەکی جیاوازتر لە زمانی یەکەمی قسەی پێدەکات. جاروبار دەستەواژەی زمانی سەرەکی یان زمانی دایکی بۆ ئاماژە بە زمانێک بەکار دەبرێت کە تاک لە سەردەمی منداڵی خۆیدا لە ماڵەوە و لە دایک و باوکی خۆی وەریگرتووە، دەستەواژەی زمانی دایکی نابێ تەنیا

بەو مانا بێت کە ئەوە زمانی دایکی ئەو کەسەیە چون بەشێک لە بنەماڵەکان دەڕۆن و لە وڵاتێکی دیکەدا نیشتەجێ دەبن و لەو کاتە زمانی منداڵ دەبێتە زمانی ئەو وڵاتە نەک زمانی دایکی خۆی .

زمانی یەکەمی هەر منداڵێک بەشێک لە شوناسی شەخسی، کۆمەڵایەتی و کەلتووری ئەو کەسە پێکدێنێت. کاریگەری دیکەی زمانی یەکەم ئەوەیە کە دەبێتە هۆی ڕەنگدانەوە و فێربوونی چالاکی و ئاخاوتن سەبارەت بە نموونە کۆمەڵایەتییە سەرکەوتووەکان.

## زمانی دایکی:

بە پێی سەرچاوە بەو زمانە دەڵێن کە تاک لە سەرەتادا فێر بووە، واتە ئەو زمانەی کە یەکەم پەیوەندییەکانی بەو زمانە درووست بووە، بە پێی توانایی بەو زمانە دەڵێن کە تاک بە باشترین شێوە بەکاری دێنێت، بە پێی بەکارهێنانیش بەو زمانە دەڵێن کە تاک بە زۆرینە بەکاری دێنێت.

لە زمانی ئنگلیزیدا زمانی دایکی بە واتای **Mother tongue** هاتووە، ڕۆژی ٢١ی فوریە لە لایەن ڕێکخراوی یونسکو وەکوو ڕۆژی جیهانی زمانی دایکی ناونراوە ، دانانی ئەم ڕۆژە لە کونفرانسی گشتی یونسکو لە ساڵی ١٩٩٩ بە مەبەستی یارمەتی کردنی ڕەنگاوڕەنگی و فرەچەشنی زمانی و کەلتووری بووە . هەروەها ئەنجومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بە هۆی گرینگی زمانی دایکی ، ساڵی ٢٠٠٨ی بە ساڵی زمانەکان داناوە .

## مێژوو:

هۆکاری ناولێنانی ئەم ڕۆژە بۆ ساڵی ١٩٥٢ دەگەڕێتەوە، کاتێ خوێندکارانی شاری داکا واتە پێتەختی هەنووکەیی وڵاتی بەنگلادش کە لەو سەردەمەدا بە پاکستانی ڕۆژهەڵاتی ناودەبرا، هەوڵیان ئەوە بوو کە زمانی بەنگالی وەکوو دووەم زمانی پاکستان (زمانی یەکەم ئوردو بووە) بە فەرمی بناسرێت و بەم بۆنەوە خۆپیشاندانێکی جەماوەرییان ڕێکخست. پاش ئەو هەنگاوە پولیس تەقەی لە خوێندکاران کرد و کۆمەڵێک لە خوێندکاران کوژران و پاش سەربەخۆیی بەنگلادش لە پاکستان و بە داواکاری ئەو وڵاتە ڕۆژی جیهانی زمانی دایکی دیاری کرا.

### زمانی منداڵ:

بە پێی بۆچوونی لێکۆڵەران منداڵ لە سکی دایکیەوە لەگەڵ زمانی دایکی ئاشنا دەبێت و کاتێ کە دێتە دونیا و دەست دەکات بە گریان، ئەگەر بە زمانی دایکی لەگەڵی قسە بکرێت، گریانەکەی دەبڕێت و گوێ بۆ قسە دەگرێت. منداڵ بە تێپەڕبوونی کات و بیستنی بەردەوام، فێری زمانی دایکی دەبێت و وردە وردە بە درووست کردنی رستەی کورت دەست دەکات بە قسە کردن، لە ماوەیەکی کورتدا فێر دەبێت کە بە زمانی دایکی خۆی هەست و داواکارییەکانی بۆ دەورووبەر بگوازێتەوە. بە زمانی دایکی لەگەڵ دەورووبەر قسە دەکات و بەو زمانە یاری دەکات و پێدەکەنێت و دەگری و مشت و مڕی پێدەکات. تەنیا بە زمانی دایکی خۆیەتی کە دەتوانێت ژینگەی خۆی بناسێت و باسی بکات. بە ئاخاوتن بە زمانی دایکی، منداڵ لە تاکبوون و تەنیایی خۆی دێتە دەر و بەوە دەگات کە گرێدراوی گرووپ و کۆمەڵێکی تایبەتە.

### زمان لە ڕووی دەروونییەوە:

کاتێ ئێمە بە زمانی دایکی قسە دەکەین پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان فکر و دەم (زمان) درووست دەبێت، هەروەها پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان دڵ، فکر و دەمدا درووست دەبێت کە بە تەواوی لەگەڵ سرووشتی مرۆڤدا تەبا و سازگارە. زمانی دایکی وەکوو کلیلێکە دونیای دەروونی ئێمە دەکاتەوە و نیشانی دەدات، شەرم و هەڵسووکەوت و هونەر و هەموو بوونی دەروونی ئێمە تەنیا لە کاتێکدا خۆی دەنوێنێت کە ئێمە بە زمانی دایکی خۆمان قسە بکەین.

کاتێ منداڵ دەچێتە بەر خوێندن و لە بنەماڵە و دەرووبەری خۆی دادەبڕێت، تەنیا شتێک کە پاڵپشتی و یارمەتیدەری ئەوە بۆ پەیوەندی گرتن، زمانی دایکییە و بە یارمەتی ئەو زمانەیە کە لەگەڵ کەسانی دیکە و تەنانەت مرۆڤە نامۆکان پەیوەندی دەگرێت.

### زمانی دایکی لە ئێران:

لە هەر کۆمەڵگایەکدا کە مرۆڤەکان لە فێربوونی زمانی دایکی خۆیان بێبەش بن بە مانای ئەوەیە کە دەسەڵاتی ئەو کۆمەڵگا زاڵمە و چەقبەستوویی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەوێدا بوونی هەیە بە هۆی ئەوەی کە لەوێدا زمانێک بەسەر زمانەکانی دیکەدا و کۆمەڵێک بەسەر کۆمەڵێکی دیکەدا زاڵە و باڵادەستە کە ئەمەش بە واتای ئەوەیە لەناوبردنی مرۆڤە بندەستەکان و سڕینەوەی کەلتووریان بە پرۆگرام کراوە و پلانی بۆ داڕێژراوە.

لە ئێراندا بۆ لەناوبردنی نەتەوە غەیرە فارسەکان لە ڕێگای قەدەغە کردنی زمانیانەوە، شوناسیان لەناو دەبەن و دەیانکەن بە مرۆڤی کۆیلە و پلە دوو، بەو شێوە ناوی ئەوان لە لاپەڕەی مێژوو دەسڕنەوە، بە هۆی ئەوەی کە نەتەوەیەک بە ئاسانی و سادەیی ناوی لە مێژوو پاک دەبێتەوە کە زمانی دایکی خۆی فەرامۆش بکات.

لە ڕاستیدا لە ئێران لە سەرەتای دەسپێکی یەکەم ڕۆژی قوتابخانە، یەکەم ڕۆژ کە مامۆستا ئاخاوتن دەستپێدەکات، منداڵ (غەیرە فارسەکان) هیچ لە مامۆستا تێناگات بە هۆی ئەوەی کە لە زمانی تێناگات، منداڵ دەکەوێتە دۆخێکی ناخۆش و دژوارەوە، واتە ئەو زمانەی کە لە دایک و باوکیەوە فێر بووە و شانازی پێوە دەکرد، چیتر لەوێدا کەڵکی نییە و بایەخی پێنادرێت، بەو منداڵە گوترابوو کە بۆ ئەوەی کە ببێتە کەسێکی لێهاتوو، بچێتە قوتابخانە، بەڵام ئێستا بۆ ئەو مەبەستە زمانی ئەو چیتر بەکار نایەت و دەبێ بە زمانێکی نامۆ قسە بکات، واتە بۆ ئەوەی کە ببێتە مرۆڤێکی باش دەبێ ببێتە فارس، ئایا ئەمە بێ مانا نییە؟ واتە ئەو کەسانەی کە فارس نین، ئایا مرۆڤیش نین؟

بەم شێوە هەموو ئەو کەسانەی کە بە زمانی دایکی ئەو قسەیان کردووە، لە لای منداڵ بایەخیان نامێنێت، بەم شێوە هەموو ڕۆژەکان وەک سزایەکی دەروونی بۆ منداڵ خۆی دەنوێنێت و ئەو متمانەی کە بە خۆی و کەلتوور و بنەماڵەی بووە، کاتژمێر بە کاتژمێر و چرکە بە چرکە کەمتر دەبێتەوە و بەرەو مەرگ دەڕوات، منداڵ هەموو ڕۆژێک بایەخی شوناسی کەمتر دەبێتەوە و پاش تێپەڕ بوونی ماوەیەک ، هەموو ئەو شوناسەی کە لە بنەماڵەی گرتوویەتی، لەناو دەچێت و هەروەها وردە وردە ئەو گرێدراوییەی کە بۆ کۆمەڵگا و نەتەوەکەی هەیەتی، تووشی دابڕان و لەناوچوون دەبێت.

تێنەگەشتن لە زمانی مامۆستا لە قوتابخانە، دەبێتە هۆی دابڕانی تەواو لە نێوان دڵ، فکر و دەم (زمان) و ئەم زمانە نامۆیە کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر گەشەی منداڵ دەبێت و گەورەترین کاریگەری نگاتیڤی لەسەر ڕۆح و دەروون و کەسایەتیدا دەبێت.

بەم شێوە منداڵ هەر لە سەرەتاوە (بە هۆی خوێندن بە زمانێکی نامۆ) متمانە بە خۆی لە دەست دەدات و هەر لە سەرەتاوە پێی خۆش نییە هاتووچۆی قوتابخانە بکات، بەم هۆیەش ڕێژەی نەخوێندەواری لەم کۆمەڵگایانەدا زۆر بەرزترە لەو کۆمەڵگایانەی کە بە زمانی دایکی خۆیان دەخوێنن. هەر لەبەر ئەوەی کە متمانە بە خۆیان، کۆمەڵگا و بنەماڵە لە دەست دەدەن، ناچار دەبن بە دوای شوناسێکی دیکەدا بگەڕێن.

هەروەها لەبەر ئەوەی کە منداڵ لەگەڵ ئەو زمانە بێگانەیە (فارسی) توانای ئەوەشی نابێت کە ئەو شتانەی شرۆڤە بکات

کە فێری دەبێت یان ڕەخنەی لێبگرێت و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات لە کۆتاییدا دەبێتە کەسێک کە دواکەوتەی خەڵکە و تەنیا شتەکان و زانیارییەکان لەبەر دەکات و ناتوانێت ڕەخنە یان شرۆڤەی بکات.

**ئەنجام:**

ئەو نەوەی کە زمانی دایکی خۆی لە قوتابخانە ناخوێنێت و بەو زمانە پەروەردە نابێت، لەگەڵ زمان، مێژوو، بیرمەندانی ئەو زمانە دادەبڕێت و بە پێی ئەو پلانەی کە بۆیان داڕشتووە دەبێتە نەوەیەک کە ئامادەیە بۆ بە کۆیلە بوون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی ڕۆژهەڵات - ڕێکەوتی: ٦ی فێبریوێری ٢٠١٩

---------------------------------------------------

## مافی زمانی، مافێک بۆ هەموو وەرزەکان



**عەلی بداغی**

بیست ساڵ لە سەدەی بیست و یەک تێدەپەڕێ و ئێستاش بە میلیۆن کەس لە ئێران لە مافە سروشتییەکانیان بێبەشن، هەروەها پتر لە حەفتا ساڵ لە پەسەندکرانی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ تێدەپەڕێ؛ کەچی ئێستاش بە میلیۆن مرۆڤ لەم وڵاتە بە قانوون و سیستماتیک لەو مافە قانوونییانە بێبەش کراون. ئەوەی لێرەدا باسی ئێمەیە مافی خوێندن بە زمانی زگماک و پرسی پەروەردەبوون بە زمانی دایکە.

خوێندن بە زمانی زگماک مافی مرۆیی و سروشتیی هەر مرۆڤێکە کە لە زۆر لە بەڵگەنامە حقووقییە نێونەتەوەییەکاندا پێداگری لەسەر کراوە، وەک: میساقی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، (دێسامبری ١٩٩٦- بەندی ٢٧)؛

کۆنڤانسیۆنی مافی منداڵ (نۆڤامبری ١٩٨٩- مادەی ٣٠)؛ جاڕنامەی مافی کەسانی سەر بە کەمایەتییە نەتەوەیی و ئایینی و زمانییەکان، پەسەندکراوی کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان (دێسامبری ١٩٩٢) - بەندەکانی ٣ و ٤)؛ جاڕنامەی جیهانیی مافە زمانییەکان (پەسەندکراوی کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان - ١٩٩٦) و مەنشووری زمانی دایک (یونێسکۆ - ١٩٩٦). بەڵام لەگەڵ ئەوەدا کە ئێران هەموو ئەم جاڕنامە و کۆنڤانسیۆنە جیهانی و نێونەتەوەییانەی بەڕەسمی ناسیوە و ئیمزای کردوون؛ کەچی لە جێبەجێکردندا دەروەستیان نەبووە و بە پێچەوانەیان جووڵاوەتەوە.

گرینگیی خوێندن و پەروردە بە زمانی دایک و بایەخدانی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بەو مافە لە چییەوە سەرچاوە دەگرێ؟ هاتنەئارای پرسی خوێندن بە زمانی دایکی و داواکردنی وەک مافێکی سروشتی لە ئێران و کوردستان بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟ دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران لەبەر چی سیاسەتی تواندنەوە و سڕینەوەی زمانی نەتەوە نافارسەکانی لە ئێران گرتووەتە بەر و چەندەی تێدا سەرکەوتوو بووە؟ لەم نووسینەدا هەوڵ دراوە تەتەڵەی ئەم مژارە بکرێ.

دەروونناسان و کارناسانی پەروردە تێکڕا لەسەر ئەو باوەڕەن کە منداڵ سەرەتا بە زمانی زگماکی خۆی تەعبیر لە هەست و نەستی خۆی دەکا و بە زمانی دایکیی خۆیەتی کە پەی بە سەرەتاییترین ناسکردن و تێگەیشتنی لە خۆی و ژیان و ژینگەی دەوروبەری دەبا. هەروەها پرۆسەی خوێندن و فێربوون لەگەڵ لەدایکبوونی منداڵ دەست پێدەکا و لە بەردەوامیی ئەم پرۆسەیە دایە کە بنەما و ڕەگەزەکانی هەویێتی و کێیەتی و شوناسی، بیچم دەگرێ و بۆ ڕۆڵبینین لە کۆمەڵگەدا باری دێنێ. لەبۆیەش بێبەشکردنی منداڵ لەو ڕەوتە سروشتییە و ڕێگرتن لە خەملان و پەروەردەی بە زمانی دایکیی، دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی تێگەیشتن و پێگەیشتنی و سنووردارکردنی پێوەندییە دەرەکی و سرووشتییەکانی.

لەخۆڕا نییە کە ئێستا یەک لە کێشە هەرە سەرەکییەکانی سیستمی پەروەردە لە ئێران کە بەرۆکی ناوچە غەیرە فارس زمانەکانی لەو وڵاتە گرتووەتەوە، دابڕان و وازهێنان لە خوێندن و دابەزینی ئاستی پەروەردەیە. "ناوەندی توێژینەوەکانی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی" لە ڕاپۆرتێکدا دەڵێ لە پێنج ساڵی ڕابردوودا نیزیک بە ٥ میلیۆن قوتابی لە قۆناغی سەرەتایی خوێندندا ڕەت بوونەوەتەوە کە بەشی هەرە زۆر و نیزیک بە تەواویان لەو ناوچانەی ئێران بووە کە زمانی زگماکییان فارسی نەبووە، بابەتێک کە نیزامی پەروەردە بەهۆی تێڕوانینی سیاسی؛ هیچ بایەخێکی نەداوەتێ.

پرسی خوێندن بە زمانی دایکی و داواکردنی وەک ماف بۆ سەردەمی دەسەڵاتدارەتیی ڕەزاخان دەگەڕێتەوە، بەڵام سیاسەتی تەواوەتیخوازیی ڕێژیمی پەهلەوی و بەرنامەی تواندنەوەی هەموو جۆراوجۆرییە نەتەوەیی و زمانییەکان لە نەتەوەی فارس و زمانی فارسیدا؛ ڕێی لە هەموو ئەم هەوڵانە دەگرت. تەنیا لە سەردەمی کۆماری کوردستان و ئازەربایجاندا و لە

ناوچەکانی بن دەسەڵاتی ئەم دوو حوکمەتەدا و بۆ ماوەیەک دوو نەتەوەی کورد و ئازەری توانییان بە زمانی زگماکی خۆیان بخوێنن و زمانەکەیان بەڕەسمی بناسێنن.

دوای شۆڕشی ١٣٥٧ کە لەسەر شانی گەلانی ئێران و قوربانیدانی هەموو نەتەوە و پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە سەرکەوت، نیزامی حاکم کە هێشتا نەیتوانیبوو بەتەواوی دەست بەسەر هەموو جومگەکانی دەسەڵاتدا دابگرێ، لەژێر گوشاردا ناچار بوو مل بۆ داوای خوێندن بە زمانی "قەوم"ـە جۆراوجۆرەکان لە تەنیشت زمانی فارسی ڕابکێشێ و، ئەو ویستە لە ئەسڵی ١٥ی قانوونی بنەڕەتیی وڵاتدا ڕەنگی دایەوە، ئەسڵێک کە پاش ٤٠ ساڵ ئێستاش نەخرایە بواری جێبەجێکردنەوە و دەوڵەت هیچ لایەکی لێ نەکردەوە. هەڵبەت ئەم هەڵاواردنە هەر زمانی نەتەوە نافارسەکانی نەگرتووەتەوە و بەوەندە سنووردار نەبووە و، هەوڵی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بۆ سەرکوتی هەموو ماف و ئازادییەکانی خەڵک بە تایبەت لە کوردستان بووە.

بۆیە دەتوانین بڵێین لە یەک سەدەی ڕابردوودا کە دەوڵەت - نەتەوە و سیستمی ناوەندگەرێتی بەسەر گەلانی ئێراندا سەپاوە، دەسەڵاتی ناوەندی هەموو ڕێککەوتن و کۆنڤانسیۆن و قانوونە نێونەتەوەییەکان لە بواری مافی خوێندن و فێربوون بە زمانی دایکی، بەتەواوی پێشێل کردووە و زۆر پلان و پیلانی نەرم و زبر بۆ تواندنەوە و لەنێوبردنی زمان و کەلەپووری نەتەوە نافارسەکان لە ئێران و، دەغمکردنی لە زمان و کولتووری فارسیدا خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە و؛ بارتەقای ئەوە و پتر لە مەش هەوڵ بۆ خەملاندن و دەوڵەمەندکردنی زمانی فارسی دراوە.

ئەم تێڕوانین و هەنگاوانە لە کۆماری ئیسلامیدا بەوەندەش نەوەستا و لە دەیەکانی ڕابردوودا و لە کوردستان، هەرچەشنە مافویستی و هەوڵدانێک بۆ نرخاندنی زمانی کوردی و داوای مافی زمانی برایە خانەی هەڕەشە لە ئەمنییەتی وڵات و، لەو سۆنگەیەوە زۆر سوارچاک و شۆڕەلاوی کورد لە بەندیخانە پەستاوتران.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کاتێکدا پرسی خوێندن بە زمانی زگماک دەباتە خانەی ئەمنییەتی و بە هۆکاری شکڵگرتنی یەکیەتیی نیشتمانیی دادەنێ کە سەرکوت و زەوتکردنی مافە نەتەوەیی و زمانییەکان خۆی دەتوانێ پەرە بە دابڕان و دوورکەوتنەوە لە یەکتری بدا. نموونەی وڵاتی وەک ئێران زۆرن، بەڵام لەو وڵاتانەی فرەزمانن هەڵبژاردنی سیستمی پەروەردەیی چەندزمانی بووەتە هۆی یەکیەتی و لەو سۆنگەیەوە لە هەموو بوارەکانی پەرەسەندنی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و مرۆییدا پێش کەوتوون. وڵاتانی سەرکەوتوو لەو بوارەدا کەم نین، هیند بە ٢٣ زمانی ڕەسمی، چین بە چوار زمانی ڕەسمی، بێلژیک بە سێ زمانی ڕەسمی، سوئیس بە چوار زمانی ڕەسمی و عێراقی دراوسێی ئێران بە دوو زمانی ڕەسمی چەند نموونەیەکن پێمان دەڵێن فرەزمانی و بەڕەسمی ناسین و کارپێکردنیان نەک هۆکاری ترازان و هەڵوەشانی وڵات نییە،

بەڵکوو هۆی پشکوتن و گەشەکردنی کولتووری هاوبەشە و، لە ڕاستیدا ئەوە حاشاکردن و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی جۆراوجۆرییەکانی وڵاتە مەترسی لەسەر یەکیەتیی وڵات دروست دەکا. هەروەها بێ گرینگیدان و ڕێزگرتن لە ویست و مافە زمانی، کولتووری، سیاسی و مەدەنییەکانی پێکهاتەکانی ئێران و بەشدار و هاوبەشکردنیان لە کایە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا هیچ جۆرە ئارامی و پێشکەوتن و سەقامگیرییەک لەو وڵاتەدا سەر ناگرێ. وە هەروەها دەیان ساڵ سیاسەتی ناوەندگەرێتی و بەربەرەکانی لەگەڵ نەتەوە و زمانە نافارسەکان لە ئێران تا ئێستا هیچ دەسکەوتێکی بۆ نیزامی سیاسی لەم وڵاتە نەبووە و ئەوەی ئەمڕۆ پتر لە هەموو کاتێک دیار و بەرچاوە، مافخوازی و پرسی شوناسخوازیی نەتەوەکان و یەک لەوان کوردە کە لە هەموو بەستێنەکاندا و لە بەستێنی زمانیشدا بەرەوڕووی دەسەڵاتی دەکەنەوە.


زمان نەک هەر مافێکی سروشتی و مرۆیی بەڵکوو بەشێک لە کێیەتیی فەرهەنگی و شوناسی هەر گەلێکە و نوێنگە و دەربڕی هزر و کولتوور و داب و نەریتی نەتەوە و خەڵکێکە قسەی پێدەکەن، بۆیە هەر جۆرە هەوڵێک بۆ سنووردارکردنی ئەم زمانە لە خەمڵان و بەکارهێنانیدا دەچێتە خانەی دوژمنایەتی و هەوڵدان بۆ سڕینەی کولتوور و هزری ئەم نەتەوەیە؛ هەوڵێک کە یەک سەدەیە دەسەڵاتی ناوەندگەرا لە ئێران دژی نەتەوە نافارسەکان دەیدا و بەرنامەی بۆ دادەنێ، بەڵام بە ئامانج نەگەیشتووە.

کورد و نەتەوەکانی دیکە لە ئێران مافی خۆیانە زمانی خۆیان دەکار بکەن و هەوڵی پاراستن و خەملاندنی کولتوور و زمانەکەیان بدەن. ئەو مافە سروشتی و بنەڕەتییە و، سەنگ و سووکی لەگەڵ ناکرێ و هیچ نەتەوەیەکی دی بۆی نییە بڕیار لەسەر زمانی نەتەوەیەکی دی و چەندی و چۆنیی بەکارهێنانی بدا و ئەو مافە بە خۆی بدا کە چوارچێوە و سنووری بۆ دابنێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی فێبریوێری ٢٠١٩

-----------------------------------------

# زمانی دایک وەک هەویّتی و وەک ژیان



لەیلا قادری

زمان بریتییە لەو دیاردەیەی، کە وەک ئامرازێک بۆ پەیوەندیگرتن بەکار دەهێندرێ، ئامرازێکی سەرەکیی کولتوورییە و سۆنگەیەکە بۆ پاراستنی فەرهەنگی نەتەوەکان و گواستنەوەی ئەو فەرهەنگە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دی.

زمان یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی گەشەکردنی مرۆڤ و تەنیا ڕێگەیە بۆ فێربوون لە پەروەردەدا و مرۆڤ بە زمان دەچێتە نێو چالاکی و ژیانی کۆمەڵایەتییەوە.

یەکێک لەو بابەتانەی کە زمانەوانیی کۆمەڵایەتی گرنگی پێدەدا، زمانی دایکە، بەڵام پێناسەی زمانی دایک چییە؟ مرۆڤ کە دێتە سەر دنیا، تێدەکۆشێ پەیوەندییەکانی لەگەڵ دنیای دەورووبەری ڕێک بخا، ئەو پەیوەندییەش سەرەتا بە گریان دەست پێدەکا، بەرەبەرە بەپێی قۆناغەکانی تەمەنی، زمانی دەپژێ بە زمانی دایک.

زمانی زگماک لەسەر شکڵگرتنی هەویّتی و کەسایەتیی مرۆڤ کاریگەرییەکی حاشاهەڵنەگری هەیە و لە ڕاستیدا بەشێک لە هەویّتیی تاکە. هۆکاری سەرەکییە بۆ وەرگرتنی خوو و ڕەوشتە کۆمەڵایەتییەکانی نەتەوەیەک. هەروەها بەهۆی زمانی دایکەوە، تاک دەتوانێ زیاتر خودی خۆی بناسێ و هەست بە ناسنامەی خۆی بکا.

مرۆڤ بە زمانی دایک دەتوانێ، تواناییەکانی خۆی بنەخشێنێ و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بپارێزێ. لەگەڵ ئەوەشدا لە باری دەروونییەوە، هۆکارێکی باشە بۆ دەربڕینی هەست و سۆز، بەرامبەر دەوروپشت و، هەروەها یارمەتیدەرە بۆ گەیشتن بە هاوسەنگیی هۆش و دەروون.

زمان، دیاردەیەکی «کاتالیک»ـە، بەو مانایە سروشتی و بەبێ ئیرادەی مرۆڤ دروست بووە و گەشەی سەندووە و بە نەزم و نیزامێکی خۆڕسک گەیشتووە. لە دیاردە «کاتالیک»ـەکاندا، پێش هەموو شتێک پێویستە فێری چۆنیەتیی بەکارهێنانیان بین، پاشان لێکدانەوەیان بۆ بکەین. گەر زمان دیاردەیەکی «کاتالیک»ـە، کەوایە پێش هەموو شتێک، پێویستە کەڵکی لێ وەرگرین و بەکاری بێنین و لێهاتوویی و توانایی کەلکوەرگرتن لەو زمانە بە بەرزترین ڕادە بگەیێنین و ئینجا بکەوینە شوێن فێربوون و شیکاری و لێکدانەوەی بۆ بکەین.

کاتێ منداڵ لە خوێندن بە زمانی دایک بێبەش دەکرێ و دەخرێتە نێو کەش و ڕەپۆشەی زمانێکی بێگانەوە، ڕێک ئەو کاتەی کە هێشتا لە پرۆسە و ڕەوتی فێربوونی کاتالیکی زمانی دایکی بە شکۆفایی و برەوسەندن، یانی بە دوند و دەهاری توانایی قسەکردن و تێگەیشتن نەگەیشتووە، لە ڕاستیدا بەشێک لە هەست و سۆزەکان کە دەبێ بە یارمەتیی زمانی دایک بەتەواوی گەشە بستێنێ، کامڵ ناکرێ. کەواتە بەکردەوە ڕەوتی گەشەسەندنی توانایی ئاخاوتنی بە زمانی دایکی لەو منداڵەدا ڕادەگیرێ و زمانی دەروونی ئەو منداڵە کە هەمان زمانی بیرکردنەوەیەتی، بە زۆرترین توانایی ناگا.

زمانی دایک بەدەر لە سروشتی خۆی، واتای سیاسیی هەیە و بە شوناسی نەتەوەی دادەنرێ و هۆکاری یەکگرتوویی تاکەکانی کۆمەڵە. بە واتایەکی دی، ئێمە بە پاراستنی زمانەکەمان، پارێزگاریمان لە بوونی خۆمان کردووە.

لە ئێران تەنیا زمانی فارسی بە ڕەسمی ناسراوە و خوێندن بەو زمانە زۆرملێیە، لە حاڵێکدا ئەم زمانە بۆ بەشی هەرە زۆری دانیشتووانی ئەم وڵاتە زمانی دووهەمە. خوێندن بە زمانی دووەم لە سەرەتاکانی تەمەندا بەتایبەت، پێش تەمەنی ٩ساڵی، کاریگەریی نەرێنی لەسەر زمانی دایکی و کەسایەتیی منداڵەکەش هەیە و بە پێچەوانە، خوێندن بە زمانی دایکی، یارمەتیی منداڵ دەدا بۆ بنیاتنانی کەسایەتی و سەرکەوتنی لە خوێندندا.

سەپاندنی زمانی دووهەم دەبێتە هۆی ڕووخانی توانایی قوتابی و دروستبوونی باری دەروونیی خراپ و کەمتوانایی لە فێربووندا، هەروەها شڵەژاوی و بیرئاڵۆزی، کە سەرەتا تەنیا یاساکانی زمان تێک دەشکێن و دواتر زاراوە و دەستەواژەکان دەشێوێن و تێکدەچن. بەم جۆرە بەبێ ئەوەی وەخۆ بێینەوە، منداڵ لە دەریای زمانی بێگانەدا نوقم بووە و چارەسەرکردنی کارێکی ئاسان نییە. «نوام چامسکی»ش دەڵێ: «خوێندن بە زمانی دایک ئەنجامی باشی هەیە لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەوە، چونکە کەمتر ڕووبەڕووی تەنگەژەی فەرهەنگی دەبێتەوە و دەبێتە هۆی بەهێزبوونی هەستکردن بە بەهای خۆی و هەستکردن بە شوناسی نەتەوەیی.

لەلایەکی دیکەوە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان زمان و بیرکردنەوەدا هەیە، ئەوەش ئێمە بەرەو ئەو بۆچوونە دەبا کە کاتێک کەسێک بە زمانێک دەخوێنێ و دەنووسێ، گەر ئەو زمانە شێوازێکی تایبەت بە خۆی هەبێ بەو مانایە کە گەیشتبێتە ئاستێک لە شوناسی تایبەت بە خۆی، ئەوە بە شێوەیەکی سروشتی ئەو کەسەی بەو زمانە دەخوێنێ و دەنووسێ، جۆری بیرکردنەوەی لە شێوازی ئەو بیرکردنەوەیەدا دەبێ کە شوناسی ئەو زمانە پێوەی پێوەست بووە.

هەر لێرەدا نەخش و دەوری بەرچاوی خوێندن بە زمانی دایک یان زمانی نەتەوە لە پەروەردەی ڕاستەوخۆی نەوەکاندا دێتە ئاراوە.

لە ڕوانگەی دەمارناسیشەوە بە فێربوونی زمان، لە مێشکدا ڕووداوێکی نوێ دەقەومێ کە هێدی هێدی پێناس و هەوێتی بە مرۆڤ دەبەخشێ. هەنگاوێک پێشتر، مانا و مەفهووم دروست دەبێ، وردە وردە وشەکان دەچنە نێو سیستەمی هورووژ - سۆزداری و بەشێک لە مێشک کە پێوەندی بە سۆزدارییەوە هەیە و لەوێدا بۆ هەمیشە هەڵدەکەندرێن و دەمێننەوە. وە لێرەدایە کە زمانی دایک، دەبێتە بناغەی ژیانی هەر مرۆڤێک.

**نووسینەکەم بە چەند وتەیەکی ناوداران لەبارەی زمانی دایک کۆتایی پێدێنم:**

* زمان بەنرخترین میراتی یەک نەتەوەیە. (شۆپێنهاوێر)
* گەر زمانی نەتەوەیەک لەنێو بچێ، ئەو نەتەوەیەش نامێنێ و دەتوێتەوە. (هایدێگێر)
* زمانی من، جیهانی منە و جیهانی من، زمانی منە. (ویتگێنێشتاین)
* گەر بیانهەوێ ئێوە داگیر و بەستراوە بە خۆیان بکەن، لە پێشدا دەچنە زگ زمانەکەتان. (جان ستوارت میل)
* کەسێک کە شارەزایی لەسەر زمانی دایکی نەبێ، وەکوو کەسێک وایە کە کلیلی زیندانەکەی لێ ون بووە. (ئالفۆنس دوودێ)
* گەر دایک و بابەکان ئیمانیان بەوە هەبێ و بزانن کە زمانەکەیان چەندە بەنرخ و گرنگە، لەگەڵ منداڵەکانیان بە زمانی خۆیان دەدوێن. (جۆرج برادۆن)
* ئەگەر لەگەڵ کەسێک بە زمانێک بدوێن کە زمانی خۆی نییە و تەنیا دەتوانێ لێی حاڵی بێ، ئەوکات وتەکەتان تەنیا دەچێتە نێو مێشکییەوە، بەڵام کاتێک لەگەڵ کەسێک بە زمانی خۆی (دایکی) دەکەونە ئاخاوتن، بە دڵ لێتان تێدەگا و وەریدەگرێ. (نێلسۆن ماندێلا)

* کەسێک کە نەتوانێ بە زمانی دایکی بدوێ، ئەگەرچی بتوانێ بخوێنێتەوە و بنووسێتەوە، بە بێسەواد حیساب دەکرێ. (ڕێکخراوی یۆنسکۆ)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی فێبریەیری ٢٠١٩

----------------------------------------

## زمانی دایک و شوێنەوارەکانی زمانی داسەپاو



سەید خدر میرسەیدی

زمان گرینگترین پێناسەی هەر نەتەوەیەکە، شوورە بەردێکی قایمە بۆ تۆکمەکردنی بناغە و ژێرخانی نەتەوەیی، لەخۆڕا نییە بەشێکی زۆر لە وڵاتانی کەون و نوێ ناوەکانیان هەڵقوڵاوی زمانەکەیانە. مرۆڤ بە زمانی دایکی بیر دەکاتەوە و شوناس و تواناکانی خۆی دەدۆزێتەوە و پەرەی پێدەدا. زمان تەنیا، ئامرازێک نییە بۆ لێک تێگەیشتن، بەڵکوو زمان دەروازەی هزر و بیری مرۆڤە بۆ خۆدیتنەوە لە جیهانی دەوروبەر و بناغەی شعووری مرۆڤە، زمان کۆڵەکەیەکی پتەوە لە ناوەندی چوار دیواری کۆنکرێتی نەتەوەکاندا! زمان کاتێک دێتە گۆ، مرۆڤ دەوروبەری خۆی دەناسێ و هەست بە پێشکەوتن و کەم و کووڕییەکانی دەکا و، لە هەمان کاتیشدا سیستمی چۆن بیرکردنەوەی شکڵ دەگرێ و دەبێتە خوڵقێنەری پێداویستییەکانی ژیان بەشێوەی ئەوڕۆیی و سەردەمیانە؛ چون زمان و شعوور بەڕادەیەک لێک گرێدراون هەرکات شعوور بەڕۆژ بۆوە زمان وەرچەرخانی نوێ بە خۆوە دەبینێ. هەر ئەو وەرچەرخانەیە کە وەک هێمای پێشکەوتن خۆ دەردەخا. نەتەوەیەکی شکست خواردوو هەتا ئەوکاتەی زمانەکەی لەدەست نەداوە لە سەرکەوتن هیوابڕاو نابێ، لە سێ بەندی جاڕنامەی گەردوونیی ڕێکخراوی یۆنسکۆدا هاتووە کە هەموو وڵاتانی جیهان ئەرکدار کراون بۆ بەرەوپێش چوون و فێرکردن و بارهێنانی زمانی دایک لە وڵاتەکانیاندا؛ بۆ ئەو مەبەستەش هەموو وڵاتان ئەرکدارکراون کەرەسە و پێداویستییەکان بەرهەم بێنن و دابەشیان کەن بۆ پەرەدان بەو ئەرکە پێ سپێردراوە. ئەو پەسندکراوەی یۆنسکۆ پێی وایە کە خوێندن بە

زمانی دایک، تەنیا کەرەسەیەکە دەتوانێ کۆمەڵگە ڕێک بخا و یەکسانی بەرهەم بێنێ. لەو وڵاتانەی کە فرەنەتەوە و فرەئایین و خاوەنی زمانی جیاوازن، هەر بەپێی ئەو لێکۆڵینەوە زانستییانەی ڕێکخراوی یۆنسکۆ لەو بوارەدا کە وەک پرۆسە کاری لەسەر کردووە، گرینگترین هۆکارەکانی شکست و وازهێنان لە خوێندن لە ئاستی جیهاندا دەگەڕێنێتەوە سەر نەبوونی فێرکردن و بارهێنان بە زمانی دایک. خوێندن بەزمانی دایک کاریگەرییەکی قووڵ لەباری ڕووحی و دەروونییەوە، لەباری خۆشەویستی و ئارامییەوە لەسەر مرۆڤەکان دادەنێ، هەر بۆیە ڕێکخراوی یۆنسکۆ لە سییەمین (٣٠) خولی دانیشتنەکانی خۆیدا کە لە ساڵی ١٩٩٩دا بەڕێوە چوو، ڕۆژی ٢١ی فێوریەی وەک ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک دیاری کردووە. ئەو منداڵ و مێرمنداڵانەی کە پێ دەنێنە قوتابخانە و چەند ساڵی سەرەتایی تێپەڕ دەکەن، بەشێکی هەرە زۆریان دەغدەغەی فکری لە زەین و مێشکیاندا کەڵەکە دەبێ وەک: لە داهاتوودا خوێندەوار دەبن، دەبن بە مامۆستا، ئەندازیار، پلەکانی خوێندن بە سەرکەوتوویی دەبڕن، بێکێشە کاروپیشەی باشیان دەست دەکەوێ و دەتوانن کەسێکی بەسوود و لێهاتوو بن بۆ داهاتووی نیشتمانەکەیان یاخود ببنە هاندەرێکی باش بۆ گەشەکردنی کۆمەڵگەکەیان لە باری هونەری و کولتووری و ئەدەبییەوە و...

کەچی ئەو بیرۆکانە لە خەیاڵ و هزریاندا بەردەوام وەک قۆزاخەی لۆکە دەپشکوێن و دەبن بە هاندەریان بۆ درێژەدان بە خوێندن، بەڵام بەداخەوە دەبینین پاش بڕینی چەند پۆلێک بەسەقەتی و نیوەچڵی لەژێر کاریگەریی هۆگەلی جیاواز، خەونە ئەرخەوانییەکانیان ئاڵۆز دەبن و کۆشکی زێڕینی خەیاڵیان بەسەر یەکدا دەتەپێ! لە ئاکامدا هەڵاتن لە قوتابخانە و وازهێنان لە خوێندنی لێ دەکەوێتەوە! لە باری علمییەوە بەپێی لێکۆڵینەوەی کارناسانی ڕێکخراوی جیهانیی یۆنسکۆ یەکێک لە گرینگترین هۆکارەکانی ئەو دابەزین و بەزینە لە قوتابخانە، بەتایبەت لەو هەرێم و مەڵبەندانەی کە خاوەنی نەتەوەی جیاوازن و بارهێنان و پەروەردە بەشێوەی یەکزمانییە و، ئەو یەک زمانەش زمانی داسەپاو و زۆرەملیی باڵادەستە، کە دیکتاتۆرەکان وەک ئامرازی تواندنەوە و سەرکوت ڕەچاوی دەکەن. نەخوێندن بە زمانی دایک دیاردەگەلێکی نەرێنی بەدواوەیە، وەک کاولکردن و شێواندنی کۆمەڵگە، ناهومێدی و شکڵگرتنی خەمۆکی و نەخۆشییە دەروونییەکان لە قوتابیان و خوێندکاراندا، کە بەشێکی هەرە ئەکتیڤ و هیوابەخشن بۆ داهاتوویەکی پڕشنگداری نەتەوەکەیان. سەرەڕای ئەمانەش بەرەوڕوووی دەیان پرسیاریان دەکاتەوە کە ئەقڵی چەقبەستووی دەسەڵات بێ وەڵامیان دێڵێتەوە؛ لە ئاکامدا پشتگوێ خستنی ئەو وڵامانە دەبێتە دەریای ڕق و بێزاری و کۆمەڵگە بەرەو چارەسەری دەورووژێنێ. بەپێی ئەو ڕاپۆرتەی کە ساڵی ٢٠١٠ یۆنسکۆ لە وڵاتانی "ا" لێکۆڵینەوە و بەدوادا چوونی بۆ کردووە وا نیشان دەدا کە ٧٢%ی ئەوکەسانەی وازیان لە خوێندن هێناوە، نیشتەجێی ئەو وڵاتانەن کە فرەنەتەوەیین و چەند نەتەوە و ئایین و زمان تێیدا دەژین. بە چەشنێک کە منداڵەکانیان مەجبوور دەکرێن بە زمانی داسەپاو دەرس بخوێنن، لێرەدایە کە هەر لە یەکەمین ڕۆژی قوتابخانەدا پەیامی سیستمی فێرکردن و بارهێنانی دەسەڵات بە قوتابیانی نەتەوەی ژێردەست دەڵێ: "زمانی ئێوە شایانی فێربوونی عیلم و زانست نییە!" ئەمە دەبێتە زەنگێکی مەترسیدار لە هزر و بیری منداڵاندا، کە لە قوتابخانە و دەرەوەی قوتابخانەدا بەردەوام ڕۆژانە ئەو زەنگە مەترسیدارە چەندپات دەبێتەوە. لە هەموو کات مەترسیدارتر ئەو کاتەیە کە دەسەڵات بۆ

دەسکەوتی سیاسی وەک تەرفەند و دیاردەی وێرانکەر ئەو شێوە ڕوانینە بخزێنێتە نێو ڕەهەندەکانی ژیانی تاک و کۆمەڵگەوە. بۆ پتر پەرەگرتن و بەواقعکردنی پیلانەکانی لە ڕێگای وەگەڕخستن و چالاک کردنی بنکە و بونیادە ژێر بەژێرەکانی کە شارەگەکەیان ئەقلییەتێکی پاوانخواز و هێزێکی چەکداری مەترسیدارە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی فێبریوێری ٢٠١٩

---------------------------------------------------

## دووی ڕەشەمە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک



ماڵپەڕی کوردستان و کورد

ئەمڕۆ ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکە. ڕۆژێک کە ڕەنگە بۆ ئەو گەلانەی کە خاوەن سەروەری خۆیان، خاوەن وڵاتی سەربەخۆی خۆیانن، دەتوانن بێ ترس و نیگەرانی بە زمانی دایکیی خۆیان بخوێنن و لە پێوەندییەکانیاندا لە زمانی خۆیان کەلک وەربگرن، ئەو ڕۆژە گرینگی ئەوتۆی بۆ ئەوان نەبێ، بەڵام بۆ ئەو گەلانەی کە لە ژێردەستی دا ژیان تێپەڕ دەکەن و خاوەن وڵاتی سەبەخۆی خۆیان نین یا لە وڵاتەکەیاندا دێموکڕاسی و ئازادی وجوودی نییە، گرینگیی تایبەت بە خۆی هەیە. گەلی کورد یەکێک لەو گەلانەیە کە دەمێکە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا هەوڵ دەدا کە بە زمانی دایکی خۆی بخوێنی و قسەی پێبکا.

لەو ڕۆژەدا هیواداریین کە هەموو ئەو گەلانەی کە وەک گەلی کورد ناتوانن بە زمانی خۆیان بخوێنن و بنووسن، بە تایبەتی گەلی کورد، هیواداریین زۆر لە ڕابردوو شێلگیرتر لە هەوڵی وەدەست هێنانی ئەو مافەدا ڕەوا و سروشتییە دابن.

ڕۆژی ٢ی ڕەشەمە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکە کە بە پێشنیاری دەوڵەتی بەنگلادش لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا لە ساڵی ١٩٩٩

یونسکۆ، ڕێکخراوی پەروەردە، زانستی و فەهەنگی نەتەوە یەکگرتوەکان ئەو ڕۆژەی بە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک پەسەند کرد و ئامانج لەو بڕیارە بۆ پێشگرتن بوو لە لەناوچوونی زمانەکانی جیهان وەک میراتی مرۆڤایەتی.

لەو ڕۆژەدا لە ساڵی ١٩٤٨ی زایینیدا دەوڵەتی پاکستان زمانی "ئۆرددوی" کردە زمانی ڕەسمیی وڵات کە زمانی کەمینەیەکی ئەو وڵاتە بوو. ئەوکات بنگالییەکان نارازی بوونی خۆیان لەو بڕیارە دەوڵەت ڕاگەیاند و لە ساڵانی ١٩٥٠ تا ١٩٥٢ کۆمەڵێک نارەزایەتیان دەربڕی و لە خۆپێشاندانێکدا لە ٢ی ڕەشەمەی ١٩٥٢دا دەوڵەت بە چەک هێرشی کردە سەر خویندکارانی زانستگەی "داکا" و لە ئاکامدا چەند خویندکارێک کوژران و بریندار بوون. دواتر دەوڵەتی پاکستان ناچار بوو کە زمانگی بنگالییەکانیش بەڕەسمی بناسێ.

لە جیهاندا ٦٧٠٠ زمان قسەی پێدەکری کە مەترسی لەنێوچوونی ٤٠ لەسەدی ئەو زمانانە هەیە و تا ئێستاش بەهۆی فەرامۆشکردن و خزمەت نەکردن یا سەرکوتکردن سەدان زمان لە جیهاندا لەنێوچوون.

زمانی کوردی یەکێک لەو زمانە زیندوو و دەوڵەمەندانەی جیهانە کە نزیک بە ٥٠ میلیۆن کەس قسەی پێدەکەن. بێجگە لە هەرێمی کوردستان و بەشیک لە ڕۆژاوای کوردستان کە بە زمانی کوردی دەرس دەخوێنن، بەشی زۆری کوردستان کە لە ژێر دەسەڵاتی داگیرکەرانی کوردستان دایە، لە خوێندن بە زمانی کوردی بێبەش کراون. لەگەڵ ئەوەی کە ناهێڵن منالانی کورد بە زمانی کوردی بخوێنن، هەر لەو کاتەشدا داگیرکەرانی کوردستان هەوڵدەدەن کە زمان و فەرهەنگی نەتەوەی باڵادەست بە سەر گەلی کورددا بسەپێنن و زمانی کوردی لەنێو بەرن.

ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک بۆ گەلانی ژێرستەم ئەهمییەتی تایبەتیی خۆی هەیە. لە سەدەی ٢١ دا کە سەدەی پێشکەوتنە، بەداخەوە لە وڵاتی ئێراندا ڕێژیمی حاکم بە هەموو جۆرێک دەیهەوێ زمان و فەرهەنگی نەتەوەی کورد بکاتە پاشکۆی زمانی نەتەوەی سەردەست یا لەنێو زمان و فەرهەنگی فارسی دا بیتوێنێتەوە.

پێویستە گەلی کورد هەر وەک چۆن لە ڕابردوودا پارێزەری زمان و فەرهەنگی خۆی بووە و بەخوێن و زیندان و فیداکاریی پاراستوویەتی، لەمەودواش هەروا پارێزەری زمانی خۆی بێ و لە هەوڵی گەشەپێدانی دابێ. با دایکان و باوکان بە هاوکاریی مامۆستا و ڕۆشنبرانی کورد بە زەحمەت و دڵسۆزی و فیداکاریی خۆیان پارێزەری زمانی کوردی بن و منالەکان بە زمانی شیرینی کوردی گۆش بکەن

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی فێبریەیری ٢٠١٩

-----------------------------------------

## مرۆڤێک کە زمانی دایکی نەزانێت وەک هەڵۆی باڵکراو وایە



ڕەشاد مستەفا سوڵتانی

میلان کوندرا دەڵێت: یەکەم هەنگاو بۆ لە ناو بردنی نەتەوەیەک سڕینەوەی زمانەکەیەتی.

لە کابرایەکی چێکیان پرسیوە، ئایا ئێوە و سلۆڤاکیا بران یا دۆستن؟ وڵامی داوەتەوە: براین. چونکوو مرۆڤ خۆی دۆستی خۆی هەڵدەبژێری، بەڵام برا بەدەست خۆت نیە. نەتەوەی کوردیش، وەها ئەنجن ئەنجن و دابەش کراوە، کە بەدەس خۆمان نیە و براین. شوینیزمی تۆخ و دەسەڵاتەکانی پیشوو وەک ڕەزا شا و مستەفا کەمال لە ساڵی ١٩٢٠ بەملاوە زمانی کوردییان بەرەو پوان و داڕزان برد. ڕاستەوخۆ سووکایەتیان بە فەرهەنگ و کولتورو خوێنەری کورد کردووە و هاوکات زمانی کوردییان ئەتک کرد.

شێوەی دیالکتی سۆرانی یەک دوو خاڵی لاوازی فۆنێتیکی هەیە. شێوەی دیالکتی کرمانجی هەشت فۆنێتیکی ناتەواوە و هیشتا نیشانە بۆ دەنگەکانی ( ئە، ح، ع، غ، ڵ، ڕ، وێ ) دانەنراوە. هەر بۆیە ڕووناکبیرانی باکوور ئەدەبی کلاسیکی مەلای جەزیری، ئەحمەدی خانی و فەقێی تەیران بە باشی ناناسن. زمانی کوردی وەک زمانی ڕووسی فۆنێتیکە و بەو جۆرەی کە قسەی پێدەکرێت هەر وایش دێتە سەر کاغەز و دەنووسرێت. ئەلف و بێی کوردی هەموار و چاکسازی بۆ کراوە و لە ڕۆژهەڵات، یەکێک لە هەموارترین ئەلف و بێ کانە. ئەگەرچی لە لایەن نەتەوەکانی تورک، کورد، عەرەب، تورکەمەن و بەلووچەوەک، پێنج سەد ساڵە خزمەتی زمانی فارسی دەکرێت، بەڵام ئەو گیر و کۆسپە لە زمانی فارسیدا هەیە لە زمانی کوردیدا هەرگیز نیە.

زمانی فارسی خاوەنی پیتی "ڤ" نییە. من شارەزای زمانی عەرەبی و تورکی نیم، بیستومە زمانی عەرەبیش کۆسپ و گرفتی کەم نیە و تەنیا خوێندەواری ئاستی باڵا دەتوانن ئیملای دروستی زمانی عەرەبی بنووسن. زمانی تورکیش بەتایبەت لە زمانەکانی تری ڕۆژهەڵات وشەی زۆری قەرز کردووە و ئاسیمیلەی کردووە. لە سەر بنەما و بنچینەی زمانەوانی و پێوەرە زانستیەکان زمانی کوردی ستانداردە و خاوەنی ٣٣ و یا ٣٤ پیتە. کرمانجی و سۆرانی دوو دیالکتی زمانی کوردین، بۆیە هەرگیز نەتەوەی کورد دوو زمانی ستانداردی پێویست نیە. مێژووی زمانی کوردی هاوار دەکات کە لە ناو سێ دیالکتی گۆرانی، کرمانجی و سۆرانی مەجال و دەرفەت بۆ گەشە و پیشکەوتنی دیالکتی سۆرانی ڕەخساوە و پێدەچێت پێڤاژەی زمانی ستانداردی تێپەڕاندووە و نیشانەی بۆ بزوێنەکان داناوە. هەرکەسێک سەربەستە کە بە زاراوە ودیالکتی ناوچە و هەرێمی خۆی، هەستەکانی خۆی دەربڕێت وقسە بکات.

لە زمانی فارسی و عەرەبی سەر و بۆر هەرگیز ناتوانی دەوری بزوێنەکانی کوردیان هەبێت. کوردستان دەتوانێ وەک وڵاتانی تر لە دیالکتە دەوڵەمەندەکانی وەک گەنجینەی زمان کەڵک وەرگرێت. لە یۆنان و نۆروێژ دووزمانیان هەیە. ئیهانە و سوکایەتی بە دیالکتەکان دەمارگرژی ناوچەیی دەسەلمێنێت. بە هەڵسەنگاندن و پێوانە عیلمی و زانستیەکان، هیچ دیالکتێک لە هیچ دیالکتێکی تر چاکتر نییە. بۆ ئاگاداری و وەک بەڵگەیەکی مێژوویی دوازدە لە سەدی بەرهەمە کوردییەکان بە دیالکتی کرمانجی نووسراون.

لە وڵاتی عێراق دوو زمانی سەرەکی، کوردی و عەرەبین. لە زانستگای بەغدا، بەشی زمانی کوردی کرایەوە و لە ساڵەکانی ١٩٦٣ - ١٩٦٦ زمانی کوردی گەشەیەکی وا بەرچاوی نەکرد. لە بزووتنەوەی باشوری کوردستان تا ئەو کاتەی بزووتنەوەکە هەرەسی هێنا، یانی سالی ١٩٧٥ زایینی زمانی فەرمی دەزگاکانی شۆڕش کوردی بووە.

## باشووری کوردستان

هیشتا ئاکادیمیایەکی زانستیانەی زمانی کوردی دانەمەزراوە. ئەگەریش ئۆرگانێک بەو ناوە هەبێت لە داهۆڵ دەچێت. کۆڕی زانیاری کورد لە سەردەمی بەعسدا، لە بەستێنی گەشەی زمانی کوردی پێشڕەوتر و کاراتر بووە. لە باشووری کوردستان ناوی مانگە کوردییەکان کە لەگەڵ سروشت و جیولۆژی وڵاتی کوردستان گونجاوە بە کار ناهێنن و لە باتی ناوی مانگە ڕۆمییەکان وەک: ئەیلول، کانون، شوبات، ئاب، تشرین و نیسان بەکار دێنن. ئەگەرچی زمانی کوردی لە باشوور بەهیمەت و بەرخۆدان و خەباتی دەیان ساڵەی شارۆمەندانی باشوور ڕەسمی بووە و خوێندراوە، بەڵام ئیستاش و هەندی جار لە

نوسراوەی نوسەرانیان کوردی "سەقەت" بەر چاو دەکەوێت. لە ڕوانگەی پارلەمان و حکومەتی هەرێمەوە نرخی زمانی زگماکی لە ئاستێکی زۆر نزمدایە و لەو بوارەشدا هەستی نەتەوییان کوشتوە و تەنیا پشتیوانی لە دیواری حیزبی و سکتاریزم دەکەن. دەسەڵاتی باشوری کوردستان لە بوار و کانالی ترسناکی گەندەڵی تێپەر بووە. پرۆسەی گەندەڵی وپەتای بەرخۆریزم * لە سەر گەشەی زمانی کوردی کاردانەوەی نیگەتیڤی هەبوە. شاکار و کتێبی فارسی جار و بار لە باشووری کوردستان تەرجومە کراوەتەوە، کە لە گواستنەوە و تەرجومەی چەمکەکان، ئەمانەتداریی نەکراوە و هەڵەکان سەر لە ئاسمان دەکوتن. لە باتی تەرجومەی ئەدەبیات و شاکارەکانی جیهانی، لە پێناو تەرجومەی کتێبی بێ ناوەرۆکی فارسی ملی خۆیان بۆ دەشکێنن. سەرجەم شارۆمەندانی باشوور لە بواری خوێندن و نوسینی زمانی کوردی متمانەیان بە خۆیان لە ئاستێکی فرە بەرزدایە و بە نیسبەت پارچەکانی تری کوردستان، شیاوی قەدرزانین و ڕیزی فراوانن.

لە بیرمە کۆمەڵە کۆرسێکی بۆ کادیرەکان بە ناوی "مەدرەسەی حیزبی ئوکتوبر" کردەوە. نەودونۆ لە سەدی کادیرەکان کورد بوون و لە ناو ڕەنجدەرانی کوردا کاری سیاسیان دەکرد. تەبلیغ و پروپاگاندەیان لە ناو ڕەنجدەرانی کوردستان تەنیا بە زمانی کوردی ئیمکانی هەبوو. ئەمما هێچ وانەیەکیان بە زمانی کوردی بۆ ئەو کادیرانە دانەنابوو. تاوانێک کە بەهیچ کلۆجێک پاساو نادرێت. بێگومان دیاردەی متمانە دەوری سەرەکی هەبوو و رێبەری کۆمەڵە متمانەیان بە خۆیان نەبوو کە کاردانەوەی ڕووخێنەری لە سەر خوێندن و فێر بوونی زمانی کوردی دانابوو و زمانی فارسی گرینگ تر چاوی لێدەکرا

## ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بارو دۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەنیسبەت باشورەوە جیاوازی مێژوویی هەبووە. لە کاتی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، زمانی کوردی گەشەی خێرای کرد و توێژێک لە خوێندەوارانی کوردیزان، ئەندێشە و چۆڕاوەی بیر و فیکریان، لە گۆڤارەکان و ڕۆژنامەکان و کتێبەکاندا وەک گەنجینە و بژاردەی زمانی کوردی لە مێژوودا تۆمار کراون. گەنجینەی گرانبەهای دەورانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، نوسراوە کوردییەکانن کە لە مێژووی خوێناوی گەلی کورد ئارشیو کراون. ناوی مانگەکان بە کوردی لە نوسراوەکاندا بەکار دێت و لە ناوی مانگە فارسی و ڕۆمیەکان خۆیان دەپارێزن. بەگشتی لەو سەردەمەدا ئەو متمانە کە پێویستە بۆ خوێندن و نوسینی زمانی کوردی هەبێت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاستێکی بەرزی نیە و کز و لاوازبووە.

وەک بیرەوەری، کاتێک بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات لە باشوور گیرسایەوە حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە هێزی خۆیان لە ئوردووگاکان دامەزراند. لە بیرمە کۆمەڵە کۆرسێکی بۆ کادیرەکان بە ناوی "مەدرەسەی حیزبی ئوکتوبر" کردەوە. نەودونۆ لە سەدی کادیرەکان کورد بوون و لە ناو ڕەنجدەرانی کوردا کاری سیاسیان دەکرد. تەبلیغ و پروپاگاندەیان لە ناو ڕەنجدەرانی کوردستان تەنیا بە زمانی کوردی ئیمکانی هەبوو. ئەمما هێچ وانەیەکیان بە زمانی کوردی بۆ ئەو کادیرانە دانەنابوو.

تاوانێک کە بەهیچ کلۆجێک پاساو نادرێت. بێگومان دیاردەی متمانە دەوری سەرەکی هەبوو و رێبەری کۆمەڵە متمانەیان بە خۆیان نەبوو کە کاردانەوەی ڕووخێنەری لە سەر خوێندن و فێر بوونی زمانی کوردی دانابوو و وزمانی فارسی گرینگ تر چاوی لێدەکرا. تا ئەو ئاستە من ئاگادارم و جێگای شانازیە ئیستا لە شارەکانی سنە، مەریوان، بۆکان و سەقز کۆڕ و کۆمەڵی کوردیزان و فیداکار خوێندنی زمانی کوردیان دڵسۆزانە دەست پێکردووە و ئەم پرۆسەیە خۆی لە خەباتێکی مەدەنیدا تەرجومە دەکاتەوە. توێژێکی بەربڵاو لە گەنجانی کوڕ و کەنیشک فێری زمانی کوردی کراون.

## ڕۆژئاوای کوردستان

خوێندن و فێر بوونی زمانی کوردی لە ڕۆژئاوای کوردستان گەشەی بەرچاوی کردووە و دوور لە چاوەڕوانی بوو. بەرخودان و خەباتی پارتیزانەکان و شارۆمەندانی ڕۆژئاوای کوردستان تەنیا بە هەڵسوڕانی نیزامی و شەڕی چەکدارانە دژی داگیرکاران و کۆنەپارێزان بەرتەسک نەبووەتەوە. لەپاڵ بەرخودان و خەباتی عەسکەری، خەباتی مەدەنی و شارەستانیش گەشەی کردووە وبەردوامە و وەک کولتووری پێشکەوتوو جێ کەوتوە. سیستەمی مودێرن و هەڵکەوتووی "کانتۆنەکان" لە هەموو جومەگەکانی کۆمەڵگا ئاژین بووە. ئەو سیستەمە یانی" کۆنفیدرالیزمی دیموکراتیک" لەگەڵ بارودۆخ و بواری کۆمەڵایەتی چین و توێژەکان و پێکهاتە ڕەنگاوڕەنگەکان گونجاوە و سازگارە. چونکوو دەروازەکانی ئۆرگانی کانتۆن بۆ هەر کەسێک بە هەر بیر و باوەڕ و ئاین و ئاین زاکان، ڕەنگی پیست، زمان زگماگی و رەگەزێکەوە کراوەیە. ئەم ئۆرگانە دیموکراتێکە وەک گلێنەی چاو لە لایەن هاووڵاتیانەوە پارێزگاری لێ دەکرێت و لە سەر بناغەی مافی "تاک" دامەزراوە. هیچ چەشنە هەلاواردن و دیاردەی نێگەتیڤی حیزبایەتی و سانسورێک بە سەر ڕەوتی کۆمەڵایەتی و مرۆڤدۆستانە و ڕادیکاڵی کانتونەکاندا زاڵ نیە. مرۆڤ لە یەکەمین هەڵسەنگاندنەکانی سەری سوڕ دەمێنێت، کە خوێندن و فێربوونی زمانی کوردی و لە کورت ترین ماوەدا تا ئەو ئاستە دڵخۆشکەرە و گەشەی کردووە و جێ کەوتوە. ئەلبەت بۆ شارۆمەندانێک کە زمانی زگماکیان کوردی نیە و بە زمانی ئاشوری، کلدانی و عەرەبی ئاخافتن دەکەن، خوێندنی بە زمانی کەمینەکان ئازادە و حورمەتی فراوانیان لێ دەگیرێت. ئەوەی جێگای ڕێز و پێزانینە کە خەباتکاران چاوەڕوانی ئاڵ و گۆڕە بنەڕەتیەکانی کۆمەڵگا نین. هەر لە ئیستاوە بەرنامەی دارێژراو و پلاتفورمی لۆژیکیان بەمەبەستی چارەسەر کردنی گرفتەکانی ژینگە و زمانی زگماگی بەدەستەوە گرتووە و لەو بورانەدا فرە سەرکەوتوون. تەنانەت دەسکەوتەکانی شارۆمەندانی ڕۆژئاوای کوردستان لە لایەن ماسمێدیای جیهانیەوە بڵاو کراوەتەوە. گرینگ ترین دەسکەوتی مێژوویی کە لە ڕۆژئاوای کوردستان، بەدەس هاتوە "بەرابەری ژنان و پیاوان" لە بوارە جیاوازەکانی کۆمەڵگایە. نموونەی وامان و بە تایبەت لە سیستەمی حکومەتە درندە و دیکتاتۆرەکانی ناوچەکەدا بەرچاو ناکەوێت. هەنگاو بە هەنگاو مەیدانی ڕمبازێنی پیاوسالاری بەرتەسک

دەبێتەوە و بەرەو هەڵدێر ملی ناوە و هێواش هێواش، کولتووری کۆنی پیاوسالاری بەرەو نەمان دەچێت. کچان و ژنان وەک ئالترناتیڤی شیاو بۆ ئیدارە و بەڕێوە بردنی کۆمەڵگا دەوری پێشڕەویان هەیە.

### باکووری کوردستان

لە کۆنەوە هەلسوڕانی فەرهەنگی و کولتوری شارۆمەندانی باکور و خوێندنی زمانی زگماکی بە شێوە و خەتی لاتین دەستی پێکردووە. ڕووناکبیرانی تاراوگە و ئوروپا لەم بەستێنەدا یارمەتی زۆریان داوە. بەرهەمە کانیان ڕوو لە زیاد بوون و گەشەیە. بزووتنەوەیەکی جەماوەری و سەرشەقام و مەدەنی لە باکوور، پوتانسیل و زەرفیەت و قورسایی خۆی بە هەزاران شێوە پیشان دا. کۆنەپارێزان و حکومەتی فاشیستی تورکیا ئەو زەرفیەت و پوتانسیلەی لە بار برد. بزووتنەوەکە لە پێڤاژەی خەباتی مەدەنی و سەرکەوتوانەی خۆیدا، تا ئاستیکی بالا تووشی قەیران هات و گەلی کورد لەو ئامێرە پڕ دەسکەوتە مەحرووم کرا. پیلان و کردەوەی فاشیستی و داسەپاندنی دیکتاتوری و گرتن و زیندانی و کوشتاری هەر ڕۆژەی خەباتکاران، لە سەر ڕەوتی خەباتەکە کاردانەوەی فرە نیگەتیڤی هەبوو و ڕێبەرانی راستەقینەی ئەو بزووتنەوەیە گیران و توندی زیندان کران. بزووتنەوەی جەماوەری و خەباتی سەرشەقام لە نەبوونی ڕێبەرانی کاریزما، بەرە بەرە تووشی پاشەکشە هات. و شارۆمەندانی باکووری کوردستان بۆ ئەو دیاردەیە فیداکاری وخوێنی زۆریان پێشکەش کرد. دەبوا خەباتی مەدەنی و شارستانی وئەو ئامێرە هەستیارە، بە توندی بە دەستەوە گیرابا و نرخی گرانبەهای هەست کرابا. ئەگەرچی تەلە ڤیزیونی حکومەتی بەرنامەی داڕێژراوی بە دیالکتی کرمانجی داناوە، ئەمما ناوەڕۆکی بەرنامەکان شوینیستی و تۆخ و مێشک شوردنەوە و شەرعیەتدان بە سیستەمی کمالیزمی ئیسلامیە.

* بەمەبەستی کامیل تر کردنی باسەکە، بە هەر شێوەیەک دەتوانن سپاسبژێر وچاوەڕوانی یارمەتیتانم و و لە بیرە جیاوازەکان بە حورمەتەوە پێشوازی گەرم دەکەم.

بەرخۆریزم: ئەمرۆ لە ئاستی دونیادا بووە بە هەڕەشەیەکی مەترسیدار لە سەر تەندروستی ژینگە و گۆی زەوی. باشووری کوردستان بەرخۆرترین کۆمەڵگای ناوچەکەیە، چونکوو ئەوەی دەیخوات خۆی بەرهەمی ناهێنێت و ئەوەشی بەکاری دێنێت لە جێگای ترەوە دەیهێنێت. هەموو دەرمان و خواردنە کات بەسەر چوەکانی تورکیا و ئێران، لە باشور دەفرۆشرین.

**سەرچاوەکان:**

## کوردی


١- سەبارەت بە پرسی میللی لە کوردستان، سەرجەم دیالۆگەکان و باسەکان لە زانستگای تورینتۆی کانادا - دوکتور ئەمیری حەسەنپوور.

٢- زمانی کوردی لە ئاستانەی سەردەمێکی تازەدا و دەرزیئاژن. فەرهاد شاکەلی، سوید زانستگای ئوپسالا.

٣- زمان ئەدەب و ناسنامە، گێرانەوە ناسی، دوکتور هاشم ئەحمەدزادە، زانستگای ئوپسالا.

٤- ناسنامەی زمانی کوردی: بەرگی یەکەم، بەرگی دووەم و بەرگی سێیەم. فازل ئوسولیان.


**سەرچاوەی فارسی**:


١- انقلاب رۆژآوا مایکل نپ، آنیا فلخ و ارکان آیوبوگا، مترجم مراد عظیمی

٢- Prickimg with a needle .Ferhad Shakali

٣´- Language , literature and identity .Dr Hashem Ahmadzadeh

٤- Narratology.Dr Hashem Ahmadzadeh


سەرچاوە: ماڵپەڕی بروسکە - ڕێکەوتی: ٢١ی فێبریوێری ٢٠١٩

---------------------------------------------------





## پێژمان حەبیبی

ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی، لە دەرەنجامی ستەم و کارەساتێکی خوێناوییەوە لە لایەن ڕێکخراوی یونسکۆی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دیاری کراوە. لە ساڵی ١٩٥٢ی زایینی پاکستان بڕیاری دا بە زەبری زۆر، زمانی ئۆردوو بەسەر گەلانی پاکستاندا بسەپێنێت، خەڵکی بەنگاڵ بە تایبەت خوێندکاران دژ بەم کارە نامرۆڤانە و نادیمۆکراتییانەی حکومەتی پاکستان ڕاوەستان. خوێندکاران وەک ڕێبەری بزووتنەوە و خەڵک بە ئارامی خۆپیشاندانیان ساز دا. بەڵام حکومەتی پاکستان بە هێزی پۆلیس هێرشی بردە سەر خۆپیشاندەران و تاقمێک لەوان کوژران. ئەو هەوڵەی پاکستان بۆ سەپاندنی زمانی ئۆردوو بە سەر زمانی زگماکی نەتەوەکانی دیکەی پاکستان، لە ئاکامدا بوو بە هۆی جیابوونەوەی وڵاتی بنگلادیش لە پاکستان.

لە ساڵی ١٩٩٩ی زایینییەوە یونسکۆ بۆ گرینگیدان بە زمانی زگماک و ڕێگری لە لەناوچوونی زمانی زگماک، ڕۆژی دووی ڕەشەمەی وەکوو ڕۆژی ڕێزگرتن لە زمانی دایکی دیاری کرد.

زمانی دایکی لەبەر ئەوەی زمانی ئاخاوتن، فەرهەنگی خۆماڵی و زمانێکە مرۆڤ پێی گۆچ کراوە، دەبێتە سەرچاوەی هزر، دنیابینی و خەیاڵی مرۆڤ و لە هەموو کایەکانی ژیانی تاک و کۆمەڵگەدا ڕەنگ دەداتەوە. زمانی زگماک بناغەی هزر و بیر و شوناسی مرۆڤە. مرۆڤ بەبێ زمانی زگماک شوناسی نییە، ئەو مرۆڤەی زمانی زگماکی خۆی چاک فێر دەبێت و چاکی بەکاردێنێت هزر و بیری بەرفرەوانتر دبێت. متمانە و پەرمین و باوەڕبەخۆبوون بە مرۆڤ دەبەخشێت. زمان لە ڕەخسانی دەرفەتی تێفکرین و هزرین و قوڵبوونەوە بۆ ئاستەکانی ئافراندن، ڕۆڵی کاریگەری هەیە. زمان لە بیچمگیری و ڕواڵەت بەخشی و پێکهێنانی کەسایەتی تاک و ناسنامەی کۆمەڵایەتی و کۆی کولتووری گشتیدا کاریگەری ئێجگار زۆری هەیە.

زمان گرنگترین ئامرازی پەیوەندی کولتووری و ڕەوایەتی مێژوو و هێڵانەوەی یادەوەری بەکۆمەڵ و ناسنامەی جەماوەر و گەلانە.

یەکەم بـایەخی زمـانی دایکـی بـۆ هەر نەتەوەیەک ئەوەیە کە ئەوەی وا لە ناختـدا هەیـە، دەتـوانی بە ئاسـانترین و ساکارترین شێوەی دەربڕین، بیگوازیتەوە بۆ بیسەر و بەردەنگەکەت؛ چون جگە لە زمانی دایکی هیچ زمانێکی تر ناتوانێت بە ئاسانی مەبەست و قسەی شاراوەی دەروون دەربخات؛ گەر زمانی دایکی نەبێت، دایکێک چۆن کۆرپەکەی بلاوێنێتەوە! ئەویندارێک چۆن بە قەد و باڵای یارەکەیدا هەڵبڵێ!؟

هەژاری موکریانی دەڵێ:

قەواڵەی بوون و مانەوەی گشت نەتەوەکانی سەرزەوی، زمانە.

زمان نەمێنێ بوون لە نێو دەچێ. زمانی کوردی لە مێژووی کۆن و نوێی ئێمەدا فاکتەرێکی سەرەکی ڕاگرتنی کورد بووە وەک نەتەوە. زمان، شادەماری ڕۆحی نەتەوەیە، بەو پێیە ئەو نەتەوەیە زیندووە کە زمانەکەی زیندوو بێت. چونکە لەڕێی ئەم شادەمارەوە خوێنی نیشتماندۆستی و هەستی نەتەوەیی دەگاتە هەموو دەمارەکانی دیکەی تاک بە تاکی کۆمەڵ.

سەرەڕای ئەمەش زمان زیاتر لە سیاسەت و ئابووری، توانیویەتی خزمەت بە یەکێتی نەتەوەیمان بکات.

ئێستە پرسیار ئەوەیە ئێمە چۆن دەتوانین زمانی زگماکی خۆمان بپارێزین و لە ئاسیمیلەبوون لە نێو زمانەکانی تر یا ڕێگە نەدەین زمانەکەی خۆمان لەناو بچێ؟

دیارە پاراستنی زمان تەنیا ئەرکی چەن پسپۆڕ و چەند ناوەندی تایبەت نییە، بەڵکوو ئەرکی لە مێژینەی کۆمەڵگایە، مامۆستا "موحەممەد خاڵ" لە سەر بایەخی زمان دەڵێ:

"کۆمەڵگا بەبێ زمان و بەبێ فەرهەنگ لە ژێر پێی نەتەوەکانیتردا دەپلیشێتەوە. نەتەوەیەک زمانی دایکی خۆی لە بیر بکا دەبێتە ژێردەستە و کۆیلەی فەرهەنگی ئەو گەلە زاڵەی کە زمانی بە سەردا سەپاندووە. هەروەها پێشکەوتنی نەتەوە و پەرەسەندنی خودی زمانی نەتەوە لە پێوەندییەکی پتەودان. هیچ نەتەوەیەک بە بێ زمانێکی تایبەت و هاوبەش وێنا ناکرێت. بۆ نەسڕانەوەی هەر کەمینە و هەڵگرتنی هەر یادەوەرییەکی کۆن، زمان گەورەترین فاکتەر و پێداوییستیە".

فێربوونی هەر زمانێک پێویستی بە تێپەڕاندنی چوار قۆناغ هەیە: بیستن، ئاخاوتن، خوێندن و نووسین. ئەگەر کەسێک لە ڕەوتی فێربوونی زمانەکەیدا ئەم چوار قۆناغە تێپەڕێنێت، یەکگرتوویی فیکری، کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی پێک دێت و کۆمەڵگە لە گەیشتن بە ویست و داخوازەکانی زۆر نزیک دەبێتەوە.

١- یەکەم هەنگاو بۆ ئەم مەبەستە، پێویستە لە بنەماڵەی خۆمانەوە دەست پێ بکەین، لەم بوارەدا دایکان لە نێو بنەماڵەدا، نەخشێکی هەرە گرینگیان هەیە؛ دایکان پێیان شوورەیی نەبێ بە زمانی خۆیان قسە بکەن و خۆیان بە کەم نەزانن چونکوو گەورەترین هۆی بە زمانی بێگانە قسەکردن خۆ بە کەم زانینە! دایکان جگە لە ئەوەی کە ئەبێ نەهێڵێ منداڵەکەی وشەی بێگانە وەکوو: "مامان"، "خاله"،"عمه"، "دایی"، "عمو"، "زن دایی"، "زن عمو"، و.... بەکار بێنێ، دەبێت خۆیان بە باشی زمانی ستانداردی کوردی فێر بن و ئەو زمانە ستانداردە بە باشی فێری منداڵەکانیان بکەن.


٢- ئەرکی پاراستنی زمان زۆرتر لە سەرشانی ڕێکخراوە ناحوکمییەکان، شاعیران، نووسەران، ڕۆماننووسان، گۆرانیبێژان و وێژەرانە. ئەوانە پێویستە زۆر هوشیارانە بۆ نووسین و ئاخاوتنیان لە زمانی پێوەری کوردی کەڵک وەربگرن. دەبێت زاراوە جیاوازەکانی زمانی پێوەری کوردی وەک دەرفەت چاو لێ بکەن و لە نووسین و ئاخاوتندا بۆ هاوتاسازی لە هەمبەر وشەی بێگانە کەڵکیان لێ وەربگرن.

٣- دیارە کەڵکوەرگرتن و لێکۆڵینەوەی زۆرتر لە زمان دەبێتە هۆی ئەوە کە زمان ببێتە خاوەن گەنجینەیەی گەورەی زمانەوانی. پسپۆڕانی زمانی کوردی، خوێندکاران و مامۆستایانی زانکۆ لە دەرەوە و ناوەوەی وەڵات، نەتەنیا دەبێ ساڵانە سەدان لێکۆڵینەوەی زانستی ماجستێر و دوکتۆرا لە سەر زمانی کوردی بنووسن، بەڵکوو باشترە خەڵکی بیانیش هان بدەن کە لێکۆڵینەوەی ئاکادیمیانە لە سەر زمانی کوردی بکەن.

٤- هەوڵدان بۆ دامەزراندنی ناوەندێکی زانستیی زمانەوانی بەدوور لە باندووڕی زاراوە یا بنزاراوەیەکی تایبەت و هەروەها چێکردنی ڕێنووس و ڕێزمانێکی یەکگرتوو و ستاندارد تا قۆناغی یەکەم کە خوێندن بە زمانی دایکییە، ساناتر بخرێتە بواری جێبەجێکردن. زمانی کوردی پێویستی بە نوێکردنەوەی ڕۆژانە هەیە؛ جیهان بەخێرایی بەرەو گۆڕان و پێشکەوتن دەڕوات بۆیە پێیویستە زمانیش خوی لەگەڵ ئەو گۆڕان و داهێنانادا بگونجێنێت.

سەرچاوە: حەوتەنامەی دەنگی کوردستان - ڕێکەوتی: ٢١ی فێبریوێری ٢٠١٩

## ٢١ی شوبات.. ڕۆژی جیهانی زمانی دایک




**ماڵپەڕی PUKmedia**

ڕۆژی ٢١ی شوباتی هەموو ساڵ ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکە و هەموو گەلانی جیهان بە چالاکی جۆراوجۆر ئەو ڕۆژە بەرزڕادەگرن. لە جیهاندا ٦ هەزار زمان هەن، بەڵام زۆریان مەترسی لەنێوچوونیان لەسەرە و زۆرترین خەڵک قسە بە ١٠٠ زمان دەکەن، زمانی کوردیش لە پلەی ٥٩ یەمین زمانی جیهاندایە.

لەم ڕۆژەدا بۆ باشترکردنی زمانی کوردی، لە کوردستان بە گشتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی چالاکی تایبەت بە زمانی کوردی بەڕێوەدەچن و شارەزایانی بواری زمانیش هۆشداری دەدەن لەوەی زمانی کوردی لە ڕەوشێکی خراپ دایە.

لە عێراق زمانی کوردی دووەم زمانی ڕەسمییە و لە باشووری کوردستان زمانی ڕەسمی حکومەت و خوێندنە. لە سوریا زمانی کوردی دانی پێدانەنراوە، بەڵام کانتۆنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان زمانی کوردی وەک زمانی ڕەسمی بەکاردێنن، لەگەڵ ئەوەشدا گرنگییەکی زۆر بە زمانی عەرەبی دەدەن.

لە جیهاندا ٦ هەزار زمان هەن، زۆریان مەترسی لەنێوچوونیان لەسەرە، بەهۆی ئەوەی پیتی نووسینیان نییە و تەنها لە قسەکردندا بەکاردێن، ٢٠٠ بۆ ٥٠٠ زمانیش مەترسی لەنێوچوونیان لەسەرە، بەهۆی ئەوەی ناتوانن خۆیان لەبەردەم تەکنۆلۆژیا و پێشکەوتنەکان رابگرن.

**ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک لەچییەوە هاتووە؟**

ڕۆژی جیهانی زمانی دایک، لە ڕۆژی بزاڤی زمانی ساڵی ١٩٥٢ی بەنگلادیش (ڕۆژهەڵاتی پێشووی پاکستانی بەر لە سەربەخۆیی)ەوە سەرچاوەی گرتووە.

ساڵی ١٩٥٢ ژمارەیەک قوتابی زانکۆی داکا دژی سیاسەتی یەکزمانی ناڕەزاییان دەربڕی، ١١ کەس بەدەستی هێزە ئەمنییەکانی پاکستان کوژران، ساڵی ١٩٥٦ دەوڵەت بەناچاری دانی بە زمانی بەنگالیدا نا.

ڕێکخراوی یۆنسکۆی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی ١٩٩٩ڕۆژی ٢١ی شوباتی هەموو ساڵێکی وەک ڕۆژی جیهانی زمانی دایک ناساند و ئەو ڕۆژەی وەک بیرهێنانەوەیەک بۆ قوربانیانی بەنگلادیش بە ڕۆژی زمانی دایک دیاریکرا.

**ڕۆژی زمانی دایک...**

**ئەم دیدارە لە سایتی خاک ەوە وەرگیراوە**

**لەڕۆژی جیهانی زمانی دایکدا، پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆرە مهاباد کامل عەبدوڵلا، مامۆستای بەشی کوردی سکوڵی زمان لە زانکۆی سلێمانی، ئاماژە بە گرنگی و بایەخی زمانی دایک و هەروەها کاریگەری زانینی زمانی دایک لەلای منداڵ و کەی پێویستە فێر بێت و لایەنی سلبی و ئیجابی زانینی زمانی دووەم لە لای منداڵ و چەند تەوەرێکی تر ئەم چاوپێکەوتنە مان لە گەڵ ئەنجامدا؟**

**س: ئایا دیاریکردنی ڕۆژێک بۆ زمانی دایک گرنگیەکەی لە چیدایە؟**

- لە بەنگالی ڕۆژهەڵاتی کۆماری بەنگلادیشی ئێستا، پێش جیابوونەوەی لە پاکستان حکومەتی ناوەندی پاکستان لە ڕۆژئاوای پاکستان لە زمانی (محمد علی جناح)ەوە، لە کۆبوونەوەی ٢١ی ئازاری ١٩٤٨ ڕایگەیاند، کە زمانی ئۆردوو زمانی فەرمی وڵاتە، لەگەڵ ئەوەی، کە زمانی کەمینەو چینێکی تایبەت بوو، ئەمە بوو بە سەرەتای پەرچەکرداری بەنغالیەکان لەساڵی ١٩٥٠ - ١٩٥٢ خۆپیشاندانیان لە بەنغالی ڕۆژهەڵاتدا بەرپاکرد، دواتر بزوتنەوەکەیان بە (بزوتنەوەی زمانەوانی بەنغالی) ناسرا. پۆلیسی پاکستان بەرامبەر خۆپیشاندەران چەکیان بەکارهێناو بە ئاگر وەڵامی خۆپیشاندەرانیان دایەوە، لە ئاکامدا پێنج خوێندکار لە کۆلیژی پزیشکی لە دەکای پایتەختی بەنگلادیش شەهیدکران.

ئەم رووداوە بوو بەهۆی ئەوەی، کە حکومەتی ناوەندی ناچار بکات، کە وەک زمانی ئاڵوگۆڕو پەیوەندیکردن دان بە زمانەکەیاندا بنێت. شایەنی باسە لەبەردەم کۆلیژی پزیشکی ئەو وڵاتەدا مۆنۆمێنتی (شەهید منار)یان بۆ کرا.

لە ١٧ - ١ - ١٩٩٩وە لەدوای پێشنیاری بەنگلادیش رێکخراوی یۆنسکۆ بڕیاری دا ئەو رۆژە ببێتە رۆژی زمانی دایک و لە ٢٨ وڵاتدا ئاهەنگی بۆ بگێڕێت.

ئیدی لەو رۆژەوە یۆنسکۆ لەپێناو پاراستنی جۆراوجۆری رۆشنبیریو جۆراوجۆری زمان ئەم یادە دەکاتەوە.

س: بە شێوەیەکی گشتی چۆن زمان دەناسێنی؟

- زمان بریتیە لەو دیاردەیەی، کە وەک رەگەزێک بۆ پەیوەندیکردن بەکاردەهێنرێت، رەگەزێکی سەرەکی رۆشنبیرییەو ئامرازێکە بۆ پاراستنی رۆشنبیری نەتەوەکانو گواستنەوەی ئەو رۆشنبیرییە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر.

زمان یەکێکە لە هۆکارە سەرەکیەکانی گەشەکردنی منالْ، تەنها رێگەیە بۆ فێربوون لە پەروەردەداو بە زمان دەچێتە ناو چالاکیو ژیانی کۆمەڵایەتییەوە، نەک تەنها ئاستی ژیریو رۆشنبیری گەورەکان دەستنیشان دەکات، بەڵکو منالانیش بە زمان ئاستەکانیان لە رووی زیرەکیو ژیرییەوە جیادەکرێتەوە.

ئەرکی زمان تەنها پێدانی زانیاریو گواستنەوەی هەستەکان نییە، بەڵکو دەبێتە هۆی وروژاندنی بیرو ئایدیای نوێ، پاڵنەرێکە بۆ جوڵاندنو بیرکردنەوە، سروشتێکە بۆئەوەی زیاتر بیرو هۆش بکرێتەوە.

س: کەواتە لێرەوە دەکرێت، پێناسەی زمانی دایکمان بۆ بکەیت؟

- یەکێک لەو بابەتانەی کە زمانەوانی کۆمەڵایەتی گرنگی پێدەدات، زمانی دایکە:

چەمک و پێناسەی زمانی دایک:

مرۆڤ کە لەدایک دەبێت هەوڵدەدات پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ دەوروبەردا ڕێکبخات، ئەم پەیوەندییەش سەرەتا بەهۆی گریانەوەیە، بەرەبەرە بەپێی قۆناغەکان زمانی دەپژێت بە زمانی دایک، کە ئەو زمانەیە منداڵ یەکەمجار لە خێزاندا وەریدەگرێت، زمانی (یەکەم، زگماک، لەدایکبوون، خۆماڵی، شیری)یشی پێ دەوترێت،ئەم زاراوانە سینۆنیمن، لە زانستی زمانی دەروونیدا بەکاردەهێنرێن بۆ فێربوونی ئەوزمانەی منداڵ سەرەتا وەریدەگرێت، ئەویش دەبێت بە یەکێک لە قسەپێکەرانی زمانەکە، زمانی دایک لە زاراوەکانیتر گونجاوترە، چونکە دایک نزیکترین کەسە لە ساواوە.

زۆرجار وارێکدەکەوێت، کە منداڵ دوو زمان وەربگرێتو بەکاریبهێنێت، ئەگەر دایکو باوک دوو زمانی جیاوازییان هەبێت، ئەوا بە ناچاری دوو زمانی یەکەم وەردەگرێت، چونکە منداڵ توانستی فێربوونی کراوەیەوەو لە توانایدایە چەندین زمان فێرببێتو وەربگرێت.

زمان وەرگرتن، پڕۆسەیەکە بەهۆیەوە مرۆڤ توانای وەرگرتن و تێگەشتن بەدەست دەهێنێت، زمان بەرهەم دەهێنێت لە شێوەی ڕستەدا، کەهەڵگری ناوەڕۆکە، دواتر تێگەیشتن دێتە ئاراوە، کە بەرهەمی ڕێکخستنی فۆڕم و واتای وشەکانە، هەریەک لەو وشانەش خاوەنی زانیاری تایبەتن.

**س: منداڵ لە کەیەوە پێویستە فێری زمانی دایک بێت؟**

- ئەو زمانەی منداڵا لە خێزاندا وەریدەگرێت جیاوازە لەو زمانەی کە لە خوێندنگە فێری دەبێت، هەندێکجار جیاوازییەکە زۆر کەمەو کێشە دروست ناکات، بەڵام ئەگەر زمانی دایکو زمانێک - زارێکی - جیاواز بوو، ئەوا منداڵا لەکاتی فێربوونی زمانی دووەمدا بۆشایی زمانیی لەنێوان زمانی یەکەمو دووەمدا بۆ دروست دەبێت.

یۆنسکۆ (UNISCO) جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە زمانی دایک گرنگی تایبەتی هەیە، بۆیە چەندین راپۆرتو کۆنفرانسو کۆڕو کۆبوونەوەی ئەنجامداوە بە مەبەستی رزگارکردنی زمانەکان لە مردنو پارێزگاریکردنیان.

پەرلەمانی ئەوروپاش لە ٤ - ١٠ - ٢٠٠٦ بڕیاریدا زمانی قوتابخانە زمانی دایک بێت، هەموو کەسێکیش مافی ئەوەی هەبێت زمانەکانی تر فێرببێت، چونکە ئارەزووی فێربوون بۆ زمانی دووەم پێویستە، بەڵام بە ئارەزووی خۆی بێتو زۆرکردنی سیاسیو کۆمەڵایەتی تێدا نەبێت.

وەرگرتنی زمانی دایک سروشتییەو زۆرکردنی تێدا نییە، منداڵ لە خێزانەکەیەوە وەریدەگرێتو پێویستی بە خوێندن نییە، بەڵام زمانی دووەم ئەو زمانەیە کە لە گەورەییدا (واتە دوای خێزان) وەریدەگرێت، یاخود فێریدەبێت.

خێزانەکان (دایکو باوک) منداڵەکانیان دەنێرنە ئەو خوێندنگایانە کە خوێندن تیایاندا بە زمانی دووەمە بەتایبەتی ئینگلیزی، رۆشنبیری ئەو زمانە وەردەگرنو گرنگی پێدەدەن، نەک تەنها زانستو زانیاری ئەو زمانە وەردەگرن، بەڵکو خورەوشتو کەلتوری زمانەکەش وەردەگرن.

س: مەسەلەی زانینی دوو زمان لای منداڵ کاریگەری هەیە لە سەر زمانی دایک؟

- خوێندن بە زمانی دووەم لە سەرەتاکانی تەمەندا بەتایبەتی پێش (٩) ساڵی کاریگەری خراپی بۆ سەر زمانی دایک هەیە، پسپۆڕان ئەوە دووپاتدەکەنەوە کە خوێندن بە زمانی دووەم دوابخرێت بۆ تەمەنی دوای (٩) ساڵی واتە چوارەمی بنەڕەتی لە پێناو پاراستنی زمانی دایکدا.

لێکۆڵەرەکان ئەوەیان دەرخستووە، کە خوێندن لە سەرەتادا بە زمانی دووەم کاریگەری خراپی لەسەر کەسایەتی منداڵ هەیەوبە پێچەوانەوە خوێندن بە زمانی دایک یارمەتی دەدات لە بنیاتنانی کەسایەتی و سەرکەوتنی خوێندندا.

چۆمسکی ئەوە دووپاتدەکاتەوە، کە خوێندن بە زمانی دایک ئەنجامی باشی دەبێت لە رووی دەروونیو کۆمەڵایەتیو پەروەردەییەوە، چونکە کەمتر رووبەڕووی تەنگەژەی رۆشنبیری دەبێتەوە، دەبێتە هۆی بەهێزبوونی هەستکردن بە بەهای خۆیو هەستکردن بە شوناسی نەتەوەیی، پێویستە گرنگییەکی تەواو بە فێربوونی زمانی دایک بدرێت چونکە:

١- مێشکی منداڵ لەژێر کاریگەری دەوروبەریدایەو وەک تەزووی کارەبا ئەو دەوروبەرە بە مێشکی منداڵ دەگات.
٢- منداڵ بۆ گەشەکردنی پێویستی بە سۆزو خۆشەویستی دایکو باوک هەیە، ئەو سۆزو خۆشەویستیەش بە زمانی دایک دەگاتە منداڵ.
٣- منداڵ لە سکی دایکەوە هەست بە زمانی دەکات، توانای ئەوەی هەیە دەنگی دایکی لە کەسانی دیکە جیابکاتەوە، هەر لە سەرەتاوە دەنگەکان تۆمار دەکات و لەیەکیان دەدات.

٤- دەنگی دایکیو سۆزو خۆشەویستی وای لێدەکات بەتواناتربێت لە بیرکردنەوەو فێربووندا، ئەمەش کاردەکاتە سەر مێشکی منداڵ.

**س: لایەنی ئیجابی و سلبی چیە لە فێربوونی دوو زمان لە لای منداڵ چیە؟**

- هەندێک لە خێزانەکان لەهەندەران گرنگی زیاتر بەزمانی دووەم دەدەن، پێیان وایە، کە فێربوونی ئەو زمانە و فەرامۆشکردنی زمانی دایک، منداڵەکانیان سەرکەوتوو دەکات، ئەمە لەکاتێکدایە کە زۆربەی ئەو وڵاتانە بودجەیەکی باشیان بۆ خوێندن بەزمانی دایک تەرخانکردووە، چونکە پێیان وایە زمانی دایک یەکەمەو زمانی تر بەدوایدا دێت. پێش تەمەنی شەش ساڵی منداڵ لەباوەشی گەرم و نەرمی دایکیایەتی، هەندێک جار زووتر لەم تەمەنەش منداڵ دەنێررێتە ناوەندی خوێندن، جیاواز لە ناوەندی خێزان و قۆناغێکی سەختتر لای منداڵ دەست پێدەکات، ئەویش گواستنەوەیەتی لەماڵێکی پارێزراوو سەلامەتدا بۆ خوێندنگا، کە بۆ منداڵ سەرەتایەکی قورسە لەڕووی دەروونیەوە، سەرباری ئەو بارە دەروونیە، زمانیش بارەکەی ئاڵۆزتر دەکات ئەگەر خوێندن و فێربوون تیایدا بەزمانی دووەم بێت، ڕکەبەرایەتی ئەم قۆناغە دەست پێدەکات، بۆ ئەمەش پێویستی بە فەراهەمکردنی ژینگەیەکی لەبارە.

**گرنگییەکانی خوێندن بە زمانی دایک:**

١- زمانی دایک شوناسی نەتەوەیەو هۆکاری بەستنەوەی تاکەکانە.
٢- یارمەتیدەرێکی باشە بۆ بنیاتنانی بیرو رۆشنبیری.
٣- هۆکارێکی سەرەکییە بۆ رەنگدانەوەو وەرگرتنی خوو رەوشتە کۆمەڵایەتیەکانی نەتەوەیەک.
٤- لەڕێی زمانی دایکەوە منداڵ دەتوانێت زیاتر خودی خۆی بناسێنێت، هەست بە ناسنامەی خۆی بکات.
٥- منداڵ بە زمانی دایکی دەتوانێت، تواناکانی خۆی بچەسپێنێتو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بپارێزێت.
٦- خوێندن بە زمانی دایک یارمەتیدەرێکی باشە لە سەرکەوتنی منداڵ لەڕووی ئەکادیمیو زانستیەوە، زانیارییەکان باشتر وەردەگرێتو دەتوانێت باشتر گوزارشت لەناخی خۆی بکات.

لەڕووی دەروونییەوە، هۆکارێکی باشە بۆ دەربڕینی هەستو سۆز بەرامبەر دەوروپشتو یارمەتیدەرێکە بۆ گەیشتن بە هاوسەنگی هۆشو دەروونی.

**فێربوونی زمانی دووەم لە پرۆسەی فێرکردندا گرنگی خۆی هەیە:**

١- یارمەتیدەرێکی باشە لە سەفەرو گەشت، پەیوەندی کردن لەگەڵ کەسانی دەوروبەردا، بەتایبەتی لەکاتی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەرزدا.
٢- ئەوکەسانەی زمانی زیاتر دەزانن، زیرەکترن لەوانەی کە تەنها زمانێک دەزانن‌و ئاسانتر دەگەنە رۆشنبیری زمانەکانی تر.
٣- فێربوونی زمانی دووەم چالاکی مێشک زیاتر دەکات، یارمەتی پاراستنی دەمارەکانی مۆخو مێشک دەدات.
٤- یارمەتیدەرە بۆ کرانەوە بە رووی شۆڕش‌و ناسینی کەسانی ترو لە خۆدروستکردندا رۆڵێکی باڵای هەیە.

س: کەواتە لێرە وە ئەگەر بکرێت بۆ مان ڕوون بکەیتەوە گرفتەکانی خوێندن چیە بە زمانی دووەم؟

## گرفتەکانی خوێندن بە زمانی دووەم:

لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە، کە خوێندن بە زمانی دووەم لە سەرەتادا، کاریگەری خراپی لەسەر منداڵ هەیە، کاردەکاتە سەر زمانی دایک، بۆیە زۆر لە زاناکان پێیان باشە ئەم پرۆسەیە دوابخرێت بۆ دوای (٩) ساڵی لەپێناو پاراستنی زمانی دایکدا، بێگومان کە زمان ون بوو بنەچەو رەسەن ون دەبێت، زمان یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکانی ژیان‌و بیری مرۆڤ، زمان تەمەنی درێژتر دەبێت، ئەگەر بەکارهێنانی زیاتر بێت، هەر لێرەوە چەندین گرفتی خوێندن بە زمانی دووەم دەخەینە بەرچاو:

١- فێربوونی زمانی دووەم لە سەرەتادا لای منداڵ دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی یاسا زمانییەکانی زمانی دایک، وا لە منداڵ دەکات جارێکیتر بە یاساکانی زمانەکەی خۆیدا بچێتەوە، بەڵام لەسەر بنەمای زمانی دووەم.
٢- چەندین لێکۆڵینەوە ئەوەیان سەلماندووە، کە ئەو منداڵانەی سەرەتا زمانی دووەم وەردەگرن، زمانی دایکیان کەموکوڕی تێدەکەوێت، چونکە ناتوانێت لەیەک کاتدا دوو یاساو دوو دەستوری دوو زمان بە رێکوپێکی وەربگرێت، لەوبارەدا یەکێکیان زاڵ دەبێت، کە بە زۆری زمانی دووەمە یاخود تێکەڵیان دەکاتو دەبێتە هۆی ناتەواوی لە یاسا زمانییەکاندا زمانی یەکەم کەل دەبێت.
٣- شلایخەر (Shlaykher) پێی وایە فێربوونی زمانی دووەم هەندێک منداڵ لە داهێنان‌و بیرکردنەوە دوادەخات، دەبێتە هۆی خنکاندنی زمانی دایک.

٤- فێربوون بە زمانی دووەم، کێشەیەکە وا لە منداڵ دەکات، دایکو باوکیش پەلکێش دەکات بۆ یارمەتیدانی لە کێشەکەیداو ئەوانیش هەوڵی فێربوونی بدەن، زۆرجار تەلەفزیۆنو ئامێرە ئەلکترۆنیو یارییەکانیش بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بەکاردەهێنن.

٥- فێربوون بە زمانی دووەم دەبێتە هۆی دارمانی توانای خوێندکارو دەرکەوتنی باری دەروونی خراپو کەمتوانایی لە فێربووندا. هەروەها زمانی دووەم دەبێتە ژاوەژاوێک (تشویش) و تێکەڵکردنی بیرەکان لای منداڵ، کە لە سەرەتادا تەنها یاساکان تێکدەشکێنو دواتر زاراوەو دەستەواژەکانیش تێکدەچن. سەرەڕای ئەوەی ئەم دیاردەیە دەبێتە هۆی داخورانی زمانی دایک، لەوانەشە لە کۆتاییدا بیمرێنێت.

بەمجۆرە، بەبێ ئەوەی خۆمان ئاگاداربین، منداڵ لە دەریای زمانی دووەمدا نوقم دەبێتو دواجار چارەسەرکردنی کارێکی ئاستەمە. نابێت ئەم کێشەیە هەروا بە سادەو ساکاری وەربگرین، چونکە هیچ نەتەوەیەک گەشە ناکاتو پێشناکەوێت، ئەگەر زمانی دایکی نەبێت.

فێربوون بە زمانی دایک کلیلی سەرکەوتنی منداڵە، بە پێچەوانەشەوە زمانی دووەم کەلێنو بۆشایی لە منداڵدا دروست دەکاتو تاکەکان لەیەکتری دووردەخاتەوە.

ئەم دیاردەیە لە کوردستاندا زۆر بە خێرایی بڵاوبۆتەوە، دایکو باوک منداڵان دەنێرنە ئەم خوێندنگایانە، بەڵام زۆرجار ناچارییە، چونکە خوێندنگا کوردییەکان سەرەڕای بوونی پرۆگرامی باش لە هەندێک بواردا، بەڵام نەبوونی کادری پێویستو خراپی خوێندنگاکان لەڕووی چەندێتیو چۆنێتی پەروەردەییەوەو کە کاتی خوێندن نەگونجاندنی لەگەڵ کاتی کاری دایکو باوکدا وایان کردووە، کە منداڵ بنێرێتە ئەو خوێندنگایانە.

دەبێت ئاگاداری ئەوەبین ئەمە ئاکامی باشی نابێت، وای لێدێت زمانی دایک لە ژیانی منداڵدا دەردەچێت، وشەو زاراوەکان دەبن بە زمانی دووەم، سەرەڕای ئەوەی کە زەنگێکی مەترسیدارە، منداڵان حەزو سۆزو خۆشەویستیان بۆ زمانو کەلتورو رۆشنبیریو مۆسیقاو گۆرانیان بە زمانی دایکیان نامێنێت.

کوردستان لە قۆناغی سەرەتایی ئەم دیاردەیەدایە، پێویستە دەزگا پەیوەندیدارەکان کاربکەن بۆ چاککردنی خوێندنگا کوردییەکان لەڕووی چۆنایەتیو چەندایەتییەوە، گرنگی بە پرۆگرامو توانای زانستیو پەروەردەیی مامۆستایانو خوێندکاران بدرێت.

له خوێندنی زمانی دووەمدا سێ جۆر خوێندنگا دەستنیشاندەكرێن، كه تیایدا پلەوپایەی زمانی یەكەمو دووەم دەردەكەوێت، ئەوانیش:

١- ئەو خوێندنگایانەی، كه خوێندن به زمانی دووەمه، زمانی دووەم زاڵ دەبێت بەسەر زمانی یەكەمدا، بەجۆرێک زمانەكه له خوێندنو هەڵسوكەوتدا جێی زمانی یەكەم دەگرێتەوە، زمانی یەكەم دەبێته زمانی دووەم.
٢- ئەو خوێندنگایانەی، كه نیوەی پرۆگرام به زمانی دایكەو نیوەكەی تر به زمانی دووەم، ئەمەش كاریگەری دەروونی خراپی لەسەر خوێندكار، بەتایبەتی له قۆناغی سەرەتاییدا دەبێت.
٣- ئەو خوێندنگایانەی كه له سەرەتاییدا پرۆگرام به زمانی دایكه، پاشان له ناوەندی (پۆلی حەوت بەدواوە) زمانی دووەم دەخوێنرێت. ئەمجۆرە زمانی دایک دەپارێزێتو منداڵەكەش له ژاوەژاو (تشویش) دەپارێزێت، ئەم چەشنەیان له وڵاته پێشكەوتووەكان پەیرەودەكرێت.

لەپێناو سەركەوتن له فێركردنی زمانی دووەمدا، لەو ناوچانەی كه زمانی دایک زمانی ستاندەر نییه، دەبێت چەند خاڵێک رەچاو بكرێت:

١- نابێت هۆكاری سیاسی پاڵنەر بێت له هەڵبژاردنی زمانی دووەمدا.
٢- پێویسته لەكاتی فێركردندا، نەرمی بەكاربهێنرێت، فشار بەكارنەهێنرێت، بۆئەوەی ئارەزوویان بۆ زمانەكه زیاتر بێت، لەهەمان كاتدا زمانی دایكیشیان له پیرۆزو گرنگ بێت.
٣- گرنگی زمانی دووەمیان بۆ روونبكرێتەوە، فێری ئەوە بكرێن كه زمانی دووەم زمانێكی كاتیی نییه، هەرچەنده له زۆربەی ناوچەكانی كوردستاندا، زمانی دایک به بێ بایەخ سەیردەكرێت، ئەمەش بارێكی دەروونی خراپ لای منداڵ دروست دەكات، تا وای لێ دێت زۆرجار بەربەرەكانی زمانی دووەم بكات.
٤- پێویسته پەروەرده پشتگیری ئەم پرۆژەیه بكات، ژینگەیەكی لەبار دروستبكات، بۆ فێربوونی زمانی دووەم، ئەویش به:

ا- هەوڵبدرێت مۆدێلو فێركردنی دوو زمانی گرنگی پێبدرێت.
ب - گفتوگۆو وەرگرتنی ڕاوبۆچوون به كۆنفرانسو كۆنگرەی زانستی.

پ - هەوڵی تەواو بدرێت بۆ پشتگیریکردنی ئەو زمانانەی کە خەریکە لەناودەچن، بە کۆکردنەوەی داتاو تۆمارکردنی هەموو ئەو زانیارییانەی کە تایبەتن بەو زارو زمانە، هەروەها لێکۆڵینەوەو کتێبی تایبەت بەو زمانو زارانە بنوسرێتو پشتگیری قسەپێکەرانی بکرێت، لەڕێگەی میدیاکانەوە بۆ مانەوەو لەناونەچوونیان.

لە کۆتاییدا دەڵێین: فێربوونی زمانی دووەم گرنگە، بەڵام دەبێت گیروگرفتی چۆنیەتی خوێندن چارەسەر بکرێت، کە کەسانی پسپۆڕ لە شوێنو کاتی گونجاودا ئەو زمانە بڵێنەوە، بێ ئەوەی کاربکاتە سەر زمانی دایک.

سەرچاوە: ماڵپەڕی PUKmedia لەئاژانسەکانەوە - ڕێکەوتی: ٢١ی فێبریوێری ٢٠١٩

---------------------------------------

## ئەمڕۆ ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکییە



**شەریف فەلاح**

٢١ی شوباتی هەموو ساڵێک لەلایەن ڕێکخراوی کولتووریی نەتەوە یەکگرتووەکان (یونسکۆ)وە بە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک دەستنیشان کراوە، مێژووی ئەم ڕۆژەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژی ٢١ی مانگی شوباتی ساڵی ١٩٥٢، کاتێک پۆلیسی پاکستان بە فەرمانی دەوڵەت تەقەی لە ژمارەیەک خوێندکاری زانکۆی بە ڕەگەز بەنگلادیشی کرد، کە مانگرتنیان بۆ بەکارهێنانی زمانی بەنگالی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی پاکستاندا ڕاگەیاندبوو، لە ئەنجامدا چەندین خوێندکار گیانیان لەدەست دا.

دوای ئەو ڕووداوە و لە ساڵی ١٩٩٩ بە ئامانجی ڕێزگرتن و بەهابەخشین بە زمانەکانی سەرجەم نەتەوەکانی جیهان، ڕێکخراوی کولتووریی نەتەوە یەکگرتووەکان (یونسکۆ) ڕۆژی ٢١ی شوباتی هەموو ساڵێکی وەک ڕۆژی جیهانی زمانی دایک

(زگماکی) دەستنیشان کرد.

بە گشتیی زمانناسان زمان بەو دیاردەیە پێناسە دەکەن، کە وەک ڕەگەزێک بۆ پەیوەندیکردن بەکار دەهێنرێت، ڕەگەزێکی سەرەکی ڕۆشنبیرییە و ئامرازێکە بۆ پاراستنی ڕۆشنبیریی نەتەوەکان و گواستنەوەی ئەو ڕۆشنبیرییە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە.

لەلای نەتەوەی کورد زمان وەک کۆڵەکە و شادەماری ناسنامە و بوونی نەتەوە پێناسە دەکرێت.

بەپێی دوایین زانیارییەکان نزیکەی شەش هەزار و ٧٠٠ زمان لە جیهاندا هەن، لە ساڵی ١٩٥٠ەوە نزیکەی ٢٠٠ زمان لەناو چوون، ١٨٤ زمان لە جیهاندا لەلایەن کەمتر لە ١٠ کەسەوە بەکار دەهێنرێن، بەڕای پسپۆڕان و شارەزایانی زمان لەم ١٠٠ ساڵەی داهاتوودا نیوەی ژمارەی زمانەکانی جیهان لەژێر هەڕەشەی لە ناوچووندان.

مەبەست لە دیاریکردن و بە فەرمی ناساندنی ڕۆژێکی تایبەت بە زمان، هەوڵدانە لەپێناو پاراستن و زیندووکردنەوەی زمانی ئەو نەتەوە و ئیتنیکانەی کە هەڕەشەی لەخشتەبردنی زمانەکەیان، پاکتاوی ڕەگەزی و سڕینەوەی ناسنامەیان لەسەرە.

## ڕەوشی زمانی کوردی:

جیا لە قۆناغەکانی گەشەکردنی زمانی کوردی لە ماوەی زیاتر لە یەک سەدەی ڕابردوو، کە لەسەر دەستی چالاکیی خۆڕسکی نوخبە و ڕۆشنبیر و ئەدیب و نووسەرانی کورد بووە، هیچکام لە شۆڕش و دەسەڵاتە خۆجێی و کاتی و ناوچەییەکانی کورد و میرنشینەکان بە شێوەی فەرمی و بە پلان و بەرنامەی دیاریکراو هەوڵیان بۆ گەشەکردنی زمانی کوردی نەداوە. جگەلە سەردەمی کۆماری کوردستان نەبێت کە بە فەرمی و بنەڕەتی کار بۆ گەشەکردنی زمانی وکردی کراوە و بناغە و بنەمایەکی پتەو و قایم دانراوە و بە قۆناغێکی گرنگ دادەنرێت.

پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لە باشووری کوردستان و بنیاتنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و دامودەزگا فەرمییەکان، زمانی کوردی لێەدا ئیتر چووەتە قۆناغیکی گرنگەوە، چاپەمنی و وەشخانخانە و ڕۆژنامەگەری بووژایەوە.

بۆ باشترکردنی زمانی کوردی، لە باکوور و باشووری کوردستان چالاکیی تایبەت بە زمانی کوردی بەڕێوە چوون و لە باکوور داوا کرا زمانی کوردی وەک دووەم زمانی فەرمی لە تورکیا بناسێنرێت.

لەبەر ئەوەی گەشەکردنی زمانی کوردی نەسپێردراوەتەوە پسپۆڕ و شارەزایانی ئەم بوارە و ساغنەبوونەوەی دەسەڵات لەسەر زمانێکی فەرمی و پێوەر، شارەزایانی بواری زمانیش هۆشداری دەدەن لەوەی زمانی کوردی لە رەوشێکی خراپدایە و میدیاکان و بەشێکیان پارتە سیاسییەکان بە بەرپرسیار دەزانن.

لە عێراق زمانی کوردی دووەم زمانی فەرمییە و لە باشووری کوردستان زمانی فەرمی حکومەت و خوێندن و سیاسەتە. لە سووریا زمانی کوردی دانی پێدانەنراوە، بەڵام لەرۆژئاوای کوردستان زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی بەکار دێنن، لەگەڵ ئەوەشدا گرنگییەکی زۆر بە زمانی عەرەبی دەدەن.

لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لەکاتێکدا زمانی کوردی دانی پێدانەندراوە، بەڵام بەشێوەیەکی زۆر لاوەکی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەخوێندرێت و چەند قوتابخانەیەک بە زمانی کوردی هەن، لە زانکۆی سنە ماوەی چوار ساڵە وانەی کوردی دەخوێندرێت، هەروەها چەند تەلەفزیۆن و رادیۆی پارتە کوردییەکانی بەرهەڵستکاری حکوومەت بە زمانی کوردی هەن.

بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر دەستی چالاکوانانی فەرهەنگی و ئەدەبی و ڕۆشنبیر و ئەدیبان کاری زۆر گرنگ و بنەڕەتی لەسەر زمانی کوردی کراوە و بە سەدان پەرتووک و فەرهەنگ و کتێب بە شێوەزارە جیاجیاکن چاپ و بڵاو کراوەتەوە و هەوڵێکی گرنگ هەیە کە لەرێگەی گەشەکردن و پاراستن و زیندووڕاگرتنی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵات بە تایبەت پارێزگاکانی ئیلام و کرماشان، هەست و ناسنامەی نەتەوەیی گەشە و باڵا بکات کە تارادەیەک بەرەوپێشەوە چووە و ساڵانە لە بەرەبەری ڕیژی جیهانیی زمانی دایک (زگماکی)دا بە دەیان چالاکیی جۆراوجۆر بەتایبەت بۆ زارۆک و منداڵان ساز دەکرێت و دایک و باوکان هان دەدرێن منداڵەکانیان بە زمانی ڕەسەنی خۆیان باربێنن.

**لە هەرێمی کوردستان پێکهاتەکان ئازادن بە زمانی دایکیان بخوێنن:**

هەریەکە لە پەرلەمانی کوردستان و عێراق یاسای تایبەتیان بە زمان دەرچواندووە. لە جیهاندا ئێستا ٤٧٢ یاسای زمان هەن و ١٩٣ وڵات لە نەتەوە یەکگرتووەکان دانیان پێدانراوە.

کورد وەک نەتەوەیەکی دێرین زمانی خۆی هەیە، لە چەندین دیالێکت و زاراوە پێکهاتووە، بەڵام لە چەندین قۆناخی جیاوازدا لەلایەن دەوڵەتانی سەردەست هەوڵی سڕینەوەی دراوە.

لە دەستووری تورکیا ئاماژە بە یەک زمان و یەک نەتەوە کراوە، بەڵام ٣٠ نەتەوە و ٣٦ زمان لە تورکیا هەن، لە

دەستووری عێراق دەڵێت دوو زمان هەیە، بەڵام جگە لە زمانی کوردی و عەرەبی زمانەکانی دیکە هەن.

لە ماددەکانی ١٥ و ١٩ی دەستووری ئێران ئاماژە بەوە کراوە نەتەوەکان دەتوانن زمانی خۆیان لە راگەیاندنەکان و هۆکانی دیکە بەکار بێنن، بەڵام دیسان زمانی کوردی زمانی پەروەردە و نووسین نییە و گوشاری زۆر لەسەر ئاخێوەرن هەیە لەسەرە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی باسنیوز - ڕێکەوتی: ٢١ی فێبریوێری ٢٠١٩

---------------------------------------------

## ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک

**Day Language Mother International**



**دیاکۆ هاشمی**

### دەستپێک

زمان ناسنامە و کۆڵەکەی ژیان و مانی نەتەوەیە. هەر نەتەوەیەک زمانەکەی لێ بسەنرێتەوە، خۆشی لەنێو دەچێت و دەفەوتێت. هەر نەتەوەیەک ئەگەر سەربەخۆییشی نەبێت، بەڵام زمانەکەی خۆی بپارێزێت، هەرگیز نامرێت و هەر ڕۆژێک دێت کە سەر دەکەوێت و سەربەخۆ دەبێت.

زمان، مرۆڤ لە گیانلەبەرانی تر جیا دەکاتەوە، مرۆڤ بە کەڵکوەرگرتن لە زمان، هزر و بیری خۆی دەردەبڕێت و لەگەڵ کۆمەڵگای خۆیدا پێوەندی دەگرێت. نەتەوە جۆربەجۆرەکان لەبەر زمان لێک جیا دەکرێنەوە و هەر بە زمانیش پێکەوە پێوەندی دەگرن.

پێشێلکردنی مافە زمانییەکانی نەتەوەیەک لەلایەن نەتەوەیەکی تر یان دەسەڵاتی نەتەوەیەکی تر، دەبێتە هۆی ناکۆکی و شەڕ لە نێوانیاندا و، سنوور دەخاتە نێوان نەتەوەکان و سنووری نێوانیان دەبێتە شوورە و ئاگر.

ڕێزنان لە مافە زمانییەکان، دەبێتە هۆی ئەوەی کە نەتەوە جۆربەجۆرەکان تەبا و دەست لەنێو دەستی یەکتر، پێکەوە بۆ پێشچوونی مرۆڤایەتی هەنگاو بنێن و، سنوورەکانی نێوانیان تەنها دەبێتە سنوورێکی کاغەزی و نەخشەیی.

نموونەکەی ئورووپایە کە بە ڕێزگرتن لە مافی زمانی و لە ئەنجامدا هەموو مافێکی تری یەکتر، توانیویانە بە کردەوە هەموو سنوورێک لە نێوان خۆیان لابەرن.

## بەبۆنەبوونی ئەم ڕۆژە

### ٢١ی فێبریوەری ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکە.

یوونێسکۆ لە ساڵی ١٩٩٩ بڕیاری دا کە ٢١ی فێبریوەری کە بەرانبەرە بە ٢ی ڕەشەمە، ببێتە "ڕۆژی نێونەتەوەییی زمانی دایک International mother language day".

ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک هەموو ساڵێ لەلایەن دەوڵەتانی ئەندام لە یوونێسکۆ، بۆ پاڵپشتیی زمانی و فەرهەنگی و هەمەچەشنیی زمانی، لە نووسینگەی سەرەکیی یوونێسکۆ لە پاریس یادی دەکرێتەوە. زۆر لە ساڵەکان ناودێر کراون، بۆ نموونە، ساڵی ٢٠٠٨ ناو نرابوو بە: "ساڵی نێونەتەوەییی زمان"، ساڵی ٢٠١٠ بە "ساڵی نێونەتەوەییی بۆ نێزیکبوونەوەی فەرهەنگەکان" ناودێر کرابوو.

## هەموو ساڵێک:

١- ئەم ڕۆژە لە لایەن چین و توێژە جۆربەجۆرەکانەوە یادی دەکرێتەوە،

٢- لە قوتابخانە و خوێندنگەکان، لە پەرتووکخانەکان و بنکەکانی چالاکیی فەرهەنگی و کۆڕ و کۆمەڵی ئەدەبی و وێژەیی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک فەیسبووک و هەندێ شوێنی تر یادی دەکرێتەوە و بۆنەکەی ڕێزی لێ دەگیرێ.

٣- لەو ڕۆژانەدا گۆرانی دەوترێ، سەما و هەڵپەڕکێ دەکرێت، هۆنراوە و هەڵبەست دەخوێنرێتەوە،

٤- قسە لەسەر مێژوو و بۆنەی سەرهەڵدانی ڕۆژی زمانی دایک دەکرێت.

٥- باس لە گرنگیی زمانی دایک دەکرێت.


٦- زیاتر لە ٧٠٠٠ زمان لە دنیادا هەیە.

٧- مەزەندە دەگرێت کە تا کۆتاییی ئەم سەدەیە نزیکەی ٩٠%ی ئەو ٧٠٠٠ زمانە لەنێو بچن.

٨- خەریکن پلان دادەنێن کە چی بکەن لەو کارەساتە پێش بگیرێت.

جگە لە یوونێسکۆ و وڵاتانی ئەندامی، قوتابخانە و خوێندنگەکان، کتێبخانەکان، کۆڕ و کۆمەڵە هونەری و ئەدەبییەکانیش ڕێز لەم ڕۆژە دەگرن و یادی دەکەنەوە.

## خەڵاتی لینگواپاکس




ئەنەستیتۆی لینگواپاکس، کە ڕێکخراوێکی ناحوکوومییە و بنکەکەیان لە "بارسێلۆنا"ی "سپانیا"دایە، هەموو ساڵێک خەڵاتێک بە ناوی (The Linguapax Prize) واتە "خەڵاتی لینگواپاکس" لە ٢١ی فێبریوەری دەبەخشێت بە زمانەوانان، لێکۆڵەرەوان، پرۆفیسۆران و ئەندامانی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ پشتڕاستکردنەوەی کاری بێوێنەیان لە بواری "هەمەچەشنیی زمانی و/ یا پەروەردەی فرەزمانی"


linguistic diversity and/or multilingual education

ئەم خەڵاتی لینگواپاکسە، لە ساڵی ٢٠٠٢ەوە دابەش کرا، سێ ساڵی یەکەمی واتە ٢٠٠٢، ٢٠٠٣ و ٢٠٠٤ هەر ساڵە دابەش دەکرا بەسەر ٢ کەسدا، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٥ بەو لاوە دراوە بە یەک کەس.

پاڵێوراوەکان لە دیسامبری ساڵی پێشیدا پێشکەش دەکرێن و خەڵاتەکە لە ٢١ی فێربیوەریدا دابەش دەکرێت.

## مێژووی "ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک"

نیمچە دوورگەی هیندووستان کە مۆڵگەی بەریتانیا بوو لە ساڵەکانی ١٩٤٧ و ١٩٤٨دا گۆڕانی بە خۆیەوە بینی و چوار وڵات سەربەخۆییان بەدەست هێنا: هیندووستان، بورما، سەیلۆن (سریلانکای ئەوڕۆ)، پاکستان (بە هەردوو بەشی ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵاتەوە):




لە ڕۆژاوای پاکستان بە "ئوردوو" قسە دەکرا.


خەڵکی ڕۆژهەڵاتی پاکستان بە "بەنگلایی" قسەیان دەکرد. دەورووبەری ساڵانی ١٩٥٢-١٩٥٠ توێژی مامناوەندیی گەشەسێن لە ڕۆژهەڵاتی بەنگالدا دەستیان کردبوو بە شۆڕشێک کە دواتر بە "بزووتنەوەی زمانیی بەنگلایی Bangla Language Movement" ناسرا.

لەپڕا حوکوومەتی ئەو دەمەی پاکستان لە جاڕنامەیەکی ئاوەڵادا ڕایگەیاند کە تاقە زمانی ڕەسمی لە سەرانسەری پاکستان بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوایەوە دەبێ تەنیا و تەنیا ئۆردوو بێت.

ڕۆژهەڵاتی پاکستان، لەبەر ئەو بڕیارە ئاڵۆزیی تێ کەوت،
دژ بەو بڕیارە ڕژانە شەقامەکان.



پۆلیس هەر چەشنە کۆبوونەوەیەکی ڕێنەدراو کرد. سەرەڕای ئەمە، خوێندکارەکانی زانکۆ لە شاری داکا و کۆلێجی پزیشکیی داکا و باقیی چالاکە سیاسییەکان، لە ٢١ی فێبریواریی ١٩٥٢، نارەزایەتییەکیان خستە ڕێ.



لە نێزیکی نەخۆشخانەی کۆلێجی پزیشکیی داکای پایتەختی ئێستای بەنگلادێشدا، پۆلیس تەقەی لە خۆپیشاندەران کرد و کۆمەڵێ کەس کوژران.

بزووتنەوەکە پەرەی سەند بۆ هەموو ڕۆژهەڵاتی پاکستان و تەواوی هەرێمەکە وەستا.
پاش ئەوە حکوومەتی پاکستان کۆڵی دا و زمانی بەنگالییەکانی بردە ڕیزی زمانی نەتەوەیی لە پاکستاندا.

### کاریگەرییەکان

ئەم بزووتنەوەیە بوو بە تۆوی بزووتنەوەی سەربەخۆیی کە دەرەنجامەکەی بوو بە جیابوونەوەی ڕۆژهەڵاتی پاکستان و سەربەخۆیی بەنگلادێش لەساڵی ١٩٧١دا.



ئاڵای بەنگلادێش

بۆ ئەوەی ئەم بزووتنەوەیە پیرۆز بکرێت، منارەی شەهید کە پەیکەرێکی بۆنەیی و نیشانەییبە، لە شوێنی کوشتارەکە چێ کرا.



منارەی شەهید، بەنگلادێش
بە یادی شەهیدانی بزووتنەوەی زمانی ١٩٥٢/٢/٢١

لە بەنگلادێشدا ئەو ڕۆژە بە ڕۆژی بزووتنەوەی زمان، یان ڕۆژی شۆڕشی زمان ناو دەبرێت هەروەها (ڕۆژی شەهیدانی زمان) یان (ڕۆژی شەهیدەکان)یشی پێ دەوترێت.

لەلایەن بەنگلادێشەوە بە نەتەوە یەکگرتووەکان پێشنیار کرا با ئەو ڕۆژە بکرێتە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک. یوونێسکۆ (ڕێکخراوی پەروەردەیی، زانستی و فەرهەنگیی نەتەوە یەکگرتووەکان)

United Nations Educational, Scientific and Cultural Organization (UNESCO)

لەسەر ئەو پێشنیارە و بە پاڵپشتیی ٢٨ وڵاتی ئەندامی، لە نۆڤەمبری ١٩٩٩دا ڕۆژی ٢١ی فێبریوەری، ٢ی ڕەشەمە، ٢ی اسفند، بوو بە "ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک".

هەموو ساڵێک زۆر لە بەکارهێنەرانی فەیسبووک وێنۆچکەی ناوەکەی خۆیان دەگۆڕن بۆ وێنەی ئەو پوستەرەی کە یوونێسکۆ بڵاوی دەکاتەوە بۆ ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک، ئەویش بۆ پاڵپشتیکردن لە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک.

## زمانی کوردی لە پارچەکانی کوردستاندا

بە دروستبوونی تورکیە پاش هاتنەسەرکاری کەمالی ئاتاتورک زمانی کوردی لەوێ بە هەموو شێوەیەک قەدەغە کرا، ناوی هەموو لادێکان گۆڕدرا بۆ تورکی. لە تورکیەدا کوردی وا کەوتۆتە زیندان تەنها لەبەر ئەوەی پیتی "w"ی بەکار هێناوە لە نووسینی وشەی Newroz دا. چونکە ئەو پیتە لە ئەلفبێی ئاساییی تورکیدا بوونی نییە، هەر لەبەر ئەوە نووسینیشی بۆ کوردەکان سزای لەسەر بووە.

لە ڕۆژهەڵاتدا زۆر کەس تەنها لەبەر ئەوەی کتێبی کوردییان پێ بووە بەند کراون. دایکوباوکێک کە بە هەزاران خولیا و خۆزگەوە منداڵیان دەبێ، بۆیان نییە ناوێکی کوردی بە حەز و ویستی خۆیان لە کۆرپەکانیان بنێن. زۆر کەس هەیە دووناوەیە، لە ماڵدا ناوێکی هەیە و لە تۆماری وڵاتەکەدا ناوێکی تری هەیە.

هێندە سووکایەتییان بە زمان و فەرهەنگی کوردی کردووە کە زۆر کەس پێی عەیب و شوورەیییە بە کوردی قسە بکات و هێندە وا مێشکیان شۆراوەتەوە و هەستی خۆبەبچووکزانی و خۆپێسووکبوون و خۆبەکەمزانینیان تێدا درووست بووە، کە بە فارسی لەگەڵ منداڵەکانیان قسە دەکەن.

تەنانەت کاتێ بۆ نموونە لە ئێراندا فیلمێ فارسی درووست دەکەن و بەهەڵکەوت کوردێکی تێدا دەبێ و بە فارسی قسە دەکات، فارسییەکەی هێندە شڕ و سەقەتە کە هەر خۆیان وا فیلمەکەیان درووست کردووە بەو شێوە قسەکردنە فارسییە ڕادەبوێرن، هەر بۆ ئەوەی کەسایەتیی کورد بشکێنن. وەک شتێ کورد نەتوانێ بە فارسی قسە بکات و بە نەخوێندەوار پیشانی دەدەن.

بەو جۆرە ئەو هەستە درووست دەکەن با هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ منداڵەکانتان بە فارسی قسە بکەن، با لەهجەکەی باش ببێت.
ئەویش لە حاڵێکدا لە باشووری کوردستان قوتابیان کاتی خۆی دژی زمانی عەرەبی و بۆ هەبوونی مافی نووسین و خوێندن بە کوردی خۆپیشاندانیان ساز کرد و ئەو ناڕەزایەتیدەربڕینانە بووە هۆی ئەوەی ئێستە زمانی کوردی لەوێ ببێتە زمانی فەرمی لە پاڵ زمانی عەرەبیدا.

بەڕاستی جێگەی داخە هەندێ کورد پێیان عەیب و عار و شوورەیییە بە کوردی قسە بکەن، کەچی کوردێک لە تورکیا کە تەنانەت کوردیش نازانێ، خۆی دەسووتێنێ بۆ ئەوەی مافی هەبێ بە کوردی بخوێنێ و بنووسێ.

## جاڕنامەی جیهانیی مافی زمان

هەموو یاسا نێونەتەوەیی و جیهانییەکان پاڵپشتی لە مافی زمانیی نەتەوەکان دەکەن.
بۆ نموونە لە "جاڕنامەی جیهانیی مافی زمان"دا کە کاک "حەسەنی قازی" لە ئینگلیزییەوە کردوویەتییە کوردی دەوترێت:

**٭ مادەی ٢٦**

**هەموو کۆمەڵگە زمانییەکان لێیان دەوەشێتەوە پەروەردەیەکیان هەبێ کە دەرفەت بدا بە ئەندامەکانیان بەتەواوی زمانی خۆیان فێر بن و لێی ڕابێن، لەوانە توانایی جۆربەجۆر لە هەموو بوارە ئاساییەکان دا، هەر وەها هەبوونی دەرفەتی هەرە گۆنجاو بۆ فێربوونی هەر زمانێکی دیکەی کە ئەوان پێیان خۆش بێ فێری بن.**

**٭ مادەی ٢٨**

**هەموو کۆمەڵگە زمانییەکان لێیان دەوەشێتەوە پەروەرەیەکیان هەبێ کە دەرفەت بۆ ئەندامەکانیان بڕەخسێنێ زانیارییەکی تەواو سەبارەت بە میراتی کولتووری خۆیان( مێژوو، جوگرافیا، ئەدەبییات و، هێماکانی دیکەی کولتووری خۆیان)وەدەست بهێنن ، هەر وەها هەبوونی دەرفەتی هەرە گونجاو بۆ ئاگادار بوون لە سەر هەر کولتوورێکی دیکەی کە پێیان خۆش بێ.**

**٭ مادەی ٢٩**

**١- هەموو کەس مافی هەیە بەو زمانە پەروەردە ببینێ کە تایبەتییە بەو خاکەی تێیدا دەژی.**
**٢- ئەم مافە مافی فێربوونی زمانێکی دیکە چ بە قسە کردن و چ بە نووسین بەرپەرچ ناداتەوە کە دەکرێ وەک ئامرازی پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵگە زمانییەکانی دیکە بەکار بهێندرێ.**

**٭ مادەی ٣٠**

**زمان و فەرهەنگی هەموو کۆمەڵگە زمانییەکان دەبێ ببێ بە بابەتی لێکۆڵێنەوە و تۆێژینەوە لە ئاستی زانکۆ دا.**

**٭ مادەی ٣١**

**هەموو کۆمەڵگە زمانییەکان مافی ئەوەیان هەیە کە سیستمی ناوی تایبەتی خۆیان بپارێزن و لە گشت بوارەکان و لە هەموو بۆنەیەک دا بە کاریان بهێنن.**

### * مادەی ٣٢

١- هەموو کۆمەڵگە زمانییەکان مافی ئەوەیان هەیە ناوی شوێنان بەو زمانە بەکاربهێنن کە تایبەتی خاکەکەیانە، هەم لەقسەکردن و هەم لە نووسین دا، و لە بواری خسووسی، گشتی و ڕەسمی دا.
٢- هەموو کۆمەڵگە زمانییەکان مافی ئەوەیان هەیە ناو لە شوێنان بنێن، ناویان بپارێزن و یان ناوە ڕەسەنەکانیان بگۆڕن. ئەو جۆرە ناوانەی شوێنان ناکرێ بە زۆر ملی بگۆڕدرێن، تێک بدرێن یان دابندرێن و لە بەر گۆڕانی بارودۆخی سیاسی، یان هەر جۆرە گۆڕانێکی دیکە نابێ ناویان بگۆڕدرێ.

### * مادەی ٤١

٢. هەموو کۆمەڵگە زمانییەکان دەبێ بتوانن ئەو مافە بە تەواوی بەکاربهێنن بەبێ ئەوەی شوێنی کۆمەڵگەکە بکەوێتە بەر داگیرکاری باڵادەستانەی کولتوورێکی بیگانە.

سێهەم

دەستەڵاتداریێتی گشتی لە بەر ڕووناکایی ئەو قانوونانەی کە کاریان پێ دەکرێ، دەبێ سزا دابمەزرێنێن بۆ پێشێلکردنی ئەو مافە زمانیانەی کە لەم جاڕنامەیە دا گونجێندراون.

### دەرەنجام

ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک لە لایەکەوە بۆ ڕێزگرتن لە خوێنی ئەو شەهیدانەی کە لەبەر بەیاساییبوونی زمان ڕژاون بڕیاری لەسەر دراوە، لە لایەکی تریشەوە بۆ ئەوەی بە جیهان ڕابگەیەنرێت کە هەموو کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەیییەکان پاڵپشتی لە ئازادبوونی هەر زمانێک دەکەن. هەر نەتەوەیەک بۆی هەیە زمانەکەی ئازادانە بەکار بهێنێت و نابێت هیچ سنوورێکیش لەڕێی گەشەسەندنیدا دابنرێت.
با هەموومان هەوڵ بدەین ئەمساڵ زیاتر زمانەکەمان پێش بخەین و بیکەین بە زمانی فەرمی لە هەموو ناوچە کوردنشینەکاندا. تا ڕۆژی ئازادبوونی بەتەواوی بیپارێزین و گەشەی پێ بدەین. تا زمانمان هەبێت هەرگیز نامرین.

ڕۆژانە منداڵی کورد تەنیا لەبەر ئەوەی ناتوانێ بە زمانی باڵادەست وانەکان بەباشی جێبەجێ بکات سووکایەتیی پێ دەکرێت و کەسایەتیی دەشکێنرێت و تەنانەت لێدانیش دەخوات. ئەو لێدانانە دەبنە هۆی ئەوەی کە منداڵ لە خوێندن و لە قوتابخانە بێزار بن، دەرەنجامەکەی دەبێتە کەسایەتییەکی ڕووخاو و شەرمن و نەخۆش و سەرنەکەوتوو لە ژیاندا:

سەرچاوە: ماڵپەڕی فێرگەیەک بۆ ڕاژەی زمانی کوردی - ڕێکەوتی: ٢١ی فێبریوێری ٢٠١٩

-------------------------------------------

## ڕۆژی جیهانی زمانی دایک.. نزیکەی ٦٥٠٠ زمان هەیە لە جیهاندا



ماڵپەڕی شارپرێس

نزیکەی ٦٥٠٠ زمان هەیە لە جیهاندا، بەڵام ئایا دەزانیت، کە هەر زمانێک لە ماوەی دوو هەفتەدا ون دەبێت و دەمرێت؟

ڕۆژی جیهانی زمانی دایک، لە بەرواری ٢١ شوباتی هەموو ساڵێکەدا دەکرێتەوە، ئەوەش وەک پارێزگارییەک بۆ هەموو زمانەکانی جیهان.

زمان زۆر زیاترە لەتەنیا ڕێگەیەک بۆ پەیوەندیکردن، بەتایبەتی زمانی دایکمان، کە بریتییە لە بەشێکی گرنگی کەلتورەکامان، کە هەندێک کەس وا بیردەکەنەوەو زمانمان دەتوانێت تەنانەت دیدمان بۆ بینینی جیهان بگۆڕێت.

### ڕۆژێکی تایبەت

لە ساڵی ١٩٩٩، ڕۆژێکی تایبەت کرا بەپەرەسەندنی زمانی دایک، ڕۆژی جیهانی زمانی دایک، مەبەستێکی تری ئەو ڕۆژە بۆ ئەوە بوو، کە زیاتر بە ئاگا بێینەوە سەبارەت ڕێژەی زمانەکان لەسەر ئەم هەسارەیە (٦٥٠٠ بە نزیکەیی)و بۆ ئەوەی پارێزگاریان لێبکەین.

ئەو بیرۆکەیە بۆ ڕۆژێکی تایبەت لەوڵاتی بەنگلادیشەوە وەرگیراوە و بەرواری ٢١ ی شوبات ئەو بەروارەیە، کە زمانی بەنگلادیشی بەفەرمی پەسەند کرا، کە وڵاتی بەنگلادیش هەردوو یادەکەی کردەووە بەکردنەوەی پێشبڕکێی ئەدەبی و گۆرانی وتن.

## بابەتی جیاواز لە هەر ساڵێکدا

هەموو ساڵێک، ڕیکخراوی "یونسکۆ" بابەتێکی جیاواز هەڵدەبژێرێتو چالاکی جیاواز ئەنجام دەدات لە بنکەکەیان لەپاریس لە فەڕەنسادا، بۆ نموونە، لە ساڵی ٢٠٠٥، تیشک خرایە سەر نووسینی ڕێنووسی نابیناکانو زمانی هێما و لە ساڵی ٢٠١٧، تیشک خرایە سەر چۆن خوێندنی فرەزمانی دەتوانێت یارمەتی جیهان بدات بۆ هەبوونی داهاتوویەکی باشتر.

هەروەها وڵاتانی تر، پرۆژەی تایبەتیان ئامادەکرد بۆ دیاریکردنی ئەو ڕۆژە، بۆ نموونە، لە ساڵی ٢٠١٤، حکومەتی هندستان کەرەستەی فێربوونی دیجیتاڵی بڵاوکردەوە بۆ قوتابخانەکان و کۆلێژەکان بە ٢٢ زمانی زۆر بەکارهاتووی ناو هندستان، وا خەملێندراو بوو ٧٥٠ زمانی جیاواز، یان دیالێکت لە هندستاندا هەبێت، کە لەو وڵاتە نزیکەی زیاتر لە ٢٥٠ زمان لەناو چوون لە ٥٠ ساڵی ڕابردوودا.

## گرنگی زمانی دایک لە خوێندنا

ئاودرەی ئازولی، بەڕێوبەری گشتی ڕێکخراوی 'یونسکۆ'، لە وتارێکی ئەو دواییەیدا لە ڕۆژی جیهانی زمانی دایک ئاماژەی بەوە کرد، کە زمانی دایک ملیۆنەها گەشەپێدانی جیاواز دروست دەکات لەمێشکی لاواندا.

ئەو باوەڕی وایە، کە منداڵن باشتر لە زمانی دایکیاندا فێر دەبنو گرنگە منداڵان هەمیشە ئەم دەرفەتەیان هەبێت، لەسەرانسەری جیهاندا، لە سەدا ٤٠ ی خەڵک دەرفەتی خوێندیان نییە بەو زمانەی کە لێی تێدەگەن یان قسەی پێ دەکەن. زمان دەچێتە دڵەوە.

نێڵسۆن ماندێلا جارێک وتی: "ئەگەر لەگەڵ کەسێکدا قسە بکەیت بەزمانێک، کە لێی تێ دەگات، ئەوە دەچێتە مێشکییەوە، ئەگەر بە زمانی خۆیشی قسە بکەی لەگەڵیدا، ئەوە دەچێتە دڵەوە".

لەئێستادا هیچ نەبێ لە سەدا ٤٣ی هەموو زمانەکان کەوتوونەتە مەترسییەوە و کەمتر لە ١٠٠ زمانی جیهانی لەجیهانی میدیادا بەکاردێ.

زۆربەی پەیوەندیە ئینتەرنێتییەکان لە یەکێک لەو زمانانەدایە: ئینگلیزی، ماندرینی چینی، ئیسپانی، عەرەبی، پورتوگالی، ئیندۆنیزی، مالیزی، یابانی، ڕووسی و ئەڵمانی. بەڵام هەموان شایەنی ئەوان بتوانن زمانی دایکیان بەکاربهێننو یادەوەرییەکان، نەریتەکان بهێڵنەووە لەگەڵ شێوەی بیرکردنەوەیان، کە زمانەکەیان پیشانی دەدات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی شارپرێس - ڕێکەوتی: ٢١ی فێبریوێری ٢٠١٩

---------------------------------------

## ڕۆژی جیهانی زمانی دایکی و حکوومەتی ئێران



**ئیسماعیل ئیسماعیل زادە**

"زمان ناسنامەیە. مرۆڤ لە سیگناڵەکانی زمان کەڵک وەردەگرێت بۆ ئەوەی بزانێت کێیە، چی دەوێت، دەچێتەوە سەر کام گرووپی کۆمەڵایەتی و ناسنامەی کام گرووپ لەخۆ دەگرێت."

دەرونزانەکان بە گشتی پێیان وایە کە ناسنامە (identity) لەو وێناکردنانە پێکدێت کە تاک وشیارانە یان ناوشیارانە لەبارەی خۆیەوە بەدییان دێنێت. زمان یەکێکە لەو توخمە گەوهەرییانەی ناسنامە ساز دەکات. زمان پرسێکە ناسنامەی مرۆڤی تایبەت بەو زمانە دادەڕێژێت و هەڵگری کولتووری داهاتووەکەیەتی. بەو واتایە کە ئێمە لە نیشانە و شەپۆلەکانی

زمان کەڵک وەردەگرین بۆ ناسینی خۆمان کە ئێمە کێین و چی و چۆنمان دەوێت، سەر بە کام گرووپی کۆمەڵایەتیین و بە کام گرووپی کۆمەڵایەتیی پێناسە دەکرێین.

لێرەدا زمان هەمیشە بەو جۆرە نییە کە دەیناسین، واتە لە ئاساییترین توانستی زمانەوە واوەتر دەچین. زمان تەنیا بۆ پێوەندی لەگەڵ ئەویتردا نییە، بەڵکو لە ناخیدا ئەو فەلسەفەیەی هەڵگرتووە کە وڵاتێک نا، با وردتر و راستتر بڵێین هەموو نەتەوەیەک خاوەنی زمانی تایبەت بە خۆیانن کە بە زمانی دایک ناسێندراوە. زمانێک کە پاشخان و میراتێکی مەزنی ئەدەبی و کولتووریی پێیە و مرۆڤەکان بە شێوازی جۆراوجۆر رێکی دەخەن. بەڵام لە چ کات و قۆناغێکدا زمان وەک هەڵگرێکی ناسنامە سەرنجی پێ دەدرێت، ئەمە پرسێکە دەمانخاتە ناو بازنەی کاتێک کە تایبەتمەندییەکانی تری ناسنامە کاڵ دەبنەوە، واتە ئەو تایبەتمەندییانەی گرێمان دەدەنەوە بە کولتوورێکی تایبەت و ئێستە زیندوو نین و فەوتاون، بۆیە گرینگی زمان وەک هەڵگری ناسنامە دەردەکەوێت.

ئەم پرسە کەمێک وردتر دەکەینەوە؛ زۆر شت هەن لەسەر ناسنامەی ئێمە و چۆنییەتی تێگەیشتنی دیتراندا شوێن دانەرن. دەشتوانن یاریدەدەرێکی باش بن بۆ راکێشانی سەرنجی خەڵکی. بۆ نموونە جۆری جلوبەرگ، جۆری خواردن، گۆڕینی پرۆفایلی لاپەڕەی کەسی لە تۆڕەکانی کۆمەڵایەتیدا.

لە جلوبەرگدا رەنگێکی دیاریکراو و بەردەوام دەتوانێ کەسێکی پێ بناسرێتەوە. لە خواردندا دەکرێ کەسێک بۆ نموونە بە رووەکخۆر ناوبانگی هەبێت. یان پرۆفایلی ئینتێرنێتی کەسێکی شانۆیی لەگەڵ کەسێکی سیاسی جیاوازیی هەبێت. بەڵام کاتێک هەمان خەڵک زار دەکەنەوە بە تایبەتمەندیی جیاوازەوە مانا بەرهەم دێنن. کات چ کورتخایەن بێت یان درێژخایەن، بەڵام تۆماری دەکەن. لەو دنیای بچوک و گەورەی کە تێیدا دەژیین دەناسرێن و بە بایەخ دەگەن، هەمووی واتاکان هەڵگری تایبەتمەندیی جیاوازن. هەڵگری توخمی جیۆگرافیی تایبەتن، واتاکان دەکرێ بچنەوە سەر هۆکارگەلێکی سیاسی و مێژوویی دیاریکراو، یان ئاماژە بکەن بە لایەنی ئابووری و چینایەتی، لایەنی کولتووری و.. ئەمانە هەموو لە تایبەتمەندییەکانی زمانی دایکن.

بە واتایەکی تر، زمانی دایکی ئێمە تا ئاستێک پێمان دەڵێت ئێمە کێین، لە کوێوە هاتووین و چیمان گوێ لێ بووە و هەستمان بە چی کردووە. ئەمە درکێکی تایبەتمان تێدا دەئافرێنێ و هۆگرمان دەکات. لەبەرئەوە گرینگی زمانی دایکی، حاشاهەڵنەگرە.

بۆ هەموو کەسێک گرینگە کە ناسنامەیەکی هەبێت و بەهۆی ناسنامەکەیەوە رایبگەیەنێت کە ئەوە ئەوە، ئەگینا تووشی تەنگژەیەک دەبێت کە لە سەرلەبەری هەبوونیدا رەنگ دەداتەوە. تەنگژەی بێ ناسنامەیی و لە ئاکامدا جۆرێک سەرگەردانیی. کورد کە بەهۆی ژێرچەپۆکبوونەوە حاشای لێ دەکرێت یان لە گەشبینانەترین حاڵەتدا بووەتە پاژێکی کاڵی ناسنامەی نەتەوەی زاڵ، پێویستی بە خۆپاراستنە بۆ مانەوە. لە رێگەی زمانی دایکیەوە دەتوانێ یەکێک لە کۆڵەکەکانی ئەو پێویستییە بنیات بنێت. پێوەندییەک بە رەچەڵەک و شوێنێک بۆ هاتن.

ئێمە دەتوانین بەهۆی زمانی دایکییەوە ئاستێک لە سەربوردە و مێژووی خۆمان بگێڕینەوە. گێڕانەوە رۆحی لە گێران نەهاتووی زمانە. بەسەرهاتی ئەوەی ئێمە لە کوێوە هاتووین و چۆن بووینەتە ئەوەی کە هەین و دەشمانەوێ ببین بە چی و هەروەها شانازیشی پێوە بکەین، هەتا ئەو ئاستەی کە بگەینە هاوشانی گەلانی دیکە.

ئەگەر سووکە ئاوڕێک لە ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێران بدەینەوە، سنوورێکی داسەپێندراوی سیاسیی دەبینین کە چەندان کۆمەڵگای زمانیی تێیدا دەژین، وەک کۆمەڵگای زمانی ئازەری، کوردی، فارسی، عەرەبی و.. بە ملیۆنان کەس بەو زمانانە قسە دەکەن، بەڵام لە چوارچێوەی سیاسی ئێراندا تاکە زمانێک باڵادەستە. تاکە زمانێک دەرفەتی ئەوەی هەیە لە دەزگا فەرمییەکانی فێرکردن و بارهێناندا پێی بنووسرێت، بگوترێتەوە و گەشەی پێ بدرێت، واتە زمانی فارسی بە پێی سیاسەتی تاکزمانی - تاکنەتەوە، تاکە زمانە لە ئاکاری فەرمی و کارگێڕی ئێراندا بە کردەوە کراوە.

بە درێژایی مێژووی ئێران زمانی کوردیی کە یەکێکە لەو زمانانەی بە ملیۆنان کەس قسەی پێ دەکەن، زمانێکی بڤەکراو بووە لە قوتابخانەکاندا. نایاسایی بووە لە فەرمانگەکاندا. بە پێی لێکۆڵینەوەکان پرسی خوێندن و بارهاتن بە زمانی دایکی لە خوێندنگەاکاندا پرسێکی گەلێک گرانە، زمانی دایکیی تاکە زمانێکە کە منداڵ بە تەواویی بە هۆیەوە تێدەگات و کاریگەرترین رێگەیە بۆ فێرکردن و گەشەپێدانی منداڵ. بۆیە ئێرانیش وەک پیشەی وڵاتە داگیرکارەکان هەستی بە گرینگیی زمانی دایکیی کردووە و بە هەموو شێوەیەک هەوڵی سڕینەوەی زمانی کوردیی دەدات و ئەگەر روو بدات لە ئاکامدا دەبێتە هۆی سڕینەوەی ناسنامەی زمانیی.

مەبەست لە سڕانەوەی ناسنامەی زمانی کوردی ئەوە نییە کە خەڵکەکەی لە رووی جەستەییەوە بە تەواویی قڕ بکرێن و ئیتر کەسێک نەمێنێت بە کوردی قسە بکات، کارەساتەکە شتێک لەوە کەمتر نابێ، لەبەرئەوەی گەلێک و لێرەدا کورد ئەگەر زمانەکەی بکوژرێت ئیتر ئەو گەلە هەمان گەلی پێشوو نییە، کولتووری زمانی خۆی لێ دەسێندرێتەوە و کولتووری زمانێکی

تری بەسەردا دەسەپێنرێت و دەبێتە ئەو دیترەی کە خاوەنی زمانێکی دیکە و هەڵگری کولتوورێکی ترە. ئیتر وەک کورد دەمرێت.

هەر وەک لە سەرەوە باسمان کرد، زمانی دایکی تەنیا یان باشترە بڵێم بەهێزترین توخمە کە مرۆڤ دەتوانن بەهۆیەوە بە ناسنامەی کۆمەڵایەتی خۆیان بگەن. واتە ئەو توخمە مرۆڤەکان گرێ دەداتەوە بە تانوپۆکانی بنەماڵە و کولتوورەکەیانەوە. بەڵام ئەگەر ئەو توخمە کاریگەرە بمرێندرێت؟

لە ئێراندا زمانی فارسی کە زمانی نەتەوەی زاڵە بەرزترین پێگەی بۆ دانراوە و بە پاڵپشتی هێزەوە توانیویەتی لە هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگا واتە لایەنی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کارگێڕیدا خۆی بسەپێنێ. بۆ نموونە هەر لە قوتابخانەوە بگرە کە کراوەتە زمانی فێرکردن و پەروەردە، کاری پێ دەکرێت. کراوەتە زمانی کتێب لە گشت بوارەکاندا، کراوەتە زمانی رۆژنامە، فیلم، مۆسیقا. کاتێک کە زمانی زاڵکراو بە هەموو دەمارەکانی هەبوونی نەتەوەیەکدا رۆ کرا، بە ئاستی پیرۆزبوون دەگات و ئەو مرۆڤانەی بەو زمانە دەدوێین بە بایەخە باڵاکانی مرۆڤبوون دەبیندرێن.

با بە شێوەیەکی وردتر بڵێم، کەسانێک کە بە زمانی فارسی نادوێن لە هەموو بوارەکاندا تەنگیان پێ هەڵدەچنرێت بۆ ئەوەی خۆیان قەناعەت بەوە بێنن هەست بە نزمی و چرووکیی لە کەسایەتیی خۆیاندا بکەن.

بە سەرنجدان بەو خەسارانە و نەبوونی هیچ کام لە دەرفەتەکانی فێرکردن و بارهێنان لە کوردستاندا، لە پێشدا پێویستە رادەی زیندووبوونی زمانی کوردی لە نێوان مان و فەوتاندا هەڵبسەنگێنین. گوێ بگرین خەڵک چۆن زمانی کوردیی دەردەبڕن. زمانەکەیان هەتا چەندە کەوتووەتە ژێر کاریگەریی زمانی زاڵکراو. ئەوکاتە بۆمان دەردەکەوێ زمانی کوردیی لە تەنگژە دایە. رۆژ دوای رۆژ لاوازتر دەبێت.

پێموایە کورد تاکە رێگایەکی لەبەرە ئەویش بەرگرییە لە سەرلەبەری هەبوونیدا بۆ مانەوە. بۆ مانەوەش باشترین کار کە دەکرێت، کارکردنە لەسەر وشیاریی نەتەوەیی. وشیاریی نەتەوەیی دەبێت ببێت بە هەوێنی گشت چالاکیی ئەوانەی وا هەست بە لەناوچوونی سڕی زمانی کوردیی دەکەن. ئەوە روون و ئاشکرایە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران سوورە لەسەر تواندنەوەی کورد و کوردیش ئێستە ئەو هێزەی نییە خۆی لە چنگی حکوومەت و نەتەوەی سەردەست راپسکێنێت، بۆیە پێویستە بەشی زۆری وزەی چالاکان تەرخان بکرێت بۆ کاری بنچینەیی کولتووریی، ئەمیش نەک بۆ گەشەپێدان بەڵکو لە گەشبینانەترین

حاڵەتدا بۆ قڕنەبوونە کە دیارە هەر بەهۆی هەمان بندەستبوون کارێکی ئاسان نییە، بەڵام مەحاڵێش نییە. بۆ نموونە کارکردن لەسەر مێتۆلۆژییەکان، ترادسیۆنی زارەکی، هونەر، مۆسیقا و زمان..

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە - ڕێکەوتی: ٢١ی فێبریوێری ٢٠١٩

---------------------------------------------------------

## لە ڕۆژی جیهانیی زماندا، زمانی کوردیی لە چ دۆخێکدایە؟




بەرهەم لەتیف

٢١ی شوباتی هەموو ساڵێک لەلایەن ڕێکخراوی کلتووریی نەتەوە یەکگرتووەکان "یونسکۆ"وە بە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک دەستنیشانکراوە، مێژووی ئەم ڕۆژەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژی ٢١ی مانگی شوباتی ساڵی ١٩٥٢، کاتێک پۆلیسی پاکستان بە فەرمانی دەوڵەت تەقەی لە ژمارەیەک خوێندکاری زانکۆی بە ڕەگەز بەنگلادیشی کرد، کە مانگرتنیان بۆ بەکارهێنانی زمانی بەنگالی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی پاکستاندا ڕاگەیاندبوو، لە ئەنجامدا چەندین خوێندکار گیانیان لەدەستدا.

دوای ئەو ڕووداوە و لە ساڵی ١٩٩٩ بە ئامانجی ڕێزگرتن و بەهابەخشین بە زمانەکانی سەرجەم نەتەوەکانی جیهان، ڕێکخراوی کلتووریی نەتەوە یەکگرتووەکان "یونسکۆ" ڕۆژی ٢١ی شوباتی هەموو ساڵێکی وەک ڕۆژی جیهانی زمانی دایک "زگماکی" دەستنیشان کرد.

بە گشتیی زمانناسان زمان بەو دیاردەیە پێناسە دەکەن، کە وەک ڕەگەزێک بۆ پەیوەندیکردن بەکاردەهێنرێت، ڕەگەزێکی سەرەکی ڕۆشنبیرییە و ئامرازێکە بۆ پاراستنی ڕۆشنبیریی نەتەوەکان و گواستنەوەی ئەو ڕۆشنبیرییە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە.

نزیکەی شەش هەزار و ٧٠٠ زمان لە جیهاندا بوونی هەیە، لە ساڵی ١٩٥٠وە نزیکەی ٢٠٠ زمان لەناوچوون، ١٨٤ زمان لە جیهاندا لەلایەن کەمتر لە ١٠ کەسەوە بەکاردەهێنرێت، نیوەی ژمارەی زمانەکانی جیهان لە ژێر هەڕەشەی لە ناوچووندان لەم ١٠٠ ساڵەی کە دێت.

زمان بە پێناسەی گەلان دادەنرێت، ئامرازێکیشە بۆ ناساندی کەلتوور و فەرهەنگی نەتەوەکان، نەتەوەی کوردیش خاوەن زمانێکی دەوڵەمەندە بە چەندین زاراوە، کە بنچینەیەکی مێژوویی دێرینیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا بێبەش نەبووە لە هێرش و نکۆڵیلێکردن، کە بە بڕوای پسپۆڕانی زمانی کوردی، داگیرکاریی دەوڵەتانی داگیرکەر لەسەر کوردستان، ڕێگربووە لە بە ستانداربوونی زمانی کوردیی.

زمانی کوردیی بە چوار زاراوەی سەرەکیی دەوڵەمەندە، کە هەریەک لەو زاراوانە چەندین زاراوەی ناوچەکردەیی لێبووەتەوە:

زاراوە سەرەکییەکانی زمانی کوردی و زاراوە ناوچەکردەییەکانیان:

١- زاراوەی کرمانجی باکور (کرمانجی): بایەزیدی، هەکاری، بۆتانی، شەمدینانی، بەهدینانی، زاراوەی ڕۆژئاوا.
٢- زاراوەی کرمانجی ناوەڕاست (سۆرانی): موکریانی، سۆرانی، ئەردەڵانی، سلێمانی و گەرمیانی.
٣- زاراوەی کرمانجی خواروو (لوڕ): لوڕی ڕەسەن، بەختیاری، مامەسەنی، کۆهگلۆ، لەک و کەلهوڕ.
٤- زاراوەی گۆران: گۆرانی ڕەسەن، هەورامانی، باجەلانی و زازا.

زمانی کوردی بێبەش نەبووە لە هێرش و نکۆڵیلێکردن، لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا، کورد و زمانی کوردی هەمیشە لە سەنگەری بەرگریدابوون بەرامبەر دوژمنەکانیان، ئەم هێرشانە لەدوای دابەشکردنی کوردستانەوە بۆ چوار پارچە چڕتر بوونەوە.

لە باکوری کوردستان کە دەوڵەتی تورک سیاسەتی نکۆڵیلێکردن و سڕینەوە بەڕێوەدەبات و نەتانەت ناوی کوردیشی قەدەغەکردبوو، بەڵام دوای دەستپێکردنی خەباتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە باکوری کوردستان، ئێستا زمانی کوردی لەو پارچەیە ئاستێکی باڵای گرتووە و خوێندن و نووسینی پێدەکرێت و چەندین ڕۆژنامە، گۆڤار و تەلەفزیۆن لەسەر ئەو

زمانە دەردەکرێن، لەگەڵ ئەمەشدا لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٣ تا ٢٠١٥ چەندین خوێندگای کوردی لە باکوری کوردستان کرانەوە، بەڵام لەدوای ٢٠١٥ دەوڵەتی ئاکەپە سەرجەم ئەو خوێندگایانەی داخست.

لە ڕۆژئاوای کوردستان دوای شۆڕشی ٢٠١١ ئیتر زمانی کوردی هەنگاوی گەورەی لەبواری پێشکەوتنەوە ناوە، لەمڕۆدا لە خوێندنگای سەرەتایی هەتا زانکۆ سەرجەمیان پەروەردەیان بە زمانی کوردییە، لەگەڵ زمانی کوردیش، زمانی عەرەبیش بەشێوەیەکی فەرمی لە پەروەردەدا دەخوێندرێت، هەروەها گۆڤار و کتێب بە زمانی کوردی دەردەکرێت.

لە باشوری کوردستانیش، لە سەردەمی ڕژێمی بەعسەوە بە تێکۆشانی کورد، خوێندن و نووسین بە زمانی دایک بووە، هەزاران کتێب و سەدان ڕۆژنامە و گۆڤار بە زمانی کوردیی دەرکراون، بەڵام لەدوای ڕاپەڕینەوە، خوێندن بە زمانی بیانیی لە باشوری کوردستان پەرەیسەند، ئێستا هەزاران خوێندنگا لە باشوری کوردستاندا هەن، کە خوێندن تێیاندا بە زمانی بیانییە، کە ئەمەش بە مەترسیی جددیی لەسەر پەرەسەندی زمانی کوردی هەژمار دەکرێت.

لە دۆخی ئێستادا لە هەر چوار پارچەی کوردستان، زمانی کوردی پەرەسەندنی بەخۆیەوە بینیوە، لە پەروەردەوە تا تەندروستی، سیاسیی تا ڕاگەیاندن و ئابووریی، وەرزش، کەلتوور و هونەر، لە هەموو بوارەکاندا زمانی کوردی بەکاردەهێندرێت، بەڵام لەبەرئەوەی هەتا ئێستاش کوردستان چوار پارچەیە سیاسەتی لەناوبردن بەڕێوەدەبێت، هەروەها سیاسەتی کوردیش نەبووەتە یەک، لەبەرئەوەیە زمانی کوردیش نەبووەتە ستاندارد، ئەمەش کێشەیەکە کە گفتوگۆی لەسەر دەکرێت.

پرۆفیسۆر دکتۆر هۆگر محەمەد، مامۆستا لە بەشی کوردی زانکۆی سلێمانی، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنیوز، باس لە کاریگەریی هێرش و پەلامارەکانی داگیرکەران دەکات لەسەر کوردستان، کە ڕێگربووە لە پەرەسەندن و دروستبوونی زمانێکی ستانداردی کوردی و دەڵێت: ئێمە لە مێژوودا خاوەن چەندین میرنشین بووین لە مێژوودا، لە سەردەمی ئەو میرنشینانەدا زۆر جار زاراوەیەک لە زاراوەکان ڕێچکەی گرتووە بۆ ئەوەی ببێت بە ستاندارد، بەڵام بەپێی ئەوەی کە ئێمە داگیرکراوین، ئەو هەلومەرجە لە ساتەوەختێکدا لەناو دەچێت، بۆنموونە ڕۆژگارێک زاری گۆران ڕێچکەی گرتووە بۆ ئەوەی ببێتە ستاندارد، بەڵام بەهۆی داگیرکردنمانەوە وەستاوە. = https://youtu.be/B3ZFab4qC8M

دکتۆر هۆگر محەمەد، هەبوونی قەوارەیەکی کوردیی بۆ پاراستن و بە ستانداردکردنی زمانی کوردیی بە گرنگ دەزانێت و دەڵێت: ئەگەر ئێمە قەوارەیەکی ڕامیاریی سەربەخۆمان هەبوایە، ئەو ڕێچکەیە بەردەوام دەبوو، زاراوەی کرمانجیی ناوەڕاست

کە تا ئێستاش بەردەوامە لە پەرەسەندن بۆ بە ستانداردبوون، بەداخەوە لەدوای ڕاپەڕینەوە سست کراوە، لێرە لە ڕۆژگاری ڕژێمی بەعسدا بە تێکۆشان و خوێنڕشتنی گەلەکەمان، خوێندن بە زمانی کوردی بوو، بەڵام دوای ڕاپەڕین وەزیر داوا دەکات، کە زاراوەکانی دیکەش بە زاراوەی خۆیان بخوێنن، باشە ئەگەر هەموو زاراوەکان بەشێوەی خۆیان خوێندیان، ئەوکات زمانەکە بەرەو پەرتبوون دەچێت، ناڵێین کاری پێنەکرێت و پێی نەنووسرێت، بەڵام مەبەست لەوەیە کە زمانی نەتەوەکە بکرێتە ستاندارد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژنیوز - ڕێکەوتی: ٢١ی فێبریویەری ٢٠١٩

---

## وتەیەک بەبۆنەی ڕۆژی زمانی دایکی



**ماڵپەڕی پەیام**

٢١ی فیوریە ڕۆژی جیهانی زمانی دایکییە. پێشینەی دیاری کردنی وەها ڕۆژێک دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوێک کە ٦٧ ساڵ لەوە پێش لە زانکۆیەک لە وڵاتی بنگلادێشی ئێستا و پاکستانی ڕۆژهەڵاتی ئەوکات، ڕوویدا. ڕۆژی ٢١ی فیوریەی ساڵی ١٩٥٢ ی میلادی، ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکارانی بەنگاڵی زمان، لە ناڕەزایەتی بە داسەپاندنی زمانی "ئوردو"، وەک زمانی ڕەسمی لە لایەن دەوڵەتی ناوەندی پاکستانەوە و بە ئامانجی بە ڕەسمیەت ناساندنی زمانی دایکیی خۆیان(زمانی بنگالی) لە زانکۆی داکا خۆپیشاندانێکیان بەڕێوەبرد. ئەم خۆپیشاندانە لەلایەن هێزەکانی دەوڵەتی پاکستانەوە تەقەی لێکرا. لەم جەناتەدا ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایان و خوێندکاران گیانیان بەخت کرد و یان بریندار بوون. درێژەی خەباتی جەماوەری خەڵکی بنگلادێش بوو بە هۆی ئەوەی کە لە ساڵی ١٩٧١ ی زاینی، بنگلادێش لە پاکستان جیابێتەوە و ببێت بە وڵاتێکی سەربەخۆ. ڕۆژی ١٧ای نومبری ١٩٩٩، یۆنسکۆ، سازمانی ئاموزشی، زانستی و فەرهەنگی سەربە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، لەسەر پێویستی ئاموزش بە زمانی دایکی وەک مافێکی شارۆمەندی و جیهان داگر جەختی کردەوە. هەروەها

پێشنیاری ڕەسمی دەوڵەتی بنگلادێش بۆ ڕاگەیاندنی ٢١ ی فیوریە وەک (ڕۆژی جیهانی زمانی دایکیی) قەبوڵ کرد. ١٨٨ وڵاتی ئەندامی یۆنسکۆ لەوانە کۆماری ئیسلامی ئێران، دەنگی ئەرێنیان پێدا.

دوای ئەوە بۆ یەکەم جار مەڕاسمی ڕۆژی جیهانی زمانی دایکیی لە فیوریەی ساڵی ٢٠٠٠ ی زاینی لە پاریس، بە ئامادەبوونی نوێنەرانی وڵاتانی جۆراو جۆر، زمانناسان و پسپۆرانی بواری فێرکردن و بارهێنان لە لایەن ڕێکخراوی یۆنسکۆوە بەڕێوەچوو. لەو ڕێکەوتە بەدواوە، لە گەلێک لە وڵاتان بەم بۆنەیەوە، هەموو ساڵێک لەم ڕۆژەدا مەڕاسم بەڕێوەدەچێت. لەوانە لە ڕۆژانی ڕابردوودا، لە شارەکانی مشکین شاری ئازەربایجان و بانە لە کوردستانی ئێران، سەرەڕای بەربەست دروست کردنی ڕژێم مەڕاسمی شکۆدار لەم پێوەندەدا بەڕێوەچوون. کۆماری ئیسلامی کە خۆی لە ئەم قەرارەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانی پەسەندکردووە، تەنانەت لە قانونی ئەساسی ڕژێمیشدا ئاموزش بە زمانی دایکی بەڕەسمیەت ناسراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە کردەوە بە ملیۆن منداڵی کە زمانی دایکییان فارسی نییە، لەم مافە سروشتیە لە قوتابخانەکاندا بێبەش کردوە. هۆکارەکەی هەڵبەت روونە. کۆماری ئیسلامی بە شێوەی پێشینیانی خۆی، فێربوون بە زمانی دایکیی بە مەترسیەک بۆ یەکپارچەیی خاکی ئێران دەزانێ و فەرهەنگستانییەکانی شووێنیستیش ئەم بابەتەش بە هەڕەشەیەکی جیدی بۆ زمانی فارسی و بە پیلانێک بۆ کەم ڕەنگ کرانەوەی ئەم زمانە دەناسێنێ. ڕژێمی کۆماری ئیسلامی وەک ڕژێمی شا بە گرتنە بەری ئەم سیاسەتە خەریکی وەکوو یەک کردنی فەرهەنگی- زمانییە بۆ دەستەبەر کردنی هۆویەتێکی ساختەی نەتەوەی ئێرانی. ئەم سیاسەتە ئەگەر لە سەرەتا زاڵبوونی نیزامی سەرمایەداری لە ئۆرووپا و لە وڵاتی ژێر دەسەڵاتی ئەوان لە شوێنەکانی دیکە، ڕێگایەکی بوو بۆ یەکسان سازی کۆمەڵگاکان لە چوارچێوە جوغرافیاییە دیاریکراوەکاندا، دروست کردنی دەوڵەت - نەتەوەکان و پێکهێنانی بازاڕی کار و کالای نێوخۆیی بوو، لە سەردەمی جیهانگیری سەرمایە و دووهەمین شۆڕشی پیشەسازیدا، حەرەکەتێکی شوێنیستی و کۆنەپەرستانەیە لە خزمەت پاراستنی دارودەستە مافیاییەکاندا. لەگەڵ گشت ئەمانەدا، ئەگەرچی بێبەش کردنی منداڵان لە ئاموزش بە زمانی دایکیی، کردارێکی سەرکوتگەرانە و دژی دیموکراتیکە، بەڵام لە باری زانستییەوە بابەتێکی دەروونناسانە و کارناسانەیە لە بەشی فێرکردن و بارهێناندا. هەڵسانگاندێکی ئاماری لە ئێران نیشانی ئەدات کە زۆرینەیەکی ٥ ملیۆنی خوێندکار کە لە ٨ ساڵی ڕابردودا لە تاقیکردنەوەکان دەرنەچوون، ئەو منداڵانەن کە زمانی فارسی زمانی دایکیان نییە. هەر ئەم ئامارە سادەیە پێویستی فێربوون بە زمانی دایکی بە روونی پیشان ئەدات.

زمانی دایکیی زمانێکە کە منداڵان لە دایک و باوکیان و باقی تاکەکانی بنەماڵەوە فێری ئەبن. توێژینەوە زیست شناسانە و دەروونناسانە دەری دەخەن کە منداڵ تەنانەت بەر لە هاتنە دنیا لەگەڵ زمانی دایکیی ئاشنا دەبێت و پێوەندی لەگەڵ دەگرێت. لەگەڵ بیستنی دەنگی دایکی هەست بە ئارامی دەکات. هەنگاو بە هەنگاو ئێحساسات و عەواتفی بە یارمەتی

زمانی دایکی شکڵ دەگرێت. بە یارمەتی زمانی دایکیی لەگەڵ دنیای دەوروبەری ئاشنا دەبێت و لەگەڵی پێوەندی دەگرێت. هەستیار ترین دەورەی حەیاتیش کە بنچینەی ژیانی ئەوە، لە تەمەنی ٥ تا ٧ساڵیدا بە یارمەتی زمانی دایکیی دەنێتە پشت سەر. منداڵ لە سەرەتای چوونە کودەکستان و یان مەدرەسە خۆی لەگەڵ ژینگەکەدا بە بێگانە دەزانن و لەبەر ئەوەی دەستی بە دایک و باوک و کەسانی ئاشنای ڕاناگات، هەستی ترس و نیگەرانی دەکات. قسە کردنی موعەلیم بە زمانێکی تر ترس و نامۆیی منداڵ دوو هێندە زیاتر دەکات. بەردی بناخەی پێوەندی منداڵ و مۆعەلیم بەم نامۆیە دادەنرێت بەڵام ئەم ترسە لە ڕێگای زمانی هاوبەشەوە کە بە گوێی منداڵ ئاشنایە، دەتوانێ برەوێتەوە و پردێک لە نێوان بنەماڵە و مەدرەسە بینابکرێ. ڕێز دانان بۆ مامۆستا جێگای ترس لەو دەگرێتەوە. ئاموزش بە ئارامشێکی زیاترەوە وەردەگرێت و باوەڕ بە خۆیی منداڵ بەهێز دەبێت. توێژینەوە زانستیە موعتەبەرەکان نیشانی ئەدەن کە بابەتی ئاموزش و پەروەرش لانیکەم تا ١٠ ساڵی دەبێ بە زمانی دایکیی بێت. تەنیا ئەو کاتەیە کە منداڵ لە زەرفیەتی گەشە و تەکامولی شەخسیەتی خۆی بە تەواوی بەهرەمەند دەبێت و ئیستعداد و تواناییەکانی گەشە دەکەن. لەم ڕێگایەوە بۆ فێربوونی زمانی دووهەم و سێهەمیش کراوەتر دەبێت و دنیای دەوروبەری منداڵ بەرینتر دەبێتەوە. لە قۆناغەکانی دواتری خوێندن دا ئەو لە تواناییە تازەلاوان و لاوان دا پێک دێت کە کاریگەریان هەبێ لەسەر فەرهەنگ و ئەندیشەی بەشەر. ئێستا بەم وەسفەوە دەتوانین تەسەوری ئەوە بکەین ڕژیمێک کە ئەم مافە سەرەتاییەی لە ملیۆنان منداڵی دانیشتوی ئەم وڵاتە زەوت کردوە، لە ڕاستیدا دەستی داوەتە چ جەنایەتێک دەرحەی بەو نەمامانە و دەرحەق بە هێزی بنیاد نەری سبەی رۆژی ئەم کۆمەڵگایە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پەیام - ڕیکەوتی: ٢٣ی فێبریوێری ٢٠١٩

---------------------------------------

## بە بیانووی ڕۆژی جیهانی زمانی زکماکی،

### کورتە مێژوویەکی کتێبی خوێندن بە زمانی کوردی لە کوردستانی ئێران،



ئەحمەد کاکەمەمی

کورتە مێژوویەکی کتێبی خوێندن بە زمانی کوردی لە کوردستانی ئێران و یادێکی بە ڕێز لە یەکەم کتێبی دەرسی زمانی کوردی و نووسەرانی لەم بەشەی کوردستان

بە دوای ڕووخانی نیزامی پاشایەتی لە هەموو شارەکانی بە ناو(ئێران شۆرای ئینقلابی ئیسلامی...) بۆ بەڕێوەبردنی کار و باری شار و گوند... دادەمەزران.

مەهابادیش یەکێک لەم شارانە بوو. (شۆرای ئینقلابی ئیسلامی مەهاباد)
شۆرای یەکەم کە تەمەنی لە چەند مانگ تێپەڕ نەدەبوو، لە هەل مەرجێکی کتوپڕدا وەک پێویستییەک خۆی پێکهێنابوو، هەم توانای بەڕیوبەری خەڵکی نەبوو و هەمیش لەسەر حەیف و مەیل کردنی ئەموال و چەک و چۆڵی پادگان و بنکەکانی دیکەی دەوڵەتی دەنگۆی باشیان لەسەر نەبوو. بە تایبەتی بەرپرسی شۆراش کە لە راست ڕێکخراوەسیاسییەکانەوە هەڵوێستی وەک یەک نەبوو. و تای تەرازووی لاسەنگ و خەڵکی شاری مەهابادیش ئەو هەڵوێستەیان بە دڵ نەبوو، جێگای دا بە شۆرای دووەم. لە شۆرای دووەم کە نوێنەری هەموو چەشنە توێژێکی کۆمەڵایەتی تێدا بوو. لە دابەشکردنی کار دا بەڕیز و تێکۆشەر خوا لێخۆشبوو مامۆستا مەلارەحیم عەباسی و کاک برایم شێرزاد وەک بەرپرسی شۆرا و جێگری بەرپرس هەڵبژێردران. منیس کە ئەندامی شۆرا بووم، وەک بەرپرسی کاروباری کۆمەڵایەتی ئەرکم خرا سەرشان. بە هاوکاری و هاوڕیی برای زانا و دڵسۆز و تێکۆشەرم نەمر کاک "حەمەڕەشی سیاقۆڵی" و کاک "قادر شەهابی"... بەوپەڕی دڵسۆزی و

خۆشەویستییەوە ئەرکەکانم بەڕێوە دەبرد. کاک برایم شێرزاد و من پێش هاتنە نێو شۆرا لە ئیدارەی "بەربەرەکانی دەگەڵ نەخوێندەواری" دا وەک بەرپرسی ئیدارە و بەرپرسی فێرکردن(ئاموزش)، شاری مەهاباد، بۆکان، تیکاب... کە هەموو ناوچەکانی سەر بەو مەڵبەندەی دەگرتەوە کارمان دەکرد. هەر لەو کاتیشدا پێموا بوو کە خوێندن و خاشەبڕکردنی نەخوێندەواری ئەرکێکی گرینگی نەتەوەیی و نیشتمانیە. بەکردەوەش بۆمان دەرکەوتبوو کە خوێندن بە زمانی بێگانە بۆفێربوونی سەرتایی و خاشەبڕکردنی نەخوێندەواری چەندە ناسەرکەوتووانەیە. لەم بارەوەش پێشتر پێشنیارێکمان دابوو بە بەڕیوبەری گشتی ئەم دەزگایە لە تاران. با شاراوەش نەبێ، لەسەر ئەم پێشنیارە کە بە وتەی وان سەرمان بۆنی قاورمەسەوزی دەدا، کەمیش جێرەبابا نەدراین. ڕۆژێک لە دەفتەری شۆرا دەگەڵ بە ڕێزان جەنابی "مامۆستا مەلا ڕەحیم" و "کاک برایم" لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتدا پێشنیارم پێکردن کە قەت ئەوەندەی ئێستا هەل و مەرج لەباتر نابێ کە بۆ بەربەرەکانی دەگەڵ نەخویندەواری و دانانی کتێبی خوێندن بە زمانی کوردی کومێتەیەکی سەرانسەری کوردستان دامەزرێنین. بە ڕاستی هەم مامۆستا و هەم کاک برایم گەلێک لە منیان پێ خۆشتر بوو. هەر ئەو کات دەقێکی کورتم بە زمانی فارسی وەک بانگهێشتن نامە ئامادە کرد و بە ئیمزای مامۆستا و مۆری شۆرا بۆ زۆربەی ئیدارەکانی پەروەردە و فێرکردنی شارکوردەکانی کوردستانی ئێران ناردرا و ڕۆژ و کاتی کۆبوونەوەمان دیاری کرد.

قەت ئەو کات نەمدەزانی کە ئەو کارە دەبێتە بەشێک لە مێژووی خوێندنی دەرس بە زمانی کوردی. لە لایەکی دیکەشەوە نووسینی بیرەوەری وا باو نەبوو. بۆیە مەتنی نووسینەکە و ڕێکەوت و ڕۆژەکانم یاد داشت نەکردووە و لە بیرم نەماوە. بەڵگە ونامە و دارایی شۆڕاش دوایی بە خڕی کەوتە دەست پیاوکوژی بە ناوبانگ "شیخ سادقی خەڵخاڵی". ڕەنگە ئێستاش چەند کەسێک لە ئەندامانی شۆرا لە ژوور و لە دەرەوە هەر مابن. هیوادارم ئەوان لە سەر کاری شۆرا و شێخی ناوبراو وردتر و گشتیی تر بنووسن. بۆ وێنە خوشکە "سەکین جەوانمەرد" دانیشتووی سوێد وەک نوێنەری پەرستار و کارمەندانی نەخۆشخانەکان، کاک "حوسێن بەخشی" وەک نوێنەری یەکیەتی جوانان... نیشتەجێی ئاڵمان... خەڵکێکی باش بە دەنگی ئەم بانگهێشتنەوە هاتن. لە یەک کۆنوونەوەدا کە لە ئێوارەیەکی فێنکی بەهاری کوردستاندا لە حەوشی دانشسەرای کچانی لە شاری مەهاباد گیرا. چەند کومیتە لەسەر کاخەز دیاری کران بە تایبەتی دەستەی نووسەران. بڕیار درا هەر کەسە بچێتەوە شاری خۆی و کتێبێکی پێشنیاری ئامادە بکات و بۆ رۆژی ٢٥ی مانگی پووشپەڕ بێنەوە بۆ مەهاباد. هەتا لە تێکەڵاوی ئەم کتێبە پێشنووسانە کتێبێکی باشی لێ بەرهەم بێت. ئەوەی من لە بیرم بێت تەنیا لە بانە کتێبێک ئامادە کرابوو کە پڕ بوو لە درۆشمی دژی شا و ژاندارمی چاوزەقی جووجەخۆر... لە شاری سنەوە مامۆستایەی پیری بە ئەزموونی کۆنەکار بەشدار بوو کە بە داخەوە ناویم لە بیر نەماوە. لە شاری پاوە کاک "کەماڵ زەردەشتیان" بەشدار بوو. لە مەهابادیش کاک سەید سالح ئەیوبیان مەرکەزی و من بە کتێبی پێشنیاریەوە بەشدار بووین. وەک دەستەی ئامادەکاریش لە مەهاباد هەر کاک سەید سالح و نەمر خوالێخۆشبوو کاک "محەمەدی ئادەمی موکری" و من دەگەڵ بەرێزان دیکە دەست بەکار

بوووین. بە داخەوە لە سێهەم ڕۆژی کار دا هەواڵی هێرشی هەمەلایەنەی پاسدارانی حکومەتی ئیسلامی بۆ سەر شاری (پاوە)مان پێگەیشت و لە ٢٨ی مانگیش فەرمانی جیهادی خومەنی لە دژی خەڵکی کوردستان ڕاگەیاندرا. کاک کەماڵ و مامۆستا سنەییەکەش کە کەس و کاری لە پاوە بوون، کەوتنە دڵ نیگەرانی و گەڕانەوە.

کاری کتێب ئامادەکردن کەوتە سەر شانی ئێمە وەک چەند کەسی نیشتەجێی شاری مەهاباد. شەهید دوکتۆر "مامۆستا سەوجە" لە لاوە جار و بار یارمەتی دەداین و یەکێک لە تاوانەکانی کە لە سەری گوولەباران کرا. هەرچەند کارەکەشی لاوەکی بوو. هەر وەها کاک "عەبدولرەحمانی وەهابزادە" بەر پرسی ئیدارەی فەرهەنگ و هونەری شاری مەهاباد کە کۆبوونەوەمان لەم ئیدارەی ئەو با، خۆی پێوە ماندوو دەکردین. لە ماوەی کەمتر لە مانگێک کتێب ئامادە کرا و درا بە جوانەمەرگ خوالێخۆشبوو هۆنەرمەندی دەست ڕەنگین کاک جەعفەری قازی کە وێنەکانی بکێشێتەوە. ئەویش چەند مانگێکی خایاند. لەم ماوەی شەڕی سێ مانگەش دا لەشکریانی ئیسلامی خومەینی چ نەما نەیکەین. لە کوشت و کوشتار و قەڵاوچۆی شار و گوند و گرتە و بەردە... بڕیاریان وەها بوو شاری مەهاباد وێران و دوایی بیکەن کێڵگەی تەماتە و پەتاتە... ئێمەی ئامادەکار کە بە شانازیەوە دەمانەویست ناومان لە پشتی کتێبەکە بنووسرێ حاشامان لە هەموو شتێک کرد، هەر چەند کتێبەکە جگە لە سروودی (وڵاتی مە کوردستانە) شتێکی وا بڤەی تێدا نەبوو، کە دژی دین و بین بێت. کتێبەکە ماوەیەک کەوتە دەست "یەکیەتی مامۆستایان"ی شاری مەهاباد. دواتر ئەوانیش تووشی کێشە بوون و کتێبمان وەسەرکرایەوە. لە دەستەی ئامادەکارانی کتێب تەنیا من ڕێگای شاخم گرتەبەر و بوون بە خاوەنی کتێبی بێ خاوەن. کتێبەکەم دا بە ڕێبەرایەتی "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران". ئەوانیش کتێبەکەیان بە ناوی "خوێندنی زمانی کوردی" لە سەر ناوی "کۆڕی بەڕێوەبەری پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەری کوردستان" بە یارمەتی فەلەستینیەکان بە بێ دیاری کردنی ساڵی لە چاپ دان لە لوبنان چاپ کرد. یارەبی ماڵی هەردوولایان ئاوەدان بێ و خوا تۆڵەیان بۆ بکاتەوە. کتێب ساڵی ١٩٨٢ لە کوردستان بڵاو بۆوە و نەک بوو بە کتێبێکی خۆشەویستی قوتابی و خوێندکارانی کورد، بەڵکو بوو بە سەرچاوەیەکی باش بۆ ئامادەکردنی کتێبی کوردی پۆلی یەکەم کە دواتر ئامادە کران.

دیارە کتێبەکە بێ کەم کۆوڕی نەبوو و نیە. بەڵام بۆ هەل ومەرجی کتوپڕی ئەوکات بێ وێنە بو و هەیە. بۆ بیرهێنانەوە، هەر لە دەرسی "وڵاتی مە کوردستانە..." ... لەم دەرسەدا پیتی(هـ) نەخوێنراوە و دوو واژەی (بەهاران و بەهەشت)دا هاتوە. بۆ یەکەم جار کیژە لاوێکی مامۆستای شۆڕش ئامۆزای شەهیدی نەمر کاک ڕەحمانی سۆفیزادە... لە ناوچەی پیرانشار ئەم هەڵەیەی بە چاو دادامەوە. یادی بەخێر و هیوادارم ئەم خۆشکەش هەر سەرکەتوو و سەرفیراز بێت.

"حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران" وەک ڕێبەری و ڕێکخەرەی خەباتی نەتەوایەتی و نیشتمانی کوردستانی ئێران لە

بەڕێوەبەری و ڕێکخراوەیی خۆی دا بەشێکی بەر فرەوانی بە ناوی "کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەری کوردستان" دامەزراند بوو و بە یارمەتی خەڵکی کوردستان لە هەموو ناوچەئازادکراوەکانی کوردستان بە کادر و پێشمەرگە و کەسانی دڵسۆزەوە یارمەتیدەر بوون بۆ کراونەوە قوتابخانە و دابین کردنی مامۆستا و هەر چەشنەهاوکاریەک. لەشکرێکی لاوی خۆبەخش و بە بیر و باوەڕ لە سەر ناوی "مامۆستای شۆڕش" هاتنە نێو شۆڕش و دەستیان بە کاری پەروەردە منداڵان کرد.

هەزاران کیژ وکوڕ و لاو و پیری نەخوێندەواری کوردستان بۆ خوێندن بە زمانی زکماکی بەرەوە قوتابخانەکان وەڕێ دەکەوتن و خۆیان ئاوودوویان بۆ سەنگەری ڕووناکی دەهێنا و جار دەبوونە دەستەچێلە. مامۆستایانی شۆڕش لە ژووران، لە ژێر سێبەری دار و ئەشکەوت و کوونەتەیارە، کەپر و دەوار و کەلاوە، مزگەوت و کۆنە قوتابخانەکان و لە هەر کوێ ئیمکان حاوانەی ڕۆژێکی مامۆستای سەییار(گەڕۆک)یش هەبا، کتێبی خوێندنی زمانی کوردی و تەختەڕەشی سەر کۆڵی مامۆستا لە وی ئامادەبوون، ئەگەر بۆ تاقە قوتابییەک یا خوێندکارێکیش با. کاروانی سەهیدانی مامۆستایان و قوتابیان شۆڕش کەم نین. بۆ ڕێز و یادی هەموویان سەڵاو دەنێرین بۆ روحی پاکی لاوی شۆڕشگێڕ "سەید مەنسووری حوسێنی" مامۆستای شۆڕش و قوتابی شەهید کیژۆلە "گەزیزەی پاییزی" وەک یەکەم شەهیدی سەر قافڵەی مامۆستایان شۆڕش و قوتابییانی شۆڕش.

یەکەم جار بەهاری ١٩٨٢ لە گوندی "قەمتەرێ" ناوچەی محاڵی مەهاباد کە بە چاپکراوی چاوم بە کتێبەکە کەوتەوە، پێم وابوو دنیام پێدراوە حەوت جارم ماچ کرد و لەسەر سەرم دانا، ئەو کات پێم وابوو ئیتر ئارەزوم نەماون.

کومیتەی بەڕێوبەری تەشکیلاتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە مەهاباد کە خۆم یەکێک لە ئەندامانی کومیتەی کارگێر بووم، بڕیارمان دا بە مەبەستی ڕێنمایی و شێوەی دەرس گۆتنەوە و ئامادەکردنی مامۆستایانی دەورەیەکی ئامادەکاری دابنرێت.

من ئەو ئەرکەم خستە سەرشانی خۆم و لە ٢٠ی گەلاوێژی ١٩٨٢ یەکەم کلاسی ئاموزشی(فێرکردن) دوو هەفتەیی مامۆستایانی شۆڕش م لە گوندی "لاچین" نزیک شاری مەهاباد بە ڕێوەبرد. هەر لەوێش بە بەشداری ڕێبەری پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیە تێکۆشەر کاک "کەماڵ بوورقای" جێژنی ٢٥ی گەلاوێژمان پیرۆزکرد.

هەر ئێستاش چەند کەس لەم مامۆستا تێکۆشەرانەی ئەم دەورەیە (ئەبوبەکر لاوچاک، عەزیز رەمەزانی...) وەک من لە سوێد دەژین. من ئەم کلاس و دەورە وەک یەکەم کلاسی ئامادەکردنی مامۆستای دەرسی زمانی کوردی لە کوردستانی ئێران ناودێری دەکەم.

ساڵی دواتریش بۆ لەشکری لە شکانی نەهاتوو و بێ بڕانەوەی مامۆستایان شۆڕش لە ناوچە ئازادکراوەکان لە گوندەکانی "کامەم"، "ماژگە و گردشیلان"، "دێگە"ی سەردەشت، "گەلاڵە"... چەند کلاسی دیکەی ئامادەکردنی مامۆستایانم بەڕێوە برد. خوێندن و خوێندەوارکردن بە زمانی کوردی وەها خۆشەویست بوو، بە ڕاستی هەموو پێشمەرگەکانی کوردستان وێڕای تفەنگی سەرشان و فیشەکدانی قەدیان و توورەکەی نانی کۆڵیان، کتێبی خوێندنی زمانی کوردیشیان دە کۆڵەپشتیی دابوو، جا چ بۆ فێر بوون و چ بۆ فێر کردن.

بە دوای ئامادەکردنی کتێبی (خوێندنی زمانی کوردی) دا بە هەست پێکردن بەم گشتە پشتیوانی و پێشوازییە خەڵکی کوردستان لە هەل ومەرجێکی زۆر نالەباری شەڕدا کە لە ئاسمان گوللە دەبار و لە زەمین دووپشک و مار هەڵدەقوڵین لە نێو جەنگەڵێکی چڕ و پڕی ناوچەی سەردەشت دا کتێبەکانی "زانستی ئەزموونی" و "ئەژمێر"ی پۆلی یەکەمم لە سەر ناوی(کرمانج) ئامادە کرد. تەمەن درێژ بن جووتە لاوی هۆنەرکاری تێکۆشەر و خوێنشیرینی یەکیەتی لاوان کاک "سامرەند وەهابپوور" و کاک "عومەر ئەورامی" وێنەکێش و خۆش نووسییان وەئەستۆگرت و دڵسۆزانە و پاکانە ئەرکەکانیان ڕاپەراند. ماڵی "حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران"یش ئاوەدان چاپ و بڵاو کرانەوە. دواتر کتێبەکانی "زانستی کۆمەڵایەتی و خوێندنی گەورەساڵان"م ئامادەکرد. بەڵام وابزانم دەسێڵاوی فەرامۆشی و بێ مێهری دا خنکان و بە جێی کتێبەکەی گەورە ساڵانی من کتێبێکی دیکە بە ناوی "ژیان و خەبات" لەسەر ناوی ژنێکی ئەرمەنی زمانی فارسی خوێنی کوردستان نەدیوی کوردی نەزان دەرچوو... پەکوو... کتێبە(ئەژمێر)ەکەی پۆلی یەکەمی سەرەتاییش دواتر چاپ دووبارە چاپ کرایەوە بە پێچەوانەی ئەوە دەڵێن ناوی(ئەخلاق)ە بوو بە(تەخلاق) و ناوی من(کرمانج)ی لێ سڕایەوە.

"کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەری کوردستان" کە بۆ ماوەیەک منیش یەکێک لە ئەندامەکانی بووم جگە لەم کتێبانەی باس کران، دڵسۆزانە و ئازایانە کتێبی "خوێندنی کوردی" و (زانستی ئەزموونی) پۆلی دووهەمی سەرەتایی ئامادە و چاپ کرد.

بێ ئەمەگی دەبێت یادێک لە دوو هاوڕێی خەباتکار و زانا و دڵسۆزی خۆم نەمران کۆچکردو کاک "کەماڵ خالێدی" وەک بەرپرسی کوڕ و "کاک ئەمیر قادری" وەک ئەندامی کۆڕ، هەر وەها بەڕێزانی تێکۆشەر کاک "ڕەسووڵ ئاریا" وەک بەرپرسی کۆڕ، کاک "ڕەحیمی ئەمیری" وەک و ئەندامی ئەو کۆڕە و دواتر تێکۆشەر کاک "جەماڵ عەبدولازادە" هەر وەک بەرپرسی کۆڕ نەکەمەوە، هەزران سڵاو لە نەمران و یادیان هەر پیرۆزبێ و ئاواتی تەمەن درێژ بۆ تێکۆشەرانی دیکە.

جگە لە "کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەری کوردستان". ڕێکخراوی (کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی

ئێران)یش بەشێکی بە ناوی (کومیسیۆنی فێرکردن و بارهێنانی کۆمەڵە) پێکهێنا. ئەم (کۆمیسیۆن)ەش بەش بە حاڵی خۆی ئەرکی ئامادەکردنی کتێبی دەرسی بە زمانی کوردی و پەروەردەکردنی وەئەستو گرت و سەرکەوتووانە توانی کتێبەکانی پۆلی ١ و ٢ و ٣ی سەرەتایی لە ژێر ناوی "خوێندنەوەی کوردی" ئامادە بکات و ئەرکی نەتەوەیی و ئینسانی خۆی بە ئەنجام بگەیەنێت. دەست و چاویان خۆش بێت و هەر بە خۆش بژین. حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش بۆ بەربەرکانی دەگەڵ ئەم خەباتە پیرۆزە ئینسانی و نەتەوایەتییە وەک لاساکردنەوە بە هۆی کەسێک بە ناوی کاک "فاروق کەیخوسرەوی" کە نادمی شۆڕش و گەڕابۆوە، کتێبێکی بە زمانی کوردی بۆ پۆلی یەکەمی سەرەتایی بە شێوەی فەرهەنگ و زاراوەی حکومەتی بە چاپ گەیاند، بەڵام وا بزانم هەر چاپ کرا و نەخوێندرا.

لە زەمانی کۆماری کوردستان دا نزیک بە ساڵێک خوێندن بە زمانی کوردی بووە، بەڵام بەداخەوە من نازانم چ کتێبێک و چۆن کتێبێک خوێندراوە. ئەوەندە دەزانم وەک بۆم باسکراوە یەکێک لە دەرسەکانیان(زارا زێڕی زۆرە...) بووە.

لە هەندەرانیش ئەرکی خۆم لە بیر نەکرد و زنجیرە کتێبی "گوڵبەهارە١، ٢، ٣، ٤)م بۆ پۆلەکانی پێنجەم و شەشەم - هەفتەم و هەشتەم - نۆهەم و دەهەم - یازدەهەم و دوازدەهەم... بەرهەم هێنا. کتێبی یەکەم بە یارمەتی دەزگای خوێندنی باڵای سوێدی چاپ و سێ کتێبەکەی دیکە(٣٠٠٠ بەرگ) لە سەر ئەرکی خۆم(٧٠٠٠٠ کرۆن) لە هەولیر چاپ و بڵاو کرانەوە. سڵاو لە هەموو ئەو کەسانە کە بۆ خزمەت بە پەروەردە و ڕاهێنانی بیر و فیکری ئازادیی و بەختیاریی و بەرزیی کەرامەتی ژیانی مرۆڤ دەستیان داوەتەوە قەڵەم.

پیرۆز بێ هەر هەموو ٣٦٥ ڕۆژەکەی ساڵ وەک ڕۆژی خەبات بۆ فێرکردن و پەروەردەی زمانی زگماکی.

ئەم نووسراوە کورتەیەکە لە پاشکۆی کتێبەکانی گوڵبەهارەی ٢،٣،٤

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێشمەرگەکان - ڕێکەوتی: ٢٤ی فێبریوێری ٢٠١٩

-----------------------------------------

## بایەخدان بە زمانی دایک لە ناو کوردانی تاراوگە



**دیندار کۆچەر**

بە بڕوای شارەزاییان و پسپۆڕان و پێناسەکردنیان بۆ نەتەوە، هەبوونی زمان بە یەکێک لە بنەما و کۆڵەکەکانی ناساندنی نەتەوە و زیندوو ڕاگرتنی دەزانن کە لەگەڵ ڕەوڕەوەکانی مرۆڤایەتیدا، نەتەوەی کوردیش وێڕای ئەو هەموو زوڵم و ستەمکارییەی لە لایەن داگیرکارانەوە بەرانبەری کراوە، بە دابەشکردنی خاک و نەتەوەی کورد، بەڵام ئێمەی کورد خاوەنی زمانێکی یەکگرتووی پڕ لە دیالێکتین بۆ ناساندن و زیندوو هێشتنەوەمان لە تەک نەتەوەکانی تردا. ئێمەی کورد خاوەنی خاک و زمان و مێژوو و ئاڵای خۆمانین و هەمیشەش لە ژێر هەڕەشەی سڕینەوە و لەناوبردن بووین، بەهۆیەوە نەبووینەتە خاوەن دەوڵەت کە سەروەرییەکانمان تیایدا زیاتر پارێزراو بکەین.

دەمەوێت بۆ یادی بەرز و پیرۆزڕاگرتنی ڕۆژی جیهانی زمانی دایک، کە لە ٢١ی شوباتی ساڵی ١٩٥٢ سەرچاوەی گرتووە، بەهۆی تەقەکردن لە کۆمەڵێک قوتابی مانگرتوو لە پاکستان ئەوە کرایە بنەما بۆ دیاریکردنی ڕۆژی زمانی دایک، کە ئەو ڕووداوە بووە هۆی گیانلەدەستدانی هەندێکیان و سەرئەنجام ساڵی ١٩٩٩ ڕێکخراوی کولتووری نەتەوە یەکگرتووەکان یۆنسکۆ، ڕۆژی ٢١ی شوباتی کردە ڕۆژی جیهانی زمانی دایک، منیش پێم خۆشبوو بیر و بۆچوونی خۆم دەربڕم، ئەگەر بە چەند وشەیەکیش بێت، بیری ئەوەی نوێی بخەمەوە کە لەم ڕۆژەدا سوپاسی ڕۆشنبیرانی کورد بکەن لە قۆناغە جیاوازەکانی سەدەکانی ڕابردوو لە باب و باپیرانمانەوە هەر لە خوێندنیان لە حوجرە و مزگەوتەکان و هەتا بە قوتابخانە و زانکۆکانیش دەگات پارێزەری ئەم زمانە بوون لە قۆناغە هەستیارەکانی شۆڕش و گەڕان بەدوای دەرفەتەکاندا و چاپ و بڵاوکراوە و خستنە سەر پەڕاوەکان لە ئەدەبیات و مێژووی نەتەوەییمان، بەڵام ئەوەی جێگای داخە باب و وباپیرانمان بەمشێوەیە زمانیان پاراست و ئێمەیان گەیاندە قۆناغێکی گەشەکردن و مانەوەمان لەم سەردەمی ئازادییەی کە بە خوێن بەدەستهاتووە و خاوەنی نیمچە سەربەخۆیی و ئازادی وحوکمڕانین لە هەرێمی کوردستان، کەچی هەڕەشە لەسەر زمانی دایک هەبێت، لە بێ سیستەمی خوێندن و نەبوونی یاسایەک بۆ پاراستنی زمانی دایک و ئەو هەڵپەکردنە بۆ فێربوونی زمانی

بیانی و زاڵبوون و بیرچوونەوەی زمانی دایک کە لە قوتابخانەکاندا دەبینرێت.

جیاواز لەم دیاردەیەی هەرێمی کوردستان کە کەمتەرخەمی لە رووی بایەخدان بە زمانی کوردی هەیە، بەڵام کوردانی تاراوگە لە تەک زمانی وڵاتانی بیانی منداڵەکانیان بەشێوەیەکی کوردانە و هەڵگری کولتوور و زمانەکەیان گۆش دەکەن و لە ماڵەوە بە کوردی لەگەڵ منداڵ و نەوەکانیان دەدوێن و کۆرسی زمانیان فێر دەکەن لە رێکخراوە و کۆمەڵە کولتووری و رۆشنبیرییەکان، بەمەش زیاتر دەتوانین ناسنامەی نەتەوەییمان نیشانی گەلانی تر بدەین، بە هیوام ئەم رۆژە ببێتە هاندانی زیاتری پاراستنی زمانی کوردی و لاکردنەوەی حکوومەت و بەدواداچوون بۆ پارێزگاری لە یەکێک لە بنەماکانی نەتەوەبوون و دانانی پلانێکی تۆکمە بۆ کوردانی تاراوگە و نەوە نوێکانیان کە ئایندەی کوردستان چاوەڕوانیانن زمانی دایک لە نێویاندا چرایەکی گەش و نموونەیەکی جوانی کوردایەتیانە بێت.

بەش بە حاڵی خۆم، لە کۆتایدا دەمەوێت سوپاسی دایک و باوکی خۆم بکەم، کە مامۆستا و قوتابخانە بوون لە فێربوونی زمانی کوردی و وانەی نیشتمانی، چونکە ئەوکاتەی لە ناو شۆڕش بووم، قوتابخانە نەبوو، کە ئاوارەش بووین لە دوای ئەنفال ئەو وڵاتانەی کە تێیدا ژیاوین، هیچ شتێک بەناوی قوتابخانەی کوردی نەبووە، ئەوەش ئەمرۆی منە، بەڵام هەمیشە لە ماڵی ئێمە بایەخ بە زمانی کوردی دراوە، دەتوانم بڵێم بۆ خۆی قوتابخانەیەک بووە بۆ ئاشنابوونم بە زمانی دایک، زمانی کوردی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی www.kdpnl.com - ڕێکەوتی: ٢٤ی فێبریوێری ٢٠١٩

-----------------------------------------------------

## دووی ڕەشەمە،ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک




**سایتی هەولێر**

زمان وەک ئامرازێکی بنچینەیی، پێویست و کاریگەر، ئەو شتەیە کە مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا بە کەڵک وەرگرتن لێی، پێوەندییەکانی ساز دەکا. مرۆڤ بە کەڵکوەرگرتن لە زمان، هەندێ واتا و چەمک دەخوڵقێنێ و ئەم چەمکانەش بۆ ئەو کەسانە دەرک دەکرێن کە لە هەمان کۆمەڵگەی کارپێکەری ئەوزمانەدا دەژین.

بوون لە دەستەی بێژەرانی زمانێکدا، بەرژەوەندی گەلێک بە هەر ئەندامێکی دەبەخشێ کە بێژەرانی زمانەکانی دیکە نییانە. لەوانیش ئەمەیە کە تەنیا بێژەری ئەو زمانە دەتوانێ بە تەواوەتی مەبەست وەرگرێ و سەرەڕای ئەوەی زمانەکان ئەو تایبەتمەندییەیان هەیە کە وەرگێڕدرێن، بەڵام بەردەوام بەشێک هەیە کە وەرگێڕان دەیفەوتێنێ و بە هیچ شێوەڕێی تێ ناچێ بگوازرێتەوە سەر زمانی دووهەم و کەسێک کە بە زمانی دووهەم دەئاخفێ، بە تەواوەتی هەڵیسەنگێنێ و لێی تێ بگا و هەروەک لە وتەی زۆر وەرگێڕدا دووپاتە دەبێتەوە، "وەرگێڕان هەرچەند بەهێزیش، ناتوانێگواستنەوەیەکی بێخەوشی مانا و مەبەست بێ" و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پێوەندییڕاستەوخۆی زمان و فەرهەنگ و چوارچێوەی بێژەیی زمان. تەنانەت نەک بۆ گفتوگۆ و ئاخاوتن و پێوەندیی ئاسایی و نەک بۆ زانستە مرۆییەکان، بەڵکوو بۆ زانستە ئەزموونییەکانیش هەندێ توێژەر وەک "بێنیامین وۆرف" (Benjamin Lee Whrof) پێیان وایە کە ئەم لێکتێگەیشتنە بە تەواوی سەر ناگرێ و داوا دەکا کە دوو فیزیکزانی خاوەن دوو زمانی جیاواز، هەرگیز تەنانەت سەبارەت بە ناسی زانستییەکان، بە پوختی و تەواوی لێک ناگەن.

ئەم مەسەلەیە خۆی وەڵامییەکێک لە بۆیەکانی پێویستیی گرینگیدان بە زمانی زگماکی لە هەر نەتەوەیەکدا نیشان دەدا؛ ئەوەی کە تەنیا بێژەرانی ئەو زمانە بە باشی دەتوانن بە زمانەکە بەرهەم بخوڵقێنن و ئاوێنەی کۆمەڵگەی مەبەست بن و

بە پێچەوانەشەوە، بە خۆ بواردن لە کەڵکوەرگرتن لە زمانی دایکی و گوتن، نووسین و خوێندنەوە و خوڵقاندن بە زمانێکی دیکە، لە باشترین ئاستی خۆیشیدا مرۆڤ هەرگیز ناگاتە کەسێک کە ئەو زمانە، زمانی زگماکییەتی و بێگومان هەر بەم هەوڵ و توانایەوە، لە زمانی زگماکیدا سەرکەوتووتر دەبێ؛چون بەردەوام شتێک هەیە کە دەرک نەکرێیا نادروست بگوازرێتەوەیا لە هەڵگرتنەوەی مانادا، هەڵە بکرێ.

وەڵامییەکێکی دیکە لە بۆیەکان،ڕۆلی فێربوونی زمانی دایکی لە سەر توانای فێربوونی مرۆڤ لە زمانەکانی دیکەیە. بە پێی توێژینەوەکانی "پرۆفسۆر جیم کامینس" (Commins، 2001 - j) لە زانکۆی تۆرنتۆ و هەروەها گەلێک توێژینەوەی ناوەندەکانی زمانەوانی و پەروەردە، ئەو مناڵانەی کە زمانی دایکی دەزانن و پێیڕاهاتوون، فێربوونی زمانەکانی دیکە لایان هاسانتر دەبێ، هەروەهاڕاهاتن و فێربوونی زمانی دایکی، دەورێکی بەرچاوی دەبێ لە پێگەیشتن و پێشکەوتنی مناڵدا. مەسەلەی دیکە، مەسەلەی ئەو زیانەیە کە بە مرۆڤ دەگا، بە تایبەت لە سەردەمی مناڵی و دەستپێکی فێربووندا، کاتێک کە ناچار دەبێ بە زمانێکی جیا لە زمانی دایکی پەروەردە و فێربوونی بۆ بکرێ و بخوێنێ و بنووسێ و بەم هۆیەوە ناتوانێ بە تەواوی کەڵک لە توانا و تێگەیشتن و هەست و فامی خۆی وەرگرێ. لەم بارەیەوە، "ئیرینا بۆکۆڤا" (Irina Bokova) کارگێڕیڕێکخراوی فەرهەنگیی نەتەوەیەکگرتووەکان،یونسکۆ، ئاماژە دەکا کە زمانی دایکی کارتێکەریی لەسەر کەسایەتی و فەرهەنگی مرۆڤ دەبێ و پاشان ڕاهێنان بە زمانێکی غەیری زمانیزکماک، نابێتە چوارچێوەیەک بۆوەی مناڵ بە چڕی و پڕی و تەواوی کەڵک لە تواناکانی وەرگرێ و بەردەوام زیانی پێ دەگەیەنێ.

مەسەلەی دیکە، مەسەلەی ئیزن نەدان بە ئاسیمیلاسیۆنی زمان و هاوسانسازیی فەرهەنگییە. لە بارودۆخێکدا کە بێژەرانی زمانێک دەسەڵاتیان بە دەست بێ، زمانی زاڵ دەبێتە بنەمای کارپێکردن لە وڵاتەکەدا و کەڵک وەرگرتن لێی لە شوێنە جیاجیاکاندا و لە دۆخە دووپاتەکانیڕۆژانەدا، وا دەکا کە وردەوردە زمانە پەراوێزخراوەکان لە زمانی زاڵدا بتوێنەوە و ڕەنگیان نەمێنێ و دواجار لەناو بچن. (ئەمە شتێکە ئێستا لە زۆر ناوچەی کوردستان دەبینرێ، چ بە تێکەوتنی وشەی بیانی لە زمانەکەدا و نەمانی پاراوی و چ بە شێوەی خۆبواردنی تاکەکان لە ئاخاوتن و نووسین و خوێندنەوە بە زمانی دایکی). بە تایبەت کاتێک کە سیستەمی پەروەردە بە زمانی زاڵ بێ و زمانەکانی دیکە لەم پرۆسەیەدا وەلا بنرێن، واتا پەروەردەی فرەزمانی نەبێ، کارتێکەریی ئەمڕەوشەیەکجار زیاتر دەبێ. ئەمە بارودۆخێکە کە "ڕابێرت فیلیپسۆن" (Robert Philipson) وەک "ئیمپریالیزنی زمانی" (Linguistic imperialism) ناوی دەبا. لێکۆڵەرانی بواری زمان، ئەمە وەک جۆرێک "زمانچییەتی" (Linguicism) دەهێننە ئەژمار؛ واتا دەستەیەک ئایودیۆلۆژی، چوارچێوە و کردەوە بۆ سەپاندن و زاڵبوونی زمانێک و هەروەها دابەشکردنی هەموو شتێک لە نێوانکۆمەڵاندا بە پێی ئەو زمانەی کە پێی دەدوێن. لەمڕەوشەدا، هەندێک لە بێژەرانی ئەو زمانە خۆیشی، بە تایبەت هەندێ خاوەن بەهرە و هونەرمەند، بە پاساوی "پارێز

لە ئیزۆلەبوون" و پچڕانی پێوەندی لەگەڵ جیهانی دەرەوە، پشت لە زمانی دایکی دەکەن و وا بیر دەکەنەوە کە نووسین و خوێندنەوە و ئاخافتن و بەرهەمهێنان بە زمانی دایکی، دەبێتە هۆی دوورکەوتنەوە لە کۆمەڵگەی جیهانی و ئیزۆلەبوون لە دۆخی باودا، کەچی بە پێچەوانەوە، زمان و فەرهەنگ ئەو شتانەن کە دەرفەتی گۆڕینەوە و هاوبەشکردنی بیر و هزر و ڕوانگە دەرەخسێنن و نەتەوە جیاجیاکان لەگەڵیەکتر ئاشنا دەکەن. لەڕاستیدا، خوڵقاندنی هونەری، ئەو شتەیە کە ڕوانینی بیانییەکان لەبارەی زمان و فەرهەنگی مەبەستدا شکڵ دەدا و پەی بە دەوڵەمەندیی ئەو نەتەوەیە دەبەن و هەردوو دەتوانن لە ئەزموونەکانییەکتر کەڵک وەرگرن. ئێستا جیهان، زمانی کوردی بە مۆسیقای مەزنی کوردی، شێعرەکانی بێکەس، ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی، سینەمای بەهمەن قوبادی و.. وە دەناسن و ئەمە نەک بەسترانەوە و چوارچێوەداربوونی بیر و ڕوانین، بەڵکوو ئاڵوگۆڕ و مامەڵەیە لەگەڵ جیهان.

بە پێچەوانەی بۆچوونی باو لە لای ئەو کەسانەی کە نایانەوێ فێر بن یا کەڵک وەرگرن، فێربوون و پێداگری لە سەر کەڵک وەرگرتن لە زمانی دایکی، نەک دەمارگرژی و تەعەسسوبی نەتەوەیی و ڕەگەزی نییە، بەڵکوو تەواو دژی ئەمەیە و لەڕاستیدا بەرپەرچدانەوەی ئەمڕوانگەڕەگەزپەرەستانەیە کە هەوڵی ئاسیمیلاسیۆنی زمانی دەدا و دەیەوێ زمانەکانی دیکە لە ناو ببا. ئەمەش کە لایەنگرانی ئەم توندڕەوی و بیرکردنەوە نالۆژیکییە بە بیانوو دەیهێننەوە و دەڵێن فرەزمانی لە وڵاتێکدا دەبێتە هۆی چەندبەرەکی و هەڵوەشان، بێگومانو بە پێی ئەزموونی زۆر وڵاتی ئارام و پێشکەوتووی چەندزمانە وەک کەنەدا (فەرەنسی و ئینگلیزی)، سویسرا (ئینگلیزیی، فەرەنسی، ئیتالی و ئەڵمانی) و زۆر وڵاتی دیکە بێبنەمایە و تەنیا پاساوێکە بۆ هەوڵی نابەجێ و ڕەگەزپەرستانە و درێژەدانی ئەم هەڵسوکەوتە.

هەوڵدان بۆ پاراستنی زمانەکان، شتێکی لۆژیکی و پێویستە، چون هەر زمانێک خۆی هەڵگری هەندێ تایبەتمەندی و ئامێری کۆمەڵایەتی و تاکەکەسییە کە مرۆڤ بە کەڵکوەرگرتن لێیان لە جیهان و دەوروبەری خۆی دەگا و بە زاڵبوونی زمانێکی سەپێندراو، مەترسیی لەناچوونیان هەیە.

لەناوچوونی هەر زمانێک، واتا لەناوچوونی جیهانبینییەکی تایبەت و ئەمەش نەبوونێکی گەورەیە و کارتێکەریی مەزنی دەبێ. زمان ئەو شتەیهڕابردوو و ئێستەی کۆمەڵگە لێک گرێ دەدا و فەرامۆشکردن و کەڵک وەرنەگرتن لە زمانێک، واتا پچڕانی پێوەندییە مرۆییەکانی ئەندامانی.

جیا لە هەر هەڵوێست و لایەنگری و ڕەنگ و ڕەوشتێک، پاراستن و هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی زمانی دایکی و کارپێکردنی، ئەرکێکی مرۆییە و پاراستنی ئەو هەزاران ساڵ ئەزموونەیە کە لە وجوودی تاک بە تاکماندایە. لە سەردەمێکدا کە ئەرک

بووە بە شتێکی بە دەگمەن دەبینرێڕەچاو بکرێ، ئەنجامدانی هەر ئەم ئەرکەش، کارێکی خەباتگێڕانەیە؛ سا با بە گوتن، نووسین و خوێندنەوە بە زمانی دایکی، خەباتگێڕ بین.

بێکەس گوتەنی:

"ئێستا زمانی کوردی،
لە بەڕووی بێکڵاو و
لە گوندیڕاگوێزراو و
لە هەتیوی کزی بەر بەرۆچکە و
لە چۆلەکەی کەسیرە و
لەو نیشانە بەستەزمانە ئەچێ،
ڕۆژێ هەزار تیری نەزانیی تێ ئەگیرێ".

سا، با بە ژیری و سەرنجدانی خۆمان، ببینە قەڵغانێک دژی ئەو تیرانە کە زمانی دایکمانی کردووەتە ئامانج.
بەرز و بەڕیز بێ دوویرەشەمە، ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک.

سەرچاوە: سایتی هەولێر - ڕێکەوتی: ٢٥ی فێبریوێری ٢٠١٩

---------------------------------------------------



**سمایل شەرەفی**

بە بۆنەی ٢ی ڕەشەممە، ڕۆژی جیهانیی دایکییەوە، ئەمساڵ ڕۆژهەڵاتی کوردستان تایبەت لە ساڵانی پێشتوو خۆی دەرخست. لە زۆربەی شار و ناوچەکانی کوردستان بەم بۆنەوە ڕێوڕەسمی تایبەت بەڕێوەچوون. لەم پێوەندییەدا ناوەندەکانی فێرکاریی زمانی کوردی، ناوەندە فەرهەنگی و مەدەنییەکان، مامۆستایانی بەشێک لە قوتابخانەکان، فێرکارانی زمانی کوردی، هونەرمەندان و هەروەها کەسایەتییە ئەدەبی، ئایینی و فەرهەنگییەکانی کوردستان ڕۆڵی سەرەکی و بەرچاویان گرتبووە ئەستۆ.

نێوەرۆک و شێواز و پێکهاتەی ئەم ڕێوڕەسمانە کە لە مزگەوتەکان و قوتابخانەکان و تالارە تایبەتییەکاندا بەڕێوەچوون، هەڵگری کۆمەڵێک پەیام و نیشانەی تایبەت و لە هەمانکاتدا دڵخۆشکەرن کە جێی خۆیەتی ببیندرێن و سەرنجیان بدرێتێ. ئەگەر ساڵانی پێشووتر ئەم ڕێوڕەسمانە لە بازنەیەکی بەرتەسک و بە بەشداریی کۆمەڵە خەڵکێکی تایبەتەوە بەڕێوە دەچوون، ئەمساڵ ئەم ڕێوڕەسمانە لە ئاستێکی جەماوەری و بەربڵاودا بەڕێوەچوون کە بە چاولێکردن لە تەرکیب و پێکهاتەی ئەم ڕێوڕەسمانە، دەبینین کە زۆرێک لە چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری لەم ڕێوڕەسمانەدا حزووریان هەیە و شێوازێکی گشتگیرتریان بەخۆوە گرتووە.

ئەم بەجەماوەریبوون و گشتگیربوونە کە لەم چەند ساڵانەی دواییدا زیاتر بە ڕەفتاری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەموو بۆنە و بەستێنەکانی تێکۆشاندا دەبیندرێ، لە پێوەندی لە گەڵ ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکیدا ڕاست بەو مانایە دێت کە بەخۆشییەوە خەڵکی کوردستان زیاتر لە هەمیشە بەدوای ناسنامەی نەتەوایەتیی خۆیەوەیە. هەر ئەم خاوەندارێتییە جەماوەرییە لە زمانی کوردی، نیشانەی بەرزیی ئاستی شعووری نەتەوەیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە لە خانەی پرسە گەورە نەتەوەیی و نیشتمانییەکەدا - کە هەمان خەبات و بزووتنەوەی نەتەوەیی خەڵکی کودستانە – جێ دەگرێت.

وەک لە زۆربەی ئەم ڕێوڕەسمانەدا دیار و بەرچاوە، ناوەندەکانی فێرکاری، ئەنجومەن و ڕێکخراوە فەرهەنگیی و مەدەنییەکان، ڕۆڵی سەرەکییان لە پێکهێنان و ڕێکخستنی ئەم ڕێوڕەسمانەدا گێڕاوە. ئەوان بە دەستی بەتاڵ و تەنیا بە هیمەتی خۆبەخشانەی کۆمەڵێک خەڵکی نیشتمانپەروەری دەروەست بەرانبەر بە زمان و پێناسەی ئەم نەتەوەیە، سەرەڕای دنیایەک بەربەست و تەگەرەی جۆراوجۆری یاسایی، کەمیی ئیمکانات و گوشاری هێزە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم بۆ سەر چالاکییەکانیان، ساڵانە بە هەزاران کەس بەتایبەت منداڵان فێری خوێندن و نووسینی زمانی کوردی دەکەن و، بە کردوە بەشێکن لە تێکۆشەرانی بزووتنەوەی شوناسخوازانەی خەڵکی کوردستان. هەوڵ و تێکۆشانی چەندین ساڵەی ئەم کەسانە بە تاک و لە چوارچێوەی ناوەند و ئەنجوومەن و ڕێکخراوەی جۆراوجۆری فەرهەنگی و مەدەنیدا، ئێستا بەرهەمەکەی جیا لە فێرکردنی دەیان هەزار کەس کە دەتوانن بە زمانی دایکیی خۆیان بنووسن و بخوێننەوە، بۆتە دەستەبەرکردنی متمانەیەکی لەبڕاننەهاتووی کۆمەڵگەی کوردستان. ئێستا کۆمەڵگە بە تەواوەتی متمانەی بەم ناوەند و ئەنجومەن و ڕێکخراوانە هەیە و هەر ئەم گشتێگربوون و جەماوەریی بوونەی ڕێوڕەسمەکان، سەلمێنەری درووستبوونی ئەم ئیدیعایەیە.

پەیداکردنی گرینگایەتیی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتری زمانی کوردی لە کۆمەڵگەی کوردستان سەرەڕای پشتگوێخستنی لە لایەن نیزامی زاڵ بە سەر کوردستان و قەدەغەبوونی لە ناوەندە دەوڵەتی و ڕەسمییەکان، ڕاست نیشانەی بوونی ئیرادەیەکی لێبڕاوی نەتەوەییە کە بە بێگوێدان بە هەرچەشنە بەربەست و تەگەر و هەڕەشەیەک، ڕێی خۆی دەپێوێ. ئەوەی لەم ساڵانەدا لە شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێوەندی لە گەڵ خوێندن و نووسین بە زمانی دایکی لە نێو منداڵانی کوردستاندا کراوە، کارێکی پڕبایەخی ریشەییە کە بێگومان، لە داهاتوویەکی نەزۆر دووردا، کاریگەرییەکانی لەسەر گەشەی کۆمەڵگەی کوردستان دەردەکەوێت. بۆیە جێی خۆیەتی وێڕای گرینگیدان بە کۆمەڵگەی مەدەنی، ڕێکخراو و ناوەندەکانی فێرکاری بە پەرەدان بەم ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانییە، بەچاوی ڕێزەوە بڕواندرێتە زەحمەت و تێکۆشانی تەواوی ئەو کەسانەی کە لەم بوارەدا دەروەستانە کار دەکەن.

ڕێز و پێزانین بۆ تەواوی ئەو مامۆستایانەی کە لەم بوارەدا ئەرکی قورس و گران و پڕبایەخی فێرکردنی زمانی کوردییان گرتۆتە ئەستۆ و سپاس و پێزانین بۆ هەموو ئەو کەس و کەسایەتیانەش کە لەم پێوەندییەدا هاوکار و پشتیوانن.

ئەوەی لە کۆتاییدا ماوەتەوە و زۆر جاریش چالاکانی بواری فێرکاریی زمانی کوردی بە تاک و لە چوارچێوەی ناوەندەکاندا

باسی لێوە دەکەن، کەمتەرخەمیی کەسانی دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتووی کوردستانە کە وەک پێویست هاوکار و پشتیوان نین. بۆیە ئەرکی کەسانی دەستڕۆیشو و دەوڵەمەندەی کوردستانە کە لەم پێوەندییەدا دەست و دڵئاوەڵا بن و بە یارمەتی و پشتیوانییە ماڵییەکانیان، ببنە بەشێک لە ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانیە.

***

* سەردێری ئەم وتارەم لە سەردێری یادداشتێکی مامۆستا و هاوڕێی خۆشەویستم کاک قادر وەرگرتووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی فێبریوێری ٢٠١٩

------------------------------------------

## فێرکردنی زمانی دایک لە خزمەت بە هێزکردنی شوناسی نەتەوەییدا



**قادر وریا**

**زمانی دایک، زمانی نەتەوەیی**

زمانی دایک بۆ ئێمەی کوردستانی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، زمانی کوردییە. واتە زمانی دایک بۆ ئێمە، زمانی نەتەوەییمانە. چونکە تێکەڵاوی و ژیانی هاوبەش پێکەوە نان لەنێو خەڵکی ئێمە لە گەڵ ژن و پیاو لە زمان و نەتەوەکانی دیکە، بە هۆی کولتووری، ئاینی و هتد ئەوەندە زۆر نییە و زمانی دایکی لە سەتا ٩٠- ئەگەر نەڵێم زیاتر-ی ئێمە زمانی نەتەوکەمان واتە زمانی کوردییە.

## خوێندن بە زمانی دایک

مەبەست لە خوێندن بە زمانی دایک، بە فەرمی ناسرانی زمانێک یا چەند زمانی دیاریکراو لە لایەن دەسەڵاتی وڵات و، ملدان و هاوکاری کردنی دام و دەزگا فەرمییەکانی وڵات بە ئامانجی بەڕێوەچوونی سیستەمی پەروەردە و فێرکردن واتە خوێندن بەو زمانانە، لە جۆغرافیا یا هەرێم و ناوچەی دیاریکراو دایە.

ئەگەرقبووڵ بکرێ کوردی ببێتە زمانی خوێندن، پێویستە کتێبی خوێندن بە کوردی هەبێ، مامۆستای کورد یا کوردیزان وانە بڵێنەوە، وانە گوتنەوە بە کوردی دەبێ، تێچووی خوێندنەکەش لە دابینکردنی قوتابخانەوە هەتا دەگاتە چاپی کتێب و ڕاهێنانی مامۆستا، حکوومەت لێی بەرپرسیار دەبێ. نەک هەر لە قۆناغی سەرەتایی بەڵکوو لە قۆناغی ناوەندی و زانکۆشدا ئەوە بەردەوام دەبێ. ئەم خوێندنە، شتێک نابێ لە دەرەوەی سیستەمی پەروەردەی وڵات، بەڵکوو بەشێک دەبێ لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی وڵات. بۆ ئەوەش پردێکی پێوەندی هەبێ بۆ لێک تێگەیشتن لە نێوان ئاخێوەری ئەو زمانە و خەڵکی ئەو هەرێم و ناوچانەی بەو زمانە دەخوێنن، لە گەڵ دام و دەزگای حکوومەتی، پەروەردەیی و زانستیی سەرانسەری ولات و هەر وەها لە گەڵ خەڵکی بەشەکانی دیکەی ئەو ولاتە کە زمانێکی دیکەیان هەیە، عادەتەن زمانێک کە پێشتر لەو وڵاتە وەک زمانی هاوبەش بەکار هاتووە، یا تاکە زمانی فەرمی بووە، لە پەنا زمانی خەڵکی ناوچەکە دەخوێندرێ. دیارە پرسی چەند زمانی و بە فەرمی ناسینیان یەک جۆر چارەسەری نییە و، بە پێی وڵات و سیستەمی سیاسی، مۆدێلی جیاوازیش هەیە.

### خوێندن بە زمانێک باشترین جۆری بە فەرمی ناسینی زمانێکە، چونکە:

* زمانەکە لە ڕووی زانستی و پەروەردەییەوە گەشە دەکا، ناچارە خۆی ئەرکدار بکا کە وەڵامدەری پێداویستییە زانستیی و فێرکارییەکان بێ. کە خوێندن بە کوردی بوو، زمان پەل دەکێشی بۆ هەموو بوارەکان وەک ئەدەبیات، زانستە کۆمەڵایەتییەکان بۆ نموونە مێژوو، جۆگرافیا، زمانەوانی و هتد، هەر وەها زانستەکانی وەک زیندەوەرناسی بیرکاری، کیمیا، فیزیا، ئەندازیاری، بیناسازی، کۆمپیوتێر و هتد.

* پێگە و جێگەی زمان لای ئاخێوەری زمانەکە دەچێتە سەر. چونکە دەبینێ وەک زمانەکانی دیکە پێی دەخوێندرێ و بڕوانامە بەو زمانە ئیعتیباری هەیە. ئەو بڕوایەی لە لا دروست دەبێ کە گرنگیی زانستی و سیاسیی لە زمانەکانی دیکە کەمتر نییە.

* بەو هۆیەوە کە زمانەکە پێی دەخوێندرێ، دەچێتە نێو هەموو چینێک و لای هەموو تاکێک. نەک هەر لە ڕووی زانستی و فێرکارییەوە دەوڵەمەند دەبێ و گەشە دەکا، بەڵکوو لە رووی چەندایەتییشەوە، لە ڕووی ژمارەی ئەو کەسانەی ناچار دەبن بەردەوام لە گەڵ ئەو زمانەدا بژین، پەرە دەستێنێ.

* خوێندن بە زمانێک لە دەسپێکی چوونە قوتابخانەوە، لە ڕووی دەروونی و عاتفییەوە، بەستراوەیی و هۆگری و سۆزداری بەرامبەر ئەو زمانە و خەڵکێک کە بەو زمانە قسە دەکەن، لەو کەسەدا کە پێی دەخوینێ دروست دەکەن. واتە بە شێوەیەکی نەرم و بەرە بەرە، خۆشەویستیی زمانەکە و هۆگری بەو سەرزەوییەی زمانەکە هی ئەوێیە و خەڵکێک کە بەم زمانە قسە دەکەن، لە هەست و نەستی خوێندەوارەکەدا دەچێنن.

دیارە ئەم خاڵە ئەرێنیانە لایەنی نەتەوەیی و شوناسخوازانەیان هەیە. بەڵام لە ڕووی زانستی و پەروەردەییشەوە، خویندن بە زمانی دایک دەبێتە هۆی خێراتربوونی پرۆسەی وەرگرتن و فێربوون لای فێرخواز، کەمبوونەوەی خۆدزینەوە لە چوون بۆ قوتابخانە و دەستهەڵگرتن لە خویندن، هەر وەها زیاتربوونی ژمارەی دەرچووان و چوونەسەری ڕاندومانی خوێندن و فێرکردن.

### بەردەوامیی بێبەشیی نەتەوەی کورد لە مافی خویندن بە زمانەکەیان و ئەرکمان:

لە دوو پارچەی کوردستان، ڕۆژهەڵات و باکووری کوردستان، خوێندن بە زمانی کوردی، هەر وا قەدەغەیە. لەو دوو بەشەی کوردستان، منداڵی کورد لە هەموو قۆناغەکانی خویندندا لەو مافە بێبەشە کە بە زمانی خۆی بخوێنێ. ئەمەش لە کاتێک دایە کە هیچ بڕیارنامە و پەسندکراوێکی نێودەوڵەتی، ڕەوایی بەو بێبەشکردنە نادەن و بە پێچەوانەوە، پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان، ئەم مافە (خوێندن بە زمانی دایک و لە بازنەیەکی گەورەتردا، خوێندنی نەتەوەیەک یا کەمایەتییەکی نەتەوەیی بە زمانەکەی خۆی)، بە مافێکی مرۆیی و سەرچاوەگرتوو لە پەسندکراوە نیودەوڵەتییەکان دەزانن. دیارە ئەم بێبەشکردنە لە سیاسەتێکی شۆڤێنیستی و ڕەگەزپەرستانەی دەسەڵات و ڕێژیمی سیاسیی ئەو وڵاتانەوە سەرچاوە دەگرێ کە کوردستانیان بە سەر خۆیان دا دابەش کردوە.

دیارە وەنەبێ ئەو ڕێژیمانە هەر تەنیا مافی خوێندن بە زمانی کوردییان بە ڕەسمی نەناسیبێ، هەر لە جێدا ئەمەیان قبووڵ نیە کە کوردیش نەتەوەیەکە و ئەو مافەی هەیە لە سەرنیشتمانەکەی خۆی - تەنانەت لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەی بەسەریدا دابەش کراوە - خۆی بەڕێوە ببا، حکوومەتی ناوچەیی خۆی هەبێ، کاروباری خۆبەڕیوەبردنی بە زمانی خەڵکی

ناوچەکە بێ و هتد. جا دیارە کاتێک مافی ئەوەی پێ ڕەوا نەبینن کە شار و ناوچە و خەڵکی خۆی بەڕێوە ببا، لە دەسەڵاتە گشتی و سەرانسەرییەکەشدا، ڕێگای هاوبەشیکردن و گرتنە دەستی پۆستی سەرەکی پێ نادەن. ئێران و تورکیە ئەگەر لە زۆر شتیشدا لێک جیاواز بن، لەوەدا وەک یەکن کە حاشا لە بوونی نەتەوەی دیکە لە وڵاتەکەیاندا دەکەن. لە ڕوانگەی ڕێژیمەکانی ئەو دوو وڵاتەوە، ئێران وڵاتی نەتەوەیەکە بە ناوی ئێران کە زمانەکەی فارسییە. تورکیەش وڵاتی نەتەوەی تورکە کە زمانەکەی تورکییە!

لە عێراق هەر لە کۆنەوە مافی خویندن بە زمانی کوردی هەبووە، واتە لە سەردەمی ڕێژیمی شایەتییەوە، دواتر لەگەڵ ئەو هەمووە سیاسەتی دڕندانەش کە حکوومەتی بەعس بەرامبەر بە کوردستان و نەتەوەی کورد هەیبوو، بەڵام مافی خوێندن بە زمانی کوردی هەر مایەوە. لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩٠ و پێکهاتنی حکوومەت و پارلمانی کوردستان، زمانی کوردی دەرەتانی ئەوەی بۆ پێک هات کە لە هەموو بوارەکاندا، کاری پێ بکرێ و گەشە بکا و وەک زمانی سەرەکیی دەسەڵات و دام و دەزگای ڕەسمی، زۆرترین پێشکەوتن بە خۆیەوە ببینێ.

دیارە لە سووریەش لەو کاتەوە کە ئەو وڵاتە هاتووەتە سەر نەخشەی سیاسیی جیهان، هەر عەقڵیەتێکی لەو چەشنە زاڵ بووە: سووریە، وڵاتێکی عەرەبییە و یەک نەتەوەی لێ دەژی و یەک زمانی هەیە ئەویش زمانی عەرەبییە! تەنیا لەم ساڵانەی دواییدا،کە بە هۆی شەڕی نێوخۆیی لە سووریە، دەستی حکوومەت لە ناوچە کوردییەکان کورت بووەتەوە و هیزی کوردی ڕۆژاڤای کوردستان بەڕێوە دەبەن، دەرفەت بۆ منداڵانی کورد ڕەخساوە بە زمانی خۆیان بخوێنن.

### ئایا گۆڕانێک بە ڕێگاوەیە؟

**لە ماوەی ٧٥ ساڵی ڕابردوودا حکوومەتەکان لە ئێران و تورکیە چ ئالوگۆڕێکیان لەم بارەیەوە لە سیاسەتی خۆیاندا پێک هێناوە؟**

لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە لایەن حکوومەتەوە گۆڕانێک بە سەر ئەم بێبەشییەی نەتەوەکان لە خوێندن بە زمانی خۆیاندا پێک نەهاتووە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش لە سەر هەمان سیاسەتی ڕێژیمی پێشوو دەڕوا کە دژایەتییە لەگەڵ مافی نەتەوەیی کورد و نەتەوەکانی دیکە. دژایەتییە لەگەڵ خویندن بە زمانەکانی دیکە جگە لە زمانی فارسی. تەنیا ئالوگۆڕێک کە لە دوای هاتنە سەرکاری ئەو ڕێژیمە پێک هاتووە لەم بارەیەوە ئەوەیە کە ساڵی ١٩٧٩ کە بۆ یەکەم جار یاسای بنەڕەتی یا دەستووری ئەم نیزامە نوێیە (کۆماری ئیسلامی) پەسند کرا، ئەسلێکی تێدا گونجا (ئەسلی ١٥ی قانوونی

ئەساسی)، کە دەڵێ: «زمان و خەتتی ڕەسمی و هاوبەشی خەڵکی ئێران زمانی فارسییە. بەڵگەنامەکان، نامەنووسین، دەقە ڕەسمییەکان و کتێبی دەرسی بەو زمان و خەتتەن. بەڵام خوێندنی زمانە خۆجێیی (محلی) و قەومییەکان لە چاپەمەنی و ڕاگەیەنە گشتیەکان و خوێندنی ئەدەبیاتی ئەوان لە قوتابخانە لە تەنیشت زمانی فارسییەوە ئازادە.»(*)

لە باکووری کوردستانیش گۆڕانێک کە دەبێ ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە لەم ساڵانەی دواییدا (١٠ ساڵی ڕابردوو)، وشەی کورد کە جاران بەکارهێنانی وشەکەش قەدەغە بوو، ئیستا قەدەغەی لە سەر هەڵگیراوە، ڕێگەی چاپی کتێبی کوردی دراوە، تەلەڤیزیۆنی حکوومەتی بەرنامەی بە زمانی کوردی هەیە. بەڵام نە تەنیا دان بەوە دانەنراوە کە کورد نەتەوەی دووهەمە لەو وڵاتە و مافەکانیشی بە فەرمی نەناسراوە، خوێندن بە زمانی کوردییش هەر وا قەدەغەیە.

## چی بکەین بۆ ئەوەی لە ئامانجی خویندن بە زمانی کوردی دوور نەکەوینەوە؟

ئەم پرسیارە کۆمەڵێک پرسیاری دیکە بە دوای خۆیدا دێنێ. بۆ وێنە مەبەستمان منداڵانی کورد لە کوردستانە یا دەرەوەی وڵات؟ ئەگەرنێوخۆی کوردستانمان مەبەستە کە لەوێ منداڵی کورد مافی بێ ئەم لاو ئەو لای خۆیەتی بە زمانی دایکی بخوینێ، وەک دەبینین ئێستا لە دوو پارچەی کوردستان لەو مافە بێبەشە و بە کردەوە ناتوانێ بەو زمانە بخوێنێ. ئەدی وەک کورد لە هەر بەشێکی کوردستان بۆ گەیشتن بەو مافە چ بکەین؟ هەتا بەو مافە دەگەین، چ ئەرکێکی پێویست هەیە، ئیستا لێی غافڵ نەبین و ئەنجامی بدەین؟ لەم بارەیەوە بۆ بنەماڵە کوردەکان لە دەرەوەی کوردستان، لە پێوەندی لە گەڵ منداڵ و زمانەکەیان چ ئەرکێک دیاری دەکەین؟ بە سەدان هەزار کورد لە دەرەوەی کوردستان، لە هەندەران، یا هەرلە تورکیە و ئێران و عێراق و سووریە، بەلام دوور لە کوردستان دەژین. بە سەرنجدان بە دوورکەوتنەوەیان لە کۆمەڵی کوردی و تێکەڵاوییان لە گەڵ زمانی دیکە و ناچاربوونیان بە خوێندن و قسەکردن بە زمانی دیکە، ئەوانیش مەترسیی تایبەت بە خۆیان لە سەرە کە لە بیرچوونەوەی بەرەبەرەی زمانەکەیانە.

### لە نێوخۆی کوردستان، بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**ئەلف: خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانمان، وەکوو بەستەیەکی گشتی**

بۆ بەڕەسمی ناسرانی ئەو مافانە لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە پێویستە لە سەرخەبات بەردەوام و تەنانەت شێلگیرتر بین. دیارە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، بە تایبەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ڕۆژی یەکەمی دامەزرانیەوە هەتا

ئێستا، بە فەرمی ناسرانی زمانی کوردی و بەکارهاتنی لە خوێندن و کارو باری حکوومەتی و بەڕێوەبەری لە کوردستان، لە بەرنامەیدا هەبووە. ئەگەر لە قۆناغێک یا چەند قۆناغێکیشدا بۆ خۆی دەسەڵاتی بەدەست بووبێ، لە سەر ڕێککەوتن و بە فەرمی ناسین و دانپێدانانی حکوومەتی ناوەندی، رانەوەستاوە و بۆ خۆی ئەم مافەی بە کردەوە جێبەجێ کردوە. وەک سەردەمی کۆماری کوردستان و سەردەمی دوای هاتنەسەر کاری کۆماری ئیسلامی کە خوێندن بە زمانی کوردیی وەڕێ خست.

## ب: داوای مافی خوێندن بە زمانی کوردی وەک داوایەکی دیاریکراو

بەو هۆیەوە کە: ١) لە نێو نەتەوەکانی دیکەش، ئەم داوایە هەیە، ٢) دەستووری ئێران و ئەسلی ١٥ی قانوونی ئەساسی، مەجالێکن بۆ بەدواداچوونی ئەو داوایە، و ٣) ئەم داوایە پتر نێوەرۆکێکی حقووقی و کولتووریی هەیە تا سیاسی، پێویستە بە شێوەی «مەوریدی»یش خەباتی بۆ بکرێ. بە تایبەتی بۆ خەباتی مەدەنی و پارلمانی، ئەم داوایە دەتوانێ داواکارییەکی گونجاو بێ.

## ج: فێرکردنی خوێندنەوە و نووسین بە زمانی کوردی

کارێک کە بە خۆشییەوە چەندین ساڵە لە شارو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی پێکردوە و بەهەزاران کەس لەم ڕێگایەوە فێری کوردی خوێندنەوە و کوردی نووسین بوون و بە زمان و ئەدەبیاتی کوردییەوە گرێ دراون. ئەمانە بە هیممەتی چالاکانی فەرهەنگی و کەسانی دلسۆزی زمان و ئەدەبیاتی کوردی و بە پشتیوانیی خەڵک و بە بێ یارمەتیی حکوومەتی کراون. هەم لاوەکانی لە زۆر شتی خراپ گێڕاوەتەوە، هەم فێری خوێندنەوە و نووسینی زمانەکەی خۆی کردوون، هەم گیان و باوەڕ و هۆگریی نەتەوەیی لە نێودا دروست کردوون. ئەمەش ئەگەرچی خوێندن بە زمانی کوردی نییە، بەڵام جۆرێکە لە خۆبەخاوەن کردن لە زمانەکە و ئامادەیی پێکهێنان بۆ خوێندن بە زمانی کوردی لە یەکەم دەرفەتدا.

## ئەرکی زمانیی بنەماڵە کوردەکانی دوور لە کوردستان

ئەو منداڵە کوردانەی دوور لە کوردستان گەورە دەبن، ئەگەر لە کۆمەڵ و وڵاتێکی ئازادیش بژین، پتر لە منداڵانی کوردستانی بندەست و بێبەش لە مافی نەتەوەیی و خوێندن بە زمانی دایک، لە ڕووی زمانەوە مەترسییان لە سەرە. منداڵانی کوردستان ئەگەر بەزمانی خۆشیان نەتوانن بخوێنن، چونکە لە نێو نەتەوەیەکی لە حاڵی خەباتدا گەورە دەبن، بەو هۆیەوە کە ڕۆژانە سووکایەتی بە زمانەکەیان و بە شوناسەکەیان دەکرێ، هەستی توند پێوەنووسان بە شوناسی خۆیان

تێدا پێک دێ و بەردەوام سۆز و هۆگرییان بۆ زمانەکەیان زیاد دەبێ. لانیکەم ڕۆژانە قسەی پێ دەکەن هەم لە ماڵەوە، هەم لە نێو کۆمەڵ. بەڵام منداڵی بنەماڵەی دوورکەوتووە لە کوردستان، دۆخێکی جیاوازیان هەیە. جگە لەوەی کەمنداڵەکەیان بە زمانێکی دیکە دەخوێنێ، لە دەرەوەی ماڵ ناچارن بە زمانێکی دیکە قسە بکەن. بەرە بەرە کە کۆڕ و کۆمەڵی کوردی دادەبڕێن. ئەوانەی لە ئورووپا و ئەمریکا و کانادا و ئوسترالیان، لە ماڵەوەش کەمتر ئەندامانی بنەماڵە دەتوانن بە یەکەوە بن. بەرە بەرە لە مۆسیقا و گۆرانیی کوردی و بەرنامەی تەلەڤیزیۆنی کوردی دوور دەکەونەوە. ساڵ بە ساڵ لە ئەلفوبێی کوردی و نووسین و خوێندەوەی کوردی پتر نامۆ دەبن. ئەوەشمان لەبیر بێ منداڵی ئەم ڕۆژگارە ئەوەندەی حەزی لە تەنیایی و کات بەسەربردن لە گەڵ موبایل و ئایپادەکەیەتی، ئەوەندە حەزی لە دانیشتن لای دایک و باب و میوان نییە. بەم جۆرە ئەگەر لەم وەزعە بێخەم بین دوای ماوەیەک دەبینین منداڵانی کورد لە دەرەوەی وڵات بە تەواوی لە زمانەکەی خۆیان دادەبڕێن. ئەمە کێشەیەکە کە من بە داخەوە مشوورخواردنێکی جیددی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی نابینم.

### دەتوانین چ بکەین؟

**ئەلف**: سوود وەرگرتن لە ماف و ئیمکانی خوێندنی زمانی دایک کە لە وڵاتانی ڕۆژاوایی هەیە

زۆر لەو وڵاتانە مافی خوێندنی زمانی دایکیان بۆ منداڵانی گرووپە زمانی و نەتەوەییە جیاوازەکان بە ڕەسمی ناسیوە و ئامادەن تێچووی ئەم خوێندنە دابین بکەن. بەڵام خۆ ئەو وڵاتە بە زۆر ئەم مافەت بە سەر داناسەپێنێ. بنەماڵە کوردەکان دەبێ بۆ خۆیان لە ئاست داهاتووی زمانەکەیان و نامۆنەبوونی منداڵەکانیان لەگەڵ زمانی نەتەوەکەیان، هەست بە بەرپرسایەتی بکەن. بەدواداچوون بکەن، داوای مامۆستا و قوتابخانە بکەن بۆ ئەوەی لەڕۆژانێکی دیاریکراوی حەوتوودا، منداڵەکانیان فێری خوێندنەوە و نووسین بە زمانی کوردی بن.

**ب**: دانەبڕان لە کۆڕو کۆمەڵی کوردی و بنەماڵە کوردەکان

بۆ ئەوەی منداڵی کورد حەز و هۆگریی قسەکردن بە زمانی دایکی و فێربوونی خوێندن و نووسین بەو زمانەی تێدا بمێنێ، پێویستە ئەو بۆنە و بوارانەی ئەو بەو زمانە و ئاخێوەرانی ئەو زمانە دەبەستنەوە بۆی پێک بهێنرێ. جێژن و بۆنە کولتوورییە کوردییەکانی وەک نەورۆز و ٢ی ڕێبەندان کە بە بەشداریی بنەماڵە کوردەکان پێک دێ، زەماوەند و بەرنامەی هونەریی جۆراوجۆر، هاتوچۆ و تێکەڵاویی بنەماڵە کوردەکان، سەفەر بۆ کوردستان، قسەکردن بە زمانی کوردی لە ماڵەوە، هەر یەک لەمانە دەتوانن ئەو منداڵانە تا ڕادەیەک لە بازنەی زمانی کوردی دا بێڵنەوە.

ج: پێکهێنانی خۆشەویستیی زمان و شوناسی نەتەوەیی لە منداڵان و مێرمنداڵاندا ئەرکە لە سەر دایک و باب و گەورەکان، هۆگری و خۆشەویستیی نەتەوە و نیشتمانی کورد و زمان و کولتووری کوردی لە منداڵان و مێرمنداڵانیاندا بە هێز بکەن. ئەمەش بەشێکی لە ڕێگای هەڵسوکەوتی ڕۆژانە و ئەو پێوەندییە تایبەتییەی لە نێوانیاندا هەیە، دەکرێ. خۆبواردنی گەورەکان لە زێدەڕۆیی لە سەر قامکدانان لە کەموکووڕی و دیاردە نەرێنییەکانی دەسەڵاتی کوردی و حیزبی کوردی و کۆمەڵگەی کوردییش دەتوانێ ڕێگایەکی دیکە بێ بۆ زیان نەگەیاندن بەو خۆشەویستی و هۆگرییە.

***

(*) اصل پانزدهم (١٥) قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران:

زبان و خط رسمی و مشترک مردم ایران فارسی است. اسناد و مکاتبات و متون رسمی و کتب درسی باید با این زبان و خط باشد ولی استفاده از زبانهای محلی و قومی در مطبوعات و رسانه‌های گروهی و تدریس ادبیات آنها در مدارس، در کنار زبان فارسی آزاد است.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠١٩

---

## مافی خوێندن بە زمانی دایک



نازاد وەڵەدبەگی.

ماستەر لە یاسای گشتی

نێلسون ماندێلا: "ئەگەر لەگەڵ کەسێک بە زمانێک قسە بکەیت کە لێی تێ دەگات، ئەوا قسەکە دەچێتە ناو مێشکییەوە، بەڵام ئەگەر لەگەڵ کەسێک بە زمانی دایکی قسە بکەیت، ئەوا قسەکە دەچێتە ناو دڵییەوە."

## پێشەکی

لەسەر گۆی زەوی، پتر لە حەوت ملیار کەس دەژین کە بە پتر لە ٦٥٠٠ زمان لەگەڵ یەکتر قسە دەکەن. بەڵام دۆخەکە بۆ هەموو زمانەکان وەک یەک نییە؛ بەشێکی زۆر لە دانیشتووانی گۆی زەوی لە هەلی یەکسان بۆ فێربوون و خوێندنی زمانی دایک بێبەشن. هەر بۆیە، بە مەبەستی گرنگیدان بە خوێندن بە زمانی دایک و پاراستنی هەموو زمانەکان، ڕێکخراوی یۆنسکۆی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان ٢١ی شوباتی هەموو ساڵێکی وەک ڕۆژی زمانی دایک دیاری کردووە. یۆنسکۆ، ئەم بابەتەی لە چوارچێوەی پلانی گەشەپێدانی بەردەوامی کارکردن هەتا ساڵی ٢٠٣٠ دەستنیشان کردووە و، هەوڵ بۆ ڕێزگرتنی بەکارهێنانی زمانی دایک لە پرۆسەی خوێندن و فێرکردن و پاراستن و بەهێزکردنی فرەزمانی دەدات. فرەزمانی سەرچاوەی هێز و هەلە بۆ مرۆڤایەتی، کە تێیدا فرەفەرهەنگی ڕەنگ دەداتەوە و هانی ئاڵوگۆڕی بیروڕا و بۆچوون و وێناکان دەدات. بە لەناوچوونی بەشێک لە زمانەکان، جیهان لە ڕووی گەنجینەی ڕۆشنبیرییەوە هەژارتر دەبێت.

زمانناسان هۆشداریی ئەوەیان داوە کە ئەگەری لەناوچوونی ٤٠% زمانەکان لە جیهاندا هەیە؛ هەر بۆیە نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوی یۆنسکۆ دەستیان کرد بە داڕشتنی گەڵاڵەیەک بۆ پاراستنی زمانەکان لە جیهاندا، کە ناونانی ٢١ی شوبات وەک ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک(International Mother Language Day) بە یەکێک لەو هەوڵانە دادەنرێت. ڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان باس لەوە دەکات، کە لە ١٩ دەوڵەتی جیهان کە لە ڕووی پێشکەوتنی تەکنیکییەوە لە ڕیزی هەرە پێشەوەن، خوێندن و توێژینەوەیان بە زمانی دایکە. هەروا لە توێژینەوەیەکی تردا ئەوە دەرکەوتووە کە لە ٥٠٠ باشترینی زانکۆکانی جیهان کە لە ٣٥ دەوڵەتدا هەڵکەوتوون، هەر هەموویان بە زمانی دایک دەخوێنن. بەدەر لەمەیش، هەندێک لەو توێژینەوانەی کە ئەنجام دراون ئەوە دەردەخەن، کە خوێندن بە زمانێکی تر جگە لە زمانی دایک لە قۆناغی سەرەتایی، ئەنجامی نەرێنیی هەیە لەسەر گەشەی زمانی و سۆزداری و پێبەندیی ئەو منداڵانە بە زمان و کەلتووری خۆیان. لەم وتارەدا باس لە گرنگیی زمانی دایک و ڕەنگدانەوەی ئەم مافە دەکەین لە بەڵگەنامە و دیکۆمێنتە نێودەڵەتییەکاندا.

### گرنگیی خوێندن بە زمانی دایک

خوێندن بە زمانی دایک مافێکی سروشتی و سەرەتاییی هەر مرۆڤێکە. زمان بەدەر لەوەی کە ئامرازی دروستکردنی پەیوەندییە لە نێوان مرۆڤەکان، لە هەمان کاتدا بە یەکێک لە بنەماکانی ناسنامەی نەتەوەیی دادەنرێت. مرۆڤ لە هەر شوێنێکی گۆی زەوی بێت وەک یەکێک لە بنەماکانی مافی هاووڵاتیبوون، مافی هەیە بە زمانی دایک بخوێنێت. هەر بۆیە،

ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لە جیهان و لە سەرووبانەوە ڕێکخراوی یۆنسکۆ بە خستنەڕووی چەندین ڕێککەوتن و ڕاگەیاندراو، خوازیاری پاراستن و پەرەپێدانی زمانی دایکن لە جیهاندا و ناونانی ٢١ی شوباتیش وەک ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک، بە یەکێک لەو هەوڵ و هەنگاوانە دادەنرێت. مافی قسەکردن و خوێندن بە زمانی دایک، مافێکی سروشتی و مرۆییە کە لە جیهانی ئەمڕۆ وەک مافێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دانی پێدا نراوە و بەپێی مانیفێستی یۆنسکۆ، دەوڵەتانی جیهان لەسەریانە کە ئەم میراتە بەنرخە ڕۆشنبیرییە بپارێزن.

لە لایەکی ترەوە، دەروونناسانی بواری منداڵان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە منداڵان سەرەتا بە زمانی دایک هەست و ئەستی خۆیان دەردەبڕن و، بە زمانی دایک یەکەم جار خۆیان و دەوروبەریان دەناسن. ڕەوتی فێربوونی زمانی دایک هەر لە سەرەتای لەدایکبوونەوە دەست پێ دەکات و لە ئەنجامی ئەم پرۆسەیە فاکتەرەکانی ناسنامەی تاکفۆرمیی خۆیان وەردەگرن و، ئەو توانایە بە منداڵ دەبەخشن کە لەناو کۆمەڵگەی خۆیدا ڕۆڵ بگێڕێت. سنوورداربوونی ئەم پرۆسە سروشتییە، تواناییی منداڵ بۆ خوێندن و فێربوون لەبار دەبات و بۆ دروستکردنی پەیوەندیی سروشتی لەگەڵ ژینگەی دەوروبەر تووشی گرفتی دەکات. بۆیە، هەر هەوڵێک بە ئاراستەی سنووردارکردن یان ڕێگەگرتن لە بەکارهێنانی زمانی دایک، بە واتای هەوڵدان بۆ لەناوبردنی ڕۆشنبیری و هزری ئەو نەتەوەیە دێت.

بەگوێرەی ئەو توێژینەوە بەربڵاوانەی کە لە سێ دەیەی ڕابردوو لەسەر منداڵانی دووزمانە ئەنجام دراون، خوێندن بە زمانی دایک ڕۆڵێکی گرنگ لە پێشکەوتنی زانستیی زمانی دووەم دەگێڕێت. ئەو منداڵانەی کە زمانی یەکەم، واتا زمانی دایک دەپارێزن و چەمک و زانیارییەکان بەو زمانە فێر دەبن، ئەگەری سەرکەوتن و لێهاتووییان لە زمانی دووەم زیاتر دەبێت. بۆ نموونە، لە مالیزیا کە بە یەکێک لە وڵاتانی پێشکەوتووی ئابووری و پیشەسازی دادەنرێت، سەرەتا زمانی ئینگلیزی وەک زمانی خوێندن لە بواری ماتماتیک و زانستەکان بەکار دەهات و، ئەمەیش بە هەنگاوێکی گرنگ دادەنرا لە ڕەوتی پیشەسازی و ئابووریی مالیزیادا، بەڵام پاش شەش ساڵ لەم تاقیکردنەوەیە دەوڵەتی مالیزیا بڕیاری وەستاندنی ئەم پرۆژەیەی دا و گەڕایەوە بۆ خوێندن بە زمانی مالاوی؛ چونکە بەپێی ئەو توێژینەوانەی کە لە پتر لە ١٠٠٠٠ قوتابخانە ئەنجامیان دابوو بۆیان دەرکەوت، کە پرۆژەی خوێندن بە زمانی ئینگلیزی سەرکەوتوو نەبووە و تا ئاستێکی بەربڵاو بووەتە هۆی دابەزینی ئاستی قوتابیان.

زمانی دایک، ئەو زمانەیە کە تاک، ناسنامەی خۆی لێ وەردەگرێت و ڕۆڵێکی گرنگ لە پەیوەندییە کەسییەکانی دەگێڕێت و تاک بەو زمانە بیر دەکاتەوە و خەیاڵ دەکات و، یەکەمین چەمک و واتاکان بەم زمانە لە زەینیدا فۆرم وەردەگرن. خوێندن بە زمانی دایک دەبێتە هۆی متمانەبەخۆبوون، لەخۆنامۆنەبوون، ئاسانکاری بۆ پرۆسەی فێربوون، فراوانبوونی توانای

داهێنان و زیاتربوونی تامەزرۆیی بۆ خوێندن لە منداڵدا.

## چەمکی مافی خوێندن بە زمانی دایک

مافی خوێندن بە زمانی دایک، بریتییە لە مافی تاکەکان بۆ فێربوونی زمانی دایک و هەروا مافی کەمینەکان بۆ فێربوونی زمانی خۆیان بە مەبەستی پاراستن و گەشەکردن و گەرەنتیکردنی گواستنەوەی بۆ نەوەکانی داهاتوو بە هەر دوو شێوەی فێرکردن و خوێندن بە زمانی دایک هەروەک زمانێکی ستانداردی فێرکاری یان وەک یەکێک لە بابەتەکانی خوێندن.

دەوڵەت - وڵاتانی ئەمڕۆ چ بە هۆی شێوازی مێژوویی دروستبوونیان و، چ بە هۆی شەپۆلی بەربڵاوی کۆچ و پەنابەریتی لە سەدەکانی بیست و بیست و یەک خاوەن پێکهاتەی دانیشتووانی یەکسان و هاوجۆر نین. هەر بۆیە، فرەیی و چەندێتیی ڕەگەزی، ئیتنیکی، فەرهەنگی و ئایینی، بە تایبەتمەندیی دیاری دەوڵەت - وڵاتان دادەنرێت. ئەم فرەییە لە بواری زمانی، خاوەن ڕەهەندێکی زۆر بەربڵاوترە. لە جیهانی ئەمڕۆ ٦٠٠٠ زمانی زیندوو هەیە، لە کاتێکدا لەسەر گۆی زەوی تەنیا ٢٠٠ یەکەی سیاسی لە چوارچێوەی دەوڵەت - وڵات هەیە، کە هیچ کامیان لە ڕووی زمانییەوە یەکدەست و هاوجۆر نین.

"یۆهان ئامووس کۆمنیۆس" کە بە باوکی پەروەردە و فێرکردنی نوێ لە جیهان دەناسرێت، لە نیوەی دووەمی سەدەی ١٧ کۆمەڵێک ڕێسای بۆ پەروەردە و فێرکردن داناوە کە جیهان تاکوو ئێستا پەیڕەویی لێ دەکات. ناوبراو هەمیشە جەختی لەسەر پێویستیی کەڵکوەرگرتن لە زمانی دایک دەکردەوە و، لەو باوەڕەدا بوو کە هەتا تەمەنی ١٢ساڵان پەروەردە و فێرکردن، دەبێت تەنیا بە زمانی دایک بێت و، پاش ئەم تەمەنە دەکرێ خوێندن بە زمانەکانی تر بخرێتە بەرنامەی کارەوە.

ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی سەرهەڵدانی ئەم ڕۆژە، بۆ وڵاتی بەنگلادیش دەگەڕێتەوە. لە ڕێکەوتی ٢١ی شوباتی ١٩٥٢ قوتابیانی زانکۆکانی شاری داکای پایتەختی بەنگلادیش کە ئەوکات بە پاکستانی ڕۆژهەڵات دەناسرا و بەشێک بوو لە وڵاتی پاکستانی ئەمڕۆ، وەک نارەزایی بەرامبەر بە خوێندن بە زمانی دایک دەستیان دایە خۆپیشاندان، کە لە لایەن پۆلیسەوە سەرکوت کرا. خۆپیشاندەران خوازیاری ئەوە بوون کە زمانی بەنگالی وەک زمانی دووەمی پاکستان لە پاڵ زمانی ئوردوو دانی پێدا بنرێت. خەباتی بەنگلادیشییەکان سەرەنجام گەیشتە ئاکام و پاش حەوت ساڵ سەربەخۆییان بەدەست هێنا و هەموو ساڵێک لەم ڕۆژەدا ڕێوڕەسمێکیان ئەنجام دەدا. لە ١٧ی نۆڤەمبەری ١٩٩٩ دەوڵەتی بەنگلادیش بەفەرمی پێشنیاری بە یۆنسکۆ کرد، کە ڕۆژی ٢١ی شوبات وەک ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک دانی پێدا بنرێت. ئەوە بوو کە ئەم

پێشنیارە لە سییەمین دانیشتنی ئەو ڕێکخراوە پەسند کرا و لە ساڵی ٢٠٠٠ەوە ئەم ڕۆژە هەموو ساڵێک یادی دەکرێتەوە.

### زمانی دایک لە دیکۆمێنتە نێودەوڵەتییەکان

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، گرنگی و پێویستیی خوێندن بە زمانی دایکی وەک مافێکی سەرەکیی مرۆڤ پەسند کردووە؛ بە جۆرێک کە لە چەندین ڕێککەوتننامە و ڕاگەیاندراوی نێودەوڵەتی وێڕای داننان بە مافی تاکەکان بۆ خوێندن بە زمانی دایک، پابەندیی ئەرێنی و نەرێنیی دەوڵەتەکان لە داننان بەم مافە جەختی لەسەر کراوەتەوە. مەبەست لە پابەندیی ئەرێنی، ئەو پابەندییانەیە کە دەوڵەتان بەپێی ڕێککەوتن و ڕاگەیاندراوەکان لەسەریانە دەستەبەری بکەن، وەک ئاسانکاری و دابینکردنی هەلومەرج و پێداویستییەکان و پاراستنی پێویست، هەتا تاکەکان بتوانن مومارەسەی ئەم مافەیان بکەن. هەروا مەبەست لە پابەندییە نەرێنییەکان، ئەو بەڵێنەیە کە ڕێگە لە دەوڵەتان دەگرێت کە دەستدرێژی بکەنە سەر ئەم مافە. لە خوارەوە ئاماژە بەو ڕێککەوتن و دیکۆمێنتانە دەکەین کە باس لە مافی خوێندن بە زمانی دایک دەکەن:

١) ڕێککەوتنی نێودەوڵەتیی مافە شارستانی و سیاسییەکانی ساڵی ١٩٦٦ لە بەندی ٢٧ خۆیدا دەڵێت: لەو وڵاتانەی کە کەمینەی ڕەگەزی، ئایینی یان زمانییان هەیە، نابێ تاکەکانی سەر بەو کەمینانە لە مافی پێکهێنانی کۆڕ و کۆبوونەوە و کەڵکوەرگرتن لە کەلتوور و ئەنجامدانی ڕێوڕەسمە ئایینییەکان و بەکارهێنانی زمانی خۆیان بێبەش بکرێن.

٢) ڕێککەوتننامەی مافی منداڵ ساڵی ١٩٨٩ لە چەندین بەندی خۆی و لەوانە بەندی ٣٠ دەڵێت: لەو وڵاتانەی کە کەمینەی خۆجێ، ئایینی یان زمانییان هەیە یان ئەو کەسانەی کە ڕەگ و ڕیشەی خۆجێیان هەیە، منداڵانی سەر بەو کەمینانە یان خۆجێیانە، نابێ لە مافی کەڵکوەرگرتن لە کەلتوور، ئایین یان زمانی خۆیان لەگەڵ ئەندامانی دیکەی گرووپەکانیان بێبەش بکرێن.

٣) ڕاگەیاندراوی مافی تاکەکانی سەر بە کەمینە ئیتنی، نەتەوەیی، ئایینی و زمانیی ساڵی ١٩٩٢ لە بڕگەکانی ٣ و ٤ بەندی ٤ دەڵێت:

**بڕگەی ٣**: دەوڵەتانی ئەندام بەپێ دەرفەت، دەبێت کرداری پێویست ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی تاکەکانی سەر بەو کەمینانە هەلومەرجی لەباریان بۆ بڕەخسێت بۆ فێربوونی زمانی دایک و یان وەرگرتنی یاسا و ڕێساکان بە زمانی دایکی خۆیان.

**بڕگەی ٤**: دەوڵەتانی ئەندام دەبێت ئامادەکاریی پێویست ئەنجام بدەن بۆ خوێندن بە زمانی دایک و هاندان بۆ

وەدەستهێنانی زانیاریی مێژوویی، نەریتەکان، زمان و ئەو ڕۆشنبیرییەی کە لەناو ئەو سنوورانەدا هەیە کە ئەو کەمینانە تیایدا دەژین.

٤) ڕاگەیاندراوی جیهانیی مافی زمانیی ساڵی ١٩٩٦ کە ئەم ڕاگەیاندراوە لە ٥٢ بەند پێک هاتووە و تێیدا هەموو وردەکارییەکانی پەیوەست بە پاراستنی زمانی کەمینەکان و ئەرکی دەوڵەتانی لەم بارەیەوە دیاری کردووە.

٥) چارتی زمانی دایکی یۆنسکۆ: ئەم چارتە لە لایەن ڕێکخراوی یۆنسکۆوە ئامادە و پەسند کراوە و بەپێی بەندەکانی ئەم چارتە هەموو قوتابییانی قوتابخانەکان دەبێ خوێندنی فەرمیی خۆیان بە زمانی دایک ئەنجام بدەن و، هەروا هەموو دەوڵەتان لەسەریانە کە هەموو سەرچاوەکان و کەرەستە و ئامرازە پێویستەکان بەرهەم بهێنن و دابەشی بکەن و، بۆ خویندنی زمانی دایک دەبێ بەپێی پێویست مامۆستا ئامادە و پەروەردە بکات. هەروا ئەم چارتە خوێندن بە زمانی دایک بە ئامرازێک دەزانێت بۆ یەکسانیی کۆمەڵایەتی.

٦) ڕێککەوتننامەی دژ بە جیاکاری لە پەروەردە و فێرکردن، پەسندکراوی یۆنسکۆ لە ساڵی ١٩٦٧.

٧) ڕاگەیاندراوی نەهێشتنی هەر جۆرە نایەکسانی و جیاکاری لەسەر بنەمای ئایین کە لە ساڵی ١٩٨١ لە لایەن کۆمەڵەی گرینگیی زمانی دایکی لە ڕوانگە و بۆچوونی گەورەپیاوانەوە.

گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان پەسند کراوە و، تێیدا باس لەوە دەکات کە نابێ هیچ جیاکارییەک بەرامبەر بە کەمینە و ئیتنیکەکان ئەنجام بدرێت و مافی کەڵکوەرگرتن لە ئایین و زمانی خۆیانیان هەیە.

٨) لە ١٦ی ئایاری ٢٠٠٧ کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بە بڕیاری ژمارە A/RES/61/266، دەوڵەتانی ئەندام هان دەدات بۆ پاراستنی هەموو ئەو زمانانەی کە گەلانی جیهان بە کاری دەهێنن. هەروا بەپێی ئەم بڕیارە کۆمەڵەی گشتی، ساڵی ٢٠٠٨ی بە ساڵی نێودەوڵەتیی زمانەکان دەستنیشان کرد بۆ بەهێزکردنی لێکگەیشتنی نێودەوڵەتی لە بواری فرەزمانی و فرەکەلتووری.

بەم جۆرە بۆمان دەردەکەوێت، کە دیکۆمێنتە نیودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ بەدەر لە ڕەگەز، زمان، ئایین و...، مافی خوێندن بە زمانی دایک بە مافێکی سەرەتایی و سەلمێنراوی هەر هاووڵاتییەک دەزانن و، لەم ڕووەوە پشت بە بنەمای

یەکسانی و ڕەتکردنەوەی جیاکاری دەبەستن. جگە لەو دیکۆمێنتە نێودەوڵەتییانەیش، کۆمەڵێک دیکۆمێنتی هەرێمییش هەیە کە باس لە مافی کەمینە زمانی، ئایینی و ڕەگەزییەکان دەکات، وەک: چارتی ئەورووپیی زمانە هەرێمییەکان و کەمینەکان و ڕاسپاردەی لاهای سەبارەت بە مافی خوێندنی کەمینە نەتەوەییەکان و هتد.

## ئەنجام

زمانی دایک ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە فۆرمەوەرگرتنی ناسنامەی تاکەکان و، سروشتییە لە ڕێگەی خوێندن و فێرکردنەوە مرۆڤ بەسەر ئەو زمانەدا زاڵ دەبێت. خوێندن و فێرکردن بە زمانێک جگە لە زمانی دایک، دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی خوێندن، گەشەنەکردنی توانای داهێنان و نیگەرانیی کۆمەڵایەتی. لە ڕووی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەوە خوێندن بە زمانی دایک لە کۆمەڵگە فرەزمانەکاندا، دەبێتە هۆی یەکگرتوویی زمانی و پێکەوەژیانی ئاشتییانە لەگەڵ زمانەکانی تر؛ هەر بۆیە بێبەشکردنی بەشێک لە هاووڵاتیانی کۆمەڵگە لەم مافە، دەتوانێ دەرەنجامی زۆر ترسناکی بەدواوە بێت و، کەلێنی ناو دانیشتووانی وڵات زیاتر بکات و بە تێپەڕبوونی کات زیانی گەورەی بەدواوە دەبێت.

لە ڕووی یاساییشەوە، مافی خوێندن بە زمانی دایک یەکێکە لە مافە سەرەتایی و سەرەکییەکانی مرۆڤ کە پێویستە لە دەستوور و یاسای ناوخۆی ئەو وڵاتانەی کە فرەزمانن بەفەرمی بناسرێت؛ هەروەک چۆن لە دیکۆمێنتە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ باسی لێ کراوە و جەختی لەسەر کراوەتەوە. هەر لە سۆنگەی ئەم گرنگیپێدانەیە، کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وێڕای دانانی ڕۆژی ٢١ شوبات وەک ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک، چەندین دیکۆمێنتی نێودەوڵەتییشی لەم بارەیەوە دەرکردووە و جەختی لەسەر خوێندن بە زمانی دایک کردۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنووس - ڕێکەوتی: ١٣ی مارچی ٢٠١٩

---------------------------------------------------

# شووینیزمی فارس و پرسی زمانی دایک



**عەلی لەیلاخ**

**((جان ستوارت میل: داگیرکەر سەرەتا «زمان و ناسنامە» داگیر دەکا))**

**ڕوانگە شووینیزمی بۆ پرسی زمان و کولتووری نەتەوەکانی نێو جوغرافیای ئێران ڕەنگە مێژووەکەی بۆ دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی نەگەڕێتەوە، بەڵام لە دوای خۆسەپاندنی ئەو سیستەمە حکوومەتییە لە ڕەهەندە جیاجیاکانەوە هەوڵی سووککردن و بێڕیزی کردن تا ئاستی تواندنەوەی زمان و کولتووری گەلان لە ئێران بە شێوەی بەرنامەداڕێژراو دەستی پێکرد و ئێستاش سەرەڕای نارەزایەتییەکان ئەم هەوڵە سیاسییە نازانستییانە بۆ سەپاندنی زمان و کولتووری حکوومەتی بەردەوامە.**

**گەلی کورد هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە چ لە ڕووی هەڵوێستی سیاسی و چ تایبەیمەندیی فەرهەنگییەوە یەکەم ئیتنیکی نێو ئێران بوو کە ڕووبەڕووی سیاسەتی سڕینەوەی زمان و فەرهەنگ وەستایەوە و ئەمە ویست و پێداگری و بەربەرەکانیی کورد بوو کە پرسی زمانی دایک تەنانەت بە نەفوستانیش بووبێ لە یاسای بنەڕەتیی ئێراندا ئاماژەی پێدرا، بەڵام ئێستەشی لەگەڵ بێت دیسان بە هۆکاری ئەمنیەتی و سیاسی نەخراوەتە بواری جێبەجێکردن و مەیدانیییەوە.**

**وەگەڕخستنی زمانی دایک لە کەرتی پەروەردە و ڕاهێنان لە ئێران لە واقعدا ئەرکی وەزارەتی فێرکردن و پەروەردەی کۆماری ئیسلامییە کە نەتەنیا لەو ئەرکەدا خۆی بواردووە بەڵکوو ئەم وەزارەتە بە شێوازی گەڵاڵەداڕێژراویش مافی ڕەوای منداڵانی کەمە نەتەوەییەکانی لە ئێران پێشێل کردوە.**

لە تازەترین بڕیاری ئەو وەزارەتخانەیەدا کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا مشتومڕ و کاردانەوەی زۆری لێ کەوتۆتەوە و بۆتە باسی مەحافیلی زمانەوانی، جەنابی جێگری وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن ڕایگەیاندوە کە دەیانهەوێ بەپێی گەڵالەیەک هەڵسەنگاندن بۆ ئەو منداڵانە بکەن کە تا ئێستا تەمەنیان نەگەیشتۆتە تەمەنی یاسایی خوێندن و پێویستە ئەو منداڵانە پێش چوونیان بۆ قوتابخانە زمانی فارسی بزانن.

گەڵاڵەی نوێیەکەی وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنی ئێران بۆ قسە و نیگەرانییەکانی ئەم دواییانەی ڕێبەری باڵای ڕێژیم، سەید عەلیی خامنەیی دەگەڕێتەوە کە لەو کەڵکەبوونی کێشە و گرفتە ئابووری و سیاسییەکانی وڵاتدا، هات و بۆ لاوازبوونی زمانی فارسی! کڕووزایەوە. سەیر ئەوەش کە قسەکانی نەک هیچ لۆژیکێکی زانستیی تێدا نەبوو، بگرە دوور لە چاوەڕوانیش بوو؛ بۆیەش زۆر زوو بوو بە گاڵتەجاڕی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

عەلی خامنەیی لەو قسەکردنەیدا نیگەرانیی خۆی سەبارەت بە لاواز بوونی زمانی فارسی! دەربڕی و داوای لە لایەنە پێوەندیدارەکان کرد کە پتر لەوەی ئێستا هەیە گرینگی بە زمانی فارسی بدەن.

دوابەدوای قسەکانی عەلی خامنەیی، ڕۆژی ٨ی جۆزەردانی ١٣٩٨ی هەتاوی «ڕیزوان حەکیم زادە»، جێگری وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنی ئێران گەڵالەیەکی هێنایە بەرباس کە بەتەواوی شوێنیستییە و مەبەستەکەی سڕینەوەی زمانی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانە.

لەو گەڵاڵەیەدا باس لەوە دەکرێ کە منداڵانی «غەیرە» فارس پێویستە پێش ئەوەی لە قوتابخانەکاندا بە ڕەسمی دەست بە خوێندن بکەن، دەبێ لە باری زانینی زمانی فارسییەوە هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێ و لە ئەگەری لاوازبوونیان، لە بەشی تایبەتدا کاریان لەگەڵ بکرێ.

ئەوەی کە تا ئێستا زمانی فارسی بەزۆر بەسەر نەتەوەکانی دیکەی ئێراندا سەپاوە و منداڵان لە دەسپێکی خوێندنەوە و لە یەکەم ڕۆژی قوتابخانەوە دەبێ بە فارسی بخوێنن و فێری زمانی فارسی بن، زوڵمێکی ئاشکرایە کە لە منداڵانی غەیرە فارس دەکرێ و بۆ منداڵێکی کوردی گوندێکی کوردستان زۆر سەخت و دژوارە کە لە یەکەم ڕۆژدا بێ و بە زمانێکی بێگانە و جیا لە زمانی دایکیی خۆی بخوێنێ و فێر بێ و تێی بگا. ئەم سانترالێزمە فەرهەنگییە خەساری زۆری بە منداڵان گەیاندوە و لە سەر گەشەی پەروەرە و هەروەها شکلگرتنی «کێیەتی» منداڵان کاریگەریی خراپی داناوە.

بە لەبەرچاوگرتنی خەسارەکانی زاڵکردنی زمانی فارسی لە قوتابخانەکان و پێشێلکردنی مافی زمانیی کەمە نەتەوەییەکان لە ئێران، ئەم گەلاڵەیەی کە ئێستا باس دەکرێ لەوەش خراپتر و بە تەواوی سیاسەتێکی شوێنیستییە نەک گەلاڵەیەک بۆ پەروەردە و فێرکردن. لەو گەلالەیەی وەزارەتی پەروەردە و فێرکردندا هاتوە کە منداڵانی تەمەن پێنج ساڵ دەبێ هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێ و لە هێڵەک بدرێن هەتا بزانن چ کەموکورییەکیان هەیە کە یەکێک لەو خاڵانە ئاخاوتنی ڕەوانە بە زمانی فارسی. بۆ منداڵێکی وەکوو کورد و بەلووچ کە لە بنەماڵەیەکی غەیرە فارسدا پەروەردە دەبێ و پێ دەگا، چ مەنتقێک قبووڵی دەکا کە لە تەمەنی پێنج ساڵی تا حەوت ساڵیش کە زمانی دایکیی بە تەواوی نازانێ، بتوانێ بە زمانی فارسی کە زمانێکی بێگانەیە و منداڵەکە هیچ سەرەندەرێکی لێ دەرناکا و هیچ حەوجێیەکی پێی نەبووە، بێ و قسەی پێ بکا و ئەگەریش نەتوانێ قسەی پێبکا، ئەوە دەکەوێتە لیستی منداڵانی ڕیزپەر (ئیستسنایی) کە ئەوەش نەک هەر دەکەوێتە خانەی هەڵاواردن، بەڵکوو بە ئاشکرا تاوانێکی گەورەیە دەرحەق بە منداڵانی کورد، بەلووچ، ئازەری، تورک، عەرەب و تورکمەن و هەر کەمە نەتەوەیەکی دی کە لە ئێراندا دەژی.

لایەنە نگەتیڤەکانی دیکەی تازەترین گەلاڵەی ڕاهێنان و پەروەردەی ئێران بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە هێرشێکی نەرم و فەرهەنگییە بۆ لەنێوبردن و سووککردنی زمانی دایک! کە بەپێی بەڵگە زانستییەکان یەکەم قوتابخانەیە بۆ فێربوونی زانست و خۆناسین و هەروەها بۆ جیهانبینی تاکەکان پەنجەرەیەکی پێویست و بەرینە.

کۆتا قسە ئەو ترسەی کە لە بەرپرسانی باڵای ڕێژیم نیشتووە، گەشەی ڕۆژبەدوای ڕۆژی زمانی نەتەوەکانی دیکەیە، بەتایبەت زمانی کوردی و کوردیش باش لەو قسەی «مهاتما گاندی» تێ گەیشتوە، کە نەتەوەی بێ زمان و ئەدەبیات، نەتەوەیەکی بێ داهاتوویە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جوونی ٢٠١٩

-----------------------------------------

# چەند سەرنجێک سەبارەت گرنگی زمان و زمانی دایک




**ئارام کۆشکی**

ماموستایان و شارەزایانی بواری زمان زوو قسەیەک دووبارە دەکەنەوە کە "زمانی کوردی لە مەترسیدایە"، بەڵام نە بە وردەکارییەوە باسی ئەو مەترسیانە دەکەن، کە ڕووبەڕووی زمانی کوردی بووەتەوە، نە هیچ هەنگاوێکی کرداریش دەنێن دژ بەو مەترسیانە. بەڵام لەم بەشەی نووسینەکەمدا من هەمان پرسیار دەکەم و بەدوای وەڵامەکەشیدا دەگەڕیم لەنێو سیستمی پەروەردەدا.

من لەو نەوەیەک کە چەندساڵێکی خوێندم لە سەردەمی بەعسدا بووە و ئەوکات لە پۆلی یەکی سەرەتایی تا چوار فێرخواز تەنها بە زمانی کوردی ئاشنا دەبوو لە پۆلی چواری سەرەتاییەوە زمانی عەرەبی دەخوێندرا و ساڵێک دواتریش، واتە لە پێنجی سەرەتایی زمانی ئینگلیزی دەخوێندرا. بەڵام ئێستا بەپێی ئەم سیستمە تازەیەی پەروەردە زمانی ئینگلیزی لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییەوە دەخوێنرێت، بێگومان من نامەوێت بڵێم ئەمە کارێکی باشە یان نا، چونکە ئەوە پێویستە پەروەردەکاران کە خۆیان بەرکەوتەی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ فێرخوازانی سەرەتایی هەیە وەڵامی ئەمە بدەنەوە. بەڵام وەکو چاودێرێک کە لە دەرەوەی پەروەردەم و چاودێری سیستمەکە دەکەم دەمەوێت چەند سەرنجێک بخەمەڕوو، کە بەشێکیان سکاڵا و گازندەی مامۆستایانن لەم سیستمە و ئەوان لایانوایە کە خزمەت بە فێرخواز ناکات.

هەفتەی پێشوو مامۆستایەکی هاوڕێم باسی لەوە کرد کە خوێندنی زمانی بیانی غەیری کوردی بۆ نەوەکان لە قۆناغی سەرەتاییدا بەتایبەت لە چوار ساڵی سەرەتادا کارێکی باش نییە، ئەو بەتایبەت پێداگریی لەسەر زمانی ئینگلیزی کرد کە نووسینی ئینگلیزی پێچەوانەی نووسینی کوردییە و (بەشێک) لە منداڵان لەو تەمەنەدا ئەوە تێکەڵ دەکەن. ئەو مامۆستایە کە ئەزموونی زیاتر لە بیست ساڵی لە خوێندنگەکاندا هەیە، ئەوەشی خستەڕوو خۆی ڕووبەڕووی چەندین حاڵەت بووەتەوە، کە منداڵەی ئەو قۆناغە نووسینی پیتی کوردی و ئینگلیزییان لێ تێکەڵ بووە. ئەو مامۆستایە بەڵگەی ئەوەشی هێنایە گرفتەکە بۆیە دێتە پێش چونکە ئاستی پەروەردەکردن و بە تەنگەوە هاتنی منداڵەکان لەلایەن خوێزانەکانەوە لە

کۆمەڵگەی ئێمەدا لە یەک ئاستدا نییە، گوتی ئەو خێزانانەی بارودۆخی داراییان باشە، منداڵەکانیان دەنێرنە دەورەی فێربوونی زمان، بەڵام خێزانەکانی دیکە ئەمە ناکەن، بۆیە ئەگەر بە گشتی سەیری دۆخەکە بکەین ئەم کارە لەنێو سیستمی پەروەردەدا وەکو پێویست سوودمەند نییە و زۆرجاریش زیانمەندە بۆ فێرخواز.

من خۆم لایەنگیریی ئەوەم کە لە چوار ساڵی سەرەتایی خوێندندا تەنها زمانی دایک بخوێنرێت، ئەمە تەنها لەپێناو ئەوەدا کە بەباشی زمانی دایک لای منداڵ بچەسپێنرێت. دواتر گرنگی بە زمانەکانی دیکە بدرێت، بەڵام بە پرۆگرام و بەرنامەیەکی نوێ، کە فێرخواز فێری زمان ببێت، نەک تەنها ئاشنای پیت و وشەکان بێت. ئێستا نەوەیەک هەیە دوای خوێندنی دە بۆ پازدە ساڵ لە ناوەندەکانی خوێندندا لە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی، بەڵام ناتوانێت شەش ڕستە بەو دوو زمانە بدوێت. کە ئەمە هیچ شتێک هۆکار نەبێت، پرۆگرامەکە هۆکارە. ئەو پرۆگرامانە کە زماندا دەخوێنرێت پرۆگرامگەلێکە کە هیچ پەیوەندییەکی بە فێربوونی زمانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە فێربوون ڕێزمان و ڕێساکانی دروستبوونی ڕستەوە هەیە، کە ئەمە لە قۆناغەکانی خوێندندا پێویستی بەو قووڵبوونەوەیە نییە، بەڵکو ئەو قووڵبوونەوەیە بۆ ئەو کەسانە پێویستە کە خوازیارن لەو فێربوونی زماندا پسپۆڕی وەربگرن. بێگومان ئەم تێبینییە بۆ زمانی کوردیش کە زمانی دایکە هەر دروستە.

ئەگەر نموونەیەک بهێنمەوە بۆ ئەوە بۆچوونەکە ڕوونتر بکەمەوە، ساڵانێکی زۆر فێرخواز لە ناوەندەکانی خوێندندا ڕێزمانی کوردی دەخوێنێت و بە ڕاناو و ئاوەڵناو و چاوگ و چەندین شتی دیکە ئاشنا دەبێت، بەڵام بەبێ ئەوەی فێری ئەوە بکرێت چۆن بتوانێت دارشتنێکی جوان بنووسێت؟ یان لە وەڵامدانەوەی پرسیاردا خاڵبەندی و ڕێنووسێکی جوانی هەبێت. بۆیە خوێندنی چەندین ساڵە ڕاناو و ئاوەڵناو و چاوگ هیچ خزمەتێک بە فێرخواز ناکات و دواتریش لە هیچ بوارێکدا سوودی نابێت بۆی مەگەر تەنها ئەو فێرخوازە بچێتە کۆلێژی زمان و ئەدەبیاتی کوردی. کەواتە ئەو ماندووبوونەی فێرخواز بەدەست زمانەکەی خۆشییەوە دەیچێژێت زۆر کەمترە لەو سوودەی کە بۆ قۆناغەکانی خوێندن و بۆ ئایندەی پێویستییەتی، بۆیە دەشێت قسەی ئەو مامۆستا بەڕێزانە دروست بێت کە زمانی کوردی لە مەترسیدایە، چونکە فێرخواز ئاشنای تەواوەتی نابێت لەگەڵیدا و بەشتی ناپێویستەوە سەرقاڵ دەکرێت.

کاتێک سیستمی پەروەردە دەخەینە ژێر وردبینییەوە، هەست بەوە دەکەین کە دەیان کەلێن و بۆشایی هەیە کە پێویستە ئاوڕیان لێ بدرێتەوە و چارەسەر بکرێت. من لە کۆتاییدا چەند پێشنیارێک دەخەمەڕوو کە کۆی بیرۆکەکانی ئەم وتارەی تێدا کۆ دەکەمەوە:

**یەکەم**: گرنگی زیاتر و زیاتر بە زمانی دایک بدرێت، نەک وەکو ئێستا دەنگۆی ئەوە هەیە کە لە بەشێک لە ناوەندەکانی خوێندندا (بەتایبەت خوێندنگە ناحومییەکان) زمانی دایک ببێتە زمانێکی لاوەکی. بێگومان گرنگییەکە تەنها بە سەرزارەکیش نابێت، بەڵکو بە پەیڕەو و پرۆگرامی نوێ و گرنگەوە دەبێت و دەشێت سوود لە پێشنیاری مامرستایان و پسپۆڕانی ئەو بوارە وەربگیرێت.

**دووەم**: خوێندنی زمانی بیانی (چ ئینگلیزی، یان عەرەبی) گرنگی خۆی هەیە و پێویستە بە بایەخەوە لێی بڕوانرێت، بەڵام واقیعی کۆمەڵگە و باری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکە پێویستە لەبەرچاو بگیرێت، کە هەموو خوێندکارەکان و لە هەموو چین و توێژە جیاوازەکان یەک ئاست و ئیمکانیان نییە بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانیان و منداڵیش یەک توانای نییە بۆ وەرگرتن و ئاستی زیرەکی و وەرگرتنی زانیاری جیاوازە، لەنێوان خێزانێک کە دەرفەتی زیاتری بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکەی ڕەخساندووە لەگەڵ کەسێکی دیکە کە ئەو دەرفەتەی بۆ نەڕەخساندووە.

**سێیەم**: گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە پرۆگرامەکانی زماندا بە هەموو زمانەکانەوە پێویستییەکی هەنووکەییە. بەبێ گۆڕانکاریی ئەو تراژیدیایەی لە بیست ساڵی ڕابردوودا لە فێربوونی زماندا بینیمان بەردەوام دەبێت. بۆیە بەر لە هەر شتێک گرنگە بیر لە پرۆگرامێکی شایستە و شیاو بکەینەوە کە لەگەڵ واقیعی کۆمەڵگەکەماندا بگونجێت.
چوارەم: فێرکاران میتۆ و ڕێگەی نوێی وانە وتنەوە پەیڕەو بکەن، کە هاندان و خۆشویستنی پرۆگرامەکانی زمانی تێدا بێت، وەکو سەیرکردنی فیلم و فیلمی بەڵگەمانەیی سەبارەت بە زمان و چالاکیی دیکەی جۆراوجۆر تا زمان تەنها لە چوار چێوەیەکی وشک و بێرۆحدا وێنا نەکرێت.

سەرچاوە: سایتی هەولێر - ڕێکەوتی: ١٧ی جوولای ٢٠١٩

-----------------------------------------------

# بابەتی ساڵی: ٢٠٢٠ و ٢٠٢١

## ڕۆژی زمانی دایکی؛ زمانی دایکی پێستی لەشە




**ماڵپەڕی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان**

بەهۆی گرنگی زمانی دایکی، ڕێخراوی جیهانی یونسکۆ بە مەبەستی یارمەتی دانی باش بوونی فرە زمانی و فرە کەلتووری، ٢١ی فێبرییەی هەر ساڵی وەکوو ڕۆژی جیهانی زمانی دایک ناو لێناوە. مادەی ٣ی جاڕنامە (ڕاگەیەندراو)ی جیهانی زمانی لەو بڕایەدایە کە بۆ هەر زمانێک مافێک بوونی هەیە و هەموو زمانەکان هاوسان و بەرابەرن:

بەندی: ١ مافی پەروەردەی زمان و کەلتوور بە زمانی دایکی
بەندی: ٢ مافی دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزاری کەلتووری وەکوو فەرهەنگستانی زمان
بەندی: ٣ مافی بوونی هاوسانی زمان و کەلتوور لە پێگەیەنەرەکانی پێوەندی گرتن وەکوو ڕۆژنامە و TV
بەندی: ٤ مافی بایەخمەندبوون لە پشتیوانییەکان وگرنگی پێدانی هاوسانی حکوومەتەکان لە هەموو بوارەکان

بەپێی بنەچەی ١٥ی یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی ئێران؛ زمان و ڕێنووسی فەرمی و هاوبەشی جوگرافیای سیاسی ئێران فارسییە. بەڵگەکان، پێوەندییە ئیدارییەکان، دەقە فەرمییەکان و کتێبی وانە وتنەوە دەبێ بەم زمان و شێوازە نووسینە بێت. بەڵام کەڵک وەرگرتن لە نەتەوە جیاوازەکانی جوگرافیای سیاسی ئێران لە بلاڤۆگ و پێگەیەنەرە گرووپییەکان وتنەوەی ئەدەبی ئەوان لە قوتابخانەکان لە تەنیشت زمانی فارسی ئازادە. بنەچەیەک کە بەشی دوویەمی هەرگیز نەکەوتە

بـواری جێبەجێ کـردنەوە و تەنـانەت لە گەڵ مامۆسـتایان، نووسـەران، هونەرمەنـدان و هەمـوو ئەو کەسـانەی کە لە بـواری زمانی دایکی کاریان کردووە لە گەڵ هەڵسووکەوتی ڤیـزەون وگەمـار و دوور لە پێگەی مرۆیـی و هاوکـات لەگەڵ تـۆمەتگەلی گرانی ئەمنییەتی ڕووبەڕوو بوونەتەوە و لە دادگای نادادوەرانە مەحکووم و سزا دراون.

پرۆفیسۆر «تووە سکۆتنابب کانگاسی» بە ئاماژەدان بە گرنگ بوونی زمانی دایکی دەڵێ: زمانی دایکی وەکوو پێستی لەشی مرۆڤ و زمانی بیانی وەکوو پانتۆڵی جین، نامۆ و تەنگە بە لەشمان کە هێدی هێدی دەتوانین لەگەڵی ڕابێین بەڵام بە بێ ئەوەی بـۆ ڕۆژێکیش بـووە شـوێنی حەسـانی پێست، واتە بەرگمـان بگـرێتەوە و هەمـان گرنگی لە حەسـانەوە و پاراسـتنی لەشمانی هەبێ. زمانی بیانی وەکوو بـاڵاپۆشێکە کە ئێمە دەتـوانین بـۆ لەشی خۆمـانەوەی بـدرووین و هەر ڕۆژێش بە جلێکی نوێوە دەرکەوین بەڵام هەردەم وەکوو توێژکاڵێک لەسەر لەشمان دەردەکەوێ. دوور ڕاگرتنی زمـانی دایکـی وەکـوو لێکـردنەوەی پێست لەسەر لەشمان وایە.

لەم چوارچێوەیەدا «موحسین ڕەنـانی» ـ مامۆسـتای ئـابووری زانـی زانکـۆی ئەسپەهان - بە بەڵگەهێنـانەوە لەسەر ئـاماری فەرمی دەڵێ: ٦٧ لە سەتی ڕەتەوبووەکـانی قوتـابیـانی پـولی یەک و دووی سەرەتـایی تـایبەت بە ٩ پارێزگـای دوو زمـانەی وڵاتە. کە پشتڕاست کەرەوەی ئەوەیە، منداڵانی ئێرانی کە زمانی دایکیان فارسی نییە کاتێک لە گەڵ زمـانی فارسی ڕادێن کە منداڵییان بە خەسار چوویێت.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان نەتەوەی کـورد هەردەم لە گەڵ هەڵاواردن ڕووبەڕووە، سـەرەڕای ئەوەی کوردەکـان پشـکێکی مەزنیـان لە پێشکەوتنی کەلتووری و هونەری ئێران هەبووە، بەڵام بە سەدان جار بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی چاپی کتێب، کۆنسێرتەکان، ڕۆژنـامە و... لەگەڵ کێشە و گرفت لە ململانێدان و چەنـددین جـار لە پێگەیەنەرە فەرمی و نافەرمییەکـان، زمـان و جل و کەلتووری کوردەکانیان داوەتە بەر توانج. لەبـواری تەرخـان کردنـی بـووجە بـۆ چـالاکی لە بوارەکـانی کەلتووری و هـونەری، ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەمترین پشکی لە پلانەکانی تەرخان کردنی بووجەی دەوڵەت هەبووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان ڕێکەوتی: ٢٠ی فێبریوێری ٢٠٢٠

------------------------------------------

# بە بۆنە ڕۆژی جیهانی زمانی دایک



**ن: کۆمار ڕەشی (جەعفەر)**

**هایدگێر: ئەگەر زمانی نەتەوەیەک لە ناو بچێ، ئەو نەتەوەیەش بەرەو نەمان دەچێ.**

لەم ڕۆژانە بە هەڵکەوت لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان چاوم بە نووسراوەیەک کەوت  کە ئاماژەی بەوە کردبوو لە شاری مهاباد فێرگەی زمانی تورکی کراوەتەوە  و خوازیارانی فێربوونی زمانی تورکی بێ بەرامبەر و بێ هیچ تێچوویەک دەتوانن زمانی تورکی فێربن، ئەوە لە حاڵێکدایە کە فێرگەی زمانی کوردی "سۆما" لە شاری مهاباد دوای زیاتر لە بیست ساڵ کارکردن لە بواری فێرکاری زمانی کوردی و فێرکردنی هەزاران فێرخواز و دابینکردنی نوێنەرایەتی ئەم ناوەندە لە زۆربەی شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە لایەن  ناوەندە ئەمنییەتێکان داخراوە، ئەوە لە حاڵێکدایە کە لەو شارانەی کە دانیشتوانی تورکن، فێرگەی زمانی تووركی بوونی  نییە و ئەگەریش هەبێت، ئەوە لە لایەن ناوەندە ئەمنیەتێکان لەمپەر زۆر دەخرێتە بەر دەمیان. دیارە بوونی فێرگە یان ناوەندی فێرکاری هەر زمانێک لەوانە زمانی ئینگلیزی و ئاڵمانی و فەرانسەوەی و... ئاساییە و خەڵکانێک خوازیارن و بە دانی پوڵ دەچن فێری زمانە بیانیەکان دەبن، بەڵام ئەوەی کە لە شاری مهاباد زمانی تورکی  بێ بەرامبەر بوونی هەیە ئەوە دواتونێ ئامانجدار بێ، هەرچەند کۆماری ئیسلامی لەمێژە دەستی داوەتەوە ئەوەی کە لە زۆر بوارەوە شاری مهاباد بە  پێی ئەم مێژوویەی کە هەیەتی لە بەر چاوانی بخات و ئەم چاوەڕوانییەی کە لەم شارە دەکرێت کەم ڕەنگ بکاتەوە، زۆر جار لە زۆر شوێن و جێگا دەبیتسین کە دەوترێت شاری "مهاباد" لە بەشێکی زۆری نارەزایەتییەکان کە دژی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دێتە ئاراوە وەکوو جاران نییە و  وەکوو شارێکی بێدەنگ نێوی دێنن، دیارە ئەوە باسێکە کە لە توێی ئەم نووسراوەدا ناگونجێ کە بۆچی وایە و ئەم شارە چی بەسەرهاتوو، بەڵام بە ڕوونی دیارە لە بواری فەرهەنگی و سیاسی و جوگرافیا و کۆمەڵایەتی، خەریکی گۆڕینی دێمۆگرافی ئەم شارەن و بە دڵنیایی شێواندنی زمانی کوردی و دوور خستنەوی لە ڕەسەنایەتی و میژووی خۆی یەکێک لەم کارانەی کە لە مهاباد و شارەکانی دیکەی کوردستانی ڕۆژهەڵات و  بە گشتی دژی نەتەوەکانی دیکەش ئەنجام دەدرێت.

زمان پێناسەی تاک و کۆمەڵگایە و کەرەسەی سەرەکی پێوەندی نێوان ئێمەیە، بەشێکێ هەرە زۆری نەتەوەکان بە زمانەوە دەناسێرنەوە کە قسەی پێ دەکەن، بۆیە زمان بە کۆڵەکەی هەر نەتەوەیەک پێناسە دەکرێت، لە زۆربەی وڵاتان زمانی دایکی گرینگی تایبەتی پێ دەدرێت و ئەو مافەش تەنیا تایبەت بە زمان نییە، بەڵکوو لە مافی بوونی، ناو دانان بۆ شەقام و کۆڵان، بوونی ڕاگەیاندن وەکوو رادیۆ و تەلەویزۆنە و وەکوو مافی بنەرەتی شارۆمەندان دێتە ئەژمار.

ئەو نەتەوەانەی کە زمانیان لەو وڵاتەکەیان بە فەرمی ناناسرێ و لە خوێندگاکان و بڵاڤۆکەکان بە کار ناهێندرێت و بەری پێدەگیرێت ڕۆژی زمانی دایک بە ڕۆژێکی گرینگ دێتە ئەژمار و ڕێز لەو ڕۆژە مێژووییە دەگرن، ٢١ی فێوریە واتا ٢ی ڕەشەمە کە خوێندکارانی زانکۆکانی "داکا" پایەتەختی "بەنگلادێش" کە ئەوکات بەشێک بوو لە پاکستان بە کۆبونەوەی نارەزایەتی هێمنانە خوازیاری بە ڕەسمی ناسینی زمانی بەنگالی بوون کە دواتر تووندوتیژیشی لێکەوتەوە لەم وڵاتە و بەم بۆنەوە یونسکۆ ئەو ڕۆژەی بە ناوی ڕۆژی زمانی دایکی نێودێر کرد. هەر بە پێی ئاماری یونسکۆ لە ٦ هەزار زمانی زیندوو کە ئێستا لە جیهاندا بوونیان هەیە تاکوو نیو سەدەی داهاتوو نیوەیان لە ناوەدەچن، کە ئەمە دەتوانرێت کارەساتێکی کولتووری بێت و دەبێت رێگەچارەیەکی گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە، خوێندن و بەکارهێنانی ئەم زمانانەی کە مەترسی لە ناوچوونیان لەسەرە لە سیستەمی پەروەردەدا دەتوانرێ لە نەمان بیانپارێزێ. لە هەر چوار پارچەی کوردستان ٤٠ میلیۆن کەس بە زمانی کوردی قسە دەکەن و زمانی کوردی لەو زمانە دەوڵەمەندانەیە کە بێجگەلە کوردستانی عێراق لە سێ وڵاتەکەی دیکە زمانی کوردی مافی بەکاراهێنانی نییە و قەدەغە و سەرکوت کراوە، لە وڵاتی ئێران چەندین نەتەوە بە زمانی جیاوازەوە بوونیان هیە کە بە شێوەیەکی یەکسان دەستیان بە فێرکاری زمان راناگات لە ئێران زمانی کوردی و سەرجەم زمانە غەیرە فارسەکان مافی ئەوەیان نییە لە خوێندگاکان و ڕاگەیاندنەکاندا کەڵکی لێوەرگیرێ. هەر چەند لە یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی لە بەندی ١٥ دا باس لە وە کراوە کە زمانی فەرمی ئێران فارسییە، بەڵام نەتەوەکانی دیکە دەتوانن زمانی خۆیان بخوێنن و لە ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەکان دەتوانن کەڵکی لێ وەربگرن، هەرچەند ئەو بەندەی یاسای بنەرەتی ناتوانێ وڵامدەرەوەی خواست و ویستی گەلانی ئێران بێ ئەم بەندە لە ئاست ویستی و خواستی نەتەوەکان کەمە، بەڵام ئەوەش بە نەتەوەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان بە ڕەوا نابینن، لە بەر ئەوەی کە نەتەوەکان و بە تایبەت کورد دەیانهەوێت پەروەردە بە زمانی دایکی لە هەموو ئاستەکاندا بوونی هەبێت نەک ئەوەی زمانی دایکی وەکوو تەنیا واحیدێکی دەرسی لە ماوەیەکی کورتدا فێری فێرخوازان بکرێت.

کەسێک زمانی دایک کوردی یان هەر زمانێکی دیکە بێت و لە خوێندنگا بە زمانێکی دیکە دەرس بخوێنێ، ئەوە کاریگەری خراپی لەسەر منداڵ دەبێت و باوەڕبەخۆبوونی زۆر کەم دەبێـەوە و ئەمە خۆبەکەم زانینە تاکوو گەوەرە بوونی و تا ئاستەکانی سەرووتری خوێندن لە گەڵ خۆیدا دەمێنێەوە و گاریگەری نێگەتیڤی لە سەر ئاستی زانیاری ناوبراویش دەبێت،

توێژینەوەکان دەریانخستووە فێرکاری بە زمانی دایکی یەکێک لە هۆکارە گرینگەکانی پێشکەوتنە لە خوێندن و چوونەوە سەرەوەی ئاستی هۆشیاری و زانیاری منداڵان، پەروەردە بوون بە زمانی دایکی دەبێتە هۆی درووستبونی پەیوەندی پتەوی منداڵ لە گەڵ کۆمەڵگا و دەوروبەری خۆی. هەروەها یارمەتی دەر دەبێت بۆ ئەوەی کە زمانی نوێی دیکە فێر بن، هەرکەس زمانێکی دیکە بەدەر لە زمانی دایکی خۆی بزانێ و فێری بێ ئەوە دەرکێکی زۆرتریان دەبێت لە فەرهەنگ و باوەرەکانی دیکە.

زمانی کوردی وەکوو زمانێکی زیندوو کە لە پارچەیەکی کوردستان بۆتە زمانی فەرمی خوێندگا و کۆمەڵەگاکەی و لە سێ پارچەی دیکەی کوردستان هێشتا لە ژێر قەڵاچۆ دایە، زمانی کوردی ڕازاوەتەوە بە کۆمەڵێک زاراوە، دەبێ بۆ پاراستنی زمانی کوردی لە وەها دۆخێکدا کە هێشتا ئەم سێ پارچەی خاکی کوردستان لە ژێر گوشار دایەوە و بە هەموو شێوازێکەوە سەرکوت دەکرێ، چی بکەن بۆ ئەوەی زمانەکەمان بە زیندووی رابگرین، لە ئێستادا کە کورد بە داخەوە کیانێکی سیاسی بەقوەتی نییە بۆ پشتیوانی لە زمان ئەرکی ئێمەمانان چییە.

ڕاستە ناوی کوردی بۆ منداڵەکانمان لە ئیدارەی سەبت و ئەحواڵ زۆر جار بەری پێ دەگیرێ، بۆیە پێویستە ناوی منداڵەکانمان کوردی بێ و ئەگەریش نەیانهێشت جیا لە ناوی سەر ناسنامە ناوی دووهەمی کوردی بۆ دابنێین و بەم ناوە بانگی بکەین. فێریان بکەینەن بە جێگای مامان و بابا و دادش و خواهر، بە ناوی دایە و بابە و کاکە و دادە یان خوشکە بانگمان بکەن، کتێبی شیعر و چیرۆکی کوردیان بۆ دابین بکەین و بۆیان بخوێنینەوە، لەناو قسەی ڕۆژانەی ناو ماڵ و دەرەوەی ماڵ لە وشەی ڕەسەنی کوردی کەڵک وەربگرین، ئەگەر ناوی شەقام و کۆڵانەکان بە دەر لەوەی کە دەسەڵات چ ناوێکی بۆ دیاری کردووە ناوی کوردی و کەسایەتییە خۆشناوەکانی کوردی بۆ دیاری بکەن و لە ناو شاری خۆمان ئەوە ڕێک بخەین و پەرەی پێ بدەین، ڕۆژی زمانی دایکی بە شێوازی جۆراجۆر بە گرتنی سمینار و یاد کردنەوە و کۆری شیعری و ئەدەبی جێژن بگرن، کاناڵە ئاسمانی و تەلویزیونییەکانی کوردی برنامەی تایبەت بە منداڵانیان بێ و لە بواری فەرهەنگی کار لە سەر زمان بکەن و بۆ زاراوە جۆراوجۆرەکانی کوردی بەرنامەی تایبەتیان هەبێ، پەروەردە و بارهێنان بۆ خوێندن و نووسینی و ڕێزمانی کوردی بڵاو بکەنەوە. لە هەر کۆڵان و گەرەکێک لانی کەم هەر چەند وەخت جارێک کۆری شیعری و خوێندنەوەی چیرۆکی کوردی بەرێوە ببەن، ئەو کەسانەی کتێبی شیعر و چیرۆک و وتاریان هەیە یارمەتی بکرێن و بۆیان چاپ بکرێ، ناوی دووکان و بازارەکانمان بە کوردی بێت. دەستەیەکی بەهێز لە زمان ناسان دروست بکردرێ بۆ دروست کردنی وشەی کوردی ( وشە سازی)، فیلم و شانۆ و گۆرانی نوێی بە پێی سەردەمی ئێستا و بە زمانی کوردی دروست بکرێت یان دۆبلاژی بەهێز بکرێت بە جۆرێک جیلی ئەمرۆ خوازیاری بێت و پەسەندی بکات. دروست کردنی دەیان پەیج و گرووپ لە تۆرەکۆمەڵایەتیەکان بۆ فێرکاری زمانی کوردی، نووسینی نامە و کورتە نامە بە کوردی چ بە نووسین و چ لە ڕێگە

ئامێرەکانی پەیوەندی گرتن، دروستکردنی ڕێگەی پاراستنی زمان هەستی نەتەوەیی دروست بکرێ، بەشێکی زۆر لەو کتێب و نووسراوە گرینگەکانی زمانەکانی دیکە لە ڕێگەی وەرگێرانەوە بکرێن بە کوردی، دیارە ئەمانە دەیان ڕێگەی چارەی دیکەش هەیە بۆ پاراستنی زمان بەڵام ڕوون و دیارە ڕۆژێک نەوەتەوەی کوردیش بە دڵنیاییی دەبێتە خاوەن کیانی سیاسی خۆی و ئەوکات ئێتر بەشێکی زۆر لەم کارانە دەبێتە ئەرکی دەوڵەت و دەسەڵاتی کوردی، بەڵام تا وەدیهاتنی ئەم ڕۆژە دەبێ خۆمان ئەم ئەرکە لە ئەستۆ بگرین و هەر کەس لە جێگەی خۆیەوە هەوڵ بدات بۆ پاراستنی زمانی دایکی خۆمان واتە زمانی کوردی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی ڕۆژهەڵات - ڕێکەوتی: ٢١ی فێبریوێری ٢٠٢٠

----------------------------------------------------------

## ڕۆی جیهانی زمانی دایک و دەسەڵاتی کوردی



د.شێرکۆ حەمەئەمین قادر

ڕێکخراوی یونسکۆ ساڵی ١٩٩٩ بەبڕیارێک ڕۆژی ٢ - ٢١ بەڕۆژی جیهانی زمانی دایک داناوە، کەلەم ڕۆژەدا، نەتەوەکان چالاکی جۆراوجۆر ڕێک دەخەن، لەوچوارچێوەیەدا، کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتوەکانییش، بەبڕیارێک ئەم بڕیارەی یونسکۆی پەسەند کردوە.

زمانی دایک، بۆنەتەوەکان گرنگی وبایەخی خۆی هەیە، هەربۆیە هەمو گەل و نەتەوەیەک بایەخی پێدەدات و سیاسەتی زمانی و ڕێکخرواى پاراستن و بژارکردن و گەشەپێدانی، بۆدادەنێت، بیستەکانی سەدەی ڕابوردوش، لەباشوری کوردستان کۆمەڵەی تایبەتی بژارکردنی زمانی کوردی دروستکراوەو پێشتریش، لەسەردەمی حەزرەتی (نالی) دا، شیعرە بەناوبانگەکەی، لەستایشی زمانی کوردیدا، داناوە:

**کەس بەئەلفازم نەڵێ خۆکردیە خۆکوردیە**

**هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تالبی مەعنا دەکا**

دیارە،لەدرێژایی جوڵانەوە سیاسیەکان و شۆڕشەکانی کوردیشدا،مافی بەکارهێنانی زمانی دایک داوایەکی سەرەکی جوڵانەوەکان بوە، چونکە، بۆکورد زمانەکەی هۆکارێکی سەرەکی جیاوازی و مانەوەیەتی، بەتایبەتی، کەلەگەڵ عەرەب و تورک و فارس ئاینی هاوبەشمان هەیە و رەنگی پێستیش تاردەیەکی زۆر، لەیەک دەچین.


هەرلەچوارچێوەی خەبات و داوای کوردا، ساڵی ١٩٣١ یاسای ژمارە ٧٤ زمانە ناوخۆییەکان یان محەللییەکان دەرچوە،کەدواترو دوای رێکەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ لەدەستوری کاتی ١٩٧٠ عێراقدا زمانی کوردی، لەناوچەکانی ئۆتۆنۆمی ئەو کاتەدا دانی پێدانراوە و جێگیرکراوە.

بەڵام ئێستا دوای چەندین ساڵ خەبات و حوکمی کوردی و دوای ئەوەی لە مادەی ٤ دەستوری هەمیشەیی ساڵی ٢٠٠٥ عێراق، کە زمانی کوردی وعەرەبی، وەک دو زمانی فەرمی، لەعێراقدا ناساندوەو دانی پێداناوە، لەژێر رۆشنایی ئەومادەیەی دەستوریشدا، ساڵی ٢٠١٤ لە پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە ٦ زمانەفەرمیەکان دەرچوێنراوە، سەرباری بونی دەیان زانکۆو بەشی زمانی کوردی و دەیان دەزگای میدیایی و چاپ و پەخش،کەچی دۆخی زمانی کوردی، لەئاستێکی خراپدایە و بگرە هەندێ کەناڵ و دەزگای میدیایی رۆڵی زۆر خراپ،لەشێواندنی زمان و رێنوسی کوردیدا دەبینن.

نەک هەر دەزگاو کەناڵی میدیایی فەرمانگە حکومییەکانیش رۆڵی خراپ، لەم بوارەدا دەبینن، بۆنمونە ساڵی ٢٠٠٩ ئەکادیمیای کوردی کۆنفرانسی بەرەو رێنوسی یەکگرتوی کوردی ئەنجامدا، ئەنجامەکەی، بۆ سەرجەم وەزارەت و فەرمانگەکان پەخشکرا، بەڵام تائێستاش لە تەواوی کوردستاندا کاری پێ ناکرێت، ئەمە جگەلەوەی حکومەتی هەرێم، وەک چۆن، بۆ بوارەکانی تری ئابوری و ژیانی خەڵک پلانی درێژخایەن و مام ناوەندی و کورت مەودای نیە، هەربەو جۆرەش، بۆ زمانی کوردی سیاسەتی زمانی و پلانی زمانی نیە و هەرناشزانن چیە و برواشیان پێی نیە، زمانی کوردیش، وەک بوارەکانی تر، کەوتۆتە نێوان بەرداشی پارتی و یەکێتی و سیاسەت کاری، لەسەرکردوە، تۆ بڵێی بەم دۆخەوە، بتوانێت، لەگەڵ دنیای پێشکەوتوو جیهانگیریدا، بڕوات و خۆی، لەهەژمونی زمانە خاوەن و دەوڵەت و بەهێزەکان بپارێزێت؟!

سەرچاوە: ماڵپەڕی سپی میدیا - رێکەوتی: ٢٣ی فێبریوێری ٢٠٢١

# زمانی زگماک هێڵی سوورە، بۆ گاڵتەپێکردن نابێ!



د. کامران ئەمین ئاوە

لە وڵاتگەلی نادێموکراتیک وەک ئێران نەتەوەی سەردەست و دەسەڵاتدار، بە پێی تێزی "یەک دەوڵەت و یەک نەتەوە" یاخود بە ناوی "ئوممەتی ئیسلامی" و بە بەکارهێنانی شێوازی جۆراوجۆر هەوڵی تواندنەوەی نەتەوەکانی دیکە دەدا. ئەم چەشنە دەسەڵاتدارە بێجگە لە بەکارهێنانی زەبر و زۆری فیزیکی و کوشتن و بڕین و لە بەندیخانە خستنی ئازادیخوازانی نەتەوەی ژێردەست، بە گەمراندن، چەواشە و بێ بەها کردنی بایەخە مەعنەوییەکانی ئەوان، تێدەکۆشێ بە شێوەیەکی ئارام بەڵام بەردەوام، مێژوو، کولتوور و زمانی ئەو خەڵکانە بکاتە ئامانج و خەڵکەکە لەباری مەعنەوییەوە بێ نێوەڕۆک و کلۆر و، لە کۆتاییدا ئاسیمیلە بکا.

حکوومەتەکان بە هۆی دەسەڵاتی ماددی و مەعنەوییەک کە هەیانە، لە هەموو ئامرازێکی خۆیان وەکو فێرگە، ڕادیۆ و تەلەویزیۆن، فیلم و شانۆ و بە گشتی لە تەواوی بوارەکانی میدیایی و ڕاهێنان بۆ بەرێوەبردنی سیاسەتی فەرهەنگیی خۆیان کەڵک وەردەگرن. بە هاسانی مێژوو و ڕاستییەکان چەواشە دەکەن، قارەمانە نەتەوەییەکان دەکرێن بە چەتە و، خائین و سیخوڕی بێگانە و؛ سەرکوتکەر، خۆفرۆش و شا و پاشا و مەلاکان دەکەنە سیمبولی ئازادی، مرۆڤ دۆستی و نیشتمانپەروەری. لە ئێرانی سەردەمی ڕەزاشا و محەممەد ڕەزاشای کوڕیدا، کە قاتڵی هەزاران ئازادیخوازی کورد و لوڕ و ئازەری و بە گشتی پێشکەوتنخوازانی ئێرانی بوون، دەکران بە باوک و دڵسۆزی گەل، بەڵام قازی محەممەد، پیشەوەری، سولێمان موعینی، سمایل شەریفزادە، ڕوزبە، جەزەنی و ڕەزاییەکان وەک نۆکەری بێگانە و نیشتمانفرۆش پێناسە دەکران. ئەم سیاسەتە پاش شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی لە ئێران لە لایەن حکوومەتی ئیسلامییەوە بە چەشنی دیکە بەڵام هەر لەهەمان سۆنگەوە درێژەی پێدرا.

ساڵانێکی زۆرە کە بەرگری و قەدەغە و دانانی ئاستەنگ لەبەر نووسین بە زمانی زگماکی گەلە نافارسەکان و ڕێگری کردن لە خوێندن و نووسین بە زمانی دایکی لە فێرگەکان یەکێکی دیکە لە شێوەکانی ئاسیمیلە کردن و زەبرلێدان لە کولتوور و زمانی نەتەوەکانی نافارسە. ڕۆڵەی کورد و ئازەری و عەرەب و بەلووچ و هتد هەر لە منداڵییەوە ناچار کراون بە زمانی فارسی بیر بکەنەوە، بخوێنن و بنووسن و جوانترین هەستەکانیان بە زمانی فارسی دەرببڕن.

لەم سۆنگەیەوە نووسەر، وەرگێر و شاعیرە نافارسەکان وەکو ئەحمەد محموود، عەلی محەممەد ئەفغانی، محەممەد قازی، محەممەد عەلی دەروێشیان، برایم یوونسی، سەید محەممەدحوسێن بێهجەت تەورێزی (شهریار)، سەمەد بێهرەنگی، غوڵامحوسین ساعیدی، مەنسوور یاقووتی و هتد لە مێژووی سەد ساڵی ڕابردوودا زیاترین خزمەتیان بە گەشەسەندنی زمان و کولتووری فارسی کردوە. مخابن ئەوان بە هۆی نەبوونی دەرەتان و ئیزنی نووسین بە زمانی دایکییەوە نەیانتوانی ئەو خزمەتەی پێویست بوو بە زمان و فەرهەنگی خۆیان بکەن. ئەمە شتێکی ئاشکرایە کە بەشێک لە ئاهەنگساز و گۆرانیبێژە بەناوبانگەکانی کورد وەک کەیهان کەلهۆر، شەهرام نازری، عەندەلیبی و کامکارەکانیش خزمەتێکی زۆریان بە ڕەوتی گەشەسەندنی مۆسیقای فارسی کردوە، هەرچەند هەتا ڕادەی ڕێ پێدراو بەڵام نەک لە ئاستی گۆڕانیی فارسیدا، خزمەتیان بە موسیقیای کوردیش کردبێ.

بەڵام سیاسەتی بێ بایەخکردنی زمان و وێژەی نافارسەکان تەنیا لە بواری قەدەغەکردن یان ڕێگری و ئاستەنگ دانان لەسەر ڕێگای بەکارهێنانی زمانی زگماکی و ڕوو کردنە زمانی فارسی و خوێندن و نووسین بە زمانی حکوومی نییە، بەڵکوو بواری ئیزندان بە چەشنێکی ئامانجدار بە زمانی نافارسەکان بە تایبەتی کوردی و تورکی و لوڕی لەسەر شاشەی تەلەویزیۆن و شانۆ و سینەماش لەخۆ دەگرێ.
کاتێک سەیری بەشێک لە بەرنامەکان وەک کێبەرکێی بەناو "هوش برتر" و کێبەرکێی "٢١ سئوالی" و بەرنامەی هاوشێوە دەکرێ کە لەژێر ناوی "طنز" یان کورتە فیلمی کوردی لە سنە و کرماشان و ئازەربایجان و لوڕستان و هتد بە زمانی گاڵتەجاڕی کوردی یان لوڕی و تورکی تێکەڵاو لەگەڵ فارسی ئامادە دەکرێ، دەبینین کە ئاکتەرەکان وەکوو ئەوەی خەڵکی ئەم ناوچانە نەبن و هیچ ناسیاوییەکیان لەگەڵ زمانی فارسیدا نەبێ، بە تێکەڵ و پێکەڵ کردنی فارسی و کوردی یان بە لەهجەیەکی کوردیی سەیر و سەمەرە قسە دەکەن و وەڵامی پرسیارەکان دەدەنەوە. ئەو بەرنامانە بە ئامانجی پێکەنینی بینەری فارس و ناکورد ئامادە دەکرێن و بەدەستی خۆیان و بە پێی سیاسەتی نادیاری نەیاران، گاڵتە و سووکایەتی بە زمان و ئاستی تێگەیشتوویی خەڵکەکەی خۆیان دەکەن. لە زنجیرە بەرنامەکانی "هوش برتر"دا، سیمایەکی نەزان و گەوج بە بەشدارە کوردەکان و لە ڕاستیدا بە گشت کۆمەڵگەی کوردی دەدرێ.

لە لایەکی دیکەشەوە، بەردەوام لە سەر یووتیووب، ئینستاگرام و تێلێگرام و واتساپ گەلێک بەرنامەی کورت دەست بە دەست بڵاو دەبێتەوە کە ئاشکرا سووکایەتی کردنە بە فولکلۆر و وێژەی نەتەوە نافارسەکان. بۆ وێنە، کاتێک لەسەر سکۆی شانۆی شارێکی ئازەربایجانی ئێران "سکینه دای قیزی نای نای" ئازەرییەکان بە فارسی تەرجومە دەکرێ و قاقای پێکەنین ساڵۆنەکە پڕ دەکا، کەس نییە بپرسێت گۆرانیی فولکلۆر چۆن بەو شێوەیە تەرجومە دەکرێ و بە گشتیی چ پێویستیەک لەوەدایە کە هونەرمەندانی نەتەوەیەک بۆ خۆشیی فارس زمانەکان، گاڵتە بە خۆیان و فەرهەنگەکەیان بکەن؟ ئەگەر ئەمڕۆ کەسێک بیەوێ گۆرانیی "شەمامە خاڵ خاڵ" و زۆر گۆرانیی حەسەن زیرک و هتد وەربگێڕێتە سەر هەر زمانێکی دیکە، بێگومان شتێکی سەیر و سەمەری لێ دەردێ، بەڵام ئەم گۆرانییانە بەشێکن لە مێژووی ئەدەب و فەرهەنگی فولکلۆریی کوردی و خەڵکیش چێژ لە بیستنیان دەبەن و تەرجومە کردنیان بە زمانێکی دیکە نەک پێویست ناکا، بەڵکوو بە تەواویەتی خزمەت بەوانە دەکا کە دەیانەوێ پیشان بدەن ئەم چەشنە زمانانە تەنیا بۆ دەربڕینی گۆرانی و شێعرە و، لە ئاستێکی وەها نزمدان کە تەنیا بۆ گاڵتە پێکردن و پێکەنین دەبن و لەئەنجامدا توانای بەرانبەری کردنیان لەگەڵ زمانی "حافظ" و "سعدی" نییە!

دوژمن بۆ بچووک و بێ بەها کردنی هەر شتێکی پیرۆزی نەتەوەکانی دیکە کەڵک لەهەموو چەشنە ئامرازێک و یەک لەوان ئاسیمیلەکردنی فەرهەنگی وەردەگرێ، هەتا ئەو ڕادەیەی بۆ بەشێک لە کورد و ئازەری و... کارەکە دەگاتە ئەو شوێنەی کە قسەکردنی بێ لەهجە بە فارسی دەبێتە شانازییەک و تێدەکۆشری تەنانەت لە بەشێک لە بنەماڵەکان و بە تایبەتی ئەوانەدا کە لە دەرەوەی کوردستان دەژین، لەگەڵ منداڵەکان تەنیا بە زمانی فارسی قسە بکرێ، بۆ ئەوەی نەکا لە دەرەوەی ماڵێ و لە فێرگە و شەقامەکان گاڵتەیان پێ بکرێ و لەم سۆنگەیەوە زەبرێکی زۆر دەدرێ لە متمانەبەخۆیی ئەم منداڵانە و ڕووخانی پردی پێوەندییان لەگەڵ گشت بنەماڵە و نەتەوە و نیشتمان.

کارەسات لە هەوڵی دوژمن بۆ پێشبردنی ئەرک و بەرنامەکانی خۆیدا نییە، کارەسات لە هاوڕێیی کردنی بەشێک لە ڕۆڵەکانی کورد بە چەشنێکی خوازیار و ناخوازیار لەگەڵ ئەم هێڵ و سیاسەتەیە، کە بێ ئەوەی بیری لێ بکرێتەوە دەبنە ئامرازی دوژمن بۆ لەنێو بردنی ڕێز و کەرامەت و کەسایەتیی خۆ و نەتەوەکەیان و، بە قەولی کرماشانییەکان وامان لێ دەکەن "ودس خومان ئاگر نینه غژ خومان" یان "وەکو مریشک بۆخۆمان خۆڵ بەسەر خۆماندا بکەین".

بێگومان دوژمن و نەیارانی کورد و گەلانی دیکەی ئێران بۆ گەیشتن بە ئامانجە ناپیرۆزەکانیان و سڕکردن و تواندنەوەی ئەوان، لەهەر چەشنە ئامرازێک و یەک لەوان سڕینەوەی زمان و ئەدەبی نافارس یاخود بە گەمراندنیان کەڵک وەردگرن، بەڵام ئەوە ئەرکی ڕووناکبیرانی ئەم نەتەوانە و بە تایبەتی کوردە کە بەلانی کەم ڕێخۆشکەر و بڵاوکەرەوەی ئەم فیلم و

کلیپ دزێوانە نەبن و ڕێ بە پەرەسەندنی ئەم کارە قیزەونانە لەنێو خەڵکدا نەدەن.


ڕۆڵەکانی گەلی کورد دەبێ بەرانبەر بەو سووکایەتییانە بوەستن و بە دەنگی بەرز نارەزایەتیی خۆیان بەرانبەر بەو سووکایەتییە ئاشکرایە دەرببڕن. هەروەها کۆمەڵانی خەڵک پێویستە بەرگر بن لە بڵاوکردنەوەی ئەو کلیپە قیزەونانەی وا تێیدا سووکایەتی بە هۆش و لێهاتوویی خەڵک و زمانی نەتەوایەتییان دەکرێ.

ئەوانە بۆ پێکەنین نین بەڵکوو کورد دەبێ بە دیتنیان بگری و تووڕەیی خۆی بەسەر ئامادەکاران و ئەکتەرەکانیاندا ببارێنێ کە بوونەتە کەرەسەی بەڕێوەچوونی سیاسەتێکی دژە نەتەوەیی نامرۆڤانە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠

---------------------------------------------------

## ڕۆژی جیهانی زمانی دایکی و کەڵک وەرگرتن لە زمان وەکوو ئامرازی پێوەندییەکان



ئامادە کردن و لێکۆڵینەوە ئەمین خەواڵە

زمانی هەر نەتەوەیەک بەشێکی گەورە و بەرچاوە لە کولتوور و فەرهەنگی ئەو نەتەوە و ئامرازی پێوەندی گرتن لە گەڵ نەتەوەکانی دیکە و وڵاتانی دراوسێ و ئەرکی سەرشانی هەموو تاکەکانی هەر نەتەوەیەک پارێزگاری لە بنەماکانی دامەزرێنەری ئەو زمانەیە و بەرگری لە بە پەراوێز کێشانی زمانی و لە ناوچوونی وشە و دەستەواژەکانی ئەو زمانە وەکوو ئەرکێکی پیرۆز و یەکێکە لە ڕێچارەکانی زیندووڕاگرتنی ئەو زمانە.

هەموو ساڵێک ڕێکەوتی ٢١ی فێورییە بەرانبەر لە گەڵ ٢ی ڕەشەمە هەموو نەتەوەکان و میللەتانی گەورە و بچووکی دونیا و نەتەوە کەمینەکانی دونیا ئەو ڕۆژە وەکوو زمانی دایکی جێژن دەگرن و شانازی بە زمان و کولتوور و فەرهەنگی نەتەوەکەیانەوە دەکەن.

نێولێنانی ئەو ڕۆژە وەکوو ڕۆژی زمانی دایکی ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٩ی زایینی کە لە لایەن ڕێکخراوی یۆنسکۆ و کۆڕبەندی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ بەرگری لە پەراوێز کەوتن و لە ناوچوونی زمانی نەتەوە کەمینەکان و نەتەوە بندەستەکان ئەو ڕۆژە وەکوو ڕۆژی زمانی زگماکی یان زمانی دایکی و زمانی بنەڕەتی نەتەوەکان دیاریکرا. هۆکاری سەرەکی ناولێنانی ئەو ڕۆژە ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٢ی زایینی کە لە لایەن کۆمەڵێک خوێندکاری وڵاتی بەنگلادێش لە دراوسێیەتی وڵاتی پاکستان هەوڵ درا زمانی بەنگالی وەکوو زمانی دووهەم لە زانکۆکانی وڵاتەکەیان دیاری بکرێت، کە لە لایەن پۆلیسی پاکستانەوە کەوتنە بەر دەسڕێژ و بێحۆرمەتی و سووکایەتی بەلام ئەو خوێندکارانە کۆڵیان نەدا و سوور بوون لە سەر گەیشتن بە ئامانجەکەیان. دواتر وەک باس کرا ساڵی ١٩٩٩ی زایینی لە لایەن ڕێکخراوی یۆنسکۆ ڕۆژێک بۆ پاراستن و ڕێزگرتن لە زمانی دایکی دیاریکرا و بە فەرمیی تۆمار کرا.

نەتەوەی گەورەی کورد وەکوو زۆر لە نەتەوەکانی دیکەی بندەستی دونیا کەوتووەتە بەر زەبر و بێڕەحمی نەتەوە و دەوڵەتانی دراوسێی داگیرکەری کوردستان و وڵاتی گەورەی کوردستانیان بە سەر چەن وڵاتی دیکەدا دابەش کردووە وەکوو ئێران، عێراق، تورکیە و سووریە. هەر کام لەو وڵاتانە زمانی فەرمیی و ڕەسمی جیاوازییان هەیە و ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی زمانی فەرمیی ئەو وڵاتانە کاریگەری ڕاستەوخۆیان بێت لە سەر دانیشتووانی ئەو پارچەی کوردستان کە لە ژێر دەسەڵاتی ئەو وڵاتەدان و بەشێکی زۆری ڕێزمان و فەرهەنگ و کولتووری وڵاتی داگیرکەر دزەیان کردووەتە ناو زمانی نەتەوەکەمان و کوردانی دانیشتووی ئەو پارچەی کوردستان بو وێنە زمانی فەرمیی وڵاتی ئێران زمانی فارسییە و زۆربەی وشەکانی ئەو زمانە دزەی کردووەتە ناو کولتوور و ڕێزمان و وشە ئاساییەکانی کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە ئێستادا لە ژێر دەسەڵاتی ئەو وڵاتەدان.

لە لایەکی دیکەش نەبوونی ناوەند و ڕیکخراوێکی یەکگرتوو بۆ پاراستنی ڕێزمان و دەستەواژەکانی کوردی وایکردووە کە زۆر لە وشە کۆنەکان بەرەو لە ناوچوون برۆن و زۆر جار داگیرکەرانی وڵاتەکەمان وشەی داتاشراو و نەناسراویان هێناوەتە ناو زمانی کوردی و بە وشەی کوردی و لە فەرهەنگی ڕێزمانی نەتەوەکەمان تۆماریان کردووە و زۆر جاریش کەسانی ناشارەزا و نەخوێندەوار ئەو دەستەواژە و وشە و پاشکەوتانەیان وەکوو ڕێزمانی زمانی کوردی وەرگرتووە و لە بەرانبەری ئەو هێرشەدا هیچ لێکۆڵینەوەیەکیان نەکردووە. پاراستنی زمانی دایکی و زمانی زگماکی و بەرگری کردن لە پەراوێز کەوتن و

لەناوچوونی ئەو زمانە ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەییە و هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا بە ژن و پیاو و گەورە و بچووک و خوێندەوار و نەخوێندەوار ئەو ئەرکەیان لە سەر شانە کە پارێزگاری بکەن لە دەستەواژە و وشە کۆن و مێژووییەکان و ڕێگا نەدەن بەوەی کە فەرهەنگ و کولتوور و دەستەواژە مێژووییەکانی زمانەکەیان وەپەراوێز بکەوێت و ڕێگا نەدەن زمانەکەیان بەرەوە فەوتان و لەناوچوون بڕوات.

بە پێی بڕیارنامەی جیهانی مافی مرۆڤ پەسەند کراوی ئەنجومەنی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوی نەتەوە کەمینەکان و نەتەوە بێ دەوڵەتەکان هەموو تاکەکانی هەر نەتەوەیەک مافی خوێندن و نووسین بە زمانی دایکی خۆیان هەیە و ئەوە بەشێکی بچووکە لە مافە سەرەتاییەکانی هەر نەتەوەیەک بەڵام بە داخەوە وڵاتانی داگیرکەری کوردستان و دەسەڵاتدارانی ئەو ڕژێمانە هەر لە کۆنەوە تاکوو ئێستا ئەو مافەیان لە دانیشتووانی هەموو پارچەکانی کوردستان زەوتکردووە و ڕێگایان نەداوە تاکەکانی کۆمەڵگای کوردستان بە فەرمیی دەستیان ڕابگات بە پەروەردە و فێرکاری بە زمانی خۆیان و بە زۆر و لە ژێر گوشار و سەرکوت پەروەردە و فێرکاری بە زمانی داگیر زاڵبووە بە سەر دانیشتوانی ئەو بەشەی کوردستان ژێر دەسەڵاتی ئەو وڵاتە. لە دوای ڕاپەڕینەکانی ساڵی ١٩٩١ی زایینی لە هەرێمی باشووری کوردستان ئەو بەشەی کوردستان کە هەتا پێش ئەو کاتە لە ژێر دەسەڵاتی وڵاتی عێراق و ڕژێمی بەعسدا بوون کورتە دەسەڵاتێکیان گرتە دەستو توانییان لە ژێر دەسەڵاتی بە مانای گشتی ڕزگار بن و دواتر لە گەڵ ڕووخانی یەکجارەکی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٧ی زایینی بە دواوە و هاتنە سەرکاری دەسەڵاتی فێدراڵی لە وڵاتی عێراق هەرێمی کوردستان و دانیشتووانی تا ڕادەیەکی زۆر سەربەخۆ بوون، زمانی کوردی وەکوو دووهەمین زمانی فەرمیی لە هەموو وڵاتی عێراقی فێدراڵ بە گشتی و لە هەرێمی کوردستان بە ڕەسمی ناسرا و بە فەرمیی دانی پێدانرا و خوێندن و نووسین و فێرکاری لە قوتابخانەکان و زانکۆکان بە فەرمیی دەستی پێکرد و زمانی کوردی گەشەیەکی چاکی پەیدا کرد و هاوکات دوابەدوای بڕیارێک لە دوای ساڵی ٢٠٠٧ی زایینی کۆمەڵێکی زۆر خوێندکار لە هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان ڕوویان کردە هەرێمی کوردستان و توانییان بوورسیەی خوێندن لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستانی باشوور وەربگرن و زیاتر پەرە بدرێت بە زمانی کوردی و ڕێزمان و کولتووری لە پارچەکانی دیکەش. بەڵام لە لایەک نەبوونی کەسانی شارەزا لە بواری ڕێزمان و لێکۆڵینەوە لە سەر زمانی کوردی و لە لایەکی دیکەش نەبوونی کەسانی دڵسۆز و دەسەڵاتێکی سەربەخۆ ڕێگای لە پەرە ئەستاندنی زمانی کوردی گرتووە و زۆرجار وشەی داتاشراو دزەی کردووتەوە ناو زمانەکەمان و هیچ ناوەندێک یان ڕێکخراوێک بەرگری نەکردووە و زۆر جاریش بە هۆی ناشارەزایی دەسەڵات وشە و دەستەواژە کۆنەکان بەرەو لە ناوچوون ڕۆیشتوون و گۆڕانکارییان بە سەردا هاتووە.





پێویستە ناوەندەکانی پێوەندیدار لە هەرێمی باشووری کوردستان و دڵسۆزانی شارەزای زمانی و وێژەی کوردی هەوڵ بدەن بۆ پێکهێنانی ڕێزمان و شێوەزاری یەکگرتوو و فەرهەنگێکی یەکپارچە و کۆکردنەوەی وشە و زاراوە مێژووییەکان و هەوڵ بدەن ڕێگا نەدرێت وشە کۆنەکان بفەوتێن و لە ناو بچن و هەروەها ناوەندەکانی فێرکاری و پەروەردەی زمانی کوردی لە هەموو بەشەکانی کوردستان پەرەی پێ بدرێت بۆ ئەوەی نەتەوەکانی داهاتوو و مناڵەکانی ئێمە زمانی دایکی خۆیان لە بیر نەکەن و لە گەڵ زمانی نەتەوەیی خۆیان تەریک نەکەون و هەوڵەکانی خۆیان بدەن بۆ زیندوو ڕاگرتنی زمان و ناسنامەی نەتەوەییمان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رادیو دەنگی کوردستان لە ئامریکا - ڕێکەوتی: ٢٢ی فێبریوێری ٢٠٢٠

---------------------------------------------

# گرنگی زمانی دایک لە پێکهێنانی هزری کۆمەڵگەدا



عەبدولکەریم بەرزنجی

لە بنەڕەتدا کاری زمان پاراستن و گواستنەوەی ڕۆشنبیری کۆمەڵگەیە لە دووتوێی ماناکانیدا، ڕۆشنبیریش بە هەڵگری بەها پیرۆزەکانی گەلان دادەنرێت و پێناسەی خودی کۆمەڵایەتی و بنەمای ویژدانی کۆمەڵ پێکدێنێت.

کاتێک کە هەڵدەستین بە دابڕان یان لە ناوبردنی زمانی دایک، ئەو زمانەی بەشداری پێگەیاندنمانی کردووە.

مخابن ..! ئێمە لایەنێکی زۆر گرنگی کولتووری خۆمان لەناودەبەین. ڕاستتر بڵێین ئێمە هەموو ئەو هۆکارانە لە ناودەبەین کە یارمەتی بەرجەستەکردنی بیرەوەری کۆمەڵایەتی و بە نموونەیی کردنی پێناسەی هاوبەشمانە.

مێژوو شاهیدە کە دەسەڵاتی ئابووری و سیاسی قەت ناتوانێت بەبێ باڵادەستی ڕۆشنبیری یان فیکری، لە هیچ ئۆرگانێک دا باڵادەست بێت، چونکە ئەم چەمکانەیە کە قۆرخی گۆشەنیگای خەڵک دەکات لە تێڕوانینیاندا بۆ خۆیان و خەڵکی دیکە. هەرواها نەخشەی ڕێبازی کۆمەڵایەتی مرۆڤ دەسنیشان دەکات، کە لە چ قۆڵێکەوە سنووری مەنتیقی بازاڕی کار و ژیان پیادە بکات.

ئەو ژانی لەدایکبوونە فیکرییەی کە بزووتنەوە ڕۆشنبیرییەکانی سەر گۆڕەپانی فیکری و ئەدەبی، لە پاش ڕاپەڕینەوە لەگەڵیا دەژین و چاوەڕێین، پێدەچێت لەسەر گۆڕەپانی ئەکادیمی کوردەواریمان دا لەکاروان بەجێمابێت.

لەگەڵ ئەوەی هەندێک خەڵکی بێ شومار لە ڕۆشنبیران، لەژێر کاریگەری بیری کولتووری نەتەوەیی دا خزاونەتە نێو

جەنجاڵی گۆڕەپانەکە وە، بۆ هەڵوەشاندنەوەی بابەتەکان و نووسینە شێواز کۆڵۆنیالییەکان.

بەڵام کەس هیچ بەدی ناکات لە نووسینە ئەدەبییەکان و دەسکەوتە زانستی و مەعریفییەکاندا بۆ گێڕانەوەی پێناسەی کوردەواریمان لە ڕێگەی پاڵپشت کردنی زمانی دایکەوە بۆ پاقژ کردنەوەی زاراوەکان لە خاشاکی جەهالەت و ئەفسانەو غەیبییات، کە پشتاوپشت وەک گەردی سەر کەلوپەلی کۆنەهەواران نیشتۆتە سەر بیری نەتەوەییمان.

ئایا پێویست نیە توێژەی ڕۆشنبیرانی دابڕێنراو لە ڕابردووی بێ خەوشمان، لەم چەمکە بەئاگابن و ئیتر بەدوای ڕێزمانی زانستدا ڕەوت نەکەن و خۆیان بە زمانی داگیرکەرەوە هەڵنەواسن و زاراوەکانی دایک ژێرپێ نەخەن، کە دەربڕینە لە ڕۆشنبیرییانمان، کە کۆمەڵگەی کوردەواریمان پێی سەربەرزە ..!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانپۆست - ڕێکەوتی: ٢٥ی فێبریوێری ٢٠٢٠

--------------------------------

## زمانی دایکی هەرهەمووی لە خاڵیگەی دایکەوە دەست پێدەکا!



عەلی فەتحی

زمانی دایکی، زیادتر لەو زمانەیە کە فێریبووینە قسەی پێبکەین. زمانێکە پێمان دەڵێ خەڵکی کام شوێن و وڵاتی دیاریکراوین و لێی لەدایکبووینە. زمانی دایکە و لە سەرەتاوە بیستوومانە ئەو قسەی پێدەکا، وەختێک هێشتا لەنێو مناڵدانی ئەودا بووینە. زمانێکە، هەر ئەو دایکە دواتر بەخێرهاتنی پێکردووین و هەستە جوانەکانی بەو دەربڕیوە، وەختێک چاومان بە دنیا پشکووتوە.

هەر کۆرپەیەکی ساوا لە منداڵدانی دایکدا، بە شێوەیەکی تایبەت گوێی لە دەنگی دایکی دەبێ. ئەو شێوە تایبەتە ناسراوە بە بیستنی «هەناوی». بەواتایەک، ڕاست لەو کاتەدا کە دایک دەخوازێ گوتەیەک بڵێ، پەردەی دیافراگمی کارادەکا بۆوەی دەنگی جۆراوجۆر بخوڵقێنێ، کۆرپە خوو بەو جووڵە جیاوازانەی دیافراگمی دایک دەگرێ. وەختێک لەدایک دەبێ و ڕاستەوخۆ گوێی لە قسەکردنی دایکی دەبێ، تۆنی دەنگی دایک و ڕیتمی ئاخاوتنەکە بۆ زەینی منداڵەکە ئاشنایە و پێشتر لەنێو منداڵداندا لەگەڵی ڕاهاتوە.

وەختێک منداڵ چاوی بە دنیا دەپشکوێ، شێوەی قسەکردنی دایک و باب لەگەڵ ئەو منداڵە تەواو جیاواز و تایبەتە. ئەوان زۆر لەسەرەخۆ و ئارام، زۆر خاوێن و ڕوون، شیرین و تەژی لە خۆشەویستی قسەی لەگەڵ دەکەن و گنی و بۆڵە لە دەربڕینی دەنگی پیتەکاندا بەدی ناکرێ. چونکە دەزانن کەسێک لە بەرامبەریاندا هەیە و گوێی لە قسەی ئەوان گرتوە و ئەویش زارۆکی خۆیانە. هەروەها هەوڵ دەدەن، ئەو منداڵە وشەکان وەرگرێ و لەگەڵیان بیڵێتەوە و بە لاساییکردنەوە فێری دەنگی پیتەکان بێ و تۆن و ڕیتم و ئاوازی گوتەکە لە زەینی خۆیدا تۆمار بکا. لێکۆڵینەوەیەک لە دانیشگای واشنگتۆن دەری خستووە کە ئەگەر هەر هەمان قسەکردنی دایکوباب لەگەڵ منداڵ بەشێوەی تۆمارکراوی بۆ منداڵەکە دانێین، شتێکی ئەوتۆی لێ‌فێرنابێ و وەری ناگرێ، تەنانەت ئەگەر دەنگەکە بەشێوەیەکی زۆر تایبەت و پرۆفێشناڵیش تۆمارکرابێ.
کۆرپە ساواکان جیا لە چاوەکان، بەردەوام سەیری زاری دایک دەکەن، چونکە دەنگ لەوێوە دێت. کۆرپەکان سەرنج دەدەن بە جوڵەی لێوەکان و بەرز و نزمکردنی دەنگی دایک لە کاتی گوتنی وشەدا. منداڵ خاوەن هێزێکی لەڕادەبەدەری لاساییکردنەوەی ئەو وشانەیە کە لە زاری دایک دێنەدەر. ئەوەش بەتایبەت دوای پڕکردنی تەمەنی یەک ساڵی دەقەومێ و یەکەم وشەکان لەو تەمەنەدا دەڵێنەوە. کۆرپەکان، هەڵبەت زۆر پێشتر لە دەستپێکردنی ئاخاوتن، لە وشەکان تێدەگەن. وێنەی لەو شێوە قسەکردن و دەربڕینە بۆ ئێمەش دەقەومێ وەختێک سەرقاڵی فێربوونی زمانێکی بیانی دەبین. ئێمەش لە سەرەتادا لە زمانەکە تێدەگەین، بەڵام لە ئاخاوتندا گرفتمان هەیە.

هەموو دایکێک کاتی قسەکردن لەگەڵ کۆرپەکەی، شێوازێکی تایبەتی ڕوون و ناسک و شیرن دەکار دەکا و بەواتایەک بە زمانێکی منداڵانە دەدوێ کە لەگەڵ ڕوحی کۆرپەکە بگونجێ. ئەو تایبەتمەندییانە لە زمانەکاندا جیاوازن. بۆ وێنە دەتوانین جیاوازی ئاخاوتن و لاواندنەوە و لایەلایەی دایکانی ئاڵمانی و کوردی بە ئاشکرا ببینین. هەڵبەت، بە گریانی منداڵانی تازەلەدایکبووش دەتوانین جیاوازی زمانی دایکی منداڵەکان ببینین. منداڵان خۆیشیان لە تەمەنی ١٢ مانگیدا بەئاشکرا هەست بە جیاوازی زمانەکانیتر لەگەڵ زمانی دایکی خۆیان دەکەن.

هەمووی ئەو باسەمان تا ئێستا لەبەر ئەوە بوو کە بڵێین «زمانی دایکی»، وەکوو دەستەواژەیەک چەندە گرینگ و بەنرخە.

ئاخر گوتمان کە زمانێکە کۆرپە لە زگی دایکییەوە خووی پێدەگرێ و کاتێک چاویشی بە دنیا دەپشکوێ، هەر بەو زمانە لە جیهانی دەوروبەری خۆی تێدەگا. دەستەواژەی «زمانی دایکی» بۆ یەکەمجار لە سەدەی ٦ی زایینیەوە لەلایەن ڕاهیبەکانی کلیسای «گۆرزە» هاتەگۆڕێ. ئەوانە ڕاهیبەکانی کلیسای ڕۆمانی «کلۆنی»یان ناچارکرد ئیزنیان پێبدەن لە خوتبەکانیاندا کەڵک لە زاراوەی فرانسی وەرگرن. بەپێی زانیارییەکان، ئەوەندەمان لێ ڕوونە کە ژنانی دەڤەری «گۆرزە» بە زاراوەی تایبەتی خۆیان قسەیان کردووە و پیاوەکانیان ڕوویان لە فێربوونی دیالێکتی ڕۆمانی کردووە کە زمانی ئاخاوتنی کلیسا بووە.

ئەگەر قبوڵی ئەو خاڵە بنەڕەتییە بکەین کە زمان هەرتەنیا ئامرازی پەیوەندی گرتن نییە، بەڵکوو ئاوێنەی بیر و هزر و دەرخەری دنیای هەست و سۆزیشمانە، ئەوسا تێدەگەین کە وەختێک قسە دەکەین، بەڕاستی کێین. وەک کسێنۆس و تێئایتیتۆس، فیلسۆفە ئیفلاتوونییەکان دەڵێن: زمان و فکر یەک شتن. کسێنۆس دەڵێ: گوتە و فکر یەک شتن، تەنیا جیاوازییان لەوەدا کە فکر دیالۆگێکی دەروونی مرۆڤە لەگەڵ ڕوح، بێ ئەوەی هاتبێتە سەر زار و دەنگی لێوە هاتبێ.

زمانی دایکی ئەگەر زمانی ئاخاوتنە، ئەگەر ئامرازی پەیوەندی گرتنە و بە یارمەتیی ئەو دەتوانین بەیانی هەستە ڕوحییەکانی خۆمان بکەین، لە هەمان کاتیشدا وەکوو پێناسێکی نەتەوەیی مرۆڤ سەیردەکرێت. گرینگی تایبەتی پێ دەدرێ چونکە نەخشی بنەڕەتی لە گەشە و پەروەردەی مناڵدا هەیە. وڵاتانی پێشکەوتوو، یەک لەوان سوئێد، بەپێی ئاکامی لێکۆڵینەوەکان، ساڵانێکە بەو قەناعەتە گەیشتوە کە دەبێ ئیمکاناتی تەواو بۆ پەروەردەی مناڵە بیانییەکان تەرخان بکا بۆوەی بتوانن باشتر و زانستیانەتر ڕابێن و زمانی دایکیی ئەو مناڵانەش پێپلەکانی مەحکەمی سەرکەوتنیانە لە کۆمەڵگای سوئێدیدا.

زمانی دایکی ئەگەر بە ناوی دووهەمی پێناسە بکرێت، «زمانی نەتەوەیی» باشترین و گونجاوترین پێناسەیە بۆی. چونکە گرینگترین ئامرازی پەیوەندی کۆمەڵایەتییە، ئامرازێک کە دەتوانێ بەیانی فەلسەفەی تایبەتی ژیانی هەر تاکێک لە کۆمەڵگەدا بکا. زمان بنیاتێکی کۆمەڵایەییە و فەلسەفە و شێواز و ئەخلاقی تایبەتی ژیانی کۆمەڵگەی پاراستوە و بەیانی دەکا. گشت ئەزموونەکان، بەها و ئەرزیشەکان، بیروبۆچوون و فکرەکان، هەرهەمووی ئەوانەی بەدرێژایی مێژوو لە کۆمەڵگەیەکدا پەسند کراون و مڵکی نەتەوەیەکن و، لە زمانی ئەو نەتەوەیەدا تۆمارکراون. تەواوی ئەوانەش بە یارمەتیی ڕێزمان، مۆرفۆلۆژی و شێواز، وشە و مانا و ئیستعارە و چەمک و مەبەست مێژووی کلتووری سیاسی نەتەوەکە پێک دێنن.

زمانی دایکی هەروەک گوتمان دنیای ئەو نەتەوەیەیە، هەر چی لەباری فەرهەنگییەوە دەوڵەمەندتر بێ، لە زانست و

پەروەردەدا پێشكەوتووتر بێ، خاوەن دەوڵەت و ئابووری سەربەخۆی بەهێزتر بێ، زمانەكەشی دەوڵەمەندتر، زیندووتر و قابیلتر دەبێ. ئالفۆنس دوودە، نووسەری فەڕانسەوی ڕستەیەكی زۆر جوانی هەیە و دەڵێ: «هەر نەتەوەیەك زمانی دایكیی خۆی فەرامۆش بكا، ڕاست وەكوو ئەوە وایە یەخسیرێكی زیندانی كلیلی ژووری زیندانەكەی ون كردبێ.»

ئێمە ئێستا كە لە مانا و گرینگی زمانی دایكی وەكوو زمانی نەتەوەیی تێگەیشتین، بەدڵنیاییشەوە دەبێ هەست بە مەترسی كزكردن و پاشگوێ خستن و لەپەراوێز هاویشتن و فەوتاندنی زمانەكەمان لەلایەن نەفام و نەیاران بكەین. زمانی كوردیمان، ئاوێنەی باڵانوێنی شارستانیەتی ئێمەیە و مەرگی ئەو نەک بە مانای مەرگی گۆشەیەک لە شارستانییەتی جیهانە، بەڵكوو فەوتان و توانەوەی نەتەوەكەشمانە. هەموو زمانەكانی دنیا لە بەرامبەر مەترسیدان، ئەگەر بەشێوەی كردەیی دەكارنەكرێن و نەپارێزرێن. بەپێی ئاماری ڕێكخراوی یۆنسكۆ كە دەڵێ ٦٥٠٠ زمان لە دنیا هەیە و نیوەیان مەترسی فەوتانیان لەسەرە و لەگەڵ ئەو تێداچوونەش جیهانێک لە كەلتوور و شارستانییەت و میراتی فەرهەنگی و فكری دەفەوتێ. تەنیا لە ٣٠٠ ساڵی دواییدا، ژمارەیەكی سەرسوڕهێنەر لە زمانەكان بەتایبەتی لە ئوسترالیا و ئامریكای لاتین فەوتاون و نەماون. هەر بەپێی ئامارەكانی یۆنسكۆ، لە ئێرانی بەڵا و مەلا لێدراودا، بیست و چوار زمان مەترسی فەرامۆشی و فەوتانیان لەسەرە، دوو زمان هەر بە تەواوی تێداچوونە و پێنج زمانیش كەس قسەیان پێ ناكا. لەخۆڕا نییە ڕێكخراوی یۆنسكۆ ڕۆژی ٢١ فێورییەی وەكوو ڕۆژی جیهانی زمانی دایكی بەشێوەی سیمبۆلیک پەسند و دیاریكردوە. ئەو دەخوازێ گشت ساڵێک لەو ڕۆژەدا، هەم بیروڕای جیهانی وشیار بكاتەوە هەم خەڵک و دەوڵەتان هانبدا بەمەبەستی پاراستنی زمانەكانی دنیا ڕێوشوێنی پێویست و خێرا و گونجاو بگرنەبەر. یۆنسكۆ هەوڵ دەدا پێش بە فەوتانی كولتوور و شارستانییەتی میللەتانی بێدەرەتان بگرێ، چونكە باش دەزانێ مەترسیی تێداچوونیان لەسەرە.

دیاریكردنی ڕۆژی ٢١ی فێورییە لەلایەن یۆنسكۆوە هەروا لەخۆڕا نەبووە. ئەو ڕۆژە پێشینەیەكی مێژوویی خوێناوی هەیە. لەو ڕۆژەدا خوێندكارانی دانیشگاكانی شاری داكای پێتەختی بەنگلادێشی ئەمڕۆ كە ئەو سەردەم هێشتا سەربەخۆیی دەستەبەر نەكردبوو و بەناوی پاكستانی ڕۆژهەڵات دەناسرا ڕێپێوانیان ڕێک خستوە. خوێندكارەكانی دانیشگای داكا و دانیشگای پزیشكی بەتایبەت نەخشی بنەڕەتییان هەبووە. ئەوانە داوایان كردوە زمانی دایكی (بنگالی) وەكوو زمانی دووهەم لەتەنیشت زمانی ئۆردوو بخوێندرێ. مەخابن پۆلیس دەستڕێژی لێكردوون و ژمارەیەكی زۆری لەو خوێندكارانە كوشتوە. دواتر كە بەنگلادش سەربەخۆیی دەستەبەركرد، داوا لە ڕێكخراوی یۆنسكۆ كرا بەیادی ڕێزگرتن لەو قوربانییانە ئەو ڕۆژە وەكوو ڕۆژی جیهانیی زمانی دایكی دیاری بكا. یۆنسكۆ لە ١٧ی نوامبری ساڵی ١٩٩٩دا ڕۆژی ٢١ی فێورییەی پەسندكرد و لەوساوە ئیدی ئەو ڕۆژە هەموو ساڵێک ڕێزی لێ دەگیرێ.

دواییـن وتـەمـان لـەو بـارەوە، دەبێ بڵێین کە زمـانی دایکی شێوەی ڕەنگی چـاو، قەوارەی کەپۆ، چۆنیەتی و هێمـای بـرۆ و گەلێک تایبەتمەندی عەینی و زێهنی مرۆڤن و ئێمە خۆمان لە دیاریکردن و هەڵبژاردنیاندا نەخشمان نەبووە و بوونەتە بەشێک لە پێناسەی ئێمە. بۆیە لەهەر جێگایەک بژین، یا بۆ هەر شوێنێ سەفەر بکەین، پێویستە لەگەڵ منداڵەکانمان بە زمانی دایکی بدوێین و ئەوان هان بدەین و فێریان بکەین زمانی دایکی بەچاکی فێربن و لێیتێبگەن. دەبێ یارمەتیان بدەین و بەردەوام داستان و شێعریان بۆ بخوێننەوە و باسی کولتوور و شارستانیەتی خۆمانیان بۆ بکەین و هەوڵبدەین گوێیان بە مۆسیقا و چاویان بە فیلم و ڕوحیان بە شانازی و سەرکەوتنەکانی نەتەوەیی خۆمان ئاشنا بکەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەکان - ڕێکەوتی: ٧ی مای ٢٠٢٠

----------------------------------------

## زمانی دایکی و مەترسییەکانی بەردەمی..



**شیوا میرەکی**

زمـان کـۆڵەکە و بنەڕەتـی مـانەوەی هەر نەتەوەیێـک بەئەژمـار دێ. سـەرەکیترین جیـاوازی نێـوان ئـاژەڵ و مـرۆڤ توانـای قسەکردنە کە مرۆڤ گرینگترین و پێشکەوتووترین شێوە بۆ پێوەندیگرتن لەگەڵ یەکتر واتـا کەڵکوەرگرتن لە زمـان بۆ ئـاڵۆگۆڕی بیـروڕای بە کـار هێنـاوە. فێربـوونی هەر زمـانێ چەنـد قۆنـاغی بیسـتن، ئـاخـاوتن، خوێنـدن و نووسینی هەیە . ئەگەرچی زمـان وەکـوو ئامرازێـک بـۆ گەیشـتن بە ئـامانجەکـان بەکـار دەهێنـرێ، بەڵام هـاوکـات لە زۆربەی شـوێنەکان وەکـوو ئامرازێک بۆ تواندنەوەی شوناسی کەمینەکـان لە لایەن دەسەڵاتە پاوانخوازەکـان کەڵکی لێ وەردەگیردرێ. بە وتەی جـان ئێستوارت میل کـاتێ داگیرکەر بیهەوێ نەتەوەییێک بکـاتە کۆیلە و بە دوای خۆیدا ڕایبکێشێ سەرەتا زمـان و شوناسەکەی دەکاتە ئامانج. نەتەوەییێکیش کە زمان و کولتووری لە دەست دا دەتوێتەوە. کاتێ تەواوی کەڵک وەرگرتنـی مرۆڤ لە زمـانی

دایکی تەنیا قسەکردن بێت و پاڵپشتی نووسینی لە گەڵدا نەبێ، وشەکان وردە وردە لە بەین دەچێ و ئەو زمانە لاواز دەکرێ. کاتێ زمانی نەتەوەییێک لاواز بکرێ سڕینەوەی مێژووی زۆر ئاسانە.

لە سەرانسەری جیهان نزیک بە ٦٨٠٠ زمان هەیە کە ٣٨٠٠ لەو زمانانە لە مەترسی لە ناوچوونن.

لە ڕوانگەی یۆنسکۆ هەموو زمانە دایکییەکان شایانی ئەوەن کە بناسرێن، شەرعیەتییان پێ بدرێت و لە هەموو بوارەکانی ژیان و بازنەی گشتیی، بایەخیان پێ ببەخشرێت؛ بەڵام ئەوە شتێک نییە کە بەکردەوە ڕووی دابێت!. زمانە دایکییەکان زۆربەیان بەپێی پێویست پێگەی زمانی نەتەوەییان نییە، نەبوونەتە زمانی فەرمی و تەنانەت پێگەی زمانی پەروەردەشیان نییە و ئەوەش دەتوانێ ببێتە هۆی کەم کردنەوەی بایەخی خۆرسکی زمانی دایکی و مەرگی یەکجارەیی ئەو زمانە لە درێژخایەن. لە ساڵوەگەڕی ڕۆژی جیهانی زمانی دایکی، ئێمە دەبێ وەبیرمان بێتەوە کە "هەموو زمانە دایکییەکان جێگەی بایەخن و هەمووان بۆ سەقامگیری گشتی و گەشەی بەردەوام پێویستن".

زمانی دایکی بۆ خوێندەواری پێویستی سەرەکییە لە بەر ئەوەی کە لە ساڵەکانی سەرەتایی خوێندن بەهرەکانی بنەڕەتی، خوێندن، نووسین و هەروەها پرۆسەی فێربوون ئاسان دەکات. بەهرەییێک کە بنەما و بنەڕەتی گەشەی کەسایەتی مندالان درووست دەکات. زمانی دایکی هەروەها دەرخستنێکی تایبەتە لە شوناس و توانای داهێنەریی و سەرچاوەیەکە بۆ زانست و داهێنان. بەڵام بەوەشەوە زمانی پەروەردە لە ساڵەکانی سەرەتای خوێندن بەدەگمەن زمانی دایکی مندالانی قوتابییە.

بەگوتەی یۆنسکۆ، نزیکەی لە سەدا ٤٠ی دانیشتووانی جیهان دەستیان بە سیستەمی پەروەردە بە زمانی دایکی ڕاناگات. لە کاتێکدا زۆربەی لێکۆلینەوەکان دەریان خستووە کە زمانی دایک پرۆسەی فێربوونی گشتی و فێربوونی زمانەکانیتر ئاسانتر دەکات. بە گوێرەی ڕاگەیاندنی یۆنسکۆ هەر کەس بە زمانی خۆی نەخوێنێ و نەنووسێ نەخوێندەوار دێتە ژمار.

منداڵ پاش لە دایکبوونی و بۆ پێوەندیگرتن لە گەڵ دەوروبەری خۆی فێری زمان دەبێت و زمان دەبێتە کەرەستەیێک بۆ فێربوون و ناسین و ناساندنی شوناسی تاکەکەسی و بە کۆمەڵی خۆی لە کۆمەڵگا. زمان کاتی دووگیانبوونی دایک لە سێ مانگاندا ئاشنای ڕۆح و مێشکی منداڵ دەبێ و دەبێتە هۆی ئەوەی بنەڕەتی کۆدی ژنتیکی بە شێوازی زمانی دایکی دابنرێت.

بەڵام ئەگەر کاتی بەدنیاهاتنی منداڵ بە زمانی دایکی قسەی لەگەڵدا نەکرێ، ئەو کۆدە بە یەکجاری دەشێوێ.
فێرکاری بە زمانی دایکی هۆکاری دوورکەوتنەوە یان جیابوونەوەی نەتەوەکان نییە، بەڵکوو لێکۆڵینەوە کۆمەڵناسییەکان

دەریان خستووە کە سیاسەتی چەند زمانی لە کاروباری پەروەردەییدا کاریگەری زۆری لەسەر ڕاگرتن و پەرەسەندن و گەشەکردنی فەرهەنگە نەتەوەییەکان هەیە.

دوکتور کانگاس تیۆریسیەن لە بواری زمان دایکی لەوبارەیەوە دەڵێت: "زمانی دایکی زمانێکە کە مرۆڤ لە ڕێگای ئەوە بیر دەکاتەوە و خەون دەبینێت. لە ڕاستیدا زمانی دایکی وەکوو پێستی لەشە و زمانەکانی تر ئاسەرێ زیاتر نین". هونەر سەرەکیترین ئاستی بەرزی مرۆڤە کە لە ڕێگەی زانست و مەنتقەوە پێکنایە. زمانی دووهەم لە ڕێگەی ڕاهێنان و بە شێوەی خۆوشیارانە فێر دەبین، بەڵام ناوشیارانە فێری زمانی دایکی دەبین بۆیە لە نێوان زمانی دایکی و هونەر هاوئاهەنگی هەیە؛ لە نێوان دوو شت کە سەرچاوە لە دنیای ناوشیاری مرۆڤەکان دەگرن.

بە پەراوێزخستنی زمانی دایکی، توندوتیژی بەرانبەر بە منداڵانە و پێویستە بهزووترین کات چارەدۆزییەک بۆ ئەو شێوە توندوتیژیانە بکرێت. چونکە کاتێ لەگەڵ منداڵ بە زمانێ جگە لە زمانی دایکی قسە دەکرێ، دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵ لە دایک و باوک و بنەماڵەکەی سووک بڕوانێ. منداڵ لەو کاتەدا بیردەکاتەوە بنەماڵەکەی باشترین شتیان بۆی دەوێ و ئەمە دەبێتە هۆی جۆرێک دژوازی لە دەروونیدا کە لە درێژەی زەمان تووشی هەستی پووچی دەکا و لە پرۆسەی فێربووندا تووشی کێشە دەبێ، متمانە بەخۆی لە کۆمەڵگا لە دەست دەدا و ناتوانێ بە باشی لە نیوان دەروونی خۆی و دنیای دەرەو پێوەندی ساز بکات.

دیارە گاڵتە و سووکایەتی کردن بە زمانی دایکی، دەبێتە هۆی هەستی خۆ بەکەم زانین و ئەو ڕەوتە تا ڕادەیەک ڕێخۆشکەر دەبێ بۆ هێژموونی دەسەڵاتی باڵادەس و دور کەوتنەوە و تەنانەت نکۆڵی تاک لە ناسنامە و شوناسی سەرەکی خۆی کە ئەمیان ڕووی دووهەمی بە پەراوێزخرانی زمانی دایکی واتە ئاسمیلاسیون یان تواندنەوەی گرووپێک بە شوناسی جیاواز لە نێو گرووپێکی دیکە لە ڕێگەی باڵا دەستی و هێژموونیی فەرهەنگ و زمانی زاڵە. ئاسمیلاسیۆن دەبێتە هۆی لە ناوچوونی گرووپێک بە شێوەیەک نەرم و نادیار. بۆ وێنە کاتێک کە زمانی میللەتێک یاساغ بکرێت و بە کار نەبرێ، دیارە ئەو زمانە دەکەوێتە بەر مەترسی کاڵ بوونەوەوە و بگرە لەناوچوون. ڕوونە کاتێ زمانی نەتەوەیەک لە ناو بچێ، سڕینەوەی مێژووی و یادەوەری ئەو نەتەوەیە زۆر ئاسانتر دەبێتەوە.

کەواتە کاتێ مرۆڤی کورد لە گەڵ منداڵی بە زمانێ جگە لە زمانی زگماکی قسە دەکات و زمانێ کە بیری پێدەکاتەوە، جیا لە زمانی خۆیەتی تووشی ئاسمیلەبوون هاتووە و شوناسی خۆی لە بیر چۆتەوە،یان کاتێ کە تەواوی کەڵکوەرگرتنی مرۆڤی کورد لە زمانی دایکی تەنیا لە قسەکردنی ڕۆژانەدا بێ و پاڵپشتی نووسین و پەروەردە و بیرکردنی لە گەڵ نەبێ،

وشەکانی لە بیر دەچنەوە و ئەو زمانە وردە وردە بەرەو گۆڕانی نەرێنی و تەنـانەت لەنـاوچوون دەچێت. بەو هیـوایە کە ئەم ڕۆژە ببێتە هۆی ڕاچڵەکاندنی کەمینەکان بۆ ڕێزگرتن لە خۆیان و زمانی دایکییان، چونکە پشتکردن لە زمانی دایکی وەکوو پشتکردن لە دایکە.

قوروە

سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەکان - ڕێکەوتی: ٧ی مای ٢٠٢٠

---------------------------------------------------

## ئاخووندەکانی کۆماری سێدارە دژایەتی زمانی کوردی دەکەن






ڕەزا شوان

زمان بنەمـایەکی سەرەکی و گرنگترین کۆڵەکەیە لە کۆڵەکەکـانی پێکهـاتەی نەتەوەیی. بەڵکو زمـان ناسـنامەی نەتەوەیـی لەسەر بنیـاد نراوە. هەر نەتەوەیەکیش زمانی تـایبەتی خۆی هەیە. بۆیە زمان فاکتەرێکی سەرەکی و گرنگە بۆ

پێناسەکردنی هەر نەتەوەیەک.

کەواتە زمان مایەی ژیان و مانی هەرنەتەوەیەکە. هەرنەتەوەیەکیش گەر زمانەکەی خۆی فەرامۆش بکا و لە بیری بکا، یا لە لایەن داگیرکەرانەوە لێی داگیربکەن، ئەو نەتەوەیە بەرەو توانەوە و لەناوچوون دەچێت.. گەر چاوێک بە مێژوودا بگێڕین ئەم راستییەمان بۆ دەردەکەوێت، کە چەندین نەتەوە و زمانی دێرین لەناوچوون و تەنیا ناویان ماونەتەوە. هەر نەتەوەیەکیش گەر خاوەنی قەوارەی سیاسی سەربەخۆش نەبێ، گەر زمانەکەی خۆی بەکاربهێنێ و بیپارێزێ و منداڵەکانیان فێری زمانەکەیان بکەن، هەرگیز ئەو نەتەوەیە نامرێت و بە زیندوویی دەمێنێتەوە. (فریدریک هۆڵدرلین) دەڵێ: "زمان دوا شتە کە بمێنێت بۆ ئەو کەسەی کە نیشتمانی لێ داگیرکراوە"

زمان سامانێکی کولتوورییە و هەڵگر و پارێزەری هەزاران داب و نەریت و بەها و ئەزموونی سەردەمە جیاوازەکانە. رۆڵی لە ژیانی رۆژانەی هەر کۆمەڵگایەکدا هەیە.

زمان بە شێوازی قسەکردن و گفتوگۆ یا بە نووسین بێ، گرنگترین کەرەستەی دەربڕین و گوزارشتکردن و تێگەیشتنی مرۆڤە، هۆیەکی گرنگە بۆ گەیاندنی هزر و ئەندێشە و خەون و بیرۆکەکانی مرۆڤ بە کەسانی دیکە. کەرەستەیەکی گرنگیشە بۆ دروستکردنی پردی پەیوەندی و لە یەکگەیشتن و لە یەکوەرگرتن لە نێوان نەتەوکاندا.

هەر زمانێک، بایەخی پێبدرێ و خزمەت بکرێ، هەروەکو چۆن بە خزمەتکردن و راهێنان ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ بە دروستی دەرسکێن و گەشەدەکەن و بەهێزتر دەبن. بە هەمان شێوەش گەر زمان هەمیشە بەکاربهێنرێ و بە باشی خزمەتبکرێ، پەرەدەستێنێت و گەشە دەکات و تەمەندرێژ دەبێت، بە زاراوە و بە وشە گەلێکی تازە، فەرهەنگی دەوڵەمەنتر دەبێت. ئەو زمانە نامرێت و هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

بە پێی ئاماری رێکخراوی یۆنسێف، زیاتر لە (٧٠٠٠) زمان لە جیهان دا هەیە. هەندێ لەم زمانانە تەنیا (١٠) کەس پێ دەدوێن. تەنیاش لە سەدەی بیستەمی رابردوەدا زیاتر لە (٤٠٠) زمان لەناوچوون. بۆچوونەکانیش وا دەگەیەنن، کە تا کۆتایی ئەم سەدەیە، نیوەی زمانەکانی جیهان کە تا ئەمرۆ ماونەتەوە، لەناودەچن و دەبنە هەواڵی هەبوون.

زمانی شیرین و دێرین و رەسەنی کوردی، زمانی نەتەوەی کوردمانە، کە لە ئەمڕۆدا نزیکەی (٥٠) ملیۆن کورد لە کوردستان و لەو وڵاتانەی کە رەوەندی کوردیان لێ دەژین، بە زمانی کوردی دەدوێن.. شانازیش بە رەسەنایەتی زمانەکەمانەوە دەکەین.

زمانی كوردی یەكێكە لە هەرە زمانە كۆنەكانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان. زمانی كوردی یەكێكە لەو زمانانەی كە سەر بە بنەماڵەی زمانەكانی (هیند و ئەورووپییە) بەڵكو كوردستان بە لانكەی سەرهەڵدانی زمانەكانی هیندو ئەورووپی دانراوە. سروشتیە كە كۆمەڵێك زاراوە و وشەی هاوبەش و نزیك لە یەكتری، لە نێوان زمانەكانی ئەم نەتەوانەدا هەن.

زیادەڕۆیی ناكەین كە دەڵێین، (مێژووی زمانی كوردی) بۆ (١٥) هەزار ساڵ بەر لە ئەمڕۆ دەگەڕێتەوە. ئەمەش قسەی رووت و بێ بەڵگە و بێ بنەما نییە، بەڵكو بە بەڵگە و بە لێكۆڵینەوەی زانستی ئەم راستییە مێژووییە ساغ بۆتەوە.

بۆ نموونە (لای لایە) یەكمان بە زمانی كوردی هەیە، كە دایكانی كوردمان دایان ناوە و بە دەنگ و ئاوازەوە بۆ كورپەكانیان وتوویانە، مێژووی ئەم لای لایە كوردییەمان، بۆ زیاتر لە (١٤) هەزار ساڵ بەر لە ئەمڕۆ دەگەڕێتەوە كە كۆنترین لای لایەیە لە هەموو جیهان دا. نووسەری ناسراوی كوردمان پرۆفیسۆر (فاروق سەفی زادە بۆرەكەیی) دەقی ئەم لای لایە كوردییەی بە رێنووسی ئارامی كوردی لە ژمارە (٥) ی ساڵی (٢٠١١) ی گۆڤاری (ئاناهیتا) دا بڵاوكردوتەوە. پروفیسور فاروق بۆرەكەیی ئاماژەی بەوەش داوە، كە ئەم لای لایە كوردییەی لە دەمی كۆچكردوو دایكە (مینا ئێزدیمهر بۆرەكەیی) یەوە وەریگرتووە. لە بنەڕەتیشدا لای لایەكە بە زمانی (ئاڤێستا) ی كۆن دانراوە و وتراوە، كە زمانی (ماد) ی و باوباپیرانی مادی و زمانی ئەمڕۆی كوردیمانە. نەوە لە دوای نەوەی كوردمان بە زاری ئەم لای لایەیان لە یەكترییەوە وەریانگرتووە، تا گەیشتوو بە نەوەی ئەمڕۆمان. ئەم لای لایە كوردییە لە نۆ دێڕ پێكهاتووە، وەریان گێڕاوە بۆ سەر زمانی فارسیش. ئەمەش دوو دێڕی دەستپێكی ئەو لای لایە دێرینە رەسەنەمانە. كە لە زمانی فارسییەوە وەرگێڕاوە بۆ دیالێكتی سۆرانی كوردی:

رۆڵە لای لایە، كۆرپەم لای لایە<br>
نازانم بۆچی دەنگت دەرنایە<br>
راستی و رەوا چاكترین دیارییە<br>
ئاكاری باش بەختەوەرییە

گەر سەرنج لە لای لایەكانی ئەمڕۆمان بدەین، دەبینین كە دێڕی یەكەمی ئەم لای لایە كوردییە دێرینەمان، بووە بەهەوێن و بە ئیلهام بۆ دەستپێكی زۆربەی لای لایەكانی دایكانی ئەمڕۆی كوردمان.

بێگومان رەگ و ریشەی زمانی كوردی دەگەڕێتەوە بۆ سەر زمانی (ماد) كە باوباپیرانی كوردن. نەك هەر خۆمان جەخت

لەسەر ئەم راستییە دەکەین. بەڵکو بەشێکی زۆر لە توێژینەرانی رۆژهەڵاتناسانی رۆژئاوایی و روسیاش، کە بە شێوەیەکی ئاکادیمی لە رەچەڵەک و رەسەنایەتی زمانی کوردی کۆڵیونەتەوە. جەخت لەسەر ئەم راستتیە دەکەن کە زمانی کوردی ئەمرۆ هەمان زمانی مادەکانە.

رۆژهەڵاتناسی روسی (فلادیمێر مینۆرسکی) دەڵێ: "من دڵنیام کە رەگ و ریشەی زمانی کوردی لە زمانی مادی دایە" پرۆفیسۆری ئەڵمانی (مەکنزی) یش دەڵێ:"هەر لە یەکەم سەرنجدا، مرۆڤ هەست بەوە دەکات کە زمانی مادی و زمانی کوردی هەر یەک زمانن. ماد، یانی هەر هەمان مەزنترین نەتەوەی ناوچەکەیە، کە ئێستا بە ناوی کوردەوە درێژەی بە ژیان داوە.."

دکتۆر (گێرنۆت وینهۆڤەر) ئەڵمانی، ئەویش پێی وایە "بەشی هەرە زۆری ئەوانەی بە زمانی کوردی دەدوێن، بە زۆری لە رابردوودا بە زمانی مادی قسەیان دەکرد"

رۆژهەڵاتناسی ئەمریکی (جان لیمبرت) ئەویش لەو بڕوایە دایە" میدییەکان باوباپیرانی کوردن"

زمانی کوردی لەنێو زمانە چالاکەکانی جیهان دا، پێگە و پلەیەکی دیاری و بەرزی هەیە و بە فەرمی ناسرواوە. لە ریزبەندی (١٤٣) ی زمانە زیندووەکانی جیهانی تۆمارکراوە. لە کۆی (٨٨ - ١٠٠) ئەو زمانانەی کە لە (٨٠%) ی هەموو دانیشتوانی جیهان قسەی پێدەکەن، زمانی کوردی لە ریزبەندی نیوەی یەکەمی ئەو زمانانە دایە.

نووسەری کوردمان کاک (محەمەد مەندەلاوی) لە نووسینێکی بڵاوکراوەی دا، لەژێر ناوی (کورتە باسێک دەربارەی مێژووی ناو و نازناو و وشە لە زمانی شیرینی کوردی) نووسیویێتی:"سازمانی یۆنسکۆ کە سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانە لە رێی راگەیاندنەوە هەموو نەتەوەکانی جیهانی ئاگادار کردەوە، کە (٣١٦) زمانی کۆن و دەوڵەمەندی تۆمارکراو لە جیهان دا هەن. کە زمانی تورکی لە پلەی (٢٧٤) دا هاتووە، بەڵام زمانی کوردی لە پلەی (٨٠) دا هاتووە؟ بەو مانایە، کە زمانی کوردی (١٩٤) پلە لە پێش زمانی تورکی دایە. دیسان لەم بوارەوە لە ساڵی (٢٠٠٨) ی زاینی، گۆڤاری رۆشنبیری فەرەنسی بە نێوی (فەرەنسی لە جیهان) دا، کە تایبەتە بە زمان و زمانەوانی، لە ژمارە (٣٥٥) دا، لە نێوان (٨٨) زمانی زیندوو لە جیهان دا، زمانی ئینگلیزی بە پلەی یەکەم بوو، فەرەنسی پلەی دووەم بوو، ئیسپانی پلەی سێیەمی بە دەست هێنا،

ئەڵمانی پلەی چوارەم بوو. زمانی کوردی پلەی (٣١) ی بە دەست هێنا. زمانی فارسی بە نۆ خاڵ لە دوای زمانی کوردی

یەوە هاتووە کە پلەی (٤٠) ی بە دەست هێناوە، زمانی... هتد"

گەر بەراوردێک لە نێوان زمانی کوردی و زمانی تورکی و زمانی فارسی دا بکەین. لە رووی رەسەنایەتی و مێژوویی و پەتیی و پاکییەوە، ئەو راستییە حاشا هەڵنەگرەمان بۆ دەردەکەوێ، کە زمانی کوردی لە تورکی و لە فارسی دێرینتر و رەسەنترە. سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵانەش، کە داگیرکەرانی کوردستان داویانە بۆ شێواندن و لاوازکردنی زمانی کوردی.. بەڵام تا ئەمڕۆ زمانی کوردی زۆر لە زمانی تورکی و فارسی رەسەنتر و پاکترە.. فارسی و تورکی لە تێکەڵەی چەند زمانێکی تر پێکهاتوون. بە هەزاران زاراوە و وشەی کوردی لە نێو زمانی تورکی و فارسی دا هەن.. گەرچی مێزەری رەش و تەربووش (کڵاوی سوور) یان لەسەر کردوون، بەڵام مۆرکی کوردییان پێوە دیارە.

داگیرکەرانی کوردستان لە تورک و فارس و عەرەب، ساڵەهای ساڵە، بە ئەوپەڕی رەگەزپەرستییەوە، بە هەموو شێوەیەک و بە پیلان داڕێژراوی، هەوڵی شێواندن و لاوازکردن و سڕینەوەی زمانی کوردیمانیان داوە و دەدەن. ئەم داگیرکەرانە هێندە فاشستی و رەگەزپەرستن کە لە جیهان دا لە وێنەیان نییە، نە دان بە زمانەکەمان و نە دان بە بوونی نەتەوەییمان دا دەنێن. نە دانیش بە کوردستانی نیشتمان دەنێن، هێندەش دڵڕەش و کۆنەپەرست و لەخۆبایی و نەژادپەرست و دەمارگیرن، خۆیان لە سەرووی هەموو نەتەوەکانی ترەوە دەزانن.. ئێمە چەند جارێکی دیکە وتوومانە و دەیڵێینەوە، با تورک و فارس و عەرەب، باش ئەوە بزانن تا کوردیش نەبێت بە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، نە تورک و نە فارس ونە عەرەبیش ناتوانن بە ئاسوودەیی و بە ئارامی و ئاشتی بژین، تا رۆژێ زووتر کورد رزگاری بێت و دەوڵەتی کوردستان دابمەزرێنێت، لە بەرژەوەندی ئەم چوار نەتەوەیە دایە چونکە ئاسایش و ئاشتییان پێکەوە گرێ دراون. ئەگینا تا بێت کێشەکان گەورەتر و برینەکان قووڵتر دەبنەوە. قوربانی و ماڵوێرانی و ناسەقامگیری و شەڕ و خوێنڕشتن و رقێکی زیاتری و زیاتری لێدەکەوێتەوە. کێشەی کورد کێشەیەکی سۆزداری و بەزەیی و مرۆڤایەتی و خێرپێکردن نییە.. کێشەی ئێمەی کورد کێشەی خاک و مافەکانمانە، کێشەی کوردستانی نیشتمانی داگیرکراومان و مافە زەوتکراوەکانمانە. هەرگیز ئەم کێشانەش بە شەڕ و لەشکرکێشی و کۆمەڵکوژی و بە سەرکوتکردن چارەسەر ناکرێن.. تەنیا چارەسەرکردن ئەوەیە کە داگیرکەران دەست لە کوردستان هەڵبگرن و کورد مافی چارەی خۆنووسین بەدەست بهێنێت. ئەمەو بەپێی پرەنسیپەکان و بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان مافێکی رەوایە، کە گەلانی مافخوراو و نیشتمان داگیرکراو خەبات بکەن و شۆڕشی چەکداری بەرپابکەن، لە دژی چەوسانەوە و لە دژی داگیرکەران. ئێمەی کوردیش مافی خۆمانە کە ژێردەستەیی قبووڵ نەکەین و بە هەموو توانا و بە هەر شێوەیەک بۆمان بەرگرێ، داکۆکی و پارێزگاری لە گەلی کوردمان و لە کوردستانی نیشتمانمان و لە زمانەکەمان بکەین.. سەردەم سەردەمی رزگاری گەلانی ژێردەست و چەوساوەیە لە داگیرکەران.

بۆ مافێکی ڕەوایە کە منداڵانی تورک و فارس و عەرەب بە زمانی دایکیان فێربن و بخوێنن و بنووسن، ئەی بۆ ئەم مافە بە منداڵانی ئێمەی نەتەوەی کورد ڕەوا نابینن؟!

وەکو لە بڕگەی (١) ی مادەی (٢٩) ی جاڕنامەی مافەکانی زمان دا هاتووە، هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە بەو زمانە پەروەردە بکرێت، کە تایبەتە بەو خاکەی لێی دەژی.

بەبێ جیاوازی، هەر منداڵێک مافی ئەوەی هەیە کە بە زمانی دایکی (زمانی زگماکی) فێربێ و بخوێنێ و بنووسێ. ئەمە مافێکی ڕەوا و یاساییە. زمانی دایک ئەو زمانەیە کە منداڵان لە دایکان و باوکان و ئەندامانی خێزانەکانیان و لە کەسوکاریانەوە فێری دەبن و قسەی پێدەکەن. زمانی دایک بەشێکە لە ناسنامەی کەسێتی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری منداڵان.. زمانی دایک ئەو زمانەیە کە منداڵان لە هەموو زمانێکی کە، باشتر دەیزانن و زیاتر توانایان بە سەریدا دەشکێ. دەتوانن باشتر و شیرینتریش گوزارشت لە هزر و ئەندێشە و خەون و خواست وبیرۆکەکانی خۆیان بکەن. فێربوون و خوێندن بە زمانی دایک کاریگەری لە بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەیی هەیە. کەواتە ئامانج لە فێربوونی زمانی زگماکی کوردیمان پارستنی ناسنامەی نەتەوەییمان و بەهێزکردن و شیرینکردنی دڵسۆزی و سۆز و خۆشەویستی و هاوبەستەبوونە بۆ کورد و بۆ کوردستانی نیشتمانی پیرۆزمان. ئەمەش نە تاوانە و مەترسیشە بۆ سەر ئۆقرە و ئاسایشی هیچ نەتەوەیەکی تر، وەکو داگیرکەرانی کوردستان کردوویانە بە بیانوو، گوایە ترسناکترین هۆیە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەییان. داگیرکەرانی کوردستان، فێربوون و خوێندن بە زمانی کوردی، بە ناپاکی و تاوانی جوداخوازی دادەنێن.!

هەر چوار دەوڵەتە ڕەگەزپەرستە داگیرکەرەکانی کوردستان، هەر هەمان نیازگڵاوی و پیلان نەگریسییان لە دژایەتیکرنی کورد و زمانی کوردیمان هەیە. هەرچواریان فێرکردن و خوێندنیان بە زمانی کوردی قەدەغەکردوون. چەند جارێک باسمان لەم تاوانانە کرد کە چۆن تورکیا و سوریا و پێشتر عێراقیش، کە بە زۆرداری و بە تۆبزی منداڵانی کوردیان فێری زمانی تورکی و عەرەبی کردن و دەکەن.

لەم نووسینەدا، بە کورتی باس لە ستەم و زۆرداری و چەوسانەوە و سەرکوتکردنی منداڵانی بەدبەخت و بێنازی کوردمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین، کە لە سایەی دەسەڵاتی خۆسەپێن و پاوەنکەری ئاخووندە ڕەگەزپەرست و مەزهەبپەرست و کۆنەپەرستەکانی سەدەی بیست و یەکەمین دا، شەمشەمەکوێرەکانی تاریکی، کە لە فایرۆسی گۆڤید نۆزدە زۆر مەترسیدارتر و قێزەوەنترن.

رژێمــی ئیرانــی فارســی رەگەزپەرســت، مــافی فێركــردن و خوێنــدنیان بە زمــانی كــوردی لە رۆژهەڵاتــی كوردســتان دا قەدەغەكردوون، كە زیاتر لە (١٠) ملیۆن كورد لەم بەشەی كوردستان دا دەژین. رێش بەوە نـادەن كە قوتابخـانە و كۆرسی فێركردن و فێربوونی زمانی كوردی بكرێتەوە. زۆر مامۆستای دڵسۆزمان هەیە كە ئامادە خۆبەخشانە وانەی كوردی بڵێنەوە و منداڵانی كوردمان كە تامەزرۆی خوێندن بە زمانی كوردی، فێری كوردییان بكەن.. رێگرتن لەم مافە، تـاوانێكە دەرهەق بە مافەكانی منداڵانی كوردمان.

رژێمی رەگەزپەرستی فارسی، بە زۆرداری و تۆبـزی منـداڵانی كوردمـان فێـری زمـان و كولتـووری فارسـی دەكەن. كە زمـانی خۆیـان نییە و نامۆیە بە لایانەوە و پێیـان هەرس ناكرێت.. هەر ئەمەش بـۆتە هـۆی دواكەوتـن و لاوازیـان لە خوێنـدن، یـا دەرنەچوونیان.

بەڵكو منداڵانی كوردمان ناچاردەكەن كە قوتابخانەكان جێبهێڵن و واز لە خوێندن بێنن.

بێگومـان مەبەست لە بە زۆر فێركردنـی زمـانی فارسـی، ئەوەیە كە منـداڵانی كوردمـان لە كـوردایەتی دووربخەنەوە و سۆز و هەوبەستەبوونیان بۆ كوردوستان و خۆشەویستیان بۆ زمانی شیرینی كوردیمان كاڵبكەنەوە، داب و نەریتـی رەسەنی كوردیمـان لایان بێ تام و سووك بكەن. بە كورتی هەموو هەوڵێكیان ئەوەیە كە منـداڵانی كـورد هەڵگەڕێننەوە و بیـانكەن بە فـارس و لە بـۆتەی نەتەوەی فـارس دا بە نـاوی هاونەتـەوەیی ئێـرانییەوە، نەتەوەی كـورد بتـوێننەوە.. ئەم نیـازە گڵاوەشیـان بە بەرنامە داڕێژراوی جێبەجی دەكەن. ئەم پیلانەش لە سەردەمی حەمەرەزا شای نەفرەتی و گۆڕبەگۆڕەوە دەستی پێكـرد، بەڵام ئاخووندە كۆنەپەرستەكان كە دژی ئازادی ودیموكراتی و یەكسانی و مافەكانی مرۆڤی كورد و مـافی منـداڵانی كـوردن، تـۆختر و تونـدتر سیاسـەتی بە فارسكـردنی كـورد جێبەجـێ دەكەن. زیـاتریش گەلـی كوردمانیـان پاروێــزكردوون و كەمتـریش لە هـاوڵاتی پـلە دوو لە كـورد دەڕوانـن.. بە تـاوانی بێبنەمـا و هەڵبەسـتراو بە سـەدان مێردمنـداڵی كوردیـان بەنـدكردوون بە شێوەیەكی دڕندانە و نامەردانە ئەشكەنجە و ئازاریان دەدەن، تا ئێستا بە دەیـان مێردمنـداڵی كوردیان لە سێدارە داون.

ئێــران لە لەسـێدارەدان دا بە گشـتی و لە لەسـێدارەدانی مێردمنـداڵان و ژنــان بە تــایبەتی، خــاوەنی پــلەی یەكەمینــە و باڵاترین نمرەی و ریكوردی جیهـانی لە لەسێدارەدان دا تۆمـاركردووە، كە لاوان و مێردمنـداڵانی كوردمـان پشكی شێریـان لە لەسێدارەدانی كۆماریێ ئیسلامی سێدارەدا هەبووە و هەیە.

لە مادەی (١٥) ی دەستووری ئێراندا، ئەو مافە بە نەتەوەكانی بێجگە لە فارس، دراوە كە بە زمانی زگمـاكی خۆیـان فـێربن

و بخوێنن، بەڵام وەکو دەڵێن ئەمە تەنیا مەرەکەبی سەر کاغەزە و هیچی تر نییە، نزیکەی (٤١) ساڵە، ئەم مادەیە جێبەجێ نەکراو و ناشکرێت، بەڵکو بە پێچەوانەی ئەم مادەیە، هەوڵی لەناوبردن و سڕینەوەی زمانەکانی نەتەوەکانی تریان داوە و دەدەن، بە تایبەتیش زمانی کوردی.

لایەکی تریشەوە، بەشی کوردی لە و کەناڵە تەلەفزیۆنی و رادیۆ بەکرێگیراوانەیی کە لەژێر چاودێری و سانسۆر و ئاراستەی رژێمی ئێران دا، پرۆگڕام و بەرنامەی بە مەبەست بڵاودەکەنەوە، بە هەموو شێوە و شێوازێک هەوڵی شێواندن و لاوازکردنی زمانی کوردیمان دەدەن، بە ئەنقەست وشەی فارسی دەخەنە شوێن وشەی رەسەنی کوردیمانەوە.




پیلان و هەوڵێکی قێزەوەنی تری دەسەڵاتدارانی رژێمی ئاخووندەکان، بۆ دژایەتی کردن و لاوازکردنی زمانی کوردیمان، هانی قسەکردن و فێربوون و نووسینی فرە دیالێکت و شێوە زاری ناوچەیی زمانی کوردی دەدەن، بۆ ئەوەی کە کورد نەبێت بە خاوەنی زمانی ستانداردی یەکگرتووی کوردی و بە خاوەنی زمانێکی یەگرتووی ئەدەبی و فەرهەنگی. ئەمە نیازە گڵاوەیان زیانێکی گەورە بە زمان و بە یەکێتی نەتەوەییمان دەگەیەنێت. بە داخەوە کە دەسەڵاتدارانی بەڕێوەبردن و حکومەت لە باشووری کوردستانیش، کە نزیکەی بیست و نۆ ساڵە دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە، نەک هەر نەیانویست و بەڵکو رێیان بەو هەوڵانەش نەدا، بۆ دانانی زمانی ستانداردی یەکگرتووی کوردی. تا ئەمڕۆش درێژە بە دوو دیالێکت و دوو شێوازی خوێندن و دوو میدیا و راگەیاندن دەدەن، دوو بێژەر دەدەن، دوو ئەلفوبێی کوردی دەخوێنرێ، ئەمەش ویست و خواست و جێبەجێکردنی پیلانی داڕێژراوی داگیرکەرانی کوردستان و دوژمنانی گەلەکەمانە، لە دژ یەکێتی نەتەوەی کوردمان و لە دژی دانانی زمانی یەکگرتووی ستانداردی کوردی.

دڵنیام بە هۆشیاری و بە دڵسۆزی گەلەکەمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا، هەموو پیلان و نیازگڵاوییەکی ئیرانی داگیرکەر

بۆ شێواندنی زمانی کورد پووچەڵ دەکەنەوە،

داواش لە دایکان و باوکانی کوردمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەکەم، کە لە ماڵەوە و لە دەرەوەدا، هەر بە زمانی کوردی لەگەڵ منداڵەکانیان دا بدوێن، و زمانەکەمانیان لا شیرین بکەن. خۆشەویستی و دڵسۆزی و هاوبەستەبوونیان بۆ کورد و کوردستان، لە هۆش و دەروونیان دا بڕوێنن.. ئەمەش ئەرکێکی پێویست و پیرۆزی نیشتمانیتانە.

گەر بە هەڵەدا نەچم، وا بزانم لە پەرتووکی (چریکەی کوردستان) دا خوێندمەوە، کە لە دانانی خاتوو (میدیای زەندی) یە دەربارەی هونەرمەند (حەسەن زیرەک). میدیا خان نووسیوێتی . دەقی نووسینەکەیشم نایەتەوە یاد . ئەوە دەزانم کە نووسیوێتی: کە رژێمی شا باوکمیان بۆ تاران دوورخستەوە، باوکم لە ماڵەوەدا دوو شتی سەپاند بە سەرماندا، یەکەمیان، دەبوو هەر بە زمانی کوردی قسەبکەین، دووەمیان دەبوایە لە ماڵەوە جلی کوردیمان لەبەر بکردایە.

زمانی کوردیمان زۆر لەوە گەورەتر و خۆڕاگرترە، کە ئاخووندە رەگەزپەرستەکان بتوانن لاوازی بکەن یا کاڵی بکەنەوە.. زووبێت یا درەنگ ئەم ئاخووندانە گۆڕبەگۆڕ دەکرێن.. بەڵام گەلی کوردمان و زمانی کوردیمان هەردەم بە زیندووی دەمێننەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وتاری کورد - ڕێکەوتی: ٣ی جوولای ٢٠٢٠

---------------------------------------

## ناسر حیسامی: نابێ زمانی كوردی بە پێوانەی سیاسیی و نەتەوەیی هەڵسەنگێنین



**دیمانە: هیدایەت جان**

ناسر حیسامی، نووسەر و وەرگێڕی كورد لەم چاوپێكەوتنەدا بۆ "وشە" تیشك دەخاتە سەر بنەماكانی وەرگێڕانی ئەدەبی و پرسی زمان گرێ دەداتەوە بە دەسەڵاتی سیاسی و رای دەگەیەنێت، زمانی كوردی توانا و ئاستی گەشەی جیاوازە لەگەڵ ئەو زمانانە كە چەندان سەدەیە ئەدەبیاتێكی بەرینیان پێ خوڵقاوە و گەشەیان كردووە و پێیان خوێنراوە، زمانی ئێمە زمانی نەتەوەیەكە كە لەژێر سەركوتدا بووە و زۆرجار لێی قەدەغە كراوە بە زمانی خۆی بخوێنێت.

**هیدایەت جان:** بە گشتی وەرگێڕان كۆمەڵێك بنەمای كۆنكریت و دیاریكراوی هەیە كە دەبێ وەرگێڕ رەچاویان بكات، بەڵام كە ورد دەبینەوە ناو دەقە ئەدەبییەكان ئەو بنەمایانە هەندێك گۆڕانیان بەسەردا دێت، بنەماكانی وەرگێڕانی دەقێكی ئەدەبی كامانەن و لەگەڵ ئەوەش وەرگێڕی ئەدەبی دەبێ چ تایبەتمەندییەكی تێدا بێت؟

**ناسر حیسامی:** بنەما بۆ وەرگێڕان وەك بنەمای هەموو بوارەكانی تری نووسینە، واتا مەرجی سەرەكی ئەوەیە كە تۆ توانایی كارەكەت هەبێت. بە تایبەت لەسەر وەرگێڕان دەبێ وەرگێڕ ئەو مەرجەی تێدابێت كە هەردوو زمان "زمانی سەرچاوە و ئەو زمانەی بۆی وەردەگێڕێت" بە باشی بزانێت. مەبەستیش لە زانینی زمان بۆ وەرگێڕان، بە تایبەتی وەرگێڕانی ئەدەبی ئەوە نییە كە لە ئاستی زمانی رۆژانەدا بیزانێت. بۆ نموونە كەسێك گەشت دەكات بۆ وڵاتێك و زمانی ئەو وڵاتە بەشی ئەوەندە فێر دەبێت كاری رۆژانەی خۆی ڕاپەڕێنێت. ئەوەندە بەش ناكات بۆ ئەوەی بەرهەمێكی ئەدەبی لەو زمانەوە پێ وەربگێڕی. ئەگەر باسی وەرگێڕانی شیعر بكەین، شیعر كۆمەڵێك ئاماژەی تێدایە. پێویستە لە پێشینەی مێژوویی و كولتوور و باوەڕ و پەندی پێشینانی ئەو كۆمەڵگایە بزانیت بۆ ئەوەی لەو ئاماژە و دەربڕینانە بگەی.

**هیدایەت جان**: ئەگەر سەیری کتێبخانەی وەرگێڕانی کوردی بکەین، زۆرینەی کتێبە وەرگێڕاوەکان لە بواری ئەدەبین، هۆکاری ئەمە چییە کە کەمتر خۆ لە قەرەی بوارەکانی تر دراوە؟

**ناسر حیسامی**: لەو ساڵانەی دواتر هەندێک وەرگێڕان لە بوارەکانی تریش کراوە، بەڵام راستە، بەشێکی زۆری ئەو وەرگێڕانانەی کراون بە کوردی لە بواری ئەدەبیات بووە. رەنگە هۆکارەکەی زیاتر ئەوە بێت کە بەشی زۆری نووسراوەکانی کۆمەڵگەی ئێمە ئەدەبی بوون و بەوە راهاتووین کە دەبێ وەرگێڕانەکانیشمان ئەدەبی بن. هۆیەکی تر بۆ دەستنەبردن بۆ بوارەکانی تر رەنگە ئەوە بێت کە خوێندنمان بە کوردی نەبووە. وڵاتی سەربەخۆ نەبووین و کاروباری تری ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆمان بە زمانێکی تر راپەڕاندووە. خوێندنمان لە زانکۆکان بە زمانی تر بووە. واتا زمانی زانستمان زمانێکی بەدەر لە زمانی کوردی بووە. بۆیە لەو بابەتانەوە رەنگە زۆر هەست بەو پێویستییە نەکرابێت کە بابەتی زانستیشمان بۆ کتێبخانە کوردی دەوێ و پێویستمان بەوەیە بابەتی بۆ وەربگێڕین.

**هیدایەت جان**: ئەگەر سەیری هەڵبژاردنی کتێبەکانیش بکەی، سەلیقەی کورد بۆ وەرگێڕانەکانیش هەست دەکرێت دوا کەوتووە، بۆ نموونە ئێستە سەدەی ٢١ە و وەرگێڕ دێت دەقێکی ئەدەبی سەرەتاکانی سەدەی بیستەم وەردەگێڕێت، ئەوە وای کردووە نەوەی تازە کەمتر لە ئەدەبیاتی ئەمڕۆی دنیا ئاگادار بێت، هەڵبژاردنی دەق چەندە گرنگە بۆ وەرگێڕان؟

**ناسر حیسامی**: هەڵبژاردنی ئەوەی کە تۆ چی وەردەگێڕییەوە سەر زمانی کوردی، گرنگترین بەشی کاری وەرگێڕە. ئەوە بەشی زۆری پێوەندی بەوە هەیە کە کاتێک وەرگێڕ بابەت هەڵدەبژێرێت بۆ وەرگێڕان، خۆی تا چەند شارەزای ئەدەبیاتی ئەو زمانەیە کە لێیەوە وەردەگێڕێت. من نموونەی زمانی فارسی دەهێنمەوە، ئەگەر فارسی لەو ئاستەدا بزانی کە لە تەلەڤزیۆن فێری بووی یان لە رادیۆ بیستووتە، لە میدیایەکدا کە بابەتەکانی زۆرتر بۆ سەرگەرمیی خەڵکن، دەقێک هەڵدەبژێریت بۆ ئەوەی بیکەیتە کوردی، بەڵام ئەگەر کەسێک شارەزای کون و کەلێنی ئەو ئەدەبیاتە بوو و کۆمەڵگا و مێژوو و کولتوور و پرسەکانی ئەو کۆمەڵگایەی ناسی، ئەوجار دەقێکی جیاواز هەڵدەبژێرێت بۆ وەرگێڕان. ئەگەرنا زۆر جار دەبینین شیعرێک هەڵدەبژێرن بۆ وەرگێڕان کە هایدە یان موعین کردوویانەتە گۆرانی، واتە ئەگەر تۆ سەرچاوەی زانست و رۆشنبیرییەکەت هایدە و موعین بێت، دەچی ئەو شیعرانە وەردەگێڕی بۆ کوردی کە ئەوان کردوویانەتە گۆرانی، بەڵام تۆ ئەگەر کۆمەڵگاکەت ناسی، دەگەڕێی بزانی گرنگترین سیما ئەدەبییەکانی ئەو کۆمەڵگایە کە کاریگەرییان هەبووە کێن.

**هیدایەت جان**: وەرگێڕی کورد لە هەڵبژاردنی ئەو دەقانەدا کە ئاماژەت پێ کرد توانیویەتی ئامانجەکەی بپێکێت؟

**ناسر حیسامی**: لەم ساڵانەی دواییدا کاری باش کراوە لە بواری وەرگێڕاندا. چ ئەدەبی جیهانی و چ لە ئەدەبی دراوسێکانیشماندا بەرهەمی باش کراون بە کوردی. ئێستە ئەگەر ناو بهێنم لەوانەیە هەندێک کتێبم لەبیر بچێت یان هەندێکم هەر نەدیتبێ، بەڵام بە گشتی تازە خەریکە رەچەیەک دەدۆزینەوە بۆ ئەوەی بزانین کۆمەڵگاکەمان ئەمڕۆ پێویستی بە چی هەیە. لە کۆمەڵگەی ئێمە خوێندەواری زۆرتر سەریان هەڵداوە و هەست بە بەرپرسیاری دەکەن و دەزانن کە ئەگەر بڕیار بێت شیعر وەربگێڕن، دەبێ چ جۆرە شیعرێک هەڵبژێرن و بە کۆمەڵگەی خۆیانی بناسێنن، ئەو شیعرە لە کۆمەڵگەی سەرچاوەدا چ کاریگەرییەکی هەبووە و سیما ناسراوەکانی کێن. لە رۆمانیشدا ئێمە پێشینەیەکی دەوڵەمەندمان نەبووە، تازە خەریکین کۆمەڵێک رۆمان دەکەین بە کوردی و خوێنەری ئێمە "ئەوانەی بە زمانی کوردی دەخوێننەوە" دەرفەتی ئەوەیان دەست دەکەوێت لەگەڵ نووسەرانی گەورە و بەرهەمە جیهانییەکان ئاشنا بن.

**هیدایەت جان**: ئێستە لە کوردستان چاپخانەکان زیاتر ئەو وەرگێڕانانە وەردەگرن کە لە بازاڕدا فرۆشیان هەبێت و ئەوەش وای کردووە کۆمەڵێک کەس کە شارەزاییەکی ئەوتۆیان لە زمان نییە، دەست بۆ وەرگێڕان ببەن، بەڵام کاتێک کتێبەکە دەچێتە بەردەم خوێنەر و دەبینێت زمانەکە دەروەستی نەهاتووە، وا تێدەگات کە زمانی کوردی دەروەستی وەرگێڕانی بەرهەمە ئەدەبییە جیهانی و بەرهەمە مەعریفییەکان نایەت، ڕاستییەکەی ئەو بۆچوونەی دروست بووە تا چەند لە راستییەوە نزیکە؟

**ناسر حیسامی**: ئەگەر باس لەسەر وەرگێڕان بۆ بازاڕ، وەک پیشەیەک بۆ داهات بێ، ئەوە لە جێی ترش هەیە. بەشێک لە وەرگێران، بۆ بازاڕ دەکرێ. بەڵام لە وەڵامی ئەو بەشەی پرسیارەکە کە ئایا زمانی کوردی مایەی ئەوەی تێدایە دەقی ئەدەبیی جیهانیی پێ بکرێتە کوردی یان نا، بۆچوونی من ئەوەیە کە ئێمە دەتوانین ئەو دەقە جیهانییانە وەربگێڕین و کاریکی ئەستەمیش نییە، لە هەمان کاتدا زۆریش ئاسان نییە. کاتێک باس دێتە سەر توانایی زمان، زۆر کات پێوەندی دەدەنەوە بە پرسی سیاسیی و نیشتمانی و دەڵێن کورد چی کەمترە لە نەتەوەکانی تر و زمانی کوردی چی کەمترە لە زمانەکانی تر. ئێمە نابێ بە پێوانەی سیاسی و نەتەوەیی هەڵیسەنگێنین. زمان بۆ ئەوەی گەشە بکات خزمەتی پێویستە. زمانی کوردی توانایی و ئاستی گەشەی جیاوازە لەگەڵ ئەو زمانانە کە چەندان سەدەیە ئەدەبیاتێکی بەرینیان پێ خوڵقاوە و گەشەیان کردووە و بابەتیان پێ چاپ کراوە و زمانی رادیۆ و تەلەڤزیۆن بوون و پێیان خوێنراوە. زمانی ئێمە زمانی نەتەوەیەکە کە لەژێر سەرکوتدا بووە و زۆرجار لێی قەدەغە کراوە بە زمانی خۆی بخوێنێت. ئاستی گەشەکردنی ئەو زمانە بێگومان جیاوازیی هەیە لەگەڵ بۆ نموونە زمانی ئەڵمانی یان ئینگلیزی کە چەندان دەزگای بەرینی زمانەوانی و چەندان بنکە و دامەزراوە بە درێژایی ساڵان کاریان لەسەر کردوون و وشەیان بۆ خوڵقاندوون و وشەیان لە زمانەکانی ترەوە بۆ هێناون. ئەوە جیاوازیی هەیە لەگەڵ زمانێک کە بەهۆی هەلومەرجی سیاسیی و ژیانی خەڵکی کۆمەڵگاکەی نەیتوانیوە لە ئاستێکی پێویستدا گەشە بکات. توانایی زمانی کوردی لەگەڵ توانایی زمانە گەشەکردووەکان جیاوازیی هەیە، بەڵام بەو

مانایەش نییە کە ئێمە نەتوانین بەرهەمی ئەوان وەربگێڕین. دەبێ ئەوەش بزانین کە وەرگێڕانیان کاری هەموو کەس نییە، کەسێکی دەوێ کە بەلای کەمەوە هەموو تواناییەکانی زمانەکەی خۆی بزانێت.

**هیدایەت جان:** لای ئێمە کارمەندەکانی تەلەڤزیۆنێک دێن بە کەیفی خۆیان وشە دادەڕێژن بەبێ ئەوەی مەرجەکانی زمانەوانیی تێدابێ و لەبەرئەوەی توانای پڕوپاگەندە و راگەیاندنی بەرینیشیان هەیە، وشەکە دێتە سەر زمانی خەڵک و دەچێتە ناو نووسراوی گەنجەکان بەتایبەتی. با نموونەیەکت بۆ باس بکەم، ئێستە کۆمەڵێک پەیج و گرووپ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەن کە کار لەسەر بواری زمان دەکەن، زۆر جار دەبینم گەنجەکان پرسیار دەکەن، ئەرێ مانای فلان وشە لەو شیعرەی هێمن یان حاجی قادر یان هەژار چییە؟ ئەو کەسانە کەمیش نین. یەک و دوو نین. بووە بە دیاردە. من زۆر جار بەداخ دەبم کە ئەگەر خوێندەواری ئێمە لە خوێندنگە و لە ئاستی خوێندنی باڵا نەتوانێ لە ئاستێکدا کوردی فێر بێت کە لە شیعری هێمن بگا ئەدی لە قوتابخانە چی خوێندووە؟ ئەی سیستمی خوێندنی ئێمە چی فێری خوێندکار دەکەن؟

**ناسر حیسامی:** کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان ئێستە چوونەتە پرسی زۆر ئاڵۆزترەوە. دەروونناسی هاتووەتە ناو باسەکانیانەوە. ڕۆماننووسێکی ئەمڕۆی جیهانی کە ڕۆمان دەنووسێت، لە ڕۆمانەکانی باسی پزیشکی و دەروونناسی و فیزیک و دیاردەکانی ئەمڕۆی دنیا لە بواری ژینگە دەکات. هەموو ئەوانە زاراوە و دەستەواژە و چەمکی تایبەت بە خۆیان هەیە. ئەوە بە ئیرادە نییە بڵێی زمانی کوردی زمانی نەتەوەیەکی گەورەیە و ئێمە هەموو ئەو دەستەواژە و چەمکانەمان هەیە. نەخێر نیمانە، دەبێ هەوڵی بۆ بدەین دایانبڕێژین و دروستیان بکەین.

**هیدایەت جان:** ئاماژەت بەو میدیایانە کرد کە کارمەندەکانیان بە ئارەزووی خۆیان وشە بۆ زمانی کوردی دادەتاشن، ئەو پاشاگەردانییە بە گشتی لە میدیادا هەیە و لە گەڕەکێک کە نووسینگەی بۆ نموونە سێ دەزگای میدیایی لێیە، بە سێ ڕێنووس و داڕشتنەوەی جیاواز کار دەکەن، ئەوە چ خەسارێکی بۆ داهاتووی زمانەکەمان دەبێت؟

**ناسر حیسامی:** کاریگەرییەکەی ئەوە دەبێت کە ئێمە لە داهاتوودا زمانێکی وامان نابێت هەموومان لەسەری ساغ ببینەوە و بەکاری بهێنین. زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە. زمان دەبێ هۆیەک بێ بۆ پێوەندیی تاکەکانی کۆمەڵگا لەگەڵ یەکتر. تۆ ئەگەر زمانێکی هاوبەشت نەبوو هەموو کۆمەڵگاکەت وەک یەک پێی بدوێ و بنووسێ، ئەو پێوەندییە لەناو کۆمەڵگاکەتدا دروست نابێت. زۆر جار کەسانێک دێن دەپرسن، ئەرێ ئەو وشەیە کوردی نییە و با هاوتایەکی کوردی بۆ دابنێین، نەک هەر دەزگا میدیاییەکان، ئێستە تاکەکانیش هەرکەس بۆ خۆی بڕیار دەدات لەسەر ئەوەی وشە دروست بکات و بیهێنێتە ناو زمانی کوردییەوە. ئەوانە دەنووسرێن و بڵاو دەکرێنەوە، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی نەبینە خاوەنی زمانێکی هاوبەش و

یەکگرتوو. ئەو تەوژمەی کە هەرکەس بێت و بە شک و گومانەوە هەموو وشەیەک ئەمدیو و ئەودیو بکات بزانێ ئایا رەگ و سەرچاوەکەی لە کۆنەوە کوردی بووە یان نا، ئەوە لە زمانی تردا نییە. سەیری زمانی دراوسێکانمان بکە، وەک هەموو زمانەکانی تری دنیا وشە وەردەگرن و وشە دەدەن بە زمانی تر. زمانی کوردیش هەر وایە. ئێمە ناتوانین بێین هەموو وشەی کوردی ئەمدیو و ئەودیو بکەین و بزانین کامەی لە بنەڕەتەوە کوردی بووە. کاری لەو شێوەیە هەر لە بنەڕەتەوە ناکرێت. چونکە بەشێکی یەکجار زۆر لە وشەکانی هەر زمانێک ناتوانی سەرچاوەیان بۆ بدۆزیتەوە کە ئایا لە سەرەتاوە لە کوێوە هاتوون. بەشێکی زۆری زمان پێوەندی بە سەردەمێکەوە هەیە کە هێشتا نەتەوەکان پێک نەهاتوون، وڵاتەکان نەبوون و مرۆڤ لە کۆمەڵی جۆراوجۆردا لەم دۆڵ و لەو دۆڵ لە پەنای یەکتر ژیاون و پێوەندییان لەگەڵ یەکتر هەبووە و قسەیان کردووە و وشەیان دروست کردووە. ئیتر دەرناکەوێ کە ئاخۆ ئەو وشەیە عەرەبییە یان کوردی و تورکی و سەرچاوەکەی نادۆزرێتەوە. ئەوەی کە ئێستە هەر دەزگا و نووسەرێک خەریکە لە جێیان وشە دروست دەکات، زمانەکەمان دەبێتە زمانێکی بێسەرەوبەرە. زۆر جار کە نووسراوێک دەخوێنمەوە کە زۆر لەو وشانەی تێدایە خەڵک پێیان وابووە دەبێ ئەوە دابنرێت لە جێی وشەکانی پێشتر کە بە فارسی یان عەرەبییان زانیوە، هەستی ئەوەم پێ نادات کە خەریکم دەقێکی کوردی دەخوێنمەوە و هەست بە نامۆبوون دەکەم لەگەڵ نووسینەکە. زمانێکی بێ پێناسەیە و سەروبەری دیار نییە. زمان بەوە سەقەت نابێ کە وشەی زمانی تری تێدابێ، بەڵکو زمان بەوە سەقەت دەبێ کە داڕشتنەکەی کوردی نەبێت و بەداخەوە زۆربەی ئەوانەی خەریکن لێکدا لێکدا وشەی "ناکوردی" لە زمانەکە فڕێ دەدەن و وشەی تازە دروست دەکەن و دەیهێننە ناو زمانەکە، بە زمانێک دەنووسن کە داڕشتن و بناغەکەی کوردی نییە. بەڵام ئەو وەسواسەی لە ئاست ناکوردیبوونی وشە پێشانی دەدەن، لە ئاست ناکوردیبوونی داڕشتن و بینای ڕستەکە نییانە.

**هیدایەت جان**: ئەو شێوازە مامەڵەکردنەی میدیا و نووسەران لەگەڵ زمان بەشێک نییە لەو کاریگەرییەی وای کردووە گەنج پرسیار لەسەر مانای ئەو وشە ساکارە کوردییانە بکات کە پێشتر ئاماژەت پێ دا؟ بەگشتی هۆکار چییە کە گەنجانی ئێمە ئەوەندە لە تێگەیشتنی زمانەکەیان دوور کەوتوونەتەوە؟

**ناسر حیسامی**: بە پلەی یەکەم ئەوە کاریگەریی شێوازی پەروەردەیە. دەبێ بزانی سیستمی فێرکردنەکەت لەسەر چی دادەمەزرێنیت، لە سیستمی پەروەردەی کوردیدا گرنگیی زۆر بەوە نادرێت کە رێزمان و رێنووسی کوردی فێری خوێندکار بکرێت. لەگەڵ ئەوە میدیاش دەوری هەیە و پێشتریش ئاماژەم پێ دا. با من نموونەیەکت لەسەر سیستمی پەروەردە بۆ بهێنمەوە. زۆر کەس لە گەنجی ئێستە کە لە شارە گەورەکان ژیاون، جیاوازی مەڕ و بزن نازانن، واتا نازانێ مەڕ بە چی دەڵێن و بزن بە چی دەڵێن. ئەگەر نێر بوو چی پێ دەڵێن "بەران" و ئەگەر مێ بوو چی پێ دەڵێن "مەڕ". لەجیاتی ماین دەنووسن ئەسپی مێ! یان لەبری جوانوو دەنووسن بێچووی ئەسپ. ئەوە بۆچی؟ بابەتەکە ئەوەیە کە سیستمی پەروەردەی ئێمە

ئەو شتانە فێری خوێندکار ناکات. خۆ کۆمەڵگای ئێمە لە سوید پێشەییتر نییە، بەڵام منداڵێک کە لە سوید دەخوێنێت، هەر لە قۆناغی سەرەتایی خوێندن ناوی تەواوی ئەو ئاژەڵانەی لە کۆمەڵگەکەیدا هەن، فێر دەبێت، دەیانبەنە ناو دارستان و پاشەڕۆی ئاژەڵیان پێشان دەدەن و لەڕووی پاشەڕۆی ئاژەڵەوە دەبێ بناسرێتەوە ئەوە پاشەڕۆی کام ئاژەڵە. ناو و شێوەی هەموو باڵندەکانیان فێر دەکەن. لە کوردستانی خۆمان زۆر کەسمان هەیە بە هەموو باڵندەیەک دەڵێ چۆلەکە، ئەوانە هەمووی دەبێ لە سیستمی خوێندندا فێر بکرێن.

**هیدایەت جان**: دێینە سەر وەرگێڕانی شیعر، بێگومان وەرگێڕانی شیعر کۆمەڵێک جیاوازی لەگەڵ وەرگێڕانی دەقەکانی تری ئەدەبی هەیە، ئەو بنەمایانە چین کە بۆ وەرگێڕانی شیعر پێویستن؟

**ناسر حیسامی**: لە بنەمای وەرگێڕاندا زۆر جیاواز نین. واتا لە هەردوو بەشدا تۆ دەبێ شارەزای ئەو بوارە بیت کە خەریکی وەرگێڕانی تێدا دەکەیت. بۆ نموونە تۆ بۆ ئەوەی شیعری حافزی شیرازی بکەیت بە کوردی، دەبێ لە پێشدا شارەزای ئەو ئاماژە و ناوانە بیت کە لە شیعرەکانیدا باسی کردوون، واتا تۆ بەبێ ئەوەی دەیان کتێبت لەبارەی پێشینەی بیر و باوەڕ و فکری ئێرانی لە سەدەی چوار و پێنجی کۆچییەوە بخوێنیتەوە، ناتوانی لە شیعری حافز بگەی. کە تێی نەگەیشتی، وشەکان بۆ تۆ دەبن بە کۆمەڵێک وشەی نامۆ و دەبێ بچی لە فەرهەنگی زمانی فارسیدا بگەڕێی بۆ ئەوەی بزانی واتای چییە. بەڵام فەرهەنگی زمان پێت ناڵێ لە پشتەوەی هەرکام لەو وشانە چ پێشینەیەک هەیە. تۆ ئەگەر لە شیعرێکدا تووشی وشەی "خوێنی سیاوەش" بووی، دەبێ پێشتر زۆرت خوێندبێتەوە تا بزانی خوێنی سیاوەش ئاماژەیە بە چی و چۆن دەتوانی بیکەی بە کوردی. وەرگێڕان لە کوردیشەوە بۆ زمانی تر هەر وایە. تۆ وای دابنێ کەسێک هاتووە کوردی فێر بووە و دەیەوێ ئەم شیعرەی نالی وەربگێڕێتە سەر زمانەکەی خۆی:

داخڵ نەبی بە عەنبەری سارایی خاک و خۆڵ
هەتا نەکەی بە خاکی سولەیمانییا عوبوور

ئەگەر کەسێک، وەرگێڕێک کە کوردی هەر بەشی قسەی ڕۆژانە فێر بووە و بیەوێ ئەم شیعرەی نالی بە یارمەتیی قاموس وەربگێڕێ، قاموس پێی دەڵێ "خاک و خۆڵ" یانی تۆز و خۆڵ.

یان حاجی قادر دەڵێ:

وەک خێوە و بوخارا، نارِوا بەڵا بە هیممەت

رِەفعی بکەن مەشایخ، دەفعی بکەن مەلاتان

هەر میرێ کەوتە شوێنی یەک دوو کەسی رِەش و رِووت

خەڵکی بە موور دەزانێ، خۆی حەزرەتی سولەیمان

ئەگەر کەسێک ئەوە وەربگێرِێتە سەر زمانێکی تر و نەزانێ لە "خێوە و بوخارا" لە مێژوودا چ رِووی داوە و حاجی قادر باسی چ دەکا، بێگومان ناتوانێ لە رِووی قامووسەوە بە چاکی شیعرەکە وەربگێرِێ. ئەگەر بۆ مانای "رِەش و رِووت"یش لە قامووس برِوانێ و نەزانێ لە کوردستان بە خەڵکی هەژار و دەسکورت دەڵێن رِەشورِووت، لەوانەیە قامووس وشەکەی بۆ بە کەسی رِەشتاڵە مانا بکاتەوە کە جلی لەبەردا نییە. لە باسی "موور" و "سولەیمان"یش قامووس شتێکی زۆرت پێ ناڵێ، لە کاتێکدا حاجی قادر بەم ئاماژە کورتە مانایەکی قووڵی دەربرِیوە.

لە زمانەکانی دنیا بۆ هەموو دەقێک یەک جۆری زمان بەکار ناهێنرێت. بۆ نموونە ئەگەر تۆ بێی لە زمانی فارسییەوە وەربگێرِی، زمانی ئەحمەدی شاملوو لە شیعردا جیاوازە لەگەڵ زمانی مەهدی ئەخەوانی سالس. ئەم بە زمانێک دەنووسێ هەوڵ دەدا شێوەی دەربرِینی شانامەی فیردەوسی لە شیعری نوێ بنیات بنێتەوە و بە زمانی باستانی کە لە سەردەمی فیردەوسیدا هەیە شیعر بنووسێت، ئەحمەدی شاملوو لەگەڵ ئەوەی پشت دەبەستێ بە پێشینەی زمانی فارسی، کە لە پرسەکانی کۆمەڵگا دەدوێت کە ئەمرِۆییترن زمانێکی تر بەکار دەهێنێت. کاتێک کەسێک بەرهەمی ئەو دوو شاعیرە وەردەگێرِێتە سەر زمانی کوردی، ناتوانێ بە یەک زمان هەردووکیان وەربگێرِێت، ئەگەریش هەر بە یەک زمان وەریگێرِان و لە کوردیدا هەردووکیانی وەک یەک دارِشتەوە، واتای ئەوەیە وەرگێرِانەکەی وەرگێرِانێکی سەرکەوتوو نییە. لە رۆمانیشدا زمانی مەحموود دەوڵەتئابادی جیاوازی هەیە لەگەڵ زمانی سادق هیدایەت، دەبێ بزانی هاوتای ئەو زمانە ئەدەبییە لە زمانی کوردیدا چییە. هەر وەک لە کوردیدا زمانی سوارەی ئیلخانیزادە جیاوازە لەگەڵ زمانی گۆران و شێرکۆ بێکەس و، زمانی شێرکۆ بێکەس جیاوازە لە زمانی چاوە و عەلی حەسەنیانی. ئەگەر کەسێک شیعری شێرکۆ بێکەسی بۆ نموونە کرد بە فارسی، لە هەمان کات شیعری سوارەشی کرد بە فارسی، ئەگەر هەردووکیانی وەک یەک دەربرِیبێت، ئەوە دەبێ بزانین وەرگێرِانەکەی سەرکەوتوو نییە.

سەرچاوە: ماڵپەرِی وشە - رێکەوتی: ٢٢ی دێسەمبەری ٢٠٢٠

---------------------------------------

# زمانی کوردی و مەترسییەکانی دەوروبەری



هەردی سەلیمی

لەم دواییانەدا، بە دیاریکراوی سەپاندنی حوکمی دە ساڵ زیندان بە سەر "زارا محەممەدی"، مامۆستای زمان و ئەدەبیاتی کوردی و بە دوای ئەویشدا بڵاوکردنەوەی وتووێژێک بە زمانی فارسی لە سەر زمانی کوردی لە هەواڵدەریی مێهر، دیسان پرسی زمانی کوردی و مافی خوێندن بە زمانی زگماک لە کۆمەڵگەی فرە نەتەوەی ئێران و بە تایبەت کۆمەڵگەی کوردستان، بەرۆژ کردەوە.

زمانی کوردی بە سەر چوار زاراوەی سەرەکییدا دابەش بووە و ئەم چوار بەشەش پتر لە سێسەد ژێرکۆ و بنزاراوەیان لێ دەبێتەوە، کە لەم ڕووەوە زمانی کوردی یەکێک لە دەوڵەمەندترین زمانەکانی هێند و ئورووپایی بە ئەژمار دێ. سەرەڕای ئەم دەوڵەمەندییە و ژماری زۆری ئاخێڤەرانی ئەم زمانە بەڵام ئێستاش لەگەڵ کێشە و کەند و کۆسپی زۆر بەرەو ڕووە. بەشێکی بەرچاوی ئەم کێشانەی بەر دەمی زمانی کوردی ڕیشەی مێژوویيان هەیە و زمانی کوردی بە هۆی نەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ کەوتوەتە ژێر کاریگەریی زمانی عەرەبی -کە ئایین ڕۆڵێکی سەرەکیی گێڕاوە. لەم پێوەندییەدا، هەرچەند ناسیۆنالیزمی دەمارگرژانەی عەرەبی بە تایبەتی لە سەدەی بیستدا یەکێکی دیکە لە هۆکارە گرینگەکان بووە -، زمانی فارسی و تورکییش - کە ئەمان زیاتر بە هۆی بیری تەسکی فاشیستی و سیاسەتی ئاسیمیلە بووە -؛ بەڵام سەرەڕای ئەم کێشانە زمانی کوردی بە هۆی جوغرافیای کوردستان و جۆراوجۆریی زاراوە و بنزاراوەکانی و هەروەها هەوڵی پەرچەکردارانەی خەڵکی کورد توانیویەتی پێش بە لە نێو چوونی خۆی بگرێ.

لەم بابەتەدا هەوڵ دەدرێ باس لە کێشەکانی بەر دەم زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکرێ، کە بە هۆی دراوسێیەتیی لەمێژینەی دوو نەتەوەی کورد و فارس و هەروەها خوشکایەتیی ڕەگەزیی ئەم دوو زمانە ئاستی کارتێکەری و کاریگەریی دوو لایەنەیان لەسەر یەکتر بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کوردستان زۆرترە. جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە

بەوەش بکرێ کە بە هۆی باڵادەست بوونی نەتەوەی فارس و دەسەڵاتداریی سەدان ساڵەی ئەم نەتەوەیە بە سەر کورددا، ئەم تێڕوانینە ناڕاستە هەیە کە پێیان وایە هاوبەشیی ئەم زمانانە لە سۆنگەی ڕەخنە کردنی زمانی فارسی و کاریگەری وەرگرتنی زمانی کوردییەوەیە؛ کە بە دڵنیاییەوە وا نییە و ئەم کارتێکەرییانە دوو لایەنەن و پێویستە پسپۆڕانی زمان زیاتر لەم بارەوە کار بکەن.

نەتەوەی کورد بە شێوەی گشتی و لە هەر چوار بەشەکەیدا لە پرۆسەی دەوڵەت-نەتەوە بەجێ و بێ‌بەش ما، نەبوونی دەسەڵاتێکی خۆجێیی و سەربەخۆ بە واتای ئەمڕۆییەکەی کاریگەریی نەرێنیی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتووریی زۆری لەسەر کورد دانا کە بەشێکی هەرە زۆری ئەوانە هەتا ئەمڕۆش بەردەوامە. یەکێک لە کاریگەرییە نەرێنییەکان لە بواری کولتوورییدا بوو کە بە هۆی نەبوونی دەسەڵاتێک کە باس کرا، لە ڕووی زمانییەوە گەلی کوردی بە زمانی ناوەندەوە دەبەستەوە و بە کار نەهێنانی زمانی کوردی لە کاروباری ئیداری و فەرمییدا ئەم زمانەی پتر پەراوێز خست و لە دەقی دوور خستەوە؛ ئەم پەراوێزکەوتنەش ڕێگەی بە هاتنی زمان و وشەگەلی بێگانە دا.

ئەمانەی کە بە کورتی لە سەرەوە باس کران، بەشێک لە مەترسییە دەرەکییەکانی سەر زمانی کوردی بوون، لێرەدا ئاوڕێکیش لە مەترسییە نێوخۆییەکان دەدەینەوە؛ پێویستە ئاماژە بە دوو ڕوانگەی لێک جیاوازی نێوخۆیی لە مەڕ زمانی کوردییەوە بکرێ. ڕوانگەیەک لە سەر ئەم بڕوایەیە کە زمانی کوردی دەبێ ستانداردێکی دیاریکراو و گشتگیری هەبێ و بەشی فەرمی و بە تایبەت میدیایی ئەم زمانە بەو زاراوە ستانداردە - کە جارێ هیچ لایەک لە سەری ساغ نەبوونەتەوە - بئاخڤێن. بنەمای ڕوانگەی ئەم کەسانە زۆرتر لەسەر لایەنە سیاسییەکانی زمانە و پێیان وایە زمان و زاراوەی یەکدەست دەبێتە هۆی پێکهاتنی نەتەوەیەکی یەکدەست و لەم ڕێگەیەوە دەکرێ نەتەوەسازی بکرێ. ڕوانگەی دەستەی بەرامبەر ڕێک بە پێچەوانەیە و دژایەتی لەگەڵ ئەم بۆچوونە دەکەن، لایەنگرانی ئەم ڕوانگەیە پتر جەخت لەسەر لایەنە زانستییەکانی زمان دەکەنەوە و باوەڕیان وایە یەکدەست کردنی زمان بە واتای وردە وردە لە نێو بردنی زاراوەکانی دیکەیە و ئەمەش زەبری کاریگەر لە دەوڵەمەندیی زمان دەدا و، زیاتر دەست بە داوێنی زمانی بێگانەیان دەکا؛ چونکە لە سەرچاوە پەنگ‌خواردووەکەی نێو زمانی خۆیان غافڵیان دەکا. بە کورتی دەکرێ بڵێین دەستەی یەکەم وەک هەڕەشەیەک - بە تایبەت لە هاوکێشە سیاسییەکاندا - سەیری ئەم جۆراوجۆرییەی زمانی کوردی دەکەن و، ئەوانی دییش وەک دەرفەتێک بۆ بەهێزتر بوونی زمانەکەیان.

بەدەر لەوەی کە کام یەک لەم ڕوانگانە ڕاستن و کام یەک هەڵە، بەڵام ئەم جیاوازیی بۆچوونە لە لایەن دوژمنانی گەلی کورد و لایەنی دەسەڵاتداری ناوەندگەراوە وەک مەجالێک قۆستراوەتەوە. ئەوان بەڕوونی لەم کەلێنە کەلکیان وەرگرتوە و

لەم ڕێگەیەوە ڕەخنەیان کردوەتە نێو زمانی کوردییەوە. جیاکردنەوەی زاراوەی لەکی لە زمانی کوردی و ناساندنی وەک زمانێکی سەربەخۆ بە ٣٠ هەزار وشەوە و، بینینی خەونێکی دیکەی لەم چەشنە بۆ زاراوەی هەورامی و ناوهێنانی وەک زمانێکی سەربەخۆ بەشێک لەم شەڕە نەرمەیە کە بەدژی زمانی کوردی لە لایەن حکوومەتی ناوەندییەوە بەڕێوە دەچێ. ئێمە کە بەشێک لە خەباتەکەمان لە تەنیشت خاکدا بۆ زمانەکەمان بووە، دەبێ باشتر لە هەر کەسێک ئەوە بزانین کە پەراوێز خستن و وردە وردە لە بیر چوونەوەی زاراوە و زمانێک بە واتای لە نێو بردنی بەشێک لە فەرهەنگ و کولتوور و مێژوو و چیرۆکی بە کار هێنەرانیەتی. جا بۆیە پێویستە لەم بارەیەوە بە وشیاری و دەروەستییەکی نەتەوەییەوە هەنگاو بنێین و کەمترین خەسارەکانیش نەهێڵین ڕوومان تێ بکا. دەکرێ بە تێفکرینێکی بنەڕەتی، بە سەنتێزێکی باش بگەین.

لێرەدا دەبێ ئاماژە بە ڕۆڵی هێزە سیاسییەکان بکرێ وەک چۆن لە ڕابردوودا و ئێستاش لەسەر بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە گۆڤار و ڕۆژنامە و تەنانەت دانانی قوتابخانە لە سەردەمی کۆمار و... کاریان کردوە و خزمەتی زمانی کوردییان کردوە؛ ئێستاش دەبێ پێش لە هەموو شتێک هاوسەنگییەک لە نێوان ئەم دوو ڕوانگە سەرەکییەی کە ئاماژەی پێ کرا پێک بێنن. بۆوەی هیچ کام لە بۆچوونەکان و هیچ زاراوەیەک فیدای بۆچوونەکەی دیکە و زاراوەیەکی تر نەکرێ.

کاتێک باس لە زمانی کوردی دەکەین نابێ لە دەوری کەسانی خەمخۆر و دڵسۆزی ئەم زمانە غافڵ بین. ئەوەی کە کەسانێک پێیان وایە پەرەدان بە زمانی کوردی و دانانی فێرگە و کلاسەکانی تەنیا دەبێ ئەرکی کەسانی زمانزان و پسپۆڕی خاوەن بڕوانامە بێ و تەنیا ئەوان مافی چالاکیی لەم بوارەیاندا هەیە، وەدوا خستنی پرۆسەی گەشەی زمانی کوردییە. ئێمە لەم قۆناغەدا پێویستمان بەوەیە منداڵ و کوڕ و کاڵی ئەم نیشتمانە و ئەوانەی وا میراتگری داهاتووی ئەم زمانەن فێری نووسین و خوێندنی زمانی دایکیان بن و ڕێژەی بە کار هێنەرانی زمانی کوردی بەرینە سەرەوە. ئەم ئەرکەش لە نەبوونی شوێنی فەرمی و قوتابخانەکان دەکەوێتە سەر شانی ئەنجومەن و ڕێکخراوە خەڵکییەکان و کەسانی دڵسۆز. بە خۆشییەوە سەرەڕای زەبر و زەنگ و سەرکوت و ڕێگە پێنەدان لە لایەن حکوومەتەوە، ئەم ئەرکە بە پیرۆزانەترین شێوە بەڕێوە دەچێ و ئێمە ڕۆژانە شاهیدی دامەزرانی یەک لە دوای یەکی ئەم ناوەندانەین. کاتێک کە زمانی کوردی گەیشتە ئەو ئاستەی کە لە بواری چاپەمەنی و بڵاڤۆک و کتێبدا کەوتە کێبەرکێ لەگەڵ زمانی زاڵ بەسەر وڵاتدا، واتە گەیشتە ئەو ئاستە لە گشتگیری، ئەم جار ڕێگە بۆ کەسانی پسپۆڕ و شارەزای زمانیش دەکرێتەوە کە بێن و ڕێک و پێکییەک و سازمانێک بەم چالاکییانە بدەن.

ئێمە پێویستە لە بازنەی گلەیی کردن لە حکوومەتی ناوەندی بۆ نموونە کۆماری ئیسلامی، خۆمان دەرباز بکەین و بەو باوەڕە

**بگەین کە ئەوان لە هەمبەر زمانی ئێمەدا ئەرکی خۆیـان بەجـێ دێـنن؛ ئەی ئێمە چۆن دەبـێ ئەرکی خۆمـان بەجـێ بێنین و ئەرکەکانمـان چیین؟ وڵامی ئەم پرسیارە سـادە دیـارە و دەبـێ هەر تـاکێکی کـورد لە ئـاست خـۆی پـارێزەری زمـانەکەی بـێ. پاراستن و بەهێز و دەوڵەمەندتر کردنی ئەم زمانە ئەرکێکی نەتەوەییە لە پـاوانی چینێکی تایبەتـدا نییە؛ هەمـوومـان لە بەرامبەریدا ئەرکدارین.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠٢٠**

**---------------------------------------------**

## بەبۆنەی ٢١ی فێڤرییە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی



**سندووس**

**زمانی زگماکی یـانی زمانێک کە منـاڵ بە بێ ئەوەیکە بەشێوەی ڕێسا بۆ داڕێژراو، فێری بووبـێ؛ قسـەی پێـدەکات و بەخـەستی لە دایـک و بـاوک، مامۆسـتای قـوتابخـانە و... فێـری دەبێت و لە ڕاسـتیدا ئەوان لە گەشـەی زمـانیی منـاڵـدا ڕۆڵێکی بەرچـاو دەگێڕن. بە لای "نەڤام چامسکی"یەوە، ڕیشەی گەشـەی زمـانیی دەگەڕێـتەوە بـۆ گەشـەی بەرەی مرۆڤـایەتـی و ئەو ڕاسـتییە لە سیستمی میشکیدا داڕێژراوە و ئەوە ژینگەی زمانییە کە دیاری دەکات، کـامە زمـان دەبێـتە زمـانی دایکـی، ئەوەش دەگەڕێـتەوە بـۆ چاوپشـکووتنی منـاڵ لە بنەمـاڵە، گەڕەگ و ئەو شـوێنانەی زمـان تێیـدا کـارا دەبێت. بە بـاوەڕی چامسـکی زمـان لە گشتییەتی خۆیدا شتێکی خۆماکە و ئـالیرەدا بۆچوونی زمانی چامسکی بەلای دەروونناسیدا دەشکێتەوە.**

**"کریستوا"ش وەک دەروونشیکارێکی دوای فرۆید - لاکـانی بە مەبەسـتی پوویـا کردنی زمـان و دەرکێشـانی لە چەقبەسـتوویی، باسی دوو جۆر زمان یان ئەمری دەلالەتیمان بۆ دێنێتە ئاراوە:**

**١- دەلالەتی نیشانەیی**

**٢- دەلالەتی هێمایی.**

دەلالەتی نیشانەیی کە بە زمانی دایکانەش ناسراوە، لە شوێنێکی ونی دوای لەدایکبووندا بێچم دەگرێ کە منداڵ ئێستا نەهاتووەتە ناو دونیای زمانەوە و بە خاڵی "کورا" ناسراوە و وزەی لەش، مەیل، خواست، دەروون و سۆز، هەڵقووڵاوی ئەم خاڵەیە و تا دواچرکەکانی ژیان دەگەڵ مرۆڤدا دەمێنێتەوە.

زمانی هێمایی یان زمانی باوکانە، ئەو چوارچێوە و یاسا زمانی و دەلالەتییەیە کە هەڵقووڵاوی ئاوەزە و لە بەرەکانی ڕابردووڕا بۆمان ماوەتەوە و ئێستاش تێکەڵە بە زمانی قسەپێکردن و زانستی و مرۆڤ لە ڕێگەی زمانی هێماییەوە پێ دەنێتە ناو جیهانی دیاردە و ماناکانەوە.

بە باوەڕی کریستوا کۆمەڵگای نورماڵ و دێموکراتیک کاتێ بێچمدەگرێ کە هەر دوو بواری زمانیی واتە نیشانەیی و هێمایی تێدا کارا بێ و هاوتەریب بچنە پێش.

لە وڵاتانی دوو زمانەدا، زمانی دایکانە وەک خۆی لە دەروونی مرۆڤەکاندا دەمێنێتەوە و زۆر کەمیش ڕێگەی ڕەنگدانەوەی پێ دەدرێ، هەر بۆیە شاعیران ئاوا کارا دەردەکەون و زمانی باوکانە و هێمایش دادەپەڵۆسرێ و بە تەواوی دەستکاری دەکرێ و لە هێماگەلی جیا لە زمانی باوکانەی خۆی کەڵک وەردەگیرێ. ئەم کارە کە شێوەی داسەپانی هەیە، دەبێتە هۆی ئەوەیکە هەستی خۆ بەکەم بینی، شەرمێونی و... لە ناو دەروونی منداڵدا چەقەرە بکات و تووشی بێ مەیلی سەبارەت بە خوێندن و کارتێکردنی نەرێنی لەسەر هۆش و زەینی منداڵەکان دەبێ.

کۆماری ئاخوندی لە ماوەی تەمەنی خۆیدا گەلێک نەهامەتی بۆ کۆمەڵگای ئێران بە گشتی و کوردستان بەتایبەتی درووستکردووە، جگە لە بەشە جیاجیاکان کە داپڵۆسینی تێدایە، گەورەترین کارەسات، بێبەشکردنی منداڵانی باقی گەلانی ئێرانە هەم لە ئەمری نیشانەیی و هەم ئەمری هێماییدا. کریستوا پێماندەڵێ کاتێ باسی سڕینەوەی هەڵاواردنی ڕەگەزی دەکەین، دەبێ هەر دوو بابەتی نیشانەیی و هێمایی بوونێکی ئازادیان هەبێ و هاوتەریب و شان بە شانی یەک بچنە پێشێ، دەنا هیچکات ناتوانین باسی لابردنی چەوسانەوە لە کۆمەڵگادا بکەین.

ئەگەر بۆچوونی کریستوا لەم بوارەدا درووست بێ - کە درووستە - ئەی لە سیستمێکدا کە هەر لە منداڵییەوە ناهێڵێ سۆز و

خۆشەویستی زمانی دایکانە بەسەر منداڵدا بڕژێ چی؟ کە منداڵ پێی نا ناو ئەمری هێماییشەوە هەر دەبێ فێری هێماکانی زمانی بێگانە بێ کە پەوەش زوڵمێکی گەورەیە لە "بوون" بە مانا هایدگێرییەکەی.

بۆ دەرباز بوون لەم دۆخە زاڵمانەیە دەبێ، کارناسانی پەروەردە بە هاوکاریی دەروونناس و دەروونشیکاران بێن ڕاوەستەی لەسەر بکەن و بڕیاری کارناسانە، بەبێ دەستێوەردانە ئایدیۆلۆژییە دەمارگرژەکانی لەسەر بدەن.

زمانی تێکەڵ بە ئایدیۆلۆژی، نەک هەر گەشە ناکات بگرە لە بواری زمانییەوە هەر کە منداڵ سەرکوت کرا، هەستی تۆڵە لە وجودیدا سەرهەڵدەدات و ئەم بابەتە دەبێ وەک گەورەترین تاوان لە دژی مرۆڤایەتی چاوی لێبکرێ. یانی لە جێگەی پەروەدەیەکی نۆرماڵ، منداڵ تووشی تێکدانی بواری دەروونی دەبێت و ڕەنگە گەورەترین کێشەکانی لێبکەوێتەوە.

با هەموومان هەوڵ بدەین، کۆمەڵگایەکی فرەچەشنی بە دوور لە داپڵۆسینمان هەبێ، ئەوەش نایەتە دی مەگەر لە ڕێگەی خەباتێکی هەمەلایەنەوە نەبێت.

ناوەڕۆکی ئەم بابەتە را و تێبینیی نووسەرە و ماڵپەڕی کوردستان میدیا لێی بەرپرسیار نییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٣ی فێبریوێری ٢٠٢٠

----------------------------------------

## بابەتی ساڵی: ٢٠٢١

## زمانی دایک لە قەوارەی زێهنیی زماندا



د. جەلال حاجیزادە

دوکتۆر جەلال حاجیزادە ناسراو بە ڕامان، توێژەر، نووسەر و چالاکی مەدەنی و خاوەن بڕوانامەی دکتۆرای زانستە سیاسییەکان ڕۆژی ٢٣ی بەفرانباری ساڵی رابردوو لە شاری سەردەشت بە هۆی ڕاوەستانی دڵ گیانی لە دەست دا.

ڕامان حاجی زادە چەندین لێکۆڵینەوەی زانستی و ئاکادمیکی لەسەر پرسی کورد کردووە و بە بەردەوامی وتارەکانی لە گۆڤارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاپ و بڵاو بوونەتەوە. دوکتۆر حاجیزادە لە دوایین وتاری خۆیدا لە ژێر ناوی "دەستپێکێک لەسەر زەینی کوردی" بە شێوەیەکی ئاکادمیک و زانستی پرسی کورد و سۆسیۆلۆژی کوردی هەڵسەنگاندبوو و لێکدانەوەی بۆ کردبوو.

دوکتۆر جەلال چەند ڕۆژ پێش مردنی ناوەخت و گوماناوییدا، لەسەر قاسم سلێمانی نووسیبووی: "قاسم درێژەپێدەری عەقڵی ئێرانی بوو کە لە داریووش بەملاوە خۆی لە پەرەسەندنی نیزامیدا دەدیتەوە و قوربانیی سەرەکیی ئەو سیاسەتەش کوردەکان بوون". هەروەها لە کۆتایی نووسینەکەیدا گوتبووی کە بە مردنی قاسم ئەو سیاسەتەش کۆتایی پێدێ.

ئەم وتارەی د. جەلال حاجیزادە کە بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک نووسراوە، وەک ئەمەگ و وەفایەک بۆ

خزمەتەکانی بە زمان و هزری سیاسی و نەتەوەیی کورد لە "کوردستان" دا بڵاو دەکرێتەوە.

زمان بە گشتی یەکێک لە بەشە سەرەکییەکانی لۆگۆسی مرۆڤە. مرۆڤ بە هۆی لۆگۆس، واتا زمان و ئەقڵ و ئەندێشە و بوون، لە بوونەوەری دیکە جیا دەبێتەوە. لۆگۆس و زمان لە زێهنی یوونانیدا گرینگیی زۆری پێ دراوە؛ هیراکلیتۆس پێیوایە مرۆڤ دەبێ گوێ لە لۆگۆس و ئەندێشە بگرێ. لە ڕاستیدا خاڵی جیاوازیی مرۆڤ لە بوونەوەرەکانی دیکە، لۆگۆس و زمان بووە. ئەفلاتوون مرۆڤی بێلۆگۆس و زمانی نەچەمکێندراو (غەیری مەفهوومی) بە بەربەر و نابازێری دەناسێ؛ بە هۆی ئەوەی کە خاوەنی زمانی چەمکی و ئەندێشەیی نین، ناتوانن دیالۆگ بئافرێنن و لە یەکدی تێبگەن. هەر لە درێژەی ئەو باسەدا، ئەرەستوو مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی لۆگۆسی پێناسە دەکا کە تایبەتمەندییەکەی زمان و ئەقڵ و هزرگەرییە (زوون لۆگۆن). لە ڕوانکەی ئەرەستووەوە، مرۆڤی بێزمان و ئەندێشە هیچ پێگەیەکی لە شار و دەوڵەتدا نییە. مرۆڤ بە گشتی بوونەوەرێکی زمانمەندە و بە هۆی زمانەوە ئیگزیستانس و ژیانمەندیی خۆی ڕێک دەخا؛ بە واتایەکی دیکە مرۆڤ بە زمانەوە پێناسە دەکرێ و بوونی خۆی دەسەلمێنێ. لەو سۆنگەیەوە زمان واتابەخشییە بە بوون، واتا شێوەیەک لە ژیانە. سۆسۆر لەسەر ئەم باوەڕە بوو کە زمان لە خۆیدا نیزامی نیشانەکان (واتا هۆ و هۆکرد)ە، کە پێوەندییەکی چڕوپڕی لەگەڵ جیهانی مرۆڤ هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش زمان تایبەتمەندییەکی مێژووییشی هەیە کە بە زمانی مێژوویی دەناسرێ؛ ئەوە هەمان زمانی مێژوویی زگماکییە کە هەر گەل و کۆمەڵێک خاوەنی ئەو زمانە مێژووییەیە. ئەو زمانە دەکرێ بە وتەی هایدگێر هەمان ماڵبات و هەرێمیبوون بێ. ویتگنشتاین زمان و ئەندێشە پێکەوە گرێ دەدا و، زمان وەکوو ئاستەنگ و سنووری هزر و بیر دیاری دەکا. ئەرکی فەلسەفە ئەوەیە کە مرۆڤ و ئەندێشە لە ئەفسوونی زمان دەرباز بکا. خزمایەتیی زمانی، وێکچوونی بنەماڵەیی و گەمە زمانییەکان لە جیهانی مێژووی مرۆڤ و گەلەکان لەو ڕەهەندەوە بەکەڵکە. هابێرماس مرۆڤ بە بوونەوەرێکی زمانمەند و پێوەندیگەرا (communicational) دەناسێ؛ چامسکی باوەڕی وایە کە زمان، پێکهاتەیەکی ئەقڵییە و ڕیشەی لە زێهنی ئاوزگەرانەی مرۆڤدایە. بەپێی ئەو بۆچوونانە دەتوانین باس لە دوو ڕەهەندی جیاواز بکەینەوە لە مێژووی زمانەوانیدا کە دیارە لەگەڵ یەکتر نیسبەتێکی پتەویان هەیە: زێهنی زمان و زمانی زێهن (ئەو بۆچوونە وەکوو ئیدەیەک لە وتارێکی درێژدا بەوردی شی کراوەتەوە). لەم بابەتەدا بە دوای ئەوەوە نیم کە بە تێر و تەسەلی زمانی کوردی بە چوارچێوەی سەرەوە گرێ بدەمەوە، بەڵام بە گشتی لەو ڕوانگەوە، زمانی مێژوویی دایک پێناسەی مرۆڤ و ناسنامەی گەل و نەتەوەکانە.

تا ئەو جێگەیەی کە دەگەڕێتەوە سەر کورد، هەرچەند زمانی مێژوویی کورد، واتا زمانی کوردی، زۆر گرینگە و ئاخافتن و پێوەندی و بیرکردنەوە بەو زمانە لە جێگەی خۆیدا گەلێک کاریگەر و بونیاتنەرە، بەڵام بە باوەڕی من بە باری زۆریەوە ئەو گرینگییە بە فۆڕمی زمانی کوردی دراوە کە پێویستە لەسەر هەندێک تێبینی و خاڵی ئەرێنی و پێویست وردبوونەوە و

توێژینەوەیەکی زیاتر و بەرفراوانتر بکرێ.

زمان بە گشتی هەم فۆڕمە و هەمیش نێوەرۆک و ئەندێشەیە. واتا شوناسی زمان دوو لایەنی فۆڕمی و ئەندێشەیی هەیە کە پێویستە گرینگیی هەردوو لایەنەکە وەکوو تەواوکەری یەکتر سەیر بکرێ. ئەو لایەنەی دووهەم بە «زێهنی زمان» ( The mind of language) ناوزەد دەکەم، کە ئەویش لەگەڵ «زمانی زێهن» پێوەندیی هەیە. لە ئەندێشەی نوام چامسکیدا، دەفرایەتی و توانمەندی (competence) و کردەوە و کارکەردی (performance) زمان بەشێک لە تایبەتمەندیی زێهنە کە ڕەنگە لە فۆڕم و نێوەرۆکدا یاریدەدەر بێ. هەر زێهنێک خاوەن زمانێکی مێژووییە و هەر زمانێکیش زێهنێکی هەیە؛ زێهنی زمان چەمکە و زمانی زێهن‌نیشانە و دەلالەتە؛ لەسەر ئەو بناغەیە، زێهنی زمان، پیتاندنی زێهنی مرۆڤە بە زمانێکی مێژوویی. یەکێک لە جیاوازییەکانی‌تر ئەوەیە کە زێهنی زمان، حەقیقەت دەدۆزێتەوە یاخود بەرهەمی دێنێ، بەڵام زمانی زێهن حەقیقەت دردەبڕێ و گوتارسازی دەکا. بەو پێیە زمان بە یەکێک لە بنەڕەتەکانی ناسنامە و شوناسی مرۆڤ و نەتەوەکان دەستنیشان دەکرێ. ئەوەی کە تا ئێستا کورد گرینگیی پێداوە و باسی کراوە لایەنی فۆڕمی ئەو زمانە بووە بەڵام بە لایەنی ئەندێشەیی زمانی کوردی و ناوئاخنی ئەو زمانە کە هەمان «زێهنی زمانی کوردییە» گرینگی و بایەخێکی ئەوتۆ نەدراوە. ئەوەش یەکێک لە قەیرانە مەعریفییەکانی شوناسی کوردییە کە بەسەر قەیرانی شوناسی زمانی کوردیشدا زاڵە. زۆر گوتراوە کە کورد لە دابین و دەستنیشانکردن و یەکیەتی لەسەر زمانێکی نەتەوەیی و ئەلف و بێیەکی ئیستاندارد و ڕێنووس و هتد پێک نەهاتوون و ناکۆکن، ئەو تەوەرە هەرچەند گرینگە بەڵام لە ڕاستیدا هەمان گرینگی پێدان بە فۆڕمە و ڕەنگە بە دەرەنجامێکی ئەرێنیش نەگەن؛ بەڵام گرینگتر و قووڵتر لەو ئاریشەیە، مەقوولەی زێهنیی زمان یاخود بەشی ئەندێشەیی زمانی کوردییە. تا ئەو کاتە کە کورد لە ژینگەجیهانی خۆیدا بە تەبایی و یەکیەتییەک لەسەر زێهنی زمانی کوردی نەگا ئەوە گەیشتن بەو ئاواتە زۆر ئەستەمە و لە مەحاڵ دەچێ تەنانەت ئەگەر لەسەر فۆرمیش بە ئەنجامێک بگەن، ئەوە زێهنی زمانی کوردی هەر هەمان زمانی زێهنیی فارسی و عەرەبی و تورکی و درێژکراوەی ئەو زێهنانەیە؛ کە بێگومان بەرهەمهێنانەوەی ئەو زێهن‌گەلە بە زمان و وێژەی کوردی؛ کارەساتێکی مەعریفیی گەورەیە کە بە یەکی‌تر لە بنەچەکانی قەیرانی زێهنی کوردی دەناسرێ.

کاتێک عامێری، غەزاڵی، ئیبنی سینا، سۆرەوەردی، ماکیاڤێلی، دێکارت، لایب نیتس، لوتێر، کانت، هێگێل، گۆتە، هیووم، کەیرکەگارد و... هەوڵ دەدەن بە زمانی مێژوویی خۆیان، زمانی خۆماڵی و ناتیڤ!، بە شێوازی بیرکردنەوە و تێگەیشتنیان بەرهەم بخولقێنن لە ڕاستیدا بە زێهنی زمانی خۆیان خەریکن گرینگی دەدەن. هەر بۆیەش ئەو بیرمەندانە زمانی مێژوویی و خۆماڵیی خۆیان فێری هزرین و فەلسفە دەکەن و بە ئەو زمانە بیر دەکەنەوە و دەفەلسەفن. ڕەنگە ئێمە بە زمانی پەتیی کوردی لە فۆرمدا قسە بکەین و بەرهەم بنووسین بەڵام زێهنی زمانمان ئێرانی و فارسی و عەرەبی و تورکی بێ و، ڕۆحی

زمانی زێهنییەکەی فارسی و ئەوانەیتر بێ. واتا زێهنی زمانی کوردی، کوردی نییە بەڵکوو لە نێوەرۆک و گوتار و ئەندێشەدا ئێرانی و عەرەبی و هتدە. پێچەوانەکەشی هەر دروستە، کاتێک بە زێهنی کوردی بەڵام بە فۆرمی زمانی فارسی و ئەوانیتر بنووسن لە ڕاستیدا بە زێهنی زمانی کوردی نووسراوە؛ بە واتایەکی دیکە، زێهنی زمانی فارسی، زمانی زێهنی کوردییە. کە وایە ئەو کەرەسە و تۆکمەیە کە زمانی کوردی پێک دێنێ و پێی پەروەردە دەبێ زێهنی زمانی کوردییە. بەشێکی بەرچاو لە بەرهەمە مێژووییەکان کە بە زمانی کوردی نووسراون و بەو زمانە لە فۆلکلۆر و وێژەی سەرزارەکی دواون لە ڕاستیدا هەمان زێهنی زمانی فارسی و ئەوانیتری گەورە بە کوردییە کە تەوەرێکی زۆر سەرنجڕاکێش و قەیراناوییە. یەکێک لە بنەچەکانی قەیرانی زێهنی کوردی هەر ئەو دیاردە بە ئەژمار دێ. ڕۆژی زمانی دایک دەبێ هەمان ڕۆژی زێهنی زمانی کوردی بێ و بەو زێهنە بیر بکەینەوە و ژینگە و جیهان و پێوەندییەکان بخوێنینەوە. زێهنی زمان بە دوای خوێندنەوە و پۆلێنبەندیی حەقیقەت لە ژینگەجیهانی مێژوویی‌دایە کە کوردیش دەبێ لەو سۆنگەوە بیر لەو تەوەر و بابەتە بکاتەوە. هەر نەتەوەیەک بە زمانی خۆی لەگەڵ حەقیقەت ڕووبەڕوو دەبێتەوە و بەو زمانەش «جیهان واژۆ» دەکا؛ لەو دیدەوە زێهنی زمان کوردی، حەقیقەت بە زمانی زێهنی کورد دەخوێنێتەوە و پێناسەی دەکا. زمانی دایک بە زێهنی زمانی کوردی فێر بین و بنووسین و دەق و بابەت بەرهەم بێنین.

ڕۆژی زمانی دایک، ڕۆژی بیرکردنەوەیە لەسەر زێهنی زمانی کوردی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی فێبریوێری ٢٠٢١

-----------------------------------------------

# لە ڕۆژهەڵات، کوردی هەر بقەیە!



**ناسر باباخانی**

١

بە لای فەیلەسووفی ئاڵمانی ماکس ڤێبەرەوە، مۆدێرنیتە بەگشتی وەک دیاردەیەکی ئەوروپایی پێناسە دەکرێ کە پەیوەندییەکی ئەوتۆی لەگەڵ هزری کەرەستەییدا هەیە و تەنانەت یورگێن هابرماس پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە مۆدێرنیتە تەنیا ئەوروپای گرتەوە و ئەم پرۆسەیە بە شێوەیەکی کەم وێنە لەو ناوچەیەدا گەشەی کرد و بەرەوپێش چوو.

پەرەسەندنی زانستی، هونەری، سیاسی و ئابووری لە ئەوروپادا بە ئاراستەی ئەقڵانیەت ڕێگەی گرتەبەر و ئەم حاڵەتە لە هیچ جێگەیەکی دنیادا ڕووی نەدا. هەر بۆیە لە مێژوونووسیاری (نووسینی مێژوو)ی کلاسیکی ئەوروپاییدا، ئەوروپا وەک ناوەند سەیر دەکرا و مێژووی نەتەوەکانی دیکە وەک پێشەکی دەهاتنە ئەژمار بۆ مێژووی گۆڕین!

بەڵام ئەمڕۆ هەندێ کۆمەڵناس لەسەر ئەو باوەڕەن لەبری مۆدێرنیتەیەک کە ڤێبەر پێیوابوو تەنیا و تەنیا تایبەتە بە ئەوروپا (تەنانەت هابرماسیش وا دەڵێ) دەبێ باس لە چەند مۆدێرنیتەیەک کە من بە "مۆدێرنیتەی چەندبنەکی" ناوی دەبەم، بکرێ. چون لەڕاستیدا مۆدێرنیتە بەپێی مێژوو، فەرهەنگ، زمان و تەنانەت دین و.. لە هەر ناوچەیەکدا فۆڕم و هێماگەلێکی تایبەت بەخۆیەوە دەبینێ.

ئەم پاوانخوازییە لە چەند دەیەی ڕابردوودا کەوتووەتە بەر ڕەخنەیەکی جیددی کە مێژوویەک بە سڕینەوەی "ئەوی دی"، دەیەوێ "خۆی" وێنا بکات.

هەر لێرەدایە کە بیردۆزی ئێدوارد سەعید بە هانامانەوە دێ کاتێک دەڵێ: ڕۆژئاوا بریتییە لەو "خۆ"یە کە ڕۆژهەڵاتی وەک "ئەوی دی" ساز کردووە بۆ سەپاندنی گوتاری خۆی وەک گوتاری زاڵ. دیارە کە ئەم ڕەخنەیەش وامداری مەعریفەناسی پۆست مۆدێرنیسمە کە باس لە نەبوونی حەقیقەتێکی یەکە دەکا و لای وایە ئەوە حەقیقەتەکانن کە بوونیان هەیە نەک تەنیا یەک حەقیقەت!

دکتۆر حەیدەر شادی پێیوایە مۆدێرنیتەی ئێرانیش بە شێوەیەکی سەقەت چاوی بڕیوەتە ئەم مۆدێرنیتەیەی ماکس ڤێبەر باسی لێوە دەکرد و لەسەر ئەم بنەمایە، ڕووناکبیری فارس وەک مۆدێلێک مۆدێرنیتەی ئەوروپایی بۆ مامەڵە لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە بەکاردەبات. لەڕاستیدا پرۆسەی مۆدێرنیتەی ئێرانی کە خۆی وەک چەق و ناوەند سەیر دەکات، هەر لە سەرەتای دامەزرانی حکومەتی پەهلەویەوە دەستپێکردووە و هەنووکەش درێژەی هەیە و بە توندی بەگژی پلۆرالیزمی مۆدێرنیتەییدا دێتەوە.

٢

دەکرێ چەند مەبەستێکی تایبەت ئاوێتەی مافی خوێندن بە زمانی زگماگی بکەین و چەند پرسیارێک ئاراستەی ئەو کەسانە بکرێ کە پێیانوایە فارسی زمانێکی بەهێزترە لە زمانی کوردی:

- لە ڕوانگەی زمانناسییەوە: ئایا ناکرێ قایل بەو بنەما سەرەکییە بین کە زمانی کوردی وەک هەموو زمانێکی سەر ئەم گۆی زەوییە دەکرێ زیاتر پەرەی پێبدرێ ئەگەر دەرفەتی خزمەت بەم زمانە بدرێ؟

- لە ڕوانگەی مێژووی ئەدەبییەوە: بەڕاستی لە بەراوردێکی سەرپێیی ئەدەبی زارەکی و فۆلکلۆری کوردی لەگەڵ هی زمانی فارسی، بۆمان دەرناکەوێ کە زمانی کوردی ئەگەر نەڵێم دەوڵەمەندترە لانیکەم بە سانایی خۆی لە قەرەی زمانی فارسی دەدا.

- لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە: گریمان زمانی کوردی بە هۆی گوشاری دەسەڵاتی خوونکارەوە نەیتوانیوە گەشە بکات و لەباری ئەدەبی نڤیسارییەوە لاوازە، ئایا لەباری ئەخلاقییەوە ئەمە پاساوێکی گونجاوە بۆ ئەوەی مافی خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی لە ملیۆنان ئینسان زەوت بکرێ؟

- لە ڕوانگەی سیاسییەوە: گەلۆ خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی چ گرفتێک بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئێران ساز دەکات؟ بە سەدان وڵات کە دواتر ئاماژەیان پێدەکەین خاوەنی چەندین زمانی فەرمی جیاوازن کەچی نە وڵاتەکەیان رووخاوە و نە بووەتە هۆی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەییان!

- لە روانگەی رەوانناسی و کۆمەڵناسییەوە: بۆچی رووناکبیری فارس ئەم شێوە روانینەی هەیە بۆ زمان و فەرهەنگی نەتەوەکانی دیکەی ئێران؟ رووناکبیرێک کە لەهەمبەر فەرهەنگ و زمانی نەتەوەکانی رۆژئاوایی باوەڕی بە پلۆرالیزمی فەرهەنگی هەیە، بەڵام کە دەگاتە نەتەوەکانی دیکەی ئێران حاشا لەم پلۆرالیزمە دەکا.

- لە روانگەی یاساییەوە: لە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، لە یاسای بنەڕەتی ئەو وڵاتەدا بە راشکاوی بە تێکڕای دەنگ (بەبێ یەک دەنگی دژبەر) ئەسڵی ١٥ی ئەم یاسایە پەسەند دەکرێ کە لەودا ئاماژە کراوە بەوەی دەبێ خوێندن و نووسین بە زمانی زگماکی بۆ نەتەوەکانی دیکەش ئازاد بێ، کەچی پاشی ٣٥ ساڵ ئەم ئەسڵە هەر بڤەیە!

٣

بێگومان بۆ هەر نەتەوەیەک زمان سەرەکیترین پێناسەیە و سەرەتاییترین مافێکە کە بۆ مرۆڤ دیاری کراوە و لە زۆر جاڕنامە و مەنشووری نێونەتەوەییدا سەلمێنراوە و تەواوی پسپۆڕانی بواری زمانناسی کۆکن لەسەر ئەمە کە فێرنەبوونی زمان تا چ رادەیەک شوێنکەوتی نێگەتیڤ لەسەر مرۆڤ دادەنێ بەتایبەتی لە سەر منداڵان. بێگومان دەستەواژەی "جینۆسایدی سپی" رێک ئاماژەیەکە بۆ ئەم شوێنکەوتە نەرێنییانە.

ئەگەر پاراستن و پەرەپێدانی زمانی و فەرهەنگی بەهۆی فێرکردنی دووزمانی یان چەندزمانی دروشمی سەرەکی یۆنسکۆیە بۆ رۆژی جیهانیی زمانی زگماکی وەک مافێکی سەرەتایی، لە زەمانی دەسەڵاتی پەهلەوییەوە تا ئێستا دژایەتی لەگەڵ ئەم دروشمە بەردەوامە.

روانینی نەتەوەی فارس لە تەواوی سەردەمی دەسەڵاتداری خۆیدا وەک نەتەوەی باڵادەست، بۆ سەر سەرجەم نەتەوەکانی دیکەی نیشتەجێی ئێران بەتایبەتی نەتەوەی کورد بە تەعبیری ئێدوارد سەعید روانینێکی رۆژهەڵاتناسانە بووە و بەردەوام حەولی ئەوەی داوە شوناس و ناسنامەی نەتەوایەتی لێ بستێنێتەوە و هەر ئەمەش بووەتە فاکتەرێکی سەرەکی بۆ سازبوونی ئەم کێشە مێژووییە لەبڕاننەهاتووانەی بەرۆکی ئەم وڵاتەی گرتووە.

زیاتر له ٥٥%ی نەتەوەکانی ئێران فارس نین، بەڵام بە تێکڕا لە خوێندن و نووسین بە زمانی خۆیان بێبەشن.

٤

ساڵی ١٩٥٢، حکومەتی پاکستان زمانی ئۆردوو کە کەمتر لە ٥%ی خەڵکی قسەیان پێدەکرد وەک زمانی فەرمیی ئەو وڵاتە رادەگەیەنێ. لە رۆژئاوای پاکستان کە خەڵک بە زمانی بەنگالی قسەیان دەکرد لەدژی ئەم بڕیارە هەستان و رژانە شەقامەکان و لەو رۆژەدا، واتە ٢١ی فێبریوەری، پۆلیس بە شێوەیەکی بێبەزەییانە تەقە لە خۆپێشاندەران دەکات و هەندێ کەس دەکوژرێن. ئەم سەرکوتە فەرهەنگییە لەسەر بنەمای ئینکار و ئاسیمیلاسیۆن تا ساڵی ١٩٧١ درێژەی هەبوو تا وای لێهات بەنگلادیش لە پاکستان جودا بووەوە.

بەم بۆنەیەوە ٢١ی فێبریوەری واتە ٢ی رەشەمە لەلایەن یۆنسکۆوە وەک رۆژی جیهانی زمانی زگماکی دیاری دەکرێ بۆ پاراستن و پەرەپێدانی تەواوی زمانەکانی جیهان بەبێ جیاوازی. ئێستا نزیکەی ٢٠٠ دەوڵەت لە دنیادا هەن، بەڵام ٦٠٠٠ زمانمان هەن، ئەوە سەلمێنەری ئەم راستییەیە کە هیچ وڵاتێک لە دنیادا نییە تەنیا بە یەک زمان قسان بکات. چاوخشاندنێکی بەپەلە بۆ سەر وڵاتانی دنیا داکۆکی لەم وتەیەمان دەکات: کەنەدا ٢، بەلژیک ٣، سویسرا ٤، ئەفغانستان ٢، ئیتالیا ٦، هیندستان ٣ زمانی فەرمییان هەیە، لەگەڵ ئەمانەشدا هەر کام لەم وڵاتانە چەندین زمانی ناوچەیی فەرمییان هەیە. بۆ وێنە هیندستان ٢٢، سوێد ٤، ئۆتریش ٣، نەرویج ٢ زمانی ناوچەیی فەرمییان هەیە. کەچی ئاسایشی نەتەوەییش نەشێواوە و ئەم رێزگرتنە لە فەرهەنگ و زمانی نەتەوەکانی دیکە بووەتە هۆی پێکەوەلکانێکی زیاتر نەک هۆکارێک بۆ لێکدابڕان!

٥

بڕیاری ئەم دواییەی فەرهەنگستانی زمانی ئێران واتە دژایەتی لەگەڵ خوێندن و نووسینی زمانی نەتەوەکانی دیکە بەڕای من شتێکی چاوەڕواننەکراو نەبوو. ئەم بڕیارە هەروەک لە سەرەتادا ئاماژەم پێکرد ریشەکەی لە زرە مۆدێرنیتەی ئێرانیدایە، بۆ ئەوەی باسەکە زیاتر بکەینەوە با زۆر بە کورتی ئاماژە بە هەندێ گرفت بکەین کە لە دنیای ئەمڕۆدا وەک مافێکی سەرەتایی بۆ هەموو مرۆڤێک سەلمێندراوە کەچی بۆ هاووڵاتیانی کوردستان لە ئێران یاساغە، بۆ وێنە: کورد لە ئێران ناتوانێ زۆر ناوی کوردی لەسەر منداڵەکانی دابنێ، بە حەشیمەتێکی زیاتر لە ١٠ ملیۆن کەس تاقولۆق بڵاڤۆکی کوردی هەیە، مرۆڤ هەیە چەندین ساڵە چاوەڕوانی ئیزنی وەرگرتنی بڵاڤۆکێک دەکا، زۆر کتێبی کوردی بۆ چاپ لە رۆژهەڵاتی

کوردستانەوە ئاودیوی باشووری کوردستان دەبێ، لێکدابڕانی ڕەشبەڵەک لەسەر بنەمای لەناوبردنی نەریتەکان و... .

بیری زاڵ بەسەر پێکهاتەی فەرهەنگستانی زمانی ئێران بیرێکی شۆڤێنیستییە کە جگە لە زمانی فارسی قایل بە بوونی هیچ زمانێکی دیکە نییە و پێیوایە ئەم داواکارییە یاساییە لە بیرێکی جوداخوازیی سیاسییەوە سەرچاوە دەگرێ.

با ئەمەش لەبیرنەکەین کە ئەم ویستە راستە سیاسییە، بەڵام بە درێژایی مێژووی نەتەوەی کورد ئەمە دژکردەوەیەک بووە لەهەمبەر ئاسیمیلەکردنی گەلی کورد. سەرەڕای تەواوی ئەو گوشارانەی بۆ تواندنەوەی ئەم نەتەوەیە، بۆ لەناوبردنی زمان و فەرهەنگی کراوە، بەڵام قەڵایەک بەناوی ئەدەبی زارەکی لە قاڵبی لایەلایەی دایکان و رۆڕۆی خوشکان و چرپاندنی وتەی ئەویندارانەی کچە حەیران و کوڕە حەیران و بێژەری بەیتوباوەکان و گۆرانیبێژە ڕەسەنەکان شوورەیەکی قایمی بە دەوری زمانی کوردیدا کێشاوە کە هەتاهەتایە پارێزگاری لێدەکات. ئایزا بێرلین گوتەنی هۆکاری سەرەکی گەشەسەندنی نەتەوەخوازی ئاکامی ئەم بە کەمگرتن و جیاوازییەیە کە نەتەوەی باڵادەست بەسەر نەتەوە بندەستەکاندا دەیسەپێنێ!

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٩ی فێبریوێری ٢٠٢١

---

## ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک!



کەریم فەرخەپوور

ڕۆژی ٢ی ڕەشەمە بەرانبەر بە ٢١ی فێوریە، ساڵی ١٩٩٩ی زایینی لەلایەن یونسکۆوە بە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک دیاری کرا و ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیش بۆ گرینگیدان بە زمان، ساڵی ٢٠٠٨ی زایینی بە ساڵی جیهانیی زمانەکان دیاریکرد.

لە جیهاندا لەکۆی چەند هەزار زمان تەنیا ١٠٠ زمان زۆرترین کەس قسەی پێدەکا کە زمانی کوردی لە ڕیزبەندی ٥٩ دایە. زۆر زمان هەیە کە قسەی پێدەکرێ بەڵام زمانی خوێندن و نووسین نییە و سەدان زمانیش فەوتاون.

لەمڕۆژەدا هەر نەتەوەیەک بەپێی دەرفەت و هەلومەرج بۆ ڕێزلێنان و بایەخدان بە زمانی دایکیی خۆیان بەرنامە و بابەتی جۆراوجۆر ئامادە دەکەن. ئەمڕۆژە بۆ نەتەوە بندەستەکانی وەک نەتەوەی کورد بایەخێکی زیاتری هەیە و بۆ بەرگری لە فەوتانی زمانەکەیان گرینگیی زیاتری پێدەدەن.

لەنێو کورددا بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆمەڵێک لە ڕۆشنبیران و مامۆستایان ئازایانە و بوێرانە فێرگەی زمانی کوردییان کردۆتەوە و خۆبەخشانە وانەی کوردی بە فێرخوازانی زمانی کوردی دەڵێنەوە. بەوپەڕی دڵسۆزییەوە خزمەت بە زمانی کوردی دەکەن و بە خەمخۆرییەوە بەرگری لێدەکەن. لە هەمانکاتدا نەتەوەی باڵادەست بەکەلکوەرگرتن لە هێز و دەسەڵات دەیهەوێ زمانە غەیرە فارسەکان بە تایبەت زمانی کوردی بتوێنێتەوە و بەداخەوە بەشێک لە خەڵکی کوردیش ناڕاستەوخۆ کەوتوونەتە خزمەت بە زمانی فارسی و زمانی کوردییان شێواندووە. هێندێک کەس پێیانوایە ئەگەر لە نووسراوە و قسەکانیاندا وشەی فارسی بەکار بێنن ئەوە نیشانەی ڕۆشنبیری و زانایی و پێشکەوتنە. هێندێک کەس قسەکردن بە کوردیی پەتی بە نیشانەی دواکەوتوویی و نەزانی دەزانن و ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە توێژی لاو و منداڵان بەم شێوازەی ئەوان قسە بکەن. بۆ نموونە بە دایک دەڵێن مامان، بابە گەورە یان باپیرە بۆتە باباغا، بابا و عمە و خالە و مهمان و خرید و زبان و کتاب و معلم و تولد و روز عروسی و نامزدی ازدواج و زهرە مار و زۆر وشە و دەستەواژە جێگەی وشە جوان و ڕەسەنەکانی زمانی کوردییان گرتۆتەوە و بە بەربڵاوی بەکاردەهێنرێن.

ئەوە بەتەنیا لەنێو خەڵکدا نییە کە لە باخچەی ساوایانەوە هەتا کۆتایی بە زمانی فارسی دەخوێنن و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و نووسراوە و کتێب و بەڵگەنامەکان و ئیدارات و نەخۆشخانە و... هەمووی بە زمانی فارسییە، لە باشووری کوردستان کە دەمێک ساڵە زمانی کوردی زمانی ڕەسمییە و ٣٠ ساڵە حکوومەتی کوردی دەسەڵاتی هەیە، تا ئێستاش خەمێک لە زمانی کوردی نەخوراوە. زۆربەی سیاسییەکان بەشێک لە وتەکانیان عەرەبییە، ڕاگەیاندن بایەخێکی ئەوتۆ بە زمان نادات. کە سەردانی هەولێر و سلێمانی دەکەی دەبینی زۆربەی نووسراوەی سەر دووکان و کۆمپانیاکان بە زمانی بێگانە نووسراون و هەست ناکەی لە کوردستانی. لە سەتا ٩٩ی ناوی دوکتۆرەکان و پسپۆرییەکەیان عەرەبییە.

خۆشمان وەک حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان لەگەڵ ئەوەی کە بەشێکی بەرچاوی نووسراوە فەرمییەکانمان بە زمانێکی پاراو دەنووسرێن بەڵام بەشێک لە ڕێبەرانمان لە کاتی ئاخاوتن و قسەکردندا بۆ ئەوەی واپێشان بدەن کە لەخەڵکی دیکە زاناترن حەتمەن کۆمەڵێک وشە و دەستەواژەی فارسی و ئینگلیسی تێدەخەن. بۆ نموونە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی دەڵێ: "

من عضوی کومیتە مەرکەزیم". پێی وایە "عضوی کومیتە مەرکەزی" گەورەتر و زاناترە لە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی.

بەوهیوایە کە هەموومان بە هەست بە بەرپرسایەتی کردن بتوانین خزمەت بە زمانی کوردی و پاراستن و بەرەوپێشبردن و پەرەپێدانی زمانەکەمان بکەین. بە کوردی بنووسین و بە کوردی بدوێین.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٠ی فێبریوێری ٢٠٢١

-------------------------------------------------

# رۆژی جیهانیی زمانی دایک




## زمانی کوردی وەک سەرەکیترین توخمی کەلتوریمان



فەرەیدوون سامان*

### بایەخی زمان لە ژیانی هەر نەتەوەیەکدا

زمان کۆڵەکەی نەتەوە و نەتەوەسازییە، فاکتەرێکی هەرە سەرەکی مانەوەو لە ناوچوونی نەتەوەکانە، لە هەمانکاتیشدا رەهەندێکی سەرەکی پێکهاتنی ناسنامەی نەتەوەییە، لە سەدەی حەڤدەهەم بەدواوە کە دەستپێکی سەردەمی مۆدێرنیتەیە، زمان وەک یەکەم توخمی پێکهێنەر و رێکخەری هەر نەتەوەیەک چاوی لێکراوە، زمانی هەر نەتەوەیەک ناسنامەکەیەتی، توخمێکی ئەوتۆ کە لە ناوچوونی، واتە لە ناوچوون و توانەوەی نەتەوەکەیە، بۆیە ئەو کەس و نەتەوانەی کە ویستبێتیان، نەتەوەیەکی دی بتوێننەوە، هەوڵی سەرەکیترین و زیاترینیان تواندنەوەی زمانی ئەو نەتەوەیە بووە.

کورد یەکێکە لەو نەتەوانەی کە زمانەکەی بە بەردەوامی کەوتۆتە بەر شاڵاوی دڕندانە و هۆڤیانەی دوژمنان و داگیرکەرانی، مخابن هەندێجار کەسانێک یان کۆمەڵێک لە هاوزمانەکانیشمان ناهۆشیارانە بەشداربوون لەو پلانگێرییە، بەڵام بە

خۆشبەختییەوە هەوڵی کورد بۆ خۆی، بۆ پاراستنی زمانەکەی نەگۆڕ و نەپچڕاوبووە، زمان جودا لەوەی کە مافی سروشتی هەر نەتەوەیەکە، لەهەمان کاتیشدا کاریگەریی لەسەر رامان و هزری تاکەکانی هەیە و پچڕانی پێوەندی لە نێوان زمان و هزر، پچڕانی پەیوەندی نێوان تاک و کۆمەڵە و گەورەترین زیان نەبوونی پەروەردەیەکی نیشتمانییە. هەرچۆنێک بێت زۆرن ئەو زمانانەی کە لەو سەردەمەدا بە هۆی بایەخ نەدان و هۆکاری سیاسییەوە لەناوچوون و بەکارهێنەرانی ئێستاکە بە زمانی نەتەوەیەکی تر قسە دەکەن. بۆنموونە لە فەرەنسا، ئەو زمانەی ئێستاکە هەموو کەس قسەی پێدەکەن پێش سەردەمی مۆدێرن تەنیا ١٣٪ خەڵکی فەرەنسا بەکاریان هێناوە. لەراستیدا نەتەوەی فەرەنسی بەشێکی زۆری لەسەر ئەو ١٣٪ پێکهاتووە. جێگەی سەرنجە ئەو شێوازە بووە بە مۆدێلێک کە بە مۆدێلی فەرەنسی دەناسرێت.

زمان کۆڵەکەیەکی بنەڕەتی نەتەوەسازییە، هەر نەتەوەیەکیش زمانەکەی لەدەست بدات، ئەوا بێگومان خەسڵەتی سەرەکی نەتەوە بوونی خۆی لەدەستداوە، هەر بۆ نموونەش لە رۆژهەڵاتی دێریندا گەلانی رەسەنی ناوچەکە وەک گەلانی فینیقی، بابلی، ئاشووورو کلدان، لە باکووری ئافریقیاش قیپتی و ئەمازیغیەکانن، با لە رابردووشدا خاوەنی قەوارە و نیشتمانی خۆیشیان بن، ئەو نەتەوانە زمانەکەی خۆیان لەدەستداوە و رەشبوونەوە، وەک چۆن ئەمڕۆش دەبینین سەبارەت بەداگیرکاریی عەرەب و هاوردنی پەیامی ئیسلام بۆ وڵاتانی شام و عیراق و باکووری ئافریقا، گەلانی رەسەنی ناوچەکە ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان کە زمانە لەدەستداوە، رەش بوونەوەتەوە، مەگەر لەسەر ئاستی چەند گرووپێکی بچووکی وەک هۆز و خێڵ و بنەماڵە نەبێت، یان لێرە و لەوێ کە تەنێ بۆ قسەکردن و بۆنە ئاینییەکان نەبێت بەکاری بهێنن، ئێستا ئەم گرووپە ئێتنیکیانە لە بۆتەی نەتەوەی سەردەست تواونەتەوە، تارادەیەک کوردیش هەمان چارەنووسی تراژیدی ئەو گەلانەی هەیە، بەڵام بە کەمێک جیاوازتر، ئەویش ناوچە جوگرافییە سەختەکەی و ئەدەبی زارەکی و هونەری میللی و فۆلکلۆرییەکەی توانی زمانەکەی بپارێزێت.

### رۆژی جیهانیی زمانی دایک

رۆژی ٢١ - ٢ هەموو ساڵێک، وەکو رۆژی جیهانیی زمانی دایک لەلایەن رێکخراوی یۆنسکۆی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان ناسراوە. ئەم رێکخراوە لە کۆنگرەیەکیدا لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٩، ئەو رۆژەی وەکو رۆژی جیهانیی زمانی دایک ناساند، لە ساڵی ٢٠٠٠یش، بۆ یەکەم جار ئەم رۆژە مێژوویی و جیهانییە یادی کرایەوە، یۆنسکۆ هۆکاری هەڵبژاردنی رۆژێکی جیهانیی بۆ زمانی دایک گەڕاندەوە بۆ هاوکاریکردنی فرەچەشنی و فرەڕەنگی زمان و کەلتوورەکان، هەر لەم روانگەیەوە کۆمەڵەی گشتی سەر بە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، ساڵی ٢٠٠٨ی وەک ساڵی جیهانیی زمانەکان دەستنیشانکرد.

بە بۆنە بوونی ئەم رۆژە ۲۱ی شوباتی رۆژی جیهانیی زمانی دایک، یونێسکۆ لە ساڵی ۱۹۹۹دا، بڕیاریدا کە ۲۱ی شوبات کە بەرانبەرە بە۲ی رەشەمەیە، ببێتە «رۆژی نێونەتەوەیی زمانی دایک.

رۆژی جیهانیی زمانی دایک هەموو ساڵێک لەلایەن وڵاتانی ئەندام لە یونێسکۆ، لە نووسینگەی سەرەکیی یونێسکۆوە لە پاریس یادی دەکرێتەوە بۆ پاڵپشتیی زمانی و کەلتوور و هەمەچەشنیی زمانی. زۆر لە ساڵەکان ناودێر کراون، بۆ نموونە، ساڵی ۲۰۰۸ ناو نرابوو بە: «ساڵی نێونەتەوەیی زمان» ساڵی ۲۰۱۰ بە «ساڵی نێونەتەوەیی بۆ نزیکبوونەوەی فەرهەنگەکان» ناودێر کرابوو.

ئەم رۆژە لەلایەن چین و توێژە جۆر بەجۆرەکانەوە یادی دەکرێتەوە، لە خوێندنگەکان، لە پەرتووکخانەکان و بنکەکانی چالاکیی فەرهەنگی و کۆڕ و کۆمەڵی کەلتووری و وێژەیی و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانی وەک فەیسبووک و هەندێ شوێنی تر بۆنەکەی رێزی لێ دەگیرێت و قسە لەسەر مێژوو و بۆنەی سەرهەڵدانی رۆژی زمانی دایک دەکرێت. باس لە بایەخی زمانی دایک دەکرێت، وەک دەزانرێت زیاتر لە حەوت هەزار زمان لە دنیادا هەیە، رەنگە تا کۆتایی ئەم سەدەیەش نزیکەی۹۰%ی ئەو حەوت هەزار زمانە لەنێو بچن، زانایان و زمانناسان خەریکن پلان دادەنێن کە چی بکەن تا پێش لەو کارەساتە بگیرێت.

ئەم رۆژە جگە لە یونێسکۆ و وڵاتانی ئەندامی، لەلایەن خوێندنگەکان، کتێبخانەکان، کۆڕ و کۆمەڵە هونەری و ئەدەبییەکانیش رێزی لێ دەگیرێت.

### ئامارەکانی زمان

لە بەراییدا ئاماژەمان پێکرد ئێستا لە دنیادا نزیکەی حەوت هەزار زمان بوونی هەیە، هۆکاری سەرەکی بۆ ئەوەی کە ناکرێ ئامارێکی ورد لەو بارەیەوە بڵاو بکرێتەوە ئەوەیە کە سنوورەکانی نێوان زمان و زار - دیالێکت لە زۆر شوێندا بە تەواوی روون نین، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، ئەو راستییە لە جێگەی خۆیەتی کە زمان لە پرۆسەیەکی مێژووییدا بووە بە بەشێک لە سروشتی مرۆڤ و تەنانەت دیارترین هێڵی جیاکردنەوەی لە زیندەوەرەکانی دیکەش، کەواتە بە دەربڕینێک دەتوانین بڵێین کە زمانی زگماکی لە سروشتیترین داهێنراوەکانی مرۆڤە، لەوانەیە هیچ دەستکردێکی دیکەی مرۆڤ هێندەی زمان لە سروشتی مرۆڤەوە نزیک نەبێت.

پـیەر بۆردیـۆ فەیلەسـوفی بونیـاتگەرای فەڕەنسـی لە لێکـۆڵینەوە کۆمەڵناسـییەکانیدا قورسـاییەکی زۆر بە زمـان وەک سـەرمایەیەکی ڕەمـزی دەدات وەک پێکهێنەرێکـی سـەرەکیی هێـز لە مەیـدانە سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکانـدا دەیناسـێنێ، ئەو پێیوایە کە زمان تەنیا هۆکاری پەیوەندی پێکەوەکردن نییە، بەڵکو بەستێنێکی سیاسیشە بـۆ یەکلاییکردنەوەی ململانێکـانی هێز و دەسەڵات کە لەوێدا تاکەکـان بە دوای بەرژەوەنـدیی خۆیانـدا دەگەڕێن. پرسیـاری سەرەکی لێرەدا واتـای ئاخـاوتن و دەربڕین نییە، بەڵکو پرسیار لەسەر ئەوەیە کە ئاخاوتن و دەربڕین چ هێز و قورساییەکیان هەیە، سەرنجی خوێنەر لەسەر ڕەوانبێـژی و توانـای قسـەکردن دەگـوازێتەوە بـۆ سـەرنج لەسـەر سـەرمایەی ڕەمـزی وتەبێـژ، کە پـێگەی ئەو لەبونیـاتی کۆمەڵایەتیدا دیاردەکات، واتە زمان لە نێو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بیچم دەگـرێ، نەک وەک ئامرازێـک بـۆ پێوەنـدی پێکەوەکـردن، ئەو لەسـەر ئەو بـاوەڕەیە کە زمـان ڕەمـزێکە کە لە ڕێـگەی قسـەپێکەرەکانییەوە دانـی پێـدا دەنرێـت و لەو ڕێـگەیەوە هێـز و دەسـەڵات بە تـاک و کـۆمەڵ دەبەخشێت، واتە زمـان لە نێوەنـدی دەسـەڵاتدایە، ئەوە سـەرەڕای ئەوەی کە مرۆڤەکان لە ڕێگەی ئەزموونە دەرەکییەکانی خۆیانەوە دنیای دەرەوە هەست پێدەکەن و لە ڕێگەی زمـانەوە پەیوەنـدی لەگەڵ ئەو دنیـایە دروست دەکەن، ئەزمـوونە دەرەکییەکـان ئەو سـەرمایە سێمبولیکیانەن کە هەژمـوونی بە دەسـەڵاتی زمـان دەدەن، ئەگەر گرووپێـک دەرفەتـی وەسـەریەکنانی سـەرمایەی سێمبولیکی بـۆ ڕەخسـابێت، ئەوا لەزمانیشـدا هەژمـوونی هەیە، ئەو سەرمایەیە دەکرێ پلەی بەرزی خوێندن، پێگەی سیاسی و ئابووری بێ کە زمانی قسەکەر دەباتە نێوەندی دەسەڵاتەوە.

چونکە خوێندن بە زمـانی زگمـاکی یەکگرتـوویی و هاوپەیوەنـدی لەنێوان ئەنـدامەکانی نەتەوەیەکدا بەهێزتـر دەکـات و ئەو جەبرە مێژووییەی کە کوردەکانی بەسەر چەند وڵاتێکدا دابەشکردووە لاوازتر دەکـات. منداڵێک کە یەکەم ڕۆژەکـانی خـۆی لە خوێنـدنگە دەستپێدەکات و تـا ئەوکـات لە ڕێـگەی زمـانی دایـکەوە دنیـای دەرەوەی خـۆی ئەزمـوون کـردووەو ناسیویەتی، لە پرێکـدا بە سـەر سـاختارێکدا دەکەوێت کە زمـان دەکـاتە بەربەسـتێک بۆهـاتنە نێـو سیسـتمی پەروەردەوە، دەبـێ تووشـی چ ڕاچڵەکینێک بێت و چەنـدە توانـا و کـاتی خـۆی هەر بـۆ ئەوە تەرخـان بکـات کە جـارێکی دیکە بتوانێت لە ڕێگەی زمـانێکی دیکەوە دنیـای دەرەوەی خـۆی ئەزموون بکـاتەوە. ئەوە بێجگە لە هەمـوو ئەو بەربەستە سیاسیی و ئابووریيـانەی لە درێـژەی خوێندندا دێنە پێش خوێندکارێکی کورد. بۆردیۆ بە ڕوونی باس لەو ڕۆڵە پارۆدۆکسیکاڵەی سیستمی پەروەردە دەکات کە چۆن دەرفەت بە کۆمەڵێـک دەدات سـەرمایەی فەرهەنگـی خۆیـان بـبەنە سـەرێ و کـۆمەڵێکیش دیکەش بێبەری بکـرێن و بخـرێنە پەراوێزەوە.

کەواتە زمـان ڕۆڵێکـی گرنـگ و نێوەنـدگەرا لە یەکلاییکـردنەوەی پرسـەکاندا دەگێڕێـت و هێـز لەزمانـدا بە مانـای هێـز لە مەیدانەکانی سیاسەت و دەسەڵاتدایە، هەر لەو سۆنگەیەوە زمانی زگماکی لە گوتاری ناسنامەخوازی کوردیـدا قورسـایی خـۆی هەیە. سەرەڕای ئەو هەموو بەربەستانەی لەئاست خوێندنی زمانی زگماکیدا هەیە، چالاکوانان، ڕۆشـنبیران و ئەدیبـانی کـورد

لە ڕێگەی کردنەوەی کۆمەڵێک نێوەند هەم لە شارەکان و هەم بەشێوەی ئۆنلاین هەوڵی فێرکردنی زمانی زگماکییان بە نەوەی نوێ داوە، بەڵام بێبەریکردنی خوێندکاران لە خوێندن بە زمانی دایک بەشێوەیەکی دامەزراوەیی و لە ڕێگەی سیستمی پەروەردەوە، بێبەش کردنیانە لەوەسەریەکنانی سەرمایەی فەرهەنگی و هاوکات بەرینتر بوونی ئەو کەلێنەی کە لە نێوان ژیانی ڕۆژانەی خوێندکارێک و خوێندنگاکەیدا هەیە. زۆرن ئەوانەی کە لەگەڵ یەکەم ڕۆژی دەستپێکردنی خوێندندا لەگەڵ دنیایەکی نەناسراو بە ئەزموون و زمانی خۆیان ڕووبەڕوو دەبنەوە، بۆ زۆرێک لەوانە یەکەم جارە کە لەگەڵ دامەزراوەیەکی حکومیدا بەشێوەی ڕاستەوخۆ دەکەونە پەیوەندییەوە و دەست و پەنجە لەگەڵ دنیایەکی نەناسراو و بێگانەدا نەرم دەکەن، پەیوەندییەک کە هەر لە یەکەم بەریەککەوتندا ئاماژە بە ناتەبایی، هەڵاواردن و چەوساندنەوە دەکات.

هێشتا لەبەشەکانی دیکەی کوردستان زمانی کوردی وەک زمانی دایک بەفەرمی نەناسێنراوە، لە زۆر شوێن و ناوچەدا هەڕەشەی لە نێوچوونی لەسەرە، تەنانەت منداڵانی کورد ناچار دەکرێن بە زمانی نەتەوەی باڵادەست بخوێنن.

## زمانی کوردی و هەژموونی زمانی نەتەوەی باڵادەست

قەدەری کورد وا بووە کە نیشتمانەکەی لەلایەن گەلانی دراوسێ-وە داگیر و دابەشکراوە، هاوکات بە هۆکاری جیاواز زمانەکەشی لە بواری پەروەردە و فێرکردندا پەراوێزخراوە و پشتگوێ خراوە، دەرفەت بە ڕۆڵەکانی نەدراوە بەو زمانە بخوێنن، پتر زمانی نەتەوەی باڵادەست هەژموونی بەسەر زمان و هزرینی تاکی کورددا هەبووە، دوای هاتنی ئیسلام لەسەر دەستی عەرەبە جەنگاوەرەکان بۆ کوردستان زمانی عەرەبی بۆتە زمانی ئاینی خەڵک و دەربارى زۆربەی دەوڵەت و میرنشینە کوردییەکان. هەڵبەت دواتریش زمانەکانی فارسی و تورکی شوێنی زمانی عەرەبییان گرتۆتەوە لەو بەشانەی کە ئەوانی تێدا باڵادەست بوون. هەڵبەتە لە ناو کوردەکانی سۆڤیەتی جارانیش واتە لە ئەرمەنستان و گۆرجستان و ئازەربایجان و قەرغیزستان زمانی نەتەوەی باڵادەست هەژموونی بەسەر زمانی کوردەکانی ئەوێدا هەیە و تەنانەت بۆتە زمانی یەکەمی ئاخاوتنیان.

بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی گەلێک لە زمانەکان لەبەر دەسەڵاتی سەرەڕۆ و زەبرو زەنگ و ڕوانینی نامرۆڤانەی نەتەوەیەکی سەردەست بۆ نەتەوەیەکی بندەستی دیکە، یان لەناو چوون و یان ڕێگە و دەرەتانێکی وایان بۆ گەشە و پێشکەوتنی خۆیان نەبووە، زمانی کوردی دووچاری هەمان کێشە بۆتەوە لەلایەن ئەو نەتەوانەی کە کوردیان بەسەردا دابەشکراوە، هەر بۆ نموونەش ڕەوشی زمانی کوردانی باکوور جیاوازترە لە کوردانی باشوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاڤای کوردستان لەسەر پرسی زمان تراژیدیتر بووە، تا دەگات بە ڕۆژی ئەمڕۆ زمانی کوردی بە دەستووری تورکیا قەدەغەکراوە،

لە کاتێکدا لەسەردەمە جیاوازەکانی دەسەڵاتی عیراقیشدا زمانی کوردی سەرباری پەراوێزیکی ئازادی لە ناوچە کوردنشینەکان، لە قوتابخانەکانی سلێمانی و هەولێر وانەی کوردی خوێنراوە، بەیناو بەینێکیش رۆژنامە و گۆڤار دەردەچوون، بەڵام بەگشتی زمانی کوردی دووچاری هەمان تراژیدیا بووە، لە مەسەلەی بە عەرەبکردنی زمانی کوردی لە بوارەکانی پەروەردە و فێرکردندا، بەتایبەتیش لەناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان وەک کەرکوک، خانەقین، مەندەلی، مەخموور و شنگال و شارۆچکەکانی پارێزگای نەینەواو هەروەها کوت و عیمارەی فەیلینشین کە بەسەدان هەزار کوردی لێ بەعەرەب کراوە.

هەر لەگەڵ دروستکردنی دەوڵەتی تازەی عیراق لەلایەن بریتانیاوە و دواتر بە ئەندامبوونی لە عوسبەی ئومەم لە ساڵی ١٩٣١، تا دەگات بە رێکەوتننامەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠، تارادەیەک لە ناوچە کوردییەکان زمانی کوردی رێگەپێدراو بووە، بەتایبەت لە دادگا و فەرمانگە حکومییەکان گفتوگۆی پێکراوە، گەشەکردنی زمانی کوردی (کوردی ناوەڕاست) کە بە هەڵە پێیدەڵێن کوردی سۆرانی، بە زۆر هەورازو نشێودا تێپەڕیوە. تا دەگات بە قۆناغی دوای راپەڕینی ١٩٩١ و کەوتنی رژێمی عیراق لە ساڵی ٢٠٠٣، هەڵبەتە لە باشووری کوردستاندا دەسکەوتی گەورە بۆ زمانی کوردی وەدی هاتووە، بەتایبەت کە بۆ یەکەمجار لە مێژووی عیراقدا لە مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٤دا، لەلایەن پەرلەمانی عیراق زمانی کوردی لەپاڵ زمانی عەرەبی بە فەرمی ناسێنرا، وێڕای هەبوونی دامودەزگاکانی پەروەردە و فێرکردن لە شارەکانی هەرێمی کوردستان و تەنانەت لە هەندێ دەڤەری دەرەوەی هەرێمیش بە کوردی دەخوێنرێت.

### پاشەکشەی گەشەکردنی زمانی کوردی

سەرباری کردنەوەی بەشی کوردی لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا و کردنەوەی خوێندنی باڵا بۆ فێرخوازانی ماستەرو دکتۆرا لەسەر زمانی کوردی و هەروەها هەبوونی دەیان کەناڵی تەلەفزیۆنی لۆکالی و ئاسمانی، هەبوونی رۆژنامە و گۆڤارو چاپەمەنی زۆر، وەلێ هێشتا لەسەر ئاستی میدیا و پەروەردە و فێرکردندا چەندان گرفتی زمانەوانیمان هەیە وەک گرفتەکانی نەبوونی زمانێکی ستاندارد، فرە رێنووس و ئەلفابێتا، هەبوونی وشە و زاراوەی بیانی نەگونجاو لەناو زمانی نووسین و میدیاییدا، کە تا ئاستێکی بەرچاو بونیاتی رەسەنایەتی زمانەکەمانی شێواندووە، یان بوونی دەیان تێکست و کتێبی وەرگێڕدراو لە زمانە بیانییەکان بۆ زمانی کوردی کە بەداخەوە زۆربەی زۆریان بەسەقەتی وەرگێڕدراون و رەچاوی مەرجەکانی هونەری وەرگێڕانیان تێدا نەکراوە، ئەمانە هەر هەموویان کاریگەریی نەرێنی لەسەر گەشەکردنی سروشتی زمانی کوردی هەبووە. گەرەکە ئاماژە بەوەش بکەین لەو ساڵانەی دواییدا کە بایەخ بە خوێندنگە ئەهلی و تایبەتییەکان درا کە بە زمانە بیانییەکانی وەک ئینگلیزی و تورکی دەخوێنن، دیسان زمانی کوردی بە تەواوی پەراوێزخراوە ئێستا نەوەیەک لە

منداڵانی کورد سەریهەڵداوە بە باشی کوردی نازانێت. بۆیە دەبینین هەژموونی زمانی نەتەوەی باڵادەست لە هەر بەشێکی کوردستاندا رۆڵێکی یەکجار نەرێنی گێڕاوە لە ئاسمیلەکردنی ناسنامەی رەسەنی زمان و کەلتووری کوردی و هەژموونی تەواوی بەسەر هزرینی تاک و کۆمەڵی کوردیدا سەپاندووە، تەنانەت تارادەی نکۆڵیکردن لە ناسنامە نەتەوەییەکەشی، کە ناسنامەی کوردبوونە.

هەروەها هەبوونی کەسانی نەشارەزا لە کەناڵە میدیاییەکان وەک رادیۆ و تەلەفزیۆنە لۆکاڵی و ئاسمانییەکان و هەبوونی دوو زاری سەرەکی و دوو رێنووسی جیاواز و نەبوونی فلتەرێکی زمانەوانی، وایکردووە جۆرێک لە ئاڵۆزی و ناحاڵی بوون بۆ زمانی کوردی و پرۆسەی بە ستاندارکردنی دروست ببێت. لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانیش و لە عیراقدا زمانی کوردی رۆژ لە دوای رۆژ لە پاشەکشەدایە، لە ناوچە دابڕێندراوەکان، زۆر بە ئاشکرا زمانی کوردی لە خوێندنگاکان رووبەڕووی دژایەتی و پاشەکشە هاتووە. لە کاتی نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا هەواڵی ئەوە بڵاوبوویەوە کە کێشە بۆ زمانی کوردی لە خوێندنگاکاندا دروستکراوە. کە ئەمەشیان دەچێتە خانەی پێشێلکارییەکی تری دەستووری عیراق لە هەمبەر زمانی کوردیدا.

### بایەخی بەڕەسمی ناساندنی زمانی کوردی

لەبارەی بایەخی ئەو یاسایەی کە لە رۆژی ٧ی کانونی دووەمی ٢٠١٤ لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق دەرچووە زمانی کوردی و عەرەبی یەکسان تەماشا دەکات، کورد تا چەند دەتوانێت سوود لەو یاسایە وەرگرێت بۆ یەکخستن و پێشخستنی زمانەکەی لەو هەرێمەدا. بێگومان دەتوانین سوود لەو یاسایە وەربگرین، ئەویش لەسەر بنەمای کۆمەڵێک هەنگاوی گەورەی پراکتیکی لەوانەش هەوڵی جددی بدرێت جگە لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان، تەنانەت لەسەر ئاستی هەموو کوردستانی باشووردا، زمانی کوردی بکرێتە زمانی ستاندارد و بە زمانی رەسمی و پەروەردە و فێرکردن، نەک بە دوو زاری بادینی و سۆرانی بخوێندرێت، ئەرێ گەرەکە بایەخ بە شێوەزارەکانی بدرێت و رێگە لە خوێندن و نووسینی نەگیرێت، بەتایبەت لە بواری ئەدەبیات و راگەیاندن و چاپەمەنییەوە، نەک دوو زار کە لە واقیعدا دەبینین لە هەردوو ناوچەی سۆران و بادینان کاری پێدەکرێت، چونکە لەم قۆناغەدا دەکرێت ئەو زمانە ستانداردە کە ساڵەهایە لەسەر ئاستی پەروەردە و خوێندن و چاپەمەنی و راگەیاندندا خزمەتی زۆری پێکراوە. بکرێتە بناخەیەکی پتەو بۆ زمانی یەکگرتووی کوردی و کێشەی جووت ستانداردی و فرەیی چارەسەر بکات، دیارە بایەخی ئەم بە رەسمی ناساندنەش کاریگەریی راستەوخۆی دەبێت بە سەر کورد و زمانەکانی دیکەی بەشەکانی کوردستان کە هێشتا بە رەسمی لە لایەن دەوڵەتەکان دانیان پێدانەنراوە.

هەر بۆ وەبیرهێنانەوەش لە دانیشتنی رۆژی سێشەممەی رێکەوتی ٧ی کانونی دووەمی ٢٠١٤ ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق لەسەر پرۆژە یاسای زمانی رەسمی وڵات دەنگیدا، کە زمانی کوردی و عەرەبی بە دوو زمانی رەسمی وڵات دەناسێنێت. بەپێی

یاسایەکە هەر دوو زمانی کوردی و عەرەبی بە دوو زمانی رەسمی وڵات دادەنرێن، لە وتار و کاروباری رەسمی دەوڵەت و فەرمانگەکان، هەروەک زمانی تورکمانی و سریانیش بە دوو زمانی رەسمی لەو ناوچانە کاریان پێدەکرێت کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی تورکمان یان سریانن. عەلی شەلا سەرۆکی لیژنەی رۆشنبیری و راگەیاندنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق راگەیاند، ئەندامانی لیژنە و لیژنەکانی دیکەی پەرلەمانی ئەمڕۆ بە رەسمی زمانی وڵاتیان لە عیراق دەستنیشان کرد، وەک دەزانن عیراق وڵاتێکی خاوەن شارستانییە و پێمانوایە ئەو یاسایە هۆکاری هێز و فراوان بوونی شارستانیەتەکانی عیراقە بە درێژایی مێژوو. بە وتەی شەلا جێبەجێ کردنی یاسای زمانی رەسمی وڵات، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە عیراق وڵاتی دیموکراسییە و بە کردار رێز لەسەرجەم پێکهاتە جیاوازەکانی دەگرێت. پڕۆژە یاسای زمانی رەسمی وڵات کە ماوەی چەند مانگێکە خوێندنەوەی یەکەم و دووەمی بۆ کراوە و بە یاسای سەرجەم پێکهاتە جیاوازەکانی گەلانی عیراق هەژمار دەکرێت، پێشتر لەلایەن چەند لایەنێکی سیاسی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق رێگریی لێدەکرا دەنگدانی لە سەربدرێت، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە دەنگی کورد لەپاڵ دەنگی عەرەبی بە زمانی رەسمی وڵات دانراوە. دیارە پڕۆژە یاسایەکە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لە خۆدەگرێت و ئەو ناکۆکی و کێشانەش دەخاتە روو کە لە کاتی دەنگدانەکەدا هاتوەتە ئاراوە و ئاماژەش بۆ ئەو سوودانە دەکات کە لە رێگەی ئەو قانوونەوە بە گەلی کورد دەگات، "لە دوایین دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا و دوای هێنان و بردنێکی زۆر، توانییان قانوونی زمانە فەرمییەکان دەربچێنین و دەنگی لە سەر بدرێت، لە کاتێکدا ماوەی هەشت ساڵە ئەو قانوونە لە نێو ئەنجومەنی نوێنەراندایە و ناهێڵن تێپەڕێت، خولی پێشوویش هەوڵیاندا ئەو قانوونە دەربچوێنن، بەڵام نەیانتوانی، لەم خولەشدا بە قورسی و نەشتەرگەری قەیسەری توانییان ئەو قانوونە تێپەڕێنین، پێشتر دووجار خرابووە دەنگدانەوە و نەیانهێشت تێپەڕێت و ئەمەشیان جاری سێیەم بوو رۆژی شەممەی رابردووش لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان داوایانکرد، کە ئەو قانوونە بخاتە نێو کۆبوونەوەکانەوەو لەدوایین دانیشتندا خرایە نێو کۆبوونەوەکانەوە و دوای گفتوگۆیەکی زۆر بە قورسی توانییان قانوونەکە تێپەڕێنین، مەبەستیش ئەوەیە ژمارەی ئەوانەی دەنگیان بە ماددەکان دەدا زۆر نزیک بوو لەوانەی کە بە نەخێر دەنگیاندا، بەڵام لە بەرژەوەندی نوێنەرانی کورد تێپەڕی، ئەگەرچی لە ١٨ ماددەدا دوو ماددەیان لەو هەموارکردنەوانەدا نەبوون کە دایانڕشتبوون، بەڵام گەڕانەوە بۆ دەقی قانوونە رەسەنەکەی ئەو دووماددەیە، کە حکومەت کاتی خۆی بۆی دانابوو، بەشێوازێکی گشتی قانوونێکی باش بوو، راستە لە سەداسەد لە ئاستی خواستی کوردا نییە، بەڵام تاڕادەیەکی باش لە ئاستی رەزامەندیدایە، بۆیە سەرۆکی هەر چوار کوتلە کوردستانییەکە، کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیان سازکرد و پیرۆزبایی و خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی "ئەم قانوونە بۆ یەکەمجارە لە مێژووی عیراقدا هاتووە لە دوای قانونی مەحەلی زمانە رەسمییەکانی ناوی قانونەکە ئەمەیە:(قانونی اللغات المحلیة ) ساڵی ١٩٣١ کە لەسەردەمی مەلەکیدا دەرچووە و دوای ئەوەش ئەمە یەکەمجارە قانوونێک بە ناوی قانوونی زمانە رەسمیەکان دەربچێت، راستە لەماددەی ١٤ ئاماژەی بۆ کردوە، بەڵام بنەمای دەستووری ئەگەر بەقانوون رێکنەخرێت، کە خودی ماددی چواری دەستوور دەڵێت، پێویستە مەسەلەی قانوونی زمانە رەسمییەکان بە قانوون رێکبخرێت، ئەگەر ئەو

قانوونە دەرنەکرێت ناچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەو قانوونە وادەکات بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە و حکومەت ناچار بکات کە جێبەجێیبکەن و لە دوای ٩٠ رۆژ دەبێت دەست بەجێبەجێکردنی بکات لە دامودەزگاکانی حکومەت و ئەو شوێنانەی کە لە قانوونەکەداهاتووە" سودێکی قانوونەکە ئەوەیە دەبێتە هۆی دامەزراندنی دەیان و سەدان کەس لە دامودەزگاکانی دەوڵەت لە هاووڵاتیان، چونکە پێویستی بە وەرگێڕ دەبێت بۆ کۆمەڵێک دۆکیۆمێنت، بەپێی ئەو قانوونە لە نێو پەرلەماندا و ئەنجومەنی فیدراڵ و دادگای باڵای فیدراڵی و ئەنجومەنی وەزیراندا هەمووی زمانی کوردی و عەرەبی تێدا بە کاربهێندرێت و بەڕەسمی لە هەموو بڕیار و قانوونێکدا بە کوردیش بنووسرێت، تەنانەت راگەیاندنی ئەو دەسەڵاتانەش وەکو هەمووبان دەزانین دەسەڵاتەکان وەکو پەرلەمان و دادوەری و ئەوانیتریش راگەیاندنیان هەیە چ لە سایت و رۆژنامە و میدیاکان دەبێت بە هەردوو زمان بێت، لە ماددەیەکی ئەم قانوونەشدا هاتووە و دەڵێت ئامانجی ئەم قانوونە ئەوەیە کە گرەنتی یەکسانی لە نێوان زمانی کوردی و عەرەبی لە رووی ماف و ئەرکەوە رابگرێت، کە بۆ یەکەمجارە قانوونێک ئەم قسەیە بکات"رووونیشی کردەوە "ئەو دوو ماددەیەی کە دەنگی پێنەدرا، ئەوە بوو کە داواکرا بوو زمانی کوردی لەسەرتاسەری عیراق بخوێندرێت، ئەو ماددەیە رێگەیان پێنەدرا تێپەڕێندرێت، دواتر لەلایەن لیژنەی پەروەردەوە ئەو ماددەیە تاوتوێ دەکرێت، چونکە ئەوان پێیان قورس بوو ئەو کارە بکرێت و پێویستی بە توێژینەوەی زیاترهەبوو، ماددەکەی تریش ئەو ماددەیەیە کە لە سەرهەمەوارکردنەکە بوو کە ئێمە کردبوومان، ئەوەش بە شێوەیەک بوو بە وردی باسی لەوە کردوە کە لە چ شوێنێکدا زمانی کوردی بەکاربهێندرێت، وەکو تابلۆکانی هاتوچۆ و فڕۆکەخانەکان و بلیتی فڕۆکەکان ناونیشانی وەزارەتەکان و رەگەزنامە، ئەمانە بە وردی باسیان لێوەکراوە.

## زمانی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا

لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا لە پارێزگاکانی کوردستان و ئازەربایجانی رۆژاوا کرماشان و ئیلام و لورستان تا دەگات بە ناوچە کوردنشینەکانی خۆراسان لە باکووری رۆژهەڵاتی ئێراندا، مۆزایکێکی جوانی زار و بنزارە کوردییەکان هەیە، هەر لە زاری کورمانجی کوردەکانی دەڤەری ورمێ و خۆراسان تا دەگات بە زاری موکریان و زاری لەکی و لوری و کەلهوڕی و گۆران لە دەڤەرە جیاوازەکانی ئوستانی کرماشان و ئیلام و لورستان وهەندی ناوچەی فارس - نشینیش وەک هەمەدان و شیراز و ئەسفەهان و رەشت، زارە کوردییەکان بوونیان هەیە، بەڵام لەوەتەی دەوڵەتی نوێی ئێران دامەزراوە، گەلی کوردیش وەک گەلانی غەیرە فارس کێشەی بەڕەسمی ناساندنی زمانەکەیان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەنددا هەبووە. هەر لە کۆنەوە هەناسەیەکی شۆینستانەی پانئێرانیزم هەیە کە گوایە کوردی زمان نییە و لە بنەڕەتدا زارێکی فارسییە، لەکاتێکدا دامەزراوە فەرهەنگییەکانی دەوڵەت بە هەموو جۆرێک نکۆڵی لە زمانی کوردی دەکەن و دەرفەت نادەن لە بوارەی پەروەردە و فێرکردن و میدیادا زمانی کوردی رۆڵی کارای خۆی بگێڕێت. هاوکات دامەزراوە دەوڵەتییەکان وەک ئەنجومەنی میراسی

فەرهەنگی لە هەوڵی ئەوەدا بوونە کە زارە کوردییەکانی وەک لەکی و لوری وکەڵهوری و گۆران بە زمانی سەربەخۆ بناسێنن. دواجار بە پشت بەستن بە ماددەی ١٥ دەستووری بنەڕەتی ئێران پڕۆژەیەک لەبارەی پەروەردە و خوێندنی زمانی زگماک پڕۆژەی (زمانی کەمینە نەتەوەکانی ئێران) لەلایەن نوخبەیەک لە زماننناسان و رووناکبیرانی کورد گەڵاڵە کرا.

بەر لە سێ ساڵ بە پشت بەستن بە ماددەی ١٥ دەستووری بنەڕەتی ئێران پڕۆژەیەک لەبارەی پەروەردە و خوێندنی زمانی زگماک (زمانی کەمینە نەتەوەکانی ئێران) لەلایەن نوخبەیەک لە زماننناسان و رووناکبیرانی کورد گەڵاڵە کرا. مخابن فەرهەنگستانی زمان و ئەدەبی فارسی، بە زۆرینەی دەنگ فێرکردنی زمانی زگماکی لە ئێرانی رەتکردەوە و ئەو مەسەلەی وەک پیلانێک دژ بە زمانی فارسیی لەقەڵەم دا.

«محەمەدعەلی موەحید» ئەندامی «فەرهەنگستانی زمان و ئەدەبی فارسی»، لە کۆبوونەوەی دامەزراوەکەدا، دژەکردەوەی توندی بەرانبەر بە بەڵێنی دەوڵەتی رووحانی بۆ رێگەدان بە فێرکردنی زمانی زگماکی نیشاندا و گوتی کە «ئێمە زمانێکی ستانداردمان هەیە کە زمانی فەرمییە(مەبەست فارسی)، با دەوڵەت دەست لە دۆزی فێرکردنی زمانە خۆجێییەکان وەرنەدات.»

بە گوێرەی هەواڵدەری مێهر، «محەمەد دەبیر موقەددەم»، ئەندامێکی دیکەی فەرهەنگستانی ئاماژە پێکراو، وێڕای رەتکردنەوەی پڕۆژەی فێرکردنی زمانی نەتەوە بندەستەکانی ئێران، تەنیا توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر زمانە «خۆجێییەکان»ی بە گرنگ وەسف کرد و گوتی کە «ئەوەندە بەسە.»

«فەتحوڵلا موجتەبایی» ئەندامێکی تری فەرهەنگستان، بابەتی «فێرکردنی زمانی زگماکی» بە پیلانێک دژ بە زمانی فارسی لەقەڵەم دا و «غولامعەلی حەداد عادڵ» سەرۆکی فەرهەنگستانی زمان و ئەدەبی فارسیش، زمانی فارسی وەک سەرمایەی نەتەوەیی پێناسەکرد و هۆشداری بە دەوڵەت دا کە نەکا ئەو سەرمایە نەتەوەییە بۆ سەرکەوتنی کاتی و بێ سوود سەرف بکات. دژایەتیکردنی فەرهەنگستانی زمان و ئەدەبی فارسی سەبارەت بە ئەگەری رێگەدان بە خوێندنی زمانی کوردی، تورکی و باقی زمانە نافەرمییەکانی ئێران لە کاتێکدایە کە هەر لە کۆبوونەوەکەدا کۆمەڵێک بەرنامە بۆ پەرەپێدانی هەرچی زیاتری زمانی فارسی خرایە بەر باس.

بۆ نمونە فەرهەنگستان بە نیازە، چەند کاتژمێری تر لە بەرنامەی هەفتانەی خوێندکاران بە فێربوونی باشتری فارسی لە رێگەی خوێندنەوەی کتێب و نووسینی ئینشا تەرخان بکات، سەدان وشەی بە گوتەی ئەوان «بێگانە»لە ناوەرۆکی کتێبە

دەرسییەکان بسڕێتەوە و وشەی «فارسی»یان لەجێگە دابنێ و لە ڕێگەی دامەزراوەیەکی تر بەناوی «بنیادی سەعدی»یەوە پەرەی زیاتر بە فێرکردن و گەشەسەندنی زمانی فارسی لە دەرەوەی ئێران بدات. ئەو هەڵوێستەی فەرهەنگستانی زمان و ئەدەبی فارسی دژ بە زمانی زگماکی باقی نەتەوەکانی ناو ئێران لەکاتێکدایە کە کاربەدەستانی دەوڵەتی حەسەن روحانی، لەم دواییانەدا، باسیان لە ئەگەری مۆڵەت پێدرانی سنوورداری پەروەردە و فێرکردنی زمانە زگماکییەکان دابوو. بەڵێنییەک کە سەرەڕای گونجانی لە دەستووری بنەڕەتیی ئێراندا، لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی پشتگوێ خراوە و بگرە هەر کەس ئەو خواستەی هێنابێتە سەر زمان وەک «جوداخواز»، »نەتەوەپەرست» و هتد...ناساند. دیارە ئامانجیش لەوە کە فەرهەنگستانی ئێران کە بەکارهێنانی زمانی زگماک قەدەغە دەکات، تواندنەوەی زمانەکانی گەلانی رەسەنی ئێرانە بەتایبەتیش زمانەکانی کوردی و بلوچی و گیلەکی دەکەوێتە بەر شاڵاوی نکۆڵی لێکردن و تواندنەوە. چونکە تاڕادەیەک ئەم دژایەتی کردنە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر زمانی نەتەوەکانی وەک عەرەب و تورکە ئازەرییەکان نابێت. ئەویش سەبارەت بەوەی کە ئەو دوو نەتەوەیە خاوەنی قەوارەی سیاسی خۆیانن و لە وڵاتەکانی خۆیاندا دەمێکە زمانەکەیان بۆتە فەرمی و کاری پێدەکرێت، هەر ئەم هۆکارەشە کە دەوڵەتی ئێران زمانی فارسی دەکات بە زمانی باڵا دەست و ڕەسمی وڵات.

## زمانی کوردی لە باکووری کوردستان و تورکیادا

لە باکووری کوردستاندا دوو زاری سەرەکی کوردی هەیە ئەوانیش کورمانجی و دملکی (زازاکی)، نزیکەی سەدەیەکە لە لایەن دەوڵەتی تورکیاوە بە بەرنامە و ئەجێندای تایبەت دژایەتی زمانی کوردی لەو بەشەی کوردستان کراوە، تاڕادەیەکی زۆریش لە ناوەندی باژێڕەکاندا ئاسمیلە کراوە، زمانی کوردی لەو وڵاتە لە رەوشێکی تراژیدیدایە تا ئاستی لەبیرچوونەوە، لەسەرەتای دامەزراندنی کۆماری تورکیای نوێ لەساڵی ١٩٢٥ بە بڕیاری کەمال ئەتاتورک، بە قانون زمانی کوردی قەدەغەکرا، تەنانەت چەندان بەڵگە و دۆکۆمێنت هەن دەیسەلمێنن کە چۆن هاووڵاتی کورد لەسەر قسەکردن بە زمانی کوردی سزای ماڵی یان بەند کردن، تەنانەت لە هەندێک حاڵەتدا بەڵگە هەن خەڵک لەسەر بەکارهینانی چەند وشەیەکی کوردی سزای قوڕس دراون. لەو ساڵانەی دوایی بەتایبەت لە ساڵی ٢٠٠٢ کە لەلایەن پارتی کرێکارانی کوردستان و حکومەتی داد و گەشەپێدانی ئەردۆگانەوە پرۆسەی ئاشتی بەڕێوەچوو، تاڕادەیەک زمان و فەرهەنگی کوردی پێشکەوتنی بەرچاوی بە خۆیەوەبینی و چەندان ناوەند و ئینستیوتی زمان و فەرهەنگی کوردی دامەزران و چەندان رۆژنامە و گۆڤار بە زمانی کوردی هاتنە وەشاندن، تەنانەت دەوڵەت کەناڵێکی ئاسمانی بە زمانی کوردی بە ناوی (تەرەتە کوردی) رێگەی پەخشی پێدرا، دیسان مخابن دوای هەڵایسانی شەڕی دەوڵەت لەگەڵ کورد هەرچی ناوەندی کەلتووری و رۆژنامە و گۆڤارو رادیۆ و تەلەفزیۆنی لۆکاڵی هەبوون داخران و تەنانەت زۆر لە کادیرو فەرمانبەرەکانیانەوە گیران، یان لە وەزیفە دەرکران.

ژمارەیەکی بەرچاوی هاووڵاتیانی کورد لە شارە تورکنشینەکانی وەک ئەستانبول و ئەزمیر و ئەنقەرە دەژین کە نزیکەی دەگات چوار بۆ پێنج ملیۆن کورد، دیارە ئەم ڕێژەیە کوردیش لەبەر چاو نەگیراوە کە چۆن لە ئێستاو داهاتوودا دەبێت مافی خوێندنیان بە زمانی دایک هەبێت.

هەبوونی ئەلفابیتایەکی جیاواز زیانێکی زۆری بە داهاتووی زمانی کوردی گەیاندووە، وای کردووە کە هاووڵاتیانی ناوچە جیاوازەکان بە زەحمەت لە یەکتر حاڵی بن، تەنانەت لەسەر ئاستی ئیلیەتی خوێنەوارو ڕۆشنبیرانیش لەیەکتر نەگەن و بەرهەمە ئەدەبی و هزرییەکانی یەکتر نەخوێننەوە. ئەم جیاوازییە بە ئاشکرا لای ئیلیتەو خوێنەرانی کوردی باکوور و بەشەکانی دی بەرچاو دەکەوێت.

## زمانی کوردی لە ڕۆژئاڤای کوردستان و سوریادا

لەسەردەمە جیاوازەکانی دەسەڵاتی عەرەبی سوریا، زمانی کوردی لەو بەشەی کوردستانیش دووچاری نکۆڵی لێ کردن و ئاسمیلە بوون بووە، لەمەسەلەی بەعەرەب کردنی بوارەکانی پەروەردە و فێرکردندا، بەتایبەتیش لەناوچەکانی جزیرە و عەفریندا، بەهیچ شێوەیەک ڕێگە بە ئاخێوەرانی کوردی نەدراوە بیر لەوە بکەنەوە بە زمانی کوردی بخوێنن و بنووسن. مەگەر لێرەو لەوێ بە نهێنی ڕۆژنامەیەک یان گۆڤارێک کە بە زۆریش بە زمانی عەرەبی لەلایەن ڕووناکبیرانی کوردەوە دەرچووبێت، ئێستا لەو ناوچانەی کە لەژێر دەسەڵاتی ئیدارەی سەربەخۆن لە ڕۆژئاڤای کوردستاندا ماون، زمانی کوردی لە بوارەکانی پەروەردە و فێرکردندا گەشەکردنی بەرچاوی بە خۆیوە بینیوە.

## ئەنجام

زمانی کوردی وەک زمانی هەر نەتەوەیەکی سەر ڕووی ئەو زەمینە جوگرافیایەکی بەرفراوانی هەیە و نزیکەی چل ملیۆن کەس ئاخێوەریەتی و بۆ چەندان زار و بنزاریش دابەشبووە، ئەمەش بیانگە و هاندەرێک بووە کە نەتەوەی باڵادەست و دەسەڵاتدار نکۆڵی لە زمانی کوردی بکەن، هاوکاتیش بە پلان و بەرنامەی تۆکمە زارەکانی زمانی کوردی وەک زمانێکی سەربەخۆ بناسێنن، هەروەک لە تورکیا هەوڵی ئەوە دراوە کە زاری دملکی-زازاکی بە زمانێکی سەربەخۆ و نەتەوەیەکی جیاواز لە کورد بناسرێت، هەمان شت لە ئێرانیشدا کار بۆ زارەکانی لەکی و لوڕی و هەورامی کراوە کە لە زمانی دایک کە کوردییە دایبڕێنن. ئێستا هەوڵێک هەیە لە عیراقیشدا کوردانی ئیزەدی و شەبەک لە کورد دابڕێنن، وەکو زمان و نەتەوەیەکی جیاواز لە کورد بناسێنن، ڕاستە ئێمەی کورد قوربانی جوگرافیای سروشتی کوردستانین، نەتەوەی سەردەست زۆر بە توندی زمانەکەیان لەبوارەکانی پەروەردە و فێرکردن لێ قەدەغە کردووین. بەڵام خۆشبەختانە هەر چیاکانیش

پشتوپەنامان بوون زمانەکەیان پاراستووین. دەبینین هەتا ئەوڕۆش دایکی کورد لەهەر بستێکی جوگرافیای پان و بەرینی زمانەکەمان، منداڵەکانی بە زمانی شیرینی کوردی گەورە دەکات.

زمانی کوردی بەم هەموو زارانەوە، بەتایبەتیش هەردوو زاری کوردی باکورو کوردی ناوەڕاست یان (کرمانجی باکوور و باشوور)، ئەگەر لە داهاتوویەکی نزیکدا کاری جددی و دڵسۆزانەی بۆ بە یەکگرتووکردنی بۆ نەکرێت و لەسەر ئاستی کەسانی شارەزاو پسپۆڕ و دوور لە دەمارگیری ناوچەگەریی چی دەبێت و بە کوێ دەگات. پرسیارێکە رووبەڕووی دەزگا کەلتووری و ئەکادیمیەکان و بەشە کوردییەکانی زانستگاکانی کوردستان و کەسانی پسپۆڕ و شارەزا دەکرێن. ئێستا زمانی کوردی لەسەر ئاستەکانی پەروەردەو فێرکردندا بە رەوشێکی خراپ تێدەپەڕێت، کە ئەمەش بۆ خۆی پێشلکاری دەستووری عیراق و بڕیاری بە رەسمی ناساندنی زمانی کوردییە لە عیراقدا.

زمانی کوردی زمانی چوارەمین نەتەوەیە لە دوای زمانەکانی عەرەبی و تورکی و فارسی، زمانی نەتەوەیەکی پتر لە چل ملیۆنییە و جوگرافیای زمانی کوردی بەرفراوانە و نەتەوەکەش بە زیندوویی دەمێنێتەوە، لەئێستادا پاشەکشەیەک لە گەشەکردنی زمانەکەماندا هەیە، بەڵام گەرەکە لە داهاتوویەکی نزیکدا دەزگا ئەکادیمیەکان و ناوەندە رۆشنبیرییەکانی کوردستان زیاتر بایەخ بە شارەزاو پسپۆرەکانی ناوەو دەرەوەی وڵات بدەن، بە سازدانی کۆنگرە و سیمیناری زانستی بۆ لێک نزیککردنەوەی زارە سەرەکییەکانی زمانی کوردی و دانانی فەرهەنگی هاوبەشی شێوەزارە جیاوازەکان و پاککردنەوەی زمانەکەمان لە ژێر هەژموون و باندۆری زمانە بیانییەکان بەتایبەتی هەژموونی زمانی نەتەوەی باڵادەست، هەروەها رێککەوتن لەسەر زمانێکی ستاندارد بۆ هەموو گەلی کوردستان، بۆئەوەی لێرەدا خزمەتی زێتر بە گەل و نیشتمان بکەن. هەروەها خولی رۆشنبیریی رێکخراوەکانی زمانناسی بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی بەردەوام بێت وپسپۆڕانی لایەنە کێشەدارەکانی زمانی کوردی دەوڵەمەند بکەن و حکومەت پاڵپشتی زیاتری ئەم جۆرە پرۆژە زانستیانە بکات.

* سەرۆکی رێکخراوی خانی بۆ لێکۆڵینەوەی هزری.

**سەرچاوەکان**:


١- مانفیستۆی رۆژی جیهانی زمانی دایک نووسین و ئامادەکردنی - دیاکۆ هاشمی - یاگەی زمانی کوردی یونسکۆ (رێکخراوی پەروەردەیی، زانستی و فەرهەنگیی نەتەوە یەکگرتووەکان)- ٢٠١٩ - سوید.

٢- زمانی کوردی و دیالێکتەکانی- تویژینەوەیەکی جوگرافییە، نووسینی د. فوئاد حەمە خورشید - وەرگێڕانی بۆ کوردی -

سوداد رەسوڵ - هەولێر ٢٠١٧.

٣- رەوشا زمانێ کوردی ل رۆژاواڤایێ کوردستانێ م. مستەفا رەشید - توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زمانی کوردی - ئەکادیمیای کوردی - هەولێر ٢٠١١.

٤- کتێبی کوردۆلۆجی - سەلام ناوخۆش، نەریمان عەبدوڵلا و ئیدریس عەبدوڵلا - ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم (٢٠١٦).

٥- بە ستانداركردنی زمان و ئە لفوبیی کوردی رە فیق سابیر.

٦- کورتە باسێک سەبارەت بە زبانناسی کوردی و رێزمان سمکۆ ئەبرام. Zimani Kurdi interview with Amir Hassanpour/ دیمانەیەک سەبارەت بە زمانی کوردی. یوتوپ.

٧- جنکینز، ریچارد (Richard Jenkins) «پیر بوردیو»، ترجمه لیلا جوافشانی و حسن چاوشیان، چاپ اول، ١٣٨٥، نشر نی.

٨- «-آثار و اندیشه پیر بوردیو بررسی می‌شود.». خبرگزاری مهر. بازبینی شده در ٢٥ فوریه ٢٠٠٨.

٩- وتووێژ لە گەڵ م. رامان خۆرەسانی و مەجید سپەهرەی لەبارەی زمانی کوردەکانی خۆرەسانی - مەشهەد - ٢٠١٨.

١٠- وتووێژ لەگەل سەرنووسەر رۆژنامەیرییا تازە م. مرازێ جەمال لەبارەی زمانی کوردەکانی ئەرمەنستان و گۆرجستان - ٢٠١٧

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٠ی فێبریوێری ٢٠٢١

--------------------------------------------

## ٢١ی فێبریوەری، ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی




**محەمەد کەریمخان**

لە ساڵی ١٩٩٩ی زایینیەوە، لە لایەن یۆنسکۆ، ڕۆژی ٢١ی فێبریوەری (بەرانبەر ٢ (هەندێک جار ٣)ی ڕەشەمەی کوردی - ماد) زمانی دایکی (International Mother Language Day)، بە ئامانجی زیندووڕاگرتنی سەرمایەی جۆراوجۆریی زمانی و فەرهەنگی وەک ڕۆژێکی جیهانی دانراوە.

ئەنجوومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بە هەمان مەبەست ساڵی ٢٠٠٨ی وەک ساڵی جیهانیی mother tongue زمانەکان ناساند. لەم بارەوە، لەۆژێکی جیهانی پێشکەوتوو ئەوەیە کە وەک چۆن کەو و کەودەری و شالوور و شمقارِ سەرمایەی جوانی سروشتن، زمان و نەتەوە و فەرهەنگ و وردەفەرهەنگەکانیش ڕەنگاڵەی کەسک و سوور و سەرمایەی سروشتی مرۆڤایەتین و دەبێ بپارێزرێن. بەڵام وڵاتانی داگیرکەری دواکەوتووی ئایدۆلۆگ بە هەر نرخێک هەر خەریکی پەراوێزخستنی ئەویترن و بە درێژایی مێژوو سەرقاڵی سڕینەوەی زمانی نەتەوەکانی دیکەن.

وێڕای سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆن، نەتەوە ژێر و خەباتکارە فەرهەنگییەکان نەک هەر نەتوانەوە، بەڵکو بۆ سەربەخۆیی نەتەوە و زمانیان تێکۆشان. یەکێک لەو نەتەوانە بەنگالی بوون کە زمانەکەیان یەکێکە لە زمانەکانی هیندوئەوروپایی و هیندوئێرانی و ئەمڕۆ لە هیندوستان و بەنگلادش نزیکەی ٢٧٠ ملیۆن کەس قسەی پێ دەکەن. شایانی وەبیرهێنانەوەیە کە ئەم زمانە زمانی رابیندرانات تاگور بوو، کە لە وشکستانی ئاسیا یەکەمین براوەی خەڵاتی نۆبڵ بوو. زمان بۆ بەنگالیەکان پایەی سەرەکی دەوڵەتسازیی بوو، هۆکاری ناوزەدکردنی ڕۆژی جیهانی زمانی دایکی ئەوەبوو کە لە ساڵی ١٩٥٢ قوتابیانی زانکۆکانی شاری داکای پایتەختی ئەمڕۆی وڵاتی بەنگلادش، کە ئەوکات بە پاکستانی ڕۆژهەڵات دادەندرا، بە تایبەتی قوتابیانی زانکۆی داکا و فاکەلتی پزیشکی بە مەبەستی نیشتیمانی کردنی زمانی بەنگالی، وەک دووهەمین زمانی فەرمی پاکستان لە تەنیشت زمانی ئۆردوو، خۆپیشاندانێکی ئارام و تەندروستیان لەم شارە ساز کرد. دوای ئەم سازوکارەی

قوتابیان، پۆلیس تەقەی لێ کردن و هەندێکی کوشتن. دوای سەربەخۆیی، لە سەر داوای بەنگلادش بۆ جاری یەکەم لە ١٧ی نۆڤەمبەری ١٩٩٩ دامەزراوەی یۆنسکۆ ڕۆژی ٢١ی فێبریوەرییان وەک ڕۆژی جیهانی زمانی دایکی ناساند و لە ساڵی ٢٠٠٠ەوە لە زۆربەی وڵاتان ئەم ڕۆژە بە ڕۆژێکی پیرۆز دادەندرێت.

زمان گرینگترین و سەرەکیترین ئامرازی پەیوەندییە؛ بۆیە لە واری فێرکاری و پێشکەوتن پێگە و شوێنی زمانی دایک وەک مافێکی سەرەکی و سروشتی زۆر گرینگە و کاریگەری هەیە لە سەر پرۆسەی پێشکەوتنی کۆمەڵگا. بە پێچەوانەوە خوێندن بە زمانی بیگانە بۆ منداڵێک دەبێتە هۆی ساردکردنی کەشی فێربوون و متمانە بەخۆبوونی منداڵ دێنێتە خوارێ و زیان بە پرۆسەی زانست دەگەیێنێت. بەپێچەوانەوە خوێندن بە زمانی دایکی (بەو مەرجەی زمانی دایکی بووبێتە زمانی زانستی یان لانی کەم لە قۆناغەکانی خوارێی خوێندندا) دەبێتە هۆی خۆئاگایی، پێشکەوتن، بەشداری و گرێدان بە کەشی خوێندن. ئەم مافە دەبێ بگوازرێتەوە وارەکانی دیکەی وەک مافی میدیا، ناولێنانی شەقام و شوێنە گشتییەکان، خزمەتگوزارییە دەوڵەتییەکان بە زمانی دایکی و... . ڕێزلێنان لە زمانەکانی دایکی، دەبێتە هۆی گەشەی فەرهەنگیی کۆمەڵگا و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی. یەکێک لە نیشانەکانی کۆمەڵگەیەکی بزواو و پێشکەوتوو ئەوەیە کە جیاوازییە فەرهەنگییەکان و زمانەکانی دیکە بە فەرمی بناسرێن و ڕێزیان لێبگیرێت.

لەم سەردەمەدا بە تایبەتی لە ناوچەیەکی پڕ لە هەرا و کێشەی مێژوویی وەک خۆرهەڵاتی ناوین کە شوێنی پێکدادان و چوارڕیانی تێکەڵاوی فەرهەنگیی بووە ئەگەر ئانالیزی خوێنی (Genetic Tracing - DNA) [شوێنهەڵگرتنی ژێنێتیکی نەتەوەناسی و جوگرافیایی هەزارساڵە] بۆ کورد، فارس، عەرەب و تورکێک بکرێت ڕەنگە سەدا ٢٠ی خوێنەکەی بۆ نەژادەکەی بەناوەکەی نەگەڕێتەوە و کەرخی ئەژدادییان بۆ شوێنێکی دیکە بگەڕێتەوە، بۆ وێنە کوردەکان بە هۆی هێرشی یۆنانی، عەرەب، مەغۆل و...، تێکەڵاوی بازەرگانی و فەرهەنگی و ژنخوازیی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە، لە ڕووی زانستی تاقیگەیی، ڕێژەی خوێنی ئارییایان تێدا دابەزیوە و تێکەڵی نەژادەکانی دیکە بووە. بۆیە ڕەنگە ئێستا کەرخی خوێنی نەبێتە پێوەری نەتەوەیەک؛ لەم سەردەمەدا ئەو شتەی کە دەبێتە شوناس و پاردەی پاراستنی نەتەوەیی و بەردی بناغەی نەتەوەسازی زمانە کە وەک تۆخمێکی سەرەکیی دەوڵەتسازیش کەلکی هەیە. وڵاتێکی وەک ئێران کە سەدان ساڵ لە ژێر دەستی نەتەوەکانی غەیرە فارس دابووە بەهۆی گرینگیدان بە زمانەکەیان نەتوانەوە و تەنانەت دەسەڵاتدارەکانی نافارس دەبوونە بەشێک لە فەرهەنگی ئێرانی - فارسی. هێزی زمان و فەرهەنگ ئەوەندە دەست ئەستوورە کە تەنانەت گەورەترین دوژمنی فارسەکان کە عوسمانییەکان بوون بۆ ماوەی ٧٠ ساڵ، لە ژێر کاریگەریی کەسانی وەک سروری و مەولانا جەلالەدینی بەلخی، نووسراوە فەرمییەکانیان بە فارسی بووە. بەم نموونە مێژووییانە و بە تێگەیشتن لە گرینگایەتی زمان و فەرهەنگ، کورد دەبێ زیاتر گرینگی بە زمان بدات و هەوڵ بدات زمانی کوردی، کە لە ناخی خۆیدا وەک ماددەیەکی خاو

دەوڵەمەندە، بكاتە زمانی زانستی و كار بكات بۆ ئەوەی بە پێوەر و زانستی ئەدەبیاتی بەراوردكاری، ئەدەبیاتی كوردی بكاتە ئەدەبیاتێكی جیهانی.

لە دەرگای ئەم بابەتەوە دوو سەرنجی پرسیار ئاسا دێنە ناو زەین یەكیان ئەوەیە كە، كورد وەك نەتەوەیەك كە زمانێكی سەربەخۆی هەیە و ناوی زمانەكەشی لە سەر وڵاتەكەیەتی و خاوەن دەقی كۆنی وەك ئاڤێستایە و زمانێكە كە بە چەندین زاراوەی جۆراوجۆر دەوڵەمەندە و لە كۆن و كەونـاراوە دینی وەك یاسای ڕێكخستنی كۆمەڵایەتی بە ڕیشەی ئەم زمانە بڵاو كردۆتەوە و لە سەدەكانی ڕابردوو كاری زۆر باش لە سەر ئەدەبیاتە نەرم و شیرینەكەی كراوە و هەروەها خاوەن خەبات و ڕێكخراوەی سیاسی و ڕۆناكبیری بووە و وەك گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت ناسراوە و زمانەكەشی پەراوێز دەخرێت و بگرە نەتەوەكانی دەوروبەر واژەكانی كوردیش داگیر دەكەن بۆ ئەوەی زمانی خۆیانی پێ دەوڵەمەندتر بكەن، بۆ دەبێ نەتوانێت كاریگەری لە سەر یۆنسكۆ دابنێت تاكو ڕۆژی پێبەست كردنی زمانی كوردی ببێتە ڕۆژی جیهانی ئازادیی زمانەكانی دایكی؟ ڕەنگە خوێنەر بڵێت ئاخر بەنگلادشیەكان دوای ئەوەی سەربەخۆ بوون توانییان ئەم كارە بكەن، بەڵام ئەم وەڵامە وەڵامێكی لاوازە. ڕەنگە وەڵامی باشتر ئەوە بێت كورد وەك پێویست زانستی سیاسەتی فەرهەنگی نەزانیبێت، وێرای ئەوەی فەرهەنگێكی دەوڵەمەندی هەیە، بۆیە نەیتوانیوە لەم تۆمارە مێژووییە خۆی بكاتە خاوەن. گەر سەیر بكەین دەبینین زانكۆی پزیشكی بەنگلادیشیەكان بزوتنەوەی فەرهەنگییان ساز كرد و قوربانییان بۆ دا و سەریش كەوتن، بەڵام ئێستاش زۆربەی پزیشكەكانی كۆمەڵگەی پزیشكی ئێمە وەك وەستاكارێك و كەسێكی پیشەیی و تاكەڕەهەندی تەنها لە واری پسپۆڕی خۆیان شارەزان تەنانەت زمانی كوردییەكەشیان هەو نیە و لایەنی فەرهەنگیشیان لاوازە. لە ناو كۆمەڵگایەكدا كە لە ناو بەشە پسپۆرییەكانیدا كاری فەرهەنگسازیی نەكرێت و پسپۆڕەكانی كەسایەتی چەندڕەهەندی نەبن، بێ گومان خۆ بەكەم زانین تێیاندا چەكەرە دەكات و كەسی لە قالب دراوی تەكنیكی و ماكینەییان لێ دەردەچێت. دەكرێ بڵێین وێرای ئەو هەموو زانكۆیەش هێشتا زانستی پزیشكیش وەك پسپۆڕییەكی پیشەیی هەر لاوازە و تەنانەت ئاكار و ڕەوشتی پزیشكایەتیش وەك دیاردەیەك لە نزمی داوە. لەم سیلەچاوە پێویستە نمونەی بەنگلادشییەكان هەر لە سیاسەتی پاراستنی زمان تا دەگاتە پرۆسەی دەوڵەتسازی و ئێستاش كە بەرەو پەرەسەندن دەڕۆن، سەرنجی پێ بدرێت؛ ئەگەر چی بەراوردكاری لە نێوان كوردستان و بەنگلادش زۆر زانستیانە نیە بەڵام جێی سەرنجە.


ئێستاش كورد ڕووی وەلای سیاسەتی فەرهەنگی نیە و كەمتر بیر لەوە دەكرێتەوە بۆنەیەكی وەك نەوروز یان هەندێك كەلتووری تایبەت بە خۆی یان هونەری دەستكرد و دەسكاریی تایبەت بە خۆی وەك موڵكی نەتەویی لە یۆنسكۆ بناسێنێت. میدیا كوردییەكانی باشوور كەمتر لە سەر پێبەست كردنی مافی زمانی دایكی دێنە گۆ. لە كاتێكدا دەیان تێكۆشەری بەرزەبیر كە لە سەر زمانی كوردی تووشی دەرد و مەرگ هاتوون دەكرێ وەك هەلێك باسیان لێوە بكرێت، بەڵام میدیای

ئێمە، کە لە هەموو شتدا بەزمانن، لەم بارەوە لاڵ و بێ ئەزمانن. هەروەها فەرهەنگی سۆشیال میدیای کۆمەڵگای باشووری کوردستان لە خزمەت کردن بە زمانی دایکی زۆر لاوازن و ئەگەر گەمەی پۆبجی لە لاوەکانیان بستێنیەوە سەرەبەشین و تازیەبار دەمێننەوە. لە کاتێکدا ئەگەر سەیری کاناڵێکی مەسێنجەری کوردەکانی پارچەیەکی دیکەی کوردستان بکەین دەبینین کە خۆجۆشانە بە ناوی جیاجیا و بە هەنجەتی جیاجیا، تەنانەت بە ناوی نوکتەی پێکەنیناوی، لە سەر گیرفانی خۆیان خزمەتێکی گەورە بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی دەکەن، خزمەتێک کە لە زانکۆ و میدیا و سۆشیال میدیاکانی هەرێمی کوردستان خاڵی کوێرە و نابینرێت. لەم گۆشەنیگایەوە، یەکێک لە هۆکارەکانی لاوازیی سیاسەتی میدیای تایبەت و میدیای گشتی کوردستان ئەوەیە کە کاری سیاسەتی میدیا بە ڕاگەیاندنکارێک سپێردراوە لە کاتێکدا سیاسەتی میدیا جیاوازە لە گەڵ چالاکی میدیایی و کاری ڕۆژنامەوانی، بۆیە لە جیاتی ئەوەی ئەرکی میدیا ببێتە فەرهەنگسازی بەرەو پۆپۆلیسم و سیاسەت زەدەیی ڕۆیشتووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژنە - ڕێکەوتی: ٢٠ی فێبریوێری ٢٠٢١

---------------------------------------------

## سەبارەت بە ڕۆژی جیهانی زمانی دایک



خالید حەسەن پوور

خوێندن بە زمانی دایک، یەکێک لە مافە بنچینەییەکانی مرۆڤە و لە مێژە ئەو مافە لە ئاستی نێوو دەوڵەتیدا دانی پێدانراوە. کەچی بەداخەوە سەرەڕای ئەو دانپێنانە نێوو دەوڵەتیانەش، منداڵانی کورد لە سێ بەشی ڕۆژهەڵات، باکوور و ڕۆژئاوایی کوردستان، تا ئێستا دەرەتانی ئەویان بۆ پێکنەهاتوە لە قوتابخانە بە زمانی کوردی بخوێنن. هەڵبەت دوای ئەوەی ڕۆژئاوی کوردستان کەوتە دەست لایەنەکانی کوردی، هێندێک هەنگاوو بۆ فێرکردنی زمانی کوردی هەڵگیراوە، بەڵام

ئەو هەنگاوانە لە ئاستێکی سەرەتاییدان. لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا، ئەگەرچی هەتا ئێستا کۆماری ئیسلامی نەیهێشتوە کە زمانی کوردی لە قوتابخانەدا "تدریس" بکرێ، بەڵام بە شێوە نافەرمی بە هیمەتی چالاکانی ئەو بوارە هێندێک هەنگاوی باشی بۆ هەڵێندراوەتەوە. ئەو هەنگاو و کارانەی فێرکاران سەرەڕای زەخت و زۆری کۆماری ئیسلامی هاویشتویانە، مژدەبەخشن و دەکرێ وەک سەرەتایی قۆناغێکی نوێ لە بواری فێر کردن و ڕاهێنانی زمانی کوردی بە نێوو بکرێ. لە باکوری کوردستان بە داخەوە هەم لە رووی یاساییەوە و هەم لە باری نایاسایییەوە، فێرکردن و پەروەردەی زمانی کوردی، بە نیسبەت سێ بەشەکەی دیکەی کوردستان لە دۆخێکی خەرابتردایە. دەگەڵ ئەوەی هەتا ئێستاش خوێندن و نووسین کوردی لە قوتابخانەدا لەلاین دەوڵەتی تورکییە وەک دەڵێن "یاساغە"، بەڵام لە رووی نایاسایشەوە بەداخەوە هەوڵێکی جیدی بۆ فێرکردن و نووسینی زمانی کوردی لە لایەن چالاکانی فەرهەنگی کورد بەرچاوو ناکەوێ.

دەکرێ بڵێن ئەمڕۆ ویست و داوخوازی خوێندن بە زمان کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان، زیاتر لە سێ بەشەکەی دیکەی کوردستان بۆتە ویستێکی سەرەکی کۆمەڵانی خەڵک. ئەو پەرئەستاندنەش لە هەڵمەتی پشتیوانی خەڵک لە زارا محەمەدی و باقی فێرکارانی دیکەی بواری خوێندن و نووسینی کوردی بە روونی دەردەکەوێ. بە گشتی دوو پاڵنەری بنەرەتی هەیە بۆ ئەوەی خوێندن و نووسینی کوردی بۆتە دروشمی سەرەکی و گشتی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان.

**یەکەم**، دەگەڕێتەوە بۆ باگراوەندی فێرکردنی زمانی کوردی لە دوو سەردەمی کۆماری کوردستان و هەروها پاش شۆڕشی گەلانی ئێران. وەکی دەزانین پاش هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ماوەی چەند ساڵێک لەلایەن هێزە سیاسییەکانی کوردو یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستان ئیدارە دەکرا و بەرێوە دەچوو. لە سایەی ئەو هەلومەرجە دێموکراتیکەدا بوو کە کۆڕی پەروەردە و فێر کردنی زمانی کوردی لەلایەن حیزبی دێموکرات و لایەنەکانی دیکە دامەزرا و، لە زۆربەی ئاواییەکان ماموستای شۆڕش خوێندن و نووسینی کوردیان فێری بەشێکی بەرچاوی منداڵانی گوندە ئازادەکان کرد. ئێستا ئەو جیلە کە لەو دەورەیەدا منداڵ بوو، تەمەنیان لەنێوان ٣٠ تا ٣٥ساڵ دەبێ کە زۆربەیان فێری کوردی نووسین و خوێندنەوە بوون. بێجگە لەو هەوڵانەی کە لەلایەن هێزە سیاسیەکانی کوردەوە بۆ فێر بوونی زمانی کوردی پاش شۆڕشی گەلانی ئێران درا، پاش گێرانەوەی کوردستانیش لەلایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامیەوە، بە هیمەت و فیداکاری فێرکاران وفێرخوازانی کورد و پشتیوانی خەڵک، چەند ناوەندێکی کوردی دامەزرا و ئەرکی فێر کردن و خوێندن بە زمانی کوردی لە شارو گوندەکانی کوردستان و بە شێوەی نافەرمی بەرێوە برد. هەوڵ و تێکۆشانی فێرکارانی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان لەسێ دیەی رابردوودا، سەرەڕای زەبروزەنگی کۆماری ئیسلامی دژی چالاکانی ئەوبوارە دەکرێ وەک رێنسانسێکی فەرهەنگی نێوودێر بکرێ.

**دوهەم**: دوهەم هۆکاری ئەویکە دروشمی خوێندن بە زمانی کوردی ئەمڕۆ لە کوردستانی رۆژهەڵات بۆتە شتێکی گشتگیر، هەبوونی چەند شاعێر، نووسەر و زمانەوانی بلیمەت و هەڵکەوتوو لەو بەشەی کوردستان و لە دوو دەورەی کۆمار و پاش کۆمارداپە. ئەو شاعێر و ئەدیب و زمانەوانانە مەزنانەی کە لە دوو سەردەمی کۆمار و پاش کۆماردا ژیان، توانیان ڕێچکەی کۆماری کوردستان بۆ خزمەت بە فەهەنگ و زمانی کوردی بگوێزنەوە بۆ جیلەکانی داهاتوو. کە ئەوانە دەکرێ وەک کۆڵەکەی پەرەپێدان و پاراستنی زمانی کوردی بە نێوو بکرێن. و هەر لەسایەی بیری تیژی کوردایەتی و زاڵ بوون بە سەر ڕێزمانی کوردی ئەو بەشە لە ئەدیبانی کوردایە کە، زمان وئەدەبی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بۆتە سەرچاوەی ئەدبی رەسەنی کوردی تەنانەت بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستانیش. دەگەڵ ئەوەی سیاسەتی ئاسمیلاسۆنی نەرمی فەرهەنگی کۆماری ئیسلامی دژی زمانی کوردی بە شێوازی جۆراوجۆر خۆی نواندووە دەنوێنێ، بەڵام بەربڵاوی و بارستایی بیری نەتەویی و ناسیونالیستی لە نێوو شاعێران، نووسەران، زمانەوانان و خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان قەڵغانێکی فەرهەنگی بە هێزی بۆ پاراستنی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی پێکهێناوە. رۆژهەڵاتی کوردستان لە مێژە نیشانیداوە کە سەرچاوەی بیری کوردایەتی و زمان و ئەدبیاتی رەسەنی کوردە. و لەو بوارەدا دەوری پێشاهەنگ بۆ بەشەکانی دیکە دەگێڕێ.

با لە ساڵرۆژی رۆژی جیهانی زمانی دایکدا، هەزاران سڵاوو بنێرین بۆ ماموستا و فێرکارانی وەک زارا محەمەدی کە لە پێناوو پەرەپێدان بە زمانی کوردیدا، کەوتنە بەندیخانەکانی دەوڵەتی ناوەندی ویان بە سەخاوەتەوە گیانیان بە نیشتیمان بەخشی.

وێنەکەم لە دیواری برای بەرێزم کاک مراد مێهرەبان وەرگرتوە کە، وابزانم وێنەی خۆشیەتی.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢١ی فێبریوێری ٢٠٢١

---------------------------------------

## ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک؛ لە بەشەکانی کوردستان گرنگیی بە زمانی کوردی دەدرێت؟




**عومەر شایان**

مێژووی زمانی دایک دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٢و پاش سەربەخۆیی هیندستان لە ساڵی ١٩٤٦

ڕۆژی ٢١ - ٢ی هەموو ساڵێک ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکە و هەموو گەلانی جیهان بە چالاکی جۆراوجۆر ئەو ڕۆژە بەرز رادەگرن. لە جیهاندا ٦ هەزار زمان هەن، بەڵام زۆریان مەترسی لەنێوچوونیان لەسەرە و زۆرترین خەڵک قسە بە ١٠٠ زمان دەکەن، زمانی کوردیش لە پلەی ٥٩ یەمین زمانی جیهاندایە.

### مێژووی زمانی دایک

مێژووی زمانی دایک دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٢و پاش سەربەخۆیی هیندستان لە ساڵی ١٩٤٦. دوای ئەوەی پاکستان لە هیندستان جیابووەوە کە ئەو کاتە ویلایەتی بەنگلادیش بەشێکی لکێنراوبوو بە پاکستانەوە. زمانی ئۆردوو زمانی فەرمی هەردوو بەشی روژهەڵات و ڕۆژئاوای پاکستان بوو. بەشی ڕۆژهەڵاتی ئەو کاتی پاکستان بەنگالی بوون و ناچارکرا بوون کە زمانی ئوردوو بەکار بێنن لە هەموو بوارەکانی ژیانییاندا.

ساڵی ١٩٥٢ ژمارەیەک قوتابی زانکۆی داکا دژی سیاسەتی یەکزمانی ناڕەزاییان دەربڕی، ١١ کەس بەدەستی هێزە ئەمنییەکانی پاکستان کوژران و، ساڵی ١٩٥٦ دەوڵەت بەناچاری دانی بە زمانی بەنگالیدا نا.

ڕێکخراوی یۆنسکۆی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵی ١٩٩٩ ڕۆژی ٢١ی شوباتی هەموو ساڵێکی وەک ڕۆژی جیهانی زمانی

دایک ناساند و، ئەو ڕۆژەی وەک بیرهێنانەوەیەک بۆ قوربانیانی بەنگلادیش بە ڕۆژی زمانی دایک دیاریکرا.

ساڵی ٢٠٠٠ بۆ یەکەمجار یادی ئەم ڕۆژە مێژوویی و جیهانییە کرایەوە. یۆنسکۆ هۆکاری هەڵبژاردنی ڕۆژێکی جیهانی بۆ زمانی دایک، بۆ هاوکاریکردنی فرەچەشنی و فرەڕەنگی زمان و کولتوورەکان گەڕاندەوە.

**لە جیهان ٦ هەزار زمان هەن**

لە جیهاندا ٦ هەزار و ٧٠٠ زمان هەن، زۆریان مەترسی لەنێوچوونیان لەسەرە، بەهۆی ئەوەی پیتی نووسینیان نییە و تەنها لە قسەکردندا بەکاردێن، ٢٠٠ بۆ ٥٠٠ زمانیش مەترسی لەنێوچوونیان لەسەرە، بەهۆی ئەوەی ناتوانن خۆیان لەبەردەم تەکنەلۆژیا و پێشکەوتنەکان رابگرن جگە لەو گرووپ و نەتەوانەی ژێردەستن و دەکەونە ژێر کاریگەری نەتەوەی سەردەست.

**زمانە زیندووەکانی جیهان بریتین لە:**

| | |
|---|---|
| ١- زمانی ماندراین | ٩٥٥ ملیۆن کەس |
| ٢- زمانی ئیسپانی | ٤٠٥ ملیۆن کەس |
| ٣- زمانی ئینگلیزی | ٣٦٠ ملیۆن کەس |
| ٤- زمانی هیندی | ٣١٠ ملیۆن کەس |
| ٥- زمانی عەرەبی | ٢٩٥ ملیۆن کەس |

**- زمانی کوردی**

❊ لە پلەی ٥٩ مین زمانی جیهانە

❊ ٢١ ملیۆن کەس بەکاریدێنن

❊ ٣١%ی دانیشتووانی جیهان

بەپێی ئینسکلۆپیدیای نیشتمانیی سوێدی بۆ ریزبەندی زمانە جیهانییەکان، لە جیهاندا ١٠٠ زمان زۆرترین خەڵک قسەیان

پێدەکەن، لەنێویشیاندا زمانی ماندراین کە زمانی چینییەکانە ٩٥٥ ملیۆن کەس قسەی پێدەکەن و لە ریزبەندی یەکەم زمانی جیهانی دایە، لەدوای ئەویش زمانی ئیسپانی دێت کە ٤٠٥ ملیۆن کەس قسەی پێدەکەن و زمانی ئینگلیزیش ٣٦٠ ملیۆن کەس قسەی پێدەکەن، هەرچی زمانی کوردیشە بەپێی ریزبەندی ئینسکلۆپیدیای نیشتمانیی سوێدی لەریزبەندی ٥٩ یەمین زمانی جیهاندایە و ٢١ ملیۆن کەس بەکاریدێنن، کە دەکاتە ٣١%ی دانیشتووانی جیهان.

### زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی

زمانی کوردی پێنج زاری سەرەکی هەیە و هەر زارێکیش لە چەند شێوەزارێک پێکهاتوون کە بەمشێوەیەن:

شێوەزارەکانی گۆرانی: هەورامی، کەندولەیی، باجەلانی

شێوەزارەکانی زازاکی: زازاکی سەروو (دێرسیم)، زازاکی ناوەند (ئامەد)، زازاکی خواروو (رووها)

شێوەزارەکانی کورمانجیی سەروو: سەرحەدی، بادینی، بۆتانی، رۆژئاوایی

شێوەزارەکانی کورمانجیی خواروو: کەلهوڕی، فەیلی، کرماشانی

شێوەزارەکانی کورمانجیی ناوەند: سۆرانی، موکری، سلێمانی، گەرمیانی و ئەردەڵانی

### دۆخی زمانی کوردی لە پارچەکانی کوردستان و ئەو وڵاتانەی کوردی تێدا دەژین

کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان زمانەکەی کەوتووەتە ژێر کاریگەری زمانەکانی فارسی، تورکی و عەرەبی ئەوەش ئەنجامی دابەشکردنیەتی بەسەر چوار وڵاتدا و دەیان و سەتان وشەی بیانی هاتوونەتە نێو ئەو زمانە. نوێترینیشیان قسەی گەنج و منداڵانە بە تێکەڵاوی لە نێوان وشەی ئینگلیزی و کوردی و خەریکە سۆشیاڵمیدیاش کاریگەری نەرێنی گەورە دەخاتە سەر زمانێک کە هەزاران ساڵە شووناسی نەتەوەیەکە و ئامرازێکی سەرەکی مانەوەیەتی.

ئێستا لە جیهاندا شەش هەزار و ٧٠٠ زمانی زیندوو هەن و لە ماوەی ٧٠ ساڵی رابردووش نزیکەی ٢٠٠ زمان لەناوچوون، خۆ ئەگەر ئێمەش بەخۆ نەکەوین مەترسی لەنێوچوونی زمانەکان هەیە.

چۆن زمانی دایک دەبووژێتەوە ؟ کێ دەیبووژێنێتەوە ؟ کێ بەرپرسە لە تێکەڵبوون و هەژموون و کاریگەریی زمانی دیکە بەسەر زمانی کوردی؟ چۆن رێگەی لێدەگرین، چۆن دەتوانین زمانێکی پێوەر و ستاندارد و یەکگرتوومان هەبێت؟

سادق ئەحمەد عوسمان، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری ئەکادیمیای نیشتمانیی زمانی کوردی لەبارەی دۆخی زمانی کوردی و مەترسییەکانی لەسەر زمانی کوردی لە باشووری کوردستان وەڵامی ئەم پرسیارانەی دایەوە.

### بۆچوونی منداڵانی کورد لەسەر خوێندنی کوردی لە قوتابخانەکان

رووداو لە منداڵانی چوار بەشی کوردستانی پرسیوە کە دەیەوێ بە چ زمانێک قسە بکەن. منداڵێکی رۆژهەڵاتی کوردستان دەڵێ؛ حەزی دەکرد لە پۆلی یەک بە کوردی بخوێنێت ئاوا ئاسانتر لە وانەکان دەگات. بەڵام منداڵێکی باکووری کوردستان دەڵێ؛ پێیخۆشە بە تورکی بخوێنێت چونکە مامۆستاکەی قوتابخانە گوتوویەتی کوردی باش نییە بۆ خوێندن. لە باشووری کوردستانیش کە خوێندنی قوتابخانە بە کوردییە بەشێک لە منداڵان حەز دەکەن بە ئینگلیزی بخوێنن.

بەساڵاچووان لەبارەی دۆخی زمانی کوردی و رێگەکانی بەهێزکردنی زمانی کوردی بۆچوونی جیاوازیان هەیە. هاونیشتمانییەکی باشووری کوردستان دەڵێ؛ ئەگەر لە رۆژهەڵاتی کوردستان کوردی لەژێر کاریگەری فارسییە لە باشووری کوردستان لە ژێر کاریگەریی عەرەبی دایە.

هاونیشتمانییەکی باکووری کوردستانیش گلەیی لە گەنجان دەکات بەوەی کە ئێستا گرنگی بە زمانی کوردی نادەن، بەڵام هاونیشتمانییەکی بەتەمەن لە رۆژئاوای کوردستان خۆشحاڵە لەوەی لە قوتابخانەکان منداڵ فێری نووسین و خوێندنی کوردی دەکرێن.

### زمانی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان

لە سیستەمی پەروەردەی ئێراندا دان بە مافی زمانی و پەروەردەیی پێکهاتە نەتەوەییەکان نەنراوە، بۆیە لە رۆژهەڵاتی کوردستان ئەرکی پاراستن و پەرەپێدانی زمانی دایک کەوتووەتەسەر شانی چالاکڤانانی خۆبەخش. ئەوان خۆیان دەخەنە بەردەم گوشاری هێزە ئەمنی و سەربازییەکان. بە پارەی خۆیان یان هاوکاریی خەڵک پێداویستییەکانی خوێندن دەکڕن و بە زەحمەتی زۆر، شوێن بۆ بەڕێوەبردنی کۆرسەکان دەدۆزنەوە.

لە زانکۆی سنە، بەشی تایبەت بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی هەیە، بەڵام لە هیچ زانکۆیەکی دیکەی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشێوەی دڵخوازیش وانەی زمانی کوردی ناخوێندرێت. لە زنکۆی پەیام نووری مەریوان ساڵانی پێش کۆرسی زمانی کوردی بەڕێوەدەچوو، بەڵام ڕێگە نەدرا لەوە زیاتر بەرەو پێش بچێت.

ساڵ بە ساڵ وشیاری کۆمەڵگە لەبارەی پێویستیی فێربوونی زمانی دایک دەچێتەسەر. بەشێک لە خێزانەکان بەتایبەت لە وەرزی هاویندا، منداڵەکانیان دەنێرنە پۆلەکانی فێرکردنی زمانی کوردی. بەگوتەی مامۆستاکانیان، منداڵان دوای فێربوونی زمانی دایک، باوەڕی زیاتریان بە خۆیان و تواناکانیان دەبێ.

## زمانی کوردی لە تورکیا و باکووری کوردستان

بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک، هەدەپە کەمپینێکی بۆ فێربوونی زمانی کوردی لەنێو ڕێکخستنەکانی خۆی ڕاگەیاندووە. ئەمڕۆ یەکشەممە، یەکەم ڕۆژی کەمپینەکە دەبێت و لە قۆناخی یەکەمدا هاوسەرۆکانی هەدەپە و ٢٠٠ کەس لە ئەندامانی سەرکردایەتی، ئەنجوومەنی ژنان، بەرپرسان و پەرلەمانتارانیان بەشداری کۆرسی فێربوونی زمانی کوردی دەکەن.

سالم کاپلان، گوتەبێژی کۆمسیۆنی بەدواداچوونی نەخشەڕێگەی فێربوونی زمانی کوردی لەنێو ڕێکخستنەکانی هەدەپە ڕایگەیاند، ڕەخنەی زۆر ئاراستەمان کراوە لەبارەی بابەتی گەشەپێدان و گرنگینەدان بە زمانی کوردی لەنێو ڕێکخستنەکانی هەدەپە. لەسەر ئەم بنەمایە لە چەند مانگی ڕابردوودا بەبڕیاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی، ئەو کۆمسیۆنە دامەزرا.

کۆمسیۆنەکە لە ١٠ ئەندام پێکهاتووە. ئەندامێکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی، ئەندامێکی ئەنجوومەنی ناوەندی بڕیار،

چوار پەرلەمانتار و چوار ڕاوێژکار کۆمیسیۆنەکە بەڕێوە دەبەن و بەرنامە و کارنامەی تایبەتیان داڕشتووە. ئەمڕۆ کە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکە، کەمپینی فێربوون و بەهێزکردن و گەشەپێدانی زمانی کوردی لە ڕێگەی خولەکانەوە کە لە چوار ئاست پێکدێت. دەستپێیکردووە.

سالم کاپڵان ئاماژەی بەوەدا کەمپینەکە تەواوی ڕێکخستنەکانی هەدەپە دەگرێتەوە، وانەکان بە ئۆنلاین لەلایەن مامۆستایانی شارەزا بۆ شێوەزارەکانی کرمانجی و زازاکی دەگوترێنەوە.

گوتەبێژی کۆمسیۆنی بەدواداچوونی نەخشەڕێگەی فێربوونی زمانی کوردی لەنێو ڕێکخستنەکانی هەدەپە روونیکردەوە، زمانی کوردی مەترسی لەنێوچوونی لەسەرە و دەسەڵات پاکتاوی زمان دەکات و ئێمەش بەهەستیارییەوە پێداگیری لەسەر ئەم بابەتە دەکەین و بەبڕیاری سەرکردایەتیی هەدەپە لەمەودوا خەبات بۆ گەشەسەندن و گشتگیرکردنی زیاتری زمانی کوردی دەکرێت.

ئەمڕۆ یەکشەممە ٢١ی شوبات ڕۆژی جیهانی زمانی دایکە. لە تورکیا و باکووری کوردستان کە نزیکەی ٢٠ ملیۆن کورد دەژین، لەلایەن پلاتفۆرمی زمانی کوردی، تۆڕی زمان و کولتووری کوردی و حەرەکەتی زمانی کوردی "حەزکورد" و دامەزراوەکانی دیکەی زمانی کوردی، کەمپینێکی واژۆ کۆکردنەوە بە ئامانجی ئەوەی زمانی کوردی بکرێتە زمانی پەروەردە و دووەمین زمانی فەرمی لە تورکیا، دەستپێکردووە.

پارتی دیموکراتی گەلان "هەدەپە" داوا دەکات زمانی کوردی بکرێتە زمانی فەرمی و زمانی پەروەردە لە تورکیا. ئیمام تاشچیئەر پەرلەمانتارانی هەدەپەی ئامەد ڕۆژی ١٩ی شوباتی ٢٠٢١ لە دانیشتنی پەرلەماندا بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی زمانی دایک گوتارێکی بە زمانی کوردی پێشکەشکرد. تاشچیئەر ئاماژەی بەوەدا، چیدیکە دژایەتیکردنی زمانی کوردی قبوڵ ناکرێ و داوای کرد زمانی کوردی لە تورکیا بکرێتە فەرمی.

کێشەی کورد لە تورکیا فرە ڕەهەندە و لە پاڵ کێشەی ناسنامە، ئەمنی، سیاسی، ئابووری و فەرهەنگی، کێشەی قەدەخەکردنی زمانی کوری یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکان.

بەگوێرەی ماددەی ٤٢ی دەستووری تورکیا "تورکی" زمانی دایکی سەرجەم هاووڵاتییانی تورکیایە و بە پشتبەستن بەو ماددەیە بێجگە لە تورکی، خوێندن بە هەموو زمانێکی دیکە لەو وڵاتەدا قەدەخەیە.
لە تورکیا گفتوگۆکان لەسەر بەکارهێنانی زمانی دایک و ئەو پێشنیازانەی لەبارەی سیاسەتی پەروەردە بۆ زمانی دایک دەخرێنەڕوو، لەسەر زمانی کوردی چڕ دەکرێنەوە کە لە دوای تورکی دووەمین زمانە زۆرترین کەس قسەی پێدەکەن و لە چوارچێوەی ئەمنییەت و ئاسایشدا باس لە بەکارهێنانی زمانی کوردی دەکرێت.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی بەشی پڕۆژە زانستییەکانی زانکۆی بۆغازئیچی ئیستەنبووڵ و وەقفی پەروەردەی دایک و منداڵ کە لە ساڵی ٢٠٢٠ لە پارێزگاکانی ئامەد و وان لە باکووری کوردستان و شاری ئیستەنبووڵی تورکیا کراون و زیاتر لە ٥ ملیۆن کوردی لێ دەژین، ٨١%ی مامۆستایانی باخچەی ساوایان و قۆناخی سەرەتایی دەڵێن منداڵانی کورد زمانی

تورکی بەباشی نازانن و ئەوەش بە گەورەترین کۆسپ لە بەردەم فێربونی خوێندن و نووسینی تورکی هەژمار دەکەن.

بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی دیکە کە لەلایەن ناوەندی لێکۆڵینەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتی زانکۆی باهچەشەهیری ئیستەنبووڵ ئامادەکراوە، ٤٦%ی ئەو هاووڵاتییانەی تورکیا کە زمانی دایکیان کوردییە، قۆناخی سەرەتایی خوێندنیان تەواو نەکردووە.

راوەست، کە سەنتەرێکی توێژینەوەی کوردییە لە ئامەد، لە ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٩ دا راپرسییەکی لە هەندێک ناوچەی باکووری کوردستان لەبارەی بەکارهێنانی زمانی کوردی کرد. لە راپرسییەکەدا بۆچوونی ٦٠٠ کورد وەرگیرابوو و تەنیا ١٨% یان رایانگەیاندبوو دەتوانن بە کوردی قسە بکەن، بخوێننەوە و بنووسن. هەر بە گوێرەی راپرسییەکە، تەنیا ٤٤% یان ئاماژەیان بەوەکردبوو دەتوانن بە زمانی دایکی خۆیان قسە بکەن.

لە تورکیا و باکووری کوردستان تادێت رێژەی قسەنەکردن بە زمانی کوردی هەڵدەکشێت و ئێستا ٦٠%ی کوردی باکوور بە زمانی دایکیان قسە ناکەن. هەرچەندە لە باکووری کوردستان چەند کۆمەڵەیەکی تایبەت بە فێربوونی زمانی کوردی کراونەتەوە، بەڵام هێشتا نەبوونەتە فریادرەسی رزگارکردنی زمانی کوردی لە لەناوچوون.

لە سیستەمی پەروەردەی تورکیادا، تورکی تاکە زمانی فەرمی خوێندنە. هەرچەندە لە ساڵی ٢٠١٢ـەوە زمانی کوردی وەک وانەی بژاردە لە قوتابخانەکاندا دەخوێنرێت، بەڵام بەهۆکاری جیاواز پرۆسەکە بە فەرمیش نەبێ، بە کردەیی راگیراوە.

یەکێک لەو هۆکارانە دانەمەزراندنی مامۆستای زمانی کوردییە بەگوێرەی پێویست. بەهۆی نەبوونی مامۆستا قوتابیان لە شوێنی زمانی کوردی وانەیەکی دیکەی هەڵدەبژێرن. لە سەرەتاکاندا لە ساڵی ٢٠١٢ لەبەر نەبوونی مامۆستا کە بەکالۆریۆسی لە زمانی کوردیدا هەبێت، مامۆستای کوردی بە گرێبەست وەردەگیرا. بۆیەکەمینجار لە ساڵی ٢٠١٤ دەست بە دامەزراندنی مامۆستای دەرچووی بەشی زمان و ئەدەبیاتی کوردی کرا.

لە ماوەی ١٠ ساڵی رابردوودا وەزارەتی پەروەردەی تورکیا تەنیا یەکجار داتاکانی خواستی لەسەر وانەی زمانی کوردی بڵاوکردووەتەوە. بەگوێرەی ئەو داتایانە لە ساڵی خوێندنی ٢٠١٥ - ٢٠١٦دا لە تورکیا و باکووری کوردستان ٧٧ هەزار و ٩٣١ قوتابی وانەی زمانی کوردیان هەڵبژاردووە، لەوانە ٧١ هەزار و ٦١٦ قوتابی وانەی شێوەزاری کرمانجی و ٦ هەزار و ٣١٥ قوتابیش وانەی شێوەزاری زازاکییان هەڵبژاردووە، بەڵام تاوەکو ئێستا تەنیا ٥٩ مامۆستای کوردی لە تورکیا

دامەزراون کە ٤٨ی کرمانجی و ١١ی زازاکین.

بەشێکی زۆری ئەو مامۆستایانە بە بیانووی نەبوونی خواست، وانەی زمانی کوردی نـاڵێنەوە و بـۆ سـاڵی ٢٠٢٠ - ٢٠٢١ یش وەزارەتی پەروەردەی تورکیا هیچ مامۆستایەکی زمانی کوردی دانەمەزراندووە.

لە باکووری کوردستان لە ساڵی ٢٠١١ دا بەشی خوێنـدنی زمـان و کولتـووری کـوردی لە زانکـۆی ئـارتوکلۆی مێـردین کـرایەوە، دواتر هەمان بەش لە زانکۆکانی ئامەد، چەولیگ، مووش و وان کرانەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - ڕێکەوتی: ٢١ی فێبریوێری ٢٠٢١

--------------------------------------------

## ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی




ئامادەکردن: کوورش عەبدی

### پاڵپشتیی فرەزمانی لە پێناو گشتگیریی خوێندن و کۆمەڵگەدا

ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی ئەو ڕاستییە بەرجەستە دەکات کە زمانەکان و فرەزمانی دەتوانن پرسی گشتگیری پێش بخەن.

هەروەها جەختکردن لەسەر پـرۆژەی ئامانجەکـانی گەشەپێدانی بەردەوام بـۆ ئەوەیە کە هیچ کەس بێبەش نەبێت و بەجێ نەمێنێت. ڕێکخراوەی یوونێسکۆ پێی وایە، پەروەردە لەسەر بنەمای زمانی یەکەم یان زمانی دایکی، دەبێت لە ساڵانی

سەرەتای منداڵییەوە دەست پێ بکات و پەروەردە بناخەی فێربوونە.

لە بەرنامەی ئەمساڵدا، لە سیاسەتوانان، پەروەردەکاران و مامۆستایان، دایک و باوکان و خێزانەکان داوا دەکرێت تاوەکوو زیاتر پابەند بن بە پەروەردەی فرەزمانی و گشتگیری لە پەروەردەدا بۆ ئەوەی کە لە بارودۆخی پەتای کۆڤید ١٩دا پرۆسەی گەڕانەوە بۆ خوێندن باشتر و بەهێزتر جێبەجێ بکرێت. ئەم هەوڵە هەروەها خزمەتی ئەو پلانەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات کە بە ناوی «دەیەی جیهانیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ زمانە خۆجێیییەکان» لە ٢٠٢٢ تاوەکوو ٢٠٣٢ جێبەجێ دەکرێت. لەم پلانەدا، کە ڕێکخراوی یوونێسکۆ ڕێبەرایەتیی دەکات، فرەزمانی کراوەتە کرۆک و بناخەی گەشەکردنی خەڵکانی خۆجێیی.

## پاراستنی فرەچەشنیی زمانی

زمانەکان، بە هۆی ئەو دەورە گرنگەی کە لە بوارەکانی ناسنامە، پەیوەندی و ڕاگەیاندن، بەشداریکردن لە کۆمەڵگە، پەروەردە و گەشەپێداندا دەیگێڕن، گرنگییەکی ستراتیژییان بۆ مرۆڤایەتی و هەسارەکەمان هەیە. بەڵام، بە هۆی پرۆسەکانی بەجیهانیبوونەوە، زمانەکان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لەژێر هەڕەشەدان، یان خەریکن پێکەوە لەناو دەچن. کاتێک زمانەکان کاڵ دەبنەوە، فەرشی نەخشینی جیاوازیی کولتووریش لە جیهانی ئێمەدا کاڵتر دەبێتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا، کۆمەڵێک دەرفەت، نەریت، بیرەوەری، شێوازی بێوێنەی بیرکردنەوە و دەربڕین (کە پێداویستیی بەنرخن بۆ دەستەبەرکردنی داهاتوویەکی باشتر) لەناو دەچن.

دوو هەفتە جارێک، زمانێک دەفەوتێت و لەگەڵ خۆیدا کۆی میراتێکی کولتووری و ڕۆشنبیری دەباتە گۆڕەوە. لانیکەم، سەددا ٤٣ی ئەو ٦٠٠٠ زمانەی کە لە جیهاندا قسەیان پێ دەکرێت، ئێستا لە مەترسیدان. تەنیا چەندسەد زمانێک بە شێوەیەکی ڕاستەقینە لە سیستەمی پەروەردە و حکوومەتدا جێگیر کراون و کەمتر لە سەد زمان لە جیهانی دیجیتاڵدا بەکار دەهێنرێن.

کۆمەڵگە فرەزمان و فرەکولتوورەکان بە هۆی زمانەکانیانەوە زیندوون و لە ڕێگەی زمانەوە زانیاری و کولتووری دێرینیان دەگوازنەوە و دەیپارێزن.

## مێژووی ئەم ڕۆژە

ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی لە مانگی نۆڤەمبەری ١٩٩٩ەوە لە کۆبوونەوەی گشتیی «ڕێکخراوەی پەروەردەیی و زانستی و

ڕۆشنبیریی نەتەوە یەکگرتووەکان»دا (یوونێسکۆ) ڕاگەیێندرا. کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بڕیارنامەی ساڵی ٢٠٠٢ی خۆیدا پێشوازیی لە دیاریکردن و ڕاگەیاندنی ئەم ڕۆژە کرد.

لە ١٦ی مانگی مەیی ٢٠٠٧دا، کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بڕیارنامەی ژمارەA/RES/61/266 ی خۆیدا داوای لە وڵاتانی ئەندام کرد تاوەکوو «تێ بکۆشن بۆ بەرزڕاگرتن و پاراستنی هەموو ئەو زمانانەی کە گەلانی جیهان بەکاریان دەهێنن». لە هەمان بڕیارنامەدا، کۆمەڵەی گشتی، ساڵی ٢٠٠٨ی وەک ساڵی جیهانیی زمانەکان دەستنیشان کرد، بە مەبەستی پاڵپشتیی یەکرێزی لەپاڵ فرەچەشنی و تێگەیشتنی نێودەوڵەتیدا، لە ڕێگەی فرەزمانی و فرەکولتوورییەوە. کۆمەڵەی گشتی هەروەها یوونێسکۆی وەکوو دەزگای بەڕێوەبەریی چالاکیەکانی ئەو ساڵە دەستنیشان کرد.

ئەمڕۆکە هۆشیارییەکی ڕوولەگەشە هەیە سەبارەت بەوەی کە زمان دەوری سەرەکی دەگێڕێت لە گەشەکردن، دەستەبەرکردنی فرەچەشنیی کولتووری و دیالۆگی نێوان کولتوورە جیاوازەکاندا. هەروەها، دەورێکی گرنگی هەیە لە بەهێزکردنی هاوکاری و دابینکردنی پەروەردەی بەکوالێتی بۆ هەمووان، لە بنیاتنانی کۆی مەعریفە گشتگیرەکان و پاراستنی میراتی کولتووریدا.

جیا لەمە، زمان دەورێکی بەهێز دەگێڕێت لە جووڵاندنی ئیرادەی سیاسی بۆ سوودوەرگرتن لە زانست و تەکنەلۆجیا بۆ مەبەستی گەشەپێدانی بەردەوام.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هۆژان (Hojan) - ڕێکەوتی: ٢١ی فێبریوێری ٢٠٢١

--------------------------------------------

## لە رۆژی جیهانی زمانی دایکدا: پێگەی زمانی کوردی لە کوێدایە؟




**ماڵپەڕی پەیسەر**

زمانی دایک زاراوەیەکە بەکاردەهێنرێت بۆ زمانی یەکەمی مرۆڤ، لەبەر ئەوەی منداڵ تاکاتی گەورە بوون و ئەوکاتانەی بە تەواوی زمان فێر دەبێت لەگەڵ دایکیدا دەژی بۆیە زۆرتر و باشتر فێری ئەو زمانە دەبێت.

نەتەوە یەکگرتوەکان لە ساڵی ١٩٩٩ ەوە رۆژی ٢١ی شوباتی هەموو ساڵێکی دیاری کردووە بە رۆژی زمانی دایک، بۆ ئەو مەبەستە چەندنین رێوشوێنی جۆراوجۆر دەگیرێتە بەر بەمەبەستی یادکردنەوەو بەرەو پێشبردنی زمان و پێشکەشکردنی راپۆرتی تایبەت لەو بارەیەوە، بۆ ئەمساڵیش نەتەوە یەکگرتوەکان لەبارەی زمانەکانی عێراقەوە گوتویەتی شێوەزاری هەورامی و زمانی کلدانیەکان مەترسی لەناوچوونیان لەسەرە.

لە ئێستەدا زمانی زیندوو هەن و هەندێکیشیان لەناو چوون و بەشێکی تریشیان مەترسی لەناوچوونیان لەسەرە، یەکێک لە بنەماکانی نەمری و زیندوو بوونی زمان ئەوەیە کە خەڵکانی دەرەوەی گەلەکەی خۆی بەکاری بهێنن و بەردەوامیش لە نوێبوونەوەدا بێت و توانای خۆگونجاندنی هەبێت لەگەڵ پێداویستیەکانی سەردەم دا. شارەزایان پێیان وای زمان یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکانی مافەکانی مرۆڤ و جاڕنامەکەش جەختی کردوەتەوە کە هەموو مرۆڤێک ئازادە بەچی زمانێک قسە دەکات و کەسیش بۆی نیە زمانێک بسەپێنێت بەسەر کەسێک یان گەلێکی دیکەدا.

بەپێی راپۆرتێکی (یونسکۆ) ٧٠٠٠ زمان لە جیهان دا هەیەو هەندێکیان بە زمانە زیندوەکانی جیهان دانراون و هەندێکی دیکەشیان هەڕەشەی لەناوچوونیان لەسەرە. یونسکۆ باس لەوە دەکات زمانی ئینگلیزی بە زیندووترین زمانەکانی جیهان دادنرێت و (١.٨) ملیار کەس لە جیهاندا قسەی پێدەکەن و رۆژانەش لە نەتەوەکانی تری دنیاوە خەڵکی لە هەوڵی

ئەوەدان خۆیان فێری ئەو زمانە بکەن و بۆ ئەو مەبەستەش ریگەی جۆراوجۆر دەگرنە بەر و لەنێو سیستەمی خوێندنی زۆرێک لە وڵاتەکانی جیهان دا خوێندنی زمانی ئینگلیزی پرۆگرامی سەرەکی خوێندنە. بە دوای ئەودا زمانی چینی دێت، ژمارەی خودی دانیشتوانی چینی و هەندێک لە نەتەوەکانی چواردەوری ئەو وڵاتە بەکاری دێنن، ئەوەی زمانی چینی لە زمانەکانی دیکە جیادەکاتەوە ئەوەیە زمانی چینی (پیت یان وشە)یان نیە، بەڵکو وێنەی پیتیان هەیە لە شێوەی وێنەدا کە مانـاو مەبەست دەدات بەدەستەوەو بۆیە زۆرکورت و پڕ واتـایە. بەدوای ئەوانیشدا زمانی هیندی بە پلەی سێیەم دێت کە نیوەکیشوەری هیندستان و هەندێک لە وڵاتانی چواردەوری بەکاری دێنن وەک نیپاڵ و لە بشێکی وڵاتانی باشووری ئەفەریقاش زمانی هیندی بەکاردێنن. زمانی عەرەبی بەپلەی چوارەم دێت لەبەر ئەوەی سەرجەم وڵاتانی عەرەبی و بەشێک لەو میللەتانەی کە خۆیان بە موسڵمان دەزانن بەزمانی عەرەبی قسەدەکەن، پاشان زمانی رووسی و ئیسپانی و دوای ئەویش زمانی رووسی لە ریزبەندیەکەدایە.

ئەو میللەتانەی ژمارەیان کەمە یان زمانەکەیان وەک پێویست نیەو توانـای داهێنان و نوێ بوونەوی کەمە هەمیشە شەڕی مانەوە دەکەن و خواخوای ئەوەیانە زمانەکەیان لەنێو نەچێت، یەکێک لەو زمانانە کوردییە، هەرچەندە لە ئێستەدا زمانی کوردی بە پێی دەستوور زمانی فەرمییە بەڵام تا ئێستەش رایی کردنی مامەڵە ئیداریەکان و گفت و گۆی نێو پەرلەمان و کاروبارە ئیداریەکانی (جگە هەرێمی کوردستان) هەربە زمانی عەرەبییەو ئەوەندەش زامانی کوردی فەرماۆش کراوە تەنانەت ئامێرێکی وەرگێران یان ستافێک بۆ وەرگێڕانی زمانی کوردی لە ئارادا نیەو ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانیش ئەوەندەی لە خەمی باشکردنی زمانەکەیانن بۆ پێشکەشکردن یا قسەکردنێک بەعەرەبی ئەوەندە لە خەمی ئەوەدا نین خۆیان بە زمانی کوردی قسە بکەن، نەک هەر باشوری کوردستان، لە رۆژهەڵاتی کوردستان تا ئێستەش زمانی کوردی تەنها لە زانکۆی سنە(کوردستان) هەیەو بە پێی گوتەی شارەزایان بایەخێکی ئەوتۆی نیەو ساڵانە چەند قوتابییەک وەردەگیرێن و هیچی تر، لە باکوری کوردستانیش تائەم دواییانەش نەک زمانی کوردی بەڵکو دان نەدەنرا بە کۆی گشتی نەتەوەی کورددا و چ جای بگات بە زمانەکەی دا، لە رۆژئاوای کوردستانیش لە ژێرسایەی رژێمی بەعسی سوریەدا هیچی کەمتر نەبوە لە پارچەکانی دیکەی کوردستان.

لەسەر ئاستی میللی و نەتەوەیی زمانی(دایک) کوردی تاڕادەیەکی باش ماوەتەوە، هەرچەندە لە هەر پارچەیەکی کوردستان دا لەژێرکاریگەری رژێمە داگیرکارەکاندان و هەرجارەی بەناوێک و لەژێر پاساوێکدا تەنگیان بە زمانی کوردی هەڵچنیوە، لەمێژووی نوێی باشووری کوردستان دا وشەی (تەعریب) دەستەواژەیەکی باوی ناوخەڵکەو تا ئێستەش لەبەشێک لەخاکی باشووری کوردستان دا پەیڕەو دەکرێت بەتایبەت لەو ناوچانەی کە پێی دەگوترێت (ناوچە دابڕێنراوەکان) یاخود(ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان).

لە دەستورە پێشووەکانی عێراق دا مادەی جیاواز و خوێندنەوەی جیاوازی بۆ کراوە مادەی ١٢٣ لە یەکەم دەستووری ساڵی ١٩٢٥ی عێراق دا بە هیچ شێوەیەک باس لە زمانی کوردی نەکراوە، لەبەرامبەر ئەوەشدا لە مادەی ١٧ دا هاتووە زمانی عەرەبی زمانی فەرمی وڵاتە، ئەو دەستوورە دووجار پێداچوونەوەی بۆکراوەو هەموار کراوەتەوە یەکەمیان سێ مانگ لە دوای پەسەندکردنی و ئەوی تریشیان ساڵی ١٩٤٣، لەو دووجار هەموارکردنەویەشدا مادەی ١٢٣ وەک خۆی ماوەتەوەو دەستکاری نەکراوە، ساڵی ١٩٣١ یاسای زمانە نێو خۆییەکان دەرچووە بە پێی ئەویاسایە زمانی کوردی دانی پێدا نراوەو وەک زمانێکی نێوخۆیی و لۆکاڵی باس کراوە بۆ ناوچەیەکی دیاریکراو کە دەتوانن قسەی پێ بکەن، ئەگینا کاروباری فەرمی هەر بە زمانی رەسمی(عەرەبی)ئەنجام دراوە. لە دەستووری ساڵی ١٩٥٨ی کۆماریدا بە روونی دانی پێدا نەنراوەو دەکرێت بگوترێت لاستیکییە و مانای جیاوازی هەڵدەگرێت لەمادەی سێیەم دا دەڵێت: کوردو عەرەب پێکەوەن لە خاکی عێراق دا و هەردوکیان هاوبەش و شەریکن، کەچی مادەی دواتر دەڵێت (عێراق بەشێکی دانەبڕاوی وڵاتە عەرەبییەکانە) هەر بۆیە شارەزایان پێیان وایە ئەو مادانە هیچیان دانپێدانانی راستەوخۆنین لەبارەی زمانی کوردییەوە و شایانی تەفسیرو شرۆڤەی جیاوازن، هەربۆیە دەکرێت بگوترێت بە هیچ شێوەیەک دان بە زمانی کوردیدا نەنراوە.

لە دەستووری ساڵی ١٩٦٤ مادەی ٣ دا هاتووە: ئیسلام دینی فەرمی دەوڵەتەو بنەمای سەرەکی دارشتنی دەستوورەکەیەتی و زمانی عەرەبیش زمانی فەرمییە. ئەمەش رێگری تەواوە لە بەفەرمی کردنی زامانی کوردی، بەڵام لە مادەی ١٩ دا هاتووە : دەستور دان دەنێت بە مافی گەلی کورددا وەک برا لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکپارچەدا، بەڵام لە دوەستووری کاتی عێراق دا لە ساڵی ١٩٧٠ دا رێگە دراوە بە کورد لە سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی (حوکمی زاتی)دا بە بەکارهێنانی زمانی کوردی، بەو پێیەی زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن، بەڵام هەر لەو ساڵانەوە تەعریب دەستی پێکردووەو تەنانەت رێگە نەدراوە بە خوێندنی زمانی کوردی لەناوەندەکانی خوێندندا.

لەساڵی ٢٠٠٥ وە دەستووری عێراقی گۆڕانکاری بەسەردا هاتوە لەچاو دەستورەکانی تردا، لەمادەی 9 دا هاتووە: زمانی عەرەبی و کوردی دوو زمانی فەرمی عێراقن، بەڵام کاتێک لە خوارترەوە شرۆڤەی بۆ کراوە دەڵێت: قسەکردن لە شوێنەفەرمیەکان وهەرجێگەیەک مرۆڤ خۆی بیەوێت دەتوانێت یەکێک لەو دوو زمانە بەکاربهێنێت، هەربۆیە کاتێک دەبینین لە ئەنجومەنی نوێنەران و لە نێو سەرۆکایەتی وەزیران و کۆنگرە رۆژنامەوانیەکان و وتەبێژی فەرمی و دادگاکان تەنها زمانی عەرەبی بەکار دەهێنرێت و بەجۆرێک لە جۆرەکان زمانی کوردی خراوەتە سەر رەفەی لەبیرکراو و نوێنەرانی کوردیش لەنێو عێراق هەمیشە پەنایان بۆ زمانی عەرەبی بردووە. تێبینی دووەمیش ئەوەیە شارەزایانی یاسایی پێیان وایە دەستوور سنوورە گشتیەکەیەوناتوانرێت راستەوخۆ کاری پێبکرێت تا بەپێی یاسایەک رێک نەخرێتەوە، لە رۆژی ٧ - ١ - ٢٠١٤ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق یاسایەکی دەرکردووە بۆ جێبەجێکردن و وردەکاریەکانی بەڵام نەچووەتە بواری

جێبەجێکردنەوە، لە ٢٠٠٥ ەوە تا ئێستە ئەوە چوارەم خولی پەرلەمانی عێراقە لەسایەی ئەو دەستوورە نوێیەوە، ئەگەر بمانەوێت زمانی کوردی فەرمی بێت و شەریکی راستەقینەی زمانی عەرەبی بێت لە عێراق ئەوا دەبێت رەنگدانەوەی هەبێت لەسەر سەرجەم کایەکانی ژیان لەوانەش: زامانی کوردی بچێتە سەر پارە(عوملە) و پاسپۆرت و پوولی فەرمی وڵات ، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە لە هەرێمی کوردستانەوە ئەگەر نوسراوێک بکرێت بۆ یەکێک لە فەرمانگەکانی عێراق (بەکورکوک)یشەوە ئەوا دەبێت بە زمانی عەرەبی بێت، ئەگینا وەڵام نادرێتەوە، بەڵام کارتی نیشتیمانی کە ئێستە بەردەستەو فەرمانگەی پەیوەندیدار سەرقاڵن بە تۆمارکردنیان بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی تۆمارکراون بە هەمان شێوەش مۆڵەتی شۆفێری بەهەردوو زمان لێیان نوسراوە.

لە رووی زانستی و کارگێڕییەوە سەرجەم بەڵگەنامەکان و پێداویستیە فەرمیەکان بە زمانی عەرەبین، لە بڕگەی سێیەمی هەمان مادەی دەستووردا هاتووە: دامەزراوە و فەرمانگەکانی حکومەتی فیدراڵی لە هەرێمی کوردستان هەردوو زمانەکە بەکاردێنن، ئەگەر سەرنج لە بواری جێبەجێکردن و پراکتیزەیی بکەین، دەبینین زمانی کوردی لە ناوەراست و باشووری عێراق کاری پێناکرێت، ئەو کوردانەشی دەچنە ئەو شوێنانە ناچارن زمانی عەرەبی بەکاربهێنن، بەڵام لە هەرێمی کوردستان هەردوو زمان بەکاردێت، ئەوەش بووتە هۆی ئەوەی ئەو عەرەبانەی دێنە کوردستان یان کاروباری ئیداری و فەرمییان هەبێت دەبێت بە عەرەبی کاریان بۆ ئەنجام بدرێت، کەواتە لەوەش دا هەر زمانی کوردی وەک پێویست نیە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە بەشێکی زۆری یاساکانی هەرێمی کوردستانیش بە زمانی عەرەبی دەنوسرێنەوە و دادەڕێژرێنەوە، بەشێکی زۆریش لە بڕیاری دادگاکانی هەرێمی کوردستان بە زمانی عەرەبی دادەڕێژرێن و دەدرێنەوە بە هاوڵاتیانی کوردستان...

یەکێک لە بنەما سەرەکیەکان و شوناسی سەرەکی هەموو نەتەوەیەک زمانە، لە رێگەی زمانەوە دەتونین گوزارشت لە بوونی خۆمان بکەین و بڵێن هەین، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە کورد چەندین شێوەزار (لهجە)ی نێو خۆیی هەیەو تا ئێستەش کار بۆ ئەوە نەکراوە بە فەرمی یەک جۆریان بکرێتە زمانی فەرمی، ئەگەر پاساوی پارچەکانی تری کوردستان ئەوە بێت خاوەنی کیان و قەوارەی تایبەتی خیان نین تا کار لەسەر یەکخستنی شێوەزارەکان بکەن، ئەوا لە هەرێمی کوردستان دیسانەوە زمان بووەتەوە نمایشکاری دوو ئیدارەیی و دابەشکاری دوو حیزبی، بەشێوەیەک بەکار هێنانی شێوەزاری (سۆرانی – کرمانجی ناوەڕاست) لە سلێمانی و هەولێر و هەڵەبجەو هەردوو ئیدارەی گەرمیان و راپەڕین کاری پێدەکرێت و لە بەشێکی تری پارێزگای دهۆک و بەشێکی پارێزگای هەولێر (کرمانجی سەروو) بەرکارەو لە ناوچەکانی خانەقین و بەشێکی ناوچە دابڕێنراوەکان شێوەزاری (کرمانجی خواروو) بەکار دەهێنرێت، هەرچی زمانی (ماچۆ)ی هەورامیەکانە تا ڕادەیەکی زۆر

فەرامۆش کراوە، تا ئەوەی ئەمڕۆ (یونسکۆ) رایگەیاندووە لە عێراق دا شێوەزاری هەورامی لەبەردەم مەترسی لەناوچووندایە.

ماوەتەوە بگوترێت رۆڵی میدیاو دەستەبژێری خوێندەوارو بڕوانامەدارە چالاکەکان و کۆمەڵگەی مەدەنییە نەهێڵن زمانی دایکمان (کوردی) لاواز ببێت و بەرەو نەمان بچێت، چوون هیچ بوونەوەرێک نیە بەزمانی خۆی قسە نەکات و هیچ نەتەوەیەکیش نیە بە ئەندازەی کورد لەناوچەکەدا ستەمی زمانی لێکرابێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پریسەر - ڕێکەوتی: ٢١ی فیبریوێری ٢٠٢١

---

## چۆن زمانی کوردی لە مەترسی بپارێزرێت



بڵێسە جەبار فەرمان

نامەوێ باسی ژمارەی زمانە جیاوازەکان بکەم و مێژووی سەرهەڵدانی رۆژی زمان یا ئاماژە بە زمانە جیاوازەکانی جیهان بدەم، من پسپۆڕی زمانی کوردی یا هیچ زمانێکی تر نیم، بەڵام دەمەوێ بڵێم کە ترسی ئێستا و رابردوومان وەک یەکە وەک باو و باپیرانمان ترسی لەناوچوونی زمانی کوردی ئەمڕۆ لە هەموو کات زیاترە. هەموومان هەستمان بە لاوازی زمانی کوردی و بایەخی زمانی کوردی کردووە لەلای نەوەی نوێ. بێگومان من لێرەدا بە شێوەیەکی گشتی قسە دەکەم و ئەڵبەتە هەموو نەوەی نوێ ناگرێتەوە.

بیرم دێ جارێک لە تەمەنی ١١ ساڵی دا لە خزمەت شێخ محەمەدی خاڵدا بووم. جوانەی کچەزای شێخ محەمەدی خاڵ و من پێکەوە لە کتێبخانەکەی دانشتبووین و قسەی بۆ دەکردین. هانی دەداین کە کتێب بخوێنینەوە. لە منی پرسی کە چەند

شیعری کوردیم لەبەرە. منیش کۆمەڵێک شیعری نەتەوەییم دەزانی وەکو رێی خەباتمان و ئەی رەقیب و رێی خەباتمان بۆ وت. پێی وتین کە دەبێت ۱۰۰۰ دێڕ شیعر لە دەفتەرێکدا بنووسینەوە و هەر وشەیەکی تێنەگەیشتین لێی بکۆڵینەوە و پیشانی بدەین. بەداخەوە کە ئەوە دوا جار بوو کە من ئەو مرۆڤە مەزنە ببینم و نەمتوانی دەفتەرەکەمی پیشان بدەمەوە.

هۆکار زۆرە کە دەبێتە هۆی بایەخ پێ نەدانی نەوەی نوێ لە باشووری کوردستان بە زمانی دایکیان، بەڵام کەمتەرخەمی سەرەکی لە دەسەڵاتی سیاسیمان و حکومەت دایە.

## نموونەی ئەڵمانیا

گەربێت و سیستم و بایەخدانی ئەڵمانیا بە زمانەکەیان و بە خوێندنەوە بە نموونە بهێنمەوە ئەوا دەبینین هەر لە پۆلی چواری سەرەتاییەوە وانەیەکی تایبەت بە کتێب خوێندنەوەیان هەیە. هەموو قوتابیەک دەبێت کتێبێک بخوێنێتەوە و لەبەردەم پۆلەکەیدا کورتکراوەکەی پێشکەش بکات و راوبۆچوونیان لەسەر کتێبەکە بگۆڕنەوە. ئەم وانەیە وانەیەکی سەرەکیە و نمرەی لەسەرە. ئەم میکانیزم و جۆرە پەروەردەیە دەبێتە هۆی وابەستەبوونی نەوەی نوێ و کۆمەڵگا بە کتێب خوێندنەوە و لەو رێگایەوە جگە لە بەکەلتورکردنی خوێندنەوە بەقووڵی و باشتر فێری زمانی دایکیان دەبن. بۆ دایەلۆگی سەرەتایی رۆژانە هەموو کەسێک دەبێت ۵۰۰۰ وشە بزانێت. ئەمە ژمارەیەکی ستانداردە بۆ هەموو زمانێک.

کەسێک کە بروانامەی زانکۆ بەدەست دەهێنێت دەبێت زیاتر لەو ژمارەیە وشە بزانێت. جیاوازی ئاستی خوێندەواری مرۆڤەکان لە دەربڕین و وشەدا بە دی دەکرێت.

ساڵانە لە ئەڵمانیا ۷۰،۰۰۰ بۆ ۸٦،۰۰۰ کتێبی تازە دێتە بازاڕ و کتێبخانەکانەوە، لەگەڵ بوونی تەکنولوجیا و ئینتەرنێت و کەم بوونەوەی کڕیاری کتێب ساڵانە زیاتر لە ۱۲ ملیارد دولار قازانجی چاپخانەکانە.

لە کوردستان ئەمە بە دی ناکرێت. منداڵەکان هان نادرێن بۆ خوێندنەوەی کتێب. کتێبی باش و هاوچەرخ بە زمانی کوردی کەمە. زۆرێک لە شارەزایانی زمان رەخنەیان لە زمانی وەرگێڕان هەیە. زۆرێک لەو بڕوایەدان کە دەبێت بە ئینگلیزی یا بە عەرەبی بخوێنیتەوە بۆ ئەوەی بتوانی چێژ لە خوێندنەکە وەربگریت.

هەموو زمانێکی زیندوو لە بەرەو پێش چوونی بەردەوام دایە. بە گوێرەی سەردەم واتە کات و شوێن و گۆڕان وشەی نوێ دێتە نێو زمانەوە و وشە و دەستەواژەی تری کە بەکار ناهێنرێن و لەناو دەچن. بۆ نمونە زمانی ئینگلیزی سەردەمی شکسپییر جیاوازی زۆری هەیە لەگەڵ ئینگلیزی ئەم سەردەمە. ئەو سەردەمەی سوارچاکان لەگەڵ ئەم سەردەمی سۆشیال میدیایەدا جیاوازی زۆرە. هەموو زمانێک فەرهەنگی خۆی هەیە کە هەموو چەند ساڵ جارێک نوێ دەکرێتەوەو کەم و زیاد دەکرێت.

بۆ هەر دەرکەوتە و دەستەواژەیەک کە نییە وشە دادەتاشرێت و دەخرێتە نیو کۆمەڵگاوە بۆ بەکار هێنانی.

## زمان و بە جیهانیبوون

بە جیهانیبوون و بەزاندنی سنوورەکان بە هۆی سەتەلایت و ئینتەرنیت و سۆشیال میدیاوە، بۆتە هۆی ئەوەی زمانی ئینگلیزی ببێە زمانێکی ستاندارد و باڵادەست. دەرکەوتنی زۆرتر و بڵاوکردنەوەی کولتوری وڵاتانی ئنگلیزی زمان لە هەموو دونیادا. لە ساڵانی ٢٠٠٠ وە وڵاتانی ئەوروپا لە هەوڵی کەمکردنەوەی بە ئەمریکاییکردنی کولتوری وڵاتەکانیانن. بۆ نموونە thanksgiving بە هۆی کاریگەری زمانی ئینگلیزییەوە ئەم جەژنە کە هیچ پەیوەندییەکی بە ئەوروپاوە نییە لە هەموو وڵاتەکان پەیڕەو دەکرێت، تەنانەت چەند ساڵێکە لە شارەکانی باشووریش ناودەهێنرێت. هەربۆیە بایەخێکی زۆر زیاتر بە زمان و کولتوری خۆیان دەدەن و لە هەموو بوارەکاندا و لە هەوڵی پاراستنیدان. لە بوارەکانی تەندروستی و تکنولوجیا و ئەدەب و فەرهەنگدا هەوڵ دەدرێت بۆ هەموو وشەیەک، وشەیەک داتاشن.

## زمانی کوردی لە چەند روویەکەوە لە مەترسیدایە.

نەوەی نوێ لە خوێندنەوەوە دوورن لە هەموو کۆلێژەکان دا تێکەڵەیەک لە زمانی ئینگلیزی و کوردی دەخوێنرێت زۆری خوێندنگاکانی بیانی و زمان ئینگلیزی و بایەخنەدانی حکومەت بە خوێندنگا کوردییەکان.

لاوازی زمانی کوردی لە وشە و دەستەواژەی نوێدا وای کردووە بۆ زۆر بوار وشە ئینگلیزییەکە بەکار بهێنرێت.

## وشەی لاتینی و ئینگلیزی

بە کارهێنانی وشەی لاتینی و ئینگلیزی لە هەواڵەکانی تیڤی و راگەیاندنەکاندا بۆ نموونە ئەوەندەی باس لە ریفراندۆم دەکرێت هاوشێوە کوردیەکەی کە بریتییە لە راپرسی یا گشتپرسی بەکار ناهێنرێت.

زمانی کوردی لە زۆر رووەوە کەلتوری پیاوسالاری پێوە دیارە و بچووککردنەوەی ژن تیایدا بەدی دەکرێت. من لەو بڕوایەدام زمانی کوردی دەبێت هاوچەرخ بکرێت بە شێوەیەک کە دژ بە ژنان نەبێت.

جگە لە سیاسەتی نەتەوەکانی سەردەستی ناوچەکە کە بەهەموو جۆرێک دەیانەوێ زمانی کوردی بایەخی نەدرێتێ و گەشە نەکات خۆیشمان وەک پێویست هەست بە مەترسی لەسەر زمانەکەمان ناکەین.

بەپێی دەستووری عیراقی و لە مادەی چواردا زمانی کوردی هاوشانی زمانی عەرەبی کردووە بە زمانی فەرمی وڵات بەڵام کوا فەرمیەتی زمانەکەمان لە ناوەندەکانی حکومی و سیاسی عیراقدا.

هیچ چاودێریەک بەدی ناکرێت بۆ پوختەکردنی زمانی کوردی و داتاشینی وشەی نوێ.

بەکارهێنانی زمانەکانی تر بەگرنگ تەماشاکردنی لەبەرامبەر زمانی کوردیدا حەقیقەت لە خۆ بەکەم زانینەوەیە دەبێت کورد و کورد زمان لەم هەستە بچنە دەرەوە.

زمانی کوردی هێزی هاوبەشی نێوان هەموو گروپ و ناوچەو بەشەکانی کوردستانە گرنگیدان بە زمانی کوردی خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٢ی فێبریوێری ٢٠٢١

---------------------------------------------

## نیگەرانی زمانی دایکم لە کەرکوک!



کوردم و بەکوردی دەدوێم

نێرگز قادر

لە رۆژی جیهانی زمانی دایکدا، دەمەوێت منیش وەک هەمووان بڵێم کوردم و بە زمانی کوردی دەدوێم، بەڵام پەیامەکەی من جیاوازتر لە پەیامی زۆرێک لە کەسانیترە، پەیامی من ئەوەیە، زمانی کوردی لە کەرکوک و دەوروبەری بەناچاری قبوولکراوە و هەمیشەش مەترسی لەسەرە و هەر رۆژە و لەلایەکەوە ئەو وەزیر و گزیر و سەردار و بندارانەی گەردێک دەسەلاتیان هەبووبێت، هەوڵی بچووککردنەوەی پێگەی کورد و لەکەدارکردنی زمانەکەیان داوە و تا هەنووکەش زۆرێکیان بەگوڕتر و زیاتر لە هەوڵدان بۆ سڕینەوەی مۆرک و کلتور و زمان و شوناسی میللەتێکی بەشمەینەتی وەک کورد، کەرکوکیش بەتایبەت لەدوای رووداوەکانی سێ ساڵی رابردووەوە بۆ ئەو کردارە چەپەڵەی دوژمنانی، نموونەیەکی زیندووە.

پێشتر سەرجەم فەرمانگەکانی حکومەت دەبوو وەک مافی یاسایی خۆیان نووسینیان بە زمانەکانیان لەسەر بەڵگەنامە و مامەڵەکانیاندا هەبێت کوردییش کە هاوشانی زمانی عەرەبی، زمانەکەی زمانی رەسمییە لە عیراق، دەبوو لەسەر بەڵگەنامە و نووسراوە رەسمییەکان هەبێت، بەڵام وا وردە وردە هەر جارە و لە فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتی و وەزارەتێکەوە ئەوەی وەک خێر لێی دەڕوانن، پێی رەوا نابینن و لە سەردەمی حوکمی قەرەقوشیانەی پارێزگارە بەوەکالەتەکەی هەموو ئەو یاساو رێسایانە ژێرپێ و پشتگوێ دەخرێن و دەسڕدرێنەوە، ئەوە باسی گرفتە پەروەردەییەکان کە بۆ خوێندنی کوردی دروستی دەکەن هەر ناکەم، چونکە هێندە زۆرە هەر باس ناکرێت.

رۆژێ دەنگۆی نەهێشتنی وانەی کوردی لە تاقیکردنەوەکان و رۆژێک و چەندین رۆژ هەڵەی هەڵێت و پەڵیتی زۆر لە

تاقیکردنەوەی پۆلە کۆتاکانی خوێندنی کوردی و رۆژێک فێلێکی تر، ئەمانە هەموو هەوڵدانن بۆ سڕینەوەی زمانی بەشێکی زۆری دانیشتوانی رەسەنی کوردی ئەم شارە و زیان گەیاندن بەکلتور و مێژووەکەی.

ئەمە لە کاتێکدایە دەستوور مافی داوە بەسەرجەم پێکهاتەکان بە زمانی خۆیان بدوێن و خاوەنی بیرو باوەڕو ئاڵای خۆیان بن، کەچی ئێمە لەم کۆتاییانەدا جگە لەوەی بەشێکی زۆر لەبەڕێوبەری فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەکانمان کە کورد بوون، لابران و بە عەرەب و تورکمان ئاڵوگۆڕیان پێکرا، لەگەڵ ئەوەشدا گەر کارت بکەوێتە هەر فەرمانگەیەک و گەر بە زمانی کوردی بدوێیت، کەس هەر وەڵامیشت ناداتەوە گوێ بۆ خواست و داواکارییەکانت ناگیرێن و کارەکانت بەسانایی بۆ رایی ناکرێن، بۆیە بەناچاری کوردیش بە زمانی پێکهاتەکانیتر قسە دەکەن لەپێناوی تێگەیاندنی فەرمانبەرانی ئەو فەرمانگە بەمەبەستی راییکردنی کار و مامەڵەکانیان.

بۆیە کوردبوون لەم شارەدا هێندە سەخت بووە و دەبێت پەنجە بخرێتە سەر برینەکان و هاوارێک بکەین و دەنگ هەڵبڕین بۆ راگرتنی سڕینەوە و لەکەدارکردنی زمانی دایکمان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - رێکەوتی: ٢٢ی فێبریوێری ٢٠٢١

-----------------------------------------

## زمان و نەتەوە



عەتا قەرەداغی

ئایا پەیوەندی نێوان نەتەوەو زمان چییە؟ ئایا زمان وەکو لە کەلتووری کلاسیکی سیاسیدا باس دەکرا یەکێکە لە پایەکانی

بوونی نەتەوە، یان داخۆ زمان خاسیێتی بوونی نەتەوەیە؟ یان داخۆ نەتەوە زمان دروست دەکات هەروەک چۆن کەلتووری هاوچەرخ و مۆدێرنێتە پێداگری ئەوە دەکات دەوڵەت نەتەوە دروست دەکات؟ ، کە ئەمەش دەشێ بەو مانایە بێت دەوڵەت زمان دروست بکات؟ دیارە بۆ ئێمەی کورد ئەم دیدو تێڕوانینە پەیوەست بە دروستبوونی زمانی ستاندار دەشێ جێگای بایەخ و ئاخاوتن بێت؟ دیارە ئێمە لەسەروبەندی رۆژی زمانی دایکداین، بۆیە لێرەدا دەپرسین ئایا زمانی دایک پیرۆزییەکەی لەوەدایە کە وەکو رەگەزێکی جێگیرو دەست لێنەدراو بمێنێتەوە یان دەبێ پەرە بە خۆی بدات و سنووری لۆکاڵی بەجێبهێڵێت و شووناسی خۆی بەدەست بهێنێت؟ شووناسێک کە نەک تەنیا لەو ئاستەدا بێت کە ئەوانی تر دان بەبوونیدا بنێن، نەخێر بەڵکو شووناسێک کە ئەوانی تر پێویستیان پێی بێت، وەکو چۆن ئێستا هەندێ لە زمانەکانی جیهان شوناسی جیهانیبوونیان هەیە.

لە کەلتووری کلاسیکدا بۆ بوونی نەتەوە چەند پایەیەک دیاریکراون لە جۆری خاک و مێژووی هاوبەش و کەلتووری هاوبەش و زمان. بەڵام گومانی تێدا نییە کە ئەو رەگەزانە تەنیا خاسیێتی سرووشتی بوونیان هەبووە، واتە وەکو خاسیێتە سرووشتیەکانی پێکهاتەیەکی ئیتنیکی بوون کە دەشێ ئەو پێکهاتە ئیتنیکییە لە روانگەی کۆمەڵناسی نوێوە وەکو مادەیەکی خاوی نەتەوە سەیر بکرێت چونکە سیما دیارەکانی نەتەوە بەپێی تیۆرەکانی مۆدێرنێتە بە بێ بوونی دەوڵەت ناخەملێت.

یان بە واتەیەکی تر مادەم دەوڵەت نەتەوە دروست دەکات مانای وایە کە ئەو پایانەی لە رابردوودا بۆ بوونی نەتەوە دەستنیشان کراون کۆمەڵێ رەگەزی جێگیری ئەو پێکهاتەیەن کە دواتر دەوڵەت شووناسی نەتەوەی پێدەبەخشێت. هەر لێرەوە قسەکردن لەسەر زمانی نەتەوە وەکو زمانێکی خاوەن شووناس لە کاتێکدا دەوڵەت بوونی نەبێت، شتێکە لە دەرەوەی پیادەکردنی واقیعانە.

ئەگەر لە روانگەی ئەو بوونە سادەیەوە سەیری زمانی کوردی بکەین ئەوە ئاشکرایە کە زمانی کوردی لە رووی ئیتمۆلۆجییەوە مێژوویەکی کۆنی هەیە، ئەو قسەیەش باوە کە زۆرێک لەوانەی بە مێژووی کوردەوە خەریک بوون دەڵێن ئەوەی کوردی لە لەناوچوون پاراستووە زمانەکەیەتی. بەوهەرحاڵ سەرباری ئەوەی کە کورد زمانێکی یەکگرتووی نەبووەو چەندین شێوەزاری هەبووە، بەڵام زمان لەسەر ئاستی ناوچەیی رۆڵی ئامرازی پەیوەندیکردنی بینیووە، بەڵام لەسەر ئەو جوگرفیایەی کە پێی دەگوترێت جوگرافیای کوردستان بە دڵنیاییەوە نە لە رابردووداو نە لە ئێستاشدا زمانی کوردی نەیتوانیووە بە تەواوەتی لە چوارچێوەی ئەو پێناسەدا خۆی بەرجەستە بکات کە دەڵێت: زمان بریتیە لە ئامرازی پەیوەندیکردن.

بەهەرحاڵ بۆ هەر زمانێک دوو قۆناغ هەیە قۆناغی زارەکیو قۆناغی نووسین. ئێمە دەزانین کە قۆناغی نووسین هەمیشە

لە دوای قۆناغی زارەکی دێت. بە گوێرەی زمانی کوردیش قۆناغی نووسین لە مێژوویەکی زۆر درەنگدا دەستی پێکردووە. هەروەک بۆ نووسین ئەوەی پێویستە ئەلفابێتە. ئێستا پرسیار ئەوەیە ئایا نووسینی کوردی بە چ ئەلفابێتێک دەستی پێکردووە؟ بە دەربڕینێکی تر ئایا شتێک هەبووە یان هەیە بە ناوی ئەلفابێتی کوردی؟ یان ئایا دەبێ بوونی ئەلفابێتی تایبەت بە هەر زمانێک مەرج بێت بۆ زیندوویی ئەو زمانە؟ ئەوە ئاشکرایە کە زۆرێک لەسەرچاوە مێژووییەکان باسی ئەوە دەکەن کە یەکەمین ئەلفابێت لەو جوگرافیایەدا دەرکەوتبێت کە کوردستانە یان دراوسێی کوردستانە، هەروەک باسی بەکارهێنانی ئەلافبێتی ئارامی دەکرێت بۆ نووسینی کوردی لەرابردووی دووردا. لەلایەکی تریشەوە لەسەر بنەمای گەڕانەوەی کورد بۆ ڕەگەزی ئاری، بەسی ئەوە دەکرێت کە کوردی بە ئەلفابێتی لاتینی بنووسێت. بەڵام لە پاڵ هەموو ئەمانەشدا ئەو بۆچوونە هەیە کە ئەو ڕەگەزانە بوونەتە بەشێک لە کەلتوورو تەنیا دەشێت وەکو بەشێک لە توخمەکانی ڕێنیسانسی نەتەوەیی سەیر بکرێن. بەڵگەش بۆ ئەوە دەهێنرێەوە کە زمانێکی زیندووی وەکو زمانی ئینگلیزی نە کۆنترین زمانی جیهانە و نە کۆنترین زمانی ئەوروپاشە بەڵکو مێژووی پەرەسەندنی زمانی ئینگلیزی لە دوای سەدەی چواردەیەمەوە دەست پێدەکات و لەگەڵ ڕێنیسانس و سەردەمی ڕۆشنگەری و پێگەیشتنی ناسیونالیزمی ئینگلیزیدا بەوشێوەیە پەرەی سەندووەو کاتێکیش کە بووەتە زمانی زانست ئەو بایەخە نێودەوڵەتیەی پەیدا کردووەو لە دوای زمانی دایک لە رووبەرێکی فراوانی جیهاندا وەکو زمانی یەکەم سەیر دەکرێت و لە رووبەرێکی فراوانیشدا بە تایبەتی لە بواری زانستدا زمانی یەکەمی جیهانە.

ئەوە ئاشکرایە لەبەرئەوەی کورد لە هیچ کام لەو دەروازانەوە نەهاتووەتە ناو مێژوو کە نەتەوە دیارەکانی ئێستای جیهان هاتوونەتە ناو مێژووەو توانیوویانە ببنە خاوەنی شووناسی دانپێدانراوی خۆیان کە بەدەستهێنانی شووناسیش لە ئاستی یەکەمدا لە ڕێگای گەیشتن بە بەرهەمهێنانی دەوڵەتەوە بووە. کە دەشێ ئەو دەوڵەتە خێڵایەتی، فیودیالی، ئایینی و لە قۆناغەکانی دواتریشدا نەتەوەیی بوویێت. بەڵام شووناس لەبارێکی وەهادا بە مانای بوونی راستەقینە دێت کە ئەو بوونەش کۆمەڵێ خاسێت و بنەمای هەیە کە لە کارپێکردن و ڕۆڵ و هەژموونیاندا دەردەکەون. کورد کە لەهیچ قۆناغێکدا خاوەنی دەوڵەت نەبووە مانای وایە پێداویستیەکانی دەوڵەتداریش نەبووە کە یەکێک لەو پێداویستیانە زمانە. لەم روانگەیەوە کە دەوڵەت لەلایەک زمانی ئیداری پێویستە کە دەبێ زمانێک بێت یاساو ڕێساو فەرمانەکانی دەوڵەتی پێبنووسرێت و پێ بەڕێوەببرێت، لەلایەکی ترەوە شێوازەکانی کارکردنی دەوڵەت ئەو زمانە بەرەو بەرزترین ئاستی پێگەیشتنی دەبات. بە تایبەتی ئەوەی کە پێی دەگوترێت زمانی ستاندار کە دەشێ بە زاراوەی کۆن پێی بگوترێت زمانی هاوبەش. کەواتە پەیوەندی دەوڵەت چییە بە درووستبوونی زمانی هاوبەش یان زمانی ستانداردەوە.

ئەوە ئاشکرایە کە درووستبوونی دەوڵەتی خاوەن شووناس چ دەوڵەتی خێڵ بێت یان ئایینی، یان فیودیالی یان نەتەوەیی، مانای پێکهاتنی یەک سیستێمی بەڕێوەبردنە کە ئەوەش مانای هەڵوەشاندنەوەی سنوورە لۆکاڵیەکانە لەسەر جوگرافیای ئەو

دەوڵەتە. لەسەروەختی دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامیدا کە دەوڵەتێکی ئایینی خێڵایەتی بووە زمانی قورئان بووەتە زمانی دەوڵەتەکەو هەر ئەوەش واتە ئەو سیستێمە سیاسی و ئیدارییە وایکردووە کە زمانی عەرەبی کە مەبەستمان ئەو زمانە قورئانی پێ هاتووەتە خوارەوە ببێتە زمانێکی فەرمی دەوڵەتەکەو زمانی خوێندن کە بەو هۆیەوە تاکو ئێستا زمانی عەرەبی ستاندار پارێزراوەو لە بەهێزبووندایە. لەلایەکی ترەوە کاتێ دەوڵەت لەسەر ئاستی جوگرافیای نەتەوە پێکدێت، لەگەڵ خۆیدا یان تەنانەت پێش پێکهاتنی دەوڵەتیش سیستێمی ئابووری پێکدێت و لەگەڵیدا بازاڕی هاوبەش پێکدێت، کە یەکێک لە دەرئەنجامەکانی پێکهاتنی بازاڕی هاوبەش زمانی هاوبەشە کە ئەویش سەرئەنجام دەبێتە زمانی سەرکی خەڵک و کاروباری دەوڵەتیش بەو زمانە بەڕێوەدەچێت، کە دەشێ بە دەربڕینێکی تر بڵێین زمانی ستاندار بەوجۆرە پێکدێت، نەک بە کۆکردنەوەی میکانیکانەی زاراوە لە شێوەزارە جیاوازەکان. کەواتە ئێستا ئێمە لەبەردەم ئەو پرسیارەداین ئایا زمانی ستانداری کوردی بەبێ دروستبوونی بازاڕی هاوبەشی کوردی ئەگەری دروستبوونی هەیە، کە ئەویش واتە بازاڕی هاوبەش بنەمایە بۆ دروستبوونی چینی ناوەند کە هەر ئەو چینە هەڵگری پرۆژەی دەوڵەتە، واتە دەکرێ لێرەوە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە دەشێ دروستبوونی زمانی ستانداری کوردی پەیوەست بێت بە دروستبوونی دەوڵەتی کوردییەوە.

بێگومان ئەوەی رۆڵی بزوێنەری مێژوو دەبینێت لە ئاستی یەکەمدا پاڵنەری ئابوورییە. ئەوەشی زمانی هاوبەش یان ستاندەر دروست دەکات بازاڕی هاوبەشە، دروستکەری بازاڕی هاوبەشیش مۆتیڤی ئابوورییە، کەواتە دیسان ئەوە ئابوورییە کە زمانی هاوبەش یان ستاندەر دروست دەکات. هەر لێرەوە بە ئاشکرا دیارە کە زمانی ستاندەری کوردی پەیوەستە بە دروستبوونی دەوڵەتی یەکگرتووی کوردییەوە، واتە دەوڵەتێک کە لەسەر جوگرافیای کوردستان دروست ببێت یان دەوڵەتێک کە بەرهەمی پێگەیشتنی چینی ناوەندی کوردی بێت، کە ئەویش تەنیا لە دەرکەوتن و پێگەیشتنی ناسیونالیزمی کوردیدا دەبێت، واتە گەیشتنی ناسیونالیزمی کوردی بە ئاستی بزووتنەوەیەکی جەماوەریی ئەوتۆ کە هەموو جەستەی نەتەوە بگرێتەوەو هەموو ئاست و بەش و چین و توێژە کۆمەلایەتییەکانی کورد لە یەکەیەکی یەکگرتوودا رێکبخات و ببێتە بەرنامەو ئایدیۆلۆجیای بزووتنەوەیەکی کۆمەلایەتی جەماوەریی کە ئەو بزووتنەوەیەش هەموو سنوورە ناوچەیی و لۆکاڵیەکان لە سنووری خێڵ و عەشیرەت و مەزهەب و ناوچەو شارو هەرێم و رێبازی تەسەوف و حیزب و شێوەزارو دەسەڵاتی ناوچەیی و بەرنامەی ناوچەیی و پرۆگرامی خوێندنی ناوچەیی هەڵبوەشێنێتەوەو لە شوێنی هەموویاندا یەک بەرنامەی نەتەوەیی لەسەر جوگرافیای نەتەوە بەرهەم بهێنێت کە یەک ئینتیما دەخوڵقێنێ ئەویش ئینتیمایە بۆ نەتەو نیشتیمان و یەک دامەزراوە بەرهەم دەهێنێت کە دامەزراوەی دەوڵەتی نەتەوەیە لەسەر جوگرافیای نیشتیمان و زمانی کارپێکردن و بەڕێوەبردنی ئەو دەوڵەتەش زمانی هاوبەش یان ستانداره کە ئەو بازاڕی هاوبەشە بەرهەمی هێناوە کە چینی ناوەندی بەرهەمهێناوەو ئایدیۆلۆجیاو بەرنامەی ئەو چینەی بەرهەم هێناوە کە لەگەڵیدا زمانی دەوڵەتەکە پێکدێت کە زمانی ئەو بازارە هاوبەشەو ئەو چینە نوێیەیە کە پێی دەگوترێت چینی ناوەند، ئەویش هەڵگری پرۆژەی گشتگرو خاوەن

شووناسی ناسیونالیزمی کوردییە. واتە زمانی ستانداری کوردی ناسیونالیزمی خاوەن شوناسی کوردی درووستی دەکات. بە دەربڕینێکی تر زمانی ستانداری کوردی دەوڵەتی سەربەخۆی یەکگرتووی کوردستان درووستی دەکات. کە ئەویش شێوەیەکی میکانیکی نییە لە درووستبوون بەڵکو لەگەڵ بەرهەمهاتنی دەوڵەتەکەدا ئەو زمانەش بە شێوەیەکی سرووشتی بەرهەم دێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - ڕێکەوتی: ٢٢ی فێبریوێری ٢٠٢١

-----------------------------------------




کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕەشەمەی ٢٠٢٠ی کوردی = فێبریوێری ٢٠٢١ی زایینی


زمانەکەم ڕۆژت پیرۆز
خوێندن بە زمانی زگماکی
مافی ئێمەیە
خوێندن بە زمانی زگماکی، داننانە بە بوونی میللەتێک
خوێندن بە زمانی دایک
مافی ئیمەیە
ڕۆژی جیهانی زمانی دایک
روز جهانی زبان مادری
International Day for
The native language